


Raman

# ڕامان RAMAN

144


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی سێزدە/ مایسی ٢٠٠٩



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


● دەق

– تا هاتنەوەی تۆ دڵم دادەخەم/ زوڵەیخا/ 3
– با وەک چەنگ دەمژەنێت/ دلاوەر قەرەداغی/ 5
– نیگارە رووتەکانی ئاو/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 7
– رێڤینگ/ هلبین محەمەد باقر/ 10
– شەوانە/ لە فارسییەوە: حەسەن ئەشعەری/ 11
– ماشێن/ کامەران حامیدیان/ 12
– حەکایەتەکانی وەهم و حەقیقەت/ محەمەد رەشید فەتاح/ 15
– مرنا د بەر نێچیرا ئەڤینا سەربەردایی دە/
سەرکان برووسک/ 18
– سروودی مەلە سوورەکان/ قادر عەلی خا/ 22
– چەپکێک چیرۆکی هەرە هەرە کورتیلە/ لە ئینگلیزییەوە:
عەبدولخالق یەعقووبی/ 27

● هەڤپەیڤین

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (ئارام کاکەی فەللاح)ی چیرۆکنووسدا/
ئا: رابەر فاریق/ 32

● رەخنە و لێکۆڵینەوە

– شیعر چییە؟/ پێشرەو عەبدوڵڵا/ 45

● دۆسیە

(دۆسیەیەک سەبارەت بە عەبدوڵڵا بەگی میسباحوددیوانی ئەدەب)
– ئاوڕدانەوەیەکی خەست لە مێژووی ژیانی ئەدەب/
یوونس ئەمین پوور)/ 57
– «ئەدەب» ئەستێرەی پرشنگداری ئەدەبی کوردی/
ک. د. ئازاد/ 61
– گەشتێک بە گوڵزاری داهێنانی «ئەدەب»دا/
کاوە حەسەن پوور/ 65
– وشەدانان، یان نیشتەجێ بوونی وشەی کوردی و فارسی و/
ئیرەج عیبادی/ 68
– ئەدەب کەڵە شاعیر، یان...؟/ گولاڵە درووديان/ 72
– خوێندنەوەی وتاری «ئەدەب کەڵە شاعیر، یان...؟!»/
ئەحمەد چاک/ 76
– چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی ئەدەب/ ئا: رامان/ 82

● بیرەوەری

– شاری عەننابە/ مارف خەزنەدار/ 83

● هزر و فەلسەفە

– رێبازی لاتینی ئبن رشد لە فەلسەفەی سەدەکانی
ناوەڕاستی ئەوروپادا/ د. حەمید عەزیز/ 86

● مێژوو

بیرەوەری یەکێک لە پێشمەرگەکانی شێخ مەحموودی
حەفید/ عەبدولرەقیب یووسف/ 104

● وتار

– نەورۆز، نوێخوازی سروشت و مرۆڤ/
حوسێن شێربەگی/ 106
– هێدی.. شاعیری جوانی و ژیان/
ئەمین گەردیگلانی/ 109
– فاشیزم/ لە فارسییەوە: فەروخ نیعمەتپوور/ 112

● هونەر

– کوشتنی هونەر لە پێناوی ئەبەدییەتدا/
سەعید سلێمانی/ 116
– گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە ئەنادۆڵی کوردستانی
تورکیا/ فەرهاد پیرباڵ/ 128
– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/
وریا ئەحمەد/ 130
– رەوتی شانۆی کوردی لە دوێنێ و ئەمرۆدا/
رەمەزان ئیبراهیم/ 136

● خوێندنەوەی کتێب

– ئوم.. ریگ ڤیدا/ هاشم سەراج/ 141
– شەوانی تەنیایی/ سەباح رەنجدەر/ 146
– خانوویەکی زەرد/ ناڵە حەسەن/ 149

● زاراوەسازی

– خەیاڵ/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 155

● نامە

– ئەدەبی نامەنووسین/ ئیسماعیل تەنیا/ 157
– نامەی هونەرمەند خالید سەرکار/ ئا: رامان/ 159

● سووکە لەنگەر

– پیشانگای کتێب و چاپەمەنی کوردی/
جەلیل کاکەوەیس/ 160

# تا هاتنەوەی تۆ دڵم دادەخەم

زولەیخا

دڵم چۆڵ و بەتاڵ بووە
شتێک نییە، تروسکاییەک نییە
کە خۆر ئاوابوو دڵمی پێ ڕووناک بکەمەوە.
زەردەواڵەکانی باخیش
شتێکیان هەیە
ئێواران بۆی بگەڕێنەوە!
دار پرتەقاڵە وشکهەڵگەڕاوەکەش
خەون بە دووبارە سەوزبوونەوە دەبینێ
هەر من نەبێ،
دڵم چۆڵ چۆڵ بووە!

هاوڕێکەم
بیرم دەکا و
لەبەر دروستکردنی خانووە نوێکەی کاتی نییە سڵاوێک بنێرێ،
من بیری هاوڕێکەم دەکەم،
دەگریم و دڵم پڕ دەبێ
هیچ ناڵێم،
تووڕەم لە دڵی خۆم
دەمەوێ خانوویەک،
کتێبێک،
شتێک، هەر شتێک هەبێ
خۆشترم بوێ لەو و
هیچ نادۆزمەوە!

گەر بیرت کەم سەرلەبەری نامەکانت:
نامەی شەمەندەفەر و
نامەی باخ و
نامەی فوارە و
نامەی باڵەخانە ئەوەندە قاتەکە



هەر هەمووی
بۆ جارێکی دی دەخوێنمەوە.
ئەو کاتانەی بیرت دەکەم لەنامەکانتا بۆت دەگەڕێم
گەر نەتدۆزمەوە
لە دەرگای ماڵی وێنەکانت دەدەم،
گەر تووڕە بم لێت
وەک بریندارێک هەموو شوێنەکان دەگەڕێم و
لەهیچ کوێیەک ناتدۆزمەوە!

کۆڵانێکی چۆڵ..
فوارەیەکی نووستوو،
پیاوێکی پیر
لەبن دیوارێکدا
لەسەر بلۆکێک هەڵکورماوە،
خەمبار دیارە،
لەوە دەچێ کۆتاییەکان پەستیان کردبێ
یان بەو ئاخر و ئۆخرە تێگەیشتبێ
ژیان شتێک نییە خەمی بۆ بخۆین!

لە بێ دەنگی سپێداندا
کۆڵان بە کۆڵان لەگەڵ عەلی مەردان
دەگەڕێم.
بەدوای تۆ..
بەدوای شتێک
بەدوای هیچ!

دێرەکان وەک موورووی ملوانکەیەکی پچڕاو
لەدەستم هەڵدێن
ناتوانم لەهیچ دێرێکا باست کەم
وەک پەرەسێلکەیەک
بەسەر دێرەکانا هەڵدەفڕیت!
خۆت لەدڵی مندا دەشاریتەوە،
ئێواران خۆت دەخەیتە ناو دڵی پیاسەکانم
لەگەڵ گۆرانییەکانا بەدزییەوە دێیتە ناو گوێم.
دوعا دەکەم
تا تۆ دێیت خەونەکانت بەش نەکرابن،
شوێنەکەت لە حەکایەتەکەدا ڕەش نەکرابێتەوە
شتێک مابێتەوە هی تۆ بێ

شتێ مابێتەوە بۆنی تۆی لێ بێت!

شتێک حەکایەتی عاشقبوونی خۆی بەزمانێکی سەیر
دەگێڕێتەوە
باسی هیچ و هەموو شتێک دەکا
پیاسە دڵخۆشەکانی بەیانیان و
بەرەو ماڵبوونەوە ماتەکانی ئێواران
خەم ژماردنەکانی شەوان و
خەوبینین بە هەموو شت... و
ماچکردنی سپێدانی زەردەی خۆر!

بزە دەکەم بۆ هەمووان
بۆ پیاوە دڵڕەق و دڵنەرمەکان،
بۆ ژنە جوان و ناشیرینەکان،
بۆ شۆفێرە بۆن ناخۆش و پاک و تەمیزەکان،
بۆ هاوڕێ بێ مروەت و دڵگەرمەکان
بۆ هەمووان...


خەونەکانم دەنێرمەوە ماڵ
خواحافیزی لە شتە وردەکانی دڵم دەکەم
چاوێک دەگێڕم بەیادەوەرییەکاندا
ئەوسا دەرگای دڵم تا کاتێکی نادیار
تا ئەو چرکەیەی دەگەڕێیتەوە
دادەخەم.

# با وەک چەنگ دەمژەنێت

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)

خەیاڵم بە ئاودا دەڕوا
جێ پێم لەسەر بەرد جێ دەمێنێ
دەچمەوە بۆ بیابان
لەسەر لمی پیرۆز
ڕووناکی بە بۆنی پێغەمبەران دەگرمەوە
خانووەکەم لە کەنار زەریادا
ڕۆدەنێمەوە ڕووەو ژیان
بێ دیوار
بێ ساپیتە
بێ دەرگا و بێ پەنجەرە و
بێ سەربان
لەسەر زەوییەک ڕەقەڵان
وەک منداڵێک کە لە پەنجەرەیەکی درز تێبووەوە
پەرت و
پەژمووردە و
پەژێوان
دەنۆڕێ و لەدەرەوە پیاسە دەکا،
دڵم لە سینگی چۆلەکەیەکی سەر پەلکی
دارتووەکەی حەوشەدا لێدەدا

چەند سپینداریێک دەڕوێنم
با شەوانە بۆ خۆی بەناویدا هەڵدەکا
مۆسیقایەک دەستم دەبات بۆ سەفەر
پەنجەکانم بۆ کۆترەکان ڕۆ دەکا
بیرێک بەناو زماندا لێدەدەم
جۆگەیەک بۆ ئاوەڕۆی خەیاڵ
درەنگانێک بە جادەیەکی خۆڵدا
دەگەمەوە ماڵ
دەموچاوم بەزەردەپەڕ دەشۆم
لە هەیوان دادەنیشم



خۆم بەنەختێک جوانییەوە خەریک دەکەم
سووکە ترسێک دادەگرێت و
نازانم ئاخۆ بێ ئینسافیی نییە
کە ئەو هەمووە بەختەوەرم!

دڵم لە ئینجانەیەکدا لێدەدات
لەسەر تاقێکی شین
تەنیاییم بۆنی شکان
ڕەنگی نائومێدیی دەگرێ
گوێ هەڵدەخەم
لە دوورەوە
با وەک چەنگ دەمژەنێ
لە خۆشحاڵیدا ڕادەچڵەکم
خودایە
شەو چەند جوان بەناو سپیندارەکاندا هەڵدەکا!

دڵم لە چاڵێک باراناودا لێدەدا
لە کۆلارەیەکدا بە داوێکی باریکەوە
لە هەوای خۆیدا
لە سەتڵێکی بەتاڵ و دڵخۆشدا لە حەوشە
لەبەر ڕێژنەی هەتاو
دڵم لە لەپی منداڵێکی سەرسوڕ ماودا لێدەدا
کە وەڵامی پرسیارێکی زۆر ئاسان نازانێ
دڵم لە سینگی جەنگاوەرێکدا لێدەدا
کە بە جلکە بارووتاوییەکانییەوە
دوای شەڕێکی خوێناویی
لەپاڵ ئاگرێکی تازەکی کوژاوەدا ڕاکشاوە و
خەون دەبینێ!

٢٠٠٩

# نیگارە ڕووتەکانی ئاو

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

(١)

باران بە مەستی لە پاڵ بزەیەک کە گەڵاکانی
ئەوەندە سەوزن وەک ئەوەی مەرگ بە درۆ بخەنەوە
شین شین
دێتەخوارێ
بە ترپەیەک کە دەڵێی خەونە
نهێنی دەریا
بە با دەدا
تەم وەک کەڵەشێرێکی بەزیو
بەر لەوەی وێنەیەک لەگەڵ خۆر بگرێ
دەڵێ
ئەوەندەی بزانم
باران بۆ تێگەیشتن نا
تەنیا بۆ هەستکردن
وێنەکان بە باوە دەکا
بەڵام خاک بۆ تێگەیشتن
ڕەنگ ڕەنگ دەبێ و
دێتە ژێر ئەو خۆرەی کە چرۆکانی
زەرد زەرد
وەک ئەوەی پێ بکەنن
لەبن گوێ بە دەریا دەڵێن
ئەو هەموو ئەستێرە شکاوانە
لە کوێ جێگا دەکەیتەوە
دەریا بە سیحرێ دەڵێ
چونکە با بەبێ ورتە هیچ نە ژیانە
بۆ ژیان پشیلەیەک لەپاڵ سێبەری ئاو
ئەستێرەکان دەخەوێنێ
پاشان وەک پاسەوانی خەیاڵ
خۆی دەلێسێتەوە
تەم وەک قژی با دابهێنێ
بە تاریکیدا دەڕوا



بێ دڵ دەگەڕێتەوە و دەڵێ
چونکە با بەبێ ورتە هیچ نە ژیانە
پیاو بەرانبەر ئەو پشیلەیە لە دەرکەوتنی لەناکاوی ژنێک
بەر لەوەی خۆی ڕووت کاتەوە
تووشی خەیاڵشکان دەبێ
بە با دەڵێ
لە بێ باکی ئەو چۆلەکەیە ڕامێنە کە دەم
دەخاتە دەمی نیگارە ڕووتەکانی باران
پیاو بەرانبەر دەرکەوتنی لەناکاوی ژنێ
بەر لەوەی خۆی ڕووت کاتەوە
ژیان تەڕ دەکا
ژن بەرانبەر دەرکەوتنی لەناکاوی پیاوێ
دەریا دەبیا
با لە قسە ناکەوێ
ڕووت ڕووت لە ژیان دەڕژێ
لە پشت گەڵاکان
خاک لە باران دەپارێتەوە
لە تەک ئەو وێنەیەی نایەوێ کەس گوێی بۆ بگرێ
هەتاو لە دەریا دەپارێتەوە
مرۆڤ هێندە بەدمەست نەبێ
بەڵام خاک نوقمی دەنگێکە
بزەیەک
نقومی هەتاو.

(٢)

ئاو بە مەستی لەپاڵ پرشنگێ
کە زەنگیانەی چاوەکانی
ڕوون ڕوون
تاریکی دەخەنە بێدارییەوە
مرۆڤ بە ئومێدەوە دەکا
هەور بە خەمێکی تۆخەوە
حیکایەتی خۆی بە زەوی ساغ دەکاتەوە
بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ئاسمان نا
بەڵکو تەنیا بۆ بەبیرهێنانەوە
دوور دوور
چاو دەبڕێتە ئەو خاکەی
شەهیدەکانی وەک با
خەبات دەخەنە ڕستەیەکی پاییزییەوە
بە سیحرێ کە خشەی دێ
لە نائومێدی
لەپاڵ سێبەری ئاو شین دەچنەوە
شین شین
حیکایەتە شینەکان بە پێکەنینی دەریا
دەنەخشێنن
هەور وەک ئەوەی سەمای بەفر نیشان بدا
بەسەر ژیاندا دێ
لەگەڵ ژنێک لە دەرکەوتنی خەمبارانەی
شەهید دەشکێ
باران لە وڵاتێک کە گیرفانەکانی پڕ کردووە
لەهیچ نەگوتن
کە چۆلەکەکانی لە دەرکەوتنی
لەناکاوی پشیلە
تووشی خەیاڵ شکان دەبن
ڕووت ڕووت
لە ژیان دەخزێ
زەوی لە هەور دەپارێتەوە مرۆڤ ئەوەندە
تەڕ نەکا
لە هەتاو دەپارێتەوە ڕێگا لە دەرکەوتنی
مرۆڤ نەگرێ
بەڵام ئافرەت دەریایەکە
پڕ تاریکی
تاریکی بە پەنجەی باران
نیگاری پشیلە دەکێشێ
چۆلەکەیەک
لە بری شەهید.

(٣)

بەفر بە مەستی خەون بە (با)وە دەبینێ
چەشنی سەما دەکەوێتە جەنگی پیری
بەڵام بۆ تێگەیشتن لە خاک نا
بۆ تەرجەمەکردنی باران
دەبێ بە نۆتەیەکی سپی
بە گوێی گەڵا
لەودیو سێبەری ئاوەوە
هەندێ جار ڕاوچی ساتە لەبن نەهاتووەکانە
مرۆڤ مرۆڤ

ژیان بە (با)وە هەڵدەکا
بەفر چین چین
دژی چینێک لە مانا دێ
لە کۆڵانی بەختەوەری دەچێتەوەماڵی خەیاڵ
پشیلەیەک بە بریسکەی چاوەکانی پێدەکەنێ
بە جریوە بەدڵ دەڵێ
چونکە پیاو بەبێ ئافرەت هیچ نەژیانە
چۆلەکەیەک لە تەک نیگای دەست
لە دڵەوە شتێ دەڵێ لە بری ئاو
بەفر سپی سپی دەکەوێتە جەنگی سەما
بە با دەڵێ
چۆن ئەو هەموو تەنیاییە بە چاودا
دێتەوە ژیان
پیاو بە مەستی خەون بە باوە دەبینێ
ژن لەگەڵ بەفر دێتەوە
جەنگی سەما
پیاو تەڕ تەڕ
با بە ڕستەی ئافرەت وشک دەکاتەوە.

(٤)

دەریا بە مەستی لە تەنیشت بیابان
خەو بە ڕستەوە دەکا
بەڵام بۆ تێگەیشتن لە شەو نا
بۆ بەسەرکردنەوەی گەڵا شەهیدەکانی با
ئاو بەرلەوەی نامەیەک بۆ خۆر بنێرێ
بە با دەڵێ
ئافرەت بەبێ شەو هیچ نەژیانە
بۆ ژیان چۆلەکەیەک لەسەر لقی باران
پڕ بە ڕووناکی دەڵێ
چونکە ئافرەت بەبێ شەو هیچ نەژیانە
تاریکی لە پشیلە چاو زەردەکانی خۆر دەپارێتەوە
پیاوان هێندە شەو مەست نەبن
بەڵام ژنان وەک خۆر مەست
بە تاریکی
تەڕ وەک دەریا
شەپۆل دەدەن.

کانوونی دووەمی ٢٠٠٩

# ڕێڤینگ

هلبین محەمەد باقر
(زاخۆ)



بەرێ بهێی...
فریشتەیەکێ تۆ هنگافتی
ل شینوارێن ڤالا،
کەڤتن خەوێ
بیانییان...
رامویسان ژ مە دزین و
پەرییێن شەڤێ پێ ئاڤز دکرن.
و خویانییان...
ئەو چیرۆک نڤیسین و ماچ کرن!

لێ...
نە ل ڤی زەمانی
ل زەمانەکێ ئەفسانەیی،
دبوون درەوەک راست
دبوون راستییەک درەو
و...
زارۆک ژ دایک دبن
گوهـ سمتی
داڤێن رۆژێ دزولقوتن
خاتر ژ خوە دخوازت
ل سیڤاندێن مشەختبوونێ
مکور دبن
دمان ڕێڤینک
د ڕێیەکێ دا دهاتن و دچوون
دچوون و دهاتن
هەمی...
تێک دشێلان
تەڤ خەون بوونە راستی
راستی بوونە خەون
نا،
ئەز نزانم
کی نزانت،
چ دەوران بوو دلەوتاندین،
بلبل ب ژۆردا هاتن خوار
بێ چەنگ،
بێ ئەزمان،
بێ فیغان دمان
نە ئەو هەلپەڕین
نە ژی پەلاتینکێن ب گڕێ ئاگران دفڕین و
ماسی...
ماسی ژی ژ مەلەڤانییان دترسیان!
ئەها د وێ کێلکێ دە
هۆرمینا عەورەکێ یێ ب تنێ مایی،
ئەز و تۆ
هشیار کرین

# شەوانە

ئەحمەد شاملوو
لە فارسییەوە: حەسەن ئەشعەری
(نەغەدە)


دەرگا نییە
ڕێگا نییە
شەو نییە
مانگ نییە
نە ڕۆژ و
نە هەتاو
ئێمە لە دەرەوەی
زەمان
ڕاوەستاوین
بە خەنجەرێکی تاڵ
لە ئەستۆمان.
هیچ کەس
دەگەڵ هیچ کەس
نادوێ
وا بێ دەنگی
بە هەزار زمان
دەدوێ.
لە مردووەکانمان
دەڕوانین
بەشێوەی بزەیەک و
چاوەڕوانی نۆبەمان دەمێنین
بێ هیچ
بزەیەک.

**شەوانە**

پیاوێک چنگی لە ئاسمان داگرت
کاتێ کە خوێنی هاوار و
دەمی قفڵ کرابوو
غەمزەیەکی خوێناوی
بە سیمای بێ بەقای شین.
ئاشتان
ئاواهەن.
لە سووچێکی شەو
خێوەتێک هەڵدە
بەڵام هەر کە مانگ دەرکەوت
شمشێر
لە کاڵان
دەرکێشە و
لەلای خۆتی
دانێ.



**سەرچاوە: ابراهیم درآتش ١٥ فرودین ١٣٥١ (١٩٧٢ز).**



# ماشێن

**کامەران حامیدیان**
**(مهاباد)**

ئاسـۆ بۆر دەچۆوە، هەوا نەرم بوو، بۆنی بەفـری نەباریو دەهات، ماشـێنەکـەی لە کـارێژدا هەڵکرد هەتا گـەرم دابێ، گەڕاوە ژوور، جارێکی دی چاوی لە سەعاتی کرد، چوارو دە دەقـیـقـەی پاش نیـوەڕۆ بوو، دەبا بۆ شـەو خـۆی گـەیاندبا بۆکـانێ، دەیزانی ئەو وەرزە لە سـاڵ وڵات زوو تـاریک دەبێ، مۆبایلەکەی لە شارژ دەرهێنا و دەرگای یەخچاڵەکەی کردەوە و تاوێک ڕاما، هەم بە پەلە بوو و هەم دەیهەویست هەتا ماشێنەکەی گەرم دادێ ماوەیەک خۆی بخافڵێنی، دەنکێکی شیرینی هەڵگرت و دەزاری هاویشت، چۆ دیوەکەی دیکە و لەبەر ئاوێنە ڕاوەستا و دەستێکی بە یەخەی کراس و کاپشێنەکەی داهێنا و یەک دوو تاڵ مووی سەری بە دوو قامکان لادا، دەرگای داخست و چۆکارێژێ، دووکەڵێکی سپی لە ئیگزۆزی ماشێنەکە دەهاتە دەر، سوار بوو و ماشێنەکەی هێنا کۆڵان و دەرگای کارێژی داخستەوە، وەڕێ کەوت، شەقامەکان پڕاوپڕی مرۆڤ و ماشێن بوون، دوو جاران لە پشت چرا سوور مەحتەل ماوە، ماشێنەکان لێکدا لێکدا سیکناڵیان لێ دەدا، هەرتک جار بە پەلە بەدەستی ڕاستدا نیو دەورێکی لێ داو چەند چرتکان زووتر لە چرا سوورەکان تێپەڕی، مۆبایلەکەی زەنگی لێ داو لە بۆکان ڕا قسەیان لەگەڵ کرد، کوئی ئەوە دەڕێیەدام، تێلی کارەبا و لکی ویشکی دارەکانی قەراغ شەقام بەهۆی بایەکی سارد و توند دەجووڵانەوە، نێو ماشێنەکەی تەواو گەرم داهاتبوو، یەک دوو جاران ئاوێنەی ژوورێی ڕێک کرد، مۆبایلەکەی لە پەنا دەستی دانا و سیدێکی دانا، چاوێکی لە ئاسۆ کرد، ئاسمان بۆرتر ببوو، گەیشتە ئاخری شار و کەوتە سەر ڕێگای بۆکان، یەک دوو مرۆڤ لەبەر تەوژمی با یەخەی کۆت و پاڵتۆیان هەڵدابۆوە و سەر و ملیان هەتا ئەو جێیەی بۆیان گونجابوو، خڕ کردبۆوە، دەستیان لێ هەڵێناو هاواریان کرد:

– بۆکان

دەنگیان دەمێک هاتە گوێی و زۆر زوو دەناو دەنگی گۆرانییەکەدا بزر بوو، بە ئاوێنەدا چاوی لێ کردن، بە تاسەوە چاویان لێ دەکرد، روویان وەرسووڕاندەوە، شاخەکانی ئەوبەر و ئەوبەری ڕێگا تەواو سپی ببوون و بەفر تەواوی وڵاتی داپۆشیبوو تەنیا ڕێگاکە ڕەش دەچۆوە، شوێن شوێن بارِنی دەکرد، با لوولی بە بەفری کەنار ڕێگا دەدا و لە پێش ماشێنەکە وەک زیندەوەرێکی ئەفسووناوی و سپی دەخوشی، ڕێگا هەوراز ببوو و ماشێنەکە هێدیتر دەڕۆیی، پرووشە دەستی پێ کرد، دەنکی وردی بەفر دەکەوتنە سەر شیشەکانی ماشێن و دەسبەجێ دەتوانەوە، ماشێنێکی گەورە زۆر بە ئارامی و بە چەتوونی وەسەر دەکەوت و دووکەڵێکی ڕەشی لە پاش بەجێ دەما، هارەهاری دەهاتە گوێی، بە ئاوێنە دا ئاوڕێکی لە دوایە داوە و وەپێشی کەوت، ساتێکی کورت لەگەڵ شۆفیری ماشێنەکە چاویان تێک ئاڵقا، ماشێنەکە کەوتە سەرەو لێژ و توند داگەڕا خوار، بەفر خۆشتر دەباری و دەنکەکان گەورەتر ببوون، بەفر پاککەرەوەکەی وەکار خست، وردە وردە ڕێگاکە سپی هەڵدەگەڕا، پێی زۆرتر بە گازێ وەنا، هەستی کرد فەرمانی ماشێنەکە بۆ لای دەرەوەی ڕێگا دەیکێشێ، بیری کردەوە لەوانەیە پەنچەر بووبێ، مەودایەکی دی ڕۆیی، فەرمان قورس ببوو و تەواو دەیکێشا، لاقی لەسەر گازی لابرد و یەک دوو نیش تۆرمیزی لێ دا و دایە کەنار ڕێگا، بە پەلە هاتە خوار و چاوی لە تەکەرەکان کرد، تەکەری پێشەوەی لای شاگردی تەواو نیشتبوو، لەبن لێوی یەک دوو جوێنی دا، با بە تەوژم بەفری بەدەموچاوی دادەکرد، خێرا چوو لە پشتەوەی ماشێنەکەی جەکی دەرهێنا و هاتەوە لای تەکەرەکە، دەنگی گۆرانی لەنێو ماشێنەکە ڕا دەهات، جەکەکەی وەبەرنا، دەستی بە چاکی نەدەچوو، ناچار لەسەر ئەرزەکە درێژ بوو، جەکەکەی هێندێک بردە پێشتر، چەند جاران دەسکی جەکەکەی بەرز و نەوی کرد جوان نەکەوتبۆ سەرجێی خۆی، دەستی چەپی درێژ کرد هەتا ڕێکی کات لە پڕ جەکەکە دەرپەڕی و ماشێنەکە بەسەر دەستی داکەوت، ناغافڵ قیژاندی، هەستی بە ژانێکی ئیجگار زۆر لە جومگەی دەستی دەکرد، دڵی لە خێڵەوە و سەری لە گێژەوە هات، هەستی کرد دەستی شکاوە، هەوڵی دا قامکەکانی بجوولێننەوە، نەیتوانی، نەیدەزانی چ بکا، خۆی بۆ لای ڕاست و چەپی کێشا، بەڵام دەستی چەپی لە ئانیشکی ڕا لەگەڵی نەدەسووڕا و لەگەڵ جووڵانەوەی ئێشو ژانی دەستیشی زۆرتر دەبوو، هارە هاری ماشێنە گەورەکەی گوێ لێ بوو، بە بن ماشێنەکەیدا چاوی لێ کرد، لە هەورازەکە دەهاتە خوار، هەوڵی دا بە جۆرێک تێی بگەینێ، بەفر توندتر دەباری و کلوو کلوو دەهاتنە خوار، هەر چەند دەیزانی بە جووڵانەوە ژانی زۆرتر دەبێ، بەڵام چارەی نەبوو، سێ چوار جاران لاقەکانی بۆ لای ڕاست و چەپی گواستەوە، هەر لە دوورەوە هاواری دەکرد، ماشێنەکە گەیشتە ڕێزی وی و بۆ وەسەر کەوتنی هەورازی بەرانبەری دەندەی بۆ گۆڕی و هاواری بڵند بوو، بۆنی دووکەڵە ڕەشەکەی هاتە بەر لووتی، شاگرد شۆفیرەکە ساتێک چاوی لە ماشێنەکە و لە ئاسمانی تەماوی و لە کلووی درشتی بەفرەکان کرد و داهاتەوە سارد و گەرمەکەی هەڵگرت و ڕووی دە شۆفیرەکە کرد و کوتی:

– ئەو فەقیرەش دە وەختێکی خەراپدا پەنچەری کردووە.

خوشەی چاکە دە لیوانی کرد هات، شۆفیرەکە بێ ئەوەی ئاوڕی لێداتەوە کوتی:

– ئەوە چ نییە، جارێکی ئەمن لە ڕێی هەشتەڕۆیە بە شەو پەنچەرم کرد، ئەویش بە شەوی زستان و بێ چرا تەکەرم گۆڕیوە، ئەویش چی تازە عەمەلیش کرابووم.

سەری وەرسووڕاندەوە و بە بن ماشێنەکە دا بە ناهۆمیدی چاوی لە ماشێنە گەورەکە کرد کە بە چەتوونی وەسەر هەورازەکە دەکەوت، هەتا لەسەر هەورازەکە ئاوا بوو هەر چاوی لێ کرد، بەفر تەواوی ڕێگاکەی داپۆشیبوو و دەنکە بەفرەکان زۆر زوو شوێنی تەکەری ماشێنەکەیان پڕ کردبۆوە، لەگەڵ خۆی دەدوا

– خودایە چ بکەم؟

بڕوای نەدەکرد لەسەر شتێکی ئاوا ئاسایی وای بەسەر هاتبێ، چاوی لەوبەرو ئەوبەری ڕێگاکە و لە دەوروبەری خۆی کرد هەتا مەودایەکی کە دەستی ڕاست، یان لاقەکانی بگاتێ.

بەڵکو شتێکی ببینێتەوە، بەڵام بۆ خۆشی نەیدەزانی لە چی دەگەڕا، تەنیا بەشێک لە دوو سندەگڵی بەفراوی و تاقمێک دڕووی سیس و زەرد کە بە حاڵ سەریان لە بەفر بەدیارەوە بوو لە دەوروبەری بوو، قامکەکانی دەستی

چەپی تەواو سڕ ببوون و وزەی جوولآنەوەیان نەمابوو، هەستی بەسەرمایەکی زۆر دەکرد، سەری کەپو و گوێچکەکانی تەزیبوون، جەکەکە دوور لە دەستی کەوتبوو، چەند جار خۆی بۆ بن ماشێنەکە کێشا، بەڵام بەهۆی نیشتنی ماشێنەکە نەیدەتوانی بچێتە پێشتر، دەستی ڕاستی هەتا کن شانی بۆ گرتنی درێژ دەکرد، بەڵام بێ هوودە بوو، هاڕەی نزمی ماشێنێکی گوێ لێ بوو، بە پەلە خۆی دەرکێشاوە پشتەوە و چاوەنواڕ ماوە، بە بن ماشێنەکەدا چاوی لێ دەکرد، نەیدەزانی چ بکات، ماشێنەکە گەیشتە ڕێزی وی، ماشێنێکی مۆدیل لە خوار و کۆن بوو، جیکە جیکی زنجیری تەکەرەکانی دەهات، پڕ بە گەرووی هاواری کرد

– ڕای گرن، ڕای گرن، ئەی هاوار

دەنگی گۆرانی لە ماشێنەکەی خێرا دەهات، ماشێنەکە لێی تێپەڕی، لاوێکی کز لێی دەخوڕی و لە پەنای ئافرەتێک منداڵێکی بە باوەشەوە بوو، سەریان دەمێک بۆ لای ماشێنەکە سووڕاندەوە، شۆفیرەکە کوتی:

– زۆر جوانە

خێزانی گوتی:

– بە چەندین؟

– گرانن

هەناسێکی هەڵکێشاو کوتی ئەو ڕەنگە زۆر جوانە، ژنەکە نیوە ئاوڕێکی لێ داوە، نیوەی لەشی کابرای دیت کە دەجووڵاوە، کوتی:

– خۆزگەم بە خۆی

وڵات دەهات تاریک دابێت، سەرما بە ئێش و ئازارتر ببوو، دوای ون بوونی ماشێنەکە بە ئاسپایی سەری سووڕاندەوە و چاوی کەوتە سەر دەستی چەپی، گۆشەیەکی چکۆلەی لە ساعەتەکەی دیت، دڵی گیرابوو و ترس جەستەی داگرتبوو، ترسی داهاتنی شەو و تاریکی دەخۆی گرتبوو، چاوی لە ئاسۆ کرد، بەفر وەک پەردەیەکی ئەستووری سپی پێشی بە هانای چاوی گرتبوو، هەستی کرد دەستی چەپی هەتا نیزیک شانی سڕ بووە و ئی خۆی نییە، بوغز ئەوکی گرتبوو، ماشێنەکە یەک بێن کاری دەکرد، لوورەیەکی دووری گوێ لێ بوو، یەک جێ مچووڕکی پێ داهات و دڵی بە گرمە کوتای، چاوی لە ئاخری ڕێگاکە کردەوە، بەفر نەیدەهێشت مەودایەکی زۆر ببینێت، تاریکی داسەپابوو، شۆقێکی دیت، ماشێنێک دەهات، ئەوجار لەوبەری ڕێگاکەرا، قیژاندی، هەڵبەز هەڵبەزی کرد، شان و ملی وە لێواری سارد و سەختی ماشێنەکە دەکەوت، شۆقی چرای ماشێنەکە دەمێک بن ماشێنی وی ڕووناک کرد و تێپەڕی، دوو پیاو لە پێشەوە دانیشتبوون، ئاهەنگێکی گشتییان دانابوو، چاوێکیان لە ماشێنەکە کرد، سەربان و کاپۆتەکەی بستێکی بەفر لەسەر بوو، شۆفیرەکە کوتی:

– ئەوەش ماوەتەوە.

ئەوی دیکەیان مژێکی لە سیغارەکەی دا و کوتی:

– پێم سەیرە! ئەوانە بۆ بەفری زۆر باشن، هەڵبەت شۆفیرەکەی ناشی بووە.

تاریکی تەواو وڵاتی داگرت، مۆبایلەکەی ماوەیەکی زۆر زەنگی لێ دا، زەنگەکان لەگەڵ گۆرانییەکان تێکەڵ ببوون، دەمێک دواتر تەنیا دەنگی گۆرانی و لوورەی نیزیکی ڕەوە گورگان دەهات، بەفر یەک بێن باری، چێشتانی ڕۆژی دوایە لۆدیرێک گۆشەی کەوچکەکەی وە ماشێنێک کەوت، سەعاتێکی خوێناوی لەبن ماشێنەکە بەجێ مابوو.



# حەکایەتەکانی وەهم و حەقیقەت

**محەمەد ڕەشید فەتاح**
**(سلێمانی)**

نەنکم نەوەد و سێ ساڵ ژیا، ئەوە بۆچوونی دنیا دیتەیەکی وەک خۆی بوو، باوکیشم لە دەمی ئەوەوە ئەو مێژووی تەمەنەی چەسپاندبوو.

تا نەنکم مابوو، باوکم بە شانازییەوە لەنێو خەڵکی گەڕەک و بنەماڵەکەشماندا دەیگوت: (گەر دایکم حەوت ساڵی دی بژیبایە، ئەوە ڕێک مێژووی سەدەیەک لەژیانی تاڵ و شیرینی ئەم شارەی لە تەک خۆیدا بەرەو ئەو دنیا دەبرد!!) لەو سەروبەندەدا من لاسارانە ئەو پرسیارانەم بە ڕووی باوکمدا دادەکوتا، کە بەلای هێندێ لە بەساڵداچووانی نێو گەڕەکەوە وابوو، ئەوە قسەی منداڵێکی وەک من نییە، کە هێشتا قۆناغی عەرەبانە خوولانەوەی نێو کۆڵانی تێنەپەڕاندووە.!!

(- بابە.. کەواتە مێژووی سەد ساڵەی تەمەنی نەنکیشم دەمرێت؟.)!

ئەو وەک ئەوەی خۆی بە میراتگری ئەو سەدەیە بزانێت، کە بە سەدەی ململانێی ئایدیۆلۆژییە خوێناوییەکان نێوزەد دەکرێت، بە قەناعەتێکی تەواوەوە دەیگوت: (نەفام لاشە دەمرێت، وەلێ مێژوو نامرێت)!

- (ئەی تۆ ناڵێیت.. دایکم لەگەڵ خۆیدا مێژووی تەمەنی سەد ساڵەی دەباتە ژێر گڵەوە!) (قسە زل.. ناشێ بەتەمای ئەوە بیت، کە بۆ سبەینێی تۆی جێ بێڵێت)!..

- (نا.. نەخێر.. با لەنێو سندووقە بوراقەکەی خۆیدا بۆ ئێستەی تۆی گل بدایەتەوە!) گەر هیمەتی خێرخوازانەی

بڕێک لە پیاوچاکانی دەر و دراوسێ و خزمان نەبوایە، هەر ئەو وەخت و سەعاتە بەتیشکی چاوە گڕگرتووەکانی پەڕ و باڵی دەسووتاندم، بۆیە ناچار منیش لەتاو حەسیرمەیانێکی چاوەڕوان نەکراو، بەرەو کۆڵان باڵم دەگرتەوە. دەمەو عەسرێکی پاییزە و ڕۆژێکی غەمناک بوو، گەڵاکانی پیرە دارەکەی نێو حەوشەکەمان نۆرە بڕییان لە یەکدی نەدەکرد و یەک لەدووی یەک بە ڕەنگی زەرد و هەناوی لەرزۆکەوە، دەستبەرداری ئەو ژیانە دەبوونەوە، کە بێ هەست و خوست لە دنیایەکی بێ ڕەنگدا لێی ڕاکشابوو.

هەر ئەو دنیایەش بوو، هەڵبەز و دابەز و تریقانەوەی منداڵە پێخاوسەکانی نێو کۆڵانەکەشی ئاوێتە بە ماتەمی دەنگ و ئاوازی تەیر و تواری کپکراوی ئاسمانە لێڵەکەش کردبوو. ئەوەی ناوەخت دەرگەی هەموو خۆشییەکی بەڕووماندا داخست، ئەو هاوار هاوار و دەنگە تێکچڕژاوە بوو، کە لەناکاو ئامبازی دەرگە و حەوشە خەوتووەکەی ئێمە بووەوە، ئەو دەمە بەلامەوە وابوو ئەو خەڵکەی کە بەسەری ڕووت و پێی پەتییەوە، بەهەڵەداوان خۆیان دەکەن بەماڵی ئێمەدا، لەتاو مەرگی ناوەختی نەنکم نییە، بەڵکو بۆ لەدەستچوونی ئەو مێژووە لە دەستچووەیە کە بۆ دواجار بە بەرچاویانەوە سەرو ماڵی خۆی دەپێچێتەوە! منیش گەمەی کۆڵانم لەبیرکرد و بەعارەبانەکەمەوە سەراسیمە و دۆش داماو، خۆم گەیاندە ماڵەوە. عەرەبانە لاستیکەکەم تاکە هەوڵێکی گیانی بە گیانی ئەو ڕۆژگارەم بوو، ئەو ڕۆژگارەی نیازبوو، لەگەڵ مەرگی نەنکمدا گۆڕەوشاری بدات. من ئێستە لە سەدەی بیست و یەکدا ژیان دەگوزەرێنم، ئەو سەدەیەی کە شۆڕشە یەک لەدوو یەکەکانی تەکنۆلۆژیای پێوە دیارە، کەچی ململانێی ئایدیۆلۆژی و چەڕە دووکەڵی شەڕی نابەرانبەر ئاسمانی گەڕەکەکانی شار ڕۆژ بەڕۆژ تاریکتر دەکات! من و باوکم چمکێکین لەو مێژووە خوێناوییەی کە نەنکم لاپەڕەکانی تۆمار کردووە، من لەدەمی باوکمەوە بەوەم زانی کە نەنکم نەوەد و سێ ساڵ تەمەنی بەڕێ کردووە، دیارە باوکیشم لەدەمی ئەوەوە ئەوەی بیستووە، دەنا لە تۆمارێکی پەڕپووتی کۆندا نەبێت، ئەویش خوا هەر بۆ خۆی دەزانێت، بە دەست و قەڵەمی چ پیرە کارمەندێکی تورکی عوسمانلی و لە چ ئان و زەمانێکدا تۆمارکراوە، ئیدی کەسی دی ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەوی بێ ناسنامە لە دەرەوەی بازنەی مێژوودا، ئەو تەمەنەی بەسەر بردبێت!!

یەکسەر خۆم بە ژوورەکەی نەنکمدا کرد، ئەو هۆدە نیمچە تاریکەی کە لەوەتەی من فامم کردبۆوە، لانە هێمن و ئارامەکەی ئەو بوو، کە سەرم کێشایە ژوورەوە هاڵاوی خەمێکی ئازاربەخش بە ڕوخساری ساوامدا هەڵزنا، ئەوە بەڕاست کوێرا ئەو هەموو سەرەژن و قەیرە کچ و پیرە ژنە لە دەوری جەستە وشک هەڵاتووەکەی نەنکم گردبوونەوە؟!

باوکم لە نێوەندی بڕێک لە پیاوانی گەڕەکدا، لە هەیوانەکە سەریان بەیەکەوە نابوو، من لەوە دڵنیابووم، ئەو مقۆمقۆیەی ئەو ساتەوەختەی ئەوان، بۆ ئەوەیە کە تا ڕووناکی بەبەریەوە ماوە و تاریکی نەگەیشتۆتە جێ و شێرە کوڕانی گەڕەک خۆیان بۆ شەڕێکی دەستەو یەخە تەیار نەکردووە، لاشە سارد و سڕەکەی نەنکم بەخاک بسپێرن، نەنکم لە سەرە مەرگیشدا هەر جوان بوو، زەردەخەنە هەمیشەییە نەکوژاوەکەی بە ڕوویەوە پەڕە بە پەڕە ژیاننامەی ئەوی هەڵدەدایەوە، بەداخەوە ئەو دەمە کەسی وا نەبوو بە تێگەیشتنەوە بۆ ئەو خەڵکەی بخوێنێتەوە! پوورم کە چەند ساڵێک لەو بچووکتر بوو، هەر هێندەی لە توانادابوو، کە دوا لاپەڕەی ئەو زەردەخەنەیە وا تەفسیر بکات، (خوشکە گەورەکەی، بەدەم ئەو فریشتەیەوە پێدەکەنێت کە لە ژوور سەرییەوە وەستاوە!!)

لاشە کفن کراو تاریکی نیشت، بانگ و سەڵای مەلای مزگەوتەکە هەمئاهەنگ بوو، لەگەڵ بانگ و سەڵای شەڕکەرانی گەڕەکدا، من تا ئەو دەمە لەوە بێ ئاگابووم، بۆچی شەوانە گۆڕەپانی گەڕەکەکانی شار دەبنە ئەو شانۆیەی، ڕووداوی کارەساتباریان لەسەر نمایش دەکرێت؟

پرسیاری من و دەیانی وەک منیش لەو کاتانەدا، دەبووە ئەو پووش و پەڵاشەی کە گێژەڵووکەیەکی سەرشێت لوولیان دەدات، شەوێکیان (میرزا) هەر لەبەردەرگاکەی خۆیانەوە، هاواری لەو تاقمە کرد، کە بۆ شەڕ فرۆشتن بە گەنجانی گەڕەکی ئێمە، دەهاتنە پێشەوە (- ئەوە بۆ وا بوونەتە بەرەی خۆ خۆر؟.. قورئان بە هەقت ئەمە دەستی (ئنگریزە) و قەستێتی ئێوە خوێنی یەکدی بخۆنەوە.. ئەوە نییە تیغی دوژمنان.. (قەمە) و (شمشێر) لە مەیداندایە، دەڵێی بۆ غەزای کافران و

دوژمنان هەڵمـــەت دەبەن.. دەبا بەس بێ، دەست لەو خـوێن ڕشـتنە هەڵگرن.. تا (عـوسـمـان)ێکی دی و (ئەرسـەلان)ێکی تر، نەکـوژراون!). یەکـێک لە هێرشبەران بەکوتەکەکەی دەستییەوە بەرەو (میرزا) شـالاوی برد، ئەویش تا بۆی کـرا، ڕای کـردە ژوورەوە و دەروازەی حەوشەکەیانی لە دووی خۆیەوە ئەڵقەڕێز کرد. کۆمەڵێک لە پیاوانی گەڕەک لاشە کفن کراوەکەی نەنکمیان لەتابووتێکدا، بەرەو مزگەوتەکەی نزیکمانەوە، لە حەوشەکە بردە دەرەوە، هێشتا مابووی کەرەنای شەڕ و پەلاماردان فووی پێدا بکرێت.. شەڕکەرانی گەڕەکی ئێمـــەش لە حـاڵەتی ئامـادەباشـیـدا بوون، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشبەرانەی کە چەند شەوێک لەمەوبەر (عوسمان)ی سەردەستەیان لە گۆڕەپانی شەڕدا کوژرابوو، من ئەوکاتە هەر زوو ئەو هەستەم لا دروست بوو، کـە ئەو گـەنجـانەی خـۆیان لە پەنا دیوار و گوێسەبانەی ماڵەکانەوە، بەخەنجەر بۆکس و قۆچەقانی و قەمە و شمشێر و خەنجەری دەبانەوە مەڵاس داوە، لە ئاست جەنازەکەی نەنکمدا خەمسارد و بێدەنگن، پێدەچوو لەناخیشەوە خوازیاری ئەوە بن، کە تا زووە مێژووە نادیار و تەماوییەکەی ئەو بخرێتە چاڵەوە..!

ئەو شـەوەی (عـوسـمـان)یان کـوشت، لاشـە خوێناوییەکەی لەگۆڕەپانی گەڕەکدا جێمابوو، ئێمەی منداڵانی دەم داچەقاوی نێو کۆڵانەکە بەسەریا داباریـن، قـەمـەیەک لەسـەر دڵی ڕۆچووبوو، دەیانگوت: (ئەرسەلان)ەکەی گەڕەکی ئێمەش بەشمشێرێک ڕەگی حەیاتی قرتێنراوە!

(میرزا)ش هەزار سوێندی دەخوارد، کە ئەو دوو چەکە ژەهراوییە (قەمە) و (شمشێر) چەکی جەندرمە و پێ پەتین و بە وڵاتی ئێمە نامۆن! (میرزا.. لە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی شاردا شایەتحاڵێکی زیندووی سەردەمەکەی بوو، کەچی لە ئاستی خوێندنەوەی مێژووە دوور و درێژەکەی تەمەنی نەنکمدا کەڕولاڵ و نابینا بوو..)


ئەو ساتە وام بەبیردا دەهات کراسە خوێناوییەکەی (عوسمان) تا قەدەر زەمانێک فیتنە و ئاشووبێک لەنێو شاردا بەدووی خۆیدا دێنێت.. بەوەی باش بوو لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا، مامۆستای مێژوو، لەوەڵامی پرسیارە سادەکەمدا دەربارەی کراسەکەی ئەو، تەرزەکوت و ڕوو شکێنی نەکردم، بەڵکو بەنیمچە تەوسێکەوە ڕووی لێنام: (خەواڵوو مەبە.. عوسمان.. خەلیفەی موسڵمانان بوو، ئەو لە پێناوی قەزیەیەکدا کوژرا، خۆ وەک عوسمانەکەی ئێمە نەبوو، کە لەشەڕی خۆکوژیدا بەتەڕن سەری تێدا بچێت.!)

هەردوو لایەنی شەڕکەر لە ئاستی تابووتەکەدا، بەیەکدا هاتن، باوکم و ئەوانەشی لەگەڵیدا بوون، هانایان بۆ هەردوو لایان بردبوو، تا ڕێگەیان بدەن، ئەو لاشەیە بگەیەننە مزگەوتەکە، کەچی یەک دووانێک لەوان بەچاوی خوێن تێزاوەوە، پێیان گوتبوون: (- دارە مەیتەکە جێ بهێڵن و تا بۆتان دەکرێ لەم ناوە دوور کەونەوە!!).

باوکم تەنیا مابووەوە، ئەوانی دی هەڵاتبوون، ئەو بەجۆرێک خۆی دابوو بەسەر لاشە کفن کراوەکەدا، خواستی بوو لەشەڕی لابەلاو بەڵای ناگەهان بیپارێزێت! نیوەشەوێکی درەنگ، دەنگوسەدای شەڕەکەران لەگوێ برا، بۆنی خوێن و بۆنی مەرگی ناوەخت ئەو گەڕەکە ماڵەی هەراسان کردبوو، دایکم بە گریان و خۆڕنینەوەوە بەر لە خەڵکی گەڕەک گەیشتە سەر لاشە خوێناوییەکەی باوکم، زریکەی لە ناکاویشی هەناوی منی لەرزاند، فرمێسکی گەرمیشی لە چاوی خەواڵوومدا ورووژاند. خوێنی ڕژاوی باوکم، لەبەر تیشکی چرا نەوتییەکەی دەستی میرزادا، کفنە سپییەکەی نەنکمی تەواو سوورکردبوو، ئەو ساتە وەختە ئەوەی لە دەرگەی خەیاڵی دەدام ئەوە بوو، باوکم بۆیە جەنازەکەی نەنکمی جێ نەهێشتبوو، تا لە نزیکەوە چمکێ لە حەکایەتە ئەندێشاوییەکانی ئەو ببیسێت، کێ دەڵێ نەنکم بە فرسەتی نەزانیوە و بەشێ لە مەرگەساتی خۆی بۆ نەگێڕاوەتەوە؟! ڕۆشناییەک لە ژیانی ئێستەی مندا کە لە (وەهم)ێکی تاریکەوە، دەمگەیەنێتە حەقیقەتێکی ڕووناک، ئەوەیە نە من و نە باوکم خوازیاری ئەوە نەبووین ببینە میراتگری مێژووی نادیاری نەنکم. کەچی دایکم جاروبار بەڕوویەکی خەم لێ نیشتووەوە، پێم دەڵێ: (کە من مردم، نەکەی لاشەکەم، درەنگ وەخت، بەرێ کەیت، لەوە دڵنیابە.. لەدەمی خوێن ڕشتنی یەکدیدا، هیچ حەکایەتێکت بۆ ناگێڕمەوە.!!)

# مرنا د بەر نێچیرا ئەڤینا سەربەردایی دە

سەرکان برووسک
(سوێد)



## ماسیا من

د دەستێ من دە شەوکا من ل سەر مەسیلەکی ل بەندا ماسیەکی مە. رۆژ ل سەرێ من، ماسی خوە ل شەوکا من ددە. نێچیرە. رێوبتیا بەر ب بنێ سەبرێ ڤەیە.

خەلەکێن ئاڤێ فرەهـ دبن و ل روویێ ئاڤێ ڤەدمرن، تاپا من بناڤ دبە. د کشینم. چەنگەلێ من بێ ئێمە.

ماسیەک دەڤچرپایی ئاڤێ شیلۆ دکە. ب ئێشا رزگاربوونێ، ئەو ل داویا مەکانێ خوە حوکوم دکە.

ئاخا بنێ پییێ من د هەرفە، ئەز گەرِی گۆلێ دبم. ب کولمان ب هێرسا خوە دکەڤم. نێچیرا من ب دەڤێ خوە یێ چرپایی ب من دکەنە. کەنگرێ مە ل ڤالاهیا ئەزمێن پێت ددن. عەورێن نارنجی، رۆژێ د زەردکا وێ دە زیز دکن. ئەم ل داویا رۆژا خوە رۆنی دگرین.

ئەم ژ ئاڤێ دەر دکەڤن. ئارتێشا مۆزێن سۆر ب هەڤکاریا زیرکێتان ئێرشی مە دکن. ئەم دشەوتن، ژ تازێنیا خوە. دوو مانا جغارەیا مە ل سەر سەرێ مەیە، لێ دیسا ژی، ئەم تێنە پێڤەدان. ئەم خوە ب کۆلکا خوە دگهێن. چایا ب ئاگرێ بزۆتان ب فرتینی تینا مە داتینە.

ئەم پاسەڤانێ شەڤا رسقێ ژ ئەڤینێ نە.

هەیڤ ل چەم د چوورسە. سەرێ مارێ ئاڤی و رەقێ ژ مە ڤە خویا دکە.

قورپینا بەقێ و شەلپە شەلپا کەڤژالێ تەڤلی خوشینا باییێ شەڤێ دبن و ل دلێ مە ساوا ساهوێران پەیدا دکن.

قودوومێ ناشیریا مه د چرە. چاڤێن مه ل ترسا مه مکور تێن. رجفا کو ژ ساریا ساوا مه دەر دبه، مه مینا پەلێ پایزێ ب سەر هەڤدو ده دهەژینه.

لێ ئەم خوێنییێن ئەڤینێ، دلێن خوه ب یێن هەڤدو گەرم دکن، لێ ئەم دو جوانێن ناشی گەلەکی سەر ب ئێشی نه. ئێدی زارۆکتی ژ مه ڤه خویا ناکه. نه ژی بیرانینێن مه یێن ل پەراڤێ جۆکێن ئاڤێ، د هشێ مه ده زندوو دبن. ئەم ئێدی خاترێ خوه ژ زارۆکییێ دخوازین. پێ ره ژی ژ هەڤ. ئەم ژ هەڤ دوور بن، مینا دو شاخێن ژ عەینی دارێ. تەنێ بایێ کو ل پەلێ مه دخه دەنگێ مه دبه دگهیژینه هەڤدو.

ئەم ب دلێن خوه ب هەڤدو ڤه گرێدایینه. هەولێن من یێن دانووستاندنێ د دژواریا زۆرێ ده بێئەنجام دمینن. لێ ئەز سەرهشکم. ئەز پێ حەسیامه کو تێکلی ئەساسن. ئەم دڤێ تێکلدار بن. ئەز دهنگڤم بیرانینان. لێ تو ناخوازی دووراهی بشکێن، خەزالا من.

ئەز ل شینبۆزەکێ سوار بوو بووم و من بەرێ خوه دابوو گەلیێ ژیانێ. من سەرێ هەسپێ خوه یێ بایی بەردابوو. جوانیکی من یێ دۆلا بەرگیلا ئاڤی و هەسپێ بایی، ئەز ل بایێ بەزێ د سەر هەموو مەسیل و کەندالان ره، بەر ب ئەڤینا د ناڤا قالکێ مرنێ ده دفراندم. من چیاییێن ژ رەشێ، گۆلێن ژ خوینێ، کۆرتالێن ژ تەقینێ و نەوالێن ژ برینێ ل پەی خوه دهشتن.

من گوهێن خوه ژ شیرەتێن کالان ختماند و هەوارا پیران ل بەر فرِینا رمێ خوه بەر ددان و ئەز دحەرکیم، من قیژینێن دایکان هەوارێن زارۆکان، ل کەڤیێن گوندان، ژ فرِینا ئاگر ره دهشتن و من خوه ل ئاسۆیا سۆرنگی یا د سەر دلێ من ده مینا سیشەکە سۆر چکاندی ڤه رادکشاند. ئەز ب درانان دچووم ئاسۆیێ. لێڤێن من دهاتن داخ دان. لێ من ئاسۆ د ناڤا درانان ده دشداند. هەتا کو مەژیێ من دلقەنینه، من ئاسۆ بەر ب خوه ده دکشاند.

ئەز ڤەدزلیام، تاکو ئەزمان د کەفا دەستێ من ده دبوو هلمەک و عەرد د ناڤ سمێ هەسپێ من ده دهاته ستراندن.

من بەرێ خوه دابوو قوبلەیا دلێ خوه و پشتا خوه دابوو هشێ خوه. د سەحەرا کو بە تیرێژێن رۆژێ گەورک دبوو ده من نێچیرا خوه راکربوو. غەزالا من خوه ژ خرامێ ل پۆزێ ئاگری بەردابوو و بەرێ خوه دابوو ئۆجاخا پێغەمبەرێ نڤیسێ.

غەزالا من یا ل بایێ بەزێ ل سەر سەکوویا دلێ من مینا بالەتەکێ کو ل بەر موزیکا ئیلاهی ژ خوه بچە درِەقسی، ئەو د ناڤا پێلێن خوەشییێ یێن ژ موزیکێ ده غەور دبوو.

وێ ب هەموو شانەیێن خوه دانس دکر. ئەو پێتێن ب رڤین یێن ل چاڤێن وێ، دلێ من ل بەر خوه دەڤگرێدایی دکر. وێ ب تەڤگەرێن رەقسڤانیێ گیانا خوه ژ دلێ خوه دشەختاند سەر بەدەنا خوه، هەموو سرِێن بەدەنا خوه یێن ڤەشارتی پێشکێشی من لاوکێ رەبەن یێ دلژڤستانی دکر.

و ل دلێ من یێ قەرسی گەرمەلەهیا ئەڤینێ رادکر. ئەز ژ شەهواتێ دبووم پێلەک ئاگری و دناڤا دامارێن وێ ده مینا لەهیەکە پێش دحەرکیم. ئەز ژیان دباریام ل گیانا وێ و ئەو ژی، مینا کولیلکا زڤستانێ شین دهات ل سەر سینگا من.

من بەرێ خوه دابوو بهارا ڤی وەلاتێ دل ب کوول، دارستانا کو بایێ بەربانگێ بێهنا وێ ب سەر من ده دئانی، ژ من و غەزالا من ره بووبوو تراتا نێچیرا ئەڤینێ سەربەردایی. خووشینیا کو ژ پەلان بلند دبوو تەڤلی خوومینیا ئاڤا بۆش یا نەوالان دبوو و ئەم بەر ب داویا مەکانێ مرنێ ڤه کاش دکرن.

فرەهیا دەشتا مووشێ کۆنێ خوه ل دلێ من ڤەگرتبوو لێ دگوهێن من ده ژی هەبوو، ڤزینا بایێ تەباخێ، کو ساریا خوه ژ بەرفا ل سەرێ نەمردوودێ یێ هەڤالپشکێ سیپانێ خەلاتێ هلدگرت.

ئەو بایێ کو خوه د ئاڤا گۆلا وانێ ده هۆنک دکر و د گەرماڤا ل بنیا نەمروودێ ده خوه گەرم دکر، ریشێن هەسپێ من ل با دکر. دیسا دەنگی سمێ گان یێن کو تەڤلی تەکەلێن ڤرخوونێن قامووشڤانان دبوو.

چەند قژاک ب قیژینی ژ سەر داران دفرِیان و ل ئەزمانێ شین بەر ب رۆژاڤا ڤه ژ حوکمێ چاڤێن من دکەتن. رۆژێ ئەو ژ بەر چاڤێن من دفرِاندن و ئەو د رۆناهیا خوه ده دمهاندن.

رۆژا کو دەستێپاکا و داویا وێ تینه، ب ئالییەکی ژ من ڤه خویا دکر، ئەو مینا تەوامبارەکی هەرمی بوو. لێ دیسا ژی، وێ خوه ژ بنی ژ بەر من هلنانیبوو. عەورێن قالند کو ب تیرێژێن رۆژێ یێن قەلس سۆر دبوون، ب هەستەکە گەرم، ئەز بەر ب خوه ڤه دکشاندم.

ئەز دچووم، بەرێ من ل دارستانا تژە سر بوو، هەر چقاسی ئەز د دەڤێ ژیانێ دە ژ پیان ڤە دهاتم دابەلّهاندم و هێراندن ژی...

دارێن مەزن یێن ب روویان ئەز دەرباسی خوەرستا وەلاتەکی کەڤنارە دکرم. ب جارەکێ رە دەمێ واتەیا خوە وندا کربوو. من خوە دادابوو، ئەز دناڤبەرا سەر و بنێ بێداوییێ دە ب تەڤگەرا گونجاو چوو بووم و هاتبووم. ئەز د دەیدیکا زەمـــــێن دە دچووم و دهاتم. چووبوون و هاتبوون.

من ژی سەرێ هەسپێ خوە بەردابوو. فرینا فردکێن هەسپێ من تەڤلی شەهینیا وێ دبوو و ل چیاییێن بانی مینا هێرسا د بینێ ئاگری دە ب روویێ ئەزمێن دە دتەقیا.

هەسپێ من گەه، مینا پلنگەکی ل پەی نێچیرێ ژ هەڤ ڤە دزلیا. گەه ژی، مینا کەرۆشکەکە ترسیایی دبوو گلۆکەک.

فەلقەیێن تەحتان مینا گولەیێن تۆپان ژ بەر نالێن هەسپێ من ل زکێ کەندالان بەرەه و شکەفتێن بێبنی ڤەدکرن. ناڤبەرا من و نێچیرا من گەه تەنگ دبوو؛ دکەتە چەند گەڤزان، گەه ژی فرەه دبوو؛ دگەها کیلۆمەترەیان.

بێوەستان و راوەستان، مە شەڤ و رۆژ مینا لبێن تزبییان ب دوو هەڤ دە بەردابوون. هەتا غەزالا من ل شکەفتا پێغەمبەرێ پەیڤان خوە ژ بەر چاڤان رەڤاندبوو. ب لەز و بەز پەیابوون. ئەز دەربازی شکەفتێ بووم. ل راسەری من شەوقەک ژ علمێ هەبوو. هەردو چاڤێن من ژ بنی تاری بوون، ژ رۆنیێ. من ب هێرس دەنگێ خوە هلدا بوو:

– کالۆ من ئەڤینا خوە دڤێ.

کالۆ سەرێ خوە هلدا، ئاورەک ژ نیڤێ چاڤێن من ڤەدا. دەستێ خوە برە سەر ریها خوە ئەو ب نەرمی مزدا. ب هەردو دەستێن خوە پرتووک هلدا. ئەو بەر ب من ڤە رادا. من ب هێرس دەستێن خوە ل پرتووکا وی دا. پرتووکا ل سەر زەمینا شکەفتێ ڤێژینەک ئیلاهی ڤەدا. ب هەزاران تیپ ژێ بازدان و ژ ئەزمانا مینا تەرزێن بهارێ ب سەر زمانێ ئەڤینا من دە باریان. دەستێن کالۆ رجفین، قەرمیجۆنکێن ل ئەنیا وی بەلتر بوون، چاڤێن وی یێن وەستیایی ب جارەکێ رە فرەهتر بوون و ئەو ب هێرس ب سەر من دە هلبوو.

– تە نێچیرا خوە ژ دەست خوە بەردا. تە قالک هل دا و تە ئەڤین ژ دل بەردا.

د دیوارێ ل پشت کالۆ دە دەریەک ژ رەشێ ڤەبوو. زهایەک تێ رە پەیدا. زهایێ خوە راست بەرا ناڤا بێخێرێن نێچیرا من دابوو. دەست و پێ ل من شەمرین. هەر تشت ل بەر چاڤێن من رەش بوو. بەرەنگاری رەشی قیر ئەز هلانیبووم لێ بنێ هەفت تەبەقەیێن عەردێ دانیبوون. تەیرێ مرادان جارەکە دن ئەز ل پێشی بەری کالۆ دانیبووم.

کالۆ سەکنی بوو. ل ناڤا چاڤێن من نەریبوو، ل ئەڤینا من یا بەدەن ژەهری تەماشە کربوو.

– کەرەم بکە. راکە غەزەلا خوە، کالۆ گۆتبوو.

کالۆ ب جارەکێ رە بوو بوو ب هەزاران چرووسکێن ژ ئێگر و ل ئەزمێن بەلاڤ بوو بوو. بەدەنەک ژ ئەڤینێ زواکری ل سەر هیزارەکی نەقشکری ژ من رە هشتبوو.

## روحێ خوە دخم بەر پێ وێ

من دەمارێن بەدەنێ کربوون شرینەک، دا ئەز ژ گیانێ، ژینێ دلۆپ ب دلۆپ بنقوتینم سینگا وێ یا تەریکی، دا ئەز ئەڤینا وێ ب لێڤێن خوە یێن لەخرکی ژ ستریێن تێلێن خەونێ بەرهەڤ بکم و وان ب بەدەنا خوە دە بتامینم.

دا وێ ب رۆندکێن چاڤان ل کەندالێ بەدەنا خوە مینا کولیلکێن بهارێ شین بکم.

دا بەژنا من مینا دارگولەکێ ل چۆلستانێ، ژ دۆرا خوە فەرق بکە. دا هەرسی دەمسال د دۆرا خوە دە ببوهرن و دنیا ل دارگولا ل دلێ من بحەسلە.

ب ڤێ مەبەستێ من زەند و بەند ل بەر رەڤاندنا تە بادان و من خوە ل ئەڤینا تە یا بێتەڤکەر راکشاند.

د ڤێ دەمێ دە من ژ تایێن پۆرا خوە کندرەک رێسا، ژ بۆ تە پێ ژ بیرا ژبیربوونێ رزگار بکم و تە ژ شەڤێن تاری ب رۆنیا چیکێن چاڤێن خوە ببۆرینم و ل سەر کابێن خوە بلۆرینم.

لێ هەما د وێ دەمێ دە ناڤێ تە بوو بوو گەزگەزۆک ل سەر زمانی هەموو زەمینێ و دەنگێ سترانا دلرەشیێ بەلاڤ بوو بوو، ل سەر ئەزمانێ گۆڤەندا ئەڤینێ...

لێ دیسا ژی ئەڤینا تە پزکا ل سەر زمانێ دلێ من بوو و هەر تم مینا کانییێ دەر بوو. ئەڤینا تە ل بەدەنا من برینا بێدەرد بوو. هێسرێن تە یێن ژ شەواتا دیلێتێ،

مـینا دلۆپێن فندێ دباریان سـەر دلێ من، و من خـوە ل دیوارێ رەش یێ بێڤگەرٍ دا. من دەستێ خوە ژ جیـهانێ بەردا و ب دەسـتـێن تە دا، و من کـۆلانێن لابیـرەنـتـێن قـەدەرێ یەک ب یەک ل خوە بادان. هانا فەلەکێ جارەکە دن خـوە مـینا مـارێ رەش ل مە بادا و کـۆفـەندیلا خـوە ل دلێ مە رەبەنان ڤەدا و دەستێ مە ژهەڤ بەردا.

## لێگەرینەک ب هێرس

و جارەکە دن بەرێ من کەتبوو نەدیارێ. ڤێ جارێ ئەز سوارێ جوانییێ ژ غەزەبێ بووم. ئەز ل تە دگەریام و ل تە دگریام. د گیانێ دە دمەشیام و ژ پەیڤێ دئێشیام.

وێ سەرێ سبەها دەستپێکا مەها ئاداریێ یا کو بهارێ هینا نوو دکر، خوە ژ ناڤا لەپێن زڤستانا دژوار یا وەلاتێ سەرحەددێ رزگار بکرا، من خوە ل پێڤەگەرێ دابوو. چاوا کو مژەک ل ناڤا ئەزمانەکی ساهی بەلاڤ دبە، ئەز وسا ل ژیانێ بەلاڤ دبووم. من ژیان یەکەر دابوو بەر خوە و ئەز پێ دە دچووم. من ژ ژیانێ رە گـوتبـوو «یەکـۆ براۆ! تۆ هلینە ژ بەر من. ما چەند و چەند ژ تە رە؟».

ئەز بوو بووم بایێ سۆر و ب ژیانێ کەتبووم.

منێ هەمـوو چاڤـیکێن ل دارێن تازی کـەتبـوون بەری پشکڤینێ بتەقاندانا.

منێ نەهشـتـا دار ب جاڤـێن خوە بهـارێ ببینن، بێـهنا کـولیلکێن خوە ل خوەرسـتێ بەلاڤ بکن و ب فـێکـیـێن خوە ژیانێ لە بەندەرهان خوەش بکن. منێ ب هێرسا ل سـەر دلێ خـوە بەندەک ژ چاڤنەباریێ ل پێـشـیـا گـەرٍا جیهانێ ئاڤا بکرا.

منێ گـەرٍا ژیانـێ بەرەڤـاجی کـربوویا. بەرێ مـن ل زڤـسـتـانێ بوو. ئەز و گـەرٍا جیـهـانێ ل بنگێ هەڤـدو کـەتبـوون. مـە ئێ ب دارێ قـەوەتێ بلەیسـتـا، مـن نگ دابوون عەردێ و ب هەردو دەستێن خوە ب دارێ ئاسۆیێ هشک گرتبوو،

و من ئێ بگۆتا کـورپ و چەرخا جیـهـانـێ ژ بنی مـینا سەریەک سلک ژ کۆکێ راکرا

و من ئێ ئەو ل پێشبەری چاڤێن بهارێ ل با بکرا. لێ چەرخێ جیهانێ ئەز مینا مارەکی دابەلهاندم و ئەز ژ دل ڤە دهاتم فرکاندن.

## مرن

دناڤـا تلیـێن من یێن تەرکی دە پیـژەک ژ سـەرهشکیـا من، ئەز پێ برینا ل گـیـانێ هوور هوور کـوور دکـۆلم. سەرێ مـن ژ ناڤا ملێن من مـینا فێکیـەکی گهایی بەر ب دلێ من ڤـە دخلە. ئەز گـرانیا چەنا خوە ل سەر دلێ خوە هیس دکم. گریزا من دنقوتە بەر پیژکێ من. دەسـتێن من دلەرزن.

لێ ئەز ب دل و جان گۆرٍا گەودەیێ مە د گیانا خوە دە دکۆلم. بایەک ئاخا کۆلایی، ب سەر دەڤ و روویێ من دە تینە. ئەز بە زمـانێ خـوە یێ کـشـیـایی باگەرٍا ئـاخێ تام دکم. ژ ئاخا گیـانا من تـامەکە ب بێری ل ناڤا دەڤێ من بەلاڤ دبە.


ل راسەری من هەبوونەک هەیە، ئەو ل سەر دیوانا دادێ روونشـتـیـا. چاڤـێن مـن وی ناتەفسلینە، ئەز ژ بۆ جـارا داوی هەول ددم خوە. ئەو فەرمانا خوە دخوینە. ئـەز ژ قام دە مـینا دارەکە کەڤنار یا چنارێ گێر نابم. تەنێ دلێ مە د پەنگزە سەر مـاسەیا دادێ. ئەو ب میـکوتکێ خوە دلێ مە دناڤا هەڤدو هوور هووری دکە...

بارانەک دبارە، تۆڤێن د نـاڤا هەڤدو دە کوتایی بەردده مالزارۆکا ئاخێ...

لەهیـەک رادبە خـەرزێن ژ دلێ مـە ل گـۆلێن ئەڤـینێ بەلاڤ دکە... بایەک تێ مە ب سەر هەموو کولیلکان و داران دە درٍەشینە..

**ئەڤ دەقە ئەدەبییە ژ پرتووکا «پەیڤێن ئێشمێ» روویەلێن (٧-١٤) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٤)ێ ل ستەنبۆل و ژ ئالیێ وەشانخانەیا نوودەم ڤە هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**

**«رامان»**



# سروودی مەلە سوورەکان

**قادر عەلی خا**
**(بۆکان)**

بەر لەوەی بەڕێ کەوم بۆ نێو ئەم دیوی ترس و خۆفە، بۆ پشکنینی ئەم ڕازە سەر بە مۆرە، شەماڵ زۆری پێکوتم مەچۆ، دەستی گرتم و تکای لێکردم، چاوە ڕەشە بچکۆلەکانی بڕیبە چاوم و کوتی: گۆڵمەز بۆ خۆت ساز مەکە «سەرت نایەشێ پڕێسکەی تێ مەبەستە» ئەو لە دەمی ئەم و ئەوەوە چەند سەربردە و چیرۆکێکی لە ڕووداوەکانی نێو ئەو دیوە بیستبوو، بەڵام من ڕژد بووم لەسەر چوون و بەڕێ کەوتم، تەنانەت جارێک هاتە سەر ڕێگەم و پێی کوتم: ئەگەر قەوەم بە قەوەت بشکایێ حەتمەن نەمدەهێشت بچی. بە زۆر دەمگێڕایەوە، دەست و پێم دەبەستی و لە دیوێکدا زنجیرم دەکردی، چ بکەم زۆریم بە زۆرت ناشکێ، بەڵام تکات لێدەکەم مەچۆ، منیش پێم کوت: شەماڵ گیان تکا دەکەم مەبە لەمپەر و ڕێگرم، ئەگەر سەریشم دانێم هەر دەچم، ئەگەر یارمەتیم نادەی و لەگەڵیشم نایەی ساردیشم مەکەوە، کە زانی من هەر سوورم لەسەر چوون ئیتر پێ مل بوو، سەرەڕێگەی بەردام و بە نابەدڵییەوە کوتی: خودات لەگەڵ، بەڵام تکات لێدەکەم وریای خۆت بە، کە لەوێش پەشیمان بوویەوە مەچۆ ژووریێ و بگەڕێوە، لە ئامێزم گرت و پێم کوت: دڵنیابە دڵنیا، کە زانیم ناتوانم، ناچمە ژووریێ. ئەمەم هەر بۆ دڵنیایی شەماڵ کوت، دەنا بڕیارێک بوو دابووم، ئیتر ئەوە بوو بەڕێ کەوتم و ئێستا ماوەیەکی زۆرە بەرانبەر ئەو ماڵە ڕاوەستاوم، هەر دڵەڕاوکەمە، ناوێرم بچمە ژووریێ، چاوم بڕیوەتە دارودیواری خانووەکە، درگا و لاشیپانە تێک شکاوەکەی، دیوارە لاڕووخاو و تێک سمڕاوەکەی، دەڵێی ساڵەهای ساڵە بێ خاوەن و چۆڵە، کەس بە سەریدا ڕانەگەییوە، گوێسوانەکانی داڕووخاون، پلووسکەکانی کەوتوونەتە خوارێ و ئاوی بەفر و باران بە دیوارەکانیدا هاتۆتە خوارێ و قوڕەسواغی قەدەکەی شۆردۆتەوە، دەڵێی ڕوومەتی ژنێکی مێرد کوژراوە و بە نینۆک دایڕنیوە، بۆنێکی

ناخۆش لە ژوورەوە هاشاوڵ دێنێتە دەرێ، بۆنێکی تاڵ و کەکرەیی، دەڵێی قورقوشمت بە گەروودا دەکەن، بەری هەناسە دەگرێ و ڕۆچنەکانی سیپەلک دەئاخنێ، ئەمە وام لێ دەکا لە چوونە ژوورەوە پەشیمان ببمەوە، قسەکانی شەماڵم وەبیر دەکەوێتەوە - مەچۆ تکایە مەچۆ،هەست دەکەم توند دەستی گرتووم و دەمکێشێتەوە، دوو دڵ دەبم، دەکەومە کێشەی نێوان چوون و نەچوون، چەن هەنگاوێک دەکشێمەوە دواوە، تەوژمی بۆنە ناخۆشەکە دەڕەوێتەوە، سنگ و سیپەلکم سووکتر دەبن، چەن هەناسەیەکی سووک و نەرم هەڵدەکێشم، بە هەڵمژینی ئەو هەوایە دەژیەمەوە، ورە دەزێتەوە لەشم، ورە هانم دەدا، دەبێ هەر بچمە ژوورێ و سەر لەو بۆنە دەربێنم، بزانم ئەو ڕازە چییە؟ ڕازی ئەم ماڵە فەرامۆش کراوە، ئەو شوێنە لەبیر چۆوە، ئەو بۆن و هەوا ناخۆشە چییە؟ لە کوێوە دێ، دەبێ ماکەکەی بدۆزمەوە، دەبێ بە چاوی خۆم ببینم، ئەم بڕیارە پاڵم بەرەو پێشەوە پێوە دەنێ، هانم دەدا بۆ چوونە ژوورێ، وەک لە شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاودا بچم بۆ دزی شوێنێکی ئەستەم، بە پێدزەوە بەرێ دەکەوم، لە سەرەخۆ دەچمە پێشێ، دەگەمە بەرکەوانەی درگاکە، ئیستێکی دیکە دەگرم، بۆ چەن ساتێکی دیکەش ڕادەوەستم، لەوانەیە پەشیمان ببمەوە، دێم بگەڕێمەوە، دەستی خۆفێکی بە هێز و قورس پاڵ بە سنگمەوە دەنێ، دەڵێی پێم دەڵێ مەیە ژوورێ، دیتنی ئەو دیمەنانە سەختە، ترسێنەر و تاڵە، ئاگر لە هەناوت بەردەدا، تۆ ئەو کەسە نیت. من باشت دەناسم، خۆت لە خۆت باشتر دەناسم، بە ڕەگ و پێست و بیرەوە، دەڵێی سەد جار شیم کردوویتەتەوە، وەک ئەوە وایە بە دەستی خۆم تێکم دابێتی و سەر یەکم خستبێتیتەوە، ئاوات دەناسم، مەیە، نەهاتنەکەت باشترە، بە قازانجتە، ئەو دیمەنانە دەبنە خۆرە و هەناوت دەخۆنەوە، پیرت دەکەن، داتدەتولێنن، ئەوانەی دیویانە، یان شێت بوون، یان نەیانتوانیوە دوای دیتنی ئەو وێنانە ماوەیەکی زۆر بژین، مرۆڤی زۆر زۆر لە تۆ بە جەرگتر هاتووە و خۆی پێ ڕانەگیراوە، تابشی نەهێناوە، چت داوە لەو دەردەسەرییە، ئەو سەرئێشە بۆ بۆخۆت ساز دەکەی، بڕۆ وەدووی ژیانی خۆت کەوە، ئەمە کڵاوی لارە هیچت دەستگیر نابێ، هیچ، مایە پووچ دەمێنیتەوە، بەڵام من ئاشقانە دەمەوێ بزانم ئەو ڕازە چییە، نهێنی ئەو ماڵە لە بیر کراوە چۆنە، بۆ دەبێ هەر کەس هاتبێ، یان شێت بووبێ، یان نەیتوانیبێ ماوەیەکی کەم بژی، بۆ؟ بۆ؟ دەبێ چ دازارێکی قورس بێ وا کەس نەیتوانیوە هەڵی بگرێ، منیش وەک ئەوان، بزانم و بمرم چاکترە تا نەزانم، خۆ هەر دەمرم، خۆ تەمەنی ڕەوەزەکانی بێستوونم بۆ نەهاتووە، شێت بوونیش گرنگ نییە، ژیان بەشێکی زۆری شێتییە، ماخولیاییش بۆ خۆی دنیایەکی هەیە، دەستێک لە سنگی خۆفەوە دەنێم، دەستێکی بە هێز و بە ورە، پاشەوپاش دەکشێتەوە، منیش لەگەڵیدا دەچمە ژوورێ، وەک ڕوحێکی ون، وەک هەڵمێکی کاڵ، کەس هەستم پێ ناکات، کەس نامبینێ، درگاکە لە پشت سەرمەوە پێوەدەدرێ، ترس دێ لە پشت سەرمەوە ڕادەوەستێ و چنگ لە پشتم گیر دەکا، دیوێکی گەورە و بێ سەروبن دەبینم، گەورە و بێ کۆتایی بە قەدەرای دنیای ئەودیوی درگاکە، هەرێمێکی پڕ لە ترس و خۆف و سام، بنمیچەکەی هەزاران چلوورە سەهۆڵی پێدا شۆڕ بۆتەوە، زۆربەی ئەو چلوورانە لە شمشێر دەچن، دەڵێی لە قاڵبت داون، نێو دیوەکە ڕۆشناییەکی کاڵی تێدایە، زۆر کاڵ، دەڵێی تەپومژە، دیمەنەکان، ڕوخسارەکان، وێنەکان باش نابیندرێن. دڵم دەکەوێتە لێدانێکی توند، ئەژنۆم سست دەبێ، لەوانەیە بکەوم، ئەو دیمەنانەی دێنە بەرچاوم زەندەقم دەبەن، واقم وڕ دەمێنێ، دەڵێی پێم بە عەرزەکەوە نووساوە، بوومەتە کۆڵەکەیەکی ویشک و برینگ تەکان ناخۆم، لە هاتنە ژوورەوەم پەشیمان دەبمەوە.

دێم بگەڕێمەوە بەڵام لاقم بە دوومدا نایێ، یاریدەم نادەن، پێم خۆشە ئەوەڵێن شتێک لێم دەستێننەوە چاوم بێ، پڕ بە دڵ خۆزگە بە کوێر دەخوازم، بەغیلیم پێیان دێ، بەس نییە ئەو دیمەنە دڵتەزێنانە نابینن، چاوەکانم لەسەر یەکتری دادەنێم دیوەکە دەبێتە تاریکەسەلات، هیچ نابینم، هیچ، بڕێک سەبووریم دێتەوە، هەندێک ورە دەزێتە دڵمەوە، بیر لە هزری ئەو کەسانە دەکەمەوە ئەو دیمەنانەیان دروست کردووە، بە چ بڕوایەک! بە چ دەلیل و هۆیەک؟

یانی ئەوانەش عاشق بوون، بە عەشقەوە ئەو کارەیان کردووە، یان لە ترسان و لە برسان، باوەڕ و ئیمانێک بۆ ئەو کارە هانی داون، بڵێی تۆڵەی چییان کردبێتەوە، یان تەماحی چییان لەبەر نابێتن، ئەو شتەی بۆتە هۆی ئەمانە ئاوا دڕندە بووبێتن چییە؟ دەیان ڕووداوی گەورە و سامناکی مێژووم دێنەوە یاد، ئەو ڕووداوە دڕندانەییانەی کە لە کەللە سەری مرۆڤ منارەیان ساز کردووە، ئەو سەکۆیانەی لە تەرمی بێ گیان دروست کراون و

فەرمانڕەواکان چوونەتە سەر سەریان و لەوێوە نوتقیان بۆ سەربازە بە ناو سەرکەوتووەکانیان کردووە، جەژنیان بە دەوری تەرمە کەڵەکە کراوەکان گێڕاوە و شەرابی شادی و سەرکەوتنیان نۆشیوە، لێو و مەمکی ژنە بە تاڵان گیراوەکانیان مژیوە و لەگەڵیان ڕابواردوون، زیڕە و هاواریان لێ هەستاندوون، ئەو زیڕە و هاوارەی زیاتر ئەمانی حەکەدار کردووە و تامەزرۆیانەتر پەلاماریان بۆ جەستەی ژنە دیلەکان بردووە، لە پڕ زیڕەی ژنێکی دەستدرێژ لێکراو نێو ژوورەکە دەئاخنێ، ناڵەی پیاوێکی ئەتککراو بۆی دەستێنێتەوە، زیڕەی منداڵێک و قاقای جەلادێک مێشکم ئاور دەدەن، بۆکڕووز و بۆچزێک نێو لووتم دەئاخنێ، نازانم بۆنی مێشکی خۆمە، یان هی نێو ئەودیوی سام و ترسەیە! ئەو دیوە دارودیوار و تەرک و میچەکەی بە خوێن سواغ دراوە، بە دەیان حەوزی گەورە گەورە لە خوێندا جمەیان دێ، هەموویان بە دەم پێکەنینی ئەو جەلادانەوە دەکەونە شەپۆل دان، لە لێواری هەر حەوزێک دەیان تەرمەکی گەورەی لاشە هەڵچندراون، ئەو ژوورە ئەرشیڤێکی گەورەیە لە ئەندامی قرتاوی مرۆڤ نەیان هێشتووە هیچی لە هیچی کەوێ، ڕێکوپێک و وەستایانە چنیویانن، هەر شتێک بە جوێ و لە جێی خۆیدا، کۆگای چاو، کۆگای لووت، کۆگای گوێ، کۆگای لێو، کۆگای مەمک، کۆگای زمان، کۆگای ئەندامەکانی ناو زگ، کۆگای لاق و دەست و سەر، کۆگای عەورەتی ژن و پیاو هەر یەکە و بە جوێ لە قۆرییبە درابوون، هەموو زنچکاو و خوێنیان لەبەر دەڕۆیی و دەچوونە ناو حەوزەکانەوە، هەر حەوزەی دەیان جەلاد مەلەیان تێدا دەکرد و شەڕە خوێنیان بوو، لە ناو ئەو خوێنەدا قڕنەگۆمەیان بە یەکتر دەکرد، دوای مەلە کردن، ژنە بە تاڵان گیراوێکیان دێنا و لە لێواری حەوزەکە دەیان گان، زیڕەی ژن و مشەی جەلاد تێکەڵاو دەبوو، ئەوەندەیان لاقە دەکردن و دەیان گڵە ماندنەوە تا خوێنیان لەبەر دەڕۆیی و لە زمان دەکەوتن، ئەوانیش دەبوونە قوربانییەک لە قوربانییەکانی دی و جەستەیان دابەش دەکرا بە سەر کۆگاکاندا، دەورێک بە نێو ژوورەکەدا لێدەدەم، جەلادەکان وا سەرگەرمن هەستم پێناکەن، ئەم دیمەنانە دەمتەزێنن، ئەو دڕندە بێ بەزە و زاڵمانە، ئەو پەپوولە ڕوح سووکە مەزڵوومانە، هەردووکیان لە جەستەی مرۆڤدان ڕوخساریان مرۆڤانەیە، هەردووکیان بە جەستە لە یەک دەچن، بێ ئەم لاوئەولا، ئەگەر تێکلاویان کەی ناناسرێنەوە، کەس نازانێ کامیان جەلادە و کامیان قوربانی، هەردووکیان وەک یەک پێدەکەنن! وەکو یەک دەزیڕێنن، وەک یەک دەخۆن و دەخۆنەوە، وەک یەک هەڵدەستن و دەخەون، ئەندامەکانی لەشیان وەکو یەک وایە، هیچیان چاوێک، دەستێک، گوێیەک، دڵێک، یان مێشکێکیان لەوی دیکە زیاتر نییە، ئەی چۆنە ئەوەیان دەبێتە ئەو دڕندە خوێنڕێژە، ئەو شەهوەتبازە برسییە! ئەو ئاشە تێرنەخۆرە! ئەو لافاوە بێ بەزەییە! ئەو بوومەلەرزە ڕووخێنەرە! ئەوە چییە لە هەناوەوە پاڵ بە مرۆڤێکەوە دەنێ هەتا دەستی کەسێکی تر بقرتێنێ، چاوێک دەربێنێ! گورچیلەیەک، لووتێک، لێوێک، یان زمانێک ببڕێ. کە ئەو ئەوەندە لەزەت لە عەورەتی خۆی دەبا بە چ مافێک دێ و عەورەتی یەکی تر دەبڕێ! مەگەر ئەویش وەک ئەو پێی خۆش نییە تام لە ژیان بەرێ.

ئەویش وەک ئەو پێی خۆشە ببیستێت، ببینێت، بۆن بکا و چێژ وەربگرێ، بۆ ئەو دێ لێی زەوت دەکا، بۆ؟ بۆ؟. ئەو جەلادەی ئەوەندە بیر لە دەست بڕین و چاو و لووت و گوێ لێکردن دەکاتەوە باشتر نییە بیر لە جوانییەکانی ژیان بکاتەوە؟

چاکتر نییە جوانی و پاقژی ژیان ببینێ؟ ئەگەر ئەمانە دەست دەنە دەستی یەک ژیان شەنگ و شۆختر نابێ، ژیانێک بە ئەندازەی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی خۆشی و شادی پێیە، بە مەرجێک هەرکەس بە ئەندازەی پێویستی خۆی دەست داتێ، باغێکی بێ سەروبن پڕ لە میوەی بە تام، گوڵزارێکی بێ برانەوە پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، بەسەر ئەم جەهووناتە شادی و خۆشییەدا بۆ ژیانی خۆیان و کەسانێکی تر دەکەنە دۆزەخ؟ بۆ نابنە پەری و دەبنە جەلاد؟ بۆ نابنە فریشتە و دەبنە پیاوکوژ؟ بۆ؟ بۆ؟! لەم ژووری جەلادستانەدا و لە ناو ئەو دۆزەخە زەندەقبرەدا، لە نێوان قاچ و دەستی قرتاو و چاو و گوێ و لووت و دەم و جەرگ و دڵی براوی ئەو فریشتە مەزڵوومانەدا، لە پاڵ پەلەقاژەی ئەو پەپوولە باڵ قرتاوانەدا، لە لێواری هەر حەوزێکی پڕ لە خوێن و لە پەنای ئەو کۆگا ئەندامە قرتاوانەی لەشی مرۆڤدا، هەندێک دیمەنی سەیروسەمەرەش دەبینرێن، کە زۆر جێی سەرسوڕمانە، لە لێواری هەر حەوزێکدا بە دەیان تابلۆی جۆراوجۆر هەڵواسراون، هەر یەکە و نووسراوەیەکی لە ئامێز گرتووە، یان چیرۆکێک لە دڵی خۆیدا دەپارێزێ، چیرۆکی هەموو ئەو ڕووداوانەی ئەم دیوی ترس و سامەیان

پێکهێناوه، وێنەی تەواوی ئەو جەلادانەی ئەم دیمەنانەیان خولقاندووه، چ ئەوانەی ماون و چ ئەوانەی مردوون، وێنەی جەلادە مردووەکانیان بە ڕیزە و لە سەرەوە هەڵواسیوە، وێنەی یەکێک لەو جەلادانە لە سەرووی هەموویانەوە دیار بوو، وێنەیەکی زۆر گەورە بوو، وێنەی پیاوێکی بە هەیبەتی شیک پۆشی پێ نیشان دەدا، بزەیەکی شیرین و جوانی لەسەر لێو بوو، کە جوانییەکی تایبەتی بە ڕوخساری دابوو، مرۆڤ ئاشقی دەبوو، ئەوەندە بزەیەکی شیرین و سروشتی بوو دەتکوت تەنزبێژێکی گەورەی جیهانییە، تەواوی تەمەنی وەک چارلی چاپلین و مستر بین خەڵکی هێناوەتە پێکەنین، وێنەی تەواوی جەلادەکان لە کاتی پێکەنیندا گیرابوون، پێم وابێ وێنەی تەواویان لەو کاتانەدا گیرابوو کە کیژۆڵەیەکی ناسک و جوانیان دەستکەوتبوو، یان ئەو کاتانەی دوای تەواو کردن و جنینی قوربانییەکانیان چووبوونە حەمام و ڕیشیان پاک تاشیبوو هاتبوونە دەرێ و بە ڕووی هاوڕێکان و کابرای وێنەگردا پێکەنیبوون، ڕاست لەو وەختەدا وێنەیان لێ هەڵگیرابوو، دەنا جەلاد و بزەی ئاوا شیرین! بزەی ئاوا جوان! یانی جەلادیش پێدەکەنێ! جەستە و ڕوحی ئەوانیش پێکەنینی تێدایە! یان شایەدیش وێنەکێشێکی زۆر وەستا ئەو بزە جوانەی بۆ کێشابێتنەوە، ئەویش لە ترسی ئەوەی نەیکوژن، لە ناو هەموو ئەو تابلۆیانەدا کە بۆ ڕێزلێنان لە جەلادە ناسراوەکانی ئەودیوی سام و ترسە داندرابوون تابلۆی وێنەی هیچ ژنێکی جەلادم نەدی هەموویان پیاو بوون هەموویان، لە سووچێکی ئەو دیوەدا تووشی کوڕێکی لاو دەبم کوڕێکی بالابەرزی تێکسمراو، زۆر لاواز و بێ گیان بوو، نازانم، بە ڕاستی نازانم، خۆی بوو، یان ڕوحی! ئەوەندە دەزانم دیتم، بە چاوی خۆم ڕاست بەرانبەرم ڕاوەستابوو، دەم و گوپ و لاچاو شین هەڵگەڕاوەکانی، نینۆکە دەرکێشراوەکانی، یەشتا برینەکانی خۆش نەببوونەوە، هەموو قرتماخەیان بەستبوو، نێوی سیامەند بوو، ئەو سەربردە و چیرۆکی ژیانی هەندێک لەو قوربانیانەم بۆ دەگێڕێتەوە، «باسی کچێکی دوازدە ساڵەی دەگێڕایەوە دوای ئەوەی گیراوە هێندە، ماوەتەوە تا چوار منداڵی بووە، ڕۆژێک هەر چوار منداڵەکەیان لەبەر چاوی خۆی سەر بڕیوە و دواییش پاش لاقە کردنێکی زۆر خۆشیان لە خوێنی منداڵە بێ تاوانەکانیاندا خنکاندووه، ئەو کچە ناوی بەفرین بووە، باسی پیاوێکی بە جەرگ و ئازای دەکرد کە هەر ڕۆژەی نینۆکی قامکێکیان دەردێنا و جنچکێک گۆشتیان لێدەبڕییەوە تا دەمرێ، ئەو پیاوەش ناوی ڕێبین دەبێ، باسی پیاوێکی تری دەکرد کە ئەویش هەر بە زیندوویی زگیان دڕیوە و گورچیلەکانیان دەرهێناوە هەتا کوڕی یەکێک لە جەلادەکانی پێ لە مردن ڕزگار بکەن، دوای ئەویش دەمرێ، نێوی ئەو پیاوەش کوردۆ بوو، باسی هیوایەکی دەگێڕایەوە کە هەر لەبەر چاوی خۆی دەسگیرانەکەیان وا لێ کردووە و دوایەش سەریان بڕیوە، ئەویش ئەوەندەی هاوار کردووە تا دڵی تۆقیوە، هەزاران چیرۆک و سەربردەی تاڵ و تۆقێنەر، ئەو دەڵێ ئەمانەم بە چاوی خۆم دیوە، ئیتر باسی ئەو پیرێژنەتان بۆ ناگێڕمەوە کە چۆن ئەوەندەیان خوێنی کوڕەکانی دەرخوارد دابوو تا هەڵیهێنابووەوە و جەرگ و دڵی بە دەمیدا هاتبووە دەرێ، ئەو پیرێژنەش ناوی پوورە پەریزاد بوو، بە لای کۆگایەک زمانی براودا دەڕۆم، دانەیەک لە زمانە براوەکان چیرۆکی خاوەنەکەی خۆیم بۆ دەگێڕێتەوە، کە چۆن هێناویانە و چوار مێخەیان کێشاوە و دانە دانە نینۆکەکانیان بە گاز دەرکێشاوە، ئەویش ئەوەندە هاواری کردووە و لالاوەتەوە تا زمانیشیان لە بندا بڕیوە و دوایی لەشیان پارچە پارچە کردووە، ئەو زمانە دەیکوت: گەورەترین تاوانی ئەوان ئێمە بووین، هەر زمانیان و هیچی تر. نە چاویان، نە گوێچکەیان، نە لووت و قاچ و دەستیان، هیچیان تاوانبار نەبوون، بەڵای ئێمە بوو بەسەر ئەوانیش دەهات، سووچی ئێمە بوو گەردنی ئەوانیشی دەگرتەوە، ئەم چیرۆکانە دەبنە بزماری ترس و لە لەش و ڕوحم ڕۆ دەچن، شووشەی ڕوحم دەڕووشێنن، دڵی هەستم بریندار دەکەن، مێشکم دەهاڕووژێنن، وا هەست دەکەم عەرزەکەی بن پێم ڕادەژێنن، هەست دەکەم بوومەلەرزەیەکی بە هێز ژوورەکە دەهەژێنێ، حەوزەکان دەکەونە شەپۆلدان و دەخرۆشێن، لەمپەرە ئەستوورەکانی نێوانیان دەڕووخێنن و ئامێز بە یەکتردا دەکەن، جەلادەکان دەکەونە هاوار هاوار و بە دەم شەپۆلی خوێنەوە دەڕۆن وەک تەلاشی دار وەسەر ئاو دەکەون، زۆربەیان دەکەونە بن هەرەسی خوێنەوە و ئیتر نایێنە دەرێ و لە خوێنی قوربانییەکانی خۆیاندا دەخنکێن، وێنەکانیان دەنک، دەنک بەر دەبنەوە و دەکەونە ناو حەوزە خوێنەکانەوە، پڕ دەمیان دەبێ لە خوێن، بزەکانیان بزر دەبن، نێوچاوانیان لۆچ و ڕوخساریان دزێو دەبێ، ڕەنگەکانیان دەشۆردرێنەوە و وێنەی ڕاستەقینەیان

دەردەکەوێ، مرۆڤ بێزیان لێ دەکاتەوە. هێلنج دەدەم و دەرشێمەوە سەر یەکێک لە وێنەکان، ڕشانەوە دەموچاوی دادەپۆشێ. کۆگای ئەندامە وردکراوەکان تێکەڵ دەبن و دەڕژێنە ناو حەوزە خوێنەکانەوە، جەلادەکان دەبن بە ژێر هەرەسی لەشی قوربانییەکانیانەوە، زمانە بڕاوەکان وێکڕا بە کۆرس سروودێک دەڵێنەوە، سروودێکی بە گوڕوتین، مەستم دەکا و ورە و وزەم پێدەبەخشێ، دەستە بڕاوەکان بە یەکەوە و هاوئاهەنگ چەپڵە لێدەدەن و پاڵم پێوە دەنێن بەرەو دەرێ، بەرەو ژیان.

باوەش بە چیرۆکی هەموو قوربانییەکاندا دەکەم و دەردەپەڕمە دەرێ، هەست دەکەم پێویستم بەوانەیە، پاراستنیان ئەرکی سەرشانی منە، ئەم چیرۆک و سەربردە تاڵانە دەبنە پێناسەی من، وا هەست دەکەم چیرۆک و سەربردەی خۆمن، بۆ ئەوەی لە بیری خۆم نەچمەوە دەبێ ئاگادارییان بکەم و باش بیانپارێزم، دەبێ ئەم سەربردەی خۆم بۆ کچ و کوڕەکانم بگێڕمەوە، نابێ لە بیر بچنەوە. هێشتا چەند هەنگاوێک لە ماڵەکە دوور نەکەوتبوومەوە زرمەیەکی گەورە لە پشتمەوە هەڵدەستێ، ڕمبەیەکی بە سام و گەورە وا هەست دەکەم تەواوی دنیا گوێی لێیە، ئەوانەی نوستوون بە خەبەر دێن، دڵنیام وایە، کە لادەکەمەوە تەپوتۆز و پریشکەی خوێن ڕۆیشتووە بە ئاسماندا، تۆزەکان هێور هێور دەنیشنەوە سەر تەرمی جەلادەکان و دایاندەپۆشن، هەر پریشکە خوێنێک دەبێتە مەلێکی سوور و بە ئاسماندا هەڵدەفڕێ، باڵندەی سوور ئاسمان سوور دادەگیرێ سوور، هاشەی باڵەکانیان دەبێتە مۆسیقایەکی خۆش و مەستی هێنەر، من مەست دەبم، نازانم مەستم، یان شێت بووم! هەر ئەوەندە دەزانم مەلی ڕوحم تێکەڵ بە ڕەوەی ئەو باڵندە سوورانە دەبێ کە بە ئاسماندا هەڵدەفڕن، وێکڕا بە ئامێری باڵەکانیان هەوای سروودێکی حەماسی لێدەدەن، ژمارەیەکی زۆری حەشیمەت لەسەر عەرزەوە لەگەڵ یەکدا دەیلێنەوە، دەنگیان تێکەڵی ئاهەنگی باڵەکان دەبێ، هەموو سەما دەکەن و چەپڵەمان بۆ لێ دەدەن، لەو بەرزاییەدا، لەو ئامێزی ئاسمانەدا، لەو بۆشاییە ڕوون و بێگەرد و سامالەدا، لە ناکاو دەبینم کە سیامەند لە پەنامەوە هەڵدەفڕێ، شان بە شانم باڵ لێدەدا، ڕەنگی گەشاوەتەوە، برینەکانی ساڕێژ بوونەتەوە، ئاسەواریان نابیندرێ، شان بە شانی سیامەند مەلێک هەڵدەفڕێ، مەلێکی لێو بە بزە و شاد، دەنووک بە پێکەنین، چاوەکانی پڕن لە جوانی، لێوڕێژن لە ڕووناکایی، دەڵێم سیامەند ئەوە خەجە دڵدارەکەتە؟ بە یەک شاد و شوکور بوونەتەوە! پیرۆز بێ، پیرۆز بێ لێتان، بە ڕوویەکی گەش و بە دەنگێکی حەماسییەوە ڕووم تێدەکا و پێم دەڵێ، بەڵێ، ئەمە دڵدارەکەمە، بەڵام دڵدارەکەی من نێوی نیشتمانە، نیشتمان، پاشان بەدەم سروود کوتنەوەوە، باڵەکانیان لێک دەخشێنن و لێم دوور دەکەونەوە. لە نێو ئەو خەڵکەدا دەبینم کە شەماڵی هاوڕێم لە هەموو کەس لەجۆشترە، ئەو بە گریانەوە سروودەکە دەڵێتەوە و زەوی ژیان و خۆشی تێدەزێ ئاهەنگی ئەم سروودە حەماسییە هەموو وڵات بە جۆش دێنێ، ئەو چیرۆک و سەربردە تاڵانەی دیتوومن دەنێمە ناو سندووقی لەشمەوە، ڕوحیشم دەبێتە مەلێکی سوور و سروودی مەلە سوورپۆشەکان دەڵێتەوە. ئەو سروودەی مەلەکان خۆیان پێی دەڵێن سروودی.....

**٨٦/١١/١٨**

# چەپکێک چیرۆکی هەرە هەرە کورتیلە




**کۆکردنەوەی: ستیو ماس**
**لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**


**دەربارەی کۆکەرەوەی ئەم کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکە:**

«ستیو ماس» (١٩٤٨ - .......) لە ئەنستیتوی بروکس، سانتا بار بارا و زانکۆی سیراکیوز لە لقی هونەردا خوێندوویەتی، بەڵام دواجار ڕووی کردۆتە کاری ڕۆژنامەوانی. ماس هەروەکی هەڵەبڕ و دەرهێنەری هونەری بووە و لە بواری ڕێکلام و گرافیکیشدا خۆی وەک کەسێکی هەڵسووڕ نیشان داوە: ئێستا لە ڕۆژنامەی نیوتایمز وەک خاوەن بەش و هەڵەبڕ کار دەکات، ماس لەوێ هەموو ساڵ کێبڕکێی کورتیلە چیرۆک وەڕێ دەخات. ماس لە پیسموبیچ-ی کالیفۆرنیا دەژی.

**دەربارەی ئەم چیرۆکانە:**

تەنیا تاقە چیرۆکێکیان بخوێننەوە. دوایی هەوڵ بدەن ئەوانی دیکە وەلا بنێن و کارتان بە چیرۆکەکانی ترەوە نەبێت. ناتوانن!

**بارنابی کۆنراد**

خەڵاتێکی بێ هاوتا بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن سەرقاڵتر لەوەن کات بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەن، ئەم چیرۆکانە وەک لەفەی بچووک وان... ناکرێ حاشا لە خواردنیان بکرێت.

**سوگرفتۆ**

## شەوێکی بارانی

**دۆلۆرێز ڕووپ**

لەژێر لێزمەی باراندا، جادەی کوێستانی جۆرجیا باش نەدەبیندرا. جودی کە پیکابێکی دزراوی لێ دەخوڕی لە ناکاو پای نایە سەر ستاپ بۆ مسافیرێکی سپی پۆش کە بەپشووی سوارەوە سوار بوو: «ئوتومبێلەکەم خراپ بووە!»

«پزیشکی؟»

«بەڵێ.»

جودی ئەو شێتە جینایەتکارەی کە تازە لە خەستەخانەی نەخۆشە دەروونییەکان ڕای کردبوو پرسیاری کرد: «پزیشکی خەستەخانە؟ ویلیام ئەو پیاوکوژەی کە تازە لە زیندان خۆی دەرباز کردبوو بە درۆ گوتی: «بەڵێ.»

## نهێنی

**تام فۆرد**

«پێویست ناکات ئەوەندە خۆت نارەحەت کەی، واتسۆن.»

«بۆت بە داخم، هۆلمز، هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاخرییەکەی پشتت وە عەرز کەوت. هەرگیز ناتوانن نهێنیی ئەم جینایەتە ئاشکرا بکەی.»

هۆڵمز ڕاوەستا و بە دەسکی مۆدنەکەی وەک نیشانەی پێداگری ئاماژەیەکی کرد. بۆت بە داخم کە وانییە. من باش دەزانم کێ خاتوو ئۆرتینگنۆنی کوشتووە.

«زۆر سەیرە! نە شاهیدێک! نە سەرە داوێک! کێ ئەم کارەی کردووە؟»،

«من کردوومە، واتسۆن.»

## ٨ی دیسامبری ١٩٨٠
## کاتژمێر ٨:٥٩ دوانیوەڕۆ

**دەیڤید کانگالتۆن**

ژنەکە کتێبە مێژووییەکەی دانا و ئاخێکی هەڵکێشا. «ئەو ژنەڕاڵ کاستێرە. قەت قەت نەدەبووایە هەرێمی ئەمنی داکۆتای جێ هێشتبا.»

پیاوەکە بە پەلەتر لەوە بوو گوێی بداتێ. گیتارەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگە ملی پێوەنا

«بە جەحەننەم، یۆکۆ، وەرە با بڕۆین.

خەریکە وە درەنگ دەکەوین.»

## دایە گەورە و پیاوکوژی تەور بەدەست

**دایان ئێلیۆت**

پیاکوژی شێتی تەور بەدەست لە ماڵەکە نزیک بووەوە. سەرلەبەری گەڕەکی تاڵان کردبوو، هەمبانەی خەنیمەتەکانی کەمو زۆر پڕ ببوو.

پیرێژنەکە بە تەنیا لەنێو ماڵەکەیدا دانیشتبوو شتی دەچینی. پیاوکوژەکە تەورە خوێناوییەکەی بەرز کردەوە و زەنگی ماڵەکەی لێ دا. پیرێژنەکە هێواش دەرگەی کردەوە و چاوێکی لە دەموچاوی کرد.

کوڕە چکۆلەکە نەڕاندی: «شتێکم بۆ بخە بن تاوە و گیانی خۆت ڕزگار کە.»

## مەیتی سەر جادە

**سپینی بازوکاوتیس**

«باوکە، بڕیارە منیش ئیمشەو بچم بۆ «پاکسازی»!»

«دەبێ خۆش بێ، کوڕم،»

«دەڵێن دەبێ لانی کەم مەیتێک لەسەر جادە بدۆزینەوە.»

«مەیت؟ چەند ترسناکە!»

«ئوتومبێلەکەم پێ دەدەی؟»

«.. باشە.»

«باوکە، ئیمشەو هەوا زۆر خۆشە، دەبێ بچی بۆ پیاسە!»

«... با بزانم باشە دەچم. بە هیوای دیدار.

«بە دڵنیاییەوە!»

## پەنجەرە

**جێن ئۆرویس**

کارتێر لە کاتی کوژرانی وەحشییانەی ڕیتاکەیەوە لەبەر پەنجەرە دادەنیشێت.

نە تەلەڤزیۆن، نە کتێب خوێندنەوە، نە هامۆشۆ. ژیانی ئەو بریتییە لە هەر شتێکی کە لە دەرەوەی ئەو پەردانەوە ڕوو دەدەن.

ناخوازێت ژوورەکەی جێ بهێڵێت، یان بزانێت کێ خواردن ئامادە دەکات و کێ پارەی خواردنەکە دەدات. دنیای ئەو پێک هاتووە لەو ڕاکەرانەی دێن و تێ دەپەڕن، گۆڕینی وەرزەکان، هاڕەی ئوتومبێلەکان و ڕوحی ڕیتا.

کـارتێـر بەوە نازانێت ئەو ژوورانەی بەندیخـانە کـە دیوارەکانیان بە پارچە داپۆشراوە، پەنجەرەیان نییە.

## جادووباز و بەردەستەکەی

**مارتا جارا**

کـارمینـی سـەرسـوڕهێن نـەیدەتوانی باوەڕ بکات کـەوا نینا خەریکە خیانەتی پێ دەکا. ڕق و تووڕەیی گـیانی ئاخنی و پیلانی تۆڵە ئەستاندنەوەی داڕشت.

نینا بۆ بەڕێوەبردنی دوایین بەشی نمایشـەکـە لەسـەر سەکۆ خزایە نێو سندووقەکەوە. کارمینی سەرسوڕهێن لە کـاتی نمایشـدا، جادووبازێکی ڕاسـتـەقـینە بوو. کـاتێک دوایین شیـر سندووقەکەی کـون کرد زریکەیەکی جەرگبڕ بیسترا.

کارمین گوتی: «هەچی مەچی، لاتەرەچی!»

## دەمەوێ باسی ڕووداوێک بکەم

**تام فۆرد**

«سـێلیـا، هەمــووی خـەتای تۆیە. ئاخـری مـەیتی هەڵمساوی من لە حەوزەکەدا دەدۆزیتەوە. ماڵاوا.
ئومبێرتۆ

ئەو کە یادداشـتـەکـەی لە مـشـتـیـدا بوو بە هەنگاوی خـاوەوە هاتە دەرێ، منی بینی لە ئاوەکـەدا پەلە قـاژە دەکەم، وەک مێشێکی زەبەلاح کە لەنێو ژێلدا نوقم بووە.

کاتێک بۆ ڕزگارکردنی من خۆی خستە نێو ئاوەکەوە و وەبیـری هاتەوە کـە مـەلە نازانێ، من لە ئاوەکـە هاتمە دەرێ.

تاوانباری ژمارە ٣٣٨٤١٢

## فرە کەسایەتی

**مارک تێرنێر**

پیاوەکە لەبەر دڵان بوو. ژنە. دڵی چوو بوویە، بەڵام وڕ و کاس.

بە دەم پیاسەکردنەوە ژنە بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: «بۆ پێوەندییەکانی پێشووت ئەوەندە کورتخایەن بوون؟»

پیاوەکە چاوی لەحەوا کرد.

دواتر، ئەفسەری پۆلیس کە جەستـەی تێک قـۆپاو و خوێناوی کچە گەنجەکەی لەژێر تیشکی مـانگەشـەودا بینی، گــرژی کــەوتە نێــو چاوانیـــیەوە. لەو دووره دوورانەوە، گورگێک لووراندی.

## سوێند بە خوێن

**جۆ هابیل**

«ئێم، ڕازێکت پێ بڵێم لێمی لە هەرا نادەی؟»

«نا، دڵنیابە.»

«سوێند دەخۆی بە خوێن.»

«چاو لێ کە تی...»

«ئەرێ «دکـتـۆر» لە بیـرم چوو. لەو کـاتەوەی مـاڵێت بەجێ هێشـتـووە، حاڵ و باڵی ژیانت زۆر لە هی ئێـمە باشترە.»

ئێمێت ئاخێکی هەڵکێشاو دەستی لێ بردە پێشێ. کاتێک تیغی چەقۆی براکەی سوور بووەوە ناڵەیەکی کرد و ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما.

«دەی ڕازەکەت چییە؟»

خوێن لەنێوان قامکە کەڵەی هەردووکیان وەڕێ کەوت.

«دەزانی ئێم... من ئایدزم گرتووە، برا.»

## قسەکردنی باڵندە

**سکات د. شاو**

کـاتێک دوو پۆلیسـەکە خەریکی پشـکنینی ئەو مەیتە بوون کە نوقمی خوێن لەسەر تەختی عـەرزەکە کەوتبوو، تووتییەکە گوتی: هێنری.»

باڵندەکە جیکاندی: «هێنری، نا.»

پۆلیسـێکیـان بەرەو لای مێزەکە ڕۆیشت و چاوێکی لە دەفتـەرچەی چاوپێکەوتنی پیاوە مردووەکە کرد. «$$$» دەوری «کاتژمێر ٩:٣٠-ی بەیانی بازنەیەکی کێشا بوو.

تووتییەکە زیقاندی: «هێنری، وا مەکە!»

«دەی ئەم پیاوە دەبێ چەند هێنری بناسێ؟»

«تەنیا یەک.»

## لەنێو باغەکەدا

**هۆپ ئا. تۆرێس**

ژنە لەنێو باغـەکەدا وێـستـابوو کە بینی پیاوەکە بەرەو لای ڕا دەکات.

«تینا! گوڵەکەم! ئەڤینی ژیانم!»

پیاوەکە ئاخربییەکەی ئەم وشانەی کەوتە سەر زار.

«ئای، تام،»

«تینا! گوڵەکەم!»

«ئای، تام! منیش تۆم خـۆش دەوێ.» تام گـەیشـتـە بەردەم ژنەکـە، لەسـەر چۆک دانیـشـت و خـێـرا پاڵێکی

بەژنەوە نا.

«گوڵەکەم! تۆ لەسەر ئەو گوڵە باغەی کە خەڵاتی بۆ من بردۆتەوە ڕاوەستا بووی.»

### جحێڵایەتی

**دەیڤید و. مێیر**

دوو ئاشقی جحێڵ لە کەنار دەریا چرای جادوویان دۆزییەوە.

جنی نێو چراکە گوتی: «ئەگەر ڕزگارم کەن یەکی یەک ئارەزووتان بەجێ دێنم.»

کچەکە لە چاوی کوڕە جحێڵەکەی ڕوانی و گوتی: «ئارەزوومە تا کۆتایی دنیا ئاشقی یەکتر بمێنینەوە.»

کوڕەکە چاوی لە دەریا کرد و گوتی: «ئارەزوومە دنیا کۆتایی پێ بێت.»

### دووەمین بەخت

**جێی بۆ نستێل**

خۆشەویستی پیاوەکە جێی هێشتبوو. پیاوەکە لە ناهومێدییان خۆی لە پردی گۆڵدن گێیتەوە فڕێ دایە خوارەوە.

بەهەڵکەوت، چەند مەترێک ئەولاتر، کچێکیش بەنیازی خۆ کوشتن خۆی لە پردەکە فڕێ دایە خوارەوە.

ئەم دووانە لەنێوان ئاسمان و زەوی بە پەنای یەکدا تێپەڕین. چاویان لەیەک بڕی. دڵیان ئاوێتەی یەک بوو. ئەمە عیشقێکی ڕاستەقینە بوو. هەردووکیان بەم ڕاستییەیان زانی. ئەویش لەوێ، سێ مەتر لە بان چەمەکەوە.

### دەستووری بەڕێ کردن

**مارک تیرنێر**

پیاوەکە ئەو کچەی لەو کاتەوەی کە زۆر چکۆلە بوو دەناسی. ئەو جوانترین کچی دنیا بوو و پیاوەکە بەدڵ خۆشی دەویست، ڕۆژگاری خۆی ئەو بتێک بوو کچەکە دەیپەرست. ئەوە ئێستا پیاوێکی تر خەریک بوو. کچەکەی لەدەست بستێنێ.

چاوەکان بریسکانەوە، پیاوەکە بە هێوری سەر گۆنای کچەکەت ماچ کرد، زەردەیەکی هاتێ و دەستی خستە نێو دەستی زاواوە.

### پیر و بێ ئۆقرە

**ئان. ج. فیلیپس**

دایکمان، هەفتا و شەش ساڵان و تەنیا بوو، لە ناکاو بڕیاری دا سەرێک لە ئەورووپا هەڵێنێت. پێی گوتین لەگەڵ جین دەچێت.

من و براکەم بیرمان لەوە کردەوە، دەی باشە دوایی دەتوانین وەک چۆن پیلانەکەیمان داڕشتبوو ڕێگەی ئاسمانی بەختەوەریی بۆ خۆش بکەین. لەم بەینەشدا ئێمە بەنێو زەوی و زارە بەرفراوانەکاندا دەگەڕاین و بە خۆشحاڵییەوە لەسەر بەرنامە و بڕیارەکانمان باسوخواسمان دەکرد. دوای ماوەیەک پۆست کارتێکمان بۆ هات.

«لە پاریس شووم بە جین کرد! تەنیا شەست و چوار ساڵی تەمەنە و بەڕاستی پیاوێکی شیرینە.

وێڕای خۆشەویستیتان، دایە.»

### سەما

**جۆی جۆلیسنت**

پاڵ بە قەفەزەکەی منەوە دەدا. ستیوی ڕەقەڵە بەو زیپکانەیەوە. یەع! لەوانەیە دەیەوێ داوام لێ بکا سەمای لەگەڵ بکەم. دوایین بەختمە. باشە، دیسان باشتر لەوەیە وەک جێنی دەستەوەستان و داماو بم.

هەناسەیەکی درێژ. «ئەم کاتەت باش ستیو.»

«هەموو کاتێکت، سو.»

«دەتەوێ داوای شتێکم لێ بکەی؟»

تەنانەت زیپکەکانیشی سوور هەڵگەڕان.

«ئەگەر نەبێ بە باری زەحمەت... ئەرێ تۆ ژمارە تەلەفۆنی جێنیت لا هەیە؟»

### کەڵەدز

**کاترین ئی. مەک دۆناڵد**

سیکەکان. نیکڵ، پێنی، دۆلارە بریقەدارەکان، گەڕان بەنێو جانتای پارە، دەست خستنە نێو گیرفانەکانەوە، هێنانە دەرێی بەشە پارەکان، هەموو شت لەنێو قامکە درێژەکانمەوە دەڕژێتە نێو گیرفانە قووڵەکانمەوە.

جارێکیان ئاشقی کچێک بووم. ئاشقی کچێکی جوان کە پیشەی کۆکردنەوەی سیکەی پارکۆمەترەکان بوو. لێی پاڕامەوە بمێنێتەوە. ئەو زووتر لە خەو هەستا، دار و نەداری لێ بردم. سندووقی سیکە و کیسە پڕ لە پارەکان.

یاداشتێکی بۆ بەجێ هێشتم.
«کەسەکەم، شت کۆکردنەوە ژیانی منە. ناتوانم خۆم بگۆڕم.»

## بای گۆڕان

**ریچارد م. شارپ**

ژنە لەگەڵ هەڵکردنی بای باشوور دزەی کردە نێو دڵی پیاوەکەوە. پیاوەکە بە هەڵکردنی بای ڕۆژئاوادا زەینی ژنەی خوێندەوە. هەڵکردنی بای ڕۆژهەڵات ڕوحی ژنەی بە پیاوەکە ناساند.

دوایی کەشوهەوا گۆڕانی بەسەردا هات و یەکجێ هەرچی بایە هەڵیان کرد. باهۆزێکی بەهێز و بازنەییان پێک هێنا و ژنە لەگەڵ هەڵکردنی بای باکوور پیاوەکەی بەجێ هێشت و دڵی پیاوەکەش بوو بە سەهۆڵبەندان.

## چرکەساتی بڕیاردان

**تینا میلبورن**

ژنە کەمو زۆر دەیتوانی دەنگی داخرانی دەرگەکانی بەندیخانە ببیسێت.

ئازادییەکەی بۆ هەمیشە لە کیس دەچوو، چارەنووسی چیتر لەژێر ڕکێفی ئەو نەدەما و هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نەبوو.

بۆ ڕاکردن و دەربازبوون بیری سامناک دەکەوتە کەللەیەوە، بەڵام دەیزانی ڕێگای ڕزگار بوون بەدی ناکرێ.

ژنە لێو بە بزە ڕووی لە زاوا کرد و ئەم وشانەی دووپات کردەوە. «شووی پێ دەکەم.»

## نێوبژیکاری ژنهێنان

**ئانێت ئەمیر**

ئارۆن لەبیری بوو گوتبووی «من دەتوانم خۆم هاوسەری خۆم هەڵبژێرم».

تاقە عەیبی دایکی لەوەدابوو هەوڵی دەدا دەوری نێوبژیکاری ژن هێنانی بۆ بگێڕێ. ئارۆن ئێستاکە خۆڵیان بەسەر تابووتی دایکیدا دەکرد، نێو چاوانی تێک نا.

ئەو جوانە قژ سوورە کێیە... یەکێکە لە دەستە خوشکەکانی دایکم؟

تێس، تەنانەت بەژنێک کە لە سەرە مەرگدا بووبێت و ئەویش لە دوارۆژانی ژیانیدا ئاگای لێ بووبێت و کاری بۆ کردبێت بەڵێنیشی نەدابووایە، دیسان لە بۆنەی بە خاک ئەسپاردنیدا بەشداریی دەکرد.

## کیم

**رابێرت م. دۆمینگوئێز**

قوتابیانی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ئێمە لە ماوەی پشوودا لە چیمەنزاری حەوشەکەدا کێیە، کێی ڕاکردنیان ساز دەکرد. من و کیم بەو بزە جوان و قژە کلک ئەسپییە تەلاییی ڕەنگەیەوە لە هەموو منداڵان خێراتر ڕامان دەکرد.

جارێکی لە حەوشەیماڵەکەیاندا کێبەرکێیەکمان سازکرد. لەبیرم نییە کاممان بردمانەوە.

کیم چەند ساڵ دواتر، بەهۆی نەخۆشییەکەوە کە ناتوانم ناوەکەی بێژ بکەم، مرد. من، تەنانەت ئێستاش، شان بە شانی کیم ڕادەکەم.

## بۆنی گوڵەباغ

**مێری زێندر**

تاو و یاوی زەماوەند کارتی بانگهێشتن بەڕێ دەکرێن، بەڵام پیاوەکە هەڵسوکەوتی سەیر دەکات. پاشان شەڕ و هەرا. پیاوەکە دەڵێ هەموو شت کۆتایی پێ هات. بەژنە دەڵێ سەرچاوم. ژنە بە چاوی پڕ لە گریانەوە نامە بۆ خەڵک دەنووسێ ئاهەنگەکە هەڵوەشاوەتەوە.

ژنە دەپرسێ: «باشە بۆ؟ بۆ؟»

حەوتەیەک بەسەردا دێت. حەوتەیەکی تریش. ژنە زۆر بیری دەکات. دەچێ بۆ ماڵەکەی و لە دەرگەکە دەدات.

گوێی لە دەنگی پیاوەکە دەبێت: «ئەرێ، کەسەکەم، تکایە دەرگەکە بکەوە.»



## ئارام کاکەی فەلاح:
## لە شیعردا سیحری گێڕانەوەم نەدەبینی، تا واقیعیش وەک خۆی ببینیت و بنووسیتەوە بنیادێکت نابێ پڕ لە پرسیاری قووڵ

**ئا: ڕابەر فاریق**

قسەکردن لە بارەی ئەزموونی کەسێک کە چیرۆکنووسە، ڕەنگە قسەکردنێکی فرەڕەهەند نەبێ، لەدواجاردا ئەمە بۆشاییەکی گەورە دەخولقێنێ، ئەگەر هاتوو ئەم قسەیەش درێژبووەوە و بوو بە هەڤپەیڤین و وەستان لەسەر گەلێک وێستگەی ژیان و بەرهەمەکانی چیرۆکنووسەکە، ئەوە ئەرکی دیمانەکار قورستر دەبێ، بەڵام ئەم ماندووبوونە لەئەنجامدا سوودێکی گەورەی هەیە. زۆر بەکورتی، یەکێکیان ئەمەیە: هەڤپەیڤینەکە دەچێتە نێو ئەرشیڤی خوێنەرەکانی چیرۆکنووسەکەوە و هەمووانیش پتر لە ڕوانگەی ئەوەوە نزیکتر دەکەونەوە و دەزانن ئاستی مەعریفەی ئەو نووسەرە چەندە، هەڵبەت لەدوای خوێندنەوەیەکی جددییانەی خوێنەرەوە.

لەم هەڤپەیڤینەدا (ئارام کاکەی فەلاح) لەبارەی گەلێک وێستگەی ژیانی تایبەتی خۆی، هاوکات سەرەتای چیرۆکنووسین و بڵاوکردنەوەیان و درێژبوونەوەی پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین دەدوێ. لێرەوە بۆ ئەوەی پێشەکییەکە نەبێ بە لایەنگیری، یان پێداهەڵگوتن، باشترە وەڵامەکان بخوێندرێنەوە، تا لەوێوە پتر ئاشنای ئەزموونی چەندین ساڵەی ئەم چیرۆکنووسە بین.

* یەکەم جار خوێندتەوە، یان نووسیت؟

– من زۆر منداڵ بووم دەستم بە خوێندنەوە کرد، هەر چاوم هەڵهێنا، کتێبخانەیەکی گەورە کە هی باوکی ئازیزم بوو لە ماڵەکەماندا هەبوو. پێش ئەوەی فێری خوێندنەوە بم، باوکم فێری کردین کە ڕێزی کتێب بگرین. کە سەیری ئەو کتێبخانە گەورەیەی ماڵەوەم دەکرد، هەندێ جار موچڕکم پێدا دەهات، هەر لەخۆمەوە حەزم دەکرد منیش خاوەنی کتێبێک بم، گرنگیش نەبوو چ کتێبێ! گرنگ ئەوە بوو ناوی منی بەسەرەوە بێت و هەمیشە خەونم بەوەوە دەبینی، بەڵام قەت ڕووم نەدەهات لای کەس باسی بکەم.

* ئەو هۆکارانە چین کە بۆ نێو فەزاکانی نووسین و خوێندنەوە پەلکێشیان کردیت، لە کاتێکدا لەنێو کۆمەڵگەیەکی داخراودا گەورە بووی؟

– یەکێ لەو هۆکارانە ئەو کتێبخانەیەی باوکم بوو کە هەموو کتێبەکانیم بە باش و خراپیانەوە خوێندبووەوە، کۆمەڵگای ئێمە داخراو بوو، ئێستاش وایە، بەڵام ماڵی ئێمە زۆر کراوە بوو، بیرمە زۆر منداڵ بووم لە سەرەتای حەفتاکاندا باوکم بە ئێواران هەموومانی کۆدەکردەوەو کتێبی بۆ دەخوێندینەوە، من هەر زۆر منداڵ بووم بە هەموو نووسەرە جیهانییەکان ئاشنا بووم، بێ گومان ئەوسا کتێبەکان زۆربەیان بە کوردی نەبوون، باوکم یەکسەر وەری دەگێڕانە سەر کوردی و بۆی دەخوێندینەوە، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە و ئەو هەموو باوکە تەمەڵانە دەبینم هەست دەکەم لەو جۆرە باوکانە هەر زۆر دەگمەنن و منیش لەوەدا بەختێکی چاکم هەبوو کە خاوەنی باوکێکی وا بووم.

* یەکەم نووسین کە خوێندتەوە کەی و چۆن بوو؟

– لە سەرەتای حەفتاکاندا باوکم ڕۆژنامەی (ژین)ی دەردەکرد، بەو منداڵییە من هەموو ژمارەکانیم دەخوێندەوە، بەڵام یەکەم کتێب وا بزانم ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە لە چاپخانەکەی ئێمە چاپ بوو و باوکیشم هەموومانی دەبردە چاپخانەکە کاتێ چاپی دەکرد، ئێمەش کۆمان دەکردەوە و ئەوەندە لاپەڕەکانی لەبەرچاومدا دووبارە دەبوونەوە هەموویانم دەرخ کردبوو. بیرمە دکتۆر کەمال فوئاد لە ئەڵمانیاوە (ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم) پێشەکییەکی بۆ ڕۆمانەکە نووسی و ناردی بۆ باوکم.

* باوکت تا چەند هاوکار بوو بۆ ئێوە تا ڕوو لە خوێندنەوەو نووسین بکەن؟

– لە ڕاستیدا زۆر، بەتایبەتی بۆ خوێندنەوە، بەڵام من هەستم دەکرد کەمتر پێی خۆشە بۆ نووسین، ئەوەش لەبەر ئەوەی خۆی دەیزانی ئەوەی خەریکی نووسین بێت، قەت لە ژیاندا بەختەوەر نابێت. خۆی لەوسەری گەڕابووەوە، بۆیە حەزی نەدەکرد منداڵەکانی شوێن پێی ئەو هەڵبگرن، بەڵام من هەرچی شتێکم بنووسیبایە، یەکەم جار بۆ ئەوم دەخوێندەوە، دواییش کە ئێوارە هەمووومان کۆدەبووینەوە بۆ دایکم و خوشک و براکانم دەخوێندەوە، هەرچەندە نووسینەکان خراپ بوون، بەڵام هەمووان بە تامەزرۆییەوە گوێیان دەگرت، تا جارێکیان چیرۆکێکم بەناوی (تابلۆ) نووسی، وەک سەرەتا زۆر خراپ نەبوو، بەڵام ئەو زۆری پێ باش بوو، وتی با ئەمە بنێرین بۆ چیرۆکنووسێک بزانین ئەو چی دەڵێت، تەلەفۆنی بۆ (ڕەوف حەسەن) کرد و پێی وت کە برادەرێک چیرۆکێکی نووسیوە و حەز دەکات ڕای چیرۆکنووسێک لەبارەیەوە بزانێت، نەیوت هی منە، کە بۆی نارد و خوێندبوویەوە بە باوکمی وتبوو ئەمە ئەگەر یەکەم چیرۆکی ئەم برادەرە بێت ئەوە، یان ئەمە دوا چیرۆکی دەبێت و ئیدی واز لە چیرۆک دێنێت، یان ئەم نووسەرە لە دوارۆژدا نووسەرێکی باشی چیرۆکی کوردی دەبێت. ئەم چیرۆکەم لە ساڵی ١٩٨٣دا لە هاوکاریدا بڵاوبووەوە، دوایی چەند چیرۆکێکی ترم لە بەیاندا بڵاوبوونەوە کە باسی ژان و ئازارەکانی قوتابیانی زانکۆیان دەکرد، من لە زانکۆی مووسڵ دەمخوێند و ئەم زانکۆیەش بۆ ئێمە بەندیخانەیەکی گەورە بوو، ئەگەر ئێستا پێم بڵێن دەتەوێ تەمەنت بچێتەوە دواوە و وەک جاران بگەڕێیتەوە ئەو زانکۆیە، دەڵێم نا.. سوپاس، نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ دۆزەخ، بەڵام ئیدی لەو دۆزەخەدا دەمنووسی و لەوێش بۆ هاورێ نزیکەکانم دەخوێندەوە و ماتییەکی زۆر دایدەگرتین.

* ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین باوکتان (کاکەی فەلاح) شاعیر بووە، بەڵام ئێوە ڕووتان بەرەو لای چیرۆک وەرچەرخاندووە، هۆکاری ئەم جووداوازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– ڕەنگە ویستبێتم شتێکی تر تاقی بکەمەوە کە هی باوک نەبێت! نازانم، بەڵام زۆر حەزم لە شتێک بوو گێڕانەوەی تێدا بێت، لە شیعردا سیحری گێڕانەوەم نەدەبینی، شیعر پڕ بوو لە وەسف کە باڵێکی پێ دەدایت بفڕیت و خۆت ڕزگار بکەیت، بەڵام من دەمویست لە

شوێنی خۆمدا بمێنمەوەو لە شتەکان ڕابمێنم و بە شـــێـــوەیەکی تر بیـانگێڕمـەوە، بەهەرحـاڵ ئەوە ڕای ئەوسای من بوو بۆ شیعر، (هیوادارم شاعیرەکان لێم زویر نەبن)، هەرچەندە من جار بەجار شیعریشم دەنووسی، بەڵام بڵاوم نەدەکردنەوە، ئێستاش کەم کەم شیعر دەنووسم، کاتی خۆی قەسیدەیەکم نووسی بە ناوی (یار) و لە گـۆڤـاری ئایندەدا بڵاوبووەوە، ڕەنگە دیوانێک شیعرم هەبێ، بەڵام دەستکاری زۆری دەوێت تا لێیان ڕازی بم و چاپیان بکەم، ئێستا ڕام وایە کە ئەوەی شیعر لە ژانرەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بیاننووسێ و بڵاویشیان نەکاتەوە، شیعر وەک گـۆرانی وتن وایە، مـرۆڤ دەتوانێ دەنگیـشی خـۆش نەبێت، بەڵام هیچ نەبێت لە حەمامدا گۆرانی بڵێت، شیعریش ئەو سەربەستییەت پێ دەدات کە ڕەنگە شـاعیـریش نەبیت، بەڵام لە ژێرەوە خـاوەنی چەند دیوانێک بیت.

**هەمیشە وەک سیحرێک سەیری خەون دەکەم، هەموو خەونێک لای من حیکایەتێکە، چیرۆکێکە و نەنووسراوەتەوە.**

دیدار ســاز دەکــەن، لەبەر ڕێزی پرسیارەکە، دەڵێم کۆمەڵە چیرۆکی زێراب کە بیست ساڵێک پێش ئێستا نووسیومە وەک هەموو سەرەتایەکی تر ســادەیەو بە هیچ جــۆرێک پێنەگـەیشتـووە، ئەوسا من وەک گەنجێک زیاتر باسی خۆمم کردووە و دنیام تەنیا لە خۆمەوە بینیوە و واشم زانیوە هەر دەبێ وابێت. لە کۆمەڵە چیرۆکی زێرابدا تەواو لە ژێر کاری دوو نووسەری گەورە هەوڵم دەدا دەرچم و نەمدەتوانی. ئەوانیش (کافکا و سادقی هیدایەت) بوون. لەهەمان کاتیشدا دەمویست بە زمانێک بنووسم وەک زمانی نووسینی (شێرزاد حەسەن) شیرین بێت، بەڵام نەمدەزانی چۆن. من خۆم نەدۆزیبووەوە و هەر لە گەڕاندا بووم، بۆیە کاتێکی زۆری دەوێ تا نووسەران زمانێکی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن، من هەست دەکەم ئێستا ئەو زمانەی من پێم نووسیوە لە (نووسینەوەی دڕک) دا هی خۆمە. جیاوازی نێوان ئەو دوو کۆمەڵە چیرۆکە ئەزموونی بیست ساڵ نووسینە. من خۆم هەمیشە حەزدەکەم هەموو کۆمەڵە چیرۆکەکانم لەیەک جیاوازبن، چیرۆکەکانی نووســینەوەی دڕک بە تەکنیکێکی تەواو جــیــاواز نووسراون، پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی من ئێستا دەچنە ناو چیرۆکی ترمەوە و دەبن بە پاڵەوانی تر و درێژە بە ژیانیان دەدەن. زۆر وردەکاری هەن کە من خۆم حەزناکەم باسیان لێوە بکەم.

* ئێوە هەمیشە جەختتان لەوە کردووەتەوە کە نووسەر زیاتر لە واقیع پێویستی بە فەنتازیا و خەیاڵ هەیە، ئایا کەسێک خەیاڵی فراوان نەبێت، دەتوانێ وەکو نووسەرێکی شکستبار سەرنج لە بەرهەمەکانی بدەین؟

– مەسەلەی خەیاڵ و واقیع دوو چەمکی گرنگن و هەمیشە باسکردنیان دێنە پێشەوە. خەیاڵ و واقیع چەندە دژی یەکن، هێندەش دۆستن و خزمەتی یەک دەکەن و بێ یەکتریش هەڵناکەن.ئێمە پێویستیمان بە فەنتازیایەکی فراوان هەیە نەک لەبەر خەیاڵ خۆی، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانین واقیع جوانتر بنووسینەوە. بەبێ خەیاڵ، نووسینەوەی واقیع نابێت بە ئەدەب. ئەوەت بیر نەچێ کە خەیاڵ لە بیرکردنەوەو کولتووری ئێمەدا شتێکی نێگەتیڤە و ڕستەکانی وەک: (خەیاڵ پڵاو و لێدە خەیاڵ و بفڕە بە خەیاڵ و خەیاڵخۆش) و دەیان ڕستەی لەم

* ئەو چێژەی لە ڕۆمانی نووسەرێکدا وەری دەگریت، دەتوانی تا هەمان ئاستە ببیت بە خوێنەری خۆت و چێژ لە بەرهەمەکانت وەربگریت؟

– نووسەران هەمیشە چێژێکی زۆر لە بەرهەمەکانی خۆیان وەردەگرن، ئەو کەسەی دەڵێت چێژی لێ نابینم ڕاست ناکات، بەڵام ئەوەی لە نووسینی کەسانی تر جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە تۆ دەتوانی بە تێکستی نووسەرانی تر سەرسام بیت، بەڵام مرۆڤ قەت بە نووسینی خۆی سەرسام نابێت، چونکە خۆی نووسیویەتی، ئەگەر زۆر زۆر جوانیش بێ هەر پێی سەرسام نابێت، چێژ بینینەکەش ئەو کاتە دەردەکەوێت کە بەرهەمەکە بڵاودەبێتەوە و نووسەر ئەوسا دەبێتە خوێنەری خۆی و چێژی لێ دەبینێت. بێ گومان ئەم قسەیە هەندێ نووسەری (نەخۆش و خۆبەزلزان) ناگرێتەوە کە بە هەموو شتێکی خۆیان سەرسامن.

* یەکەم بەرهەمی چاپکراوتان کۆمەڵە چیرۆکی (زێراب)ە، دواهەمیش تا کاتی ئەم چاوپێکەوتنە (نووسینەوەی دڕک)ە. لە ڕوانگەی خۆتانەوە جوداوازییەکان چین و لە چیدا دەیانبینی؟

– لە ڕاستیدا باس کردنی ئەو جوداوازییە کاری من نییە، ئەوە زیاتر کاری ڕەخنەگرەکان و ئەو کەسانەشە کە

بابەتە سەیرکردنی تەواوی ئێمە بۆ خەیاڵ پیشان دەدات و ئەمەش بەتەواوی کارێکی خراپی کردە سەر ئەدەبی ئێمە تا سەرەتای ئەم سەدەیە. لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە سەیرکردنی ئێمە بۆ خەیاڵ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئەدەبی ئێمە لەو گۆڕانەدا دەستپێشخەری دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە، بۆیە ئەو نووسەرەی کە خەیاڵێکی فراوان لە بەرهەمەکانیدا نەبێت، لە نووسینی تێکستێکی جواندا شکست دێنێ و زوو بیردەچێتەوە.

* ئەگەر بە وردی سەرنج لە هەر یەکێک لە چیرۆکەکانی ئێوە بدەین، جوداوازییەکی گەورە خۆی نمایش دەکات، ئەمەش لە چیرۆکی (وێنەکان دووبارە دەبنەوە) و (فرمێسکی شارێک) و (نووسینەوەی دڕک) و (دەرەوشاندنەوەی مەحاڵ)ەوە تا (باوکی ناو تەلەفۆن) بەدی دەکرێ، لەبارەی جوداوازییەوە تەنیا لێرەدا پرسیارێک دەکەین: چۆن دەتوانین قووڵ بنووسین و جوداواز بین، لە کاتێکدا ئەدەبی ئەمڕۆی کوردی لێوانلێوە لە دووبارەبوونەوەو ساکارنووسی؟

– دەبێ هەمیشە تێکستە جیهانییەکان بخوێنینەوەو خەیاڵمانی پێ فراوان بکەین، نابێ لە نووسیندا پەلە بکەین و پێویستە هەمیشە ئەو شتەی ئێستا دەینووسین، لەو تێکستەی مانگێک پێش ئێستا نووسیومانە جیاواز بێت، دەبێ ڕەخنەگرێکی جددی دەقەکانی خۆمان و ئەوانی تر بین، ئەگەر ڕەخنەشیان لێ گرتین بە دڵێکی فراوانەوە وەریبگرین، هەروەها دەبێ ئامادە بین ئەگەر تێکستێک خراپ بوو، فڕێی دەین، بەڵام ئەوەمان بیر نەچێ کە دووبارەبوونەوەو ساکار نووسی لە ئەدەبی هەموو گەلێکدا هەیەو هیچ میللەتێک لەسەر ئەم ئەستێرەیە نادۆزرێتەوە هەموو تێکستەکانیان جوان و پڕ داهێنان بن، تا دەقێکی جوان دەخوێنیتەوە، دەیان و سەدانی ناشیرینت پێ تەواو ناکرێ، لەدوای هەموو دەقێکی جوانەوە چەند دەقێکی دەگمەن و جوانی تر لەدایک دەبن و لەدوای هەموو دەقێکی ناشیرینیشەوە سەدان دەقی ناشیرینی تر دێنە بەرهەم. پێم خۆشە کە ئەو جوداوازییە لە چیرۆکەکانی مندا بەدی دەکەیت، چونکە لای من گرنگە خوێنەر ئەو جیاوازییە ببینێت و ئەوەش خەونی گەورەی منە و دەبێ نووسەرانی تریش ئەو خەونەیان هەبێ و هەوڵی بۆ بدەن. بەبێ کۆکردنەوەی کۆمەڵێ خەون و ئاراستەکردنیان بەرەو شوێنی مەبەست، جوداوازی لەنووسیندا مەحاڵە.

* دەکرێت ئێمەش لێرەدا هاوکات لەگەڵ (کاریتە)ی کچت بپرسین: چیرۆکەکانت باس لە چی دەکەن؟

– کاریتە تەمەنی ٥ یان ٦ ساڵان بوو کە هەمیشە حەزی دەکرد بزانێت من خەریکی چیم و چی دەنووسم، چونکە بە ئێواران کە دەمخەواند، زۆر حەزی لە حیکایەتەکانی من بوو کە لەو چەند ساڵەدا هەمیشە پێیان ڕاهاتبوو، قەت نەیدەهێشت کتێبی بۆ بخوێنمەوە، چونکە حیکایەتەکانی منی دەویست و دەبووایە هەموو ئێوارەیەکیش بیر لە دانەیەکی تازە بکەمەوە، بۆیە کە منی دەبینی شت دەنووسم، وای دەزانی حیکایەت دەنووسم و بۆ ئەوی دەگێڕمەوە، بۆیە هەمیشە دەیوت بابە چیرۆکەکانی تۆ باسی چی دەکەن؟ ئەو چونکە منداڵ بوو، من حەزم نەدەکرد باسی ئەو بابەتە سەخت و دڵڕەقانەی بۆ بکەم کە کۆمەڵگای ئێمە پێوەی دەناڵێنێ و لەناو چیرۆکەکانی مندا هەن، بۆیە خۆم لە پرسیارەکەی دەدزییەوە. بۆ زانینت ئەو حیکایەتەی کە لە چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفۆن)دا هەیە یەکێکە لەو حیکایەتانەی من کە بۆم گێڕاوەتەوەو زۆر حەزی لێ بوو، من بیست تا سی حیکایەتی وام بۆ گێڕاوەتەوە کە هی منن و ئێستا خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم کە ئەو حیکایەتانەم لای خۆم نەنووسیوەتەوەو زۆربەشیانم لە بیر نەماوە، مەگەر منداڵێکی تر دروست بکەم تا ئەو حیکایەتانە جارێکی تر بێنەوە یادم و ئەم جارە بیاننووسمەوە.

* چیرۆکەکانی ئێوە لەپاڵ (گێڕانەوە)دا، (دیالۆژ)ی کاراکتەرەکانیشیان فەرامۆش نەکردووە، بەڵام بەشی زۆرینەی چیرۆکنووسەکانی دیکە لەم دوو لایەنە، لە یەکێکیان قووڵتر دەبنەوە، کەچی ئێوە تا ئاستێکی باش هاوسەنگیتان پاراستووە. بەکارهێنانی ئەم دوو لایەنە لە چیرۆکێکی قووڵدا دەکرێ چۆن بێت؟

– لە چیرۆکێکی قووڵدا هەموو ڕەگەزەکان و لایەنەکان پێکەوە بەشدار دەبن، شتێک نییە لەوی تر گرنگتر بێت، وەک پێشکەشکردنی سەمفۆنیایەک، بەڵام هەندێ لایەن هەیە لەوانەیە ڕۆڵی کەمێک لەلایەکی تر زیاتر بێت، بۆ نموونە لەوانەیە چیرۆکێک دیالۆژی کەمتر تێدا بێت، بەڵام هیچ چیرۆکێک ناتوانێ بێ گێڕانەوە ببێ بە چیرۆک، ئەمڕۆ چیرۆکێک بخوێنیتەوە بەیانی بیرت دەچێتەوە، ئەگەر بە زمانێک نەنووسرابێت کە سیحرت لێ بکات، چەند مرۆڤ پێویستی بە جێگا هەیە و لە ژیانی واقعیدا بێ جێگا ناژی، ئەوەندەش جێگا لەناو

چیرۆکدا گرنگە، جێگایەک لە یادەوەری خوێنەردا بمێنێتەوە. بەداخەوە زۆربەی چیرۆکنووسانی ئێمە فەرامۆشیان کردووە. چیرۆکێکی بێ تەکنیک وەک ئەوە وایە پێت بڵێ مەمخوێنەوە، هەندێ چیرۆکیشمان هەیە کە بەتەواوی دیالۆژی درێژ دەیکوژێت ئەگەر وەستایانە بەکارنەیەت، نووسەری ئینگلیزی ئیلیزابێث بۆینیس لە بارەی دیالۆژەوە دەڵێ: (دیالۆژ ئەو پردە تەسکەیە کە جاروبار هەموو قورسایی ڕۆمان و چیرۆکی لەسەرە). بۆیە دەبێ بە باشی بەکاری بێنین. وەک دەبینی چیرۆکێکی قووڵ ئەو چیرۆکەیە بە هەموو قورسایی خۆیەوە لای خوێنەر بمێنێتەوە. (جۆن گاردنەر) قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ:

Show, dont tell.

ئەگەر مەبەستەکەی شی بکەینەوە، ئەوە بەم شێوەیەیە، بۆ نموونە ئەگەر نووسەرێک بیەوێ باسی دڵڕەقی پاڵەوانەکەی بکات، پێویست ناکات پێمان بڵێ کە فلان کەس دڵی ڕەقە، بەڵکو دەبێ دڵڕەقی پاڵەوانەکەمان پیشان بدات، یان نموونەیەکی تر بێنمەوە، ئەگەر باسی پاڵەوانەکە بکەیت و بڵێیت کچێکی جوانە، ئەمە هیچ بە خوێنەر ناڵێت، چونکە کچان بەجۆرێک لە جۆرەکان هەموویان جوانن، دەبێ نووسەر پێمان بڵێت جوانی ئەم کچە لە چیدایە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ جوانی کچانی تردا هەیە. تەنیا بەم شێوەیە نووسەر دەتوانێ دەقێکی قووڵ بنووسێت و ماوەیەکی درێژ لای خوێنەر بمێنێتەوە.

***** ئێستا هونەر و ئەدەب بەسەر دوو جۆردا دابەش کراون: (هونەری میللی) و (هونەری دەستەبژێر)، ئەمە بۆ ئەدەبیش بە هەمان شێوەیە. تا چەند لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنەدا هاوڕای؟ لەو میانەدا نووسەری ڕاستەقینە چۆن دەتوانێ پردێک بۆ بەیەکتر گەیشتنی خۆی و خوێنەرانی دروست بکا؟

- لەهەموو هونەر و ئەدەبی گەلانی دنیادا بازاڕی و دەستەبژێر هەیە و ئەمەش تایبەتمەندییەک نییە تایبەت بە کوردەوە، وەک دەبینی بازاڕ پڕ بووە لە کتێب، ڕەنگە نیوەی خراپ بێت و نیوەکەی تری باش، بۆیە واش دەڵێم، چونکە ناکرێ مرۆڤ تەنیا لە چاوی خۆیەوە و بە زەوقی خۆی سەیری دنیا بکات، ڕەنگە بۆ من لەسەدا ٨٠ تا ٩٠ی ئەو کتێبانە خراپ بن و حەزنەکەم تەنانەت بشفرۆشرێن، بەڵام ئەگەر وا بکەم ئەوە دەگەیەنێ کە بمەوێت هەموو کەس وەک من بیربکاتەوە و ئەوەش بیرکردنەوەیەکی باش نییەو حەق نییە مرۆڤ ڕێ بە خۆی بدات وا بیربکاتەوە. دەرەوەو بازاڕ پڕێتی لە خەڵکی جیاواز و زەوقی جیاواز، ئەوەی من بە خراپی بزانم تەنیا ئەوەندە ڕێگە بە خۆم دەدەم کە نەیکڕم و نەیخوێنمەوە.

من لەو بڕوایەدام کە نووسەری ڕاستەقینە هەمیشە خوێنەرانی خۆی دەدۆزێتەوەو خوێنەران چاوەڕوانی بەرهەمەکانی دەکەن، پردی پتەو لە نێوان نووسەر و خوێنەردا تەنیا بە تێکستی جوان و داهێنەرانە دروست دەکرێت، پردەکانیش جیاوازن، هەندێ پرد هەن پان و قایمن، هەندێکی تریش وەهمین، هەندێ کەس جنێو و تانە و تەشەر دەدات و لە سایتێکدا بڵاوی دەکاتەوەو ڕەنگە دە هەزارکەس بیخوێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دە هەزار خوێنەری هەیە، خوێنەری ڕاستەقینە ئەوانەن کە بەدوای بەرهەمی نووسەرێک دەکەون و چاوەڕێی چاپ بوونی کتێبەکەی دەکەن، یان دەچن گۆڤارێک دەکڕن، چونکە دەزانن تێکستێکی ئەو نووسەرەی تێدایە، ئەم جۆرە پێوەندییانە پێوەندییەکی زیندوو و ڕاستەقینەن، هەرچی پردەکانی ترن خەیاڵی و کەم تەمەنن و لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەم جۆرە پردانە هەر زۆر زۆرن.

**باوکم حەزی نەدەکرد منداڵەکانی شوێن پێی ئەو هەڵبگرن و ببنە نووسەر**

***** ئێستا داهێنان و ڕیکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕیکلامەی لێرەدا مەبەستمەبەسەر خوێنەرو ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسی حزبەکاندا دابەشبووە، نووسەری داهێنەر بۆ ئەوەی پردێک دروست بکات بۆ بەیەکترگەیشتنی داهێنان و ڕیکلام، چی دەبێتە هاوکارێکی دروست بۆی؟

- هەموو نووسەرێک بۆ بەرهەمەکانی پێویستی بە ڕیکلام هەیە، ئەگەر لە دنیای دەرەوە بەرهەمهێنان ڕوحی بازاڕ بێت، ئەوە ڕیکلام پیشاندانی ئەو ڕوحەیە، بەڵام لای ئێمە شتەکان تێکەڵ کراون و بە بێ بایەخ سەیری هێزی ڕیکلام دەکرێ لە ئاراستەکردنی بازاڕدا. نووسەرانی دنیا سەفەر دەکەن و ڕیکلام و ئێوارەخوانێکیان لە ئوتێلێکدا بۆ ساز دەکرێ و

بەرهەمەکانیانی تێدا دەفرۆشن، ئیدی باوی ئەوە نەماوە دەسەلاتی حکوومی و هێزی حزبی دەست بخەنە ئەو کارانەوە، ئەوە تەنیا لای ئێمەو لە خۆرهەلاتدا بەو شێوەیەیە، چونکە ئیشیان پێیانەو دێن هەندێ نووسەر بەرزدەکەنەوەو هەندێکی تریش نزم، بەلام نووسەری داهێنەر ناکەوێتە ئەو داوانەوە، چونکە هێزی نووسینەکانی خۆی هێزێکی لەبن نەهاتووە. تەنیا خۆیشی کۆمەکی ئەو هێزە دەکات و رێگای بۆ رۆشن دەکاتەوە تا بگات بە خوێنەرەکانی.

* ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێ بۆ بنیادنانی تەلارێکی بەرزی وشە لە دەقدا، خەیالی نووسەر لە کوێی ئەو تەلارە بەرزەدا بەرجەستە دەبێ؟

– لە راستیدا رەنگە ئەمە زیاتر بۆ دەقێکی شیعری راست بێ کە خودی نووسەر سەرەکیترین کەرەستەی نووسین بێت، بەلام بۆ خەیال من لەو بروایەدام کە لە هەموو شوێنێکی ئەو تەلارەدایە، خەیال هەم لە ژێرزەمینەکەیدایەو هەم لە سەربانەکەی. تەنانەت خەیال پێش دروستکردنی دەقەکەش بووە، چونکە پێش نووسینی تێکستەکەش یەکەم جار خەیال هاتووە، ئینجا تێکستەکە. هیچ تێکستێکی جوان ناتوانێ بێ خەیال لەدایک بێت، هیچ خەیالێکیش شێوە وەرناگرێت ئەگەر نەچێتە دەقێکەوە. لێرەوە تێکستێکی بێ خەیال تێکستێکی مردووە، بەلام خەیال نامرێ، نەشچێتە ناو دەقەوەو فۆرمێکیش وەرنەگرێ هەر نامرێ، بەلکو لەدەرەوە دەژی، نووسەران دەبێ هەولێکی زۆر بدەن بۆ دەستەمۆکردنی خەیال تا بەشێکی کەمی لێ بخەنە ناو تێکستەکانیانەوە، ئەمەش وەک ئەوە وایە یاری بە ئاگر بکەیت، پشکۆیەکت لەناو مشتدا بێت و هەست بە سووتانەکەی نەکەیت تا لە تێکستەکە دەبیتەوە، ئەمەش هەتا بلێی کارێکی زەحمەتە، بۆیە زۆر کەس واز لەم شەڕ و گەڕان و یاری و سووتانە دێنێ و تێکستێکی مردووی بێ خەیال بەرهەم دێنێ، وەک ئەو هەموو تێکستە مردووانەی لاپەڕەکانی زۆربەی زۆری رۆژنامە و گۆڤار و سایتەکانی ئێمەی پڕ کردووە.

* کەسانێک هەن زۆر بە داخراوی و سانایی پێکهاتەو لایەنەکانی مەجازی دەق هەلدەسەنگێنن. بە واتایەکی تر: تەنیا دەلێن (ئەم دەقە جوانە) و (ئەم دەقە ناشیرینە)، بەبێ ئەوەی جارێک بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ لێرەدا دەپرسین: جوانی و ناشیرینی دەقێ لە ئەدەبدا چۆن دەناسرێتەوە؟

– بە بڕوای من هەریەکە بەجۆرێک ئەدەب دەخوێنێتەوەو هیچ سەیرکردنێکیش بۆ(جوانی و ناشیرینی) لە یەکێکی تر ناچێ. کەسیش ناتوانێ پێوانە بێت بۆ جوانی و ناشیرینی تێکستێک، بەلام لەلای من تێکستی جوان خۆی هاوار دەکات، پێویستی بە بەرگری نییە، هەچ دەقێکت دوو جار خوێندەوە ئەوە دەگەیەنێ کە لای تۆ جوانە، هەچ دەقێک توانی لەگەل خۆتدا بتدات بە شەڕ و پرسیارت لا دروست بکات، کەواتە کاری قوولی لێ کردووی، هەچ تێکستێک توانی تێڕوانینی تۆ بۆ ژیان و شتەکانی دەوروبەرت بگۆڕێت ئیدی لە جوانی و ناشیرینیدا نامێنێتەوە، بەلکو دەبێتە بەشێک لەخۆت و لەگەل خۆتدا دەیگێڕی. هەچ دەقێکت خوێندەوەو بۆ چەند سالێک بیرت نەچووەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە بووە بە بەشێک لە یادەوەریت و سڕینەوەی مەحالە. چێژوەرگرتن بابەتێکی گرنگە لە خوێندنەوەدا، هەروەک چۆن چێژوەرگرتنمان لە جوانی و دەسەلات و سێکس و خواردن جیاوازە، ئاواش بۆ خوێندنەوە جیاوازە، بەلام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە چێژوەرگرتن بابەتێکی نەگۆڕ نییە، بەلکو گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێ، جاری وا هەیە چێژێکی گەورەت لە دەقی نووسەرێک وەرگرتووە و بە تێپەڕینی دە سال، یان کەمتر، یان زیاتر ئەو چێژەی جارانی لێ نابینی و بەسەرسوڕمانەوە بە خۆت دەلێی ئەوە من گۆڕاوم، یان ئەم نووسەرە وەک جاران جوان نانووسێ و من تەماعەکانم گەورە بوون و تێکستی لەمە جوانتر دەخوێنمەوە.

* پێت وایە ئەو زەمەنە بەرێوە بێ کە ئامێرە دەستکردەکان و وێنە، پاشەکشێ بە وشە بکەن؟

– لەراستیدا هەر لە بەرهەمهێنانی کامێراو سینەماو دواتریش تەلەفزیۆن، ئینجا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ئیدی هاوکێشەکە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هات، نەک لەبەر ئەوەی کە وشە ئەو نرخەی جارانی نەما، بەلکو لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ سەرچاوەی تری بۆ دەربڕین و سەیرکردن دۆزیبیەوە، لێرەوە مرۆڤ ئالۆزتر و دەولەمەند تر لە خۆی روانی، بەلام بە بێ ئەوەی لە نرخی وشە کەم بکاتەوە، من چەند سالە لە ستۆکهۆلم دەژیم، کە شارێکی هەتا بلێی پێشکەوتووە، کەچی سال بە سال هەست دەکەم خوێنەرانی وشە و کتێب لە زیادبووندان،

ڕەنگ بێ لەناو وشەکانیشدا شیعر کەمتر لە جاران بخوێندرێتەوە، بەڵام چیرۆک و ڕۆمان تا ئێستا هەر لەزیادبووندان و بە تیراژی فرۆشتنی کتێبەکانەوە دیارن کە بەتەما نین بەم زووانەش پاشەکشێ بکەن. ماوەیەک پێش ئێستا ڕۆمانەکەی (خالید حوسەینی)م کڕی (کۆلارە فڕیوەکە) لەسەر بەرگەکەی نووسراوە کە زیاتر لە سەد هەزار دانەی لێ فرۆشراوە. تا مرۆڤ شتێکی هەبێت بیگێڕێتەوە چیرۆک و ڕۆمان دەمێنن، ڕەنگ بێ لەدوارۆژێکی دووردا مرۆڤ بە شێوەیەکی تری بگێڕێتەوە ئەوەیان نازانین، چونکە هەموو شتێک کە لە دایک دەبێت، مردنی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بڕوانە ئێستا نامە خەریکە دەمرێت و هەر چەند ساڵێکی کەمی ماوە، ئەدەبی نامە دەمێکە باوی نەماوە، نامە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پێوەندییەکی گرنگ بوو لە نێوان ئینسانەکاندا، ئێستا لەم شارەی منی لێ دەژیم ساڵ بە ساڵ پۆستخانەکان یەکە یەکە دادەخرێن و چەند ژمارەیەکی زۆر کەمی لێ ماونەتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پێوەندییەکانی مرۆڤ لاوازتر بووبن، نەخێر بەڵکو مرۆڤەکان شێوەی تریان بۆ پێوەندی دۆزیوەتەوە، بەڵام وشە تا ئێستاش ڕێزی خۆی هەیە و هەچ کاتێکیش مرۆڤ ڕێگەی تری بۆ وشە دۆزیبێتەوە و توانی بە جۆرێکی تری بگێڕێتەوە، ئەوە نەوەیەک لەدایک دەبێت کە مەرگی وشە ڕادەگەیەنێت، بەڵام ئێستا نا، ئێستاش مرۆڤ کاتێکی زێڕینی لەبەردەمدایە تێکستی پڕ داهێنان بنووسێت و خوێنەرێکی چاکیشی هەبێت و ماڵەکەشی پڕ بێت لە ئامێری دەستکرد.

* زۆر لە چیرۆکنووسان ڕوانینیان وەهایە کە ژانری چیرۆک پلیکانەی یەکەمە، مەرجە بیبڕی، دوای ئەوە نۆڤیلێت دێ، دواجاریش ڕۆمان، ئەو هاوکێشە پلەدارە چۆن دەبینن؟

– من بڕوام بەو مۆدێلە نییە، تێکست خۆی بڕیار دەدا چ فۆرمێک وەردەگرێ، ڕەنگە یەکەم جاریشت بێت و نووسینێکت درێژببێتەوە بۆ ڕۆمان، وەک وتم تێکستەکە خۆی بڕیار دەدات کەی تەواو بێت، نووسەر ناتوانێ زۆری لێ بکات، چونکە هەموو زۆر لێکردنێک بە نووسینەکەوە دیار دەبێت و مەحاڵە بشاردرێتەوە. من خۆم لە ساڵی ١٩٩٢دا ڕۆمانێکم بە ناوونیشانی (چاوەڕوانی) نووسی و بڵاوبووەوە، کە لە سەرەتادا من تەنیا ویستم چیرۆکێک بنووسم و هەر تەواو نەدەکرا تا بوو بە ڕۆمانێک، لە ئەدەبی جیهانی و کوردیدا ئەزموونی وامان زۆرە. دۆستۆیڤسکی جگە لە ڕۆمانەکانی جار جار چیرۆکی دەنووسی، بەڵام لای ئێمە چیرۆکەکانی کەمتر خوێندراونەتەوە، من خۆم چیرۆکێکیم لە ڕووسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و کاتی خۆی لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٤ی بە ناوی (خەونی مرۆڤی پێکەنیناوی) گۆڤاری (دەروازە)دا بڵاوبووەتەوە. چیرۆک و نۆڤلێتەکانی مارکیز لای هەموومان ئاشکران، ئەگەر بەو شێوەیە بێت وەک لە پرسیارەکەدا دەڵێیت، ئەوە ئەگەر ڕۆمانیشت نووسی، ئیتر قەت بۆ چیرۆک ناگەڕێیتەوە، ئەمەشیان وەک دەبینی وا نییە، چونکە وەک وتم نموونەی زۆرمان لەبەردەستدایە، ئێستا نووسەرانێکی زۆرمان هەن هەر سێ جۆرەکە دەنووسن و تەنیا بەرهەمەکە بڕیار دەدات کە چ فۆرمێک وەربگرێت.ئەم جۆرە قسانە زیاتر بۆ ترساندنی گەنجەکانە کە دەیانەوێ بنووسن، ئەمە ڕێک وەک ئەوە وایە بە یەکێ بڵێیت، تۆ نابێ گەڵابە لێبخوڕی! دەبێ بە سەیارەیەکی بچووک دەست پێ بکەیت، بۆیە هیوادارم گەنجەکان گوێ لەو قسانە نەگرن و تەنیا تێکستی جوان بنووسن، چ ناوێکی دەبێت گرنگ نییە.

## بەبێ خەیاڵ، نووسینەوەی واقیع نابێت بە ئەدەب

* کاکەی فەللاح لە بواری نووسیندا خزمەتێکی بەرچاوی بە دنیای تایبەتی منداڵان کردووە، ئایا هانی نەداوی تۆش لەپاڵ نووسینەوەی خۆتدا ڕەهەندێک بکەیتەوەو بەرەو ئەو فەزایە بڕۆی؟ بەتایبەتی بۆ منداڵانی کورد کە تا ئەوپەڕی لە ئەدەب دوورەپەرێز ڕاگیراون؟

– وەک لە سەرەتادا باسم کرد من حیکایەتی زۆرم بۆ کاریتەی کچم کردووە کە هی خۆم بوون، بەڵام بەداخەوە نەمنووسیونەتەوە، من کە کاریتەم دەخەواند خەیاڵ دوای خەیاڵ بۆم دەهاتن، حیکایەتی پڕ گێڕانەوەو گرێچنی سەیرسەیرم لە لا دروست دەبوون کە لە حاڵەتێکی ئاساییدا قەت بۆم نەدەهاتن، ئەو سرووتەی کە منداڵەکەت دەبینی و لەگەڵ حیکایەتەکەی تۆدا خەریکە خەو دەیباتەوەو زۆر لە خۆی دەکات تا نەخەوێت بۆ ئەوەی بزانێت کە دوایی چی ڕوو دەدات، هێزێکی

سیحری و لەبن نەهاتووە بۆ نووسین، ئەو ئێوارانەش کە دەیزانی من هیچ هێزی حیکایەتم پێ نەماوە، ڕای دەکرد سێ چوار کتێبی دەهێنا و بە خوێندنەوە ڕازی دەبوو، چونکە من زۆر خەریکی خوێندنەوەی ئەدەبی منداڵانم و بەو پێیەش کە مامۆستای زمانی کوردی منداڵە کوردەکانم لە هەندێک لە قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵم ئاگایەکی باشم لە ئەدەبی منداڵی سوێدی و ئەورووپی هەیە و ڕەنگە زیادەڕۆییم نەکردبێ ئەگەر بڵێم کاکەی فەللاح ڕەنگ بێ هیچی لە (ئاسترید لیندگرێن) کەمتر نەبێ، ئەمیان لەسەر ئاستی سوێد و ئەویشیان لەسەر ئاستی کورد، بەڵام کتێبەکانی ئاسترید بە هەموو زمانەکانی ئەورووپاو جیهان بڵاوبوونەتەوەو ئەوانەی کاکەی فەللاحیش منداڵانی سلێمانی و هەولێری لێدەرچێ کەسی تر پێیان ئاشنا نییە و بۆ هیچ زمانێک وەنەگێڕدراون، ئەمەشیان تەواو بایەخی ئێمە بە منداڵ وەک نەتەوە پێشان دەدات. دوو کتێب بۆ منداڵەکەت بکڕی و بیخوێنیتەوە لە سەدان بەقوربان و بەساقە باشترە. بۆ مەسەلەی هاندان، نەخێر باوکم قەت هانی نەداوم خەریکی ئەدەبی منداڵ بم، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە ئەدەبی منداڵ هەتا بڵێی زەحمەتەو بە هەموو کەس نانووسرێ، ڕەنگە حیکایەتێک لە دە چیرۆک بۆ گەورەکان زەحمەتتر بێت، من لە چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفۆن)دا بە تەکنیکێکی تازە هەردووکیانم تێکەڵ کردووەو ئەو چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە زۆر لە منەوە نزیکەو زۆر لام خۆشەویستە. نووسەری خۆشەویست و هاوڕێی ئازیزم بەختیار عەلی لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیبووم کە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا گریاوە، لە کۆڕێکدا لە سەرەتای ئەم ساڵدا لە ستۆکهۆڵم باسی نزیکی ئەو تێکستانەی کرد کە لە نووسەرەکانەوە زۆر نزیکن و لە ئەدەبی جیهانیدا نموونەی زۆری هێنایەوە و لە ئەدەبی کوردیشدا دوو نموونەی هێنایەوە کە یەکێکیان ئەم چیرۆکەی من بوو. کاتێک چیرۆکی (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت)م بۆ نارد، تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی ئەگەر لە ناو کورددا دە چیرۆکی جوان نووسرابێت، ئەم چیرۆکە یەکێکە لەوانە، هەروەها (باوکی ناو تەلەفۆن)یش.

* لەنێوان (کۆمەڵگەی داخراو) و (ماڵی کراوە)دا کە پارادۆکسی یەکترین و کاریگەری لەسەر منداڵان بەجێ دەهێڵن، تەنانەت بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبن بە کۆمەککاری وەها کە منداڵەکە قووڵتر بیربکاتەوە، ئەو سەروەختە بەرانبەر ئەم لێکدژە تووشی سەرسوڕمان نەبووی؟

– لەڕاستیدا زۆر، بەتایبەتی ئەو کاتانەی هاوڕێکانم دەهاتنە ماڵەوە بۆ لام و دەیانبینی کە هەموومان وەکو یەک سەیر دەکرێین و قسەی هەمووشمان چ گەورە چ بچووک سەنگی خۆی هەیە، لەڕاستیدا ماڵی ئێمە ماڵێکی زۆر دیموکراتی و فیدراڵی بوو، نە لێدان لە ماڵی ئێمەدا هەبوو نە زمانی هەڕەشەو تاوانبار کردن. بێ گومان ئەمانەش بۆ دوایی کاریگەری گەورە بەجێدەهێڵن و دەبنە بەشێک لە کەسایەتی ئەو کەسە.

* ئەو سەروەختەی باوکت خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامەی (ژین) بوو، بیرت لەوە نەکردەوە کە یەکێک لە نووسینەکانت لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوبکەیتەوە؟ بە واتایەکی تر: دەوێرای داواکارییەکی وەها پێشکەشی باوکت بکەیت، بەتایبەتی کە حەزی نەکردووە ببیت بە نووسەر، بەڵکو خواستوویەتی تەنیا خوێنەر بیت؟

– نا ئازیزەکەم، من ئەوسا تەمەنم تەنیا ٧ ساڵ بوو، باوکم لە دوای ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە ڕۆژنامەی (ژین)ی دەرکرد،تا ١٩٧٤ درێژەی کێشا و وەستا. من دوایی کە گەورەتریش بووم و دەستم بە نووسین کرد ئەو قەت واستەی بۆ نەکردووم بۆ ئەوەی چیرۆکەکانم بڵاوببنەوە، چونکە بڕوای بەو شتانە نەبوو و حەزی نەدەکرد بەهۆی ئەوەوە شت بۆ من بڵاوبکەنەوە، دەنا ئەگەر بیویستایە دەیکرد، بەڵام ئەو، چونکە دەستوخەتی زۆر خۆش بوو، بۆی دەنووسیمەوە، ئینجا دەمنارد و تەنانەت جارێکیان کە چیرۆکێکم نارد بۆ گۆڤاری (بەیان)، یەکێک دەستوخەتی باوکمی ناسیبووەوەو وای زانیبوو هی باوکمەو وتبووی کە وا بزانم کاکەی فەللاح چیرۆکیش دەنووسێ و قسە ناکات، ئیدی دوای ئەوە وازی لەوەش هێنا بۆم بنووسێتەوە.

* باست لە بەختەوەری کرد، ئایا تۆش پێت وایە بەختەوەرەکان وەکو ئەو نووسەرانەی غەمگینن، نەتوانن بچنە نێو خەمە (خودی) و جڤاتییەکانەوەو لەوێوە ئەفراندن بکەن؟

– نا، من بڕوام بەو شتانە نییە و ئەفراندن لای من تەنیا مافی خەڵکانێکی دیاریکراو نییە، یان مرۆڤ هەر دەبێ نەگبەت و بەدبەخت بێت و پارەی نەبێ و بە منداڵی باوکی زۆری لێ دابێت بۆ ئەوەی ببێت بە نووسەر

و ئەم جۆرە شتانە، یان دەبێ لە قوتابخانەدا زۆر تەمبەڵ بیت تا ببیت بە نووسەر و ئەفراندن بکەیت، لەگەڵ ڕێزیشمدا بۆ ئەو کەسانەی کە ڕایەکی لەم جۆرەیان هەیە، بەڵام من وا بیر ناکەمەوە، بەڵکو بڕوایەکی تەواوم بەوەیە کە خوێنەرەکان لە نووسەرەکان خۆیان بەختەوەرترن، من خۆم بەختەوەرترم کاتێ دەخوێنمەوە وەک لەوەی کاتێک دەنووسم، نووسین کارێکی هەتا بڵێی ناخۆشەو هەندێ جار خۆزگە دەخوازم کە منیش یەکێک بوومایە لەو خەڵکەو خەریکی ژیان و پیاسەو قەرەباڵغی و چوونە دەرەوە بوومایە، نەک کوڕی تەنیایی و ماڵەوە.

* ئەو ڕستەیەی (ڕەووف حەسەن)ی چیرۆکنووس بە باوکتی وتبوو تا چەند کاریگەری خستە سەرت؟ هانی دایت باشتر بنووسی و قووڵتر لە شتەکان بڕوانی، یان بە پێچەوانەوە؟ ئێستا چۆن لەهەمان ڕستە دەڕوانی؟

– لە ڕاستیدا ڕەووف حەسەن لەمە زیاتری وتبوو، ئەو وتبووی، یان دوای نووسینی ئەم چیرۆکە باشە ئەم برادەرە واز دێنێت، یان ئەمە قومبەلەیەک دەبێ لە چیرۆکی کوردیدا، من لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیشدا ئەم پرسیارەم لێ کراو بیرمە ئەوسا وتم وەک دەبینی، نە من وازم هێناو نە هیچ قومبەلەیەکیش لە چیرۆکی کوردیدا تەقییەوە، بێ گومان ئەو ڕستەیەی ئەو زۆر هانی دام کە جوانتر بنووسم، چونکە من ڕێزێکی زۆرم بۆ ڕەووف هەبوو هەروەک ئێستاش هەمە، ئەو یەکێ بوو لەو چیرۆکنووسانەی کە من دەمخوێندنەوە، ئەوانەی من دەمخوێندنەوە سێ نووسەر بوون کە باوکی هەرسێکیان ناویان حەسەن بوو، (شێرزاد حەسەن و ڕەوف حەسەن و حەمەفەریق حەسەن)، لە سەرەتادا وام دەزانی ئەم سێیانە هەرسێکیان بران و پێم سەیر بوو هەر سێ براکە وا جوان دەنووسن، دوو سێ ساڵ پێش ئێستا کە هاتمەوە ڕەووفم بینی و چایەکمان پێکەوە خواردەوە و دوایی ئەو سێ کتێبی خۆی بۆ هێنام و منیش لەگەڵ خۆمدا هێنامنەوە بۆ سوێد.

* ئەو وەختەی کە چیرۆکی (تابلۆ) ت نووسی هەر لە زانکۆ بوویت، یان نا؟ دەمەوێ بڵێم زانکۆ و هاوڕێکانت تا چەند کاریگەر و کەرەستە بوون بۆ بەردەوامیت لە پرۆسەی نووسین و بیرکردنەوەدا؟

– ڕەنگە ئەوسا لە شەشی ئامادەیی دەرچووبم بۆ یەکی زانکۆ، تەمەنم هەر ١٩ ساڵێک بوو، بۆیە ئەو چیرۆکەم باسی ژیانی زانکۆ ناکات، بەڵام چیرۆکی وەک (چاوەکانی ڕۆژە) و چەند دانەیەکی تر کە لە زانکۆ نووسیمن باسی ژیانی بێزار و ناشیرینی ئەوسای زانکۆ و بەشی ناوخۆیی دەکرد و بۆ ئەوەش من زۆر قەرزاری هاوڕێ جوان و پاکەکانم کە زۆر کەڵکم لێ وەرگرتن و زۆرم خۆش ویستن و لەگەڵ هەندێکیاندا تا ئێستاش پێوەندی پتەو و قووڵمان وەک خۆی ماوەتەوە و ئێستاش جار جارە چیرۆکیان بۆ دەنێرم و بە تامەزرۆییەوە دەیخوێننەوە و ئاگایان لە نووسینەکانمە. ئەوانیش منیان زۆر خۆش ویست، چونکە من قەت وەک نووسەرێک مامەڵەم لەگەڵیاندا نەکردووە، بەڵکو تەنیا وەک هاوڕێیەکی نزیک کە شتێک دەبینێ و دەیەوێ بینووسێتەوەو بۆیان بگێڕێتەوە.

* باست لەوە کرد کە لە پاڵ چیرۆکدا شیعریشت نووسیوە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین لەلای چیرۆکنووساننمان، لە پاڵ ئەو ژانرەی کە هەڵیانبژاردووە خەریکی شیعر نووسینیشن. بۆ نموونە (شێرزاد حەسەن)یش شیعر دەنووسێ، ئەمە جگە لەوەی کە زمانی شیعر لە گەلێک چیرۆکتاندا هەستی پێ دەکرێت، ئەو هۆکارانە کامانەن کە دەبن بە پاڵنەر تا چیرۆکنووسان شیعر بنووسن، بە تایبەتی ئەگەر لەم ڕووەوە باس لەو ئەزموونەی خۆتان بکەیت لە نێو فەزای شیعر نووسیندا؟

– من هەست دەکەم هەموو کەسێک شاعیرەو بە شاعیری لەدایک دەبێت، لای من کەس نییە لە ژیانیدا شیعر نەنووسێت، ئەگەر بە دزیشەوە بێ هەر دەینووسێت، هەروەک وتم شیعر نووسین وەک گۆرانی وتن وایە کەس نییە لە ژیانیدا گۆرانی نەوتبێت، یان نەیلێت، من ئەو کاتانەی لە چیرۆکەکانمدا پاڵەوانەکانم زۆر هیلاکم دەکەن وازیان لێ دێنم و لە جیاتی ئەوەی گوێ لە مۆسیقا بگرم، شیعر دەنووسم، هەست دەکەم شیعر نووسین پشوویەک بە ڕوحم دەدا و بەهێزێکی سەیرەوە دوایی دەچمەوە سەر چیرۆکەکەم، من ئەوەی بە چیرۆک نەتوانم دەری ببڕم زۆر بە ئاسانی بە شیعر دێن بە دەستمەوە، چونکە لای من مرۆڤ لە شیعردا سەربەستترە وەک لە نووسینی چیرۆکدا، لە چیرۆکدا تۆ تەنیا لە سەرەتاوە سەربەستی چۆن دەنووسی، دوایی دێر بە دێر ئەو سەربەستییەت لێ دەسێنێتەوە. تا دوایی تەنیا قاڵبێکت بۆ دەهێڵێتەوە و لە ناویدا گیر دەخۆی، بۆیە نووسەران هەندێ جار شیعرییەت بە نووسینەکانیانەوە

دیار دەبێت، ئەوە تەنیا هەوڵدانێکە بۆ دەرچوون لەو قاڵبە و هیچی تر، (ژۆن ماری لی کلێزوو) کە ئەمساڵ ٢٠٠٨ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: (نووسین وەک مۆسیقا وایە بەڵام ئەمیان بە وشەیە). لای منیش وایە، بەڵام شیعر مۆسیقایەکی ئاسانترە وەک لە ڕۆمان و چیرۆک. لە ڕۆمان و چیرۆکدا تۆ کۆمەڵێک پاڵەوانت هەیە کە دەستیان بە دەستتەوەیە و نایەڵن بۆ هیچ شوێنێک بچی و بەندیان کردووی، کەچی لەشیعردا لە جیاتی بەندیخانە، تۆ باڵت هەیەو بۆ کوێت بوێ دەفڕیت و دنیاش چی لێ دێ با لێی بێ.

* کاتێک بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ حەفتاکانی چیرۆکی کوردی، دەبینین وەک هەبوون، چیرۆکمان هەیەو دیدی بیبلۆگرافیانەی نووسەرەکانیان هەردەم هەوڵی سەلماندنەوەی بوونی دەقەکان دەدەن، نەک پرسیار، جا بۆ ئەوەی چیرۆکیش لەبەردەم مرۆڤدا ببێ بە پرسیار، لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕەوتەکە چۆن وەربچەرخێنین؟

– چیرۆکی کوردی هەر لە ناوەڕاستی بیستەکانەوە تا حەفتاکان لەسەر دوو تەوەرەی نەگۆڕ و سەرەکی کاری کردووە، یەکێکیان مەسەلەی هەژاری، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپییە لە سەدەکانی ١٨ و ١٩وە کە بە قووڵی لەناو چیرۆک و ڕۆماندا ئامادە بووە و کاری گەورەی لە ئەدەبی دراوسێکانمان کردووە و لەوێشەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی. تەوەرێکی تریش بیری نەتەوایەتییە کە نەبوونی دەوڵەتێک و چەوساندنەوەی مرۆڤی ئێمە و جەستەیەکی بریندار دوای شکستەکان و نەبوونی ناسنامەیەکی سیاسی، وای کرد کە بە دەگمەن چیرۆکێک دەبینینەوە بەو خەونە سیاسییە بارگاوی نەکرابێت. نووسەرە ئازیزەکانمان لەجیاتی ئەوەی خەونەکانی خۆیانمان لە ناو تێکستەکانیاندا بۆ بگێڕنەوە، هاتن و خەونەکانی خۆمانیان بۆ گێڕاینەوە کە خۆمان پێش ئەوان بینیبوومان، بۆیە ئەو ئەدەبە نەیتوانی پرسیار دروست بکات. لە ڕاستیدا ئەمە تا ڕادەیەکی زۆریش بۆ نەوەی چیرۆکنووسانی هەشتاکانیش ڕاستە و لە هەشتاکانیشدا پرسیار لە ناو چیرۆکدا زۆر لاواز بوو، بەڵام ڕەوتەکە لە نەوەدەکانەوە بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە گۆڕاو ئەدەبی ئێمە قووڵتر سەیری مرۆڤی کرد، تۆ تا قووڵ سەیری ئینسان نەکەیت ناتوانی پرسیاری قووڵ لەو بوونەوەرە بکەیت.

* بەشی زۆری چیرۆک لە ڕووی پرسیارەوە لاواز بوون، بەڵام گرووپێک لەوانە: سەدرەدین عارف، لەتیف حامید، ئەحمەد شاکەلی، محەمەد موکری، سەلاح شوان...تاد، بنیادی چیرۆکەکانیان هەڵگری پرسیار بوون، کارکردنی ئەم دوو ئاستە چۆنەو چۆن دەست نیشان دەکرێن؟

– لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی ئەم نووسەرانەش لەو دوو تەوەرە سەرەکییەی کە باسم کرد دەرنەچوونە، چەند چیرۆکێکی کەم نەبێت کە توانییان لەو دوو تەوەرەیە خۆیان قوتار بکەن، لەوانە بۆ نموونە: (چای شیرین و گەلەگورگ)ی حوسێن عارف، چەند چیرۆکێکی کەمی حەفتاکانی محەمەد موکری، چەند چیرۆکێکی کەمی سەلاح شوان، چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، تۆ تا واقیع وەکو خۆی ببینیت و وەکو خۆی بنووسیتەوە بنیادێکت نابێت پڕ لە پرسیاری قووڵ. تۆ ئەگەر بە گێڕانەوەیەکی سادە واقیع بگێڕیتەوە وەک زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی، تەنیا دەتوانی پرسیاری سادە بکەیت.

* ئەگەر ورد لە چیرۆکنووسی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیک بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی(داهێنان) و (نوێخوازی)ن و خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتۆتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وا نین، ئەو گوتارانەی کە لە ئێستای چیرۆکنووسانی هاونەوەی خۆتدا دەیبینی، تا چەند لە حەقیقەتەوە نزیکە؟

– لە ڕاستیدا من لە چاوپێکەوتنی تریشدا باسی تەکنیک و داهێنان و نوێخوازیم کردووەو نامەوێ لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، بەڵام ئەوە دەڵێم کە گرفتی گەورەی چیرۆکنووسانی حەفتاکان تەنیا نەبوونی تەکنیک نەبووە، بەڵکو تەکنیک یەکێک بووە لە کێشەکان. کێشەی تر جوینەوەی ئەو دوو بابەتە سەرەکییە بوو کە لە سەرەوە باسم کرد، نەبوونی شوێن و نەبوونی ڕووداو، بێ کارەکتەری پاڵەوان، کۆپی کردنی واقیع، چیرۆکی ئێمەی پڕ کرد لە مرۆڤی بێ خەون و بێ خەیاڵ، تووڕەو بێ ئیرادە، من نازانم چەندێ ئەو برادەرانە خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتۆتە پێش چاو(وەک لە پرسیارەکەدا دەڵێی)، بەڵام ئەو نەوەیەی منیش ناتوانێ حەقیقەت لە خۆیدا کۆبکاتەوە، چونکە حەقیقەت شتێ نییە کۆبکرێتەوە، بەڵکو شتێکە بڵاودەکرێتەوە،

حەقیقەت ئەوەی جوانە هی کەس نییە و ئەوەی ئەمڕۆش حەقیقەتە بەیانی ماناکانی دەگۆڕێت. کەس ناتوانێ حەقیقەت بۆ خۆی قۆرغ بکات، هەروەک چۆن هیچ نووسەرێکیش ناتوانێت بێ حەقیقەت و گەڕان بە شوێن ماناکانیدا تێکستی جوان بنووسێت.

* ڕوحی مرۆڤ (بە تایبەت نووسەری چیرۆک) تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لەنێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووک بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتین؟ ئایا هاوکات مرۆڤ جگە لە خۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردەو دەنگی کپکراو و بێ دەنگی تر نییە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی خودەوە؟

– نووسەر بۆیە دەنووسێت تا باسی ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و ئازارانە بکات کە گەمارۆی مرۆڤیان داوە، تا خەون بە دنیایەکی جوانتر و ئینسانیترەوە ببینێت، کەی نووسەر خەونەکانی لە ناو تێکستەکاندا قووڵتر و فراوانتر بوون، ئەو کاتە ئەوە دەگەیەنێ کە ئیتر لە ڕوحی خۆی چووەتە دەرەوەو هاوارەکانی بۆ هەموانە، (داگەرمان) کە نووسەرێکی گەورەی سویدییە دەڵێ : (من کە دەنووسم خەون دەبینم نەک کە دەنووم). نووسەر هەمیشە لە سەرەتاوە لە خۆیەوە دەست پێ دەکات، سەیری دڵەڕاوکێی خۆی دەکات، سەیر دەکات شتی نوقسانە، ئەم لەسەرەتادا دەیەوێ نوقسانییەکە بنووسێتەوە، بەبێ ئەو نوقسانییە قەڵەم بەدەستەوە گرتن، یان دانیشتن لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەتدا مەحاڵە، نووسینەوەی ئەو نوقسانییە بەرەو شوێنی ترت دەبات، جارێک بەرەو بەهەشتە دۆزەخییەکانی منداڵی و جارێک بەرەو ڕاڕەوە تاریکەکانی ڕوح و جارێک بۆ زیندانە شێدارەکانی عەدەم. ئیتر لێرەوە ئەگەر باسی خۆشت بکەیت، چەندین کەسی تر لەناو تێکستەکەی تۆدا خۆیان دەبیننەوەو وا دەزانن باسی ئەوان دەکەیت. نووسەر تا پاکتر و ڕاستگۆیانەتر باسی خۆی بکات، جوانتر باسی ئازار و خەون و دڵەڕاوکێکانی خوێنەرانی خۆی دەکات. تا ئاوێنەکەی ڕوحی خۆی پاکتر بێت، وێنەی دنیای دەرەوەو دنیای خوێنەرانی لە ناو ئاوێنەکەدا ڕوونتر دەردەکەوێت.

* ئایا مرۆڤ ئەو کتێبە نییە کە کۆی مێژووی پێشووی مرۆڤایەتی لەسەر نووسراوە؟ ئایا هەر ئەو جەستەیەی ئێمە کە لە نێو دیوارەکانیدا بەندین، بۆ خۆی ئەو جەمسەری لێکچوونە نییە کە ئێمە بە هەموو ئەوانی ترەوە گرێ دەدات.

– دۆستۆیفسکی لە بارەی دۆنکیشۆتی سێرڤانتسەوە دەڵێ : (ئای کە جوانە ئەم کتێبە، لەو کتێبانە نییە کە ئێستا دەنووسرێن، لەم جۆرە کتێبانە چەند سەد ساڵ جارێک بۆ مرۆڤایەتی دەنێردرێن. ئەگەر ژیان لەسەر ئەم زەوییە کۆتایی هات و پرسیاریان لێ کردین و وتیان : ها ژیانتان لەسەر زەوی چۆن بووە، ڕای گشتیتان بەرانبەری چییە؟ ئەو کاتە مرۆڤ دەتوانێ کتێبی دۆنکیشۆتیان بداتێ و بڵێ ئەمە ڕای تەواوەتیمە بەرانبەر بە ژیان، ئایا دەتوانن لۆمەم بکەن؟) لەم قسانەی دۆستۆیفسکییەوە ئەوە تێدەگەین کە کتێبێک جاری وا هەیە لە جیاتی هەموو مرۆڤایەتی و مێژووەکەی قسە دەکات، لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەدەب و هونەر تاقە ئەڵقەیەک بن کە هەموو مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە پێکەوە ببەستنەوە، تۆ سەیری دین و سیاسەت و ناسیۆنالیزم بکە، چۆن مرۆڤەکانی سەر ئەم زەوییە لێک هەڵدەوەشێنێتەوەو دەیانکات بە دوژمنی یەکتری، سەیری ئەو هەموو خوێنە بکە ڕشتوویانە، تەنانەت زانستیش بۆ مەرامی خراپ بەکاردێت و هەندێ جار زیانی زیاترە وەک لە سوودی. بۆیە لێرەوە دەبینین کتێبێک نەک تەنیا مرۆڤەکانی ئێستا پێکەوە گرێ دەدات، بەڵکو ڕۆمانێک بۆ نموونە دەتوانێت من و تۆ ببات‌ەوە بۆ زەمەنێکی تر و کولتوورێکی تر.ئەمەش هێزێکی گەورەیەو دەبێت لە یادی نەکەین.

* کە چیرۆک دەدوێ، چی دەدوێ؟ ئایا خودێکی ناوازەو تایبەت دەدوێ، یان ڕوحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکا، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێک دەکا لە نێو خودی چیرۆکنووسدا نیشتەجێیەو چیرۆکنووسی کردووەتە ناخود؟

– لە ڕاستیدا چیرۆک تێکەڵاوێکە لە هەموو ئەمانە. چیرۆکی باش چەند دەنگێکی تێکەڵاوە کە دەنگێکی ناخود نوێنەریەتی، ئەم ناخودەش کە لە (خود)دا جێگیرە چەندێ ناخودە هێندەش خودە و چەندێکیش خودە هێندە گشتگیرە. کە چیرۆکێک دەنووسم و خوێنەرێک پێم دەڵێت کە خۆی تێدا بینیوەتەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە من و ئەو لەیەک دەچین، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە دەنگی ناو چیرۆکەکە لە هەردووکمان دەچێت، چەند دەنگێکەو هەریەکەو ئاوازەکەی بە جۆرێک دەبیستێت، هەریەکەو بەجۆرێک لە ئەشکەوتە تاریکەکانی ڕوحیدا دەنگ

ده‌داته‌وه‌.  كه‌ نووسه‌ر ده‌نووسێت، باسی خۆی ده‌كات، به‌ڵام ئه‌م (خود)انه‌ زۆر ده‌بن و وازی لێ ناهێنن، ناچاره‌ هه‌وڵ بدات بنووسێت تا ئه‌م (خود)انه‌ پێكه‌وه‌ له‌ پاڵه‌وانێكدا كۆبكاته‌وه‌، بۆیه‌ هه‌م خودی خۆی و هه‌م تۆ و هه‌م خوێنه‌ری تریش خۆی تێدا ده‌بینێته‌وه‌.

* چیرۆكی ئێستای كوردی به‌ده‌ر له‌ گوتنی حه‌رام و حه‌ڵاڵه‌كان، ده‌یه‌وێ چیمان پێ بڵێت؟

– هه‌رچه‌ند بیر له‌ پرسیاره‌كه‌ ده‌كه‌مه‌وه‌ نازانم چیرۆكی ئێستای كوردی ده‌یه‌وێت چی بڵێت.من لێره‌دا نامه‌وێت باسی خۆم بكه‌م، ئه‌وه‌یان هه‌ڵده‌گرم بۆ كه‌سانی تر، به‌ڵام ته‌نیا ئه‌وه‌نده‌ ده‌ڵێم كه‌ له‌ كۆمه‌ڵه‌ چیرۆكی (وێنه‌كان دووباره‌ ده‌بنه‌وه‌)وه‌ و (نووسینه‌وه‌ی درك) و ئه‌م چیرۆكانه‌ی دواییشم، من خۆم ده‌زانم ده‌ڵێم چی و خوێنه‌ره‌كانیش به‌ ئاسانی ده‌توانن ده‌ست بخه‌نه‌ سه‌ر زۆر لایه‌نی ناو چیرۆكه‌كانم، چونكه‌ من شتێكم هه‌یه‌و ده‌مه‌وێت بیگه‌یه‌نم، خه‌ونێكی شه‌رمنانه‌ی خۆمه‌و بۆ خۆمی ده‌نووسمه‌وه‌و دواییش له‌ سنووره‌كانی خۆم ده‌چێته‌ ده‌ره‌وه‌.  له‌ راستیدا هه‌ڵه‌یه‌ وا تێبگه‌ین كه‌ چیرۆك ته‌نیا تێكدانه‌وه‌و دروستكردنی خوده‌ و هیچی تر، ده‌بێت له‌ پاڵ ئه‌مه‌شدا په‌یامێكت هه‌بێت بیگه‌یه‌نی، من باسی په‌یامی ئایدیۆلۆژی ناكه‌م، به‌ڵكو په‌یامێكی ئینسانی، ئه‌گه‌ر مه‌سه‌له‌كه‌ ته‌نیا تێكدان و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ و دروستكردنه‌وه‌ بێت به‌ وشه‌، جا ئه‌و گه‌مه‌یه‌ شیعر ده‌توانێ بیكات و كه‌سیش گله‌یی لێ ناكات، چونكه‌ جوانی و په‌یامی شیعر، خۆی له‌و گه‌مه‌یه‌دایه‌، تۆ سه‌یری زۆربه‌ی زۆری چیرۆكی ئێستا بكه‌، كۆمه‌ڵێك فیگۆرت هه‌یه‌ كه‌ فڕێ دراونه‌ته‌ ده‌ره‌وه‌و كه‌سیش نازانێت چییان ده‌وێت، نه‌شتێكیان پێیه‌ بیده‌ن به‌ تۆ و نه‌ شتێكیان له‌ تۆش ده‌وێت.هه‌موو تێكستێكی مه‌زن و نه‌مر په‌یامێكی ئینسانی له‌ پشته‌وه‌یه‌، ئه‌وه‌ی رۆمان و چیرۆك له‌و په‌یامه‌ داده‌بڕێ كه‌سێكه‌ ده‌یه‌وێ به‌رگری له‌ نووسینه‌ خراپه‌كانی خۆی بكات.كه‌سێكه‌ ده‌یه‌وێت هه‌ر بنووسێت و بنووسێت و كه‌سیش پرسیاری لێ نه‌كات، ئه‌وه‌ به‌راست تۆ ده‌ته‌وێ بڵێی چی؟

* خه‌ون چۆن له‌ نێو ده‌قی داهێنراودا ته‌وزیف ده‌كه‌ی؟ هاوكات بۆ پرۆسه‌ی داهێنان تا چه‌ند سوودت له‌ خه‌ون وه‌رگرتووه‌؟

– من هه‌میشه‌ وه‌كو سیحرێك سه‌یری خه‌ون ده‌كه‌م، هه‌موو خه‌ونێك لای من حیكایه‌تێكه‌، چیرۆكێكه‌و نه‌نووسراوه‌ته‌وه‌، له‌راستیدا پێكهاته‌ی خه‌ون زۆر له‌ چیرۆك ده‌چێت، به‌تایبه‌تی له‌وه‌دا كه‌ هه‌ردووكیان له‌ نێوان خه‌یاڵ و راستیدا له‌دایك ده‌بن، هه‌ردووكیان نیوه‌یان زاده‌ی خه‌یاڵن و نیوه‌كه‌ی تریان دێنه‌وه‌ ناو واقیع و ژیانی رۆژانه‌وه‌، هیچیشیان راست نین و ده‌بنه‌وه‌ به‌ راست، له‌ راستیدا من سوودێكی زۆرم له‌ خه‌ون وه‌رگرتووه‌، نه‌ك ته‌نیا بۆ گێرانه‌وه‌و چنینی رووداو، به‌ڵكو بۆ ته‌كنیكیش سوودێكی گه‌وره‌م لێ بینیوه‌، تۆ سه‌یری ئه‌و هه‌موو تێكه‌ڵاوكردنی زه‌مه‌نانه‌ بكه‌ كه‌ له‌ خه‌وندا هه‌یه‌ چه‌ند یارمه‌تی ده‌رن بۆ نووسه‌ران. من خوێندنه‌وه‌ی چه‌ند كتێبێك یارمه‌تییه‌كی زۆریان دام كه‌ سوودێكی گه‌وره‌ له‌ خه‌ون و شیكردنه‌وه‌كانی ببینم.یه‌كێك له‌و كتێبانه‌ فه‌رهه‌نگی خه‌ونی (تۆنی كریسپ) ١٩٩٠، ئه‌م زانا ئینگلیزییه‌ 22 ساڵی ته‌واوی خۆی بۆ نووسینی ئه‌م فه‌رهه‌نگه‌ دانا، كه‌ 3000 خه‌ون و ماناكانییه‌تی. بۆ نموونه‌ ئه‌گه‌ر تۆ خه‌ونت به‌ ناوونیشانه‌وه‌ بینی، ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێ كه‌ پێوه‌ندی به‌ ژیانی ئێستای تۆوه‌ هه‌یه‌، ئه‌گه‌ر ناوونیشانه‌ كۆنه‌كه‌ت له‌ خه‌وندا ون كرد ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێ كه‌ تۆ ئێستا له‌و ژیانه‌ كۆنه‌ی خۆت جیاكردۆته‌وه‌و ده‌ته‌وێ ژیانێكی تر بژیت و بیركردنه‌وه‌ت گۆڕاوه‌، بۆیه‌ ده‌توانی به‌ئاسانی هه‌نگاوی تازه‌ بنێیت.وه‌ك ده‌بینی تۆ ده‌توانیت به‌ ئاسانی ئه‌مانه‌ له‌ناو چیرۆك و رۆماندا ته‌وزیف بكه‌یت و به‌ پاڵه‌وانه‌كانتی ببه‌خشیت. ئه‌و فه‌رهه‌نگه‌ نووسه‌ر ده‌كات به‌ خه‌وناسێكی ته‌واو.

یه‌كێكی تر له‌و نووسه‌رانه‌ ئالفرید ئادله‌ر( ١٨٧٠ – ١٩٣٧)ه‌ كه‌ له‌ نه‌مسا له‌دایك بووه‌، ده‌رمانسازیی خوێندووه‌، فرۆید كارێكی زۆری له‌سه‌ر هه‌بووه‌، به‌ڵام دوایی خۆی له‌ فرۆید جیاده‌كاته‌وه‌.  ئه‌و ده‌ڵێ كه‌ له‌ خه‌وندا مرۆڤ دوو حاڵه‌تی گرنگ ده‌رك پێ ده‌كات، یه‌كه‌میان ئه‌و وێنه‌یه‌یه‌ كه‌ خه‌ونه‌كه‌ ده‌یبه‌خشێ، ئه‌وی تریان ئه‌و مانایه‌یه‌ كه‌ پێمان ده‌ڵێ چ شتێك له‌ كۆمه‌ڵگادا رێگه‌ی پێ دراوه‌، ئه‌و پێی وایه‌ ئه‌گه‌ر یه‌كێ له‌ خه‌ونیدا زۆر بێزار بوو له‌وانه‌یه‌ له‌ ژیانی خۆیدا زۆر تووره‌و درنده‌ بنوێنێ.ئه‌و پێی وایه‌ كه‌ خه‌ون نه‌ك ته‌نیا به‌رانبه‌ر به‌ خۆمان و ئه‌و شوێنه‌ی كه‌ تێیدا ده‌ژین هۆشیارمان ده‌كاته‌وه‌، به‌ڵكو واشمان لێ ده‌كات له‌ ژیاندا به‌هێز و سه‌ركه‌وتوو بین.

كتێبه‌ به‌ ناوبانگه‌كه‌ی فرۆید به‌ ناوی شیكردنه‌وه‌ی

خەون کە تێیدا باسی خەون و ناسنامەکانی دەکات، کتێبە بەناوبانگەکەی سایکۆلۆژی بەناوبانگی ئەمریکی ئێریک فرۆم (ئەو زمانە لەیادچووە)، کە خۆی یەکێکە لە تیۆلۆژە بەناوبانگەکان. هەروەها کارل یۆنگ(١٨٧٥ – ١٩٦١)کە بایەخێکی زۆری بە سمبۆلەکانی خەون دەدا. بۆ نموونە لەو چیرۆکەی مندا (نووسینەوەی دڕک) غەریب ڕیکۆرد زۆر فرۆیدییانە خەون دەبینێ و بڕواشی بە خەونەکەی خۆیەتی کە ڕاست دەردەچێ، بۆیە دەڵێم فرۆیدییانە ،چونکە فرۆید بڕوایەکی تەواوی بە ڕاستی بوونی خەون هەبوو.

* لە نێو هەردەقێکی سەرکەوتوودا منداڵییەکی پڕ خەم، یان بەختیار ئامادەیی هەیە و چاو دەگێڕێ، ئایا تۆ تا چەند سوودت لە منداڵی وەرگرتووە، هەم وەک کەرەستە، هەم وەکو دیوێکی دیکەی خۆت لە زەمەنی زوودا، یان تا چەند وەکو سەرچاوە گەڕاویتەوە لای و کارت پێ کردووە؟

– ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە نووسەران هەمیشە حەزدەکەن لێیان نەکرێت و شاعیرانیش بەپێچەوانەوە هەمیشە پێیان خۆشەو دەتوانن دە لاپەڕەی لەبارەوە بنووسن، چونکە پرسیارەکە تەنیا شاعیرانە وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام سەبارەت بەمنەوە کەی بمەوێت دەتوانم بگەڕێمەوەو چیم بوێ لێی هەڵگرم و بەکاری بێنم. من تا ئێستاش زۆر وردەکاری منداڵیم لەبیر ماوەو هەندێ جار ئاخ هەر دەڵێی دوێنێیە. مرۆڤ تا بە ژمارەیساڵەکانی تەمەن لە منداڵی دوورتر بکەوێتەوە، لای نزیکتر و خۆشەویستترە. بەشێکی مێشکی مرۆڤ ئەو یادەوەرییانەی تێدا پارێزراوەو من لەوەدا بەختێکی چاکم هەبوو کە خاوەنی هەگبەیەکی گەورەم لە یادەوەری، من تەنانەت باخچەی ساوایان و ساڵەکانی سەرەتاییم بەڕوونی لەبیرەو هەندێ جار دێنەوە ناو چیرۆکەکانم. تەنیا ٤ ساڵی یەکەمم بیر نییەو ئەو ٤ ساڵەش بەهۆی گێڕانەوەی دایک و باوکم و خوشک و برا گەورەکانمەوە کە هەریەکەو شتێکیان بۆ گێڕاومەتەوە کە وای لێ هاتووە ئەو ٤ ساڵەشم زۆر پێ غەریب نەبێت.بە هەرحاڵ نووسەران هەمیشە ئیشێکی زۆریان بە منداڵی خۆیانەو بە نووسین دەیانەوێ بۆی بگەڕێنەوە، ئەوەش هەوڵ و فێڵەکانی لە ناو نووسیندا بۆ گەڕانەوە زۆرتر و جوانتر بێت، تێکستەکەشی جوانتر دەبێت.

*** لە ساڵی ١٩٦٣دا لەشاری سلێمانی لە دایک بووە.**

*** لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەنووسێ.**

*** بەکالۆریۆس لە زانستی فیزیا لە زانکۆی مووسڵ.**

*** مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٦ وڵات بەجێ دەهێڵێت.**

*** بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە زانکۆی خارکۆف، لە ئۆکرانیا. زمانەکانی: ڕووسی و لاتینی و ئەدەبی ئینگلیزی و ئەدەبی ڕووسی خوێندووە.**

*** لە ساڵی ١٩٩١یشەوە لەشاری ستۆکهۆڵم- لە وڵاتی سوێد نیشتەجێیە.**

*** بەرهەمەکانی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاودەکاتەوە.**

*** خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە:**

**١- زێراب، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سوێد، ساڵی ١٩٩١.**

**٢- چاوەڕوانی، ڕۆمان، چاپی یەکەم، سوێد، ساڵی ١٩٩٢.**

**٣- بەیازی گوڵفرۆشێک، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سوێد، ساڵی ١٩٩٨، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی.**

**٤- وێنەکان دووبارە دەبنەوە، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣.**

**٥- نووسینەوەی دڕک، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٧ لە بڵاوکراوەکانی (دەزگای ئاوێنە).**

# شیعر چییە؟

**پێشڕەو عەبدوڵڵا**

**(٢ – ٢)**

### ڕۆشنبیری کوردی و ڕۆشنبیری شیعری

لەم پاشکۆیەدا هەوڵ دەدەین ڕۆشنبیری کوردی ئەم دە ساڵەی ڕابردوو بخوێنینەوە، کە بە (پاش ڕاپەڕین) دەناسرێت، هەڵبەتە خوێندنەوەیەکی خێرایە بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە. کە لەم چەند ساڵەدا هەوڵیان داوە تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئێمە بکەنە نووسین، کارەساتی گەورەش ئەوەیە پێیان وایە ئەوەی باسیان کردووە جەوهەر و حەقیقەتە، واشیان بە ئێمەی خوێنەر ناساندووە، ئەم هەوڵەش هیچ نییە، جگە لە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خاوەنی بۆچوون و ڕوئیای تایبەتن دەربارەی شیعر، ئەمەش گەڕانی ئێمەیە بۆ هزری ئەم وتارانە و گەڕانە بەشوێن بیرکردنەوەدا نەک سەرسامی ئێمە بێ لە ئاست زمان و میتافۆرەکانی ئەم وتارانەدا، کە ئێمە کارمان لەسەر کردوون. دواتر لە ڕێگەی شکانی ئەم میتافۆرانەوە هەوڵمان داوە هزر و بنەمای ئەو وتارانە ڕۆشن بکەینەوە و دواتریش نیشانی شیعر خۆی بدەینەوە، هەتا ئەوکات ئەم وتارانە خۆیان حوکم لەسەر خۆیان بدەن. کە ئایا جەوهەری شیعرن، یان بۆچوونی سەرپێی تاکە کەسین، بەڵکو ئەمەش بکەینە سەرەتایەک بۆ ئەوەی بە وردی ئەم ڕۆشنبیرییە بخوێنینەوە، دوور لە هەر ڕق و لایەنگیرییەک. دیارە بۆ هەر باسێک وتارێکمان هەڵبژاردووە کە ئازادانە ئیشمان تێداکردووە.

### خەیاڵ وەک جەوهەری شیعر لای ڕێبوار سیوەیلی

ئێمە لێرەدا وتارێکی بەڕێز (ڕێبوار سیوەیلی)مان وەرگرتووە بەناوی (شیعریەتی بوون)، کە هەوڵ دەدەین بە وردی بیخوێنینەوە، دواتریش بەپێی ئەو تیۆرەی پێشوو لەگەڵیدا بڕۆین، هەتا بنەمای ئەم وتارە کەشف بکەین و ڕۆشنبیری ئەم ڕۆشنبیرە دەربارەی چییەتی شیعر ڕۆشن بکەینەوە. سەرەتاش پرسیار لەخەیاڵ دەکەین، ئایا خەیاڵ دەکەوێتە کوێی مرۆڤەوە؟ یان خەیاڵ سەر بە جەستەیە، یان سەر بە ڕوحە؟ خەیاڵ دەتوانێ چی بۆ ئێمە بکات؟ ئایا خەیاڵ پێش شیعر دەکەوێت، یان شیعر پێش خەیاڵە؟ ئایا خەیاڵ مامەڵە لەگەڵ چی شتەکاندا دەکات؟ ئایا خەیاڵ دەتوانێ چەمکە ڕووتەکان وێنا بکات؟ سەرەتا واباشە کە کاری خەیاڵ بەگشتی دیاری بکەین کە ئەویش خۆی لە دوو کاری گرنگدا دەبینێتەوە.

* کردەی خەیاڵ کردن: خەیاڵکردن هەمیشە کارێکە بە ویستی مرۆڤە، واتە مرۆڤ دەتوانێ شارێک خەیاڵ بکات، یان خەیاڵی تەنێک بکات، جا ئەو تەنە حازر بێت بۆ ئەو، یان حازر نەبێت. مرۆڤ دەتوانێ خەیاڵی سێوێک بکات، کە لەبەردەمیایەتی، بەم خەیاڵ کردنەش سێوەکە لە تەنێکی واقیعییەوە دەبێتە تەنێکی وێنەیی و زەینی، واتە خەیاڵ کردنی شتێکی حازر و بەردەستە، گۆڕانی واقیعیەتی ئەو شتەیە بۆ وێنەیەتی، ئەو شتە کامێرای فۆتۆگراف بە وێنەکردنی واقیعە. بۆ حاڵەتی



**بەختیار عەلی**

دووەم کە شتەکە لێرە نییە من و تۆ قسە دەکەین باسی خانوویەک دەکەین، کە پێشتر دیومانە، ئەوە هەردووکمان خانووەکە، کە لە یادەوەری و ئەندێشەماندا (زاکیرە) هەیە، حازری دەکەینەوە و خەیاڵی دەکەین، ئەم حاڵەتە حازرکردنەوەی وێنەی واقیعییەکەیە، واتە لێرەدا کامێرای فۆتۆگرافەکە وێنەی وێنەکە دەگرێ، چونکە ئەو شتە سەرەتا لەزەینی ئێمەدا بووەتە وێنە، دواتر وێنەی ئەو شتە حازر دەکەینەوە.

ئێستا با بپرسین ئایا خەیاڵ دەتوانێ شتێک حازر بکات، کە نەماندیوە؟ ئایا شتە پەتی و ڕووتەکان کە هێشتا دەرنەکەوتوون خەیاڵ چی دەکات؟ ئاشکرایە خەیاڵ ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ چەمکە ڕووتەکاندا بکات و ناشتوانێ شتێک کە نییە بەرجەستەی بکات؟ لەوانەیە بوترێت خۆ (حۆری دەریا) نییە، بەڵام ئەمە ڕاستی کۆلاجە. کۆلاج حازرکردنەوەی شتە ماددییەکانە، نەک هێنانی شتێک لە عەدەمەوە بۆ ناو حزوور. ڕاستی خەیاڵ بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ و هەر توانای وێناکردنی وێنە و خاسیەت و سیفەتی شتەکانی هەیە دوای دەرکەوتن. خەیاڵ ناتوانێ قەدی گوێزێک حازر بکات، کە هێشتا هەر گوێزە و دەرنەکەوتووە. ئەرکی دیکەی خەیاڵ بریتییە لە:

* بەخەیاڵدا هاتن: بەخەیاڵدا هاتن حاڵەتێکی ئامادەکردنی ڕووداوێکە بە بێ ویستی مرۆڤ، بۆ نموونە کاتێک گوێمان لە گۆرانییەک دەبێت ئەو گۆرانییە دەبێتە ڕەمزێک بۆ بە خەیاڵدا هاتنی ڕووداوێک کە بە ویستی ئێمە نییە، کە پشتگوێی بخەین. لەم بارەدا خەیاڵ بەهاوکاری یادەوەری ئەو یادەوەرییە حازر دەکات و وەک ڕووداوێک جارێکی دیکە مرۆڤ دەکەوێتەوە ناوی، واتە لە خەیاڵکردندا مرۆڤ لە واقیعدایە، بەڵام بە خەیاڵدا هاتن مرۆڤ دەکەوێتەوە ناو واقیعێکی وێنەییەوە، کە لەناو یادەوەریدایە. ئێستا باپرسین ئایا ئەو یادەوەرییانەی ناو یادی مرۆڤ لەکوێوە هاتوونەتە ناو مرۆڤەوە، بەدڵنیایەوە لەڕێگەی هەستەکانەوە مرۆڤ لەدەرەوەی خۆی هاتوونەتە ناوی، لەگەڵ ڕووداوە فەلسەفییەکان کە بوون، کە دەردەکەوێت دوای تەواو بوون دەبێتە هەبوو، دێتە ناو یادەوە ئەم هەبووەش هەر هەمان بەهای یادەوەرییەکانی دیکەی هەیە، واتە هەر ڕابردووە، لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت ئەم شتانە خەیاڵ بکات و هەستیان پێ بکات، خەیاڵ ڕاستی سەر بە جەستەی مرۆڤە و هەمیشە شتە جەستەییەکانیش خەیاڵ دەکات.

بەڵام خەیاڵ هەستێکی جەستەیی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو سەر بە جەستەی سایکۆلۆژییە، واتە هەستێکی نادیارە. کاتێک من دەڵێم (گوێز) ئەوەی تۆ حازری دەکەیت لەخەیاڵتدا، ڕاستی وێنەی گوێزەکەیە نەک چییەتی گوێز. دیکارت دەمێکە ئەوەی ساغ کردووەتەوە کە دەڵێت «دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە خەیاڵی من ناتوانێ ماهیەتی ئەو پارچە مێوە بزانێت، ئەوەی دەیزانێت ئیدراکی منە» (١١)

دیکارت ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە خەیاڵ ناتوانێ (بوون) وێنا بکات، واتە خەیاڵ پێش بوونی شتەکان نییە، بەڵکو کە (بوون) دەردەکەوێت و دەبێتە (هەبوو) ئەوکاتە خەیاڵ دەتوانێ ئەم هەبووە وێنابکاتەوە. «وێنا کردن و خەیاڵکردن شتێکیان تێدایە لە هەڵەی خۆم ئاگادارم دەکەنەوە، چونکە کاتێک خەیاڵی ئەوە دەکەم کە من شتێکم ئەوە لە واقیعدا تووشی وەهم دێم، چونکە خەیاڵکردن بریتییە لە تێڕامان لە وێنەیەک، یان شتێکی جەستەیی» (١٢)

لێرەدا دیکارت پتر ئەوەمان لا جێگیر دەکات، کە خەیاڵ بە جەستەی شتەکانەوە بەستراوەتەوە، خەیاڵ هەمیشە دوای تەواوبوونی (بوون) دەتوانێت (هەبوو) وێنا بکات. لێرەدا ئەوەی خەیاڵ دەیکات تەنیا و تەنیا گواستنەوەی وێنەی واقیعەکانە. ئەگەر چاو ڕەنگ و قەبارە و...تاد بگوازێتەوە، ئەوە خەیاڵ تەنیا وێنەی ئەو شتە دەگوێزێتەوە. هەر کاتێک خەیاڵ بکەیت دەبێت

شتێکی حازر و ئامادە هەبێت، لێرەوە خەیاڵ ناتوانێت (بوون) وێنا بکات، چونکە بوون خۆی واقیعی نییە، بوون بە هێــز بوونێکە لە حــاڵەتی پەتی خــۆیدا و دەرکەوتنیشی لەویستی مرۆڤ بەدەرە، ڕۆشنایییەکە مرۆڤ پێی دەگات.

«شتێک هەیە دەبێت ڕوون بکرێتەوە، ئەوەش ئیدراکی من بۆ بینین، یان دەست لێدان، یان خەیاڵ نییە هیچ شتێکی لەم جۆرە نییە، ئەگەرچی پێشتر وا دەرکەوتبوو، بەڵکو ئەوە ڕۆشنایییەکە لە ڕۆشنایییەکانی ڕوح» (١٣)

ئێستا بابپرسین ئایا خەیاڵ لەکوێوە بەشیعرەوە بەستراوە؟ شیعر بە ڕووداوکردنی بوونە، واتە دەرخستنی بوونە لە دنیا خەیاڵ ئامێزەکەی خۆیدا، خەیاڵیش لەچوارچێوەی زماندایە. شاعیر ئەم بوونە لەناو واقیعێکی گەمەئاسادا دەردەبڕێت، لێرەدا چ زمان چ خەیاڵ و ئەفسانە جەستەن بۆ بوون، نەک جەوهەری شیعرەکە بن، چونکە جەوهەرەکە ئەو ڕۆشنایییەیە کە ئەو ڕووداوە خەیاڵییە دەخوڵقێنێ، ئەو بیرەیە کە زمان ئاراستە دەکات و وێنەیان پێ دەبەخشێت بەو شێوەیەی کە بوون دەیەوێت، ئەم بوونەش مەرج لەسەر جەستەکەی خۆی دادەنێ کە چۆن بێت. تێکشکانی زمان و دووبارە بنیادنانەوەی لێرەدا ڕوودەدات. تا ئێرە تیۆرییەکەمان خستە پێش چاو، جا بادەست بەخوێندنەوەی بنەماکانی ئەم وتارە بکەین. هەر لە سەرەتاوە ڕێبوار دەڵێت: «ئایا دەشێت لە پرۆسەی شوناسکردنی دنیا و مانا بەخشین بە بوون پشت بەم ڕەگەزە ببەسترێت و خەیاڵ بکرێتە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو بۆ ناسینی دنیا» (١٤)

وشەی (مانابەخشین بە بوون) کە دەیداتە دەست خەیاڵ، لێرەدا بوون دەخاتە ژێر جەبری خەیاڵ و ئەوە خەیاڵە کە مانا دەداتە بوون، بەبێ ئەوەی بزانێ ئەرێ خەیاڵ چییە؟ بوون چییە؟ بەبێ ئەم وردەکارییە بوون ڕادەستی خەیاڵ دەکات. دواتر دێت وتەیەکی ئیمانویل مۆنەر دەهێنێ کە دەڵێت: «خەیاڵ بەوەی بمانباتەوە ناو خۆمان و دامانبڕێ لە دەوروبەر، ڕۆڵی سەرەکی خۆی ناگێڕێ، بەڵکو ئەو تەنیا ئەوکاتە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت کە بمانخاتەوە ئەو حاڵەتە پێغەمبەرانەی لەودیو ئاگایی و مانا سادەکانەوە پێوەندییەک لەنێوان ئێمە و واقیعیەتی ڕەهادا دروست دەکات» (١٥)

دواتر خۆشی ساغ دەکاتەوە و دەڵێت: من ئەم جۆری دووەمی خەیاڵە، ئەم پێوەندی کردنەوەیە بە دنیا و دەوروبەرەوە بە خەیاڵێکی داهێنەر، یان خەیاڵی مەعریفی ناو دەبەم» (١٦)

دواتر بۆچوونەکەی خۆی پەرە پێ دەدات و دەڵێت «واتە خەیاڵێک کە لە ڕێگەی تێپەڕاندنی ئەو ئاستی شوناسەی بەهۆی هەستەکانەوە پێی دەگەین، پێوەندییەکی قووڵتر و دڵنیاتر لەنێوان ئێمە و بووندا دەهێنێت. بوونی سادەی ئێمە بەرزدەکاتەوە بۆ سەر ئاستی بوونێکی پێغەمبەرانە» (١٧)

جارێ ئەو قسەیەی مۆنەر بە هەردوو بارەکەدا، هەر دارشتنەوەی (هەبوو)ە، چونکە خەیاڵ چ ئاراستەی دەرەوە بکرێت، یان ناوەوە هەریەک پرۆسەیە، ئەویش (هەبوو)ە، واتە ناوەوەش شوێنی وێنەی هەبووەکانە. خەیاڵ هەر هێندەی لەتوانادایە کە مامەڵە لەگەڵ (هەبوو) بکات، نەک (خەیاڵی مەعریفی)، خەیاڵی مەعریفی لەهیچ هزرێکدا هەر نییە، مەگەر لە ڕۆشنبیری کوردیدا ئەوەیە کە دەیبینین. دوایی ڕێبوار دەڵێت لە ڕێگەی دووەمەوە، واتە خەیاڵی دووەم کە ئاراستەی ناوەوە ناکرێت، بەڵکو ئاراستەی واقیع دەکرێت دەتوانین (پێوەندی لەگەڵ بوون)دا بکەین. ئەم بوونەی ڕێبوار لە واقیعدا دایدەنێت ئاسایی بوونی ڕاستەقینە نییە. مەبەستی ڕێبوار لە بوون، سروشت و دنیا و گەردوونە. کە دەشڵێ (شیعریەتی بوون) تەنیا سەرابێکە بۆ ئێمە کە لێمان بشێوێ کە ئەمە ئەو بوونەیە لە فەلسەفەدا بەشوێنیدا دەگەڕێین، ئەگەر نا ناوونیشانێکی ساختەیە. هەڵبەتە ئەوە یەکێکە لە نەخۆشییەکانی ڕۆشنبیری کوردی، کە تەنیا ناوی شتەکان دەهێنێ و هیچ بیرکردنەوەیەک لە پشتییەوە نییە. واتە کە باسی ئەفلاتوون دەکات، بەس ناوەکەی دەهێنێت و ئیتر بیرکردنەوەی ئەفلاتوونی لا نییە. باسی فووکۆ دەکات، بەڵام هەر لە هزری فووکۆ تێ نەگەیشتووە. ڕێبوار (بوون) حازر دەکات لە دەرەوەی مرۆڤ وەک شتێکی واقیعی دایدەنێت، بۆیە خەیاڵیشی ئاراستە دەکات. «ئەزموونکردنی بوون چیدی قەدەرێک نییە مرۆڤ بەبێ ئیرادەی خۆی ملی بۆ کەچ بکات، بەڵکو مرۆڤ دەبێتە پەیامهێنەری بوونی خۆی، بوونی خۆی دەکاتە هونەر و دەیخوڵقێنێ» (١٨)

لێرەدا بوون بەهێز تەواو فەرامۆش دەکات. کە وەک ماتەوزەیەکی شاراوە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر مرۆڤ بۆ دەرکەوتن و کاملبوون. کە مرۆڤ ئیرادەی تەسلیمی ئەم هێزە بکات. ئەم بوونە قەدەری مرۆڤە. ناسری سوبحانی زۆر جوان باسی ئەم قەدەرە دەکات کە بە ئەندازەگیری



**ڕێبوار سیوەیلی**

ناوی دەبات، واتە ئەو نەخشەیەی کە مرۆڤ ناچار دەکات کە پەیڕەوی بکات بۆ بردنی مرۆڤ خۆی و بردنی دنیا بۆ باری کامڵبوون و پڕ بوون، بەڵام ڕێبوار ئەمە بە زەلیلی مرۆڤ دەزانێ و دەبێت خۆمان بوونمان دروست بکەین و بیکەینە هونەر و بیخولقێنین. ئەم بوونە، ڕاستی واقیعییە و هیچ پێوەندی بە بوونی ڕەسەنەوە نییە. دواتر دەڵێت: «متمانە نەبوون، واتە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکات و ئازاد بێت. واتە گەردوون بە شوێنی ژیانی پڕ بەهاداری خۆی بزانێت و دنیای دەوروبەری خۆی بەشوێن دەرهێنانی خەونەکانی» (١٩)

لە سەرلەبەری ئەم وتارەی (سیوەیلی)دا بێ ئاگاییەکی تەواو دەربارەی شیعر و بیرکردنەوە هەیە، تەنانەت وەرگێڕانی دەقەکانیش تەواو نییە و کە باسی یەکێک دەکات خۆی وێنای دەکات ئەگەر نا وا نییە. لەشوێنێکی دیکەدا باسی ئەفلاتوون دەکات کە ئەفسانەی لا گرنگ بووە، چونکە خەیاڵە. ئەفلاتوون کەی بایەخی بە ئەفسانە داوە، ئەمانە جەستەی بیرەکانی ئەفلاتوونن، نەک جەوهەری بیرەکانی.

«ئەفلاتوون بۆ خۆیشی وەک داهێنەرێکی خەیاڵ فراوان گفتوگۆکەی لەمەڕ (مەرگ)ە و بە گێڕانەوەی ئەفسانەیەک لەبارەی (نەمری)ییەوە کۆتایی پێ دەهێنێت و سوکرات دان بەوەدا دەنێت کە چەند جوانە مرۆڤ باوەڕ بەو ئەفسانەیە بکات، واتە ئەفسانەی نەمری» (٢٠)

ئەمەش هیچ نییە لە سەپاندنی وێنەکانی ناو زەینی خۆی بەسەر ئەفلاتووندا، یان (کانت)دا. کە ئەو وتەیەی کانت دێنێتەوە کە دەڵێت: «فەنتازیا پلەیەک لە ئەقڵ بالاترە» (٢١)

دیارە تەواوی هزری کانت دژی ئەوەیە خەیاڵ لە ئەقڵ کاملتر بێت، چونکە ئەگەر وابایە ئەوە هیگڵ نەیدەهێشت ئەم قسەیە بگاتە ئێمە، بەڵام کاتێ کانت باسی ئەفسانە دەکات، بەوە باسی دەکات کە کاتێک بوون، یان ئەقڵ لە ئەفسانەدا خۆی نمایش دەکات، ئەوە ئەم نمایشە هەبووە و ئەقڵ نەبووە، واتە هێشتا دەرنەکەوتووە، نەک خەیاڵ باشترە لە ئەقڵ. دیارە ئەگەر هەموو وتارەکە بخوێنینەوە، ئەوە دەبێت سەرلەبەری هەڵوەشێنینەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە ڕۆشنبیری ئێمە هێشتا لە بیرکردنەوەدا ساوایە و لە وەرگرتندا کەمێک زیرەکە. ئەمەش ڕاستی هیچ نییە جگە لە ئایدۆلۆژیایەکی ڕووت نەبێت.

دواتر دێت و دەڵێت: «دەبێت شیعر ژیاندۆست بێت» (٢٢)، دیارە دانانی مەرجی پێش وەختە بۆ شیعر، وەک ئەوە وایە تۆ وەزارەت بیت و مۆڵەت ببەخشیتە شیعر، شیعر حیزب نییە داوای لێ بکەیت پەیامەکەت چییە؟ دواجار شیعر هیچ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و واقیعی نییە. کورسی نییە دەبێت وابێت بتوانین لەسەری دانیشتن ئەزیەتمان نەدات، بۆیە بەڕاستی بە سادەیی خوێنەری خۆمان غەمگینین کە هەمیشە هزر ناخوێننەوە. تەنیا زمان و شێواز و میتافۆرەکان دەبینن. ئەگەر نا کە بەوردی بیخوێنینەوە. ئەوە زۆر جوان دەقەکانمان بۆ دەکرێنەوە. ڕێبوار جگە لەمانە لێک دژی لەناو وتارەکەیدا هەیە، لە شوێنێکدا دەڵێت «شیعر ڕووداوێکی غەیرە مێژوویییە» (٢٣)، دواتر لەبیری دەچێتەوە، دەڵێت «شیعری مەحوی دەبێتە سەلمێنەری مێژووی ئەدەب و قۆناغەکانی و گرنگی بە شیعر دەدرێ لەبەر ئەوەی وەک کەرەستەیەک ناوەڕۆکی ئەو قۆناغە مێژووییانەی ئەدەب پڕ دەکاتەوە» (٢٤)

باشە ئەگەر شیعر ڕووداوێکی مێژووی نییە، دوایی چۆن مێژووشمان پێ دەڵێت. ڕۆشنبیری ئێمە بە ئایدیۆلۆژیا دەژیت، ئەگەر حزبەکان خاوەنی ئایدۆلۆژیای حزبی بن، ئەوە ڕۆشنبیران ئایدۆلۆژیای هزر دەخۆن و ئایدۆلۆژیای هزریش دەرخواردی خوێنەری ئێمە دەدەن. بەو ئومێدەی ئەم سەردەمە کە سەردەمی ئایدۆلۆژیایە بەسەرچێ و سەردەمی بیرکردنەوەی ڕەسەن بێتە ئاراوە.

کـە ئەمــەش لەناو بـوونی خـۆمـاندایە نەک لە دەرەوەی خۆمان.

## زمان وەک جەوهەری بوون و شیعر لای بەکر عەلی

دیارە نووســەر بۆ دەربڕینی مــەبەســتــەکـانی خــۆی گــەڕانێک بەناو ئەو گــوتانەی هایدگــەردا دەکــات و دواجاریش داڕشتنەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکات. ئەوی لەم داڕاشتنەوەیەدا جێگەی سەرنجە نووسەر هەر بەوەوە نەوەستاوە کە دەقێک بە ئارەزووی خۆی شی بکاتەوە، بەڵکو بۆچوونەکـانی خـۆیشی دەربارەی شـیـعـر و بوون دەربڕیوە، بۆیە ئێــمــە خــوێندنەوەیەک بۆ وتاری (دیدی مارتن هیدگەر نامۆ بوون لە ئۆنتۆلۆژیای زمان/شیعر) دەکـــەین تا تێ بگەین ڕۆشنبــیــری کــوردی لە چ قـەیرانێکدایە، کـە هەر لەسـەرەتای سـەرهەڵدانییـەوە بە ئاقــارێکی هەڵەدا هەنگاوی ناوە، تا گــەیشــتــووەتە ئەمڕۆکە بەسکەخشکێ دەیەوێت بڕوات. بێ ئاگابوون لە بوون و پێشـخستنی زمان بەسـەریدا. زۆر بە ڕوونی لەم وتارەدا دیارە، هایدگـەر کـاتێک باسی (زمـان) دەکـات هەمـیـشـە وەک جـەسـتـەیەک دەیەوێت بیـخـاتە ڕوو، کە هەڵگری (بوون)ە. زمان لای هایدگەر و لای شیعریش تا ئەو شوێنە گرنگە کە هەڵگری بوونە، کە کەرەستـەیەکە بۆ خەزنکردنی بیرکردنەوە، ئەگەر نا بەدەر لەمە (زمان) لە ئاسـتی بووندا هیـچ گرنگی نیـیـە. با ئەوە بپرسین ئایا زمـان پێش بوونە، یان بوون پێش زمـانە؟ لە ڕاسـتـیـدا کـاتێک هایدگـەر دەڵێت «ئێـمـە لەیەکـەم گـفـتـوگـۆوە هەین» (٢٥) هایدگــەر بوون پێش زمــان دەخــات، واتە مــرۆڤ لە حــاڵەتی بوون بەهێــزدایە، واتە هێــشــتــا دەرنەکــەوتووە، بەڵام کــاتێک مــرۆڤ دەکــەوێتــە نـاو گـفـتـوگـۆوە، گـفـتـوگـۆ بەمـانا ڕەسـەنەکـەی بریتـیـیـە لە بەدەمەوە چوونی مـرۆڤ بۆ بە دەنگەوە هاتنی بوون، کـە بوون دێت و وەک یاسایەکی هەمـەکی زمـان دەخـاتە ژێر باری قانوونەکانی خۆیەوە، ئەو کات گفتوگۆ هەر ناردنی پەیام نیـیــە لە نێـرەرەوە بۆ وەرگـر، بەڵکو گـفـتـوگـۆ باسکردنی تێگەیشـتنی مـرۆڤـە. واتە مـرۆڤ کـاتێک دەبێـتـە قـسـەکـەر قـسـە دەکـات بۆ ئەوەی گـوێ لە خـۆی بگرێت و خۆی ببیستێتەوە. ئەوی دیکە گـوێ دەگرێ بۆ ئەوەی قسە بۆ خۆی بکات، واتە حاڵەتی یەکەم، حاڵەتی قـسـەکردنی بوون و گـوێگرتنی مـرۆڤـە. حـاڵەتی دووەم حــاڵەتی گــوێگرتنە لە بوون، لەباری یەکــەمــدا بـوون فـیزیکییانە دەردەکەوێ، حاڵەتی دووەم زمان لە ئاستە ناوەکییەکەیدا دەبێتە ماڵی بوون.

ئەوەی لێرە هەیە بوون پێش زمانە و جەوهەریشیەتی، نەک هـەر ئەوە بەڵـکـو دایکـی زمــــان (بـوون)ە. ئەوە پاڵـەپەسـتـۆی بوونە بـۆ سـەر مـرۆڤ ناچاری دەکـات کـە شایەتی لەسەرخۆی بدات، شایەتی دان هەر دەرکـەوتنی بوون نییە، بەڵکو خولڤانی زمانیـشـە. هەر خولڤانیش نیـیــە بـەڵکو جـارێکی دیکە هەڵوەشـاندنەوەی زمــانی خــــەزنکراوی نـاو خــــەزنەشــــەو جــــارێکی دیکە داڕشـتنەوەیەتی، شـیـعـریش هەمـیـشـە بوون دایکیـەتی. شیعر بە بوون شیعرە، مادام بوون جەوهەری زمان بێت ئەوە جەوهەری شیـعریشە. زمان لە دۆخی ڕاسـتەقینەی خـۆیدا ئەوەیە کـە بوون حـزووری تێدا هەیە، بەڵام بەکـر عەلی هەر لەسەرەتاوە دەڵێت «زمان بریتییە لە هەوارگە، بریتییە لە خانووی بوون، بەڵام ئێمە چیمان لەم خانووە کرد، خانووکەمان لەناو بردووە، بەوەش زمانمان لەوە دابڕا ببێتە زمانێک لەڕێی ئەو ئارامییەی لەو خانووەدا پێی دەگەین، ئەو خانووەی کە بوونی مرۆڤانە هەمیشە دەبێت شــوانی بێت، زمــانێک لە خــۆیدا تێــرامــانە لەپاڵ هایدگـەردا، بوون دەکـات بەشـوانی زمـان لە کـاتێکدا هایدگەر زمـان دەکاتە شوانی بوون. ئەم ڕۆشنبیرەی هەر لە سەرەتاوە بوون فڕێ دەداتە دەر و زمان وەک جەوهەر و بوون ئامـادە دەکـات، خـەمی ئەم خـەمی زمـانە و دەڵێت چیمان لەم خانووە کرد، نەک خەمی بوون بخوات، چونکە ئارامی نـاو خـانووەکە هی بوونە، نەک خـانووەکـە خـۆی. واتە فـەزای ناو خـانووەکە فـەزای بوون بێت مرۆڤ دێتـە ناو ئارامـیـیەوە. دیارە لەم وتارەدا زمـان هەمـوو شتێکە هەتا دەڕواتە سەر ئەوەی کە دەڵێت «زمان دەبێتـە خودی مرۆڤ» (٢٧)

بەڵگەی ئەم قسـەیەش بە گوتەیەکی هایدگەر دێنێتەوە کــە دەڵـێ «مـــرۆڤ هەر ســــاتێ بدوێ ئەو ســــاتە ئادەمـیـزادە» (٢٨)، ئەوەی ڕۆشنە ئەوەیە، هایدگـەر بوون بە حەقیقەتی مرۆڤ دەزانێ، نەک زمان، مرۆڤ کاتێک بەزمــان ئەم بوونە دەردەبڕێت، ئەوە ئەم مـرۆڤـە دەبێـتـە هەبوو، واتە بەزمـان دەبێـتـە هەبوو. لێـرەدا شـوناسـێک وەردەگــرێت، چونکە لەو ســاتەدا مـــرۆڤــە کــە لە هەر خۆیەتیدا دەبێت لەگەڵ بوونی خۆیدا، بەم تەجەللی بوونی بوونەی جیاواز دەبێتەوە و دەبێتە مرۆڤ. دواتر هایدگەر دەڵێت: «چیــیــەتی زمـــان بریتــیــیـــە لە زمـــانی چیـیـەتی» (٢٩)، دیارە چیـیـەتی لای هایدگـەر بریتـیـیـە لەوەی مـرۆڤ بە زمان چیـیـەتی شتێک دەربـبـڕێت، واتە



**ئازاد حەمە**

بوونی شتێک کە وەک ئایدیاڵی هەیە بکاتە هەبوو، ئەم دەربڕینە لە چییەتی ئەو شتە زمان دەباتەوە ناو دۆخی ڕاستەقینەی خۆی، بەمەش چییەتی زمان دەردەکەوێت، واتە لەو بارەدا زمان ڕەوایە لێی بپرسین تۆ چیت؟ ئەویش کە دەڵێت من ماڵی بوونم، بەڵام نووسەر زۆر هەژارانە لەم ڕستەیە ڕادەمێنێ و دەڵێت: «واتە زمان کرۆک و چییەتی بوونە» (٣٠) لێرەوە هاوکێشەکە ڕۆشن دەبێتەوە.

لەبەر ئەوەی زمان جەوهەری بوونە، واتە زمان جەوهەری شیعریشە. بەمەش شیعر دەباتە ناو زمانزانی و زمانبازییەوە، واتە ئەگەر بەم بنەمایە بێت ئەوە کام شیعر زمانبازی تێدا بوو ئەوە ئەمەیان زیاتر شیعرە و هەر کاتێکیش زمان جەوهەری شیعر بێت، ئەوە زمانلووسی شاعیریەتییە. شاعیرییەت حاڵەتی پاراستنی بوونە لە خۆیدا، شاعیرییەت زمانزانی و زمانبازی نییە. زمان کەرەستەی دەستی شاعیرە هەتا وا بکات ئەم بوونە دەرببڕێت بەرەو کاملّی خۆی ببات و بیباتەوە بەردەم خۆی، نەک ئەم کەرەستەیە خودی شیعر خۆی بێت. دواتر دەڵێت: نیشتەجێ بوون لەو خانووەی بینا دەکرێت، مەبەست لەو شێوازە یاساییە نییە کە پێوەندی بە ئاسایشی نیشتەجێ بووەکانی خانووەکانەوە هەیە، بەڵکو پێوەندی بەو نیشتەجێبوونەوە هەیە کە هەر کەس بەرپرسیار و شوێنێک دەبێت بۆ پاراستنی خانووی بوون» (٣١)

لێرەدا ئەوە ڕەچاو دەکەین کە مرۆڤ شوانی زمانە نەک بوون، ئەمەش شایەتی لەسەر هەژاری بیرکردنەوەی ڕۆشنبیریمان دەدات و ڕۆشنبیری کوردی دەربارەی هزر و بیرکردنەوە چەند گوناهبارە کە هەمیشە ڕاوبۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیان وەک حەقیقەت بە ئێمە ناساندووە. ئەم وتارەی کاک بەکر عەلی نەک هەر هایدگەر و شیعر ڕاڤە ناکات، بەڵکو دژی هەردووکیانە، چونکە بنەمای بیرکردنەوەی هایدگەر و جەوهەری شیعریش زۆر پێچەوانەی ئەم ڕایانەن، کە بەکر عەلی لەسەر شیعر دەری بڕیون. ئەم ڕۆشنبیرەش هەمان هەڵەی ڕێبوار دووبارە دەکاتەوە، کە کەرەستەکان بە جەوهەر دەزانن. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو ڕۆشنبیرە ئەوەیە کە بوون فڕێ دەدەنە دەرەوە و کەرەستەکان دەکەنە جەوهەری شیعر، ئەوەی جیاوازە لەنێوان ئەم دووانەدا ئەوەیە کە یەکێکیان خەیاڵ دەکاتە جەوهەر و ئەوی دیکەیان زمان، بەڵام هەردوولا کەرەستەن نەک جەوهەر. کەرەستەن بۆ ئەوەی بوون شیعرییانە دەرکەوێت. ئەگەر نا کەرەستەکان بەبێ بوون لە حاڵەتی وەستاوی خۆیاندا هیوولان، هەروەک چۆن شووشە کاتێک لەناو سروشتیدایە لەحاڵەتی وەستاوی خۆیدایە، بەڵام کاتێک ئایدیاڵی پەرداخ دێت و ئەو شێوەیە لە شووشەکە داوا دەکات. هەتا ئەم ئادیاڵە دەرکەوێت، ئەوە شووشەکە لە باری متبوونەوە دەباتە باری هیوولایی. واتە لێرەدا ئەم شووشەیە گرنگە، کە کەرەستەی دەرکەوتنی ئایدیاڵی پەرداخەکەیە، ئەگەرنا ئایدیاڵی پەرداخە، کە بەبێ ئەم کەرەستەیەش هەر هەیە. ئەم هەوڵەش سەرەتا وا خۆی نیشان دەدات کە جەوهەری شیعر نیشانی ئێمە دەدات و وەک ئەنتی ڕۆشنبیری سالآنی پێش خۆی خۆی نمایندە دەکا، کەوا باسی ڕەوانبێژی و هێنانی بەحری شیعری عەرەبی بوو بۆ سەر کوردی و وایان دانابوو دەرچوون لەم یاسایانە دەرچوونە لە شیعر، ئەم هەوڵەش دەچێتەوە سەر هەمان بنەما، بەڵام لە فۆرمێکی جیاوازدا ئەم بنەمایەی دەربڕیوە.

چونکە ئەوەی لەم وتارەدا جەوهەرە ڕوخسارە، نەک جەوهەر، واتە ئەگەر ڕۆشنبیرانی پێشوو ڕوخساریان کردبێتە خودی شیعر، ئەوە ئەم ڕۆشنبیرەش هەمان بنەما دووبارە دەکاتەوە. ئەمەش هەمان فیشەکە کە پێش ئەو تەقاندوویانە. هەر بۆیە ئەم ڕۆشنبیرە هیچ ناخاتە سەر بیرکردنەوەمان ئەوەندە نەبێت دۆخێکی سایکۆلۆژی خۆی دەردەبڕێت. واتە ئەگەر شیعری کوردی جاران خۆی بە واقیعەوە سەرقاڵ کردبێت، ئەوە شیعری دوای ڕاپەڕین

تەواو دۆخی سایکۆلۆژی کورد دەردەبڕێت، ئەو ساتانە دەردەبڕێت کە دەست لە واقیع بەربدات و بڕوات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆیشتنە لە ئەنجامی نەفی و دەرکردنەوەیە، واتە سایکۆلۆژییە، دواتر، یان ئەوەتا بردوویەتییەوە ناو واقیع، یان بردوویەتە ناو نەست و لەواقیعێکی وێنەییدا خۆی داناوە. واتە ئەگەر شێرکۆ بێکەس جەستەی کوردی نیشان دابێت، ئەوە بەختیار و برادەرانی سایکۆلۆژیای کوردیان نیشان داوە و خاڵییان کردووەتەوە، ئەم حاڵەتەشیان بەهۆشیاری ناو بردووە. لەکاتێکدا خاڵی بوونەوەی سایکۆلۆژیا گەیشتنی مرۆڤ نییە بەهۆشیاری ڕاستەقینە، ئەوە حەقیقەتە کە خۆمان پیشانی خۆمان دەینەوە و بوونمان ئاشکرا بێت کە چین، هەربۆیە دوای خاڵی بوونەوەی سایکۆلۆژیا مرۆڤی ئێمە جارێکی دیکە دەکەوێتەوە ناو واقیع و دەگاتەوە هەمان بەردەرگە، هەنگاو ناهاوێ بۆ ناو (من)، بەڵکو هەمیشە لە دەرەوەی خۆیەتی. لە وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا ڕۆشنبیری ئێمە دادەبەزێتە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. ئەمانە نەیانتوانی نەک هەر خوێنەر بەرنە ئەوێ، بەڵکو خۆشیان هاتنەوە خوار و هاتنەوە ناو بازاڕەکە، چونکە لە بنەڕەتدا خۆیان خەڵکی ئەوێ نەبوون، بەڵکو لەدوورەوە شتەکانیان دەدیت و تەنیا ناویان دەهێنان، ناوهێنان گەورەترین کارەساتی ئەم ڕۆشنبیرییەیە. کە ناوی ئەفلاتوون و سارتر و هایدگەر و...تاد دێت، بەڵام با بپرسین: هەموومان وەک خوێنەری ئەم ڕۆشنبیرییە، ئەی کوا بیرکردنەوەیان، کوا بیرکردنەوەی ئەفلاتوون؟ کوا بیرکردنەوەی فوکۆ؟ ئەمەش هەمووی وەک ناو و خۆدەرخستن هاتن، ئەگەر نا ڕۆشنبیری ئێمە لەبیرکردنەوەدا منداڵێکی هەژارە، کە هەمیشە وەک حەکیمی بیرکردنەوە خۆی نیشانی ئێمە داوە.

## جیاوازی وەک جەوهەری بوون و شیعر لای ئازاد حەمە

یەکێکی دیکە لە ڕۆشنبیرانی ئەم دواییە کاک (ئازاد حەمە)یە، دیارە ئەم ڕۆشنبیرە هەر لەسەرەتاوە وا خۆی نیشان دەدات کە وەک یەکێک دەربکەوێت لەدەرەوەی ئەم بازنەیەدایە و وەک ڕۆشنبیرێکی جیا خۆی نیشان داوە، بەڵام لێرەدا بزانین ئایا بەڕاست ئەم ڕۆشنبیرە دەکەوێتە دەرەوەی ڕۆشنبیری کوردی و وەک ڕەخنەگرێک دەردەکەوێت، یان بۆ خۆیشی لەو هەژاری بیرکردنەوەیەدا بەشدارە، کە ڕۆشنبیری کوردی پێوەی دەناڵێنێ، کە هەمیشە ترسی لەکاری فیکری جیدی هەیە و بەتێکستەکانی دیکەوە سەرقاڵە. دیارە مەسەلەی جیاوازی زۆر لەوە هەڵدەگرێت کە ئێمە وا بە ئاسانی بەسەریدا بڕۆین، بەڵام ئەوەندەی هەیە پێ بە پێ لەگەڵ وتاری (شیعر و پۆست مۆدێرنێتی) دەڕۆین. بۆ ڕوونکردنەوەی بنەمای ئەم وتارە و پیشاندانی با سەرەتا بپرسین: ئایا جیاوازی مەرجە بۆ هەبوو؟ ئایا هەبوو بەوە هەبووە کە لە هەبووەکانی دیکە جیاواز بێت؟ یان هەبوو بەوە هەبووە کە بوونی خۆی تێیدا دەرکەوتووە؟ ئایا جیاوازی دەکەوێتە ناو چ پرۆسێسێکەوە؟ ئایا جیاوازی پێش بوونە، یان بوون پێش جیاوازییە؟ ئایا جیاوازی وەک مەرجی پێشینە بۆ شیعر دەبێتە جەوهەری شیعر، یان شیعر بەچی شیعرە؟ با سەرەتا ئەو ڕستانە وەرگرین کە بنەمای ئەم وتارەی لەسەر بنیادنراوە، کاک ئازاد دەڵێت «بەڵام سەبارەت بەوەی کە چۆن تێکست وای لێکرێ ڕاستی بڵێ نەک ڕاستی مۆنۆپۆل بکات، ئەوە دەڵێین وتنی ڕاستی لە تێکستدا بەهۆی هێزی جیاوازی تێکستێک لەگەڵ تێکستێکی دیدا دەردەکەوێ، کاتێ تێکستێکی دیاریکراو بەجۆری جیاواز هەوڵی پشکنین لە دیاردەیەک دەدا ئەو کات دەتوانێ هێزی جیاوازی خۆی بسەلمێنێ» (٣٢)

لەم پەرەگرافەدا ئازاد بیرکردنەوەی خۆی بەیان دەکات، کە مەرجی شیعر وەک تێکست ئەوەیە بەرانبەر بە هەموو شیعرەکانی دیکە شتێکی جیاواز بێت. ئێستا با بپرسین ئایا شیعر کاری بەکردەی خوڵقان هەیە، یان دروست کردن؟ ئایا شیعر لە جەوهەردا کردەی خوڵقانە؟ یان دروست کردنە؟ بۆ ئەم باسە با خوڵقان و دروست کردن باس بکەین.

## کردەی خوڵقان وەک دەرکەوتنی بوون

ئەرەستۆ چوار عیللەت دەکاتە بنەمای کردەی خوڵقان ئەوانیش (ئایدیا و هیوولا و کارا و ئامانجە) بۆ شیعر ئایدیا بوونە. هیوولا زمانە و کارا شاعیرە، شاعیرکارای کردەی خوڵقانی ئایدیایە، کە بوونە. بوون وەک هێزێکی فشارکەر کار لە کارای خوڵقان دەکات کە ئەویش شاعیرە. هیوولا کە زمانە خۆی دەخاتە ژێر مەرجی ئایدیاکەوە. ئامانج لە کردەی خوڵقاندا هەمیشە دوایی کارە، واتە کاتێک بوون دەبێتە هەبوو ئەو کاتە ئامانجەکە لەناو خۆیایەتی و دەردەکەوێت و مەبەستی ئەنتۆلۆژی ئەو ڕۆشن دەبێتەوە. هەروەک منداڵ کە هەتا گەورە نەبێت و کامڵ نەبێت نازانێت بۆ لەدایک بووە. ئەوەی گرنگە

زەمینەی ئەقڵی هەیە، زەمینەی ئەقڵی ئەو زەمینەیە کە کاراکە بۆ هاتنە دەرەوەی بوون دەیسازێنێ. بۆ ئەوەی ئایدیا کە لەباری پەیتەوە بێتە ناو واقیعەوە لەشێوەی زماندا، لەم دەرکەوتنی بوونەدا هەبوو بەوەی کە هەڵگری بوونی خۆیەتی و خۆی دەردەبڕێت ئەوکات دەبێتە هەبوو وەک هەبوویەکی جیاواز دەردەکەوێت، ئەم هێزی هاتنەدەریش لەناو بوون خۆیایەتی و لە دەرەوەی خۆی نییە. هەبوو ئاشکراکردنی بوونە بۆ ئەوەی وەک هەبوو دەرکەوێت. هەبوو کە هەمیشە بوونی هەڵگرتووە، واتە هەمیشە لە هەر خۆیەتیدایە بەرانبەر بەخۆی، بەوە لەدوای دەرکەوتن جیاواز دەبێت، کە خۆی لە ئامانجەکەدا دەبینێتەوە.

کردەی خوڵقان کردەی هاتنە ئارای بوونە، ئامانجی کردەی خوڵقان هەبووە کە لەناو خۆیدا هەڵی دەگرێت. بەم کردەیە هونەر بەگشتی بەهای خۆی بەسەر واقیعدا دەسەپێنێ. هونەر و بەرهەمی هونەری کە ئەنجامی کردەی خوڵقانن، لە کەرەستەیەکی بێ ڕوحەوە خۆیان بۆ سەر ئاستی هەر بوونەوەرێکی ناو سروشت بەرزدەکەنەوە. شیعر کردەی خاڵیسی خوڵقانە.

## کردەی دروست کردن و داڕشتنەوەی هەبوو

کاتێک مەرجی حەقیقی شیعر خرایە هێزی جیاوازی شیعرێک لەگەڵ یەکێکی دیکەدا، بێ چەند و چوون دەکەوینە ناو کردەی دروست کردنەوە، چونکە لەم بارەدا کارا دەکەوێتە بەرانبەر کۆمەڵێک هەبوو. دەشبێت شتێکی جیاواز بهێنێتە ئاراوە لەبەرانبەر ئەواندا. ئەوە ئایدیای ڕەسەن دەڕوات و وێنەی هەبووەکانی دیکە دێنە ناوزەینی ئێمەوە. بەمەش ڕاستەوخۆ دەکەوینە ناو هەبووەوە. دەکەوینە ناو دنیایەکی حازر و ئامادەوە، ئەم پرۆسەیەش لە یادماندا ڕوودەدات. یاد بەوەی هەڵگرتنی ڕووداوەکانی لە ئەستۆیە. ئیدی ئەمە ڕووداو بن، یان هزر و ئایدۆلۆژیا، ئەو کات مرۆڤ دەبێت شتێکی تر دروست بکات. لێرەدا هەموو ئەمانە تێک دەشکێنێت و دووبارە دەیانسازێنێتەوە. ئەمەش کە جیاوازییە، هێنانی بوون نییە بۆ ناو عالەم، بەڵکو کۆلاجکردنی کۆمەڵێک هەبوو لە پێناوی جیاوازیدا. لە کردەی دروست کردندا هەمیشە ئامانج لەپێش کارەکەوەیە، بەڵام لە خوڵقاندا ئامانج دوای کارەکە دەردەکەوێت. دروست کردن هەمیشە ئەرکێکی واقیعی و دنیایی لە پشتە، بەڵام خوڵقان ئامانجێکی ئەنتۆلۆژی و ڕوحی هەیە، کە هەمیشە لەدوای خوڵقانەوە دێت.

لە دروست کردندا بارێکی دیکە هەیە، ئەویش ئەو بیرەیە کە لە دەرەوەی مرۆڤ دێت، کە کارێکی واقیعی ناچارمان دەکات ئەو کارە ئەنجام بدەین، وەک دروست کردنی کورسی، ئایدیای کورسی جەستەی مرۆڤ ناچارمان دەکات، ئامانج لێرەدا لەپێش کارەکەوەیە لەم کردەوەیەدا بوون بزرە، هەر بۆیە هەمیشە بەرئەنجامی کردەی دروست کردن وەک (شت) دەردەکەوێت و نابێتە هەبوو. بەهای لەناو خۆیدایەتی، بەڵام بەهای شت لەدەستی ئەوەدایە بەکاری دەهێنێ. هەبوو بەوەی هەڵگری بوونە مانایەکی شاراوەی لەخۆیدایە کە ڕەهایە، بەڵام شت هەمیشە لەکاتی پێویستیدا مانایەکی واقیعی هەیە لەڕێگەی بەکارهێنەرەکانییەوە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کردەی خوڵقان کردەی ئاشکرابوونی حەقیقەتە، حەقیقەت لە کردەی خوڵقانەوە دێت و خۆی وەک هەبوویەکی جیاواز نیشان دەدات، بەمەش لە ئەوانی دیکە جیاوازە کە خۆیەتی، نەک بەوە جیاوازە کە ئەوان نییە. کورد لە بەرئەوەی کوردە، فارس و عەرەب و تورک نییە، نەک لەبەرئەوە کوردە، چونکە فارس و تورک و عەرەب نییە. ئەگەر جیاوازیمان کردە جەوهەری شتەکان و بوون، ئەوە هەمیشە ئەوانی دیکە سەروەرن بەسەر ئێمەوە، واتە بەبێ ئەوان ئێمە نین. ئەوە بوونی ئەوانیشە ئێمەی ڕاگرتووە، نەک خۆمان، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە بوونی خۆمانە هەین نەک ئەوان. لێرەدا چییەتی مەرجی جیاوازییە، نەک چۆنیەتی. «لەڕوویەکی ترەوە دەکرێ بگوترێت ڕاستی لە تێکستدا ئەم دەسەڵات و ڕەوایەتییەی بەهۆی چۆنیەتی بەکاربردنی پەیڤەوە بەدەست دێنێ» (٣٣)

وابەستەکردنی (ڕاستی و چۆنیەتی) کرداری دروستکردن دەگرێتەوە، تا ئەم پرۆسەیەش ئەنجام بدرێت، دەبێت بوون دەرکرێ. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی وشەی (ڕاستی) شیاو نییە لە بری (حەقیقەت) ڕاستی ئاماژەیە بۆ شتێک کە هەیە و جارێ ئێمە نایزانین، چونکە (حەقیقەت) ئاشکرا بوونی نهێنی شتێکی هەبوو نییە، بەڵکو حەقیقەت حاڵی دەرکەوتنی بوونە لە عەدەمی حزوورەوە بۆ ناو عالەم. دواتر کاک ئازاد وەک هاو ڕۆشنبیرەکانی باوەڕی بە ئەسڵ نییە و پێی وایە لۆژیکی جیاوازی دەبێت پەیڕەو بکرێت. «ئەوەی کە لێرەدا سەرنجراکێشە باسکردنی ئەوەیە، تێکشکانی لۆژیکی ناسناوە لەتێکستدا، دەرگە

کردنەوەیە لە جیاوازی، لەتێکستیشدا یەکەم جیاوازی کە شوێنی باسە جیاوازی نێوان خود و ئەوی ترە» (٣٤)

دواتر مەرجی بوونیش بە جیاوازی دەزانێت و جیاوازی دەکاتە جەوهەری بوون «هەڵوەشاندنەوەی ماناکانی هاوتایی و هاوکۆکی ئەوە دەردەخەن کە جیاوازی دیاردەیەکە لەناخی بووندا ئامادەیە» (٣٥)

دواتر ئەم وتارەی کاک ئازاد هەر بەوەوە ناوەستێ، بەڵکو پەل بۆ وتارەکەی هایدگەر دەهاوێ و دەکەوێتە ناو هەڵەی تەفسیر کردنەوە. هایدگەر لە باسی (هۆڵدرلین)دا دەڵێت: «بە شیعر شیعر دەردەبڕێ» (٣٦)، بەڵام کاتێک ئازاد تەفسیری دەکات دەیگۆڕێت و دەڵێت «کردەی شیعری هۆڵدرلینیش بەخۆی هەڵوێستی بووناوی ناژێ و هەوڵێکیشە بۆ دروست کردنی فەلسەفە بە شیعر» (٣٧) پاشان کاک ئازاد زۆر ئاڵۆز دەبێت کاتێک خۆیشی لەبیری دەچێتەوە کە سەرەتا چی نووسیوە. لە شوێنێک دەڵێت: «بەم جۆرە کە زمان دەبێ بە داڵدەی بوون ئەو کات ڕۆڵ لە بەخێوکردنی شیعردا دەگێڕێ» (٣٨)

دواتر دێت بە پێچەوانەی ئەم دیدەی خۆی قسان دەکات و دەڵێت: «زمانیش مێژوویی خۆی بەدەست ناهێنێ لەبواری دواندا نەبێ، واتە شیعر تەنیا لەبواری زماندا کارەکانی ئەنجام دراوە و شیاوکردنی زمانیش تەنیا لە توانای شیعردایە» (٣٩)

لەباری یەکەم، زمان دەکاتە دایکی شیعر، بەڵام دوایی دەڵێت نا! شیعر دایکی زمانە. ئەمەش هەمووی نەخوێندنەوەی ڕۆشنبیری ئێمەیە. ڕۆشنبیری ئێمە تەنیا بۆ ناوهێنانی فەیلەسووفەکان و سەرباسەکانیان ئازایە، بەڵام کاتێک دێتە سەر هزر ئەوە وێرانە دەخوڵقێنن. ئەمەش هەمووی ئەو چێژی خۆپیشاندانەیە کە ڕۆشنبیر هەیەتی بۆ دەسەڵات و دەرەوەی خۆی هەر ئەوەندە کە ئەو ببینرێ لەچاوی ئەوانی ترەوە بەسە. زۆر بە ئاگان لەسەر ئەوی تر، بەڵام هیچ ئاگادار نین بە هزر و هزریش بۆ دەرەوەی خۆی لەدایک نابێت، کاک ئازاد ڕاستی بیرکردنەوەی نییە بەرانبەر بە شیعر، بەڵکو وەرگرتنی هەیە، ئایدیالۆژیای هەیە. لەسەرێکی دیکەوە ڕۆشنبیران لەهەڵەدان کە دێن قسە لەسەر شیعر دەکەن، هەمیشە شیعری ئەم دواییە دێننەوە تا قسە لەسەر چییەتی شیعر بکەن.

بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە لەدوای (مەحوی)یەوە، یەک تاکە شاعیر نەهاتووە بوونی دەربڕبێت و لەڕێی ئەوەوە ڕوحی نەتەوە ئاشکرا بێ، (مەحوی) بەوە گرنگە کە لە ڕێگەی نیشاندانی بوونی خۆیەوە، بوونی نەتەوەش نیشان دەدات. شیعری کوردی دوای مەحوی، منداڵ بووەوە. بەوەی هەمیشە بە مەسەلە واقیعی و ئایدۆلۆژیایی و سایکۆلۆژیەکانەوە سەرقاڵە. ئەم شیعرانەش بوونیان دەرنەبڕیوە. هەربۆیە دەست نادەن بۆ ئەوەی بکرێنە سەرچاوە بۆ ئەوەی باسی شیعر بکەین، لەوێدا گوناهبارن، دواتریش مەحوی نەبینراوە، مەحوی لەناو بەرگی سۆفی و عاریف و زاهیدا زیندانی کراوە، بێ ئاگا لەوەی مەحوی زۆر قووڵ تەعبیر لە بوون دەکات. ئەوەی هەیە دواجار کاک ئازادیش دەکەوێتە دەرەوەی شیعر، چونکە هەر سەرەتا خۆی دەکاتە دەرەوەی بوونی خۆی و چاو لە هەبوو دەکات، هەتا بتوانێت جیاواز بێت، بەهیوای ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە زەمینەیەک بێت، ئاماژەیەکی بچووک بێت بۆ هاتنی شاعیرێک کە تەعبیر لە بوون بکات، بەمە مەحویش لەو تەنیاییە ڕزگار بکات و لەو زیندانەش ئازادی بکات.

## نەست وەک جەوهەری شیعر لای بەختیار عەلی

(گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر) بە تەنیا وتارێک نییە کە دەرکەوتەی بیرکردنەوەی بەختیار بێت، وتارێکیشە کە ڕۆشنبیری کوردی دەکاتە لووتکەی قوولبوونەوەی خۆی. ئەم وتارە تەواوی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی تێدا دەربارەی شیعر کۆکراوەتەوە. خاڵی جیاوازی ئەم وتارە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوەیە واز لە دەرەوە دەهێنێت وەک واقیع و لەناو مرۆڤدا بۆ ڕیشەکانی شیعر دەگەڕێت و دەیەوێت لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە شیعر دیاری بکات. ئێستا با بزانین ناوەوەی مرۆڤ لای بەختیار چی دەگەیەنێت؟ یانی چی مرۆڤ کە دەڵێت من لە دیدی بەختیاردا؟ ئایا من لای بەختیار منی مرۆڤە بەتەنیا، یان هەموو ئەوانی دیکەیە لەگەڵ ئێمەدا؟ ئایا لەم وتارەدا شیعر تەسلیمی چ هێزێک دەکرێت؟ سەرەتا وا باشە کۆمەڵێک چەمک ڕوون بکەینەوە، ئەوجا وتارەکە بخوێنینەوە.

## جەستە وەک ڕایەڵی پێوەندی مرۆڤ بە دنیاوە

ئاشکرایە جەستەی مرۆڤ سەرەکی ترین ڕایەڵە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ واقیعدا بڕوات و واقیع بێتە ناوی و ئەویش خۆی بخاتە ناو واقیعەوە، ئەوەی جەستە دەیکات ئاشکراکردنی مرۆڤە. واتە جەستە هەر تەنیا ئەرکی فیزیکی نییە، یان تەنیا ئەوە نییە هەست بەشتەکان

بکەین، بەڵکو هزریش کە وەک یەکەیەکی ڕووت و پەنهان هەیە، جەستە وادەکات بیخاتە واقیعەوە، ئەمە بۆ مرۆڤ، بۆ واقیعیش جەستە هەمان کاری خۆی دەکات، واتە واقیع دەهێنێتە ناو مرۆڤەوە کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە واقیع دەکرێتە زانیاری و دێتە ناو مرۆڤەوە.

ئەم زانیارییە وەک وێنە دێتە ناو زەینەوە، ئیتر کە باسی بەرد دەکەین ئێمە دەزانین شتێک هەیە ڕەقە و نەرم نییە، هەروەها کاتێک بیرێک بەبیرماندا دێت، ئەم بیرە لە ڕێگەی جەستەوە دادەبەزێتە ناو واقیعییەوە، واتە جەستە کردەی ڕایەڵی عەینی کردنەوەی هزر و ڕایەڵی بەوێنە کردنی زانیاری کردنی واقیعە، ئەگەر لە هزردا شتە ڕووت و پەتییەکان وا لێ بکات کە بەرجەستە کراو بن. ئەوە لە واقیعدا وا دەکات کە واقیع لە بەرجەستەییەوە بکاتە وێنەیەکی ڕووت. لە هەر دوو بارەکەدا پرۆسەکان کە تەواو دەبن دەچنە ناو یادەوە کە نەستی مرۆڤە. نەست وەک شوێنی هەڵگرتنی یادەوەری و وەک پاڵنەری جەستەی مرۆڤ کار دەکات، نەست شوێنی ئەوانی ترە لە ئێمەدا، بە ئاگا لەوەی کاتێک بوون لە شیعرێکدا دەردەکەوێت دواتر دێتە ناو نەستەوە، تەنیا بۆ یەکەم جار ئەم شیعرە وەک ڕووداوێکی تازە و دووبارە نەکراوە دەردەکەوێت، بەڵام کاتێک دەکەوینە دووبارەکردنەوەی ئەم شیعرە، ئەوکاتە دەکەوینە ناو داڕشتنەوەی هەبوو، لەم بارەدا لاسایی خۆمان دەکەینەوە، پاشان نەست توانای سازدان و وێنەگرتنی ئەوی دیکەی هەیە، ئەویش خودە، خود وێنەی ئێمەیە لەزەینی ئەوانی تردا. خود ئەوانی دیکە بەئێمەی دەدەن، بەو شێوەیەی کە لای خۆیان وێنامان دەکەن. ئەگەر نا خود جەوهەری مرۆڤ نییە.

خود دواجار ئێمە بەدنیاوە دەبەستێتەوە. ئەمڕۆ دنیا شوێنی کۆبوونەوەی خودەکانە نەک جەوهەرەکان. خود دەرکەوتەی بوونی خۆمان نییە، بەڵکو دەرکەوتەی وێنای ئەوانی ترە بۆ ئێمە، ئەم خودە تەعبیر لە ئەوانی دیکە دەکات لەناو واتا، خود وێنەی مرۆڤە، وێنەیەکی نەجوولاو و جێگیر، کە ئەوانی دیکە دەیدەنە ئێمە و دەشتوانن تێکی بدەن. لای بەختیار ڕاستی جەوهەری مرۆڤ خودیەتی، شیعریش هیچ نییە، جگە لە تەعبیر کردن لە ئەوانی دیکە نەبێت، بەو شێوەی خۆمان دەمانەوێ، لای بەختیار مرۆڤ جەوهەری نییە، وەک منێکی ڕەسەن و ڕەها، واتە مرۆڤ بوونێکی نییە، کە وەک یەکەیەکی سادە و پەتی هەبێت و مرۆڤ بەشوێن زەمینەی هاتنە دەری ئەم منەدا بگەڕێت، بەڵکو من لای بەختیار ئەفسانەیە و مرۆڤ هەر ئەوەیە کە ئەوانی تر دیاری دەکەن چییە. خودیش ناو دەنێت ڕوحی گشتی کە مرۆڤ بە ئەوانی دیکەوە دەبەستێتەوە «ڕوحی گشتی هەیە، ڕوحی گشتی شتێک نییە بتوانین لەیادی بکەین. هەر جارێ بە ناوێکەوە دێتەوە، بەڵام دواجار هەمیشە ئاماژەیە بۆ ئەو پردەی من بەجیهانەوە گرێ دەدات. دواجار ئاماژەیە بە تۆ و هەموو یادەوەرییەکانت لە ناو مندا، وا تێدەگەم ڕوحی گشتی ئەو بەشەیە لەمندا کە من نییە» (٤٠)

دواتر بەختیار دێت و تەواو ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە مرۆڤ جەوهەری هەبێت، بەڵکو مرۆڤ بەبێ ئەوانی دیکە مانای نییە. واتە تۆ کاتێک هەیت کە ئەو شایەتیت بۆ دەدات. بەبێ شایەتی ئەو ئێمە نین. بۆیە دواتر دەڵێت «من ئەفسانەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی بژین، کەرەستەیەک و وشەیەکە حەقیقی نەبوونی خۆیمان لێ ون دەکات، وشەی من جگە لە داپۆشینێک و چەواشە کردنێک، هەڵەسازییەکی ئەنقەست بۆ نەبوونی من زیاتر هیچی تر نییە» (٤١)

نەست خۆی بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ گەر مرۆڤ لەناو نەستدا بێت کە جیهانی ئەوانی دیکەیە لەناو ئێمەدا. هەرچی بڵێت و هەرچی بکات لەژێر زەبری ئەوانی دیکەدایە، بەڵام ئایا بەڕاست مرۆڤ هەر ئەوەندەیە؟ ئایا مرۆڤ خاوەنی خۆی نییە؟ ئایا جەوهەرێک نییە دواتر من و تۆ لە یەک جیا بین؟ ئایا جیاوازی مادام هەیە، کەواتە شتێکی نەگۆڕ و حەقیقەت بوونی نییە؟ دیارە لای بەختیار حەقیقەت نییە و حەقیقەت وشەیەکە کە دەمان وەستێنێ و دوا مانایە و لەتۆتالیتاریەت نزیکمان دەکاتەوە. هەر لێرەشەوەیە کە منی دیکارت ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت درۆیە «من بیر دەکەمەوە... ئایا دروست منم کە بیردەکەمەوە کاتێک زمان و نەست و وێنەکان منیان حکوم کردبێت» (٤٢)

بەڵام با بڕۆینە لای دیکارت و بزانین جەوهەری مرۆڤ چییە؟

### من وەک جەوهەری مرۆڤ لای دیکارت

«من وەک ئەرخەمیدس بەشوێن یەک خاڵدا دەگەڕێم» (٤٣)، ئەم پنت و جەوهەرەی دیکارت بەشوێنیدا دەگەڕێت بریتییە لەمن، منێک کە تەواو

خودی مرۆڤ دەردەبڕێت، بەوەی مرۆڤ خۆیەتی و ئەوانی دیکە نییە. ئەو وێنەیە نییە کە ئەوانی دیکە بۆمان دادەتاشن، بەڵکو مرۆڤ منێکە بیر دەکاتەوە. بیرکردنەوە بریتی نییە لە ڕێکخستن و دووبارە دارشتنەوەی ئەوانی دیکە لەناو خۆتدا. بیرکردنەوە تەواو بریتییە لە دابەزینی بوون بۆ ناو بیر. بیرکردنەوە مانەوەی مرۆڤە بەوەی کە هەمیشە تەعبیر لە شتێک دەکات کە خۆیەتی و کەسی دیکە نییە. مرۆڤ بەم بیرکردنەوەیە دەبێتە هەبوو. هەبوویەک کە خاوەنی بوونی خۆیەتی و لە هەمموو ئەو هێزانە دابڕاوە، کە دەکەونە دەرەوەی خۆی، ئەم منە لە دیکتاتۆریەتەوە دوورە وەک لە ڕۆشنبیری کوردیدا وا زانراوە.

ئەم منێتییە وەعییەکی تەواوی مرۆڤە بەرانبەر بەخۆی و دەوروبەر، مرۆڤ بەمە دەکەوێتە ناو هارمۆنییەتەوە لەگەڵ سروشت و لەگەڵ هەمموو مۆنادەکانی دیکە. حەقیقەت دەرکەوتنی هارمۆنییەتی ئەقڵەکانە لەگەڵ یەکتر. کاتێک حەقیقەت دەردەکەوێ هەموو ئەقڵەکان پەسەندی دەکەن، چونکە هەمموو ئەقڵەکان یەک ئایدیالیان هەیە و بە یەک بنەما بیردەکەنەوە. شیعر لەمانا ڕاستەقینەکەیدا تەعبیرە لەو هارمۆنیەتە، شیعر کۆکردنەوەی مۆنادەکانە، گەڕانەوەیە بۆ ئایدیالەکانی خۆیان. لە شیعردا شیانی پێکەوە بوونی ئەقڵەکان هەیە، بەڵام بەختیار دەڵێت: «بەوەدا وێنەی جیهان لەنێوان من و تۆ وەک یەک نییە، ئیدی بەڵگەنەویستە کە وێنەی حەقیقەتیش وەکو یەک نییە» (٤٤)

ڕاستی شیعر نەک هەر بیرکردنەوە نییە، بەڵکو ڕەسەنترین بیرکردنەوەشە، چونکە هەمیشە لە چیەتی شتەکان نزیک دەبێتەوە، ئەوەیش شیعرێک جیهانی دەکاتەوە پێوەندی هەبوونی ئەو شیعرییە بە بوونەوە. بوون یەکە و بنەمای هەمموو هەبووەکانە. نەک جیاواز بێت و حەقیقەت ڕێژەیی بێت. با نموونەیەک بۆ خۆمان و بۆ بەختیاریش وەرگرین، جەستەی مرۆڤەکان هەموویان جیاوازن، هەیە ڕەشە و هەیە سپی و هەیە سوور...تاد، هەیە درێژ و هەیە کورتە، بەوەدا کە جەستەکان جیاوازن، ئایا هەر جەستە و خاوەنی یاسایی خۆیەتی بۆ چارەسەرکردنی، دیارە نەخێر، زانستی پزیشکی هەمیشە یاسا گشتییەکانی جەستە دەدۆزێتەوە کە جەستە یەک یاسای هەیە، کە بەسەر هەمموو جەستەکاندا پەیڕەو دەبێت، یاساکە لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە لەناو جەستەدا هاتووەتەدەر، ئەممەش بەهۆی خستنە بواری ئەو جەستەیەوە بووە بۆ ناو تاقی کردنەوەیەک، ئایا کەسمان دەتوانێت نکوڵی لەمە بکات...؟

ڕوحی مرۆڤیش خاوەنی یەک یاسایە، ئەم یاسایە گشتییە بەوەی هەموویان لەو شوێنەدا یەک بنەمایان هەیە، بەڵام میتافۆری ڕوحەکان جیاوازە، شیعر هەمیشە شوێن ئەو بنەمایە دەکەوێت، ئەو بنەمایەش دەرهێنانی ئایدیالە کە ڕوحەکان هەمموو خاوەنی ئەون. بەمەدا حەقیقەت یەکە و ئەوەی جیاوازە ڕوخسارە، نەک حەقیقەت نییە و حەقیقەتەکان زۆرن، بەمە بێت ئیدی مرۆڤ دەکەوێتە ناو بەرەڵڵاییەوە، چونکە بەم یاسایە کە هەموومان ئەوەی لامان هەیە حەقیقەتە و هەمووشمان ئازادین لەوەی پەیڕەوی بکەین، تیرۆریستیش بەوەی پێی وایە ئەوەی لایەنی حەقیقەتە و تەواو باشە، گەر وا بێ تیرۆریست بەچی تاوانبار بکەین. ڕاستی کێشەی ئەو وتارە ئەوەیە نەست دەکاتە جەوهەری مرۆڤ و شیعریش. مرۆڤیش هەر ئەوەندەی لەدەستدا هەیە کە ئەوانی دیکە لەناو نەستدا هەڵوەشێنێتەوە و دروستیان بکاتەوە. «شاعیرییەت تەنیا ئارەزووی تەعبیر کردن نییە لەو شتانەی لەناوتان، بەڵکو جۆرێکە لە پیشەسازی گەورە، شاعیرییەت تەنیا هاتنە قسەی خود نییە، بەڵکو دروستکردنێتی» (٤٥)، دواتریش دێت باسی خود دەکات و دەڵێت «کە قسە لەخود دەکەین تەواو قسە لە خۆمان ناکەین، خودی ساخ و خالیس جگە لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە» (٤٦)

دواتر دێت تەواو شوێنی شیعر دیاری دەکات و دەڵێت «شیعر لە خەیاڵ و یادەوەری و زمان و قووڵاییە تاریکەکانی نەستەوە دێت» (٤٧)

لەڕاستیدا بە تیۆرییەکانی پێشوو هەر دەتوانین ئەم وتارەشی پێ بخوێنینەوە وەک تیۆری خولقان و دروست کردن، بەڵام لێرەدا دەوەستین بەو هیوایەی کە خوێنەر بتوانێت لەپێناوی ئاشکرابوونیدا وردتر ئەم وتارە بخوێنێتەوە.

* * *

لەکۆتاییدا تێدەگەین کە (بوون) لە ڕۆشنبیری کوردیدا نەک هەر بزرە، بەڵکو بەردەوام هەوڵی داپۆشینی دراوە، بەردەوامیش زەمینە نەسازاوە بۆ دەرکەوتنی، ئەوەش لەم چوار ڕۆشنبیرەدا دیمان، ئەوە بوو هەموویان لەیەک شوێندا بیریان دەکردەوە، شوێنێکی دیکە هەیە کە عیبارەتە لە (من)، بەبێ چوونە ئەم شوێنە هیچ ئاسان نییە ڕۆشنبیری کوردی بچێتە ناو قۆناغێکی ترەوە کە ئیتر

بیرکردنەوە حزووری هەبێت، چونکە بیرکردنەوەی ڕەسەن لەم منەوە دێت، ڕۆشنبیری کوردی بیرکردنەوەی هەیە، بەڵام زۆر لاوازە. سێبەری بیرکردنەوەی هەیە، لای بەختیار کە هەمیشە لەبەر دەرگەکاندا دەوەستێ، وێنەی بیرکردنەوەش هەیە، لای فارووق ڕەفیق کە وێنە هەیە، بەڵام ناوەرۆک نییە. وێنەی فەلسەفە هەیە، بەڵام بیرکردنەوەی فەلسەفی نییە، تا ئەو ڕادەیەی وێنەی فەلسەفە لەکامیراوە بڵاو دەکاتەوە، بەڵام یەک زەڕە بیرکردنەوەی فەلسەفی تێدا نییە. دیارە ئەم ڕۆشنبیری کوردییەش وەک حیزب لایەنگر و دەروێش و ئەندام و ڕۆژنامە و دەزگای هەیە، دواجاریش تارمایی هەیە. بۆ ئەم وتارە بابەتی دیکە هەبوون، لەسەر شیعر قسەیان لەسەر بکەین وەک (هاوژین مەلا ئەمین و ئاسۆ جەبار و نیهاد جامی و...تاد) بەڵام ئەمانە ڕاستی تارمایی ڕۆشنبیری کوردین، ئەشکەوتێکن بۆ دووبارەبوونەوەی دەنگی ڕۆشنبیری کوردی.

ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆشنبیرەکان خۆیان کەوتینە گفتوگۆ، پێویستی نەدەکرد سێبەرەکانیشیان بخوێنینەوە، بەو ئومێدەی ئەم نووسینە زەمینەیەک بێت بۆ گەڕانەوەی خوێندنەوە. کە ڕاستی ئەوە نییە ئێمە دەزانین خوێندنەوە زەمینە خۆشکردنە بۆ دەق، هەتا خۆی شایەتی لەسەر خۆی بدات کە چییە؟ نەک ئێمە خەیاڵیان بکەین و وێنایان بکەین و دایانتاشین، خوێندنەوە دۆزینەوەی ئەو زەمینەیەیە کە شتەکان خۆیان تێدا ئاشکرا دەکەن و خۆیان نیشانی ئێمە دەدەن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١١- تێڕامانی میتافیزیکانە لە فەلسەفەی یەکەم، دیکارت، و: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، ساڵی ٢٠٠٧ هەولێر، لاپەڕە ٥٥.**

**١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٠.**

**١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٥.**

**١٤- شیعریەتی بوون، ڕێبوار سیوەیلی، شیعرستان ژمارە٨، خولی دووەم، لاپەڕە ٥٠.**

**١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٠.**

**١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٠.**

**١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥١.**

**١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٢.**

**١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٢.**

**٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥١.**

**٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥١.**

**٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٤.**

**٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٦.**

**٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٧.**

**٢٥- هۆڵدەرلین، و: گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، و: حەمید عەزیز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٠٤) ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر، لاپەڕە ١٣٧.**

**٢٦- دیدی مارتن هیدگەر، نامۆ بوون لە ئۆنتۆلۆژیای زمان/ شیعر. بەکر عەلی، گۆڤاری ئازادی، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٩٤ لاپەڕە ١٤٧.**

**٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٨.**

**٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٩.**

**٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٩.**

**٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥١.**

**٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥٣.**

**٣٢- بیری پۆست مۆدێرنیزم، ئازاد حەمە، چاپخانە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕە ٣٤٢.**

**٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٤٤.**

**٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٤٥.**

**٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٤٢.**

**٣٦- هۆڵدەرلین و گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، ڕامان، لاپەڕە ١٣٥.**

**٣٧- بیری پۆست مۆدێرنیزم، ئازاد حەمە، چاپخانە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٢ لاپەڕە ٣٤٨.**

**٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٤٨.**

**٣٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٤٩.**

**٤٠- گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٧١) ساڵی ٢٠٠٢ هەولێر لاپەڕە ٦.**

**٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧.**

**٤٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧.**

**٤٣- تێڕامانی میتافیزیکیانە لە فەلسەفەی یەکەم، دیکارت، و: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، ساڵی ٢٠٠٧ هەولێر لاپەڕە ٤٣.**

**٤٤- گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٧١) ساڵی ٢٠٠٢ هەولێر، لاپەڕە ١٧.**

**٤٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩.**

**٤٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠.**

**٤٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١.**



# ئاوڕدانەوەیەکی خەست لە مێژووی ژیانی ئەدەب

**یوونس ئەمین پوور**
**(بۆکان)**

جۆلانە و بێشکەی مەڵبەندی موکریان پیاوانی ماقووڵ و مەزنی ڕاهێناوە و گەورەی کردووە، چوارچێوەی کوردستان بەگشتی و موکریان بەتایبەتی گۆڕەپانی شیعر و هەڵبەست و هونەرە تا شۆڕە سوارانی ئەدەبی کوردی بە کەیفی خۆیان ڕکێف لێدەن و فڕکەیان بێت و ئەسپی خەیاڵ و بیر و هزری وشەی ناسک و ڕەنگینی کوردی تاودەن تا بەڵکو وەستا دەست ڕەنگین و کارجوانەکان کۆشک و تەلار و باڵاخانەی کوردەواری بە مافووری جوان و خۆماڵی ئەدەبی و فەرهەنگی بڕازێننەوە.

چیمەن و دیمەنی جوانی، ڕژد و گەوە و ئەستەمانی، تەرەغە، ناڵەشکێنە و حەوزە گەورەی بۆکانی، جەغەتوو و چۆمی مەجیدخانی، بۆتە گوڵزاری بلبلانی موکریانی.

شاعیرانی وەک: سەیفی قازی، هەژار، هێمن، سوارە، ئیمام، سالاری سەعید، ئەحمەد هەڵوا و دەیان و سەدان شاعیری دیکە لە گوڵی ئەو مەڵبەندە شیرەیان هەڵمژیوە و هەنگوینیان لێ هەڵقولاوە. یەکێک لەو کەڵە

شاعیرانەی لە کۆشک و باڵاخانەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی جێگای شیاوی خۆی کردۆتەوە، بە ئارخەیانی پاڵی داوەتەوە و بۆتە مایەی شانازی نەتەوەکەمان، «عەبدوڵڵا بەگی مسباحوددیوانی ئەدەب» براگەورەی «سالاری سەعید»ی شاعیرە. عەولابەگ کوڕی ئەحمەد بەگ، کوڕی برایم بەگ، کوڕی ئەحمەد بەگ، کوڕی برایم بەگ، کوڕی ڕۆستەم بەگ کوڕی کەیکاووس بەگ، کوڕی شێخ حەیدەربەگە، هەربۆیەش شۆرەتیان بە «حەیدەری» ناو و ناوبانگی دەرکردووە و بە ڕۆستەم بەگی-یش بەناوبانگن، مزگەوتی ڕۆستەم بەگی سابلاغ ئاساری ڕۆستەم بەگی باپیرە گەورەی میسباحە.

میسباح ناوی دایکی بەگم خانم بووە، لە ئاوایی ئەرمەنی بلاغی، ناوچەی ئاڵەشین سەر بە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو و خاوەن هەست و زەوق لەدایک بووە، تاکو ئێستاش ساڵی لەدایک بوونی بە ڕاستی نەزانراوە.

ئەحمەدبەگ سێ کوڕی بووە کە بریتین لە عەبدوڵلابەگی میسباح، عەلی بەگی حەیدەری، ناسراو بە (سالار سەعید) عەزیز بەگ، میسباح لە ئاوایی خۆی لەلای مەلا فەیزوڵڵا خەریکی خوێندنی سیپارە بووە، پاشان مامۆستایەکی تایبەتی بەناوی (میرزا عەبدولوەهابی تالشی)یان بۆ گرتووە.

عەولابەگ هەر لەمنداڵییەوە خاوەن هەست و زەوق و لە لای باوکی زۆر خۆشەویست بووە، باوکی ناسناوی «خانی خانانی» موکریانی پێداوە، بەڵام ئەو کاتەی کە محەمەد عەلی شای قاجار، جێ نشینی شاری تەورێز بووە، میسباح لەلایەن بازرگانێکی شاری تەورێز بەناوی هومایونفەر، کە پێی قەرزدار بووە، شکایەتی لێکردووە و خراوەتە زیندان، بەو پارچە شیعرە:

**شاها برفتی چنین جاه و محتشم خود را بر گزیدی بر این راه مقدم**

بۆ محەمەد عەلی میرزای نووسیوە و لەو شیعرەدا ئاماژە بە کوشتنی ناسرەددین شا دەکا و هەڵمەت بۆ میرزا ڕەزای کرمانی دەبا کە ئەو پادشا مەزنەی بەڕەشەکوژی کوشتووە، محەمەد عەلی میرزا شیعرەکەی زۆر پێ خۆش دەبێ، لە زیندان ڕزگاری دەکا و ناسناوی میسباحوددیوانی پێدەدا.

ئەدەب بە حەوت زمانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیسی، ڕووسی و فەڕانسەوی ئاشنا بووە. بۆ ماوەی دوو ساڵ لە فەڕانسە خەریکی خوێندن و



ماوەی ساڵێکیش لەڕووسیە خوێندوویەتی. پاشان دووجار بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی سەفەری ڕووسیەی کردووە.

میسباح لە شێوەکاریدا دەستێکی باڵای هەبووە و تەواوی دەرک و دیواری دیوەخانی قەڵاکەی وێنە و تابلۆی جۆراوجۆر، بەتایبەت نوسرەت خانمی لێ کێشاوە. دەواخانەی زۆر گەورەی هەبووە و خەڵکیشی بەخۆڕایی دەرمان کردووە و ناوی دیوی نەقاشانی لێ ناوە و شاگردی دەواخانەکەی کەسێکی بێ سەواد بەناوی مستەفا محەممەدی شقاق، خەڵکی ئەرمەنی بلاغی بووە کە تەواوی دەواکانی ناسیوە و هەر کاتێک دەرمانێکی ویستووە، بۆی هێناوە.

میسباح پێنج ژنی هێناوە کە ژنی هەوەڵی جەواهێر خانمی جانگیربەگی ئاغجێوانە و ئامۆزای خۆیەتی، لەو ژنە سێ کوڕی بەم ناوانە بووە؛ محەمەد کەریم ناسراو بە مسباحی دووەم، عەبدولڕەحیم ناسراو بە ئیفتیخار، ئەحمەد ناسراو بە ئاغاچکۆڵەی کانی مەملێ کە ئاغا چکۆڵە بۆ خۆی خاوەن هەست بووە و لەلای باوکی فێری پزیشکی بووە و زۆربەی شیعرەکانی باوکی بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە.

ژنی دووەمی عەوڵلابەگ، ناوی ستارە کچی «استاد حسن مقنی» خەڵکی تەورێز بووە کە لە پێنجی (جمادی الاول/ ١٣١٧ هـ.ق) مارەی کردووە.

ژنی سێیەمی میسباح کە کوورەی دڵی نێڵ داوە و بۆتە شەمسی مەولەوی و حەبیبەی نالی و میسباحی کردۆتە قەقنەس و ئەدەبی عاشق و سەوداسەری سەرتاپای جەماڵی خۆی کردووە و تەواوی هۆنراوەکانی بە بۆنەی ئەوەوە هۆندیوەتەوە و لە کۆتاییشدا بەبێ وەفایی لە لای ڕۆیشتووە، نوسرەت خانم، کچی میرپێنجی قەرە گوێز بووە کە بە میرپێنجی قەرەداغ بەناوبانگە، ماوەی یەک حەفتە شایی بۆ گێڕاوە و لەکاتی گواستنەوەیدا لەتەپی «کەرێزێ» لە ئەرمەنی بلاغی تا نێو قەڵاکەی مەخمەری سوور و شینی ڕاخستووە و کاتێ بووک و زاوا گەزێکی لێ ڕەد دەبوون، خەڵکی لەپشتەوە بۆ کوڵۆنجە و کەوا بریویانە.

نوسرەت کابەی خۆشەویستی و چل دانەی نیازی میسباحە، نوسرەت هەوێنی شیعر و گوڵی پشکوتووی باغی ژیانی ئەدەبە، بۆیە ئەو بلبلە قەت لە خوێندن ناکەوێ، هەربۆیە ئەو کاتەیە نوسرەت خانم لە ماڵی باوان

بووه و میسباحیش بۆ سەفەر چۆتە تەوریزێ، هەواڵیان بە میسباح داوە کە نوسرەت خانم نەخۆشە، بە خێرایی گەڕاوەتەوە و سەفەرەکەی پەک خستووە و بەو شیعرەش دەردی دەروون هەڵدەڕێژێ:

**چاوەکەم بیستم نەخۆشیت، یارەبی نەتبێ ئەلەم**
**تۆ کە یەک زەڕڕەت ئەلەم بێ، بۆ مە یەک دنیایە غەم**
**هێندە خەمناکم لەبەر تۆ، ئەی نیگاری خونچە لەب**
**چی دەکەم، چەندی دەکەم، ناچێتە سەر کاغەز قەڵەم**
**ئەگەر نەگا ئەو ڕۆژە نامەی سیحەتی ئەندامی تۆ**
**خەو لە چاوم ناکەوێ بەو دوو لەبی لەعلت قەسەم**

بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستی و عەشق و سۆز و ئەوینە، نوسرەت خانم لەگەڵی بێ وەفا بووە و میسباحی بەزەلیلی و ئیفلیجی بەجێ هێشتووە و مێردی بەحاکمی سابلاغ بەناوی (ڕەشید ئەلمولک) کردووە. ئاغایان و گەورە پیاوانی ناوچەی موکریان بۆ ئەوەی شەڕ نەکەوێتە ناوچەکە، مولکی سێ دێیان پێداوە کە نوسرەت خانم تەڵاق بدا، بەڵام میسباح چونکە زۆری نوسرەت خۆش ویستووە، گوتوویە تا بۆ خۆم گوێم لە قسەی نەبێ تەڵاقی نادەم، کاتێ کە قسەی لەگەڵ کردووە؛ کە بۆ خۆت هاتووی، یان بە زۆری هێناویانی؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتوویە بۆ خۆم هاتووم، نایەمەوە لات. میسباحیش لەنێو پیاوماقووڵان و مەزنە پیاوانی موکریاندا لەسەر تەپاڵەیەک تەڵاقی داوە.

دوای ئەو ڕووداوە، ژنی چوارەمی هێناوە بەناوی عەنبەر خانم کە خەڵکی ئەرمەنی بڵاغی و قەرەواشی خۆیان بووە، ئەو ژنە ئەوەندە جوان و لەبەر دڵان بووە، میسباح ناوی نوسرەت شکێنی لێناوە و کوڕێکی بەناوی عەزیزخان بووە.

ژنی پێنجەمی میسباح بەناوی جەمین خانمی ئەحمەدە زەردە کە کوڕێکی لەو ژنە بەناوی حەسەن بەگ هەبووە کە ئەویش جوانەمەرگ بووە.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەب خواردنەوەی ئاوی جەغەتووە، تەنانەت ئەوکاتەی کە لەماڵی برایم ئاغای باغچەی فەیزوڵڵا بەگی ئاوارە دەبێ، بە وتەی کاک حەسەنی سوهرابی پیاوێکیان بەناوی ئەحمەد ڕابی بۆ تەرخان کردووە تا لە ساروقامیشەوە لە دەم چۆمی جەغەتوو ئاوی بۆ بێنێ، بەڵام ئەویش بۆ تاقیکردنەوەی میسباح ڕۆژێک لەئاوی کانی و ئەستێر ئاو دێنێ و تا وەختی خۆی ناگەڕێتەوە کە ئاوەکە دێنێ و میسباحیش بۆنی پێوەدەکا، دەزانی ئاوی جەغەتوو نییە، کابراش زۆر



تەریق دەبێتەوە و دەچێ دووبارە ئاوی جەغەتووی بۆ دێنێ.

میسباح جگە لە شیعر، هەڵبەستی بۆ گۆرانی داناوە، لە مۆسیقا و شێوەکاری و خەتخۆشی و... دەستی پزیشکی بووە. لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دەمەتەقە و مونازەرەی شیعریان بووە. ئەوکاتەی چلەی زستان، پەریسیماخانمی حەیدەری، پووری میسباح لە ڕەحیم خانەوە بەپیاوێکدا بەناوی ئەحمەد خەیات هەڵوای بۆ میسباح ناردووە، ئەحمد خەیاتیش پیاوێکی نەخوێندەوار و شاعیر بووە و تەنانەت یەکێ لە شاگردە هەرە باشەکانی ئەحمەد هەڵوای شاعیر، خاوەنی بەیتی «کەڵ و شێر» و «کەللەسەرە»:

ئەحمەد خەیات بەو شیعرەی خوارەوە گاز دەکاتە میسباح و دەڵێ:

**گەردن قورینگی خاسەکەوێ**
**مەرگم وەپێش مەرگت کەوێ**
**بە کاڵەوە ڕێم ناکەوێ**

میسباحیش ئاوای وەڵام دەداتەوە:

**گەردن قورینگی شارەزووریێ**
**بە کاڵەوە وەرە ژووریێ**
**ئاغا لە نۆکەر نابووریێ**

میسباح لەگەڵ شاعیرانی ناوداری زەمانی خۆی هاموشۆی بووە و شیعری خوێندووەتەوە و شیعری بۆ خوێندوونەتەوە، لە جافایەتی سەردانی شاعیری ناودار و غەزەلنووسی گەورەی کورد تاهیر بەگی جافی کردووە و بۆ یادگار شیعری خۆی بە خەتی خۆی بۆ بەجێ هێشتووە و بەداخەوە لە ساغکردنەوەی دیوانی تاهیر بەگدا شیعرەکەی میسباح بەهەڵە تێکەڵ بە شیعری تاهیر بەگ کراوە، کە بەڕێز حەسەن گۆران لەچاپی تازەی دیوانی تاهیر بەگدا کە لە بڵاوکەرەوەی گۆرانی سنە بڵاوی کردۆتەوە ئاماژەی بەو هەڵەیە کردووە و ئێمەش لێرەدا شیعرەکە کە بۆ نموونە دێنینەوە، هیوادارم شیعرناس و پسپۆڕانی بواری ئەدەب لەسەر ئەم مەسەلەیە زیاتر لێکۆڵینەوە بکەن.

**دڵ لە حەسرەت غەمزەکەی دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە**
**وەک خەمی زوڵفت عەزیزم چوو بە ڕوودا کەوتەوە**
**مەنعی سووتانم دەکەن ئەبلە لە شەوقی ڕوومەتت**
**چۆن نەسووتێم تۆ بە ئاگر من بە بارێ نەوتەوە**
**مەسحەفی خۆش خەتی کوڵمەت گەر ببینێ شێخی مە**
**کافرە گەر بۆ سوێندیش بچێتە نێو مزگەوتەوە**

**تیری پەیکانی موژەت پێرێ کە کاری بوو لە دڵ**
**دوێ شەوێ تا سوبح هەدادانی نەبوو نەسرەوتەوە**
**گەر دەپرسی بۆ قسەت وا هێندە، شیرینە ئەدەب**
**شەککەر ئەفشانە لەبم جانا لە ماچی شەوتەوە**

هەروەها لەگەڵ شاعیری گەورە و نیشتمانپەروەر سەیفولقوزات مامۆستای شاعیرانی موکریان و بناغەدارێژی شیعری تازەی نیشتمانی و ڕووناکبیری پێوەندی بووە و لەلای جەنابی سەیفی قازی ڕێزی تایبەتی هەبووە تا ڕادەیەک کە سەیفولقوزات لە شیعرێکدا ئاماژە بەو پێوەندی و خۆشەویستییە دەکات:

**لە مەیدانی سەعادەت بوو نەسیبی من سەعادەت بوو**
**بەعینوانی مەدیحێ جار و بار دێمە مەیدانت**
**فزوولی، ئاوری شەیتانە، هەوای شەیتانی قەت ناکەم**
**لە بابەت ئاوی خۆشگێلدی لەسەر خاکی ڕەحیم خانت**
**لەلام تەرکی ئەدەب کوفرە ئەمن تەرکی ئەدەب ناکەم**
**لە بەر وەی بوو کە ڕاوەستام لە لای میسباحی دیوانت**

بە گەواهی مێژوو با قسەی ئەو کەسانە ڕەت کەینەوە کە میسباح هەستی میللی و نیشتمان خۆشەویستی نەبووە، تەنیا بە بەژن و باڵا و زوڵف و خاڵدا شیعری هۆندیوەتەوە، ئەوەتا لە نامەیەکدا کە لە سەفەری تورکیە بووە و تەواوی شارەکانی گەورەی ئەوێ گەڕاوە لە (١٨ی جەمادی دووەمی ١٣٣٢)دا نامەیەکی بۆ میرزا ساڵحی کەیانی نووسیوە کە باسی نیشتمان و وڵاتەکەی دەکا:

**«ضمنا خالق یکتا را شکر گزارده و بگویید: ای آفریننده که ترا کسی ندیده، ما اکراد و اهل این بلاد را حکمت صانعهء تو آفریدهء، به ما بیچارگان چه مقامی سزاوار دیده و به اینها که مخلوق تواند چه نزهت گاهها بخشیده، با چه خلقی روا به اینها چه خلیقی عطا فرموده، به ما چه ذلت و عسرتی داده به اینها چه معیشت با عزتی نهاده، ما چه سان به زحمت و تلاشی انداخته و اینها تا درجه و رتبه معاش پرداخته.**

**همچنین مارا در چه سبیت واینها رابا مدنیت آفریده‌اید، به ما چه قباحت اطوار به اینها چه سماحت آثار، به ما چه حقارت، به اینها چه امارت، به ما چه عناو فطری به اینها و داد طبیعی، به ما چه نفاق لزومی به اینها چه اتفاق عمومی عطیه فرموده‌اید؛ الحکم الله الواحد القهار.**

**دانسته باشید که این همه حسرت برای ثروت و مکنت ظاهری نیست زیرا که ثروت و مکنت فقط درهر جای عالم موجود است بلکه این همه حسرت وافسوس**



**که شبانه روز در کانون قلبی می جوشد برای تباین و تفاوت عوالم ترقی و تمدن ملل مختلف نسبت به این یک مشت «کرد» در پشت درمانده، محروم ازهر گونه صنایع و بدایع جدیده و لذایذ علم و هنراست».**

ئەو کاتەی کە ڕووس شاڵاوی بۆ ئێران هێنا، بە تایبەتی کوردستانی خستە ژێر چەپۆکی خۆیەوە، میسباح نەیدەویست، ئەرمەنی بلاغی جێ بهێڵێ، بەڵام کوڕەکانی لێی ناگەڕێن و بە ناچاری لە ترسی ڕووس بۆ ماوەی چوار مانگان لە ماڵی برایم ئاغای باغچە دەمێنێتەوە، کە وەڵامی پێدەدەن کە ڕووسەکان دەواخانە و دیوی نەققاشانیان تاڵان کردووە و بەکتێب و دەرمانەوە بردوویانە لە تاوان دیق دەکا و ڕوحی گەورەی ئەو شاعیرە ناسک خەیاڵ و مەزن و گەورەیەی کورد لە لێدان دەکەوێ و لەمەرقەدانی گوندی باغچە لە تەنیشت خەلیفە مەلا حەمەدەمین دەنێژرێ، عەوڵا پیرۆت کە گۆرانیبێژی تایبەتی میسباح بووە، لەکاتی ناشتنیدا ئاوا بەسەریدا هەڵدەڵێ:

**«لە سەرانم هەڵاتە، لە داوێنم هەڵاتە، ئەوە عەولابەگ لە خزمەت مەلاحەمەدەمین دەکاتەوە وەفاتە»**

لەکۆتاییدا دەبێ بڵێم کە میسباحوددیوان لە شەوی شەممە سەعات شەش و نیوی بەرەبەیانی لە (١٩ی جەمادی الاخر ١٣٣٤ ه.ق) بەرانبەری (٢ی بانەمەڕی ١٢٩٥ هەتاوی) بەرانبەری (١٩١٦/٥/٢٢ز) وەفاتی فەرمووە، ئەمەش شیعرێکە کە ئاغا چکۆڵەی کانی مملی کوڕی میسباح ئاوا باسی مێژووی مردنی باوکی دەکا:

«قطعه ایست در تاریخ وفات مرحوم عبدالله خان مصباح الدیوان مکری طاب ثراو حقیر سروده است سو تمامی مصرع مقطع منظور است کاتب احمد حیدری مکری مصباح زاده آن در یوم شنبه نوزدهم شهر جماد الاخر
١٣٣٤ تحریر شد.»

**از جمادی دوم نوزده چون رفت تمام**
**هم در آن سال همانا که نهنگ آمده‌نام**
**در شب شنبه که ساعت شش و نیم زجان**
**همه آفاق پراز ظلمت شب گشته ظلام**
**لعمه روح ز مصباح تنش گشته جدا**
**تا به فردوس خرامید در آن کرد مقام**
**سال تاریخ وفاتش ز خرد جستم و گفت**
**از همان خلد برین قلب ادب جای مقام**



# «ئەدەب»: ئەستێرەی پڕشنگداری ئەدەبی کوردی

ک.د. ئازاد
(بانە)

کوردستان، مەڵبەندی شاعیران و ڕووناکبیران و مێرخاسانە! بۆ هەر لایەکی ئەو کوردستانە دەچی، هونەر، ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی هەیە!

ئەدەبی کوردی، بە هەموو بەشەکانییەوە، پشتاوپشت هاتووە و لە دیوەخان، مزگەوت، حوجرەکان و ناو ماڵان ڕێزی لێ گیراوە و بەهیچ کلۆجێ نەفەوتاوە!

کوردستان نیشتمانی وێژە و شیعر و ئەدەب، مەکۆ و وارگەی بوێران و وڵاتی گەلۆ و حەیرانە! خاوەنی پێدەشت و زۆزان و هەواو هەوارگەی هەست بزوێن و خەمڕەوێن و دیمەنی پڕ لە ڕاز و سەرنجڕاکێش و ژینگەی دڵ لاوێن و بژوێنە!

هەر لەسەرەتای هەڵهاتنی تیرێژی ڕۆژی بوونەوە و لەو سەردەمانەوە کە کوردیش وەک هەموو مرۆڤێک توانی هەستی دەروون، باس و بەسەرهاتی ژیان، سەرکەوتن و تێکشکان، خەم و شادی، دەردەدڵی دیلی و شایلۆغانی ئازادی، باسی مێرخاسی و خواناسی، گەشە و نەشە و سکاڵاو داوا بۆ مافەکانی، لە چوارچێوەی نووسیندا، جا چ بەشێوەی هۆنراوە و هەڵبەست، یان چیرۆک و سەرگوروشتە، یان گەلۆ و حەیران و گۆرانی، بە کورتی وێژە و ئەدەبی کوردی دەربڕێ؛ سەرەڕای هەموو مەینەتییەکانی ژیانی تێکڕایی، پشتاو پشت هاتووە و وەک پیرۆزێکی پیرۆز چاوی لێکراوە، نەک هەر لە فەوتان پارێزراوە، بگرە پشت لەدوای پشت و قۆناغ لەدوای قۆناغ گەشەی کردووە و پەرەی پێدراوە.

ئەگەرچی وێژە و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بەهۆی ژێر دەستی نەتەوە و نیشتمانەوە و زاڵبوونی فەرهەنگی بێگانە بەسەریدا، تا ڕادەیەک لە پاراوی و بێ بژاری و گیاکەڵەی وشەی لاوەکی بێ بەش نەبووە، بەڵام شەوچەلەی ماڵان، نوقڵی مەجلیسان، چرای دیوەخانان و ڕووناکی شەوانی کوردەواری؛ چیرۆک و نەزیلە و بەیت و حەیران و شیعر و گۆرانی بوون!

هەر میللەتێک کەلەپوور و فەرهەنگ و ئەدەبی تایبەت بە خۆی هەیە. بەهۆی نزیکی گەلان بەیەکتر و دراوسێتی فەرهەنگی، زۆرجار دوو میللەت و قەومی دراوسێ بۆچوون و دەربڕین و فەرهەنگی وەک یەک و نزیکیان هەبووە!

قەومی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی، بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەژێر ڕکێفی میللەتانی تردا بووە! هەر چەند تا ڕادەیەک توانیویەتی فەرهەنگی خۆی لە تێکەڵاوی فەرهەنگی دەوڵەتان و میللەتانی دەسەڵاتدار بپارێزێ، بەڵام هێشتاش نەیتوانیوە زمانی ئەدەبی خۆی وەک زمانی فۆلکلۆر و ئاخاوتنی، ڕەسەن و پاراو و ڕەوانتر ڕابگرێ!

ئێستا، کاتێک شیعرێکی سەردەمانی پێشوو دەخوێنینەوە، یان مێژوو و نووسراوێک چاو لێ دەکەین، بۆ ڕاست کردنەوە و پاکژکردنی، دەبێ دەسەڵاتمان بەسەر فەرهەنگ و ئەدەبی ئەو زەمانەدا هەبێ و هەر نەبێ شارەزاییمان بەسەر زمانەکانی دراوسێ وەک عەرەبی و فارسی و تا ڕادەیەک تورکیدا هەبێ!

پێناسەی مێژووی ئەدەبی هەر وڵاتێک، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئەدەبی ئەو سەردەمە!

کورد لە مێژووی ئەدەبی دوور و درێژی خۆیدا، لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی دەسەڵاتداری سەردەمی خۆیدا بووە! کەمتر توانیویەتی بە زمانێکی کوردی پاراو، یەککگرتوو و پاکژ بنووسێ و بخوێنێ!

بۆیە هەرکات دەچینە خزمەت دیوانی شاعیران و نووسراوەکانی پێشوو، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە وتار و شیعرەکانیان پڕ لە وشەکانی فارسی و عەرەبی و تورکییە، بەڵام دەبینین لە ئەدەبی فۆلکلۆری و زارەکیدا وەک بەیت و حەیران و...، زمانی تۆخ و ڕەسەن بەکاردێ!

لە لێکدانەوەی شیعریدا، ئەم جۆرە شیعرانە، هیچ لەنرخ و بایەخی ئەدەبییان کەم نابێتەوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان هەر بە شێوەکانی زانستی و عیلمی دەکرێ، بەڵام لەبواری زمانەوە و هەڵسەنگاندنی زمانەوانییەوە، ئەو ڕاستییە زیاتر خۆی دەردەخا کە زۆربەی وشەگەلی غەیری کوردی، جێگەی خۆیان لەناو دیوانی شاعیرانی کورد دا خۆش کردووە! کە دەکرا شاعیران، ڕووناکبیران و نووسەرانمان کەڵک لە وشە ڕەسەنەکانی کوردی وەرگرن و واز لە وشە ڕەقەکانی زمانەکانی بێگانە بێنن!



**ئەمڕۆکە عەجەب شۆڕش و غەوغایە لە گوڵشەن**
**وەقتی تەڕەبی بولبولی شەیدایە لە گوڵشەن!**

یان:

**لەب، لەعلی بەدەخشان و دەهەن، حوققەیی مەرجان**
**مەتبووع و پەسەندیدە بە هەر تەبع و بەهەرجان**

لێکدانەوەی زمانەوانی و ڕێزمانی ئەو شیعرانە، پێمان دەڵێ: کورد لەو سەردەمەدا لەسەر کێش و سەروا و ئاهەنگی شیعری عەرەب نووسیویەتی و بەداخەوە نەیتوانیوە خانەی زمان و ئەدەبی خۆی وەدۆزێ!

ئەدەب لەگوندی ئەرمەنی بڵاغی ناوچەی موکریان و لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و بەگزادە لە دایک بووە! لەو سەردەمانیشدا دیوەخانی میران و بەگزادەکانی کوردەواری بایەخێکی زۆریان بە بەیت و شیعر و سەرگوزەشت و چیرۆک داوە.

عەلائەدین سەجادی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا دەفەرموێ:

«لەسەردەمی ئەدەبدا خوێندن لە بەینی دوو تیرە دابووە: یەکەم مەلا و پیاوە ئایینییەکان و دووەم، کەسانێک بوون پێیان وتوون میرزا و لە دیوەخان و لای پیاوە ماقووڵەکان و بەگزادەکاندا ڕادەگیران و بەراتیان ئەدرایە».

دەستەی یەکەم یانی مەلا و پیاوانی ئایینی خەریکی علوومی دینی بوون! ئەگەر عالەمی کوردی تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئاسمانی خوێندەواریدا لە عالەمەکانی ترەوە دیار بێ، ئەستێرەی گەشی ئەو ئاسمانە تەنیا ئەم تیرە بوون! جا بەم بۆنەوە هەموو پیاوێکی گەورە و بەگزادە لە کوردەواریدا شانازی بەوەوە کردووە کە تێکەڵاوی ئەم تیرەیە ببێ و بەپێی دەسەڵات، خۆی و کوڕەکەی فێری ئەو خوێندنە بکات!

ئەدەب بەهۆی ئەوەی زۆر شوێنی وەک «تاران» و «تەورێز» و «وارشۆ» و «مۆسکۆ»ی دیوە و دەگەڵ فەرهەنگ و شارستانیەتی ئەو شوێنانەدا ئاشنا بووە، چەشنی بۆچوونیشی بەرتەسک و لاواز نەبووە!

ئەدەب پزیشکی و ڕەنگ ڕشتن و وێنەگری و مۆسیقای چاک زانیوە! بەهۆی لێهاتوویی، لەلایەن محەمەد عەلی شای قاجار لەقەبی (میسباح الدیوانی) دراوەتێ!
«عەلائەدین سەجادی- مێژووی ئەدەبی کوردی»

* * *

لەسەردەمێکدا کە (ئەدەب) تێیدا ژیاوە، لاسایی کردنەوەی شاعیران و نووسەرانی پێشوو باو بووە و کەم کەس ئەو حەقەی بەخۆی داوە بەشێوەیەکی تر ڕچە بشکێنێ! ڕەنگە نووسین و دەربڕینی هەست و بیر و بڕوا بەو شێوازە مایەی شانازیش بووبێ!

شیعرەکانی ئەدەب لە جوانکاری و وردەکاریدا بێ نموونەن. ڕەوان و سادەن. لە بەحرە جیا جیاکانی کێشەکانی سەردەمی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. بۆچوون و دەربڕینی هەست و وەدەرخستنی ئیحساسی شاعیرانەی، زۆرتر وەک شاعیرانی فارس چووە تا شاعیرانی کوردی هاودەمی خۆی:

**قەسەم بەو خاڵی نەقشی سووڕەتی تۆ**
**کە هەر بۆ حوسنی تۆ بوو زینەتی تۆ**

«مەولانا خالید» دەڵێ:

**سوگند بە خالی زلبت گشتە پدید**
**سوگند بە خطی کە بە گردش بدمید**

* * *

**ئەی غەزالەی بێ سەبەب ڕەم کەردەکەی هەم پەیکەرم**
**شۆخی بێ پەیمانەکەی بێ شەرتەکەی سەودا و سەرم**
**گەر عیتابە هەر بەسە، نازە بەسە، جەورە بەسە**
**وابکە ئاخر چاوەکەم، ئەمنیش بە بارێ دەربەرم!**

* * *

**بەردەوە زونناری موو، با وەرگەڕێ عالەم لە دین**
**کفری پەنهان تا بە کەی؟ ئاشکرا بێ چاترە**

حافظی شیرازی لەم بوارەدا دەڵێ:

**حافظ این خرقە کە داری توببینی روزی**
**کە چە زنار ززیرش بەجفا بگشایند**

مۆسیقا و کێشی ئەم شیعرانە، دەردەخا کە ئەدەب وێڕای شیعر حەزی لە مۆسیقاش بووە! چوون شیعرەکانی ئەدەب بەشێوەیەکی زۆر ڕەوان دەبن بە گۆرانی و ئاواز!

ئەدەب لەژێر کاریگەری شاعیرانی فارسی هاودەمی خۆی و پێشتریش وەک سەعدی شیرازی و حافز و..دا، شیعری وتووە! ئەو شتانەی لە شیعری شاعیرانی فارسدا وەک سونبول و هێما وا بوون لە شیعرەکانی ئەدەبیشدا ڕەنگیان داوەتەوە:

**گا لە دوو لەب ساغەری تێکرد؛ کە ها ئابی حەیات**



**گا لە گەردن شیشەیی ڕاگرت؛ کە ها: ماءالمعین**

سەعدی دەڵێ:

**عاشق صادق بە زخم دوست نمیرد**
**کزاشتیاق چنانم کە تشنە ماءمعین را**

یان:

**پەیغامی ئاشنایە وەها جان فیدا بڵێ**
**پەیغامی ئاشنا نەفەسی رووح پەروەرە!**

یان:

**جەورت عەزای منی سوختە دڵە**
**ئەگەر موسەللەمە کە حەیاتی سەمەندەرە!**

یان:

**هەتا بۆ ماە موقنەع پۆشی تۆ مەتلەع گەرییانە**
**لە نەخشەب، موقنعی ساحیر، لە سیحری خۆی پەشیمانە!**

یان:

**ئەی ئەدەب هەر چەندە شیعرت کوردییە ئەمما بە من**
**شیعری تۆ سەبکی کەلامی شێخی شیرازی هەیە**

* * *

میللەتی کورد ژن و پیاوی زانای تێدا هەڵکەوتووە کە بەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکی (زمانی دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆیان) شتیان نووسیوە! ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەنگە نەیانتوانیبێ بەزمانی خۆیان بنووسن، یان نووسین بەزمانی خۆیان بە سووکی چاو لێ کراوە، یان هەر نەبووە!

ئەدەب بە زمانی کوردی نووسیویەتی و شیعرەکانی لە تەرازووی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەدەبیدا زۆر بەنرخ و سەنگینن!

ئەدەب هونەرمەندێکی بەهرەمەند بووە! جیا لە شیعر؛ نیگارکێش، خۆش خەت و ئاشنا بە مۆسیقا و ئامێرەکانی کوردی بووە! (دیوانی ئەدەب- محەمەد حەمەباقی- ٢٠٠٥)

ئەدەب کەڵکی زۆری لە کەلەپووری ئاینی و کۆمەڵایەتی و فۆلکلۆر وەرگرتووە! ئەوەش لە وشەکانی ناو شیعرەکانیدا دەردەکەوێ:

وەک: واعیز- عارف- مەیخانە- تەریقەت- شەققولقەمەر- زاهید- کافر و زەنگی- ساغر- مینا- یەدی بەیزا- ئیعجاز- لێوی مەرجان- ماچ، غونچە- تەقوا- ئەگریجە- بەهەشت - بەچە تەرسا و...

* * *

خۆشەویستەکەی ئەدەب، «نوسرەت خانم» بووە!

ئەم دلبەرە تایبەت و ڕازاوەیەی ئەم هەموو پەژارە و دڵە ڕاوکە جوانەی لەم غەزەلانەی ئەدەبدا، بۆ ئەدەبی کوردی جێ هێشتوون، ئافرەتێک نییە کە ئەدەب لە خەیاڵی شاعیرانەی خۆیدا ڕازاندبێیەوە؛ بەڵکو ئافرەتێکی ئاسایی ناوچەی خۆیەتی بەناوی نوسرەت خانم!

ئەدەب شاعیرێکی عاشق بووە و لە هیچ شوێنێکی دیوانەکەیدا نییە کە جێ پەنجەی عەشق دیار نەبێ!

هەر چەند ئەوانەی باسی ژیانی شاعیری ئەدەب دەکەن، زۆر ئاسایی باسی ئەم مەسەلەیان کردووە، بەلام بەلای منەوە، عەشق لە ژیانی شاعیردا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و دەبێ زۆرتر، ئەو هاندەرەی شیعری ئەدەب بناسین!

هێندێک لە بۆچوونەکان دەڵێن: «نوسرەت خانم» زۆر بە ژنیەتی لای ئەدەب نەماوەتەوە و کاتی نەخۆشی ئەدەب، جێی هێشتووە و شووی کردۆتەوە!

«ڤاسیلی نیکیتن» لە «کورد و کوردستان»دا دەڵێ: «نوسرەت خانم» هەرگیز نەبۆتە ژنی ئەدەب! لەبابەتی بۆچوونی هەوەڵ ڕا دەڵێن: کاتێ زەماوەندی ئەدەب و «نوسرەت خانم» هەر لە گوندەکەی «نوسرەت خانم» ڕا، واتە ئاوایی «کانی مەمیلە»وە تا «ئەرمەنی بلاغ» گوندەکەی ئەدەب، ئەدەبی شاعیر بە درێژایی نێوان ئەو دوو گوندە قوماشی قەدیفە (مەخمەڵ)ی لەبەر پێی «نوسرەت خانم»دا ڕاخستووە و دوای هەر هەنگاو هەڵێنانێکی کچان و ئافرەتانی هەردوو گوندەکە، پەلەی برین و بەرکەوتنی بەشی خۆیان لەو قوماشە قەدیفە کردووە، تا کلۆنجەی لێ دروست بکەن!

پێموایە «نوسرەت خانم» ئەوەندە کاری لەسەر هەست و شعووری ئەدەب کردووە کە دەوڵەمەندی دیوانی ئەدەب، بەغەزەل و پێنج خشتەکی و قەسیدەوە لەو ئیحساس و کەین و بەینەوە، پەیدابوون!

دەبێ دڵێک بەڕاستی عاشق بێ و هەستێک زۆر شاعیر، تا بەم شێوەیە ئیحساس و خۆشەویستی و حەسرەت و تاڵی و خۆشی خۆی دەربڕێ:

**تا بفەرمووی دڵبەرا، حەسرەت بەدیدارت، هەمە**
**تا بڵێی میحنەت لەدووری تۆ هەمە، ئێستا کەمە**
**هەمدەمی حوزن و خەمم، تا هەمدەمی ئەغیاری تۆ**
**خۆزگە بەو کەس کا، بەیادی خاڵەکەی تۆ بێ خەمە**
**عەرزی حاڵی، حاڵەتی زارم ئەوا نووسی لەتۆ**
**گەرچی نامەی ئاشنایانت لە لا؛ نامەحرەمە!**
**گەر دەپرسی ڕۆژگارم چۆنە بێ زوڵفی سیات؟**
**بەو لەبی لەعلت؛ وەکو زوڵفت سیاە ودەرهەمە!**
**زەخمداری ناوەکی هیجرم، بەچاوانت قەسەم**
**غەمزەییێکی چەشمی وەک بادامی تۆم بۆ مەرهەمە**
**کوا نیشاتی مە، بە بادەی نابەوە بێ ڕوویی تۆ**
**ماچی تۆ بۆ ئەو دڵەی پڕ خەم، شەرابی دەرخەمە**
**بۆ چمە من، تەختی کەی، یا جامی جەم، بێ لەعلی تۆ**
**وەسڵی تۆ تەختی «کەی»ە، بۆ من؛ لەبت جامی جەمە**
**نوتقی تۆ، مەعلوومە جانبەخشن، وەک ئەنفاسی مەسیح**
**دەفعەیێکیش موعجزێک بنوێنە بۆ مە، بەو دەمە**
**ئەی دوو سەد جارت فیدای عەهدی قەدیمی بێ «ئەدەب»**
**بۆ شکا؛ ئەو عەهدی دەتفەرموو: ئەوەم زۆر مەحکەمە؟!**



* * *

کورد بەدرێژایی مێژوو، نووسەران و شاعیران و کەڵە پیاوانی تایبەتی بووە، بەلام بەهۆی هەلومەرجی جوگرافی و ئابووری و سیاسی نەیتوانیوە خۆی بناسێنێ!

یاد و بیرکردنی ناودارانی مەزنی گەلەکەمان ئەمەکناسی و پێزانینی میللەتی کورد نیشان دەدا دەرحەق ئەو کەسانەی ژین و بوونیان لەپێناوی بەرژەوەندی و سەرکەوتنی فەرهەنگ و گەلەکەیان تەرخان کردووە!

ئەدەب؛ ئەستێرەی پڕشنگداری ئەدەبی کوردییە و شۆق و تروسکەی لە ئاسمانی ئەدەبی گەلەکەمان هەر دەمێنێ!

ئەدەب لە ناوچەی بۆکان ژیاوە! بۆکان مەڵبەندی ڕۆشنبیران، شاعیران، ئەدیبان، هونەرمەندان و گەورە پیاوانی ناوداری کوردە! جێی خۆیەتی بۆ خاکێک سەردانەوێنم کە پێتەختی هونەرە و هۆنەر پەروەرە!

**هاوینی ١٣٨٧**

**سەرچاوەکان:**
**(١) دیوانی میسباح الدیوانی ئەدەب- چاپی مەهاباد- کتێب فرۆشی سەییدیان.**
**(٢) مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سەجادی- ١٩٥٢.**
**(٣) دیوانی ئەدەب- کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ: محەمەد حەمەباقی- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر/ ٢٠٠٥.**



# گەشتێک بە گوڵزاری داهێنانی «ئەدەب»دا

**کاوە حەسەن پوور**
**(نەغەدە)**

داهێنان بەمانا بەرتەسکەکەی ئاماژە بە توانایی داهێنان دەکا و کەسی داهێنەر لە خەڵکانی تر جیا دەکاتەوە. توانایی داهێنان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئایا کەسی داهێنەر توانایی هەیە تا ئەندازەیەکی بەرچاو ڕەفتاری داهێنەرانە دەربخات؟ ڕەفتاری داهێنەرانە بەگشتی بریتییە لە سازکردن، نەخشاندن و سەرلێدەرکردن و پلان دارِشتن و...

ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە ڕەفتارەیان بە پلەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەلا دەردەکەوێ بە داهێنەر دادەنرێن. لە ڕاستیدا داهێنەر بەوە وەسف دەکرێ کە بیردۆزێکی سەربەخۆی ئازادە و چەند بەهایەکی تایبەتی خۆی هەیە و نایەوێ مارک و مۆری وەپاڵ درێ. ئەو لایەنە گرینگانەی لە داهێنان و توێژینەوەدا پەیوەستن بە دروستکردنی توانایی لەسەر هێنانە کایە و بیرکردنەوەی ئازادانەی بێ لایەن، ئەوانەن کە بە ژیانی داهێنەر لە بوارەکانی ئەدەبی و ماوەکانی سەرەتای تەمەن گرێدراون و داکۆکی لەوە دەکەن کە داهێنەر لە قۆناغی منداڵیدا لەژیان و گوزەرانێکی جیا لە خەڵکانی دیکە ژیاوە و هەر لەسەرەتاوە ویستی خۆ دەرخستن لەنێوان هەواڵەکانیدا زۆر بەهێز بووە و هەمیشە شتە نادیار و سەختەکان سەرنجی ڕاکێشاوە و چەند پشتیوانێکی بەهێز وای لێکردووە پرسیاری لەلا بوروژێ و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر بکات و کار و چالاکی هزری لەخەڵکانی دیکە زیاتر بێ.

لە هەموو هەلومەرجێکدا ڕەخساندنی بارودۆخێکی لەبار بۆ ئەوەی نووسەرێک بتوانێ داهێنان مسۆگەر بکات بە مەرجێکی پێویست دادەنرێ، لەوانەیە بەرپەرچمان بەوە بدرێتەوە کە زۆر نووسەری مەزن، لە بارودۆخێکی نالەباردا باشترین شاکاری خۆیان نووسیوە، وەڵامەکەشمان بۆ ئەو ڕەتکردەیە ئەوەیە ئەو جۆرە دیاردانە دەگمەنن، واتا ناتوانین وەکو یاسایەکی گشتی بۆ مەسەلەی داهێنانی دابنێین. ئێمە لەباری شیعری «ئەدەب»ەوە قسە دەکەین و ئەوەش لە خۆیدا تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ بە بابەتەکە دەبەخشێت، چونکە ئەدەب بە هۆی لایەنی فیۆدالی و دەسەڵاتداری لە شاعیرانی تری کوردستان بە دەسەڵاتتر بووە، هەر ئەوەش

تاموبۆنی شیعرەکانی جۆرێکیتر دەنوێنێ. بەداخەوە شیعری ئەدەب هەرچەند نووسین و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بڵاوبۆتەوە، بەڵام خوێندنەوەی نوێی بۆ نەکراوە. ئەدەبیاتی ئەدەب بە لێهاتوویی و تواناییەکی بێ وێنە خوڵقێنراوە کە بە دوورە لە هەموو ئیدیۆلۆژی و بەربەستێک. ئەو باسەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکرێ سووکە ئاوڕێکە لە دنیای پڕ لە ڕەمز و ڕازی داهێنانی ئەدەب.

**هاوارە! لەبەر گەردشی ئەییام و غەمی تۆ**
**هاوارە! لە بێ میهریی ئەییام و غەمی تۆ**
**تا لەحزەیەکی سایەیی تۆ، بێتە سەر ئێمە**
**وەک زوڵفی کەچت بۆیە دەکەومە: قەدەمی تۆ**

کێشەی بناغەیی دەق و ئەو بنیادە سەرەکییەی کە ناوەندی بیر کردنەوەکانی شاعیر دەگرێتەوە، داڕووخانی دەروونییە، هەموو لە دوو چەمکی سەرەکیدا کۆ دەبنەوە کە کێشەی دەق دەنوێنن، یان بە شێوەیەکی ڕوونتر بڵێین دەبنە ڕێچکەیەک لە مانای بناغەیی کە هەموو کێشە ئاشکراکانی دەق یەک دەخاتەوە، ئاشکرایە ناتوانین لەساتی بەتراژیدی کەوتنی دەروونی و تاڕادەیەکیش کەوتنی هۆشیاری بگەین کە وەک بە ئاوەژووکردنەوەیەکی بەردەوامی مانا دەکەوێتە زمانی دەقەوە:

**دەردی بێ دەرمانی عیشقی، گەر دڵی کردووم نزار**
**غەمزەیە لەو چەشمی بیماری پەرەستارم بەسە**

لە کولتووری ئاسایی و دابونەریتە باوەڕدارییەکاندا مەی و شەراب خواردنەوە قەدەغەیە و دەبێ شاعیر پەنای بردبێتە بەر حاڵەتێک کە باسی لێوە ناکات لەو زمانە کە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەبیری سۆفیگەرییانەی شاعیر.

**تاکەی وەکو تورکان بە یەغمایی دڵی ناس**
**ئەبرۆیی کەشیدەت بەکەفی خەنجەری ئەڵماس**
**هەر حەسرەتە بۆ ئێمە، لە مەحسوولی ئەمەل، بەش**
**تا بۆ درەوی کیشتی حەیاتە، دوو برۆ: داس**

ئەوە وەک لێکدانەوەیەک بۆ جیهانبینی دەق کە بێ شک بنیادێکی بناغەیی لەم پەیوەستانەوە دروست دەبێت کە لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین هەموو چۆنیەتییەکانی فراوان بوونەوەی پرسیارەکانی شاعیر لەگەڵ بەرزبوونەوە و سۆز و هەڵچوونەکانی شاعیردا بەیەک بگەیەنینەوە، لەو کاتەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی تامەزرۆیی و حەسرەتی شاعیر لەمەی و شەراب و نەبوونیان هەر وەک فریادڕەسی کۆتایی زمان و بیر کردنەوە، باڵ بەسەر چۆنیەتی پەرەسەندنی زمانی دەق و پەیوەستی کێشەکاندا دەکێشێ.

**بۆ چیمە مەی و بادە، لەهەر جێگە کە تۆ بی**
**لێوت مەی و ماچت مەزە؛ دوو چاوتە؛ گێلاس**

یان:

**مەرگی تۆ، تا وەختی مردن؛ زەحمەتە هەڵگرتنم**



**دڵ: لە عیشق و دەست لە: ساقی، لەب: لەسەر جامی شەراب**

ڕەگەزێکی بناغەیی گوتاری شیعری ئەو هێزە زەینییە پڕ لە پرسیار و گومانەیە کە پێ لەسەر ئاخاوتنی گوتار دادەگرێ، ئاخاوتنی گوتاری شیعری لەوکاتەدا دەگاتە ئاستی داهێنان کە لەسەر بناغەیەک لە جیهانبینی شیعری بنیاد نرابێ و هێڵێک لە ئاخاوتنی ناوەندی و ئاشکرا بنیاد بنێ و وەکو ڕووکارێک بێ لەمانا بۆ بنیادی بناغەیی گوتاری شیعری، تاڕادەیەک کە ئاخاوتن دەبێتە جۆرێک گەڕەلاوژەی مەعریفی و زەینی کە تەنیا ناوەندە تێکدەرەکانی زانین وەک وزەی پەرشوبڵاو، ناسنامەی ئاخاوتن و گوێ گرتن لە ئاخاوتندا دەخاتە یەک ڕیز لە یەک گرتنەوە و یەکتر کامڵ کردندا، هەروەکو چۆن هەموو ئاراستەکانی گوتن دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی هۆکاری خۆیەوە و ئاخاوتن دەکاتە ڕادەیەک، یان ڕوویەک لەهاواری بێ دەرەتان کە مۆرکی درامی و تراژیدی دەگرێتەوە خۆی و لە بەرزترین ساتەکانی ئاگایی شیعرییەوە بەرەو درەوشاوەترین ساتەکانی پەرش بوون و تێکەڵ بەیەک بوونی زەینی دەچێت، ئاستەمە لە گوتاری شیعری (ئەدەب)دا جووڵە و جموجووڵ لە هێزەکانی دەروونی شیعری و بنیادی شیعری دەق بستێنین، هەروەک چۆن ئاستەمیشە بەبێ دیاری کردنی جووڵەی ئەو گوتارە شیعرییەی ئەدەب لەسەری دامەزراوە، پەیژەیەک بۆ جیهانبینی شیعری ئەو دابنێین:

**گوتم با کەم بناڵێنم، نەڵێم دەردم بە کەس چاکە**
**گوتی: ناڵینی جارجارت، لە دوور بێ، وەک جەرەس؛ چاکە**
**گوتم: مورغی ڕەوانی من، ڕەوانە لەو تەنە بێ تۆ**
**گوتی: ئەو مورغە بێ باڵە، لەلای من بێ، قەفەس چاکە**

شێوازی پرسیار و وەڵام تەنیا شێوازێکی ڕووکەشی شیعری نییە، بەڵکو دەچێتە بنیاد و بناغەی دەق و دووسەرە بوونێک لە شێوازدا دێنێتە کایەوە. ئەگەر ئەم خەسڵەتانە زمانی بناغەیی دەق پێکبهێنن، ئەوە هەر دەبێ بچینەوە سەر ئەو هەیکەلە جووڵاوەیەی ناوەندێک لە بنیادی پێکهێنانی دەق کە وشەکان و لابەیتەکان لێک گرێ دەدات. لەواقیعدا ئەو میکانیزمەی کە تێیدا لەو دابەش بوونە دەروونییەی شێوازی ئاخاوتن و جوانکارییەکانی مەجازی شیعریمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەو میکانیزمەی باڵ بەسەر ئاخاوتنی شیعر دادەگرێت.

**گوتم: ماچی لەبی لەعلت شەوی دی مەستی بۆ کردم؟**
**گوتی: ئەلبەتتە ماچی من، بەسەد شیشەیی مەیی نابە**
**گوتم: زوڵم و ستەم تاکەی؟ بەسە جەور و جەفا تا چەند!**
**گوتی: چ بکەم «ئەدەب» ئەمڕۆ جەفا بۆ دڵبەران دابە.**

لەگەڵ گۆڕینی ئاخاوتن و ئاراستەکانی ئاخاوتندا،

بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی هەموو ئاستەکانی سۆزداری و هەڵچوون و کاریگەربوون پەیوەست دەبن بە وێنە و قاڵبە جیاوازەکانی ماناوە، واتا شاعیر لەگەڵ هەر گۆڕینێکی ئاخاوتن و ئاراستەکردنیدا، مانای تازە بەرهەم دێنێ.

**دڵ ئارامی نەما جارێ، دڵارامم سەری نادا**
**سەرێکی سەرسەری جارێ لە کوشتەی خەنجەری نادا**
**ئەسیری دامی سەییادێکی نەوکارە؛ دڵی وەحشی**
**هەوەڵ نەخچیرە؛ گرتوویە و بە ئاسانی بەری نادا**

هەروەک دەبینین هەرچەندە دڵبەر ئازاری کۆتایی و هەرە گەورەی شاعیرە، بەڵام ئەو ئازارە گەورەیەش ئازارێکی گەورەتری دەروونی شاعیر دەنوێنێ کە لە بنیادی زمانی دەقدا خۆیا دەبێ. پرسیاری سەرەکی شاعیر لە بەرپەرچدانەوە و ڕەت کردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەدایە، بەڵام ئەو هەموو دەورانە هەموو دراونەتە پاڵ چەمکی ئەوینەوە، ئەوین ڕزگار بوون نییە، بەڵام ڕێگایەکە بۆ دەرباز بوون و ڕووبەڕووبوونەوە کە سەرجەم مانا و ئاڵوگۆڕەکان دەگرێتەوە، تارادەیەک کە هیچ لایەنێک لە شیعرەکە دابڕاو نییە لە پرسیار کردنی شاعیر لە دڵبەر و گەیشتن بەحاڵەتێکی ئارەزوومەندی گەیشتن بە حاڵەتێکی دەروونی و هەستیاری. ئەوین وەک چۆن ئاماژەیە بۆ بڵێسە لە هەمان کاتدا ڕووناک کەرەوەی هەستی شاعیرە.

**ئەدەب چیدی نەیە ناڵەت لەتاراجی دڵ و دینت**
**کە ئەمڕۆ ناڵە بێ وەجهە، لەلای تورکانی یەغمایی**

ئاخۆ شاعیر بۆچی دەستبەرداری هەموو گوتنێکی ڕووکەش دەبێتەوە و بە هەموو هێز و تواناوە، هێزی خەبات کردن و ململانێ دەردەخات کە مۆرکی ئاشکرای زۆرینەی ئەو دەقە شیعرییانەن کاتێک بابەتەکانیان باری تراژیدی ئەوین و خۆشەویستی لای کورد دەردەخەن؟! بێ شک ساتی نووسینی تراژیدی، یان ساتی نووسینی شیعرەکانی ئەدەب یەکسان بووە لەگەڵ ساتی کەوتن و داڕووخانی جەستەیی و هەرەسی دەروونی شاعیر کە ڕەنگدانەوەی هەموو نائومێدییەکانی بوون و ئەو ساتەی شاعیر لە گەورەترین داڕووخانەکانی ژیاندا دەژی، داڕووخانی دەروونی شاعیر، هاوکاتە لەگەڵ کەوتنەکان و داڕووخانەکانی ژیان، داگیرکردنی زۆردارانەی مافی ژیان و مرۆڤایەتییە، کە تێیدا مرۆڤەکان خەونەکانیان لێ داگیر دەکرێ.

**هەر بۆیە عەمدەن دەچمە بەر نەزەری زۆر**
**بەشکو بە غەڵەت جارێ بمە سەیدی خەدەنگی**
**دووشت ئەدەبی کردووە خەستە و ناڵان**
**یەک: ڕەنجشی زوو زووی و یەکێ، وەسڵی درەنگی**

جۆرە هاوتا کردنێکی وێنەیی و واتاسازی (سینتاکسی) لە شیعرەکانی (ئەدەب)دا وەک پەیوەستێکی بەرهەممهێنراو دەبیندرێ:



١- «هەربۆیە بەعەمدەن دەچمە بەر نەزەری زۆر» چ ڕوویەکی شاراوە بنیاد دەنێ؟

٢- «بەشکو بەغەڵەت جارێ بمە سەیدی خەدەنگی» کرداری فیکری و مەعریفی وەک بنیادنانی جیهانبینی شیعری دەوری لە قاودانی زمانی شاراوەی دەقیان هەیە.

ئەو وەڵامانەی ئەدەب بۆ کردەی خۆی دەیانهێنێتەوە لەگەڵ خۆیاندا ئاخاوتنی جیاواز لەگوتاری شیعریدا دەخوڵقێنن بەجۆرێک کردەوە و دژ کردەوە ساز دەبێ. لەو ئاخاوتنەدا چەند ڕاستییەکی بەرچاومان لە چۆنیەتی گوتندا دێتە بەرچاو، کە بناغەی زمانی ئەو گوتارە شیعرییە پێکدێنن و شاعیر لەو دەلاقەیەوە هەموو گوتنەکانی دەخاتە پەیوەستی بنیادنەرەوە. ئەوەش لەپێناوی چەند ئاراستەیەکی نوێوە سەرچاوە دەگرێ، لەپێناو ئاماژەیەکی قووڵ بۆ حاڵەتێک لەژیان، لەماناکان کە تەنیا ئەوەی زاڵە بەسەر ئاخاوتندا لەگەڵ هەموو دەسەڵاتە جیاوازەکان، کاریگەری هێزی سەرکوتکردن و قەدەغەکردنی بە هێما و ئاماژەی قووڵەوە بۆ دەردەخا تا ماندووبوون و خەستە بوونی خۆی پێ دەربڕێ.

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگا و زیادبوونی دەسەڵاتی بیرکردنەوە و هۆشیاری و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیش پەرەی سەندووە و پێش کەوتووە. زمان پێکهاتەیەکی میتافیزیکی بەستەڵەک نییە، زمان گەشە دەکا و برەو دەستێنێ، هەڵدەکشێ، جاری واش هەیە بەرەو نزمایی دەڕوا. کورد نەتەوەیەکە بۆتە پێخوستی شەڕ و وڵاتەکەی سەدان جار کاول کراوە، بەڵام بەهۆی مانەوەی زمان، کورد توانیویەتی یەکێتی نەتەوەیی و پێوەندی و مانەوەی نەتەوەیی خۆی بەرانبەر پەلاماری دوژمن و شەڕانگێزی بەزمانە شیرین و ساکارەکەی بپارێزێت. ئەوەتا ئەدەب وەک ڕۆڵەیەکی ئازا و کارامە بەشیعرە ناسکەکانی سەلماندوویەتی زمانی کوردی جێگای هەیە کاری بۆ بکرێ و لە ئەدەبی زۆربەی گەلانی دنیاش سەرکەوتووتر بێ، بەڵام حەیف و سەد مەخابن بە قەولی مامۆستا ئاسۆی خۆشەویست دەڵێ: شاعیری دڵ نەماوی، قسە ڕەوانی، وتە جوانی، شیعر ناسکی موکری کە بە حەق لەناو شاعیرانی وەک (نالی و تاهیر بەگ و وەفایی)دا حەقی خۆی نەدراوەتێ.



# وشەدانان، یان نیشتەجێ بوونی وشەی کوردی و فارسی و عەرەبی لە شیعری (ئەدەب)دا

ئیرەج عیبادی
(سنە)

لە کتێبی بایەخداری مێژووی ئەدەبی کوردی، نووسراوی بەناوبانگی عەلائەدینی سەجادی، ئەوکاتە وا بیرو بۆچوونەکانی ئەو پیاوە مەزنە لەسەر میسباحولدیوانی ئەدەب دێتە ئاراوە، وا دەنووسێ:

«بولبولی سەرچلّی غەزەل خوانی، هاودەمی دولبەری موکریانی، دلّتەڕ و ڕووخۆش و قسەزان، گەوهەری شەوچرای ئەدیبانە، کلّپە و گڕەی دەروونی لە شۆڕێکی ئاگرین، سەرخۆشی مەیخانەی ئاهەنگی زەرپۆشان، دەنگ خۆشی مەیخانەی یەک ڕەنگی مەی فرۆشان و نەیدیوە فیکری کەس، ئەو شێوەی غەرامە کە ئەو دەیخاتە کارو..تاد

کورتە ڕوانینێک بۆ سەرجەمی شیعرەکانی «عەبدوللا بەگ بەنازناوی، میسباحولدیوانی ئەدەب» ئەم ڕاستییە دەردەخا کە ئەو بلیمەتە چەندە ڕەوان و ئاودار شیعرەکانی هۆنیوەتەوە و چەندە شاعیرانە وشەکان دەڕازینێتەوە!

شیعرەکانی ئەدەب چ لە بواری مانا و جوانناسییەوە و چ لەنێوان کولتووری (کوردی، فارسی و عەرەبی)یەوە دیالۆگ و دەسەلاتی خۆی بەباشی بەسەر خوێنەران و بیسەرانی ئەو هۆنەرە جوانە سەپاندووە.

ئەدەب هەموو چەشنە شێوازی شیعری داوەتە ئەزموون، بەلام غەزەل و چوارینە و پێنج خشتەکییەکانی لەوانی تر زۆرتر لەبەرچاوە.

لەبواری مانادا، شیعری ئەدەب، شیعری غەزەل و عەشق و دلّدارییە، جێگا لە جێگای شیعرەکان و بەیتەکانی دیمەنی ماشقەکەی «نوسرەت خانم» بەدی دەکرێ. ماشقەیەکی خۆشەویست کە تا دوایین کاتەکانی ژیانی ئەدەب، عەشقی ئەو یارە جوانە لە دلّی دەرنەچووە و وەکو گولّە سوورێکی بۆنخۆش، هەستێکی ئینسانی و چالاکی و بڕوایەکی پڕ لە میهرەبانی بۆ خوێنەرانی بەجێ

دیلّیّ!

لەبواری سەنایعی ئەدەبیشدا، ئەدەب کەموکوڕی نانوێنیّ!

واتە (ئارایەکانی ئەدەبی) یان فەنی دامەزراندن و دانانی وشە و پێکهاتەی نویّ لە شیعری کوردیدا کە بەتوانایی دێتە مەیدانی جواناسییەوە. ئەدەب لە ئەزموونی بەنرخی لێرەواری شیعری بەدەسەڵاتی فارسی کەڵکی زۆری وەرگرتووە. ئەو توێژینەوە بووەتە هۆی ڕەسەنایەتی لە شیعری بەهێز و بەپێزی ئەو شاعیرە گەورەیەدا.

**بەزوڵف و ئەبرو و موژگان، بەخەتو پەرچەم و باڵا**
**کەمەند و بە تیغ و تیر و جەوشەن و خەفتان والایی**

کە لێکچوون و لەف و نەشر بەباشی لەم شیعرەدا نەخشاوە، بەڵام بەکارهێنانی وشە فارسییەکان وەکو: ئەبرو (برۆ) موژگان (موژۆک) زوڵف فارسی و کوردییە و خەت کە وشەیەکی عەرەبییە لەگەڵ پەرچەمی فارسی، واتە مووی سەر و باڵا کە کوردییە، جوان یەکیان گرتووە و پێکهاتووە. لێکچوون، یان هاوتایی کردنی وشە چێنراوەکان زۆر وەستایانە دێتە بەرچاو.

ژیاننامەی عەشقی ئەدەب لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە دەست پیّ دەکا:

**دویّ شەو شەوی شەنبە کە لە شەمع و مەهـ و ئەختەر**
**ئاراستە بوو سەتح و سەراپەردەی ئەخزەر**

بروانن بۆ کایەی شاعیرانە لەگەڵ پیتی (ش)دا! و هەروەها بەکاربردنی وشەکانی فارسی (شەمع) بەجێگای (شەم) ئەختەر (ئەستێرە) ئاراستە (ڕازاندنەوە) سەتح (جێگا) مە (مانگ) و...تاد

کە شاعیر چیرۆکی عاشقانەی خۆی لەگەڵ (نوسرەت خانم)دا دەهۆنێتەوە و وا لەسەر ماشقەکەی دەدویّ کە ڕەنگە وێنەی جوانی ئەو ژنە دێتە نێو شیعرەکانی ئەدەب. بەم جۆرە دەتوانین ئاماژە بە بەیتێکی لەبەرچاو بکەین:

**دوڵبەرا ئەمرۆ کە نیگاهت کاری سەد خنجەر ئەکا**
**یەک بەیەک نیشی مژەت زەخمی دوو سەد نیشتەر ئەکا**

کە لێکچوون، نیگا خەنجەر و نیشی مۆژوک بە نیشتەر هەرچەند دووپات کردنەوەی فیکری شاعیرانی پێشووە، بەڵام لە دارشتندا تازە دەنوێنیّ!



ئەدەب لە حافیز و سەعدیش کەڵکی زۆری وەرگرتووە کە خۆی دەڵیّ:

**ئەی ئەدەب هەرچەندە شیعرت کوردییە ئەما بەمن**
**شیعری تۆ سەبکی کەلامی شیخی شیرازی هەیە**

هەر بەم چەشنە کە باسم کرد ئەدەب دەیتوانی وشە کوردییەکان لە شوێنی وشە فارسی و عەرەبییەکان دانێت! بەڵام ئەو ئەم زەحمەتە ناداتە خۆی، ئەو هەستەی کە بەبیریدا دێت دەینووسیّ، ئێستە ئایا دەسەڵاتی فێربوونی زمانی کوردی لەنێو جەماوەردا کەم بووە و لەبەرچاوی ئەدەب زمانی کوردیناس زۆر نەبووە یان چاپەمەنییەکان و بەرپرسانی حکوومەت زۆرتر بەم شێوازە حەز و مەیلیان نیشان کردووە، یان ئەدەب بەدەستی ئەنقەست توانایی خۆی لەسیّ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبیدا بە شاعیران، هونەرمەندان و قەڵەم بەدەستانی سەردەمی خۆی پیشان داوە!

کە ئەم دەقە دەبێتە هۆی بەررەسێکی تر!

**زوڵفەکەت جاریّ بەتاب و گاهێک نافەی موشک تاب**
**ئەلحەق ئەم ئەیارە ئەو کارەی جادووگەر ئەکا**

کە وشەی موشک تابی فارسی، واتە بە تێکەڵاوی مسک و ئەلحەق

(بەڕاستی) وشەی عەرەبی- یان وشەکانی تری فارسی و عەرەبی وەکو:

ئەیار (فن باز) جادووگەر (سیحر باز) تەناب (تەناف) لەم بەیتە و زۆربەی شیعرەکانی دیکەی ئەدەب بە باشی جێی خۆیان کردووەتەوە، کە بە پێچەوانەی تامویۆی کوردی ئەم شیعرانەی کەم دەکاتەوە بەجۆرێک کە تەنیا وشەکانی کوردی ئەم بەیتە (ئەم و ئەو ئەکا) لەو بەیتەدا هاتووەتە کایەوە!

دەبیّ بڵێین هەرچەند بەبڕوای برێ لە ئەدیبان و قەڵەم بەدەستانی کورد لەسەر لێکۆڵینەوەی شیعری سەردەمی ئەدەب، پێیان خۆشە کە جیا لە شیعری عاشقانە کە هەستی ئەدەبی بووژاندووەتەوە، خۆزگە ئەدەب شیعری نیشتمان دۆستی و پەژارەکانی گەلەکەیشی لەنێو دەفتەری شیعرەکانیدا بنەخشاندایە! کە ئەو دیوانە و ئاسەوارەکان و سەرچاوەکانی لەبەردەستمدایە، ئەو هەستە گرنگە نانوێنیّ! کە لە سەرگورشتی ئەدەبدا هاتووە

کە لە زۆربەی ئاسەوارەکان بایەخداری ئەو لە هێرشی سوپای دژ بە گەلی کوردی ڕوسییە بەکوردستان لەناوچووە! ئەم هەستەم لە دڵدایە کە شیعری ئەدەب وەکو کانیاوێکی ڕوون و خاوێن هەڵدەقوڵێ و ئەو لە بەکارهێنانی وشەگەلی شاعیرانەدا مامۆستایەکی بەهێز و بەرفراوانە!

**دڵ کە کەوتە دامی زوڵفت من گوتم ئاسوودە بووم**
**وەک ئەویستایی دەفیکرم، خۆی گرفتارە ئەدەب**

یان:

**ڕوومەتت بەدری مونیرە و پەرچەمت وەک موشکی ناب**
**لەو خەجڵ، ما ئەفتاب و لەم شکا قەدری گوڵاب**

کە دیسان لەف و نەشرێکی شارەزایانە دێنێتە مەیدانی بەلاغەوە!

لەم شیعرەشیدا ئەدەب لە وشەگەلی: خەجڵ، مونیر، موشکی ناب، قەدری گوڵاب، کە وشەی (گوڵئاوی) کوردیش ئەگەر بهاتایە کێشی شیعری تێک نەدەدا، بەڵام لەسەرەوادا شیعر تووشی ڕووخاندن دەبوو!

نابێت یەک خاڵ لەبیر لابەین کە بەڕاستی ئەدەب لە وشەداناندا، هاو مانایی و جێنشینی وشەکان دەستێکی زۆر باڵای هەیە و هونەرەکەی بە بەباشی ڕازاندووەتەوە! جیا لە پێکهێنانی تەرکیباتی جوانیش،ئەدەب لە هونەری ئالتریشن لەنێو هونەرە جوانەکەیدا کەڵک وەردەگرێ. کە بەدووپات کردنەوەی پیتەکانی هاودەنگ کێشێکی تایبەت لە شیعردا دێتە کایەوە کە دەبێتە هۆی چێژی زۆرتر بۆ بیسەران، یان خوێنەرانی ئەو پارچە شیعرانە!

**شەو ناز و سەحەر ناز و هەموو وقت و دڵت ناز**
**ئەم نازە هەتا کەی، بە فیدات ئەی بوتی تەنناز**

کە پیتی (ز) لەم بەیتەدا بەجوانی بەدی دەکرێ

یان:

**بۆ گوڵی تەڵعەت، گوڵی ڕوومەت گوڵی ڕوخسار گوڵ**
**گوڵعوزاری، نازداری دڵ شکاری خۆ سەرم**

کە پیتی (گ و ڵ) بە وشارییەوە لەنێو ئەم شیعرەدا دابین کراوە!

هەر ئەو جۆرە کە دێتە بەرچاو: وشەگەلی عوزر، دڵ شکار، تەڵعەت.

وقت، تەنناز، عەرەبی و وشەی ڕوخسار فارسی لەگەڵ وشەگەلی کوردی ئەم بەیتە تێکەڵاوە و لەبواری جوانناسییەوە شیعرێکی نازداری گوتووە!



کە دەنگی ئەدەب لە شیعری کوردیدا، دەنگێکی تایبەتە، کە بە عەشق دەست پێدەکا، لەسەر عەشق ئەدەب ئیفلیج دەبێ و تا دوایین کاتەکانی ژیان لەسەر عەشقی نوسرەت خانم و پەیمانی پیاوانەی خۆی بەردەوامە، بەڵام ئەو یارە نا میهرەبانە، دوای نەخۆشی ئەدەب لەوی جیا دەبێتەوە و سێ شوو دەکا!

لەدوایین دێرەکانی ئەم وتارەدا دەبێ ئاماژە بە ئەم خاڵە گرنگە بکەم کە سوودوەرگرتنی ئەدەب لە تەرکیباتی بەربڵاو و ناسراوی فارسی و عەرەبی کەم نەبووە! وەکو:

ئەسکەری موژگان- موی موشکین- سەوتی بولبول- چەشمی شەباز- بوتی زیبا- شۆخی تەنناز- زوڵفی خون خوار- شکەر ئەفشان- شبنم، طفڵی دڵ- ئاب هەیات- لەحنی داودی- ساقی- نیشکەر- سوراحی- مەدح- محراب- شبی هجر- تەڵعەت و سەدان جۆر، وشە و تەرکیباتی تر لە دیوانی ئەدەبدا کە لەدڵی شیعرەکانیدا دانیشتووە.

ئەدەب تاڕادەیەکی بەرفرەوان لە هەموو کێشەکان و شێوە شیعرییەکانی فارسی ئەزموونی هەبووە.

بەڵام لە غەزەل و غەرامە کارامە و توانایە. دڵ تەڕ و دڵ ڕفێن

وا لەسەر جەستە، قامەت، بەژن و باڵای یارەکەی دەدوێ

کە بەقسەی عەلائەدینی سەجادی شیعری «بێ شوورەیی» دەخوڵقێنێ!

کە فارس گوتەنی بە «شیعر بی پەردە و رک» ناوبراوە!

**نار و نارنج و شەمامە چەندە خۆش دێنە نەزەر**
**هەر لەیەک شاخ و لەیەک باخ و لەیەک گوڵزارەوە**

یان:

**نە هەنارن، نە شەمامە، نە بەین نە سێوی کاڵ**
**جووتێ مەمکی ئاتەش ڕەنگن بە بەر دڵدارەوە**

جێگای سەرنج ڕاکێشانە کە ئەدەب لەسەردەمی کاریگەری شیعری فارسی کە بەداخەوە ئەویش پڕە لە وشەگەلی عەرەبی ژیاوە! و بێ گومان ئەو شاعیرە مەزنە، ئەدەبی فارسی و عەرەبی و کوردیشی بەباشی ناسیوە کە ئەم هۆکارانە لە ئاسەوارەکانی بەنرخی نالی، شێخ ڕەزا،



وەفایی، بێکەس و پیرەمێرد و..تاد.

تا ڕادەیەک بە جیاوازییەکانی خۆیانەوە ڕەنگی داوەتەوە!

هەر کام لە شوێنی خۆیاندا ئەدەبی کوردییان ڕازاندووەتەوە و قوتابخانەی کوردییان بەجێ نەهێشتووە!

ئەم غەزەلە بڕێ تر لە ڕاستییەکانی کە لەسەرەوە باسیان لێ کرا باش دەخاتە بەرچاو و تواناییەکانی ئەدەب لەبواری دووتوێی شیعر و جوانناسی و بەکارهێنانی کولتووری کوردی و فارسی و عەرەبی جوانتر دەنوێنێ!

**نگارانی دیاری مە (ئێمە) شەکەر لەب گوڵعوزارانن**
**هەموو تورکی کەماندارن، هەموو عەنقا شکارانن**
**دزی دڵ ئافەتی جانن، شکەستی دین و ئیمانن**
**نەبەستی عەهدو پەیمانن نەخەستی جان سپارانن**
**قەدەحدار و مەی ئاشامن، دڵ ئازار و دڵ ئارامن**
**دەمێ وەحشی، دەمێ ڕامن، چە ئاهو جیلوە دارانن؟**
**هەموو سیمین بنا گۆشن، هەموو ماهی زەری پۆشن**
**دەمێ نێش و دەمێ نۆشن، چە جادووگەر نگارانن؟**
**هەموو غیلمان بەچەن سادە، پەری نەسلن، پەری زادە**
**بەخەندە نەشئەی بادە بە غەمزە مەی گوسارانن**
**بەقامەت نەخلەکەی توورن بە تەلعەت کۆمەڵەی نوورن**
**بەسوورەت هەر وەکو حوورن، بە ئەبرۆ جان شکارانن**
**بەدوو لەب جووتی گوڵنارن، بە غەبغەب سێوی خونسارن**
**بەگیسوو دوو سیامارن، بەچاو ئەفسوونی مارانن**
**بەباڵا سەرووی ئازادن، بەگیسوو دامی سەیادن**
**لەسەیدی دڵ چ ئوستادن، چ ماهیر جان شکارانن**
**«ئەدەب» چی بکا لەیارانی لە جەرگەی نازدارانی؟**
**دەمێ خونخواری بێ باک و دەمێ غەمخواری جارانن**

**سەرچاوەکان:**


١- مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سەجادی.
٢- تەئریخی مەشاهیری کورد- بابا مەردوخ ڕوحانی.
٣- دیوانی شیعری- میسباحولدیوانی ئەدەب.



# ئەدەب کەڵە شاعیر، یان...؟!!

**گوڵاڵە دروودیان**
**(سنە)**

«عەبدوڵڵا» بەگ کوڕی «ئەحمەد» بەگ ناسراو بە (مـــصـــبـــاح الدیوان) لە ســاڵی ١٨٥٩ز. لە دێی «ئەرمــەنی بلاغی» نێــوان «بۆکــان» و «مــیــاندواو» «ساینقەلا» لە بنەماڵەیەک لە بەگزادەکانی بابامیری و خــاوەن دەســەلات لەدایک بووە. لە تەمــەنی هەشت ساڵیدا دەستی کرد بە قورئان خوێندن.

پاش ئەوە لای مــیــرزایەک کــە باوکی بۆی گــرتبــوو دەستی کرد بە خوێندنی دەرزی فارسی و خەت نووسین و هەندێ عــەرەبیش. مــاوەیەک هاتوچۆی بۆکــان و مەهابادی کرد و لە تەمەنی بیست ساڵیدا سەفەرێکی بۆ تاران کرد، ،کە لە ساڵێ زیاتر لەوێ نەمایەوە. پاش ئەوە بەردەوام هاتوچۆی تەورێزی کــردووە. لە تەمــەنی ٣٥ ســاڵیــدا تووشی نەخــۆشی لەرزۆکی دەبێت کــە بۆ چاککردنەوەی سەفــەرێک بۆ ڕووسیــا دەکات. کــە هەر لەم سەفــەرە لەتاقــیکردنەوەی نەخــۆشیــیــەکەدا فــێری پزیشکی دەبێ. لە ســاڵی ١٩١٠ ســەفــەرێک بۆ شارەزوور دەکــات کە لەو سەفــەرەدا تاهر بەگی جاف دەبینێت. لەپاش ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ موکریان. پاش گــەڕانەوە نەخــۆشیــیــەکەی سەری لێ دەداو بە تەواوی ئیــفلیج دەبێ تا لە ١٩١٢ هەر بەم نەخــۆشیــیــەوە لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا لە دنیا دەچێت.

ئەدەب ژیانی خــۆی لەپێناو ئەویندار ی «نوســرەت خــانم» ناوێکدا دانا کــە لە هەمــوو شــوێنێک لە شــیــعــرەکــانیــدا باسی لێ دەکــات و وەفــای خــۆیشی بەرانبــەر بە ئەم خــۆشــەویســتــەی بەجێ هێناوە. بە پێــچەوانەی ئەو، ئەم «نوسرەت خانم»ە ئەو وەفــایەی بەجێ ناهێنێ... (مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی- بە نەختێک وردکردنەوە).

ئەدەب جگە لە شــاعــیری ئاشنایەتی و شــارەزایی لە

پزیشکی و مۆسیقا و نیگارکێشان و ڕەنگ ڕشتن، بەتایبەت خۆشنووسیشدا هەبووە. (مێژووی ئەدەبی کوردی، ع سەجادی/ دیوانی حەمەی حەمە باقی).

هەروەک دیارە ئەدەب لە شاعیرەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەی ئەدەبی کوردی لقی موکریانە، کە چاوەڕوان دەکرێ بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی شاعیرەکانی پێشوو و هاوچەرخی خۆی- بە تایبەت قوتابخانە شیعرییەکەی ناوچەی بابان- خۆی خاوەن کەشفێکی زمانی و واتایی و مەعریفی و جوانناسی و.. بێت کە بەداخەوە ئەو چاوەڕوانییە بەدی نایەت.

ئەو دەقەی لەبەردەستانە پێداچوونێکی خێرایی (لەبەر هەندێ هۆکار) و ئاماژەیەکی گشتی و بەڵام چڕوپڕە بە شیعرەکانی ئەدەب و ئەو خاڵانەی شیاوی باسن. بەداخەوە هەلی ئەوە نەڕەخساوە کە ئەو ئاماژانە پەرەیان پێ بدرێت و بەشێوەیەکی بەرینتر باسیان لێ بکرێت و هەوڵی شرۆڤە و ڕاڤەکردنی چاک و شیاوی بدرێت کە هیوادارم ئەو کارە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەنجام بدرێت.

«بارێینز» و «بێکێر» لە کتێبی «ئاڵو گۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا» باس لە دەمار گرژی نەتەوە ناڤیسارەکان دەکەن، لایان وایە نەتەوەی ناڤیسار هەوڵی دەمارگرژی دەدات بۆ شوناس بەخشین بە خۆی و سڕینەوەی کەموکوڕی و لاوازییەکان لەخۆی.

نەتەوەی کورد وەک نەتەوەی ناڤیسار بەتایبەت کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە لەسەدەی نۆزدەدا لە بواری شیعردا لە کاروانی شیعری تازەسەر هەڵێنناوی بابان دواکەوتبوون، هەوڵیان داوە ئەو بۆشاییە ناڤیسارییە بە خێرایی و کتوپڕ، پڕ بکەنەوە. یەک لەم هەوڵانە کە لەم دواییەدا بەرجەستە بووە هەوڵی بەرز نرخاندنی «مصباح الدیوان» ناسراو بە «ئەدەب»ە. لەم چەن ماوەی دواییەدا هەندێ دەستە و تاقم- ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ- هەوڵ دەدەن ئەدەب وەک شانازییەکی نەتەوەیی بیدەنە پاڵ شاسوارەکانی ئەدەبی فارس و کورد و بیکەن با هاوشانی گەورە شاعیرانی وەک «حافیز» و «نالی» و «مەولەوی کورد و فارس». دیارە گەورەیی هەر هونەرمەندێ لەو هەنگاوانەدایە کە لە بوارە ناسراوەکانی جیهانبینی و جوانناسی و زماندا هەڵی دێنێت و ئەو دەستکەوتانەیە بۆ خۆی و هونەر دەستەبەری دەکات.

خوێندنەوەی هەموو لایەنە و دوور لە دەمارگرژی



شیعرەکانی «ئەدەب» دەری دەخات لەهیچ کامێک لەم بوارانەدا سەرکەوتوو نەبووە. ئاخێزگەی جیهانبینی زاڵی ئەم کتێبە عیرفان و تەسەوفە، ڕێک هەمان سیستمی پیرەو دەکا وا لە هەشت سەد ساڵ لەوە و پێشەوە بەردەوام دووپات و... سەدان جارە دەبێتەوە و «مصباح الدیوان»یش وەکو دیکەی پاشکۆکانی شاعیر و بیرمەندە ناسراوەکانی ئەم جیهانبینییە نەک هەر هیچ دەلاقەیەکی جیاوازی بۆ ڕوانین پیشان نەداوە و هیچ چەمکێکی تازەی نەخستووەتە سەر ئەم لایەنە مەعریفییە، بەڵکو لە ڕووی زمانیشەوە نەیتوانیوە لە هەشت سەد ساڵ گۆڕانی زمان و توانامەندییەکانی زمانێکی تر، واتە کوردی کەڵک وەربگرێت و هیچ نەبێ بەزمانێکی نەختێک جیاواز ئەو تەوەرە سواوانەمان بەگوێدا بداتەوە.

سەروبەری زمانی ئەم کتێبە لاساییکردنەوەی زمانی هێماگەرانەی سۆفیگەری و بەرچکی عیراقییە لە ئەدەبی فارسی سەدەکانی حەفت و هەشتی کۆچیدا.

«ئەدەب» سەر بە هەمان زمان و لۆژیکی هێماگەرانەیە وا «مەحموودی شەبیستەری» عاریفی فارس لە کتێبی «گوڵشەنی ڕاز»دا هەوڵی شرۆڤە و ڕاڤەکردنی دەدات. «مصباح الدیوان»ی سەدەی نۆزدە زمانی خۆی پێچاوەتە زناگە کۆنەکانی سۆفیگەری وەکو: زوڵف و ساقی و خاڵ و مەی و مۆغ و مۆغبەچە و پیاڵە و برژانگ و ماری زوڵف و قەڵەندەر» و...تاد، کە کەڵکەڵەی شاعیرەکانی سەر بە بواری سۆفیگەرییە لەسەدەکانی حەفت و هەشتدا بۆ خۆپاراستن لە کەوتنە بەر توندوتیژی دەسەڵاتی مەزهەبی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە:

**ئەبرووی کەشیدەت لە پەنا تورەیی سەودا**
**ماهێکی نەوە گۆشەیی کێشاوە لە شەودا**

* * *

**ئەو شکەنی زوڵفی خەم ئەندەر خەمی**
**گەردنی دارا و سکەندەر شکا**

* * *

**غەیرەز سەفی خاڵ کە لە ڕووی پەخش و بڵاو**
**نەم بیستووە ڕێی جەننەتی بێ کافر و زەنگی**

* * *

**جانا کە دەڵێی مورغی دڵی مەت بە چ ڕامە؟**
**خاڵیی سیەهـ و زوڵفی خەمت دانە و دامە**

* * *

**ساقیا مەی زەدەیی بادەیی پارم بەخودا**
**تێکە بۆم جامێ شەرابێ کە خومارم بە خودا**

* * *

**ئەی خودا عەشقی سەخا بەچچە دڵی خۆی کە بوی**
**کەس خرابەی دڵی خۆی قەد بووە ئاباد نەکا**

لەگەڵ دەیان دێری تریش...

«مصباح الدیوان» وەها لەنێو ئەو زمانەدا نغرۆ بووە، نەیتوانیوە ئاورێک لە زمانی خۆی بداتەوە. لەو شوێنانەشدا لەژێر کاریگەری ئەو زمانە دەرهاتووە، کەوتۆتە ژێر ڕکێفی شاعیرەکانی ناسراو بەسێ کوچکەی بابان، بەتایبەت نالی. بۆ نموونە:

**تیغی ئەبرۆیی کەشیدەی لەسەر ئەو زوڵفی سیاه**
**وەک دوو شمشێری بوڕەندەن بە دوو تورکی ختەنی**

* * *

**قەتارەی دوگمەکەی سینەی ترازا بۆ تەماشای من**
**دوو ناری نەورەسی سەحنی سەمەن زارت مویارەک بێ**

«مصباح الدیوان» نەک هەر لە ڕووی مەعریفییەوە خاوەن بەرچک و ڕێبازێک نییە. نەک هەر لەڕووی جوانناسییەوە خاوەن پاشەکەوت و خەزنێک نییە، بەڵکو لە ڕووی زمانیشەوە لەچاو شاعیرانی دیکەی پێش خۆی - گۆران و بابانیش - زمانێکی کۆنتر دەنوێنێ.

زناگ و چەمک و زاراوە زمانییەکانی لەڕووی زمەنییەوە وەکو ئەو وایە چەن سەد سەدە بەر لەنالی و مەولەوی ژیابێت. لەکۆی دیوانەکەیدا بەدەگمەن زناگ و چەمک و زاراوەیەکی هەنووکەییمان بەرچاودەکەوێ و زمان بەگشتی سەر بە ڕێبازی کلاسیکی و سواوەیە. نەوەک نالی کە یەکێ لەو کەسانەیە بەردەوام پێوەی بەراورد دەکەن- خاوەن کەشفێکی زمانییە:

**دەخیلت بم نەخیلی یا ڕوطابی**
**وەها شیرین و سینە نەرم و دڵ ڕەق!**

* * *

**خەطات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین**
**کەناچین لێرە خۆشە چین و ماچین**

نەک لە زناگە دوورخراوەکانی شیعری کەڵک وەردەگرێ.

**مودەعی زەجرم ئەدات و پێم ئەڵێ سەبرت هەبێ**
**کە بەر لەعنەت بێ کە عاشق کەی قەراری گرتووە**



**بە حەمدیلا دوو چاوی یارم ئۆخەی**
**بەبێ مەی مەستە بێ مەی، مەستە بێ مەی**

**گەر نییە ئاگر لە سینەمدا بە تاو**
**بۆ چ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز؟**

ئەگەر نالی لە دڵی زمانی کۆنکرێتدا لە ڕووبەرە جیاوازەکانی جوانناسی و زمان و دەروونناسیدا دۆزینەوە دەکات: نەخڵی باڵات نەوبەرە تازە شکۆفەی کردووە... بە پێچەوانەی ئەوە «مصباح» لەنێو زمانێکی بەکلێشەبوودا پەل داوێژێ و جگە لەلاسایی کردنەوەی نا سەرکەوتووانە هیچی پێ ناکرێ، بۆ نموونە:

**مەعلوومە کە تۆ پادشەهی ئێمە گەدای ڕووت**
**شاها چ دەبێ گەر نەزەرێکت بە گەدا بێ؟**

* * *

**شێت و شەیدایی بوتێکم دڵەکەی پڕ لە خەیاڵ**
**نەورەسە و سادە ڕوخە سەر و قەدە و چاردەساڵ**

مەولەوی چەن دەیە بەر لە ئەو لە دیاردە نوێیەکانی کەڵک وەردەگرێ و دەیان کات بە بنەما و زمان حاڵی ڕوانینە جیاوازە فەلسەفییەکانی خۆی لە مەڕ ژیان: (سەماوەری دڵ جۆش ئاوەردە بۆ) یان (دووربینەکەی چەم ئەم سەر ئەوسەرن)، یان (سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن/ خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن) و...تاد.

کەچی «مصباح الدیوان» وەک چاوی خۆی لەو ڕێبازە زمانیانە نووقاندبێت، یان دەرکی بەو هەنگاوە گرنگانە نەکردبێت، بە مەترە کۆنەکانی خۆی دنیا دەپێوێت.

لاوازی «مصباح» تەنیا بە نەبوونی جیهانبینی و جوانناسی و شێوە زمانی تایبەت نابڕێتەوە، بەڵکو لەڕووی پێکهاتە و بنیادیشەوە سەر بە ئاراستەیەکی نا هونەرییە، پێنج خشتەکییەکەی کۆتایی دیوانەکەی بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرایە لەم ڕووەوە. پێکهاتەی سەروخواری ئەم بەشەی یەکسەر لەسەر تەنیشتێتی (موجاوەرەت) دامەزراوە. سەرەتا کەشوهەوایەکی ڕوحانی و سۆفیانە دەبینین. ئاسمان و ئەستێرەکانی شوبهێنراوە بەتابلۆ و کەتیبەیەک و دانەر وەک نیشانەی لە نیشانەکانی خودا لێی ڕاماوە:

**دوێ شەو شەوی شەنبە کە لە شەمعی مەه و ئەختەر**
**ئاراستە بوو سەتحی سەراپەردەیی ئەخزەر**
**من بەندە لە کاشانەیی تاریک و موحەققەر**
**دوو دیدەیی عیبرەت بە بەر ئەو سەقفی موجەددەر**



**گەه غەرقی خەیالات و گەهێ والە و موزتەڕ**
**گەه مات و سەراسیمەی ئەو ڕەسم و کەتیبە**
**گەه خیرەیی ئەو قودرەتە و ئەو نەقشە عەجیبە**
**ئەم جیرمە درەخشەندە بەم ئەشکالە غەریبە**
**بێ زەحمەتی نەققاش و بەبێ ڕەنگی کەتیبە**
**چۆنی بە سەفا خستە سەر ئەو سەفحەیی مەنزەر**
**جارێکی خیتابم بەدڵی غەمزەدەیی زار**
**ئەی هەمدەمی غەمخوارم و وەی مەحرەمی ئەسرار**
**تا کەی بە هەوای عیشقی بوتان و غەمی دیدار**
**تا کەی بە جەفای وەسڵی گوڵان و لەبی دڵدار**
**تاکەی بە تەمای وەسوەسەیی نەفسی بەدئەختەر؟**

کەچی لەنەکاو بەبێ هیچ مەنتقێک ژنێک لە ئاسمانەوە دادەبەزێت بە شێوەیەکی بێ مەنتیقانەتر زەوینی دەبێتەوە و لە ڕواڵەتێک وەکو «مەستوورە» لە خەونی (نالی)دا دەبێتە بیانووی هێندێک لاساییکردنەوە و فەخرفرۆشی زمانی. ئەگەر لە شیعرەکەی (نالی)دا زۆربەی بەشەکان لەسەر بنەمای لۆژیکی هاوچەشنی و خوازەیی (metaphor) و دژوازانە (dialectical) دارڕژاوە، لێرەدا لۆژیکی ناهونەری و سواوی تەنیشتێتی، ئەرکی پێکهێنانی بنیادی سەرەوخوار بەجێ دێنێت.

بەهەمووی ئەمانەوە هەندێ جێگە (زۆرکەم) لە دیوانی ئەدەبدا هەیە، کە شوێنی مشتومڕن و دەکرێ وەکو خاڵی سەرکەوتوو باسیان لێ بکرێ و کاری لەسەر بکرێ وەکو:

**«من دەڵێم چۆن بوو قەزا ئەمنی بۆ تۆ دڵبەستە کرد**
**ئەو بە چاوانی حەواڵەی حوکمی تەقدیرم دەکا»**

بەپێی ئەو ئاماژە کوڵ و کورتەی لە سەرەوە کرا، ڕەوا نییە لەم سەردەمی نڤیسارییەدا بە هەمان حەماسەت و دەمارگرژی سەردەمی نانڤیساری بروانینە هونەر و بەناو نازناو هەوڵی ڕووکەشی زاهیری دەوڵەمەند کردنەوەی کتێبخانەی کوردی بدەین. ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە، دیاریکردنی ڕاستییەکان و خوێندنەوەی زانستییانە و ڕەخنەگرانەیە، نە شوناس بەخشینی نابەجێ و کەسێتی خوڵقاندنی درۆیینە و قەبە کردنەوەی لەخۆڕاییە.



# خوێندنەوەی وتاری «ئەدەب کەڵە شاعیر، یان...؟!»

ئەحمەد چاک
(بۆکان)

لە فیستیڤاڵی ڕێزگرتن لە شاعیری گەورەی کورد میسباحودیوانی (ئەدەب)دا کە ڕۆژانی ٢و٣ی خەزەڵوەری ١٣٧٨ی هەتاوی لە شاری بۆکان بەڕێوەچوو، وتارێک لەلایەن خاتوو گوڵاڵە درووديانەوە بەناوی (ئەدەب کەڵە شاعیر، یان...) خوێندرایەوە کە هەڵگری هەندێ باسی بنەڕەتییە و ناکرێ هەروا بە ئاسانی لێی تێپەڕین.

**پێشەکی:**

ئەگەر بەگشتی بمانەوێ سەرێک لە میتۆدۆلۆژی ئەم وتارە بدەین دەبینین لە پێکهاتەی خۆیدا لەسەر گرێژەنەی دوو تەوەرەی «بایەخ دانان و هەڵسەنگاندن» دەسووڕێتەوە. دەبێ ئەو جۆرە بۆچوونانە لە پانتایی ڕەخنەدا چەندە کارامەبن؟ ئایا دەتوانن لایەنەکانی شاراوەی دەق بە ئێمە بناسێنن؟.. دەتوانین بڵێین ئیتر لە ڕەخنەی ئەمڕۆدا باوی جیاکردنەوەی گاڵ و پەمۆ لێک نەماوە، وەها بۆچوونێک لە هەناوی خۆیدا هەندێک تایبەتمەندی لاواز دەخاتە پاڵ بەرهەم و هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی لێ دەسڕێتەوە، یان لاوازیان دەکات. لە وەها ڕەخنەیەکدا نووسەر بە پێش گریمانەیەکی (میتۆدی) تایبەت لە هەوڵی دۆزینەوەی چاوەڕوانییەکانیەتی، ئەگەر ئەو چاوەڕوانییە بێتە دی ئەوە دەق بەدەقێکی باش دێتە ئەژمار، ئەگینا دەق هەتا ئاستێکی نزم دێتە خوارێ، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە نووسەر دەمارگرژی خۆی لەگەڵ شێوازێک، یان شاعیرێک، یان ناوچەیەکی تایبەت دەکاتە بنەمای ڕوانین و هەموو تایبەتمەندییەکانی دەق هەر بەپێی ئەم بنەمایە هەڵدەسەنگێنێ.

چاوگی ئەو بۆچوونانە بە هەر دوو مەبەستی هەڵکێشان و داکێشان لە دەمارگرژییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگینا

نووســـەر دەبێ ڕەها لە هەر پێش گـــریمانەیەکی (پێش داوەری) تایبەت خۆی بخاتە بەردەم لایەنە جوانی ناسی و مـەعـریفـیـیـەکـانی دەق و لە ئاکـامـدا چۆنیـەتی شـوێن دانەری و گـۆڕانی ڕوانگەی خـۆی لە هەمـبـەر دەقـەکـەدا بخــاتە بەردەم خــوێنەرانی. کــەوابوو هەمــوو کــارێکی ڕەخنەگرانە لە بەسـتـێنی دەقـدا مـەودای پێـدەدرێ، ئەوە دەقە کە چۆنیەتی ڕوانگە و ئامراز بە مەبەستی تاووتوو کـردنی خـۆی دیاری دەکـات. نەوەکو پێش گریمانەی من، یان هەر نووســـەرێکی تایبـــەت. لە نووســـراوەی ئەرزشگوزاردا دەقی ڕەخنە لە دەقی بەردەستدا ناتوێتەوە و دەتوانم بڵێم تەنانەت پێوەندی نێوان- دەقیشی نییە، چونکە مـەبەست دوان لەسـەر تایبـەتمەندییـەکـانی دەقی یەکــەم نیــیـــە، بەڵکو مـــەبەست بایەخ دانانە وەها نووسـراوەیەک دەقـێکی قـسـر و نەزۆکـە، کـە ڕێگە بۆ پەرەپێـدانی هیچ دیالۆگێک لە مـابەینی دەقـەکان خـۆش ناکـات. هۆیەکـەشی ئەوەیە کـاتێک داغی باشی، یان خراپی دەخەینە نێوچاوانی بەرهەمێکی ئەدەبی، ئیتر ڕێی هیچ چەشنە شـیکاری و تاووتوو کـردنێک نامـێنێـتـەوە لەهەناوی دەقی بایەخـدەریشـدا هیچ تایبـەتمەندییـەکی ئەوتۆ باس ناکــرێ چۆن لە ئاخــیــزگــەی دەقی یەکــەم سەرچاوە ناگرێ. ڕەخنەی ئەمڕۆ بە بۆچوونێکی سەربەخۆ (ڕەها لە دەمــارگــرژی) و بە داهێنانێکی تایبــەت و ئامرازگەلی دیاریکراو، یان نوێ، دەچێتە پانتایی دەق و بەهۆی ئامـــێـــری دەرەوەیی، یان ناوەکی لە هەوڵی تاووتووکـردنی دەقـێکی تایبـەتدایە. ئاکـامی کـاری ڕەخنەگرانە دیاریکردنی لاوازییەکانی بەرهەمی ئەدەبی و بایەخ دانان نییە، چونکە ڕەخنە لە هەوڵی شرۆڤەکردنی بەرهەمی (دەقی) سـەرکـەوتوودایە، لەو بەرهـەمـانەشـدا زیاتر لایەنی بەهێـز بەرچاوە، نەک لاوازییـەکـانی. ئەو بەرهەمانەش کە ناگەنە ئاستی ئەوەی یاسای ئەدەبیاتیان لەبەر دابەزێندرێ تەریک دەکرێن و لە مێژوودا ون دەبن. بەگشـتی کـاتێک باس لە تایبـەتمەندییـەکـانی دەقـێکی سەرکەوتوو دەکرێ بەو مـانایەیە کە دەقی لاواز خاوەنی ئەو ماکانە نییە. کەوابوو ڕەخنەگر بە تیرێک دوو نیشانە دەپێکی، لەلایەک دەقی سەرکەوتوو بە خوێنەر دەناسێنێ و لەلایەکی تریش بەشێوەیەکی تەلویحی پێمان دەڵێ ئەو بەرهەمانە شیاوی خوێندنەوە نین کامانەن. دەبینین ڕۆڵی ڕەخنەگر لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا چەند ئاستەمە، ڕەخنەگری ئەمڕۆ لەلایەک لە ئامرازگەلی ئەمڕۆیی کەڵک وەردەگرێ، کەوابوو ئامرازی کۆن و سواو (وەکو بایەخ دانان) وەلاوە



دەنرێ و لـەلایـەکی دیکـەشـــــەوە بـۆ خــوێندنەوەی دەقی نوێ ئامــرازی خــۆی کـەشف دەکـات. هەمـووی ئەوانە لەلایەک، بەڵام لە مێتۆدی ڕەخنەی نوێدا تایبەتمەندی کـۆن و لاواز باسی لێـوە ناکـرێ و لەبەرهەمی ئەدەبیـدا دووپات نابنەوە بەجـیــاتی ئەوان ئەو ئامــرازانەی کــە ڕەخنەگــر وەکـــو لایەنی باشی بەرهەمـــێکی ئەدەبی پێناسەیان دەکات دەبنە بنەمای ئافراندنی دەقی نوێ و بەرز. دەبینین ئەرکی ڕەخنەگر ئەرکێکی ئەستەم و دژوارە و هەر بۆچوونێکی هەڵە خــەســارێکی گـــەورەی لێ دەکــەوێتـــەوە. کــەوابوو ڕەخنەگــر هەوڵ دەدا لەلایەک پێکهـاتە و ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی بۆ خـوێنەرانی ڕوون بکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە ئەو یاساو ڕێسایانەی کە بەرهەمێکی ئەدەبی دەبەنە ئاستێکی بەرز دەستنیشان دەکات. ڕەخنە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی کەڵک لە یاسای ئەدەبیات وەردەگرێ و لەلایەکی دی لە هەوڵی دۆزینەوەی یاسای سەربەخۆ و نوێی ئەو دەقەدایە کە لەبەر دەستیەتی. بەسەرنجدان لەو پێشەکییە و دەقی وتارەکە، دەبینین نووســەر نە تەنیــا ئەو ڕێ و شــوێنانە ڕەچاو ناکـات، بەڵکو بەردەوام وشـەگـەلی «هەر و هیچ» کـە دەتوانن وەکو وشەی ئەرزشگوزار بێنە ئەژمار لە هەوڵی دابەزاندنی شیعری «ئەدەب»دایە هەتا ئاستی دەقێکی ڕاوەستاو و ناکارا.

بەراوردکـردنیش بەبڕوای من تەنیـا کـاتێک مـەودای پێدەدرێ کە مەبەست باشتر ناسینی دوو شێوازی تایبەت بێ، ئەگـینا ئەگـەر ئامـانج سـڕینەوەی ئەوی تر بێ هەر لەسەر بنەمای بایەخ دانان ساغ دەبێتەوە.

بەسەرنجدان بەو پێشەکییە دەچینە سەر دەقی وتارەکە کە چەند خاڵ زەق دەکەینەوە و لەسەریان دەدوێین.

(١) نووسـەری بەڕێزی ئەم وتارە بەکـەڵک وەرگـرتن لەبیـردۆزی (بارییـنز و بکێـر) وا گـریمانە دەکـات کـە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی نانڤیسارە، خاوەنی شوناسی نڤیسارییەت نییە و بەردەوام لە هەوڵی شوناس بەخشین بە خۆیدایە، بۆ ئەم مـەبەسـتـە لە هەر جۆرە نووسـەرێک (چاک، یان خراپ) وەکو شانازییەکی نەتەوەیی دەدوێ. دەبینین ئەو بیردۆزییە چرووپڕ نەکراوەتەوە و بەشێوەیەکی گشتی لەسەر نەتەوەی کورد جێبەجێ کراوە. ئێمە دەبێ وشیار بین بەر لە هەموو شتێک بیردۆزییەکە بخەینە ڕوو هەمـوو لایەنەکـانی بەخـوێنەر بناسـێنین و ئەمـجـا لە بابەتێکی تایبەت چەند شاهیدی بۆ ببینینەوە و ئەو جار

بڵێین نەتەوەی کورد نانڤیسارە، ڕەنگە نەتەوەی کورد دوای ئیسلام لە نووسیندا بەردەوام نەبووبێ، بەڵام بە لایەنی کەم دەتوانین چەند قۆناغ بۆ مێژووی نووسینی کوردی دیاری بکەین یەکەم قۆناغ لە سەدەی دووی کۆچی و بە نووسراوەکانی پەیڕەوانی یارسان و کاکەیی و ئەهلی حەق دەست پێدەکات و لەهەر دۆخێکدا یەکێک لەمانە، لە نووسراوەی کوردیدا دەستیان بووە. قۆناغی دووەم لە سەدەی دە و یازدەی کۆچییەوە هەتا سێزدەی کۆچی دەخایەنێ، لە عەلی حەریری و فەقێ تەیرانەوە بگرە هەتا نالی، لە زۆربەی سەرچاوەکاندا تەنانەت ئەو ماوەیە بۆ شەش سەدە لەمەوبەر درێژ دەکرێتەوە. قۆناغی سێیەم لە نالی-یەوە دەست پێدەکات و هەتا ئێستا بەردەوامە لەوپەڕی گەشاوەیی خۆیدا بووە.

کە من بەهۆی مەودای وتارەکەم نامەوێ مێژووی وێژەی کوردی ڕێک باس بکەم و کاری منیش داکۆکی لە نووسراوەی کوردی نییە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئەو نووسراوانەی کە بەزمانی هاوسێکان نووسراون بخەینە پاڵ ئەو نووسراوانە ڕەنگە ئەو بۆشاییەش کە پێشتر باسم کرد پڕ بکرێتەوە. کەسانێکی وەکو (ئوشنەوی، ئورمەوی، باباتاهیر، ئیبنول ئەسیر، ئیدریس و شەرەفخانی بتلیسی و...) لەنێوانی ئەو بۆشاییانەدا ژیاون. کەوابوو نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی نانڤیسار نییە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە مەبەستی (بارییتز و بیکیر) ئەو نەتەوانەن کە ئێستا زۆردارن و دەستەڵاتیان هەیە، بەڵام خاوەنی مێژووی ژیار و شارستانیەت نین و بۆ ئەم کارە بەهۆی دام و دەسگای ڕاگەیاندنەوە ئەم کارە دەکەن. نەک نەتەوەی کورد کە بە شاهیدی مێژوو لە وڵاتی یەکەم ژیارەکانی گۆی زەویدا ژیاوە و ئەگەر لەخۆمانی نەگۆڕین دەتوانین ماوەی ئەو نووسراوانە بۆ مەنزوومەی زاگرۆسیش بگێڕینەوە. (دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە نووسەر ڕوونی نەکردۆتەوە مەبەستی لەنڤیسارییەت چییە؟ بەپێی ئەو بیردۆزییە نانڤیساریەتی زمانی کوردی چۆنە؟) کە وابوو نەتەوەی کورد نانڤیسار نییە و ئەگەر هەر ئەم دوو سەد ساڵەی دواییش بکەینە بەڵگە ئیتر دەسەلمێ کە کورد پێویستی بە دەمارگرژی نییە هەتا نووسەرەکانی زەق کاتەوە.

(٢) «... کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە لەسەدەی نۆزدەدا و لە بواری شیعردا لە کاروانی تازە سەرهەڵێناوی بابان دواکەوتبوون هەوڵیان داوە ئەو بۆشاییە بەخێرایی و کتوپڕ پڕ بکەنەوە...»



نووسەری بەڕێزی ئەم وتارە کوردەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت ناوچەی موکریان بە گژ بەشەکانی تردا دەدا و لە نووسراوەکە وا دەردەکەوێ کە ئەو دوو ناوچەیە دەبێ ڕقەبەرایەتییان بێ و هەموو کردەوەیەکی بابان (وەکو لایەنی بەهێز) بە دژ کردەوەی موکریان (وەکو لایەنی لاواز) وەڵام بدرێتەوە. بەپێی ئەم بیردۆزییە دەبێ (وەفایی و حەریق و ئەدەب و سەیفول قوزات و...تاد) هەستیان بەو دواکەوتوویییە کردبێ و بەرهەڵستی ناوچەی بابانیان کردبێ، تەنیا بۆ چاودانەوەی ئەوان شیعریان وتبێ. ئیدی چەندە لەبیردۆزی نووسەر ئاگادار بوون، دەبێ ئەو پرسیارە ئاراستەی خودی نووسەر بکرێ. کە وابوو مەبەستی نووسەر نەتەوەی کورد نییە، بەڵکو تەنیا کوردەکانی ڕۆژئاوای ئێران و بەتایبەت ناوچەی موکریانە و ئەوان بەبێ شوناس و پێگە لە ئەدەبیاتدا دەزانێ. شک لەوەدا نییە کە ئەدەب وەکو قوتابییەکی شێوازی نالی دێتە ئەژمار و پێوەندی نێوان دەقیش لە هەموو شێوازێکی تایبەتدا و لەنێو پەیڕەوانی لەوپەڕی پتەویی خۆیدایە. لە شێوازناسیدا پێوەندی نێوان دەقی هۆی کۆکردنەوەی چەند نووسەرە لەژێر ناوێکی تایبەتدا. لایەنی کەم دەبێ چەند خاڵ دابین بکرێ کە لە تایبەتمەندی شێوازێکی تایبەت بێنە ئەژمار و لە هەموو شێوازێکیشدا یەکێک لە نووسەرەکانی لە حوکمی دوندو ئەوپەڕی ئەو شێوازەدایە لەشێوازی کلاسێکی کوردی سۆرانی نالی ئەو ئەرکەی وەئەستۆ گرتووە کە وابوو هەموو شاگردانی شێوازێکی تایبەت لە ئاستێکدا نین و هیچ کەس نابێ نالی لەگەڵ ئەدەب بەراورد بکات، چونکە ئەو هەڵسەنگاندنانە لە هەردوو مەبەستی خۆیدا (هەڵکێشان و داکێشان) دوور لە میتۆدی ڕەخنەی زانستین. نووسەر وا گریمانە دەکات ئەو کێشەیە کە شاعیرانی سەدەی نۆزدەی موکریان ناویانەتەوە ئێستاش لە گۆڕێدایە! «... لەم چەند ماوەی دواییەدا هەندێ دەستە و تاقم- ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ- هەوڵ دەدەن وەکو شانازییەکی نەتەوەیی بیدەنە پاڵ شاسوارەکانی ئەدەبی فارس و کورد و بیکەن بە هاوشانی گەورە شاعیرانی وەکو «حافز - نالی- مەولەوی کورد و فارس و...» ڕەنگە هەندێ کەس بەشێوەی ڕەخنەی فەتوایی (judi cicial critism) ئەو کارەیان کردبێ و مەبەستی نووسەری بەڕێزی ئەو وتارە ئەوان بن. هۆی نووسینی ئەم وتارەش ڕەنگە ئەوەبێ کە

وابوو منیش بە ڕاشكاوی وەها بۆچوونێک ڕەد دەكەمەوە. هیچ كەس نابێ ئەدەب لەگەڵ شاعیرانی تر بەراورد بكات، چونكە ئەدەبیش وەكو نووسەرانی تر خاوەنی ڕێباز و تەشەخوسی خۆیەتی و هەموو جموجووڵێک دەبێ لە دەقی شیعری ئەدەبەوە دەست پێ بكات. كە وابوو ئەدەبیش وەكو شاعیرێک مافی ئەوەی هەیە لەسەری بنووسرێ و نووسراوەكانی تاووتوو بكرێن و ئەگەریش بە هەڵكەوت میهرەجانێكی بۆ بگیرێ زیاتر مەبەست، بواری ڕەخنەیە و پتەو كردنی لایەنی ڕەخنەیی زمانی كوردی دەنا بە مانای ئەوە نییە بەڕێوەبەرایەتی تووشی دەمارگرژی هاتوون و دەیانەوێ ئەدەب وەكو شانازییەكی ناوچەیی زەق بكەنەوە.

(٣) «ئاخێزگەی زاڵی جیهانبینی ئەم كتێبە عیرفان و تەسەووفە، ڕێک هەمان سیستمێ پەیڕەو دەكا وا لە هەشت سەد ساڵ لەوەو پێشەوە بەردەوام دووپات و... سەدان جارە دەبێتەوە و «میساح الدیوان»یش وەكو دیكەی پاشكۆكانی شاعیر و بیرمەندە ناسراوەكانی ئەم جیهان بینییە هیچ دەلاقەیەكی جیاوازی بۆ ڕوانین پیشان نەداوە و هیچ چەمكێكی تازەی نەخستۆتە سەر ئەم لایەنە مەعریفییە و...»

خوێندنەوەی شیعری ئەدەب، هەروەها ژیان و كەسایەتی ئەدەب دەری دەخات كە ئەدەب تەنیا عارف نەبووە، بەڵكو لایەنی ئاشكرای شیعرەكانی بەسەرنجدان بە كەسایەتی ئەدەب ئەوینی زەوینییە، ڕەنگە بەكارهێنانی هەندێک وشە و بگرە چەمكیش خوێنەر تووشی هەڵە بكات، بەڵام خوێندنەوەی شیعرەكانی دەسەلمێنێ كە جیهانبینی زاڵی ئەم شیعرانە تەسەووف نییە حەوت سەدە لەمەوبەر «سەعدی»ش لەو چەمكانە كەڵكی وەرگرتووە، بەڵام كەس سەعدی بەعارف نازانێ. منیش دەڵێم زمانی شیعری ئەدەب زمانێكی كلێشەییە، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی وەها بۆچوونێک، بەڵام بەستێنی ئەو كلێشەیە لە شیعری ئەدەبدا گۆڕاوە و لەسەر پۆرتریتی دڵدارەكەی ڕەنگی داوەتەوە. دەبێ ئەو ماكانەی بەرهەمێک، وەكو بەرهەمێكی عیرفانی پێناسە دەكەن چ بن بڕوادار بوون بە (وەحدەتی وجوود) گەڕانەوە بۆ جێگای تور هەڵدانی مرۆڤ واتە مەلەكووت، دووری لە دنیا و تور هەڵدانی، پابەند بوون بە تەریقەتێكی تایبەت، یان بنەمای فیكری- عیرفانییەكی دیاریكراو.. من ناڵێم هیچ كام لەو چەمكانە لە شیعری «ئەدەب»دا ڕەنگیان نەداوەتەوە، بەڵام هیچیان لایەنی سەرەكی



شیعری «ئەدەب» نین. لە شیعری ئەدەبدا زیاتر وەسفی مەعشووق لە پێكهاتەیەكی (نیزامی- عیرفانی)دا بەرچاو دەكەوێ و ئەدەب بۆ وەسفی دڵدارەكەی لە پێكهاتەی تایبەتی دەقی غەزەلی فارسی كەڵک وەردەگری، بەڵام ئیدی بەو مانایە نییە كە ناتوانێ بەهیچ كلۆجێک لەو كلێشەیە دەرباز بێ. لایەنێكی دی شیعری ئەدەب وەسفی تووڕەیی، بێ مەیلی، تۆران و هیجرانی مەعشووقە. هەروەكو دەزانین هەمووی ئەو چەمكانە لە بنەمای پەیڤی عیرفانی زۆر نیزیكن و زۆرجار خوێنەر تووشی هەڵە دەكەن. ئەمە لەلایەک و لەلایەكی دیشەوە گشتی بوونی مەعشووق جۆرێک سەرسامی لەدەقدا دەنێتەوە، كە ئەو مەعشووقە هەرە بەرزە خودای مەزنە، یان مەعشووقێكی بەپیرۆز كراوە، ڕەنگە كەسایەتی كەسێكی وەكو ئەدەب كە بڕواداری ئایینییە و هاتوچۆی بۆ خانەقای «شێخی بورهان» بووە و تەنانەت باوكی موریدی شێخ عوسمانی بیارە بووە، ئەو شوبهەیە بەهێز بكات، بەڵام كاتێک ئاوڕ لە ژیانی ئەدەب دەدەینەوە و كەسێک بەناوی «نوسرەت» دەبینین كە چەندە لەژیانیدا كاریگەری بووە، ئیتر دەسەلمێ كە لەپاشخانی فیكری ئەدەبدا هەموو شت لە دەوری ئەوینی ماددیدا دەخولێتەوە.

ڕەنگە بەپیرۆزكردنی مەعشووق هۆی وەها بۆچوونێک بێ، بەڵام زمانی ئەویندارانە لە بنەڕەتدا وزەی دوو جۆرە ڕوانینی عیرفانی و زەوینی هەیە.

(٤) «سەروبەری زمانی ئەم كتێبە لاسایی كردنەوەی زمانی هێما گەرانەی سۆفی و بەرچەكی عێراقییە لە ئەدەبی فارس لە سەدەكانی هەفت و هەشتی كۆچیدا» هێما شتێكی بێ گیان، یان گیاندارە هەم خۆیەتی و هەم خوێنەری شتێک، یان چەمكێكی ئەوپەڕی خۆی. ئەگەر چی هێما لە بنەڕەتدا نیشانەیە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ نیشانە ئەوەیە كە نیشانە چەمكێكی ساكار و تاک لەسەر پشتی خۆی سوار دەكات (بۆ نموونە نیشانەكانی هاتوچۆ) تێگەیشتن لە پەیامی وەها نیشانەگەلێک پێویستی ئەوتۆی بەسازدانی بەستێن لەدەقێكی تایبەتدا نییە، كەوابوو نیشانە لەبواری گواستنەوەی پەیام و مانادا تا ڕادەیەک سەربەخۆیە، بەڵام تێگەیشتن لەهێما و جۆری پەیامەكەی پێوەندی بەدەق و هۆكارەكانی دەوروبەرییەتی. هەڵبەت سەرلەبەری هونەر تارادەیەک تێكەڵ بە هێمایە، بەڵام ئەو وشانەی، یان ئەو

چەمکانەی لە شیعری «ئەدەب»دا ئاراستە کراون، دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەکی زۆر هەر بەمانا قامووسییەکەی خۆیان دەکارهاتوون (مەبەست ئەو هێما گشتییانەیە کە لە ئەدەبی عیرفانیدا باسیان لێوە دەکرێ، دەنا خوازەش لەمانای قامووسی خۆی تێدەپەڕێ.) ڕەنگە زمانی شیعری ئەدەب تۆزێک ئارکائیک بنوێنێ و لە هی شێوازی عێراقی و بگرە پێشتریش بچێ، بەڵام کاتێک ئەدەب لە زوڵف دەدوێ ئیتر مەبەستی (وەحدەت در کثرت) نییە، بەڵکو مەبەستی مووی سەری دڵدارەکەیەتی و... دەبێ بڵێم ئەو هێمایانەی لە بەستێنی شیعری ئەدەبدا ئاراستە کراون سەر بە زمانی شیعری ئەدەبن و هەر لەوێشدا بەستەرسازیان بۆ کراوە ڕەنگە ئەو هێمایانە لەوەوپێش لەدەقە عیرفانییەکاندا قەرار و بڕییان بۆ کرابێ و لە شیعری ئەدەبدا ڕەنگیان دابێتەوە، بەڵام لەو شیعرانەدا ئەو قەرار و بڕییەیان لێ سڕدراوەتەوە و ئەوە نابێ ئێمە تووشی هەڵە بکات. سەرەڕای هەمووی ئەوانە من پێم وایە مەودای نێوان ئەو و دوو لایەنە لە شیعری ئەدەبدا زۆر بەرتەسکە، یان لە هەر بەرهەمێکی لەو جۆرە بۆ نموونە غەزەلی حافیز (دیسان دووپاتی دەکەمەوە مەبەستم بەراورد کردن نییە) لەو جۆرە دەقانەدا خوێنەر دەورگێڕی سەرەکییە، واتە پێوەندی بە پاشخانی فیکری خوێنەرەوە هەیە، ئەگەر خوێنەر لە پێکهاتەیەکی عیرفانیدا بیربکاتەوە، ئەوە ڕاڤەی ئەو هێمایانە بە پێوەری عیرفانی دەکات، دەنا بە پێچەوانە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی ئێمە نەتوانین بۆچوونێکی تایبەت بۆ ئەو شیعرانە دیاری بکەین. هیگڵ لەجوانی ناسی خۆیدا دەڵێ: «هێما لە هەناوی خۆیدا لێڵ و چەند لایەنە، مرۆڤ لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێمادا لەخۆی دەپرسێ بڵێی ئەو شتە «هێما» بەڕاستی هێما بێ، یان نا؟ دوایی بەو پێش گریمانەیەی کە وابێ لەنێوان گشت واتاکانی هێمادا ئەو واتایەی کە لە ڕاستیدا سەر بەو وشەیەیە کامەیە؟ کەوابوو زۆرجار پێوەندی نیشانە و بابەت بۆی هەیە مەودایەکی یەکجار زۆری بێ.»

(٥) «... ئەدەب وەها لەنێو ئەو زەمانەدا نغرۆ بووە نەیتوانیوە ئاوڕێک لە زمانی خۆی بداتەوە لەو شوێنانەدا لەژێر کاریگەری ئەو زمانە دەرهاتووە کەوتۆتە ژێر ڕکێفی شاعیرانی ناسراو بە سێ کوچکەی بابان، بەتایبەت نالی...» پێوەندی نێوان دەق لە هیچ



بەرهەمێکی ئەدەبیدا حاشای لێناکرێ. ئەدەب قوتابی نالی و شێوازەکەیەتی، بەڵام بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بوونی، هەروەها پلەوپایەی کەسایەتی ئەدەب زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی فارسی و هەرچەندە ئەدەب لەژێر سایەی (نالی)دایە و لەهیچ بوارێکدا ناگاتە نالی، بەڵام واش نییە کە بڵێین شیعری ئەدەب هیچ دەلاقەیەکی نوێ ناخاتە ڕوو بۆ دیتنەوەی کارەکەی. هەروەها هەموومان دەزانین ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی (سۆرانی) لەژێر کاریگەری ئەدەبی فارس و ئەو زەمانەی نووسەردایە کە باسی دەکات. کە وابوو بەو پێوەرە نالی-ش دەچێتە ژێر پرسیار.. دەبێ بڵێین ئەو شاعیرانەی لە قوتابخانەیەکی تایبەتدا پۆلێن بەندی دەکرێن لەو تایبەتمەندییانەدا هاوبەشن، کە مۆرکی ئەو شێوازە دیاری دەکەن، کە وابوو لەنێو ئەوانەدا پێوەندی نێوان دەقی لەوپەڕی خۆیدایە. هیچ کات مەبەست هەڵسەنگاندنی نالی لەگەڵ ئەدەب نییە، چونکە بەڕاستی نالی گەورەترین شاعیرە لە شێوازی خۆیدا، بەڵام پێکهاتەی گشتی ئەو ڕێبازە دەگەڕێتەوە سەر ئەو زەمانەی نووسەر باسیان لێوە دەکات. کەوابوو پێوەندی نێوان دەقی شیعری ئەدەب لە تەک نالیدا شتێکی ئاساییە، مەگەر شیکلۆفسکی نالێ: «هەرچی ئێمە لەگەڵ دۆخێک زیاتر ئاشنا دەبین دڵنیایەکی زیاترمان دەست دەکەوێ کە ئەو هەوێن و وێنانەی شاعیرێک دەکاری کردوون و بەڕای ئێمە بەرهەمی ژیانی تاکە کەسی ئەون، دەکرێ بڵێین بێ هیچ ئاڵوگۆڕێک لە شیعری شاعیرانی تری خواستۆتەوە، داهێنانی شاعیر نەک لە وێنەکان، بەڵکو لە زمانێکدایە کە ئەوان بەکاری دێنن.» بۆ مەگەر بە ڕاشکاوی ناڵێن لە سەدا شێستی هەوێن و وێنەکانی حافیزی گەورەی شیراز لە شیعری «خواجو» و شاعیرانی بەر لە حافیز سەرچاوە دەگرێ؟ ئەی بۆ ئەگەر ئەدەب ئەو کارە بکات وەکو تاوان دێتە ئەژمار؟ ڕەنگە ئەدەب بەقەد نالی سەرکەوتوو نەبێ و نەیتوانیبێ پەیڤی شاعیرانی تر لە شیعری خۆیدا بەباشی بتوێنێتەوە، بەڵام نووسەر لەجیاتی شرۆڤەکردنی ئەو خەسارەی شیعری ئەدەب تەنیا بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو بابەتە گرنگە دواوە. نەک پێوەندی نێوان دەقی باسی لێوە ناکرێ، بەڵکو تایبەتمەندی زمانی ئەو شیعرە هیچی لێ نادرێتە دەست خوێنەر. ئەگەر ئەو دوو شاعیرە سەر بە ڕێبازی کلاسیکی کوردی بن بێ هیچ



گـومـانێک لە هەندێک خـاڵدا هاوبەشن، ئەگـەر ئەو تایبـەتمەندییـانە بکەینە پێـوەر دەبێ حـاشـا لە کـۆی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی و فارسیش بکەین، چونکە هەموویان لە وەها زمانێکدا گووراون.

(٦) لە بەشـێکی تری ئەو وتارەدا ئەدەب لەگـەڵ «مـەولەوی» بەراورد دەکـرێ. جگە لە لایەنی شـێـواز ناسی ئەو دوو شـاعـیرە کە مەودا بەو کـارە نادا. دەبێ بزانین نووسەر لەگەڵ کام دیاردەی ژیانی کێشەی بووە و بۆ ئەم مـەبەسـتـە لە چ زمـانێک کـەڵک وەردەگـرێ. حەتمیش نییە شاعیر بڵێ فرۆکە هەتا شیعرەکەی بە ئەمـرۆیی بزانین. کـێشـەی شـیـعـری ئەدەب ئەوینە کـە دەلاقەی ڕوانینی خوێنەر دابین دەکات. هەڵبـەت منیش لەگەڵ ئەوەدا هەم کە «ئەدەب» خۆزگە بۆ نموونە لەشەڕی یەکەمی جیهانی دوابا کە خۆی ئاوارەیی خۆشی بووە، بەڵام نووسـەر لەجیـاتی ڕوونکردنەوەی ئەم خەسـارەش هەڵدەکـوتێـتـە هەڵسـەنگاندنی «ئەدەب» لەگـەڵ «مەولەوی».

(٧) لە کـۆتایی وتارەکـەدا نووسـەر وتەی سـەرەتای وتارەکەی خۆی لە قـاو دەدا کـە دەڵێ: «ئەدەب لەهیچ! کام لە بوارەکانی جیهانبینی و جوانی ناسی و زماندا سـەرکـەوتوو نەبووە» کـە دواتر دەڵێ: «هەندێ جـێگە لەدیوانی ئەدەبدا هەیە کـە شـوێنی مـشـتـومـڕن و دەکـرێ وەکو خاڵێکی سەرکەوتوو باسیـان بکرێ و (تەنانەت) لەسەری کار بکرێ.» سەرنجتـان بۆ بنەمایەکی لێکۆڕی ڕادەکێشم ئەگەر ئێمە ڕستەیەک بە وشەی «هیچ»، یان «هەر» دەست پێ بکەین حوکمێکی گشتیمان لەمەڕ کۆمەڵێک شتەوە داوە کە گەر تەنیا یەک بابەتیش لە دژی ئەو ڕستەیە بێتەوە حوکمەکە بەتاڵە، کەچی نووسەر لە دوابەشی وتارەکـەیدا لە وشـەی «هەندێ» کـەڵک وەردەگـرێ کـە دەکـرێ لە یەک و دوانیش زیاتر بێ. لە کۆتایی وتارەکەمدا سوپاسی نووسەری بەڕێزی ئەو وتارە دەکەم کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی هەیە، بەڵام خۆزگە هەر کام لەم بابەتانە بەشێـوەیەکی چڕوپڕ باسیـان لێـوە کرابا. هێنانی کۆمەڵێک کێشە لەم وتارەدا دیارییەک بوو کە نووسەر دای بە ئێمە، چونکە بەڕاستی هەر کام لەوانە دەتوانێ سـەرەتای باسـێک بێ بۆ ورووژاندنی کـۆمـەڵێک کـێـشـە لەمـەڕ شـیـعـری «ئەدەب» و کـۆی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی.



# چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی (ئەدەب)

ئەوڕۆکە نیگاری مە دەگەڵ مە بەعیتابە
یەک یەک نگەهی قەهری دەڵێی تیری شەهابە
زێهـ کردە لەنێو قەوسی برۆی ناوەکی موژگان
تا سەر پەڕی سووفاری هەموو جەور و عیتابە
تورەی لە ڕقا خستنە سەر ڕوو لە هەموو لا
وەک ماری لە شەڕ باکی بە پێچ و خەم و تابە
دوێنێ کە ڕەقیب نەیبوو گوزاری بە جەنابی
ئەوڕۆکە بە ڕەغمی مە خەتابی بە جەنابە
یا ڕەب چ گوناهێک و چ جورمێ لە مە ڕوویدا؟
ئەمڕۆکە لە لای ئەزیەتی مە عەینی سەوابە
بۆ نەوعی بەشەر ڕۆژی حیساب ئاخرەتە و بەس
بۆ عاشقی بێچارە هەموو ڕۆژێ حیسابە

* * *

ای آنکه لب و زولف توهم نوش و هم نیش
نی زان به لبم شهدی ونی زین به جگرریش
از ماگرهی درخم ابروی تو گرهست
اززلف تودرخاطر ما صدره تشویش
مهری ز تو دیدیم به زلف تو خزبدیم
شاها به جفا برمکن این سایه زرویش
خوش می گذرد از تو به ماهر چەکنی جور
ابریش واندک زتو ترياق بود بش
ازعاشق بیدل مطلب کیش که جزعشق
درخانقه مرشدما کفر بودکیش
بیگانه زخود خواندم اگردوست خطا خواند
بیگانگی من همه ازخویش بودخوشی
انجام بدیدیم که زین جام چشیدیم
صوفی بکش این جام و درانجام میندیش
جان داد ادب درقدمت با سرتسلیم
زآن پیش به کوی تو نهد ار قدمی بیش

* * *

جانا چە ئیمان بەری بەو دووچاوە کاڵەوە
بەو دووچاوی کاڵەوە، بەو دوو لێوی ئاڵەوە
چەدڵبەرەخاڵەکەی بەر ئەو مینای گەردنت
وەک پیرۆزە دەدرەوشێ بەسەر زێڕی قاڵەوە
نە هەر من بەدیدارت تەنها لەدین وەرگەڕام
عابد پاکی وەرگەڕان بە زوهدی سەدساڵەوە
تۆخودا ئەگەر نەیە لام تێرت کوڵمە ڕامووسم
با نەچینە ئەو دونیا بە حەسرەت جەماڵەوە
ئەمن کوشتەی نگاهت تۆ بێ خەبەر لە حاڵم
جارێ لەمن ناپرسی چم نەما بەو حاڵەوە
بە ئەفسوونی پەرچەمت کەوتمە دامی ساحیران
هەر بە داوی ساحیران منت خستە چاڵەوە
چ بکەم دڵ زەوت نابێ، خانەی عەشقم خەرابێ
من چی و فیراقی تۆ چی چم بە ئاهو ناڵەوە
شەو ماچێکم لێ خواستی فەرمووت کە بێمە ماڵێ
ئەدەب هاتە خدمەتت، تۆ نەبووی لە ماڵەوە



بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

( ١٠ )

# شاری عەننابە

مارف خەزنەدار

**ڕۆژی سێ شەموو ١٩٨٣/٨/٢٣**

پێش نیوەڕۆ لە فڕۆکەخانەی ڕۆما بووین. بە چاوپێکەوتنێک پیاو دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە ون دەبێ! فڕۆکەخانە گێتییەک بوو بۆ خۆی، قەڵەباڵغی زۆر، جێگەیەکی گەورە، کون و کارێژێکی تێک ترنجاوی ئاڵۆز، کەسێکی چوختی و زۆرزانی دەوێ بۆ ئەوەی ئیشوکاری جێبەجێ بکا. لەو کەسبەکەس نەبوو- نییەدا نوێنەری هێڵی هەوایی عیراقیش لەوێ نەبوو. هەموو دەوڵەتێک نووسینگەی خۆی لەناو فڕۆکەخانەدا هەبوو، تەنیا عیراق نەبێ، گوتیان لەبەر جەنگی عیراق و ئێران و لە ترسی تەقینەوە نووسینگەیان لەناو فڕۆکەخانەدا نەکردۆتەوە. بەڕاستی وێڵ و سەرگەردان بووین. ماوەی ئەوەمان نەبوو نانی نیوەڕۆ بخۆین، هەموو هیوا و ئامانجمان ئەوە بوو بکەوینە ڕێ. وابوو فڕۆکەی جەزائیریمان دەست کەوت. پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ کەوتینە ڕێ.

لەبەر ئەوەی ماوەی نێوان شاری ڕۆما و جەزائیری پایتەخت سەعاتێک و چل و پێنج دەقیقە بوو خواردنیان لە ناو فڕۆکە پێشکێش نەکرد. بۆ ئێمەی برسی کارێکی بەجێ بوو ئەگەر خواردنیان بدابایە، لەگەڵ ئەوەشدا کاری باشیان هەبوو، بەوەی چایە و قاوە و شیرینی و ساردەمەنی پێش نانی شێوانیان پێشکێش کردین. ئەمە هێنانەدی ئامانجێک بوو بۆ ئێمەی برسی.

فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی و فڕۆکەخانەی ناوەوەی جەزائیر بە تەنیشت یەکەوە بوون. لە یەکەمیاندا هاوڕێ عەرەبە عیراقییەکانم بەجێیان هێشتم، یەکێکیان لەوێوە چووەوەماڵی خۆی و ئەویتریان لەگەڵ مندا ڕووی کردە فڕۆکەخانەی ناوەوە و چاوەنۆڕی فڕۆکەی شاری وەهرانی دەکرد و منیش فڕۆکەی شاری عەننابە.

زۆر ماندوو بووم، سەر ئێشەیەکی زۆرم بۆ پەیدابوو، کارێکی قورسە و ڕێبواری ڕێگەی دوور ئەوەی پێویستە دوو سێ فڕۆکە بگۆڕێ هی وەکو من و فڕۆکەی یەکەمی

دوا بکەوێ، چونکە ئەو فڕۆکـانەی دەستنیـشـان کـراون هەمــوویـان لەدەست دەچن. مـەسـەلە دەکـەوێتـە دەست ڕێکەوت، ئایا فـڕۆکەی ئەو شوێنەی بۆی دەچی جێگەی بەتاڵی هەیە، یان نا ؟!

بەخت یار بوو، لە جێی چاوەنۆڕی فڕۆکەی عەننابە دوو لاوی پێگەیشـتـوو لێم نزیک بوونەوە و ئاشنایەتییـان لەگەڵم پەیداکرد. کە گوتم: مامۆستایەکی زانستگام لە دەرەوە هاتـووم بۆ ئـەوەی ئەدەبی عــــالـەمی (ئـەدەبی نەتەوەکانی ئەورووپا) لە زانستگای عەننابە بڵێـمەوە. یەکـێکیــان گـەشــایەوە. گــوتی: من نـاوم نوورەدین سـوێسـیــیـە، ئەم سـاڵ لە پۆلی دووەم دەرچووم بۆ پۆلی سێیەم، دیارە تۆ ئەم بابەتەمـان پێ دەڵێیـتەوە. پاشان ڕووی کـردە هاوڕێکەی و گـوتی: ئەمـەش ناوی ئەسعـەدە دەرچووی ئامۆژگای ئابوورییە. ئێمەش لەگەشتی وڵاتی یۆنان بووین، پێش فڕۆکەی ئێوە لە ئەسیناوە گەیشتینە ئێـرە. ئیــتــر لەو دەمــەوە نوورەدین بوو بە قـوتابی و هاوڕێی ژیانم. ئەو کوڕە هەمـوو شتێکی بۆ ئاسان کردم، تا شـەو درەنگ جـێگە و ڕێگەی لە گـەورەترین ئوتێلی شار بە ناوی پلازا بۆ ڕێک خستم.

## ڕۆژی چوارشەموو ١٩٨٣/٨/٢٤

بەیـانی نوورەدیـن هات بۆ ئوتـێل، پێکەوە چووینـە دەرەوە، شار سەرنجی ڕانەکێشام، چونکە مێشکم ئامادە نەبوو خۆی بە چۆنیەتی ئەم شارەوە خەریک بکا، بەڵکو هەمـوو هیوا و ئامانجێکم ئەوەبوو ئەو کارەی بۆی هاتووم دەســـــتم بـکەوێ و جـێ و ڕێـی ژیـانم دیـاری بـکرێ. هەرچەندە زانســتگای عــەننابە خــۆی بانگی کــردبووم، لەگـەڵ ئەوەشـدا چاوەڕوان دەکـرا ئەم مـافـەم بە ئاسـانی چنگ نەکەوێ. لە پڕ قسـەکانی یەکێ لەو عـیراقییـانەی لەناو فــڕۆکــەدا بوون هاتەوە یادم، ئەو لاوە عـــەرەبە ڕەشـتـاڵەی عـیـراق بەزەیی بەمندا دەهاتەوە، پێی گـوتم: مامۆستـا دەترسم لە جەزائیر تووشی ئازار و ڕەنجەڕۆیی ببی! وتم قەی ناکا من لە قوتابی دەگەڕێم. گوتی: بەڵێ ڕاسـتـە، تۆ من ناناسی، بەڵام من تۆ دەناسم، مـامۆسـتـا بووی لە کـۆلێـژی ئەدەبیـاتی بەغـدا و سـەرۆکی بەشی زمـانی کـوردی بووی، جێگە و ڕێگەت بەرز و دیار بوو، ئەوکاتە من قوتابی بووم لە بەشی زمانی فەڕەنسی. هەر چۆنێ بێ قسـەی ئەو کـوڕە ڕاست بوو. بەگـشـتی ڕژێمی تاکـە حـیــزبی لە وڵاتێکی دواکـەوتووی وەک جـەزائیـر بیـرۆکراتییـەتی فـەرمـانڕەوایان زیانی بۆ کۆمـەڵ هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە موویەکی دیمۆکراتییەت دەکرا، بەتایبەتی لە خوێندن لە هەموو قۆناغەکانیاندا.

ئەو ڕۆژە هەوڵم دا چاوم بە ســـاڵح تەقی فـــەهمی بکەوێ، مامۆستای زمانی فارسی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغـدا، ئەوکـاتە ئەویش لە زانسـتگای عـەننابە زمـانی فـارسی دەگـوتەوە. ڕووم کـردە مـاڵیـان، بەڵام گـوتیـان لە پشــووی هاویندا چووە بۆ بەریتــانیــا و هێــشــتــا نەگەڕاوەتەوە. پاشان چووم بۆ زانستگا ئەویش نووستبوو و لە خەوی پشووی هاوین بەخەبەر نەهاتبووەوە. گوتیان: لە زانســتگا کـار وەســتـاوە، لەگـەڵ دەست پێ کـردنی خــوێندن کـــاری تۆش دەست پێ دەکـــا. ئەمـــە چاو هەڵتەکاندنێک بوو بۆ من خۆم ماندوو نەکەم و چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژە ئەفسـووناوییـە بکەم کە خـوێندن لە زانسـتگا دەست پێ دەکاتەوە.

## ڕۆژی پێنج شەموو ١٩٨٣/٨/٢٥

لەم ڕۆژوە بڕیارم دا خـۆم بەشـاری عـەننابە بناسـێنم، ئەوەی دەبوو ماوەیەک لە ژیانی جموجوولی زانستگاییم تێیدا ببەمەسەر. ئیتر کەوتمە گەڕان بە شەقام و کۆڵان و بازاڕ و پۆرت و کۆڕنیشی زەریا و شاری کۆن (ڕۆمـانی) و گـەڕەکەکـانی فـەرمـانڕەوایی عـوسـمـانی (قـەسـەبە یا قـەسـبە) و شـانشین و باڵەخـانە تازەکـانی فەرمـانڕەوایی فەڕەنسی و هەموو کونوقوژبنێکی ئەم شارە کۆنە.

شـاری عـەننابە ئاوەدانییـەکی زۆر کـۆنە، پاشـماوەی سەردەمی مەدەنییـەتی فینیـقییـەکانە، لە بناری شاخی ئیدۆغ بنیاد نراوە. ئەوکاتە ناوی هیپـۆن بووە، بە زمانی فـینیـقی واتە جـێی شـاراوە و کـەنداو دەگـەیەنێ. لە ڕۆژگـاری فـەرمـانڕەوایی ڕۆمانەکـاندا ناوی «بۆنە»ی لێ نراوە، دانیـشـتـوانی بەربەر بوون، ئەم مـیللەتە بە خـۆیان دەڵێن «ئەمـازیغ، یان ئەمـازیگ» بێگانە و دوژمنانیـان بەربەریان پێ دەڵێن، ئەمـە مـانای دواکـەوتوو و کـێوی و دڕندە دەگـەیەنێ. لەم لایەنەوە ڕۆمـانی کـۆن بە هەمـوو بێگانەیەکیان دەگوت «بەربەر».

شـاری بۆنە سـەر بەقـرتاجی فـینیـقی بوو تا سـەدەی دووەمی پێش مــەسـیح. شــار بە دەوری بت پەرســتی تێپەڕیوە، ئاییینی زەردەشتی بە تایبەتی مانەوی بەخۆیەوە دیوە، ئاییینەکـانی جـوولەکـە و مـەسـیـحیش لەسـەردەمی خــۆیان لەو ناوچەیەدا بەهەڕمـــێن بوون. لەســـەردەمی کریسـتـیـانـدا یەکێ لە گـەورەترین فـەیلەسووفانی ئاییینی مەسیحی سانت ئۆگستین (٣٥٤- ٤٣٠م) لەشاری بۆنە ژیاوە. لەپاش ئینجیل بـەرهەمی ئەم بلیـمـەتە گـەورەترین سەرچاوەی کریستییە، بەتایبەتی دانراوی «شاری خودا» بیــست و دوو بەرگ کــتــێــبــە و چل ســاڵ خــەریکی نووســینەوەی بووە. کــاری ســانت ئۆگــستین لەکــاری ئیمپیراتۆرێکی ڕۆمانی و سەر عەسکەرێکی عوسمانی و میری بەربەرێک کاریگەرتر بووە. سانت ئۆگستین لەسەر

ئاییینی زەردەشتی بووە لەماوەی پێش بوونی بە کریستی.

کڵێسە (بازیلیک) و دێری ئەم فەیلەسووفە هونەرێکی میعماری ڕۆمانی- بیزەنتی تایبەتی هەیە و دروشمی شاری عەننابەیە.

شاری دێرین لەناوەڕاستی سەدەی یەکەمی هیجری (٥١ه/ ٦٧١م) ئاشنایەتی لەگەڵ ئاییینی ئیسلامدا پەیدا کرد. ئەمازیغەکان لەگەڵ تیرە و هۆزی پاشماوەکانی ڕۆمان و نەومیدی، ئینجا عوسمانی (١٥٣٤- ١٨٣٠) تێکەڵ بوون، سەرەتا ئاییینزای حەنەفی ئینجا مالیکی لە ناویاندا بڵاوبووەوە.

لەسەدەی شازدەم لە دەوروبەری سەرەتای فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان ناوی هیپۆن و بۆنەی کۆن بوو بە «عەننابە». ئەم وشەیە لە وشەی «عونناب»ی عەرەبی وەرگیراوە بە مانای (شیلان). ئەمە دار و دەوەنێکە سەرەتا لەناو دارستان و باغەکانی قەد شاخ دەبینرا، بەڵام ئێستا کەم بەرچاو دەکەوێ. لە باغی بناری شاخ و باغچەی هەندێ ماڵی شارەکە بەخۆی و گەڵای سەوز و بەری شیلانی ڕەنگ سوورێکی دیاری کراو خۆی دەنوێنێ. ڕەنگە سوورەکەی شیلان تایبەتە بەخۆی، لەبەر ئەوەیە ڕەنگەکە «عەننابی» پێ دەڵێن، بە زۆری بۆ ڕەنگی چایە و مەی و شەراب بەکاردەهێنرێ.

شاری عەننابە ئێستا مێژووی دێرینی خۆی لەبەرچاوە. پاشماوەی شاری ڕۆمانی کۆن لە نزیک کڵێسە و دێری سانت ئۆگستین دیارە. قەسەبە و کۆڵانە تەسکەکانی و عرووسییەی دەوری عوسمانی بۆ چاوی ئێمە ئاساییە و لە دیمەنی کۆڵانەکانی قەڵای هەولێر و گەڕەکەکانی بەغداو بەسرە خۆیان دەنوێنن. خانووبەرەی تازە بەتایبەتی باڵەخانەی نووسینگەکانی میری و شانۆی شار کە لەسەر شێوەی ئەندازیاری ڕۆمانی و فەرەنسی دروست کراون، دیمەنی شارەکانی فەرەنسا دێننە بەرچاوی میوان و هەموو دانیشتوانی شار.

زەقترین دیاردەی کۆمەڵایەتی لە عەننابە و هەموو شارەکانی جەزائیر قاوەخانەیە. ئەمە پاشماوەیەکی عوسمانییە، لەسەردەمی فەڕەنسییەکاندا دەستووری ئەوانیشی هاتۆتە ناوەوە. قاوەخانە جێی حەسانەوەیە، تایبەتییە بە پیاو. ژن لە قاوەخانە دانانیشێ. بەگشتی ژن هی ماڵە و هی دەرەوە نییە، چارشەو پەچەی تایبەتی خۆیان زۆرە و لە هەموو جێیەک دەبینرێ. چارشەو پەچە لە وڵاتانی مەغریب لە قوماشی سپی دروست دەکرێ، بەڵام هی عەننابە و دەوروبەری لە قوماشی ڕەش دروست دەکرێ. لەم ڕووەوە دەیان گوت، لەکاتی خۆیدا فەڕەنسییەکان ئەفسەرێکی گەورەی عوسمانییان کوشت بوو، کابرا لای خەڵکی خۆشەویست بووە، لەبەر ئەوە ژنانی شاری عەننابە بەناوی پرسەوە چارشەو پەچەیان کردووە بە ڕەش، ڕەنگی ماتەم. ئیتر پاش ئەوە بووە بە نەریت و تا ئێستا ژنانی عەننابە چارشەو پەچەیان ڕەشە.

عەننابە نێوەندێکی ئابووری گرنگە لە وڵاتی جەزائیر. یەکێکە لە شارە گەورەکانی، لەبەر ئەوەیە پایتەختی ڕۆژهەڵاتی وڵات پێ دەڵێن. وەکو پۆرتێک ئاوەدانە، کە شتی لە عەننابەوە دەگاتە هەموو پۆرتەکانی زەریای سپی ناوەڕاست. نهۆمی ژێر زەوی بازاڕ (مارشێ) جێی ماسی فرۆشتن بە سەدان جۆرە ماسی و ئاژەڵی ئاویی لێ دانراوە. هی وایان تێدایە بە مردوویش پیاو لێیان دەتۆقێ، زۆربەی ئەوانە بۆ جوانی دانراون و گۆشتیان ناخورێ.

زەریای سپی ناوەڕاست لە ئاقاری عەننابە مەڵبەندی ماسی و مەرجان و ئیسفەنجە. خاکی بە پیتی ئاسن و مسی لەخۆ گرتووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٩ گەورەترین فابریقەی ئاسنی لێ دروست بکرێ لە هەموو ئەفەریقیادا، لە قەراغ شار و لەو جێیەی «حەججار»ی پێ دەڵێن دووکەڵی هەمەڕەنگ لە لوولەی ماکینەکان دێنە دەرەوە. کار لەم فابریقەیەدا شەو و ڕۆژ بەردەوامە و بە هەزاران ئەندازیار و کرێکاری بێگانە کاری تێدا دەکەن، بەتایبەتی ڕووس و فەڕەنسی.

دەشتی پانوبەرینی عەننابە و کەژی هەمیشە بەهاری و ڕووباری سیبۆس و بارانی زۆر هەموو جۆرە میوە و سەوزەیەکی لێ دەست دەکەوێ، بە تایبەتی پرتەقاڵ و لالەنگی و ترێ و گەرنوون و شێلمی شیرین (لیفت) و بەسباس و هی تر.

کەرەستەی دەوڵەمەند بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی لەم شارەدا زۆرە: سینەما، شانۆ، ستادیۆن، پارک، باغی ئاژەڵ، نێوەندی ڕۆشنبیری، کۆگای کتێب فرۆشتن، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە یانەی لێ نییە!

مانگی ڕەمەزان و جەژنە ئاییینییەکانی ڕەمەزان و قوربان و ڕۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەر و عاشوورا لەو وڵاتەدا دەستووری تایبەتییان هەیە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانیش بێ ئەوەیە عاشوورا بە جەژنێکی خۆشی دادەنێن نەک ڕۆژی ماتەمین، لەلای ئەوان هیچ پێوەندییەکی بە ڕووداوی کەربەلاوە نییە.

لەو کۆمەڵەدا جەوهەری نەتەوەیی بەربەر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زاڵە. لەبەر درێژی مێژووی شارەکە خوو و ڕەوشتێکی یەکجار زۆر و فراوان لەناو کۆمەڵەکەدا دروست بووە، لقوپۆپی دەچێتە ناو ڕەگوڕیشەی گەلێ هۆز و تیرە و میللەت و نەتەوە. خەڵکی عەننابە دەڵێن ئەو دوو مۆمەی لەپێش بووک دایاندەگیرسێنن لە ڕۆمانی کۆن و کریستییەوە بۆیان ماوەتەوە.

# ڕێبازی لاتینی ئبن ڕوشد له فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاستی ئەوروپادا

د. حەمید عەزیز
(زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێژی ئاداب)

١- له چوارچێوەی مێژووی فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاستی ئەوروپادا كۆتایی سەدەی دوازده و تێكڕای سەدەی سێزده ڕۆڵێكی بەرچاو و سەرنجڕاكێش و كاریگەری گێڕاوه.

لەسەدەی دوازده له پاریس- فەڕەنسا چەندین مەڵبەندی خوێندن و قوتابخانه كه قوتابی و مامۆستای سەر به نەتەوه و وڵاتی جیاوازی ئەوروپا، بەڵام به ئایین مەسیحی (فەله) تێیاندا خوێندوویانه و دەرسیان تێدا وتوونەتەوه، دامەزراون. له سەدەی سێزدەشدا زانكۆ به شێوەی سەردەمی خۆی دامەزراوه و بووه بەو مەڵبەندەی بەدەیان پسپۆڕ و كادیری شارەزا كه بەردی بناغەی لاهووتی ئەوسا و فەلسەفەی سەدەكانی تریان داناوه، پێگەیشتوون.

وشەی زانكۆ كه له جیاتی وشەی لاتینی ئونیڤەر زیتاس Universitas بەكاردەهێنرێت، له سەرەتادا واتای كۆی تێكڕای مامۆستا (پرۆفیسۆر) و قوتابی و خوێندكارانی بەخشیوه كه له مەڵبەندێكی دیاریكراودا وانەیان گوتۆتەوه و خوێندوویانه. ورده ورده هەندێک لەو مەڵبەندانه پەرەیان سەندووه، گەورەبوون به تایبەتی بەشی لاهووت و قانوون و پزیشكی بوو به كۆلێژی سەربەخۆ، خوێندكار و قوتابی و پرۆفیسۆرەكانیان مەڵبەند و پلەوپایه و مافی نووسراو و تۆماركراو و دان پێدانراویان هەبووه.

بۆ نموونه تێكڕای خوێندنگا و قوتابخانه و كۆلێژەكانی شاری پاریس كۆكراونەتەوه و لەو كۆیه زانكۆی پاریس له دەیەی دووەمی سەدەی سێزدەدا دوای ئەوەی له خوێندنگای كاتیدرایی نوتردامەوه پەرەیان سەندووه



ئبن روشد

سـالّی ١٢١٥ز بە فـەرمی دامـەزراوە و تۆمـارکـراوە. زانکۆی ئۆکسـفـۆردی ئینگلیـزیش سـالّی (١٢١٤ز) و دواتر زانکۆی کـەمـبـریدج و ئینجـا سـالّی (١٢٢٩ز) زانکۆی تولوز، لە ئیسپانیاش سالّی (١٢٢٠ز) زانکۆی سالامانکۆ دامەزراون(١). کەوابوو زانکۆ بریتی بووە لە کـۆی خـوێندنگا و کـۆلێـژ و قـوتابخـانەکـان کـە پێکەوە رێکخراوە و بەرێوەبەرایەتیـیـەکی سـەرپەرشـتـیکاریان بۆ دامـەزرێنراوە. دامـەزراندنی زانکۆکـان هەنگاوێک بووە لەو هەنگاوانەی ئەو شارسـتـانیـەتەی ئەمـرۆی ئەوروپای لێ کەوتۆتەوە.

لە زانکۆی پاریســـدا چەند بابەتێک خـــوێنراون و گەشەیان کردووە، بە تایبەتی هەردوو بابەتی لاهووت و فەلسەفە.

هەر لەسـەدەی سێـزدەدا بڕوانامـەی بەکالۆریۆس لەگەڵ بڕوانامـەی مـاگـســتـێـر Magister داهێنراون و دوای خـوێندنی چەند سـالّ و بڕینی چەند قـۆناغ و دەرچوون لەتاقیکردنەوە بەخشراون. ئەو بابەتانەی خوێنراون و ئەو بڕوانامـانەی پێـیـان وەرگـیـراون بە هونەرە ئازادەکـان ناوبراوان.

ئەدەب– رێزمـان، مـەنتـیـقی ئەریسـتـۆ و دەروازەکـەی فەرفۆریوس کە بە ئیساغۆرجی ناسراوە خوێنراون.

خـوێندنی کـۆرسی لاهووت هەشت سـالّی خـایاندووە. دوای ئەو مـاوەیە کـە خـوێندکـار– قـوتابی کـۆرسـەکـەی کـۆلێـژی لاهووتی تەواو کردووە یەک دوو سـالّ دەرسیـان پێ گوتووە، ئینجا چوار سالّی دیکە تەوراتی جوولەکە و ئینجـــیلی مـــەســـیـــحی و دوو ســـالّ دەرسی پەند و ئامۆژگارییەکانی Sentenzen (پیـترۆس لامباردۆس)ی خوێندووە. دوای ئەوە پێویست بووە خوێندکارەکە خۆی دوو سـالّ (وەک پراکـتـیـک) دەربـارەی هەردوو کـتـێـبی پیـرۆز کە پێـشـتـر ناویان هێنرا و دەربارەی ئـامۆژگـارییـە ناوبراوەکان وانە بلّێتەوە، ئەگەر لەو ئەرکەیدا سەرکەوتوو بووبێ، بڕوانامە و نازناوی بەکالۆریۆس پێ بەخشـراوە. چوار– پێنج سالّ دواتر، بەپێی توانا و کۆششی خوێندکار کـارە زانسـتـیـیـەکـەی تەواو بکات، مـاگیـسـتـریۆم (کـە بەرانبـەر بـە دکـتـۆر فـەلسـەفـەی سـەردەمـە (Ph.D) وەرگیراوە.

لەبەر ئەوەی لاهووت کـە بـابەتێکی بنەڕەتی ئایین و دامودەزگاکانی کلّێسەی مەسیحییە بە شای زانستەکان دانراوە، هەر کـەسـێک لەو بابەتەدا نازناوی دکـتـۆری وەرگرتبێ، رێگای دراوە بشبێ بە پرۆفیسۆر و مـۆلّەتی دەرس وتنەوەی دراوەتێ. زۆربەی هەرە زۆری پســپـۆڕ و بیرمەند و زانا و فەیلەسوفی ئەو سەردەمە لە بنەڕەتدا، بەهۆی خوێندنەکەوە لاهووتی بوون.

دامەزراندنی مەڵبەندی خوێندن و کردنەوەی زانکۆکان ئەگـەرچی بە مـەبەسـتی پێگەیاندنی پسـپـۆڕ و کـادیری ئایینی بووە کە داکۆکی لە ئایینی مەسیحی بکەن، بەلام بەخالّێکی وەرچەخانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، خالّێک وەک چرایەکی پرشنگدار، سـەردەمی خـۆی و دوارۆژی رووناک کـردۆتەوە. ئەو دیاردەیە کـە لە ئەوروپادا رووی داوە، کەم وێنەیە لە جیـهـاندا، سروشـتی ئایینەکـە خۆی دەردەخات و بگرە ساغی دەکاتەوە. جگە لەو دیاردە کەم وێنەیەی سـەدەکـانی ناوەڕاسـتی ئەوروپای مـەسـیـحی دیاردەیەکی دیکەش لەو سەردەمـەدا کە ئەنجامـێک بووە لە کـردنەوەی زانکۆ کـەوتۆتەوە سـەرنج بۆ لای خـۆی ڕادەکێشێ. دیاردەی وەرگێڕانی بەرهەمە شاکـارەکـانی مـیللەتانی تر کـە پێش هاتن و جـێـگـیـربوونی ئایینی مەسـیحی نووسراون و داهێنراون. ئەو وەرگێڕانانە جگە لە ئایینەکە خۆی، زمانی لاتینی ئەو سەردەمەیان کردووە بە زمانی کولتوور و شارستانییەت بە هەموو لقەکانییەوە

هەر لە لاهووتەوە تاوەکو ئەدەب و زانست و فـەلسـەفـە. ئەو پرۆسەی وەرگێڕانەی کەلەپووری شارستانیەتی پێش مەسیحییەت لە دوو کەناڵەوە بووە:

**یەکەم**: هەندێک بابەتی فەلسەفە و کەلەپووری یۆنان و ئیسلام لەسەرەتادا ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە کە کـاتی خـۆی لە یـۆنانیـیـەوە کـرابوون بە سـریانی و لە سریانییـەوە کـرابوون بە عـەرەبی وەرگـێڕدراونەتە سـەر زمـانی لاتینی، کـە وەک عـەرەبی ڕۆژهەڵات، زمـانی ئـاییـنی مـــیللەتـانی ئەوســـای ئەوروپـا بـووە. ئەو بزووتنەوەیەی وەرگـێـڕانە لە شـاری پاریسی فـەرەنسـا ڕێبازێکی گرینک و پڕ بایەخی فەلسەفەی لێکەوتۆتەوە کە لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی مێژوونووسانی فەلسەفە و لە بەشـەکانی فەلسـەفـەدا لەنێو مامـۆسـتـا و خـوێندکـار و قوتابیاندا بە ڕێبازی «ئەریستۆ- ئبن ڕوشدی لاتینی» Averroes ناسـراوە. ئەو ناوە لەوەوە هاتووە، بەرهەمە فەلسەفەییەکانی ئەریستۆ لەبەر ڕۆشنایی شرۆڤە کردن و لێکدانەوەکانی ئبن ڕوشد و فـەیلەسـووفـە جوولەکـەکـان خوێنراوە(٢).


لە ساڵی (١٢٣٠ز) بەدواوە هەرە زۆری بەرهەمەکانی ئبن ڕوشـدی ئەندەلووسی بە زمـانی لاتـینی لە زانکۆی پاریس لەبەر دەست خوێندکار و قوتابی و مامۆستاکاندا بوون. لە ئیسپانیای ئەوسا بەشی زۆری میتافیزیکەکەی مامۆستای یەکەم لە زمانی عەرەبییەوە کراوە بە لاتینی. زمـانی عـەرەبی زمـانی ئاییـنی مـیللەتانی ڕۆژهەڵات و لاتـینی زمـانی ئـاییـنی ڕۆژئاوا بووە. شـان بە شـانی ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی هەندێک بەرهەمی بوعـەلی سـینای بوخاری Avicena لەگەڵ چەند بەرهەمێکی فـەیلەسووف و زانای کـەلامی جوولەکـە (مـووسـایی) بن گـەبرول -Av ecebeon کـراون بە لاتـینی. نووسـینەکـانی تـۆمـاسی ئەکـوینی کـە لە ڕۆژئاوادا بە تـۆمـاسی پاک نـاسـراوە، بەڵگـەی ئەم وەرگـێـــڕان و قـــســـەیەن. ئەکــوینی لە نووسینەکانیدا ناوی ئەو فەیلەسوفانەی هێناوە و شتی لێ خواستوونەتەوە.

**دووەم**: شـان بە شـانی ئەو بەرهەمـانەی بە زمـانی عەرەبی بوون و ئەوانەی موسڵمانەکان بە زمانی عەرەبی نووسـیویانە فـەلسـەفـە و بەرهەمی بیـرمـەندانی یۆنانی ڕاستەوخۆ کراون بە لاتینی. یاکوبی ڤینیدیکی بەرهەمە مەنتیقییـەکانی ئەریسـتـۆی ڕاسـتـەوخـۆ لە یۆنانییـەوە کردووە بە لاتینی. لە شاری سیسیلیا (سقلیە)ش -Sizi lien هینریکوس ئەریســتـیــبـوس، لەناوچەی کـاتانیـا ئەرشـیـدیاکـون ڕاسـتـەوخـۆ دیالۆگی مـینون و فـایدیونی ئەفلاتوونیان کردووە بە لاتینی.

بە باوەڕی من ئەو قسەیەی هەندێک نووسەری عەرەب کردوویانە، گوایە کولتووری شارستانی عـەرەب تاریکی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپای ڕەواندۆتەوە و هاندەری دامــەزراندنی تەمـــەدون و کــولتـــوورەکـــەی بووە، بە بنەمایەکی پتەوی زانستییانە و مێژوویی پشت ئەستوور نییە. خۆ ئەگەر کولتووری شارستانیەتی ڕۆژهەڵات کە بەعــەرەبی نووســراوە، لێــرەدا ڕۆڵێکی هەبووبێ، ئەوە بەهیچ جــۆرێک لە هۆکــارێکی دەرەکی بەولاوە نەبووە، بۆیە لەبەر سێ هۆکـار ئەو ڕایەی ئەو نووسـەرە عـەرەبانە پاساو نادرێت:

یەکـەم: هەروەک وەرگـێـڕان لە عـەرەبییـەوە هەبووە، بزووتنەوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆی چالاکی وەرگـێـڕانیش لە فـەرەنسـا و ئیـتـاڵیـا و چەند دەڤـەرێکی دیکەی ئەوروپا هەبووە، ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە بەرهەمەکانی کردووە بە لاتینی. کەوابوو هۆکاری تریش شـان بە شـانی هۆکـاری کولتووری ڕۆژهەڵات دەستبەکار بوون.

**دووەم:** ئەو بەرهەمــە فـرە ڕەنگیـیـانەی بە عــەرەبی نووسراون و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی (ئایین ئیسلامیان) لێ پێکهاتووە، لە زمانەکەی بەولاوە هیچی تری عەرەبی نەبووە. هەمــوو شــارەزایەک باش دەزانێ کــە لەگــەڵ بڵاوبوونەوەی ئیـســلام لە دەرەوەی دوورگـەی عــەرەب، میللەتانی تر کە بوون بە موسڵمان زمانی عەرەبییان بە پیرۆز داناوە، چونکە زمانی قورئان بووە، بۆیە بیرمەند و نووســەرانیــان جگە لەوەی بەرهەمــە شــاکــارە هەمــە ڕەنگییەکانی فارس و هیند و... یان کردووە بە عەرەبی و کولتووری بە زمان عەرەبی بە پیت و پێز و دەوڵەمەند کـردووە. هەر ئەو بیرمـەندانە بەزمـانی عـەرەبی شـتیـان نووسـیـوە. پێـویست ناکـات قـسـەکـەی ئبن خـەلدوونی ئەمـازیغی کـە لە (ئەل مقـەدیمەدا) کردوویەتی بە شـایەد بهێنینەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو فەلسەفەیەی لە جیهانی ئیسـلامدا بەزمـانی عـەرەبی نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی فـەلسـەفـەی یۆنانی خـۆیەتی، ئەو فـەلسـەفـە یۆنانیـیـەی بەزمـانی عـەرەبی لە ڕۆژهەڵاتدا گـەشـەی کـردووە پەرەی ســەندووە، وەک هۆکــارێکی دەرەکی، لە چوارچێــوەی



ئەریستۆ

رەوشێکدا بووە کە ئاییینی ئیسلام، دوای ئەوەی بوو بە دەوڵەت لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب، لەگەڵ پێداویستی زانستی کەلام و شەریعەت و کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ژیانی ڕۆژانە پێویستی کردووە، ئەرکی سەرەکی ئەم کارەش پتر لەسەر شانی ئەو بیرمەند و فەیلەسووف و زانایانەی کەلام و شەریعەت بووە کە ڕۆڵەی میللەتانی تر بوون و بوون بە موسڵمان و زمانی عەرەبی کە زمانی قورئان بووە کردوویانە بە زمانی نووسین.

ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی زانستییانە لەو فەلسەفەیە وردبێتەوە کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و گوایە فەلسەفەی ئیسلامییە، تاکە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی تێدا نابینێ کە سروشتی نەتەوە و کۆمەڵگای عەرەب و پێوەندییە فرە ڕەنگی و کێشەکانی دەربخات و ساغ بکاتەوە. ئەو فەلسەفە و کولتوورە لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب کاتێک پەیدابووە کە میللەتی نا عەرەب هاتوونەتە ناو ئیسلام و فەلسەفەی یۆنان و کولتووری میللەتانی دیکە کراون بە عەرەبی، بۆیە من بە پارێز و سڵێشەوە دەڵێم کولتووری میللەتانی ڕۆژهەڵات نەک شارستانییەت و تەمەدونی عەرەب، ئەو هۆکارە دەرەکییە بووە کە سوودی بە کولتوور و شارستانی و فەلسەفە و لاهووت و سەرخانی کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا گەیاندووە.

**سێیەم:** ئەو گۆڕانانەی کە دوای جێگیربوونی ئیسلام بەسەر دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاروباری ئایینەکەدا هات، چۆن هارون ئەلرەشید و خەلیفەکانی دیکەی ناچار کرد پەنابەرنە بەر تاقیکردنەوەی میللەتانی تر کە ئەمەش گۆڕانی ناوەکییە و هۆکارەکەشی ناوەکییە و پێویستییە بە هۆکار و پاڵنەری دەرەکیش دەبێ، بەهەمان شێوە گۆڕانی سەرتاپاگیرانەتر بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و ئایینی مەسیحیدا هاتووە و ناچاربوون پەنا بەرنە بەر تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی پێش خۆیان کە دەکرێ وەک هۆکار و فاکتەری دەرەکی دابنرێن، لێرەوە هاندەرە سەرەکییەکە لە خۆیدا ناوەکی بووە و ئەو گۆڕانانەی وردە وردە بە درێژایی ڕۆژگار بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و مەسیحییەتدا هاتوون، ئەوەیان پێویست کردووە لە تاقیکردنەوەکانی دیکە، کە دەکرێ بەهۆکاری دەرەکی دابنرێن، سوود وەربگیرێت.

لەلایەکی دیکەوە نابێ ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخرێ، لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هەڵەیەکی گەورە کراوە، تەنانەت کەسانی وەک فارابی بە هەڵە بردووە، هەڵەکە بەو شێوەیە بووە:

بەشێک لە بەرهەمێکی نۆنۆیی ئەفلۆتین ناوی لاهووتی ئەرستۆی لێنراوە و لێی نووسراوە: (ئەتۆلۆژیا ئەرستاتالیس)! ئەو بەرهەمە خۆی هی ئەفلۆتینی سەر بە ڕێبازی ئەفلاتۆنیزمی نوێیە، کەچی لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامدا و لە کۆڕ و کۆمەڵە فەلسەفەیی و حوجرە و مەدرەسەکاندا بە بەرهەمێکی ئەریستۆ دانراوە. فارابی تا ئەو ڕادەیە بە تەفرە چووە ئەو بەرهەمەی لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بەراورد کردووە و هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە گوایە هیچ جۆرە ناتەبایی و ناکۆکییەکی ئەوتۆ لەنێوان فەلسەفەی ئەریستۆ و فەلسەفەی ئەفلاتووندا نییە، بەتایبەتی لەو کتێبەیدا کە ناوی «الجمع بین رأیی الحکمین...»ی لێناوە. ئەوی ڕاستی بێ فارابی ئەفلۆتین و ئەفلاتوونی مامۆستای بەراورد کردووە و پێکەوەی گونجاندوون!!. ئەو هەڵە کوشندەیە هەتاوەکو سەدەی نوێ هەستی پێ نەکراوە. چی دەگەیەنێ؟! بۆچی هەڵەی لەم جۆرە بەسەر بیرمەند و

فەیلەسووفانی ئەوروپادا تێنەپەڕیوە؟! هۆیەکەی ڕوون و ئاشکرایە! فـەلسـەفـە و کـولتـوور بابەتی ڕۆژئاوایین و بەگیـانی ڕۆژهەڵات بیانی و نامۆن. ڕۆژهەڵات مەڵبەندی ئایینە، تەنانەت مـەسـیـحـیـیـەتی ئێـسـتـای ئەوروپا کـە هیچی بەسەر مەسیحییەتی عیسای مریەمەوە نەماوە لە خـۆیدا ئـایینـێکی ڕۆژهەڵاتیـــیـــە و لە ئۆرشـــەلایم دەرکەوتووە.

٢- لە مێژوو و فەلسەفەدا جاروبار دیاردەیەک بەرچاو دەکـەوێ کـە لە دوو دەڤـەری جـیـاواز دەرکـەوتووە، وا بە سووک و ئاسانی لێک نادرێتەوە و پاساو نادرێت. ئەو ئەنجامەش کە لێی دەکەوێتەوە بەپێی دەڤەرەکە جیاوازە. هۆکـاری دیاردەکـە دیار و ڕوون و ئاشکرایە، کـەچی ئەنجامەکە جیایە و پاساو نادرێت. بۆ نموونە لە ئەوروپای مەسیحی سەدەی سێزدەدا بە فەتوای قەشە تێمپێ ساڵی (١٢٧٧ز) فـەلسـەفـە، یان چەند لقـێکی فـەلسـەفـە لە زانکۆی پاریس قەدەغە کراوە و بە گومڕایی و لە ئایین و ڕێڕەوی کـڵێـسـە لادان دانراوە. پێـشـتـریش لە ڕۆژهەڵات ئەبو حامیدی غـەزالی هێرشێکی توند و تیژ و بێ بەزەیی کردبووە سەر فەلسەفە و فەیلەسووفانی ئیسلام. دیاردەکە لە هەردوو ژینگەدا هێـرش بردنە سـەر فـەلسـەفـە بووە، کـەچی ئەنجـامـەکـە لەو دوو جـێـگایەدا- ئەوروپا و ڕۆژهەڵات- ئەوپەڕی لە یەکتری جیاواز بوون، ئیتر چۆن دەکرێ هۆکـاری لە یەکـچـووی ڕەوشی دیاریکراو کـە دوو ئەنجـامی لە یەکـتـری نەچووی لێک بکەوێتـەوە، لێک بدرێتەوە؟!

لە ڕۆژهەڵاتدا هێرشەکەی غەزالی، کە لە دواییدا خۆی لێی پەشیـمـان بۆتەوە، بە تایبەتی لەکـتـێبی (المنقذ)دا، مـۆمی داگـیـرساوی بەرەو پێـشـچـوونی کـۆمـەڵگا، کـە فـەلسـەفـەی ئەریستۆ بووە، خەفەکردووە. ئەو خـەفەکردنە بێ بەزەییـــە دەرگـــای بۆ بڵاوبوونەوەی فـــەلســـەفـــەی ئایدیالیـستی کۆنەپارێزی دیکتاتۆر پەروەری ئەفلاتوون خـسـتـە سـەر پشت. کـەچی بە پێـچـەوانەوە لە ڕۆژئاوا فـەلسـەفـەی ئەفلاتوون پاشەکشـەی کردووە، فـەلسـەفـەی ئەریستـۆتالیس کە بە هەمەڕەنگی و کراوەیی ناسـراوە، پتـــر جـێـگیـــر بووە کـەســانی وەک تۆمــاس ئەکـوینـی دەرکەوتوون پەرەیان پێداوە و پتر جێگیریان کردووە.

ڕۆژهەڵاتێک کـە هەرگـیـزا و هەرگـیـز پێـشـکەوتنی درێژخایەنی بەخۆیەوە نەدیوە، غـەزالی و بن تەیمیە و مەلا سـەـلاحی شـــارەزووری دەرگـــای لێکـۆڵینەوەی ئازاد (ئیـجتـیـهاد) یان داخسـتـووە، بەربەستی هەموو جـۆرە پێشکەوتنێکی میللەتانی موسڵمانیان کردووە کە تا ئەم سەردەمـەش ئاسەوار و شوێنەواری ئەو بڕیارە کـاولکارە کـۆنەپەرسـتـیـیـە کـۆنە پارێزییـە لە هەمـوو کـەلەبەر و قوژبنێکی ژیان و کۆمەڵگاکاندا هەستی پێدەکرێت. لە بەرانبـــەر ئەو ڕەوشـــەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەوروپای پشت ئەستوور بە فەلسەفە بەگشتی و بە فەلسەفەی مامۆستای یەکەم بە تایبەتی بەو لووتکەیە گەیشتووە و ئەو پەرەیەی سەندووە کە لە هەمـوو کات و شـوێنێکی ئەم جـیـهـانەدا هەستی پێدەکرێ. جا ئایا بابەتەکە پێوەندی بە سروشتی میللەتان و کۆمەڵگاوە هەیە؟ یان ئەو ئایینەی دەستبەکار بووە ڕابەرەکانی ئەو بڕیارە چارەنووسسازەیان داوە؟ کەس لاری لەوە نییـە کـە مـەسـیـحـیـیـەت خـۆی ئایینێکی ڕۆژهەڵاتی بووە، کەچی لە ڕۆژهەڵاتدا جێگای نەبۆتەوە و ناچاربووە بەرەو ئەوروپا بار بکات! ئایا دەکـرێ بوترێ مرۆڤی ڕۆژهەڵات بە سروشت ئاسا خاوەن دڵ و هەست و سـۆزە و مـرۆڤی ڕۆژئاوا خـاوەن کـەللە و ژیرە؟ ئەی چۆن ئەو خوێنرێژییە کە لە ڕۆژهەڵاتدا کراوە لێک دەدرێتەوە؟

٣- باشـووری ئیـسـپـانیـا کـە ئەو کـاتە بە ئەندەلووس ناوبراوە مـــاوەی چەند ســـەد ســـاڵێک لەژێر دەســـتی عـەرەبەکاندا بووە. شارەکانی ئەندەلوسی ببوون بە چەند مـەڵبـەندێکی پەرەسـەندنی کـولتـوور. لە ئیـتـاڵیـادا و لەباژێری سـقلیـە کـولتـوورێکی بە پێـزی ناوەرۆک فـرە ڕەنگ گـەشـەی کـردووە. لەو مـەڵبـەندەدا هەردوو زمـانی یۆنـانی و عـەرەبی زیندوو بوون لەنووسین و وەرگـێـڕاندا بەکارهێنراون. لەو مەڵبەندانەدا کە وەک دووڕیانی نێوان ڕۆژهەڵات و ئەوروپا بوون و لە دەریای سپی نزیک بوون کولتوورێکی فرە ڕەنگی تێکەڵاوی ئیسلامی- بیزەنتی- ئیتاڵیایی- ئەڵەمانی ئاوێتەی یەکتری بوون(٣).

لەو ڕەوش و کـەشـوهەوا فـرە ڕەنگەدا گـۆڕانی گـەورە ڕوویان داوە کە دەکرێ ئەو کولتوورەی لێیان کەوتۆتەوە، بە پێشکەوتنخواز و ئەو سیـاسەتەی ڕەنگیـان ڕشتووە بە کۆنەپارێز ناوببرێن.

ئەو گۆڕانانە کە لەو سەردەمەدا ڕوویان داوە، توندوتۆڵ بە یەکـتـرییـەوە بەند بوون و یەکـتـرییـان تەواو کـردووە، دەکرێ لە پێنج خاڵدا بەرجەستە بکرێن:

**یەکەم**: جێگیربوونی فـەلسـەفـەی ئەریسـتـۆ لە زانکۆ و

کۆڕ و کۆمەڵە هەمەچەشنەکاندا. ئەو فەلسەفەیە بەوە ناسراوە کە خۆی فرە ڕەنگە و هانی هەمە ڕەنگی دەدات و پاشەکشە بە یەکڕەنگی دەکات. ئەگەر بشێ لێرەدا بەزمانی سیاسەت قسە بکرێت، دەکرێ بوترێ فەلسەفەی ئەریستۆ بە فرە ڕەنگییەکەی دەرفەتی بیروبۆچوونی جیاواز و دیموکراتیەت دەدات و پاشەکشێ بە یەکڕەنگی و تاکڕەوی دەکات.

**دووەم**: لەو کەشوهەوا و ڕەوشەدا کە جۆرە ئازادییەک هەست پێکراوە، بنەماکانی ئایینی مەسیحی و کڵێسە خراونەتە بەر باس و خواس و پرسیار و ئەگەر و گومان سەریان هەڵداوە. ئەو بزووتنەوەیە بە گومڕایی و لەڕێ لادان لە ڕەوتی ئایینی مەسیحی Ketzerei ناوبراوە. وەک کاردانەوەیەک دژی ئەو جۆرە توێژینەوەی ئازادە و گومانکردن لە ڕێوشوێنەکانی کڵێسە، دادگای ترسناک و بەدناوی «پشکنین» Inquisition دامەزراوە و حوکم و فرمانی کوشتن و تیرەبارانکردن و سووتاندنی چەند بیرمەندێکی داوە.

**سێیەم**: ئەو بزووتنەوەیە سەری هەڵداوە کە دواتر بە بزووتنەوەی مرۆڤ پەروەریی ناسراوە و لە سەدەی پازدەدا. بەهاری ڕزگاربوونی لەدەست سەرما و سۆڵە و سڕی پاییز و زستانی سەختی سەدەکانی ناوەڕاست ڕاگەیاندووە. ڕێبازی شارتریس Chartres لە فەرەنسا ڕابەری ئەو بزووتنەوەیە بووە. ئەو ڕێبازە لەسەر شێوەی قوتابخانەیەکی فەلسەفە و لاهووت و سیاسی بووە لە سەدەی دوازدەدا دەست بەکاربووە و تاوەکو سەدەی سێزدەش بڕی کردووە، ئەگەرچی بەهار بە تاکە گوڵێک نایەت، بەڵام ئەو ڕێبازە ئەو چەپکە گوڵەی هاتنی بەهار بووە.

**چوارەم**: هەردوو مەزهەبی (دومینیکوس ١١٧٠-١٢٢١ز) و (فرانسیسکوس ١١٨٢-١٢٢٦ز) لە چوارچێوەی کڵێسەی ئایینی مەسیحیدا بەهێزبوون و گۆڕانی بەرچاویان بەرپا کردووە.

**پێنجەم**: لە ساڵی (١٢٧٧ز)دا بە بڕیاری پاپ و کڵێسە کەشیش تێمپێ خوێندنی چەند کتێبێکی ئەریستۆی قەدەغە کردووە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت و وا بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە ئەوەیە: مەسیحییەت بەو هەموو توانا کار و دەسەڵاتە پڕ زەبر و زەنگەی ئەوسا هەیبووە، چۆن، ئەگەر بە نابەدڵیش بووبێ، چۆتە ژێر باری ئەو گۆڕانە فرە ڕەنگییەی بەسەر سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگاکانی ئەورووپادا هاتووە؟!

دوای ئەوەی مەسیحییەکان دەستیان بەسەر باشووری ئیسپانیادا (ئەندەلووسی) گرتۆتەوە و عەرەبەکانیان بۆ مەڕاکیش و باکووری ڕەتاندووە، سەرلەنوێ ناوچەکەیان کردۆتەوە بە مەسیحی، جۆرە پێوەندییەکی ئازادی کولتووری پتر لە جاران لەنێوان هزرمەندانی مەسیحی و ئیسلامدا پەیدابووە، ڕاستە لەسەرەتادا دامودەزگاکانی کڵێسە بەنیازی بەدەوە ویستوویانە قورئان وەربگێڕنە سەر زمانی لاتینی و چەندین هزرمەند و کەشیشیان هان داوە فێری زمانی عەرەبی بن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئایینەکە بن و شتی لە دژ بکەن، بەڵام ئەو هەوڵە لایەنی تری لە باری لێکەوتۆتەوە ئەویش سوود وەرگرتنی دەستیاوی نێوان هەردوو لاو پەرەپێدان و گەشەکردنی کولتوور بە هەموو لایەنەکانییەوە بووە. بەهۆی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئبن ڕوشدی ئەندەلووسییەوە ئەریستۆ ناسراوە و کۆششی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانی لە زمانی یۆنانییەوە کراوە. خۆ ئەگەر ئەو هەوڵەی مەسیحییەکان بە سەرکردایەتی پاپ و کۆمەکی خاچپەرستان بۆ بە دەست هێنانەوەی ئۆرشەلیم داویانە، مەبەستی دیاریکراوی ئایینی هەبووبێ، ئەوە ئەنجامەکەی بەوە کەوتۆتەوە کە هەردوو جیهان لە بواری کولتوور و شارستانییەتدا پتر ئاوێتەی یەکتری بن و پتر سەرگەرمی ئەوە بن شارەزای یەکتری بن و سوود لە ئەزموونی یەکتری وەربگرن.

هەڵوێست بەرانبەر بە فەلسەفەی ئەریستۆ لە جیهانی مەسیحی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا سروشتی ئەو ڕێباز و لایەنە هزرییانەی دەستنیشان کردووە کە ئەوکات و سەردەمە دەستبەکار لە ئارادابوون.

لەکاتێکدا کڵێسە و دامودەزگاکانی مەسیحی هەندێک لایەنی فەلسەفەی ئەریستۆی بە هەڕەشە و مەترسی لەسەر دۆگم و بڕواکانی ئایینەکەی داناوە سڵ لەوە نەکراوەتەوە مەنتیقی ئەریستۆ بخوێنرێ و لەکاروباری شەرعی خۆیاندا پشتی پێ ببەسترێ. ڕاستە بیروبۆچوونە فەلسەفەییەکانی مامۆستای یەکەم لەگەڵ بیرۆکەی داهێنان (خەلق) و کۆن و نوێی جیهان و ماددە نەگونجاوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشی، ئەوەیە

که ئەریستۆ لەلایەن ئیمانداره مەسیحییەکانەوه نەک لەلایەن فەیلەسووفەکانەوه(٤) کە لە کلێسەوە پێگەیشتوون لە هەندێک بابەتدا پەسند نەکراوه.

٤- گۆڕانی خوێندنگای دێری مەسیحییەکان، کە تارادەیەک لە حوجرەی فەقێیان چووه، بۆ زانکۆ جۆره وەرچەرخانێکی چەندی و چۆنی لەکولتووری سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بەرپا کردووه. لەو زانکۆیانەدا پسپۆر و لاهووتی و زانا و فەیلەسووفی ناودار پێگەیشتوون. زانکۆی پاریسی فەرەنسا مەڵبەندێکی گرنگی زانستی- بەواتای ئەو سەردەمە- کۆتایی سەدەی دوازده و سەرەتای سەدەی سێزده بووه. ئەو زانکۆیە لەم بەشانە پێکهاتبوو:

**یەکەم**: کۆلێژی لاهووت و کاروباری ئایینی.

**دووەم**: کۆلێژی فەلسەفە- هونەره ئازادەکان.

**سێیەم**: کۆلێژی قانوون و ماف.

**چوارەم**: کۆلێژی پزیشکی.

له سەرەتای دامەزراندنەوه زانکۆکان ڕاستەوخۆ لەلایەن دامودەزگاکانی کلێسەوە بەڕێوەچوون، ڕاگری کۆلێژەکان و ڕاوێژکار (سەرۆک) Kanzler بۆ زانکۆکان لەلایەن کلێسەوە دانراون(١٥)

له کۆلێژەکاندا قوتابی و خوێندکاری نەتەوەی جیاواز- بە ئایین مەسیحی- خوێندوویانه و مامۆستای نەتەوەی جۆراوجۆر بەزمانی لاتینی وانەیان تێدا گوتۆتەوە.

ساڵی (١٢١٧ز) دۆمەنیکەکان هاتوون بۆ پاریس و ساڵی (١٢٢٩ز) ڕۆنالدی کریمونا بووه بە یەکەمین پرۆفیسۆری سەر بەو مەزهەبە لە زانکۆدا.

ساڵی (١٢١٩ز) فرەنسیسکانەکان ڕوویان کردۆتە پاریس و لە ساڵی (١٢٣٥ز) ئەلێکسەندەری هالیسی کە مامۆستای بونافینتورا بووه، یەکەم پرۆفیسۆری ئەو مەزهەبە و مامۆستای لاهووت بووه لە زانکۆی پاریسدا(٦).

ئەگەرچی سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی زانکۆکان هەر لەسەرەتاوه ئایینی بوون و لەلایەن پاپەوە دیار و دەستنیشان کراوه، بەڵام ورده ورده ئەو زانکۆیانە بوون بەو مەڵبەندەی پسپۆری مێشک کراوه و فەیلەسووفی بەناوبانگ و لاهووتی جۆر بەجۆریان پێگەیاندووه.

له زانکۆکاندا بەگشتی و لە زانکۆی پاریسی فەرەنسادا دوو ڕێباز و دوو ئاراستەی پێچەوانەی یەکتری دەستبەکار و شان بەشانی یەکتری چوست و چالاک بوون:

**یەکەم**: ئاراستەیەکی زانستی بە واتای ئەو سەردەمە، بابەتە جۆر بەجۆرەکانی گرتۆتەوه و سەنتەرێکی گرنگی خوێندن بووه هەر لە فەلسەفەوه تا زانستەکان.

**دووەم**: ئاراستەیەکی ئایینی- لاهووتی بووه مەبەستی بووه و بگرە ویستوویەتی زانکۆ و خوێندن ببن بە ئامرازێک خزمەتی سوود و قازانجی نەزمی کلێسەیی و تیۆکراتی گیانی(٧) (ڕۆحانی) بکەن هەر لە چوارچێوەی ئەم ئاراستەیەدا ویستراوه قسەی پیاوانی کلێسە و لاهووت بچێتە سەر لەوەدا کە بڕوا و ئیمان و ژیر، زمان ئەزموون و شارەزایی، ئەبستراکتی ڕووت و بێگیان بەسەر کۆنکرێتدا و وشەش بەسەر شتی ڕاستەقینەدا زاڵ و باڵادەست بن.

ڕێبازی یەکەم بە ڕێبازی لاتینی ئبن ڕوشدی پاریس ناسراوه کە بۆتە هۆی جێگیرکردنی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم (ئەریستۆ). لەم کۆڕەدا بەبێ گوێدان بە لاهووت و لایەنگیر و دەمڕاستەکانی، بابەتی مەنتیق و فیزیک و میتافیزیک و کتێبی ئاکاری ئەریستۆ خوێنراون و بەوانە بە قوتابی و خوێندکاران گوتراونەتەوه.

پرۆفیسۆر سیگەر برابانتی ڕابەری ئەو ڕێباز و ئاراستەیە بووه لە زانکۆی پاریسدا.

لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا کە بەدڵی کلێسە نەبووه، مەسیحییەت ئەوسا وا تەماشای ئەو زانکۆیەی کردووه کە کاریگەرترین ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاستییە بێت کە خۆی مەبەستی بووه، هەروەها تایبەتمەندی و سروشتێکی جیهانی داوەتە پاڵ ئەم دەزگا زانستییە بەو پێیەی کە ڕێکخراوێکی زانستی و ئایینی و قانوونییە لەسەرووی سنووری نەتەوه و دەوڵەتی ناوچەییەوەیە، مولک و سامانی ئەوسای ئەورووپای تێکڕای مەسیحییەکان و ناوەندێکی گیانییە.

لەو زانکۆیانەدا- پاریس و ئۆکسفۆردی ئینگلیز- چەندین فەیلەسووف و لاهووتی و زانا پێگەیشتوون کە ناودارترینیان ئەمانە بوون:

- بزووتنەوەی مرۆڤ پەروەری شارتر: بە ڕابەری برناردی شارترس.
- یۆهانسی سالسبووری.
- ئەلبیرتۆس ماگنوس.

- سیگەر برابانتی.
- ڕوجەر بیکون.
- بزووتنەوەی مرۆڤ پەروەریی:
شارترس بە ڕابەریی برناردی شارترس.

**بزووتنەوەی شارترس**

بە بزووتنەوەی مرۆڤ پەروەری Humanismus سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێ وەک بزووتنەوە لەگەڵ دروست بوونی کاتێدرایی شارترس سەری هەڵداوە و لە دواییدا گەشەی کردووە. قوتابی و مامۆستایانی ئەم بزووتنەوەیە هزرییە سەرگەرمی خوێندنی بەرهەمە مەنتیقییەکانی ئەریستۆ بوون وەک ئۆرگانوون، شیکاری یەکەم و دووەم، تۆپێک، سەرەڕای فیزیک و نووسینە پزیشکییەکانی هیپۆکرات و جالینۆس Galen، نووسینی فەیلەسووفە جوولەکەکان و بابەتەکانی فەلسەفەی ئیسلام وەک سەرچاوە بایەخیان پێدراوە. هەروەها بایەخێکی زۆریان بە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون داوە تا ئەو ڕادەیەی لە هەندێک سەرچاوەدا بە ئەفلاتوونی ناویان هاتووە. سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە بەسەرەتای دەرکەوتنی توێژ و تاقمی ڕووناکبیرانی سەدەی سێزدە دانراوە، ئەو توێژە بەگشتی ڕۆڵێکی کاریگەری لە مێژووی خۆرئاوادا گێڕاوە(٨). لەو قۆناغەدا مامۆستای زانکۆ (پرۆفیسۆر) بە فەرمی ناسراوە و دانی پێدانراوە. دەرکەوتنی پرۆفیسۆرس و پسپۆر و ڕووناکبیر ڕەوشێکی نوێی لە جیهانی کولتوور و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا هێناوەتە کایەوە. لەم ڕەوشەدا دوو دیاردە، بە تایبەتی لەباتی هزر و فەلسەفە و لاهووتدا سەرنجیان ڕاکێشاوە:

**یەکەم: شیکردنەوە.**

**دووەم: ڕەخنەگرتن.**

خۆ ئەگەر ئەو ڕەخنەگرتنە، کە جاران تابوو بووە و کەس نەوێراوە ناوی بهێنێ، لەچوارچێوەیەکی سنوور دیاری کراو و ڕەنگ بۆ ڕێژراویش بووبێ، ئەوە کاریگەری خۆی هەر هەبووە و هەنگاوی بوێرانەی بەرەو پێش هاویشتووە. ڕەخنەگرتن بەبێ مرۆڤی ڕووناکبیر کە گۆڕینی ڕەوشی لە ئارادابوو بە پێویستییەکی بەرەو پێشچوونی ژیان دادەنێ لەتوانادا نییە و لەکردن نایەت هەبوونی مرۆڤی ڕۆشنبیر و پەنابردنە بەر ئامرازی کاریگەری ڕەخنە لە چوستوچالاکی فەرهەنگی و کولتووریدا بڕوا بوون بەتوانای پێشکەوتن و بڕوابوون بە ڕۆڵی داهێنەرانەی ژیر ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن بیرنهارد شارتریس و یۆهانس سالیسبورییەوە ڕابەری کراوە. هەردووکیان سەرگەرمی ئەوە بوون جارێکی تر و بەشێوەیەکی دیکە گیان و گەرموگوڕی بە بەر تیۆری ئایدیادا بکەنەوە. هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون کە ئایدیاکان لەبەرانبەر ماددەدا بوونی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەڵام بە جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی کار لە یەکتری دەکەن. ئایدیا ڕوخسار بە ماددە و کەرەسە دەبەخشێ، ماددە ڕەنگی بوون و ڕوخساری ئایدیاکان دەڕێژێ. ئایدیاکان لەگیان و هزری ڕەبدان و توندوتۆڵ بەکاتەوە بەندن. زانستییان نەبووە و نابێ، چونکە جیهاندیدێکی ئایینی سەپاندوویەتی کە خۆی پشت بەهیچ جۆرە زانستێک نابەستێ.

لە کەشوهەوای بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی ئەریستۆتالیس لە زانکۆکاندا ئەلبیرتۆس ماگنوس چالاکانە دەست بەکاربووە. لەوە دەچێ ویستبێتی ڕۆڵی ئبن ڕوشد سەبارەت بە بەرهەمەکانی مامۆستای یەکەم لە زانکۆدا بەزمانی لاتینی بگێڕێ. بە پێی سەرچاوەکان بەرهەمەکانی ئەریستۆتالیسی کۆکردۆتەوە هەموو شرۆڤەکانی فەیلەسووفە جوولەکەکان و ئبن ڕوشد دەربارەی ئەریستۆ کردوویانە خستوویەتییە سەریان، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی خۆیدا شارەزای کولتوور و سەرجەمی زانستەکان بووە و نازناوی ئەلبێرتی مەزن (ماگینیوس) و دکتۆری زانستی هەمەکییان پێبەخشیوە. ماگینیوس سەر بە مەزهەبی دۆمینیک بووە، ئەگەر بشێ چالاکییە فەلسەفەییەکەی بە ڕستەیەک دەرببڕدرێ دەکرێ بگوترێ «ویستوویەتی مەسیحییەت و فەلسەفەی ئەریستۆتالیس پێکەوە بگونجێنێ» (١٤). ئەم کۆششە ئەگەرچی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دواتر لەلایەن تۆماس ئەکوینی تەواوکرا لە گریبەستی پێوەندی نێوان جیهاندیدی سروشت و جیهاندیدی تراسندێنتی سەروو سروشتی بەولاوە شتێکی تر نەبووە. دوور نییە لێرەدا گازندەیەک لە چوارچێوەی پرسیارێکدا سەرهەڵبدات کە بەم جۆرەیە:

ئایا کە مرۆڤ باسی پێوەندی نێوان سروشت و سەروو سروشت دەکات بەو ڕستەیە شتێکی پڕ واتا دەردەبڕێ؟!

ئایا مەبەست لە سەروو سروشت چییە؟! دەکرێ لەنێوان شـتـێکی دیاری هەست پێکراو بەناوی سـروشت و بابەتێک، کە بە هیچ ئامرازێک پەی پێ نابرێت و وشەی سەروو سـروشـتی بۆ هەڵبـژێردراوە پێـوەندی بکرێت و بگیرێت؟!

من وای بۆ دەچم کـە وشـەی «سـەروو سـروشت» لە چەمکێکی هەمەکی ئەبستراکت لە ڕەگەزێک Gattung بەولاوە نییە و ئەو چەمکەش هزری مرۆڤ لە ڕوخسار و فـۆرمـدا بەدی دەهێنێ و تەنیـا بوونێکی هزری لە بیـری مـرۆڤـدا هەیە. کـەوابوو ئەو گـونجـاندنە بریتی بووە لە گونجاندنی جیهاندیدێکی سروشتی ڕیالیستییانە لەگەڵ جیهاندیدێکی ئایدیالیستی کە هزری مرۆڤ خۆی ڕەنگی ڕشتووە.

گـــونجــــاندنی هەڵکـەوتێک کـــە خـــۆی لە ڕاستەقینەییەکەیدا و بە ڕاستی چۆنە لەگەڵ بۆچوونێک کە مرۆڤ بە هزر ڕەنگی ڕشتووە و داوای ئەوە دەکات کە پێـویستە چۆن بێت! هەرچۆنێک بێت، ڕاستە ناکرێ لە سـۆنگەی ئەمـڕۆوە سـەرنجی بابەتێکی سـەدەکـانی ناوەڕاست بدرێت، بەڵام ئەو کـۆشـشـە، ئەو تەقـەندی پێکەوە گونجاندنە لە پاساودانی فرە ڕەنگی خواست و هەست و نەستی مرۆڤ کـە ناکرێ سنووری بۆ دابنرێت بەولاوە نەبووە. ماگینیوس لەو باوەڕەدا بووە کە جیاوازی و ناکۆکییەکی ڕاستەقینە لەنێوان ئەو جۆرە ئایدیایانە چ جۆر و چ ڕەگەزی بێ جەوهەرن و شایستەی ئەوەن وشەی -بوون-یان پێ ببەخشـرێ. لە مـیـتـافـیـزیکی ڕێبـازی شارترسدا سێ جۆرە- سێ کلاس- جەوهەر هەیە:

**یەکـەم:** ڕەب. ئەمـە بەرزترین و نەمـرترینی هەمـوو ڕاستەقینەکانە، بنەمای ڕاستەقینەیە.

**دووەم:** مـاددە. بەهۆی ئەو مـاددەیەوە ڕەب کـاری داهێنانی پیادە کردووە. ئینجا ماددە و ئایدیای بەیەکەوە بەسـتـۆتەوە و گـرێ داوە و لەم بەیەکـەوە ئاوێتـە کـردنە جیهانی بەرهەست پەیدابووە.

**سـێـیـەم:** ئایدیاکـا Ideen. ئەمـانە وێنەی بنەڕەتی فـۆرمـەکـانن بەهۆیانەوە جیـهـانی بوونەوەران(٩) وێنا دەکرێت.

ژمـارە بەگـشـتی و ژمـارە یەک بە تایبـەتی لەلای ئەم ڕێبـازە بابەتی مـیـتـافـیـزیک بووە. ژمـارەکـانی دیکە هەموویان لە ژمارە یەک دەکەونەوە و پەیدا دەبن هەر بەو شێوەیە ڕەب خۆی سەرچاوەی هەبوونی جیهانە، هەموو شـتـێک لە ڕەب کـەوتۆتەوە. لەگـەڵ ژمـارەکـاندا چۆن دەگۆڕێن بوون و هەبوون داهێنراوە(١٠).

ئەگـەر ئایدیاکـان لەگـیـانی ڕەبدا بن وەک ئەنجـامـێک دەبێ فـۆرم و ڕوخساری هەمـوو شـتـێک هەر لە گیـان و هزری ڕەب خـۆیدا هەبن. ڕەببـانیـەت خـۆی بە چالاکی داهێنان (خـەڵق) فـۆرم و ڕوخسـاری تاکـە شـتـەکـان دەڕێژێ. ئەو جۆرە بۆچوونە بە ئاشکرا گەڕانەوەیە بۆ سەر بیـرۆکـەی داهێنان (خـەڵق) کـە بۆ یەکەم جار لە سفـری پەیدابوونی تەوراتی مـووسـا (جـوولەکـەدا) هاتووە. داهێنەر (خەلق) لە داهێنراوەکان جیـا دەکـاتەوە و دەری دەخـات کـە ڕەب هەر ڕەبە و هەرگـیـز نابێ بە مـاددە و کەرەسە.

بەم پێیـە قوتابخانەی کاتیدرالی شارترس لە سەدەی دوازدە بووە بەو مەڵبەندە گیانییەی فەرەنسا کە چەندین پسپۆری خامە ڕەنگینی پێگەیاندووە.

لە سـیـاسـەتدا بەتایبـەتی دەربارەی کـاروباری بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت و مەڵبەندی سەرکردە و ئیشوکاری کۆمەڵگادا وا زانراوە کە جۆرە کراوەییەکیان نیشـان داوە کـە لەگـەڵ سیـاسـەتی کـڵێـسـە نەیەتەوە. بەلایانەوە مـیللەت مـافی ئەوەی هەیە سـەرکـردەکـانی لابدات و بیانگۆڕێ.

ئەگەرچی لە هەندێک سەرچاوەی مێژووی فەلسەفەدا ڕێبـازی شارترس بە ئەڵقەیەکی زنجیرەی ئایدیالیزم کە لە ئەفـلاتوونەوە تاوەکـو هیگڵ لە سەدەی نۆزدە درێژبۆتەوە دادەنێن، ئەوە مـرۆڤ پەروەری ئەو قـوتابخـانە- ڕێبـازە لەوەدا دەردەکـەوێ کـە هەوڵـیـداوە بابەت و کـایەی بڕواو ئیـمـــان لە هی زانین و ژیر و هزر هەڵاوێرێ و جـیـــا بکاتەوە.

هەروەها وای بۆچوون کـــە دوو جـــۆرە ڕاســـتی هەیە بابەتەکـانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە، بەشێکیـان بەهۆی چالاکی و ئۆپەراتسـیـۆنی مەنتـیق ساغ و پشت ڕاست دەکرێنەوە، ئەوانی تر ئەمە نایانگرێتـەوە و لەگـەڵـیـاندا نایەتەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا لاریـیـان لەوە نەبووە کـە ژین بەبێ بڕوا و ئیمـان نابێ و ناگونجێ، بڕوا، ئیمـان، باوەڕ سەرانسەر و سەرتاپای ژین دەگرێتەوە(١١).

**ئەلبیرتۆس ماگنوس**

لەمێژووی فەلسەفەدا واباوە کە سەدەی سێزدە بە جۆرە وەرچەرخـان و گـۆڕانێک لە شـێـوازی هزر و بیـرکـردنەوە (فـەلسـەفە) دەسـتی پێکردووە، شێوازی جـێگیـربوونی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم لە زانکۆ و کۆڕ و کۆمەڵە فـرە ڕەنگی و کـولتـوورییەکـانی ئەوروپای فـەلەدا. ئەمە لەخـۆیدا دیاردەیەکی سـەرنج ڕاکـێـشـە و پێـویست بە هەڵوەستە و وردبوونەوە و ڕامان دەکات.

ڕاسـتـییـەکە هیچ ئەگەر و گـومـانێک هەڵناگـرێت کـە مەسـیـحـییـەت خۆی لەخـۆیدا ئایینێکی ڕۆژهەڵاتی بووە بەرەو ئەوروپا کـۆچ و کـۆچبـاری کـردووە، وەک هەمـوو بابەتێکی ڕۆژهەڵات سەرتاپا لە ڕۆحانیەت و ئەبستراکت و ئەندێشـە و ئایدیالیـسـتـیـدا نقـومـە، فـەلسـەفـەی ئەریستۆش بەپێچەوانەوە لەگەڵ ڕۆحانیـەت وا بە ئاسانی نـایەتـەوە. ئەم ڕەوشـــە چۆن پاســـاو دەدرێ و لێـک دەدرێتەوە؟!

ئەگـەر تاوەکـو کـۆتایی سـەدەی دوازدە فـەلسـەفـەی ئایدیالیستی ئەفلاتوون سڵی لێ نەکرابێتەوە و باوبووبێ بەشتێکی ئاسایی دێتە بەرچاو، چونکە بە ئاشکرا لەگەڵ بنەمـاکانی ئایینی مەسیحی هاتۆتەوە و گونجاو و تەبا بووە، بۆیە پێـوەندی بێ کـێـشـە و بەرەو گـرێبەسـتی جیـهـاندیدی لاهووتی کـڵێسـەی مەسـیحی و فەلسـەفە ئایدیالیـستی ئەفـلاتوون دیاردەیەکی ڕێککەوت نەبووە، چونکە بنەمـای ئایینەکە و ئەو فـەلسـەفـەیە تا ڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش لەیەکەوە نزیکن. جیهاندیدی فەلسەفەی ئەفلاتوون وەک بنەمایەک لەلایەن لاهووتی مەسـیحی و دۆگـمـەکانی کـڵێسـەوە پشـتی پێ بەسـتراوە، ڕاسـتی و دروستی بڕوا و باوەڕی ئایینی خۆیانیان پێ پاساو داوە. بەلای کڵێسـەی مەسیحییەوە بۆچوونەکەی ئەفلاتوون دروست بووە کە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ڕاستی بە واتا فـەلسـەفـەییـەکـەی لەودیو سنووری ئەزمـوون و شـارەزایی و تاقـیـکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەیە و سنووری جیـهـانی هەڵکەوت ئاسایی دەبەزێنێ لەلایەکی دیکەوە نەفسی مـرۆڤ سـەر بە جیـهـانی ئایدیایە و لە مـاددە و کـەرەسـە و لـەش جیـایە، بە پێـچـەوانەی لاشـەوە، نەفس نامرێ و نەمرە. ئەو بۆچوونانە لەگەڵ جیـهاندیدی بڕوای مـەسـیـحـییـەتدا دێنەوە و بە پێـچـەوانەی بیـروبـۆچوونی ئەریسـتـۆن(١٢) کـە نەفس بە ڕوخسـار و فـۆرمی لەش داناوە. بەمـردنی لەشـیش نەفس لەناودەچێ، ئەمـەش بە پێچەوانەی بڕوای ئایینی مەسیـحـییـەوەیە. ئەم ڕەوشە، ئەو جیـاوازییەی نێـوان جیهاندیدی ئەفلاتوون و ئەریسـتۆ جارێکی تر هەمان پرسیار دێنێتە کایەوە چۆن ئەریستۆ لە زانکۆ و کۆڕ و کۆمەڵەکاندا جێگای بۆتەوە؟!

وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیـارە واسـووک و ئاسـان نیـیـە، چونکە بە هەر جـۆرێـک وەڵام بدرێتـەوە. وەڵامـەکـە لە ڕێتـێـچـوون بەولاوە نابێ و دەکـرێ بـەڵگە و بیـانووی جیاوازتر بهێنرێتـەوە کە سروشـتی ڕێتـێچوونەکـە پتـر دوویات بکاتەوە.

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، توندوتۆڵ بە بنەما و پێکهـاتە و پێـوەندییـە فـرە ڕەنگیـیـەکـانی کـۆمـەڵگاوە بەندە، بۆیە بەبێ ئەگەر و چەند و چۆن دەکرێ بگوترێ کە پێـوەندییـەکی دەسـتـیـاوی کـار و کـار لە یەکـتـری کـردن لەنێـوان هەردووک لایاندا هەیە. کـۆچ کـردنی ئایینی مەسیحی لە ئورشەلیم و ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ئەوروپا و ئەو گـــۆڕانەی بەســـەریدا هاتووە و ئەوەی ئەو بەســـەر کۆمەڵگاکانی ئەوروپایدا هێناوە ڕاستی ئەم بۆچوونەمان ساغ دەکەنەوە.

مـرۆڤی ڕۆژهەڵات و کـۆمـەڵگاکـەی زەوی و ئاسـمـان لەگـەڵ مـرۆڤی ڕۆژئاوا و پێکهـاتە کۆمـەڵایەتیـیـەکـانی جیـــاوازن. شـتـێـک بهـێنە بەرچاوی خـۆت- ئایینی لێـدەرکـە- کـە لە بنەڕەتدا ڕۆژئاوایی نەبێ! لە ئایین بەولاوە شـتـێک بهـێنە بەرچاو کـە ڕۆژهەڵاتی بێت!. ئەگەرچی مەسیـحیـیـەت خۆی ڕۆژهەڵاتییـە و دەبوو وەک ئایینەکانی دیکە بە نەگۆڕاوی بمێنێتەوە، بەڵام نەیتوانیوە لە بەرانبـەر زیندوویی و دینامـیکی گـەلان و سـروشـتی کـۆمـەڵگا ئەوروپاییـەکـان وەک خـۆی بمێنێـتـەوە و خـۆی ڕابگرێ. ئەو گـۆڕانە سـەرتاپاگـیـرەی بەسـەر ئایینی مەسیحیـدا هاتووە نیشانەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگاکانی ئەوروپایە کە گۆڕان سەرمەشقیانە و هیچ شتێک وەک خۆی کە بەسەریاندا بسەپێنرێ پەسند ناکەن. لەگەڵ ئەو گۆڕانەی کۆمەڵگا بەسەر ئایینەکەدا هێناویەتی لاهووت و فـەلسـەفـەکـەشی پرپشکی ئەو گـۆڕانەی بەرکـەوتووە لێرەوە فەلسەفەی ئایدیالیستی سەرتاپاگیری یەکڕەنگی نەگۆڕی ئەفلاتوون پاشـەکشـەی کردووە و فـەلسـەفـەی هەمەڕەنگی بەپێزی ژێر دۆست و خـاوەن توانای گۆڕان و پەرەسەندنی ئەریسـتۆ هاتۆتە پێشەوە و لەکۆڕ و کۆمەڵ و

زانکۆکاندا جێگای خۆی کردۆتەوە. وەک سروشت و ناوەرۆکی و کۆمەڵگاکان و فەلسەفەکەی ئەریستۆ شایستەی ئەو ڕەوشە بوون، بێ گومان هۆکاری ناوەکی و دەرەکیش جۆرە ڕۆڵێکیان گێڕاوە، وەک کردنەوەی خوێندنگا و زانکۆ کە بەدەیان پسپۆر و مامۆستا و ڕووناکبیر و پرۆفیسۆریان پێگەیاندووە سەرەڕای تێکەڵاوبوونی لاهووتی و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو بزاڤی سەرتاپاگیری وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی و یۆنانییەوە بۆ سەر زمانی لاتینی کە زمانی ئایینی و لاهووت و فەلسەفە و زانستی ئەوسای ئەوروپا بووە.

دوای ئەو ڕەوشە، لە سەدەی سێزدەدا، سەدەی بڵاوبوونەوەی بەشێک لە بەرهەمەکانی ئەریستۆ، هەوڵ دراوە جارێکی تر پێوەندی نێوان لاهووت و فەلسەفە، سرووش و ژیر دیار و دەستنیشان بگرە هەڵببەسترێتەوە.

لاهووتی مەسیحی لە ڕەگوڕیشەوە ئەفلاتوونییە، تەپوتۆزی ئەفلۆتینیزمی نوێی لێ بتەکێنرێ و مشتومال بکرێتەوە بۆ ئەوەی بچێتەوە سەر بنچوبناوانی جارانی ئینجا بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ جیهاندیدی ئەریستۆدا بێتەوە.

ئەو سروشت و تایبەتمەندییەی ئەو گۆڕانە بە هزر و جیهاندیدی ئەو سەردەمەی بەخشیوە کە لاهووت و پسپۆڕان جارێکی تر ڕوو بکەنەوە فەلسەفە و فەلسەفە پشوویەک بدات و جۆرە سەربەخۆییەکی سنوورداری خۆی دەستگیر ببێ، دەکرێ بەو جۆرە بەرجەستە بکرێت:

**یەکەم:** لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەگەرچی گومان لەوە نەکراوە کە هەموو شتێکی ئەم جیهانە کە لە فەلسەفەدا بە «جەوهەری کۆتایی و سنووردار ناو دەبرێن» داهێنراوی بوونەوەرێکی بێ کۆتایی و بێ سنوورن کە ئەوان «ڕەب»ی پێدەڵێن، ئەو شتانە لە بوون و نابوونیاندا هەر پشت بەو دەبەستن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو باوەڕە هۆشیارەش لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەی لاهووتی و فەلسەفەدا جێگیر و بە تەوژم بووە کە شمەکەکان بە شێوازێکی ڕوون و بێگەردی ژیری (ئەقلّی) بەبێ پابەند بوون بە سرووش (وەحی) ڕەببانی دەکرێ دیار و دەستنیشان بکرێن bestimmen ئەم بۆچوونە لەخۆیدا هاوکێشەیەکی بۆ ئامرازێکی چارەنووسسازی ئایین هێناوەتە کایەوە. باشە ئەگەر ڕەب مرۆڤی داهێنابێ، هەر ئەو ژیر و هۆش و فام و تێگەیشتنیشی بە مرۆڤ نەبەخشیوە؟!

**دووەم:** ناسینی ڕەب و زانینی نەفس و گیان کراوە بە پرۆسەیەکی دووبەشییەوە:

– زانین و ناسینێک لە ڕێگای سرووشی ڕەببانییەوەیە بنەمای ئیمانی مەسیحی لێ پێکدێت، لاهووت پشتی پێدەبەستێ و بە تاکە ڕێگای ڕاست و گەیشتنە ڕاستەقینەی دادەنێ.

– زانینی ئاسایی پشت بە ئامرازەکانی فەلسەفە و تواناکانی مرۆڤ دەبەستێ بەبێ ئەوەی پەنا بەرێتەبەر هیچ بنەمایەکی ئایینی و گریمانەیەکی لاهووتی. ئەم زانینە ئەو ڕاستییە دەستەبەر دەبێ کە بە ڕاستییەکانی فەلسەفە ناودەبرێت.

**سێیەم:** هیچی تر فەلسەفە و چالاکی زانستی خزمەتکار و قەرەواشی دەسەڵاتی لاهووت نەماون. بە ئاشکرا لە کۆڕ و کۆمەڵە و کایەکانی فەلسەفەدا ئەو بۆچوونە پشت ڕاست کراوەتەوە: دوو جۆر ڕاستی و زانین هەیە. ئەوەیە لە لاهووتدا ڕاستە و بە ڕاستەقینە دادەنرێت هیچ مەرج نییە لە فەلسەفەشدا وابێ و بە پێچەوانەشەوە ئەوی تر ڕاستە.

**چوارەم:** لەنێو مامۆستا و پسپۆران و هزرمەنداندا ئەو مەیل و هەستە دەرکەوتووە بایەخ بە زانستی سروشتی بدرێت، ئەگەرچی لە سەرەتای ئەو بزاڤ و مەیلە سادە و ساکاریش بووبێ، بەتایبەتی باسکردن و پۆلین کردنی فاکتەکان(١٣) بەبێ پەنابردنە بەر بنەماکانی ئیمان و ئایین و لاهووت.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە، هەموو سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە و بەرهەمی فەیلەسووف و لاهووتییەکانیش ساغیان کردۆتەوە، فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست پتر بەلای لاهووتدا بووە، نەک بەلای زانست و فەلسەفەدا، چونکە هزر بە هەموو لایەن و ڕەنگەکانییەوە ویستبێتی، یان ناچار کرابێ، خۆشی بووبێ، یان ترشی، دەبوو لە چوارچێوەی جیهاندیدێکدا، کە پێشەکییانە لەلایەن دەستێکەوە، کڵێسە، ئایین، سیاسییەوە، ڕەنگی بۆ ڕێژدراوە و دەبوو لەو سنوورەدا چالاک و دەستبەکار بێت، بۆیە بەبێ سێ و دوو لێکردن مرۆڤ دەتوانێ بێژێ:

سکولاستییەکان بە پلەی یەکەم لاهووتی و ئینجا بە پلەی دووەم فەیلەسووف بوون.

زانست و هزری زانستییانە بە فرە ڕەنگییەکەوە کاتێک دەرفەتی پێشکەوتنی دەبێت و ئەنجامی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە شایستە و پڕ بە پێستی بێ ئەگەر هاتو ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ڕەوشی سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە، گریمانە و تیۆری و کۆششە زانستییەکە بۆ ساغ کردنەوەی خۆیان پەکیان لەسەر هیچ دەسەڵات و هێزێک نەکەوێ و پشت بە کاریزمایەک نەبەستن، جا ئەو دەسەڵات و کاریزمایە ئایینی بێ، یان سیاسەت.

کتێبی ئایینی و سەرچاوەی هێزی سیاسی هیچ کاتێک بەڵگەی ڕاستی و ناڕاستی بابەتێکی زانستییانە پێکناهێنن.

پاولۆسی پەیامبەر لە زاری یەسووعی مەسیحەوە شتێکی گێڕاوەتەوە!، لوکاس لە ئینجیلەکەیدا شتێکی نووسیوە، ئەم بابەت و قسانە هیچ کات و سەردەمێک توزقاڵێک تایبەتمەندی زانستییانە بە بابەتێک نابەخشن و هیچ لەو بابەتە جا زانستی بێ، یان نا کەم ناکەنەوە. گێڕانەوەکەی پاولۆس و قسەکەی لوکاس خۆیان بەهیچ بنەمایەک پشت ئەستوور نین! هزری زانستی پشت بە سەرنجی ورد و ڕامان و تاقیکردنەوە و ئەزموونی پشت ڕاست کراوە دەبەستێ. تەنیا ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوەیە و ئەو ئەنجامانەی لێیان دەکەونەوە و ژیانی ڕۆژانە ساغیان دەکاتەوە زانستی و نازانستی بابەتێک ساغ دەکەنەوە. توێژینەوەی جەوهەری شت و خەسڵەتەکان هیچ تایبەتمەندی زانستیانەی نەبووە و نابێ! چونکە جیهاندیدێکی لاهووتی کە خۆی بەهیچ جۆرە زانستێک پشت ئەستوور نییە، سەپاندوویەتی.

لەو کەشوهەوای بڵاوبوونەوەی هەندێک لایەنی فەلسەفەی ئەریستۆدا لە زانکۆی پاریس و ناوەندەکانی تردا ئەلبیرتۆس ماگنوس، یان ئەلبێرتی گەورە چالاکانە وەک مامۆستا دەستبەکاربووە. بەپێی سەرچاوەکان بەرهەمەکانی ئەریستۆ و ئەو لێکدانەوە و شرۆڤانەی ئبن ڕوشد و فەیلەسووفە جوولەکەکان لە بارەیەوە کردوویانە لەبەردەستیدا بووە و هەوڵی داوە، سنوورێک لەنێوان شرۆڤەکان و تێکستە ڕاستەقینەکانی مامۆستای یەکەم بکێشێ و لەوە دەچێ لەگەڵ ئەو لێکدانەوانە نەبووبێ کە بۆ جیهاندیدی ئەریستۆیان کردووە.

شارەزایەکی سەرجەمی کولتوور و زانست و لاهووت و فەلسەفەی سەردەمی خۆی بووە، بۆیە نازناوی ئەلبێرتی مەزن (ماگینوس) و دکتۆری زانستی هەمەکی پێ بەخشراوە. مامۆستای تۆماس ئەکوینی بووە. خۆشی ڕابەرێکی ڕێبازی (مەزهەبی) دۆمینیک بووە، بۆیە لە فەلسەفەدا کراوە بووە و تاڕادەیەک لایەنگیری فەلسەفەی ئەریستۆ بووە بەبێ شرۆڤەکانی ئبن ڕوشد و جوولەکەکان. ئەگەرچی لە بەرهەم و نووسیندا سنووری بەزاندووە و دەربارەی زۆربەی هەرە زۆری بابەت و کێشە هزرییە لاهووتییەکانی سەردەمی خۆی شتی نووسیوە و بە نیمچە ئینسکلۆپیدیاییەک ناوبراوە، دەکرێ جیهاندیدییەکەی بەو ڕستەیە بەرجەستە بکەین:

«ویستوویەتی مەسیحییەت و فەلسەفەی ئەریستۆ پێکەوە بگونجێنێ(١٤)»

ئەم کۆششە ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرکەوتووی ڕێکوپێک دواتر لەلایەن قوتابییەکەیەوە تۆماسی ئەکوینی تەواو کراوە، لە گرێبەستی گریمانەکراوی پێوەندی نێوان جیهاندیدی سروشت و جیهاندیدی ترانسندێنتی سەرووی سروشت بەو لاوە شتێکی تر نییە. دوور نییە لە بارەی ئەم کۆششەی ماگینیوس گازندە و ڕەخنەیەک لە چوارچێوەی چەند پرسیارێکدا سەرهەڵبدات کە بەم جۆرەیە: ئایا کە مرۆڤ باسی پێوەندی نێوان سروشت و سەرووی سروشت دەکات، بەو ڕستەیە شتێکی پڕ واتا دەردەبڕێ؟!.

مەبەست لەسەرووی سروشت چییە؟ دەکرێ لەنێوان شتێکی دیار و بەرچاو و هەست پێکراو بەناوی سروشت و بابەتێک کە بە هیچ ئامرازێکی مرۆڤانە پەی پێ نابرێت و هەرچی لە بارەیەوە بگوترێ لە چوارچێوەی گریمانە ناچێتە دەرەوە، وشەی سەرووی سروشتی بۆ هەڵبژێردراوە، پێوەندی بکرێت و بگیرێت؟!

من وای بۆ دەچم کە چەمکی «سەرووی سروشت» ئیتر هەر بیرمەند و لاهووتی و فەیلەسووفێک دایهێنابێ، لە وشەیەکی هەمەکی (کوللی) ڕووتی ئەبستراکت و لە ڕەگەزێک Gattung کە لە لایەکەوە هەست و نەست و ئاواتی مرۆڤ و لە لایەکی ترەوە سنوورداری هێز و توانای هزر و ژیری دەردەخات بەولاوە نییە. جگە لەوەی خۆی لە خۆیدا وشەیەکی نامەنتیقییە، چونکە لە کاتێکدا داهێنەرانی ئەم وشەیە ویستوویانە بەو چەمکە ئاماژە بە جیهانێکی تر بکەن کە لەناوەڕۆک و ڕوخساردا

له سروشت جیایه، بەڵام وشەکە ئەو واتایە ناداتە دەست، شتی سەرووتر مەرج نییە لە شتەکە خۆی جیاوازتر بێ. بەم پێیەش مەرج نییە سەروو سروشت جیهانێکی لە سروشت جیاواز تر بێت، ئەمەش هیچ لایەک، وەک ئەنجام پەسندی ناکات.

کەوابوو ئەو کۆششەی ماگینیۆس ئەو گونجاندنە بریتی بووە لە گونجاندنی جیهاندیدێکی سروشتی، ڕاستەقینەی سروشتێکی بەرچاو و هەست پێکراوی ڕێئالیستیانە لەگەڵ جیهاندیدێکی گریمانەکراوی ئایدیالیستی کە خواستی سنوور بەزێنی مرۆڤ لە هزر و بیری خۆیدا وێنای کردووە و ڕەنگی ڕشتووە.

گونجاندنی هەڵکەوتێک کە خۆی بە ڕاستی و لە ڕاستەقینەییەکەیدا چۆنە لەگەڵ بۆچوونێک کە مرۆڤ بەبیر و هزریدا هاتووە و ڕەنگی ڕشتووە و دەیخوازێ! پێویستە چۆن بێت! هەر چۆنێک بێت، ناکرێ لە سۆنگەی ئەمرۆی سەردەمەوە سەرنجی بابەتێک بدرێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدەرکەوتووە و ناگونجێ بە تەرازووی ئەمڕۆ بکێشرێ و هەڵبسەنگێنرێ، بەڵام دەکرێ بە ڕاشکاوی بگوترێ ئەو کۆششەی پێکەوە گونجاندنە و ئەو تەقەللایەی لەو کایەیەدا دراوە لە پاساودانی فرە ڕەنگی هەست و نەست و خواستی مرۆڤ کە ناکرێ سنووری بۆ بکێشرێ بەولاوە نەبووە.

ماگینیۆس لەو باوەڕەدا بووە کە جیاوازی و ناتەبایی و ناکۆکی ڕاستەقینە لەنێوان ئەریستۆ و جیهاندیدی مەسیحیدا نییە، یان ئەو جیاوازییەی بەدی نەکردووە. خۆ ئەگەر مەسیحییە ئەفلاتوونییەکان بەو لایەدا چووبن، ئەم بوون و جیهانە ڕاستەقینەیە لەژێر ڕووناکی جیهانەکەی تری سەروو سروشتدا بەدی بکەن، ئەوە ماگینیۆس- کە مامۆستای تۆماسی ئەکوینی بووە- وای بۆ چوون، تەنیا هەر بەهۆی ئەم جیهانەوە و لەم جیهانە هەڵکەوتەوە دەکرێ لە جیهانەکەی دیکە، جیهانە سەروو سروشتییەکە بگەیشترێ(١٥). وەک لاهووتییەک کە لە کڵێسەوە پێگەیشتووە، لە لایەکی دیکەوە، ناکۆکی لەنێوان زانینی سروشت و ئەو بڕوایەی بە سرووش (وەحی) پشت ئەستوورە، بەدی نەکردووە، چونکە بە لایەوە، سەرچاوەی زانین و بڕوایەکە ڕەب خۆیەتی!. پرۆسەی زانینی مرۆڤ هەمیشە بە تێبینی کردن و پەی بردنی هەستەکانەوە دەست پێدەکات ئەوانەش کە بە

چەمکە هەمەکییەکان (کوللییەکان) ناودەبرێن بەهۆی جیاکردنەوەی وێنە لە کەرەسەکە، بەهۆی دابڕین و ئەبستراکت کردنی شتەکە هەندەکییە (جزء) کۆنکرێتەکانەوە پەیدا دەبن و دەکەونەوە. ماگینیۆس بەر لە ڕۆجەر بیکۆن بایەخی بە ڕۆڵی تاقیکردنەوە و ئەزموون (ئیمپیری) داوە و لەو باوەڕەدا بووە، توێژینەوەی سروشت بەهیچ جۆرێک نابێتە مایەی ئەوەی دەسەڵات و توانا و (قودرەتی) لە ڕادە و سنوور بە دەری ڕەب ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە.

ماگینیۆس بەپێی سەرچاوەکان جگە لەوەی کۆشاوە لە هەموو لایەن و فەلسەفە و جیهاندیدەکان سوود وەربگرێ و بیرۆکەیان لێ بخوازێتەوە، لە بنەڕەتدا سەر بە ڕێبازی پیادەکان Peripatetism (ئەریستۆ) بووە، بەڵام وەک ڕابەرێکی ڕێبازی (مەزهەبی) دۆمینیک ناچاربووە لە سێ بەرەدا خامەکەی بخاتەگەڕ:

- جیهاندید و بۆچوونەکانی ئەریستۆ لەو شرۆڤانە ڕزگار بکات کە ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی بن جەبرولی جوو بۆیان کردووە. ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە ئەریستۆی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەو شرۆڤانە نایەتەوە.

- باوەڕی وابووە و بگرە کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە نەفس و گیانی تاکە کەسان، بە پێچەوانەی بیرورای ئبن ڕوشدەوە، نەمرن و لەناو ناچن. لەلایەکی ترەوە هەوڵی داوە:

- چەمکی بزوێنەری یەکەمی ئەریستۆ بە چەمکی جەوهەری بێ کۆتایی بگۆڕێت(١٦).

هەر لێرەوە چەندین بیروبۆچوون کە مێژوونووسانی فەلسەفە بەهی تۆماسی ئەکوینیان داناوە لە بنەڕەتدا هی ماگینیۆسی مامۆستای بووە.

## سیگەر برابانتی

بە ڕابەر و نوێنەری ڕێبازی لاتینی فەلسەفەی ئبن ڕوشد لە زانکۆی پاریسدا ناسراوە.. لە ساڵی (١٢٤٠ز) لەناوچەی برا بانت هاتۆتە دنیاوە. لەلایەن کڵێسەوە تۆمەتی گومڕایی و ئاژاوە نانەوە و شێواندنی ئاشتی و ئارامی لە پارسەنگ نراوە. لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا دەست درێژی کراوەتە سەر ژیانی و گیانی لەدەست داوە.

دوای بڵاوبوونەوە و ناسرانی بەرهەمەکانی تری

ئەریستۆ بەزمانی لاتینی جگە لە بەرهەمی مەنتیق بە تایبەتی بابەتی فیزیک و میتافیزیک و ئاکار لەکۆلێژی هونەرەکانی پاریسدا، چەند سەرچاوەیەکی گرینگی زانین کەوتۆتە بەر دەست مامۆستا و خوێندکار و قوتابیان. ئەو رەوشە کولتوورییە بۆتە مایەی ئەوەی کە سەرچاوە ئایینی و لاهووتییەکان تاکە بابەتی خوێندن و توێژینەوە نەبن. لێرەوە ئەو دەرفەتە هاتۆتە پێشەوە پەنا بۆ بەرهەمەکانی ئەریستۆ ببردرێ، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی لەلایەن ئبن رۆشدی ئەندەلوسییەوە شرۆڤە کراون و کراون بە لاتینی و کراون بە سەرچاوە و بابەتی خوێندن. ئەو بزاڤە کە پیاوانی ئایینی نیگەران کردووە بە رێبازی لاتینی ئبن رۆشد ناسراوە و رابەرەکەشی سیگەر برابانتی بووە. بە پێچەوانەی ماگینیۆسەوە، مامۆستایانی ئەو بزاڤە لەو باوەڕەدا بوون کە ئبن رۆشد بە تەواوەتی لە فەلسەفەی ئەریستۆ گەیشتووە و بە چاکترین شێواز بەرهەمەکانی شرۆڤە کردووە(١٧) و لێکی داونەتەوە. گرنگترین خاڵێک لەو فەلسەفە و شرۆڤە کردنانەی ئبن رۆشد دا کە لەلایەن سیگەر برابانتی و لایەنگیرانییەوە پەسندکراوە ئەوە بووە:

بە لای ئبن رۆشدەوە ژیر مەزنترین هێز و توانایەکە کە مرۆڤ هەیەتی و ئەو ژیرەش بە یەکسانی و دادپەروەری لە هەموو کەسێکدا وەک یەک وایە. برابانتی بەدرێژایی ژیانی پەیڕەوی ئەو بۆچوونەی کردووە.

لەو سەردەمەدا بە تایبەتی لە پاریس کە زانکۆ لەلایەن کڵێسەوە کۆنترۆڵ کرابوو، هەروەها سروشتی چالاکی و ژیانی هزری دیار و دەستنیشان کراو بووە، سنووری بۆ کێشراوە ئەو جیهاندیدە و بۆچوون دەربارەی ژیر و ئەو راستیانەی پێی دەگات لە بەرانبەر راستییەکانی بڕوا و سرووشدا شتێکی کەم نەبووە.

برە بانتی پشت ئەستوور بە شاکارەکانی مامۆستای یەکەم و بە سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و ئەو پەرەسەندن و گۆڕانانەی بەهۆی رابەری ئەفلاتوونیزمی نوێ بەسەریدا هاتووە، ئەگەرچی رابەرێتی رێبازێکی ئەریستۆتالیزمی ئارامی شێواندنی کردووە، ویستوویەتی کایە و بواری هەردووک بابەت، بابەتی لاهووت (بڕوا و ئیمان) لە بابەتی فەلسەفە (ژیر و مەنتیق) جیابکاتەوە. بگرە بایەخی تەواوی بە فەلسەفەی ئەریستۆداوە و لاهووتی پشتگوێ خستووە، بەڵام دۆخەکە هەروا بە ئاسانی نەچۆتە سەر. دوای ئەوەی کەشیش شتێڤان تێمپێ لە دە-ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٢٧٠ز) بە لیستەیەکی چەندین فەلسەفەی تۆمەتبار کردووە و تۆمەتی گومڕایی لە پارسەنگی سیگەر برابانتی ناوە، سیگەر ناچار بووە لە هەندێ بۆچوونی کە پێشتر پێی لەسەردا گرتووە، خاوبێتەوە. بۆ نموونە جاران ئەگەر راستی لاهووت و راستییەکانی فەلسەفەی بەرانبەر بە یەکتری دانابێ و لەیەکتری دابڕیبێ، لەو بڕیارە تارادەیەک پاشگەز بۆتەوە و گوتوویەتی:

راستە دوو جۆرە راستی هەیە:

- راستی ئایین کە بە رێگای سروشەوە دێت و بابەتی بڕوا و ئیمانە.

- راستی فەلسەفە کە سەرچاوەکەی ژیر و مەنتیقە.

بەڵام: هیچ جۆرە ناتەبایی و دژایەتییەک لەنێوانیاندا نییە، چونکە هەردووکیان لە یەکتری جیاوازن، بەڵام ئەو راستییەی ئیمان و ئایینی مەسیحی دەیداتە دەست، پتر جێگای دڵنیایی کردنە لەوەی فەلسەفە(١٨) لە بابەتی میتافیزیکدا سیگەر برابانتی بۆ تاووتووکردنی زانستی بوون (وجود) فەلسەفەی ئەریستۆ و ئەفلاتوونیزمی نوێ ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتری کردووە. لە هەردوولادا پێکهاتەیەکی دارشتووە جیهاندیدە تایبەتییەکەی خۆی پێ بەرجەستە کردووە. ئۆنتۆلۆژی برابانتی لە کۆی چەمک و بەڵگەنەویست و تێزەکانی ئەو دوو رێبازە دارێژراوە، کە دەکرێ بەم جۆرە وێنا بکرێت:

لە بنەڕەتدا و لەسەرەتادا بوونێک هەیە ئەو بوونە نەمر و بێ سنوور و رەهایە و بوونەکەشی دەکرێ بە شێوە و رێگا و شێوازی جیاواز پشت راست و ساغ بکرێتەوە.

- راستەوخۆ رەب تەنیا یەک جەوهەری داهێناوە (خەلق کردووە)، ئەمە یەکەمین جەوهەری نا ماددی بووە.

- لەو جەوهەرەوە بەهۆی لەسەرەوەڕژان Emanation (کە دەکرێ وشەی عەرەبی- فیض-ی بۆ بەکاربهێنرێ) ژیر و بوونەوەرە ئاسمانی و بزاڤە ئاسمانییەکان پەیدابوون.

- دوای ئەمە جیهانی ماددە کە پەیدادەبێ و لەناودەچێ دروست بووە. ئەم چالاکی داهێنانە بەلای برابانتییەوە جۆرە ناچارییەکی (حەتمیەتێکی) تێدا بووە کە بە چەندین قانوونی ناچاری و هەتاهەتایی پشت ئەستوور بووە. کەوابوو دەکرێ بوترێ تێکرای جیهان-

گەردوون، بەهۆی ئەم پرۆسە ناوبراوەوە لە ڕەب کەوتۆتەوە و پەیدابووە.

لەلایەکی ترەوە، وەک پشتگرتنی ڕێبازی لاتینی ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی لەو باوەڕەدا بووە کە:

– خواست (ئیرادە) تەنیا هێز و توانایەکی ناڕێ (پەسیڤە) بەهۆی چەند هۆکارێکی هاندەرەوە کە لەلایەن ژیرەوە پێشکەش دەکرێن چالاک و ئەکتیڤ دەبێت.

– مرۆڤی تاک بە لەش و نەفسەوە لەناو دەچێ و دەمرێ ئەوی هەتاهەتاییە و نامرێ نەفسی ژیرەکییە Geisteele.

– سزا و پاداشت لە دوا ڕۆژدا نییە، بەڵکو ئەو سزا و پاداشتە لەو چاکەکاری و بەدکارییەدا، لەو خۆشی و ناخۆشیەدا، لەو بەختەوەری و کڵۆڵییەدان کە مرۆڤ دووچاریان دەبێتەوە.

– جیهان و گەردوون کۆنن نە سەرەتایان هەیە و نە کۆتایی(١٩).

– لە بابەتی حەشری لەش و گیان و لە بابەتی زانی ڕەب ئایا هەندەکییە، یان هەمەکییە لایەنگیری بۆچوونەکانی ئبن ڕوشدی کردووە.

بابەتی بڕوا بوون بەدوو ڕاستی، یەکێکیان هی ئایین و ئەوی تریان ئەوەیە کە لە ژیر و مەنتیقەوە کەوتۆتەوە و مرۆڤ پێی دەگات ئەو وێنەیە لە مێشکدا دەنەخشێنێ کە ئەم لایەنە پتر سروشتێکی قۆناغی ئایندەکانی پێوە دیاربێ، قۆناخی سەدەکانی ناوەڕاست کە تێیدا سێ ئایینە سەرەکییەکە دەستبەکاربوون سەری هەڵدابێ و پەیدابووبێ. خۆ ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنج لە جیهاندیدی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم بدات، کە خۆی لەخۆیدا سەرچاوەی فەلسەفەی ئبن ڕوشد و سیگەر برابانتی بووە، ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە دوو ڕاستی ئایین و فەلسەفە و پێوەندی بە لاهووت و ژیرەوە هەیە، جۆرە ئەگەرێک لە دڵدا سەرهەڵدەدات.

مامۆستای یەکەم بە هیچ جۆر و شێوازێک، بەپێی ئەوکات و سەردەمەی تێیدا ژیاوە باسی ڕاستییەکی ئایینی نەکردووە بەو جۆرەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هێنراوەتە سەر خوانی باس و خواس.. بەلایەوە بزوێنەری یەکەم کە خۆی نابزوێ بەهیچ جۆرێک دەست ناخاتە نێو کاروباری جیهانەوە. بە واتایەکی تر ئەگەر بشێ وشە عەرەبییەکە بەکاربهێنین، مامۆستای یەکەم بە هیچ جۆرێک هەبوونی «عینایەتی ڕەببانی» پشت ڕاست نەکردۆتەوە. ئەو بابەتەش لە خۆیدا خاڵێکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە هەر سێ فەلسەفەی هەر سێک ئایینە ئاسمانییەکەدا. کەواتا چۆن ئبن ڕوشد و سیگەری برابانتی بە لایەنگرانی ئەریستۆ دادەنرێن؟! بەلای ئەریستۆوە تەنیا یەک ڕاستی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژیر و مەنتیق لە چوارچێوەی چالاکی فەلسەفەییدا پێی دەگەن، تەنیا هەر ئەوە لە خۆیدا ڕاست و ڕاستەقینەیە.

ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی کە نموونەی بەرزی برابانتی بووە، لە ژینگە و کۆمەڵگا و دەوروبەرێکی ئایینیدا پێگەیشتووە، نەیتوانیوە خۆی لەوە ببوێرێ باسی ڕاستی ئایین و بڕوا (ئیمان) نەکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتە سەرتاپاگیرە تۆتالیتێرە کە سنووری بۆ هەموو شتێک ڕشتووە، دەستی خستۆتە نێو هەموو کاروبارێکی ژیان و خێزان و کۆمەڵگاوە، نەبۆتە مایەی ئەوەی ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی سڵ لەوە بکاتەوە ڕاستی ژیر و مەنتیق بخاتە پێش ڕاستی بڕواوە. هەروەها بوێرانە ئەو بڕیارەی داوە: ئەگەر هاتو ڕاستی بڕوا و ئایین بە پێچەوانەی ڕاستی ژیر و مەنتیقەوە بێت، دەبێ و بگرە پێویستە تێکستی ئایینی، لەو بوارەدا، بە جۆرێک لێک بدرێتەوە و شرۆڤە (تەئویل) بکرێت کە لە ڕاستی ژیر و مەنتیق بچێ و نزیک بێتەوە و بگونجێ، چونکە مەنتیق وا پێویست دەکات کە لە بڕیار (حوکمی) ژیر بەولاوە بڕیارێکی تر پەسند نەکرێت.

بۆیە دەکرێ، بەبێ سڵ و پارێز، بگوترێ ئەو کۆششەی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەلایەن برابانتی و نۆمینالیستەکانەوە کراوە، ئەگەر لە سۆنگەی ئەم سەردەمەوە دەڵەمەیی و ناکامڵ بێتە بەرچاو ڕێگای ڕاست و دروستی گرتۆتەبەر، بەپێی سەردەمی خۆی، ڕێگای کاڵ کردنەوەی سروشتی ترانسندێنتی دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی و پتر بە مرۆڤ کردنی ئەو ئایینە بەو پێیەی لەگەڵ پێوەندییە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵگا و سروشتی مرۆڤدا بێتەوە.

برابانتی لە هەندێک لادا وەک مرۆڤێکی ڕووناکبیر کە سنووری باوی سەردەمی خۆی بەزاندبێ واهاتۆتە بەرچاو. ئەو تۆمەتانەی کەشیش تێمپێ داویەتییە پاڵی، لەلای کەسانێک کە باوەڕیان بە بنەماکانی مەسیحییەت نەبێ، بە بەڵگەیەکی مەزنی سیگەر دادەنرێن. برابانتی جگە

لەوەی ڕەبی بەهۆکاری ئامانجەکانی داناوە و لە کێشە و بەرەی هەمەجۆری ژیان و جیهان دووری خستۆتەوە، بڕوای وابووە کە بوونەوەرێک نەبووە و نییە کە پێی بوترێ «ئادەم»، یان مرۆڤی یەکەم. ئەمەش لادانێکی ئاشکرایە لە بنەمای دۆگمی مەسیحییەت کە پشت ئەستوور بە تەوراتی مووسا باسی ئادەم و حەوای کردووە. هەروەها لەو باوەڕەدا بووە ژێری کاریگەر یەک ڕەنگە(٢٠). ئەم بڕیار و بڕوایە بە ئاشکرا ئۆباڵکێشان و سزای قیامەت و دۆزەخ و بەهەشت هیچ بنەمایەکی ژیرەکییان نامێنێ، چونکە ژێر لە خۆیدا لەلای هەموو کەسێک هەریەکە. ئەم هەڵوێستە بڕیارێکی چاونەترس و بوێرانەی جیاکردنەوەی فەلسەفەیە لەلاهووت.

## ڕۆجەر بیکۆن

لە هەندێ سەرچاوەدا بە دکتۆر میرابیلیس ناوی هاتووە. ڕابەرێکی پەیڕەوی زانستی سەردەمی خۆی بووە. لە زانکۆی ئۆکسفۆرد (بەریتانیا) و زانکۆی لاهووتی پاریس (فەرەنسا) خوێندوویەتی بەشی زۆری ژیانی سزا و ئەشکەنجە بووە. لە بەندیخانە ترسناکەکانی سەردەمی خۆیدا گیانی سپاردووە.

ڕۆجەر بیکۆن (١٢١٤-١٢٩٤ز) دوای تەواوکردنی قۆناخی خوێندن و سەرەتای دەستبەکاربوونی مەیلێکی زانستی هەبووە، بۆیە هەوڵی داوە- بەرهەمە فیزیکییەکانی مامۆستای یەکەم (ئەریستۆ) لێک بداتەوە و شرۆڤە بکات. درێژەی بەو پرۆسەیە داوە کە ناوی فەلسەفەی سروشتی لێنراوە، بەهۆی نووسینەکانییەوە ناوی ڕیفۆرمەر (چاکساز)ی پێ بڕاوە.

بەبێ گوێدانە فەتوای قەدەغەکردنی هەندێک لایەنی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم، بیکۆن بوێرانە شرۆڤەی هەردوو بەرهەمی فیزیک و میتافیزیکی ئەریستۆی کردووە و بە وانە لە زانکۆی پاریسیدا بە خوێندکارانی گوتۆتەوە. جگە لەوەی بابەتی مەنتیق و دیالێکتیکی کردووە بە کەرستەی خوێندنی خوێندکارەکانی لە کۆلێژی هونەری پاریس.

هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە دەسەڵات. (ئایین، لاهووت)، ژیر، شارەزایی (ئەزموون) سێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانین و بەلایەوە ماتماتیک و ئەزموون (تاقیکردنەوە) بنەمای هەموو دیسپلینێکن و چەمکی

چەندێتی فەلسەفە چەمکی ناوەندییە و لاهووتیش بە هیچ جۆرێک بەبێ بیرکاری (ماتماتیک) و فەلسەفە ناگاتە ئەنجام(٢١) وەک خاوەن مێشکێکی زانستییانە لە هەندێ بۆچوونی ئەریستۆ و ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی ڕەخنەی گرتووە. بۆ نموونە بەلایەوە هیچ کاتێک ماددە، کەرەسە لەناو ناچێ و پەیدا نابێت، بگرە ناتەواوەتی داهێنراوەکان بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆیە ساغی دەکاتەوە کە ماددەی یەکەم هەبووە و هەیە و بەپێی سروشت و جەوهەرەکەی سادە و ساکارە، ئەگەر ناتەواویش بێتە بەرچاو، ئەوە نە پەیدادەبێ و نە لەناو دەچێ. ماددە بابەتێکی یەکەی یەکڕەنگییە. لەناو ناچێ، بەڵام خۆی بنەمایەکی لەناو نەچووی پەیدابوون و لەناوچوونی هەموو شتێکە(٢٢) بەم پێیە بوونی سروشت لە یەکەیەکی لە یەک نەترازاوی توندوتۆڵ پێکەوە بەستراوی ماددە و فۆرم پێکدێت. لە هەموو داهێنراوێکی ڕەب و لە جیهانیشدا جۆرە سێ ڕەنگییەکی

- جەوهەر.
- هێز.
- پرۆسەی ئەنجام.

بەدی دەکرێت. هەموو جەوهەرێک و بە رووکەشەکانیشەوە Akzident جۆرە توانایەکی کاریگەری ئەکتیڤی ڕاستەقینەیان هەیە. ئەوی لەم کایەیەدا کڵێسەی تووڕە کردووە ئەو بۆچوونەی بیکۆن بووە کە بڕیتی بووە لەوەی پرۆسەی سروشتی بە جۆرێکی تر روون بکاتەوە. بە پێچەوانەی بۆچوونی باوەوە لەو باوەڕەدا بووە بنەمای کارکردەی دوور هیچ ڕۆڵێک لەم بوارەدا ناگێڕێ ئەوەی لێرەدا کاریگەرە، هۆکاری ڕاستەوخۆ و نزیکە. بەواتایەکی تر هیچ کارکردە و فاکتەرێکی دوور، فۆرم بەهیچ بابەتێک نابەخشێ. هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ماددە کەرەسەیەکی رووتە و هیچ سروشتێکی گیانی تێدا نییە.

ڕۆجەر بیکۆن کە ڕابەرێکی ڕێبازی قوتابخانەی ئۆکسفۆردە مەیلی ئەزموونی و تاقیکردنەوەی هزرمەندە ئینگلیزەکانی لەو سەردەمەوە بەرجەستە کردووە، بەڵام بەهۆی بیروبۆچوونی جیاوازەوە بە «بیرمەندی بۆچوونە ناتەبا و دژ بە یەکترییەکان» ناوبراوە، ئەگەرچی لەو باوەڕەدا بووە کە مرۆڤ توانایەکی ژیری هەیە، بەڵام ئەو ڕەوشە کە نیگەرانی کردووە بۆچی مرۆڤ هەڵە دەکات؟

بۆیە هەوڵیداوە سەرچاوە و هۆکارەکانی بەهەڵەچوونی مرۆڤ بدۆزێتەوە و ڕوونیان بکاتەوە ئینجا لایان بەرێت.

وەک هزرمەندێکی ئینگلیز کە بەسروشت بە لای ئەزموون و تاقیکردنەوە (ئیمپیریدا) دەشکێنی و بگرە خۆی دانەری بنەمای ئەو ڕێچکەیە بووە، چەند خاڵێکی دەستنیشان کردووە کە مایەی بە هەڵە چوونی مرۆڤن. ئیتر ئەو هەوڵە پتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەلایەن فرەنسیس بیکۆنەوە هاتۆتە بەر خاڵەکان وەک لەبەرهەمەکانیدا باسی کردوون، دەکرێ بەم جۆرە پوخت بکرێنەوە:

**یەکەم: هۆکارێکی نەزانی و دڵنیایی نەبوون و بەهەڵە چوونی مرۆڤ کە دەبێتە مایەی ئەوەی بەڕاستی نەگات. بوونی دەسەڵاتی ناشایستەیە:**

بڕوا بوونی بێ بنەما و کوێرانە بە هەر دەسەڵات و هێزێک Autoritat ئیتر ئەو دەسەڵاتە سیاسی، ئایینی، یان هەر جۆرێکی تر بێت ترسناکترین سەرچاوەی ئەو هەڵانەیە کە مرۆڤ لەکاتی هێنانەوەی بەڵگە و ساغ کردنەوەی بابەتێک و لە بڕیاردان‌دا تێی دەکەوێ. بەلای بیکۆنەوە، لێرەدا مەبەست لە دەسەڵاتی شایستە نییە، بەڵکو ئەو دەسەڵات و هێزەیە کە بەبێ کۆمەک و یارمەتی ڕەب بە تۆبزی خۆی دەسەپێنێ(٢٣).

**دووەم: درێژەکێشان و بەردەوامی دابونەریت و ڕاهاتن**

دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێ و بۆمان ڕوون بێتەوە ئایا مرۆڤێک لاسایی یەکێکی تر دەکاتەوە؟ ئەمە بەد و ناشیرین نابێت ئەگەر بێتو زۆربەی هەرە زۆری خەڵک چاک و باش و چاکەکاربن، بەڵام بە داخەوە ڕەوشەکە وانییە و بەو جۆرە نییە. فرە جار لەژێر ناوی ڕاستیدا دەیان چەوتی و هەڵە و تەفرەدان دەکرێ، بۆیە پێویستە مرۆڤ بە پارێز بێت و بەچاکی وردبێتەوە ئایا ئێمە وا ڕانەهاتووین لە جیاتی چاکەکاری، بەدکاری بکەین؟ ئایا سروشتی ئێمە پتر مەیلی بەدکاری و ناڕاستی نییە!؟

**سێیەم: بڕیاری پێشبیبانەی نەزان و ناشارەزایان**

ئەم بەدییە لە هەردوو بەدییەکانی تر بەدترە، بەڵام ئەم بڕیارە پێشەکیبیانە کە مرۆڤ دەیدات لە قووڵایی ناخ و دەروونی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە و بووە بە دابونەریت. مرۆڤ بەدوای ڕای ڕەشورووت و زۆر و بۆری خەڵکدا بچێ لە گەمژەیی بەولاوە نییە. ژیری ئەوەیە مرۆڤ گوێڕایەڵی مرۆڤی دانابێت کە مایەی گەیشتنە بەڕاستی.

**چوارەم: شاردنەوەی نەزانین و خۆ بەشتزان دانان**

بەلای بیکۆنەوە بەربەستێک لەبەردەم گەیشتن بەڕاستی ئەوەیە کە مرۆڤ نەزانی خۆی دیزە بە دەرخۆنە بکات و بە ناهەق نەزانی و نەدانی لە ڕوخسار و بەرگێکی زانین و دانایی‌دا بخاتە بەرچاو(٢٤). بەدکاری و ناڕەوایی بە زۆر شێواز خۆیان دەردەخەن. بۆ دەبێ مرۆڤ ئەوەندە بوێر نەبێ نەزانی خۆی ئاشکرا نەکات؟!

بیکۆن بەو قسانەی ڕەوشی کولتووری سەردەمی خۆی کە دووچاری بڕیاری دەستی کار بەدەستانی کڵێسە بووە و هیچ شتێک لەسەر بنەمای خۆی نەماوە ڕادەگەیەنێ و ڕوونی دەکاتەوە. دەبێ چۆن مرۆڤ بتوانێ بیر لە ڕاستی بکاتەوە کە دادگاکانی پشکنین و بەندیخانە ترسناکەکانی کڵێسە هەمیشە لەبەرچاو بوون.

بیکۆن خاوەنی هزرێکی زانستی سەردەمی خۆی بووە، لەبەرهەمەکانیدا گرینگی ڕۆڵی ژیر و ئەزموون و شارەزایی دووپات کردۆتەوە. هەر بەهۆی ژیرەوە مرۆڤ دەتوانی بە بەڵگە شت ساغ بکاتەوە، بە هەردوو جۆرەکانی ئەزموون و شارەزاییشەوە، ئەزموونی دەرەکی کە بەبێ پشت بەستن بە هیچ ئامرازێک سەرنجی بابەتەکان دەدات و لێیان ورد دەبێتەوە، ئەزموونی ناوەکیش کە پتر مرۆڤە ئایینییە پاکەکان سوودیان لێی وەرگرتووە یارمەتی تێگەیشتن و فام دەدرێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی سەرگەرمیەتی. هەر بەهۆی ئەو ئەزموونە دوو جۆرەییەوە زانستەکان پشت ڕاست دەکرێنەوە.

بیکۆن ئەگەر هیچ مەیلێکی ئایینی نەبووبێ، ئەوە لە بۆچوون و جیهانبینییەکەیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە نەیتوانی خۆی لەبیرو بۆچوونی باو و دەستبەکاری دەوروبەر و سەردەمی خۆی دەرباز بکات کە لەلایەن کڵێسە و دۆگمەکانییەوە ناوەرۆک و ڕوخسارەکەی دیار و دەستنیشان کراوە. ناشکرێ ئەوەش لەیاد بچێ کە کڵێسە و ئایینەکە خۆیان هاندەرێکی ناڕاستەوخۆی ئەو فەلسەفە سروشتییەی بیکۆن بوون. خۆ ئەگەر لە هەندێک بۆچوونیدا سنووری سەردەمی خۆی بەزاندبێ، ئەوە لە چوارچێوەی گشتی بۆچوونەکانیدا هەر لە مەیدانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەسپی خۆی تاوداوە.

**پەراویز و سەرچاوە:**

1- Coplston, F.C., Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Munchen 1976. S.147.

2- Coplston, F.C., Ebenda. 151.

3- Russell, Bertraand., Philosophie des Abendlandes. Europaverlag. Munchen-Wien. 2000. S.454.

4- Copleston, F.C., Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Munchen 1976. S.153.

5- Bohner, Philotheus., und Gilson, Etienne., Christliche Philosophie. 2.Aufl Paderborn. 1954. S.408.

6- Coplston, F.C., Ebenda. S.156.

7- Bohner, Phil., und Gilson, Etienne., Ebenda. S.410.

- de Libera, A.Die mittelalterliche Philosophie. Fink. 2005. S.9.

8- Hirschberger, Johnnes., Geschichte der Philosophie Bd.I. Komet. Koln. 1980. S.417-418.

9- de Libera, Alain., Denken im Mittelater. Aus dem Franzosischen von Andreas knop. Munchen 2003. S.111.

- Maurice de Wulf., Geschichte der mittel alterlichen Philosophie. Tubingen 1913. S.153. ff.

10- Hirsch berger, Joh., Ebenda. S.419.

11- Jodl, Friefrich., Geschichte der Ethik. Bd.I. Phaidon, Essen.., S.167.

12- Rod, Wolfgang., Der Weg der Philosophie. Bd.I. Munchen 1994. S.336.

13- Rod, Wolfgang., Ebenda. S.338.

14- Russell, Bertrand., Philosophie des AbendLandes. Munchen. 2000. S.461.

15- Rod, wolfgang., Ebenda. S.341.

16- Maurice De Wulf., Ebenda. S.285 ff.

١٧- الخضيري، د. زينب محمود، أثر إبن رشد في فلسفة العصور الوسطى، دار التنوير للطباعة و النشر و التوزيع بيروت ٢٠٠٧، ص١٧١.

18- Fernand Van Steenberghen., Die Philosophie im 13. Jahrundert. Munchen 1977. S.366.

19- Fernand Van Steenberghen., Ebenda. S.362-363.

٢٠- بدوي عبدالرحمن، فلسفة العصور الوسطى- القاهرة- ١٩٦٢، ص١٦٥.

21- Wohler, Hans- Ulrich., Geschichte der Mittelalterlichen Phiosophie. Berlin 1990. S.103.

22- Wohler, Hans- Ulrich., Ebenda. S.104.

23- Bohner, Phil. Gilson, E., Chritliche Philosophie. Bd. 3. Auflage. 2. Paderbra 1954. S.432.

24- Bohner, Phil. Gilson E., Ebenda. S.434.

# بیرەوەری یەکێک لە پێشمەرگەکانی شێخ مەحموودی حەفید

**عەبدولڕەقیب یووسف**
**(سلێمانی)**

ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٦ حاجی ڕەشید ئەحمەد مەحموودی قەرەوەیسی لە چەمچەماڵ کۆچی دوایی کرد کە یەکێک لە هەرە بەتەمەنەکانی کورد بوو، تەمەنی لەنێوان (١١٦-١١٩) ساڵدا بوو، چونکە ڕۆژی ١٩٩٧/٨/١٢ کاتێک برای نووسەر (سدیق ساڵح)یشم لەگەڵ بوو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بیرەوەرییەکانی ئەوان لەسەر کاسێت و بەکامیرای ڤیدیۆیی تۆمارکرد، ئەو کاتە زۆرمان هەوڵ دا بەپێی ئەو ڕووداوانەی لای خەڵک بوونەتە مێژوو، بزانین تەمەنی چەندە، وەک ساڵی ڕشانەوە ١٩٠٣- ١٩٠٤ و ساڵی ڕۆژگیران ساڵی ١٩١٤ و ساڵی گرانی و شەڕی ڕووس، دەبێت مەزەندەکردنی تەمەنی بەتەمەنەکان بەپێی ڕووداوەکان بێت، لەبەر ئەوەی هەبوون دەیانگوت تەمەنمان لەنێوان (١١٠) و (١٢٠) ساڵدایە، کەچی بەپێی ڕووداوەکان بۆمان دەردەکەوت کە تەمەنیان نەگەیشتووەتە سەد ساڵ، تا ئێستا بیرەوەری زۆر لە بەتەمەنەکانم لە کوردستانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات تۆمار کردووە و ئەو بیرەوەرییانەی کە لەلای من تۆمارکراون ڕەنگە بگەنە سێ هەزار لاپەڕە، ئەم بابەتەش یەکێک بوو لەو پرۆژانەی کارم لەسەر دەکردن کە بریتی بوون لە بواری مێژوو و شوێنەوار و بەڵگەنامە و بینا کەلەپوورییەکان و هونەری تەلارسازی و هونەری نەخشونیگار لەکوردستاندا.

ئەو کاتە تەمەنی خوالێخۆشبوو حاجی ڕەشید (ڕەشید چاوش)مان مەزەندە کرد لەنێوان (١٠٥) و (١٠٨)ساڵدا بێت. حاجی ڕەشید لەتیرەی قەرەوەیسی لە عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێرییە. لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیددا لە یەکەمین جەنگی جیهانی لەناوچەی سەقز و بۆکان لەشەڕی دژ بە ڕووسدا بەشداری کردبوو. هەروەها لەشەڕی (ئاوباریک)ی شێخی نەمر لە ١٩٣١/٤/٥ بەشداری کردبوو کە پاش شەڕی بازیان بە گەورەترین شەڕی شێخی نەمر دەژمێردرێت لەپێناوی کورد و کوردستاندا کرابێ، لەو شەڕەدا واتە (لەشەڕی ئاوباریک) بریندار ببوو. حاجی ڕەشید تا ساڵی ١٩٢٧ پێشمەرگەی شێخ مەحموود بووە، لەو ساڵەدا بە ڕەزامەندی ئەو گەڕاوەتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی، چونکە لەوکاتەدا شێخ مەحموود چوو بۆ بەغدا و دیسان گەڕایەوە هەورامان و ئەوکات میریش لێبوردنی بۆ بەشداربووانی شۆڕشی شێخ مەحموود دەرکردبوو، ئەو کەسانەش کە بیانویستایە بگەڕێنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان شێخ مەحموود ڕێی پێدەدان.

حاجی ڕەشید لەناو هێزی سوارەی خەلیفە یوونسی ڕوغزایی پێشمەرگە بوو، لە شەڕێکی دلێرانەدا لە (موان)ی شارەزوور لەگەڵ دە پێشمەرگە و ماینەکەیدا بریندار بوون، لەوانە تەنیا عەلی محەمەد لە عەشیرەتی (مەنمی)ی کوردستانی ئێران لەبەر سەختیی برینەکەی شەهید بوو. حاجی گوتی: کوژراو و بریندار لە هێزی ئینگلیز زۆر بوون، خەلیفە یوونس و (حەمە بۆر)ی برایشی زۆر ئازا بوون و لەگەڵ خەلیفە یوونس لە چەندین شەڕ لەگەڵ هێزی ئینگلیز بەشداری کردووە. ڕەنگە ئەو شەڕە لە ساڵی ١٩٢٥دا بووبێت و ئەو شەڕی (موان)ە نەبێت کە لە شەوی بیستی شوباتی ١٩٢٦دا ڕووی داو تا ڕۆژی دواتر بەردەوام بوو، تەنیا یەکێک لە سوارەکانی خەلیفە یوونس لەو شەڕەدا شەهید بوو، کەچی هەژدە کەس لە دوژمن کوژراو بیست کەسی دیکەش برینداربوون و هەندێکیش بە دیل گیران و دەستیش بەسەر بڕێک تەقەمەنی و چل ئەسپدا گیرا، وەک مێژوونووس و نووسەر ئەحمەد خواجە لە لاپەڕە ١٣١ی بەرگی دووەمی



**حاجی ڕەشید ئەحمەد مەحموودی قەرەوەیسی**

کتێبی (چیم دی)دا نووسیویەتی، هەروەها نووسیویەتی ئەوکاتە بەپێی فەرمانی ژمارە (٣٠) ڕۆژی ١٥ی شوباتی ١٩٢٦ لە (موان- موغان)ەوە تا خورماڵ بە فەرمی کەوتە ژێر فەرماندەیی خەلیفە یوونس بۆ ئەوەی بەرگری لە دەشتی شارەزوور بکات.

پاش چاکبوونی برینی حاجی حەمە ڕەشید، شێخ مەحموودی نەمر ئەو و چواردە پێشمەرگەی دیکەی ناردبووە لای کاربەدەستانی ئێران لە سەقز (ئیسماعیل خان)، گوتی دوو ڕۆژ لە سەقز میوانی شابەندەری عیراق بووین کە ناوی (ڕەحیم فەرەج) بوو، کورد بوو، پاشان ئێمەی بردە لای ئیسماعیل خان و نامەی (شێخ)مان پێ داو ماچی کرد و ناردی لە تەبریز بیست و پێنج بارە فیشەکی تفەنگی سێ تیر و پێنج تیر هات و خۆی لەگەڵ ئەفسەرێک و چوار سەرباز بە بارە فیشەکانەوە تا پێنجوێن لەگەڵمان هاتن و شێخیش خەڵاتی کردن. هەروەها گوتی ئەو پازدە شەوە لە سەقز بووین، خەڵکی سەقز زۆریان ڕێز لێدەگرتین. حاجی ڕەشید لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: پاش ئەو شەڕەی سەقز، شێخ منی لەگەڵ چواردە پێشمەرگەی دیکە و سەد سەربازی تورک نارد لەوانەی پاش کشانەوەی هێزی دەوڵەتی عوسمانلی دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لای شێخ مابوونەوە، بۆ ئەوەی بیانگەیەنینە تورکیا، ئەوەش پاش ئەوەی کە شێخ ڕەزامەندی تورکیای وەرگرتبوو، سەربازەکانمان برد و لە ئامێدی تێپەڕین و لەسەر ڕووبارێک ڕادەستی تورکەکانمان کردن، لەو گەشتەدا بەرپرسمان عارف ئاغای عەزیز ئاغای هەمەوەند بوو، ئەمینی حەمەی ئیمامی هەمەوەندیشمان لەگەڵ بوو، کە مرۆڤێکی زۆر ئازا بوو.

ساڵی ١٩٤٧ حاجی ڕەشید بووەتە پۆلیس و (چاوش)ی مەخفەری (دەربەند باسەرە)، کە (مەخفەرێکی کاتی عوسمانلی بووە و لەکاتی ئینگلیزدا، خوالێخۆشبوو وەستا عەلی وەستا حەسەن سلێمان نووژەنی کردووەتەوە وەک بە منی گرتووە)، ئەوکات ناوی بووە بە ڕەشید چاوش. گوتی لە دەربەندی باسەرە لەسەر شاخ بە ڕۆژ بەهۆی (ئاوێنە)وە و بەشەو بەهۆی ئاگرەوە زانیاریمان بە حکوومەت دەدا لە چەمچەماڵ و سەنگاو کە بەشێوەی پیتەکان ئاوێنە و ئاگرمان دەجووڵاندەوە و ئەوکاتە خەڵک زۆر زانیاری خراپیان لە دژی شێخ مەحموودی نەمر بە حکوومەت دەداو منیش لە برووسکەکانمدا بەهۆی ئاوێنە و ئاگرەوە بەحکوومەتم دەوت ئەو زانیارییانە ڕاست نین، شێخیش ئەم کارەی زۆر لا پەسەند بوو، لێم ڕازی بوو. لەم بارەوە حاجی ڕەشید بە دوور و درێژی قسەی بۆ کردووین و ئەو زانیاریانەمان بە دەنگی خۆی تۆمار کردووە، هەروەها گوتی: شێخ حوسەینی شێخ عەبدولی سەنگاو کە پۆلیس بوو، موخابەراتی ئێمە بوو، شارەزای موخابەرەکردن بە ئاوێنە و ئاگر بوو، کە ئەو کارەی ئەنجام دەدا.

هەروەها گوتی: کە لەمەخفەری باسەرە بووم، شەوێک چووین بۆ لای شێخ مەحموود و شێخ قادری برای و شێخ جەعفەری شێخ عەزیزی دێ ئەحمەد لەنێ ناوچەی باسەرەی لا بوون، لە ماڵی کوێخا کەریم لە دێی (ژاڵە)، کوێخا سەعیدی چەرمەگاش لەوێ بوو کە بریکاری شێخ بوو بۆ کاروباری زەویوزار، شێخ حیسابی ئەستێرەکانی دەزانی و تەماشای ئەستێرەکانی دەکرد و پێشانی دەداین و دەیوت ئەم ئەستێرە و ئەو ئەستێرە وایە و ئەگەر بە فلان شوێن بگەن ئەو شتە ڕوودەدات و ئەگەر منداڵێک لەو کاتەدا لەدایک ببێت، دەبێتە مرۆڤێکی باش، یان خراپ. بیرەوەرییەکانی حاجی ڕەشید وەک بیرەوەریی بە تەمەنەکانی دیکە بەنرخن، لەو بیرەوەرییانەدا زانیاری بێ ئەندازە نەنووسراو و زۆر شتی نهێنی هەن، زۆرم هاوار بردە لای ڕۆشنبیرانی کورد تا فریای بەتەمەنەکان بکەون و بیرەوەرییەکانیان تۆمار بکەن و نەهێڵن ئەو گەنجینە زانیارییانە لە هەموو بوارێکەوە لەگەڵ خۆیان ببەنە ژێر گڵ، بەڵام بێ هوودە بوو، ئەگەر بیرەوەرییەکانی پتر لە دوو سەد کەسیش لەوانەم تۆمار کردبێت، ئەوە هەر وەک دڵۆپێکە لە دەریایەک.

مخابن حاجی ڕەشید ئەحمەد قەرەوەیسی کۆچی دوایی کرد و پێم نەزانی تا ماوەیەکی زۆر هەواڵم لە هەردوو کوڕەکەی پرسی: مامۆستا عەبدولڕەحمان کە سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و کاک جەبار کە لە سلێمانی فەرمانبەری پزیشکییە. گوتیان لە چەمچەماڵ کۆچی دوایی کردووە و تا ئەوکاتە هەر بەخۆوە بووە و بەتەنیا لە سلێمانییەوە دەچوو بۆ چەمچەماڵ.

# نەورۆز
# نوێخوازی سروشت و مرۆڤ

حوسێن شێربەگی
(بۆکان)

ڕەنگە بێتو ڕستە، یان دەستەواژەیەک وەکو ئوستوورەی (کەلام) لە مێژوودا دەست نیشان کەین، ئەم دەستەواژە، یان ڕستەیە ئەمە بێت: (سەرەتا وشە بوو، وشە لای خوا بوو، وشە خوا بوو..) تەورات و ئینجیلی پیرۆز.

ئەمە ڕستە و وشەی ئایین و کتێبی پیرۆزە و هاوتای ئەم کـەلامـە(وشـە)ی نەورۆزە لەناو گـەلان و نەتەوە جیاوازەکان و وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا.

نەورۆز لە بەرچاوترین و گشتیترین مەعنای خۆیدا واتای (ڕۆژی نوێ) و ڕۆژی تازە و ڕۆژێکی نوێ و تازە دەدرکێنێ و دەبەخشێ. لەڕاستیشدا ئەم وشەی (نوێ)یە شرۆڤە و ڕاڤەیەکی تازە دەخوازێ، یان وردتر بین و بڵێین ڕێکەوەندی ( نەورۆز) واتا و مەبەست و وتەزا و چەمکەکەی شیکارییەکی تازە و (نوێ)ی گەرەکە، چونکە ئەمە نەک هەر یەکەم ڕۆژی هەر ساڵێکی تازەیە، بەڵکەم نوێ بوونەوەیەکی بەردەوامە لە سروشتدا و هەروەها لە مرۆڤدا.

دەبا بڕێک لایەنی دەرەکی ئەم ڕواڵەتە وەلا خەین و ماوەیەک بە گەرووی پرسەکەدا بەرەو هەناوی دیاردەکە ڕۆچین. ئەمە ڕۆچوون و هەوارێکە لە کۆن هەوارانەوە بەرەو تازەهەواران و بەرەو مێژوویەکی نوێ و تا هەنووکەش.

هەموو ساڵێک لە پێنج ڕۆژی کۆتاییەکەیدا کە پێی دەڵێن: (خمسەی مسترقە) یانی (پێنج ڕۆژەی دزراو، یان شاراوە) مرۆڤ دەچنە گۆڕستانەکان، سەر گۆڕ و دەوروبەری مەزاری مردووانیان گەسک دەدەن، خاوێنی دەکەنەوە، لە زووتر و پێشووتردا عوودیان دەسووتاند، ئەسپەندەریان ئاگر دەدا، دەهاتن و دەچوون و دادەنیشتن و دوعایان دەخوێند، قورئانیان دەخوێند، دەستیان لە گڵی مەزارەکە وەردەدا و لەگەڵ کەسی ناو گۆڕەکەدا ڕاز و نیاز و قسەکردن و بیرەوەری گێڕانەوەیان دەکرد و پاشان خواحافزی و ماڵئاوایی مردووانیان دەکرد و بۆ مەبەستی

پێشوازی له ساڵی نوێ و تەیار کردنی پێداویستی کەلوپەل و هەوجێکانی ساڵێکی نوێ و ڕۆژێکی نوێ بەرەو شار و شەقام و ماڵ و ئاوەدانی دەگەڕانەوە.

ئەم ماڵئاوایی له مردووان و گەڕانەوە بەرەو ماڵ له ڕۆژانی (خمسەی مسترقه)دا، به واتای ماڵئاوایی له هەموو شته کۆنەکان، تەنانەت ماڵئاوایی له خۆشەویستترین خۆشەویستەکانیش بوو، ئەمه دەستپێکی ڕۆژی نوێ و تەمەن و ژیانێکی نوێ بوو، یانی سەرەتای گەشەی ئاوات و هیوا و دەسپێکی کار و کرده و چالاکی و هەڵسووڕان بۆ گەیشتن به ئاوات، به هیواکانی قۆناغ و دۆخێکی تازه به پڕۆژه و هزرێکی (نوێ)وه بوو.

دەبێ ڕیالیست و ڕاستینەخواز بین و برێک له خەون و خۆزیا و خولیاکان دوور کەوینەوه و نەک به هەست و سۆزەوه، بەڵکو به هزر و توێژینەوه و شیکارییەکی کۆمەڵایەتی له ناو دڵ و جەرگی مێژوودا باسەکه بخەینه بەر ڕووناکی پشکنین و زانیاری زانستییەوه.

هەڵوێستەی مەعنا و ڕاڤەیەکی ئوستوورەکانی نەورۆز باوەکو (سەرپێیی)ش بێ؛ مەبەستەکه دەپێکێ و ڕوونی دەکاتەوه. یەکەم ئوستوورەی شیکاریی ئیمه، ئەو ئوستوورەیەیه که هێما و سیمبۆلی نەورۆزه و له هەر کوێ وشەی نەورۆز ببیسرێ یادی ئەویش قوت دەبێتەوه، ئاگره، هەر لەو شەوەڕا که کاوەی ئاسنگەر هێرشی برده سەر قوشوون و سوپای زوحاک، هەم هێمای دەستپێکی شەڕ بەرز بوونەوەی گڕی ئاگر بوو، هەم هێمای سەرکەوتوویی و دەستپێکی جەژنی سەرکەوتن، ئاگر هەڵکردن و هەڵپەڕین و شادی و خۆشی به دەوری ئاگردا بوو، یان سێ ئاگری شەوی چلەقاوان و شەوی چوار شەممەسووری و شەوی نەورۆز هەر سێکیان هێمای ڕووخاندنی زوحاک و تێپەڕ کردنی ئەو قۆناغه و سەرەتای بارودۆخێکی تازەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییه.

به شوێن ئوستوورەی ئاگردا، دوو ئوستوورەی خێر و شەڕ له جەستەی (کۆسه) و (میری نەورۆزی)دا سەر هەڵدەبرن و خۆیا دەبن. ئێوارەی دوارۆژی ساڵی کۆن کابرایەکی ناحەز و گولەکه و نابووته و ناخۆشەویست بەنێوی «کۆسه» جلوبەرگێکی سپی وەک جلوبەرگی مردووانی لەبەر دەکەن، به دەرگا و باناندا دەگەڕێ، قسەی تەوس و توانج و ناشیرین دەکا، گاڵتەجاڕ و بەزمەسات ساز دەکات و سەدەقه و سواڵ وەردەگرێ، شتێکی ناقابیلی دەدەنێ و دەرگاوبان به دەرگاوبان ڕاوەدووی دەنێن و بگره بێجگه له تەوس و توانج، قسەی ناشیرینیشی پێ دەڵێن و دەیڕەتێنن. ئەمه سیمبولی ساڵی کۆن و دیاردەی کۆنه و بەم چەشنه ڕاوەدوو دەنرێ.

له هەمبەر کۆسەدا هەر شەوی نەورۆز ( مام نەورۆز) دەرگاوبان به دەرگاوبان دەگەڕێ، قسەی خۆش دەکا، گۆرانی و سروودی خۆش دەچڕێ، (هەلاوه و مەلاوه، کوڕتان ببێ به زاوا) دەخوێنێ و دۆعای خێر و خۆشی و ئاواتەخوازیی کامەرانی و بەختەوەری دەخوازێ و جەماوەریش به ڕێز و حورمەت و خۆشەویستییەوه، هێلکه و شیرینی دەدەنێ و بەڕێی دەکەن. هەر له شەوی سەرەتای ساڵی تازەدا له زۆر شوێن(میری نەورۆزی) هەڵدەبژێرن و میر، چاخ و خولێکی کاتی و سنووردار و دیاریکراو له ئاوەدانیدا دێنێته گۆڕێ، میری نەورۆزی هێمای سەرۆکێکی دادپەروەر و مرۆڤ خۆشەویسته، مافی مەڕ له گورگ دەستێنێ، عەداڵەت و یەکسانی و برایەتی دادەمەزرێنێ و پەیکەری کۆمەڵگایەکی خولیای جەماوەر زەق دەکاتەوه و ڕۆژانێکی پڕ له خێر و خۆشی و ئایدیال دەخولقێنێ.

ئوستوورەی گوڵەگەزیزه له زۆر شوێنی موکریان، نێرگز له باشووری کوردستان، بەنەفشه لەنێو فارس و ئێرانیدا، بووڵاغ ئووتی لەبڕێ شوێنی تورک و ئازەری و گوڵێکی گەش و زەریف و لەبەردڵان لەناو هەموو نەتەوه و گەلاندا چەشنێک هێمایه بۆ تێپەڕ بوون و مردنی ساڵی کۆن و دیاردەی کۆن و سەرهەڵبرین و دەرکەوتنی ساڵی تازه و چاخ و خولی تازه. زۆر له کۆن ڕا سەرهەڵبرینی گوڵەگەزیزه بانگەشەی مردنی زستان و سەخڵەت و سەهۆڵ و سەرما بووه، مزگێنی گەڕانەوه و گەڕیانی گوڵ و گەڵا و گەرما و ژیانەوەی ژیوار و ژین و ژیان و ژیار بووه.

دیاردەیەک که زۆر کەم لەناو ئوستوورەکانی نەورۆزدا باسی لەسەر کراوه، دیاردەی مۆسیقای نەورۆزه. نەورۆز وەک له هەموو بەستێنەکاندا کەرەستەی خۆی هەیه و دیاردەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەیه و بۆ کۆمەڵگا و جەماوەر نوێ و تازەیه، له مۆسیقاشدا ئاهەنگ و ئاوازی خۆی هەیه و ئەو ئاوازانەی له ڕۆژی جەژنی نەورۆز و ڕۆژانی نەورۆزانەدا دەخوێندرێن، تایبەتن.

دەزگا و مەقام و ئاوازی تایبەتن و بۆ هەر ڕۆژێک له ڕۆژانی ماوه و مده و درێژەی نەورۆز ئاوازێک داندراوه که نێوی تایبەتی خۆی هەیه، وەکو:

(١) ئاوازی نەورۆزی: نەغمەیەکی مۆسیقای کۆنارایه، له مەقامی ( سێ گاه)دا دەیژەنن.

(٢) نەورۆزی ئەسڵ: له کۆنراوه شەش نەغمەی بووه: (گوواشت، گردانیا، سەلمەک، مایه، شەهناز، ئەسڵ). ئەم ئاوازه دەگەڵ دەزگای عیراق، ئیسفەهان و حوسێنی نزیکه.

(٣) نەورۆزی خـاسـە: گـۆشـەیەک لە ئاوازێکی مۆسیقای کۆنارایە، نەورۆزی (کەیقوباد)یشی پێدەڵێن.
(٤) نەورۆزی بەیاتی: گۆشەیەکی مۆسیقای بیست و چوارەی کۆنارایە، پێنج نەغمەیە، وردە نەغمەی لەم لا و لاوە لێ زیاد دەکەن، مەحزوونە و لە حیجاز و (بووسەلیک)ەوە نزیکە.
(٥) نەورۆزی جەلالی.
(٦) نەورۆزی خارا، یان ( خوردەک): لە ڕاستی پێنج گاه و هومایووندا دەیژەنن، نەورۆزی چکۆلەشی پێ دەڵێن.
(٧) نەورۆزی سەبا: هەر لەڕاستی پێنج گاه و دەزگای هومایووندایە.
(٨) نەورۆزی عەجەم دەگەڵ ئاوازی حسێنی و ڕاستی پێنجگاهدایە.
(٩) نەورۆزی عەرەب: لە هومایوون و ڕاستی پێنج گاهدایە.

دەبا تا لە باسی مۆسیقای نەورۆزیدایین باسی چەند ئوستوورەیەکی کورد لە نەورۆزی کوردەواریدا بکەین. دەگێڕنەوە ڕۆژێک دەمەو نەورۆز بەڕێزان، نەمرانی خوالێخۆشبوو، مامۆستایانی هونەرمەند: تاهیر تۆفیق، حەمە ساڵح دیلان، حەسەن زیرەک لە بەغدا لە ماڵی مامۆستا عەلی مەردان دەبن. بە هەمووان فیکر لەوە دەکەنەوە کە ئەوە نەورۆز بەڕێوەیە، بەڵام ئێمەی کورد گۆرانی و سروودێکمان بۆ نەورۆز نییە. لەپاش قسەو باس و ڕا و تەکبیر، تەلەفۆن بۆ ماڵی شاعیری مەزن و هەرمانی کورد مامۆستا پیرەمێرد دەکەن و داوای شیعرێکی لێ دەکەن کە بیکەنە سروود و گۆرانی نەورۆز. نەمر مامۆستا پیرەمێرد ئەو شیعرەیان دەداتێ کە دەڵێ:

**ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە**

دوایی پێیان دەڵێ: لە حازران هەر چوارتان بە سروود بیلێن، دوایی بە ڕای خۆتان وتنی یەکتان هەڵبژێرن و لە سەر ڕادیۆ و کاسێت بڵاوی کەنەوە. بەم چەشنە وتنەکەی حەسەن زیرەک هەڵدەبژێرن و بڵاو دەبێتەوە و حەسەن زیرەک و ئەم سرووده و پیرەمێرد دەبنە ئوستوورەی کورد لە مۆسیقای نەورۆزی کوردەواریدا. سەرچاوەی ئەم باسە وتووێژەکەی دەمەو نەورۆزی هونەرمەند مامۆستا سمایل سابووری لەگەڵ تەلەفزیۆنی زاگرۆس بوو لە ڕەشەمەی ٢٠٠٥، یان ٢٠٠٦ دا، کە لە پاشان ئەم داواکارییە لەلایەن ئاگادارانەوە دەنگی (بەڵێ وایە و ئەرێنی) وەرگرت و وەکو هەموومان دەزانین ئەوە ماوەی نزیک بە پەنجا ساڵە سروودی (ئەم ڕۆژی نەورۆزی ساڵی تازە..)یە لە هەموو دوو مانگەی ڕەشەمە و خاکەلێوەدا هەموو ڕۆژێک چەندین کەڕەت لە کاسێت و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاو دەبێتەوە و وای لێهاتووە کە دەڵێی نەورۆزی کوردەواری بەبێ ئەم سرووده شتێکی کەمە و نەورۆزێکی کامڵ نییە. یادیان بەخێر. ئەمەش یەکەم سروودی کوردە و لەپێش ئەم سروودەدا لە کوردیدا سروودمان نەبووە. ئەمەش نوێخوازییەکی سەرکەوتوو و شەرەف و شانازییەکە بۆ نەورۆز و پیرەمێرد و حەسەن زیرەکی هونەرمەندی نەمر و هەرمان.

هێلکە سوور کردن و سەوزە چاندن دوو ئوستوورەی دیکەی ڕۆژانی نەورۆزن کە هەردووکیان هێمای تۆو و بەروبار و چاوەنواڕ بوون بۆ داهاتووی پڕ لە خێر و خۆشی و بەپیت و بەرەکەت و بەهێز و پێزن. دیارە هێلکە گەرای جووجەڵەی لەنێو دڵدایە و زیندەوەرێک لە هەناوییەوە بەرەو ژیان بەڕێوەیە، سەوەزش ڕزق و ڕۆزییە و شیناوەرد و میوە و خواردەمەنی و ژیوارە بۆ ڕۆژانی داهاتوو.

هەروەها ئوستوورەی سێزدەبەدەر و فڕێ دانی سێزدە بەرد بەرەو پشتەسەر. ئەمە پشت تێکردن لە ڕابردووە، ئەو سێزدە بەردەی بە پشتەسەردا فڕێ دەدرێ، بارگرانی و کۆنەیی و کەند و کۆسپەکانی ڕابردوون و بەدوایدا گەشت و سەیرانی ڕۆژی سێزدە بەدەر، گەڕان بە شوێن داهاتوویەکی ڕوونە کە پڕ دەبێ لە خۆشی و شادمانی و پیت و بەرەکەت.

وەکو بۆمان دەرکەوت هێما و واتای هەر هەموو ئوستوورە و نیشانە و دیاردەکانی نەورۆز ڕاکردن لە دەست کۆنە بوون و کۆنەیی گەردوونە، بەرەوپیر چوونی داهاتووە، فڕێدانی کۆنەخوازی و دووپات و چەند پات بوونەوەیە و پێشوازی لە داهاتوو و دیاردە تازەکانە، چونکە بەبێ تازەبوونەوە و تازەخوازی ئاوات و هیوا بۆ درێژەدان بە ژین و ژیان نامێنێ، کەچی هەتا ژین و ژیان بەردەوام بێ هیوا و خولیا و خۆزیاکان هەر لە گەشە و نەشە و سەرهەڵداندان و هەر دەبێ ڕابردوو حەوا دەین و بەرەو ئاسۆ بڕۆین، تا بەرزترین ئاسۆ، ڕووناکترین ئاسۆ و تا ڕۆژی نەورۆز، نەورۆزی کوردەواری.

**سەرچاوە:**
**فۆلکلۆری کوردەواری**
**فەرهەنگی دێهخودا**
**فەرهەنگی موعین**
**فەرهەنگی عەمید**
**گەشت و گەڕانەکانم بەنێو شار و دێهاتی کوردەواریدا.**

# هێدی
# شاعیری جوانی و ژیان

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

سالآنێکی زۆرە شیعر چییە و چۆنە و دەبێ چۆن بێ؟ بۆتە دەمەتەقێ و مشتومڕی ئەدیبان و ڕەخنەگران و شاعیران، بەڵام ئەو هەویرە ئاو زۆر دەبا و هەتا مرۆڤ حەز و هەست و ویستی هەبێ شیعریش هەیە. ژانری شیعر بەربڵاوترین و بێ سنوورترین ژانری ئەدەبە و دنیایەکی ئەوەندە بەرینە، جێگای هەموو بیر و خەیاڵ و تاسە و ئارەزوویەکی تێدا دەبێتەوە. هیچ وشە و ڕستە و ئیدیۆم و دەستەواژەیەک نییە لە شیعردا جێی نەبێتەوە و ناچار بی تووڕی هەڵدەی، بەڵام دانانی وشە لێزانی و شارەزاییەکی زۆری دەوێ و هەر ئەو چنین و داڕشتنەیە شیعر و میعر لێک جیا دەکاتەوە. شاعیری بە ئەزموون دەتوانێ ناحەزترین وشەی زمانی ئاسایی لە هەستیارترین و جوانترین شوێنی شیعر دابنێ و لە چاویش نەدا. ڕسکانی شیعر و کفارەکردنی وشە لە دەرووی زمان و هەستی شاعیرەوە ڕووداوێکی زاتییە و لەڕاستیدا شیعر ڕووداوێکە لە زماندا دەقەومێ.

دەڤەری بەرینی موکریان تابووە هەر مەڵبەندی هونەر و جوانی بووە و چاوەی زولاڵی شیعر تێیدا قولپەی کردووە. من نامەوێ زۆر بگەڕێمەوە دواوە و باسەکە دوور و درێژ بکەمەوە. دەمەوێ ئاماژەیەک بەو بزاڤە شیعرییە بکەم کە لە سەیفولقوزات (مامۆستای مامۆستایانی موکریانەوە) دەستی پێکرد. بەر لە حەسەنی سەیفی قازی زۆر شاعیری گەورە و خاوەن ڕێبازی هونەری وەک وەفایی و ئەدەب و حەریق و مەلا مارف کۆکەیی و مەلا عیسامەددین شەفیعی و مەلا حەسەنی جەوهەری و... هەبوون، بەڵام لە بواری زماندا، واتە پەتی وێژی و تووڕهەڵدانی وشەی بێگانە لە شیعردا هەوڵێکی بەرچاویان نەداوە، ئەگەرچی هەر کامەیان خاوەن دیوان و دەیان شیعری بەرز و نەمرن و بوونەتە



هێدی

ئاوێنەی هەمیشە شەفافی مێژووی ئەدەبەکەمان، بەڵام من لێرەدا دەمەوێ هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو پەتی وێژبییە بکەم کە لە سەیفولقوزاتەوە دەست پێدەکا.

سەیفولقوزات سروشت لەگەڵ شیعر ئاشت دەکاتەوە و تێکیان هەڵدەشێلێ و بەڕاستی سروشتی نێو شیعر و خەیاڵی ئەو شاعیرە سروشتێکی ڕازاوەتر و زیندووترە لە سروشتی ڕاستەقینە. سەیفولقوزات ئەو ڕچە زمانییەی شکاند و تاڕادەیەک جلکی عەرووزیشی لەبەر کچی شیعر دادڕی. درێژەدەری ڕێگاکەشی چەند شاعیری مەزن و خاوەن هەستی وەک هەژار و هێمن و محەمەدی نووری و ڕاوچی سارده کوێستانی و هێدی بوون. لەو بوارەدا شاعیرانێکی وەک حەقیقی و سەید کامیل ئیمامی و خاڵەمین و مەلا کەریم زاری و شپرزەش هەبوون، بەڵام ئەوان کەمتر خۆیان لە قەرەی ئەو بزاڤە تازەیەدا و پەتی وێژبییەکە ئەو کاریگەرییەی لەسەر ئەوان نەبوو.

بەم پێشەکییەوە دەمەوێ ئاوڕێک لە دنیای پڕ خەیاڵ و جوانی و هەستە پاکەکەی شاعیری گەورەی گەلەکەمان هێدی بدەمەوە کە بەڕاستی لە بواری شیعردا حەشری کردووە و غەزەلی نوێی کوردی گەیاندۆتە چلەپۆپە. بەداخەوە شاعیرانی ئەمڕۆ تەنیا لە ڕواڵەت دەڕوانن و چاویان لە حاندی جوانییەکانی ڕووکار و ناخی شیعری کێش و سەروادار دەقوچێنن. من بەبێ دەمارگرژی دەتوانم بڵێم مامۆستا هێدی و ئەو بەرەی دوای ئەو جوانترین و ناسکترین گوڵە شیعریان لەبەرۆکی ئەدەبی کوردی داوە. ئەو ڕێگایەش نەپساوەتەوە و لەبواری غەزەلی نوێدا ئێستا شاعیرانێکی وەک ئاسۆ و ڕەسووڵ سوڵتانی و نادر نیرومەند و هادی حەبیبی و هەژار گوڵباخی و ئەمجەد وەیسی و لوقمان پیربادینی و.. چالاکانە هەنگاو دەنێن و درێژە پێدەری ڕێگا سەوزەکەی هێدین.

هێندێ لە خاوەن ڕایان پێیان وایە کێش و سەروا شاعیر دەخاتە تەنگژەوە و دەرەتانی دەربڕینی لێ بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵام کاتێک چاو لە شیعرەکانی مامۆستا هێدی دەکەین ئەو هێز و وزە زمانییەی وامان تووشی سەرسوڕمان دەکا و دەبینین خەیاڵی هێندە ناسک و بەرزی لە چوارچێوەی کێش و سەروا و گرانترین قاڵبی شیعری، واتە غەزەلدا دەربڕیوە کە لەوانەیە لە شیعری نوێدا نەتوانی ئاوا ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ ئەوەی لەدڵتدایە، دەربیبڕی.

**قافیە گەرچی تەلەسمەو تووشی شیعری من دەبێ**
**بێ تەلەسمی قافیەش هەڵبەستی من شەرمن دەبێ**

**هێدی بەڵێنی دا شیعر، یان نەڵێ، یان ئەگەر گوتی**
**شیرن بڵێ، ناسک بڵێ، گەرم بڵێ: شیعر بڵێ**

وێنە لە شیعری هێدیدا وێنەی زیندووە و خوێنەر و بیسەر بە تەواوی ڕوح و وجوودەوە لەگەڵی تێکەڵ دەبێ و هەستی پێدەکا، ئەو ناسک خەیاڵی و بیرە وردەی هێندە باریک و مووقەڵێشانەیە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکا. لەگەڵ ئەو هەموو ناسکییەشدا پەیامی شیعرەکانی خەنجەر ئاساین. هەروەک خۆی دەفەرمێ:

**شیعری هێدی نەرم و خاو و ناسکە گەردێ، بەڵام**
**هەر گەیشتە دەستی من پیلەی لەگەڵ خەنجەر دەکا**

بیروردییەکەی بەڕادەیەکە کە زۆرجار لە شاعیرانی فارسی وەک بیدل دێهلەوی و خاقانی و سائیبی تەبرێزی تێدەپەڕێنێ کە بەسەبک و شێوازی هیندی نووسیویانە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سەبکە شیعرییەش وردبینی و ناسک خەیاڵییە.

**کوڵمەت گەش و ڕووناکە دەڵێی تیشکی هەتاوە**
**جوان چاکی کراسێکە بە بەژنی تۆ بڕاوە**
**ناسک سڵە نەک هێندی تۆ نەشمیل و ڕەزا سووک**

**گوڵ پێدەکەنێ نەک وا بە حەیاوە**

**بسکت دەگەڵ ئەو ڕوومەتە تێکەڵ بووە هەروەک**
**باخی گوڵە پڕژێنی بەڕێحانە کراوە**

**نواندنی مەڕمەڕی سینەت لە کراسی تەنکا**
**وەک لەرەی مانگی شەوی چاردە لەناو دەریایە**
**کە هەنیت بسکی لەسەر لادەچێ لالەی ڕووتە**
**گەردنیشت ئەگە خاڵ لێ بگەڕێ مینایە**

**لێی گەڕێ تۆ خوا شەماڵیش بۆنی کەزیەت هەڵمژێ**
**گژ و تووڕە جار بە جارێ گەر لە داخی شانە دێ**
**چاوی مەستت بێ هەموو شت کێشە دەفرۆشێ، بەڵام**
**ئاگری فیتنە لە گۆڕی ئەو کل و کلدانە دێ.**

شاعیر کاتێک بەقووڵایی ناسکترین و جوانترین و ئاشناترین هەستدا ڕۆدەچێ و ڕوحی لەگەڵ شیعر ئاوێتە دەبێ. کاتێک جوانی یار و کیژی ڕووسووری کورد چەقۆچۆی وێ دەخا و لەنجەی پەریزادان ختووکەی دڵی دەدەن و سەرخۆشی بادەی جوانی دەبێ و شیعر لە دڵییەوە کەلاوڕێژ دەکا. جوانی وڵاتەکەی و لێقەوماوی و بێ دەرەتانی گەلەگەی لەبیر ناچێتەوە. لە تەشق و پەرپەڕۆچکەی ئەشقدا بیر لەحاڵی گەلەکەی دەکاتەوە و فرمێسکە شیعری بۆ هەڵدەوەرێنێ. ئەو تێکەڵ کردنەشی هێندە وەستایانە و هونەرییە کە خوێنەر هەست بە دوو پۆیی بابەت ناکاو هەودای خەیاڵەکەی لێ نائاڵۆزێ:

**ئەو لالە کە دەیبینی وەکو ڕوومەتت ئاڵە**
**هەر خونچەیەکی خوێنی شەهیدێکە ڕژاوە**
**جوانیت بەسە بەرمووڕەکەی ئەستۆت بپسێنە**
**من کوردم دەزانم کە لە بەندێ چ کراوە.**
**تاگوارە لەگوێت دێتە لەرین دێتەوە بیرم**
**هەر لاوێ کە لەم خاکە لە سێدارە دراوە.**

یەکێکی تر لەو هونەرە شیعرییەی کە لە هەستی هێدیدا بەرچاوە، سەنعەتی تەشخیسە، واتە ڕوح بە بەردا کردنی شتی بێ گیان. لە شیعری هێدیدا هەموو شتەکان زیندوون و هەناسە دەکێشن. ئاوێنە خاڵی ڕووی یار دەژمێرێ، پەرەنگی گوارە و پەرداخی مەی کوڵمە و لێوی پەری شێوەیەک ماچ دەکەن. گوارە و بازنە و پاوانە دەبنە ڕازهەڵگر و پەیام هێنەر و باسی جوانی یار دەدرکێنن. خونچەی بەربەیان زەردە دەگرێ و دەشنێتەوە. بسکی دڵدار گراوێکی وەفادار و شیرینە و دڵی شاعیر فێری وەفا و خۆشەویستی دەکا و کڕنۆش بۆ بەر پێی یار دەبا. سروە ئارەقەی بەر گەردنی یار دەسڕێ و مژۆڵ پەنجە تێک دەبەزێنن و ناهێڵن ئاشق بەدڵ بڕوانێتە گراوەکەی:

**کەس وەک ئاوێنە بە وردی ناژمێری خاڵی ڕووت**
**بۆیە ئاواتم بوو ئەو ئاوێنە بەستەزمانە بام**
**تا پەرەنگ و پیاڵە ماچی لێو و لاجانگت دەکەن**
**من گوتم قەیدی چبوو خوایە یەکێ لەو دووانە بام**

**باسی جوانیت گەر لە کۆڕێ بێتە گۆڕێ یەک بەیەک**
**گوارە دێ ڕازێکی دێنێ، بازنە دێ، پاوانە دێ.**

**چەند لە خونچەی بەربەیانی جوانە زەردە و پێکەنین**
**بۆ نەمانی بەژنی تۆ سەد هێندە چۆپی و هەڵپەڕین.**

**دڵ دەڵێی شێوەی وەفاداری لە زوڵفت فێر بووە**
**وا بە دڵسۆزی سەری هێناوەتە ژێر پاتەوە.**
**هەر لەبەر ئاوێنە ڕاوەستا بەجارێ بسکەکەی**
**دێتە سەر ڕووی هەروەک ئەو ئاوێنە پێی مەحرەم نەبێ**
**سروە خۆی هەڵدەگرێ بێ شک ئارەقەی بەر گەردنی**
**گەر بەهیوای باوەشێنی بسکی خاترجەم نەبێ**

**بەیانی سروەیەک هات هەڵوەدای سەیری بەیان ئەمما**
**بەناکامی ئەگەر زانی یەخەی لێ دادەخەن ڕۆیی**

**زوڵفەکەت لەجیاتی داپۆشی شنە ڕێی تێنەبا**
**دەیدەیە دەس شانە شانەش سەد زمانی پێوەیە**

**لێی دەنۆڕم هێند بە ئەسپایی، مژۆڵم تێنەگا**
**چونکە بۆ پەردەی نیگای من پەنجەیان تێک خستووە**

هێدی خۆیشی دەزانێ کە چەند خاوەنی هەستێکی سەوز و تەڕ و پاراوە و ژیان و جوانی لە شیعری دەچۆڕێ. بۆیە دەفەرمێ:

**نییە وەک شیعری من ئەوڕۆ تەڕ و تێراو، ئیتر**
**قەدی شلکی تۆ کە هەڵبەستی خودایە، جیایە.**

# فاشیزم

بێنیتۆ مۆسۆلینی
لە فارسییەوە: فەروخ نیعمەتپوور
(نەرویژ)

پێویست ناکا مۆسۆلینی (١٨٨٣ - ١٩٤٥)ی دیکتاتۆری ئیتاڵی بناسێنین. ئەو سیستمەی کە بنیاتی نا و ناوی لێنا فاشیزم لە نیو سەدەی ڕابردوودا زۆرێک لە ڕژێمە سەرەڕۆکانی پێوە دەناسرێتەوە. مۆسۆلینی بۆخۆی تیۆریی فاشیزمی لە وتارێکدا لە ئینسکلۆپیدیای ئیتاڵیا لە (١٩٣٢)دا شی کردەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو وتارە (بە هەندێک ئاڵوگۆڕ) لە شێوازی کتێبێکی سەربەخۆدا (کە ناوونیشانەکەی دراوە) بە وەرگێڕانی ڕەسمی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە. چون فاشیزمیش وەک زۆرێک لە زاراوە سیاسییەکانی دیکە، بێ ئەوەی زانیارییەکی دروستی لە بارەوە هەبێ، زۆر جاران تەنیا وەک جوێن بەکاردێ، وام بە چاک زانی کە بەشێک لە کتێبی مۆسۆلینی وەربگێڕم بۆ زمانی فارسی و بیخەمە بەردەستی خوێنەران، لە پێناوی ئەوەدا کە لێکچوویی و نالێکچوویی ئەم زاراوەیە لەگەڵ هەندێک لە ڕژێمەکانی ئێستای جیهان دەربکەوێ.

**(ع. ف)**

* * *

کەواتە تێگەیشتن لە زۆرێک لە دەرکەوتە عەمەلییەکانی فاشیزم، وەک ڕێکخراوە حزبییەکان و سیستەمی پەروەردەو دیسیپلین، تەنیا ئەوکات دەرەخسێ کە سەرنج بدەینە تێڕوانینی گشتیی ئەم تیۆرییە سەبارەت بە ژیان. فاشیزم بە تەنیا ناڕوانێتە لایەنە ڕواڵەتی و ماددییەکان کە تێیدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خۆویست و تەنیا و پەیرەوی یاساو غەریزە سروشتییەکان دەنوێنێ، واتە ئەو شتانەی کە مرۆڤ بەرەو ژیانێکی خۆویستانەو چێژە کاتییەکان پاڵ پێوە دەنێ. فاشیزم نە تەنیا دەڕوانێتە تاک، بەڵکو هەر لەو کاتەشدا دەڕوانێتە نەتەوەو وڵاتیش؛ واتە ئەو تاک و نەسلانەی کە پێوەندیی نێوانیان لە یاسا و نەریتە ئاکارییەکانەوەیە، هەروەها لە پەیامێکەوەیە کە وەک نوێنەری غەریزەی ژیان لە جەغزێکی بچووکی چێژەکاندایە، ئەو پەیامەی کە ژیانێکی بەرزتر لەسەر بنەمای ئەرک دادەمەزرێنێ: ژیانێکی بەرزتر کە ئازادە لە

بەرتەسکییەکانی کات و شوێن و تاک دەتوانێ تێیدا ببێ بە بوونێکی ڕووتی دەروونی و ڕۆحی، لەم جۆرە ژیانەدا بایەخی تاک لەوەدایە کە بە فیداکاری و بە مەرگ دەتوانێ واز لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بێنێ.

فاشیزم دەیەوێ مرۆڤەکان چالاک بن و بە تەواوی هێزەوە تواناکانی خۆیان بخەنە گەڕ، دەیەوێ مرۆڤ پیاوانە لە گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای خۆی بگاو لە دژیان ڕابوەستێ. بەگوێرەی بۆچوونی فاشیزم ژیان شەڕێکە کە هەر کەس لە ڕێگای خۆتەیارکردنی جەستەیی و ئاکاری و فیکرییەوە، هەروەها بە بەهرەمەندی لە تایبەتمەندییە پێویستەکان، بێ گومان دەتوانێ تێیدا بەشوێنی شیاوی خۆی بگا. ئەمە نە تەنیا تاک، بەڵکو نەتەوەو هەموو مرۆڤایەتیش دەگرێتەوە. جا لێرەوە بایەخی بەرزی فەرهەنگ لە هەموو شێوازەکانیدا، چ ئایینی بێت چ زانستی و هونەری، هەروەها گرینگیی پەروەردەو فێرکردن وەک دیاردەیەکی تایبەت، دەردەکەوێ. دیسان هەر لێرەوەیە بایەخی زاتیی کار کە مرۆڤ بە هۆیەوە سروشت دەستەمۆ دەکا و دەست دەداتە خوڵقاندنی دنیایەکی ئینسانی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ئاکاری و فیکرییەوە، خۆی دەردەخات.

ئەم وێنا پۆزەتیڤانەیە لە ژیان، بە ئاشکرا وێنایەکی ئاکارییە. هەموو پانتایی ڕاستییەکان و هەروەها چالاکییەکانی مرۆڤ لەخۆی دەگرێ (کە دەیەوێ بەسەر ئەم پانتاییەدا زاڵ ببێ). هیچ کردارێک لە دەرەوەی جەغزی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقییانەوە نییە، ناتوانرێ هیچ چالاکییەک لە بایەخێک بێ بەری بکرێ کە مەبەست و ئامانجی ئەخلاقی دەداتە پاڵ هەر دیاردەیەک. هەر بۆیە ژیان بە گوێرەی بۆچوونی فاشیستێک، دەبێ جیددی و سادە و ئایینی و هەر لەوکاتەدا خۆ پەروەردەکردن بێت لە ڕێگای گۆشە نشینی و تەحەمولی ڕەنج و ئازارەوە. هەموو دەرکەوتەکانی ژیانێکی وا لە جیهانێکدا خۆ دەنوێنن کە هێزە ئەخلاقییەکان ڕایانوەستاندووە و پەیڕەوی لە ئەرکە مەعنەوی و ڕۆحییەکان دەکا. مرۆڤی فاشیست بە چاوێکی سووک دەڕوانێتە ژیانی ئاسوودەو خۆشگوزەران. ژیانێکی وا بۆ ئەو بە مانای هاتنە خوارەوەی پلەوپایەیەتی.

وێنای فاشیستی لە ژیان، وێنایەکی ئایینییە، کە بە گوێرەی، مرۆڤ لە چوارچێوەی پێوەندە بەردەوامەکانی خۆی لەگەڵ یاسایەکی بەرزتر، هەروەها بەهۆی بەهرەمەند بوون لە ئیرادەیەکی بابەتی، لە ئیرادەی تاکەکەسی تێدەپەڕێ و دەچێتە سەرێ و دەیکاتە ئەندامێکی ئاگا لە کۆمەڵێکی مەعنەوی و ڕووحانیدا. ئەو کەسانەی کە جگە لە بۆچوونی هەلپەرستانە هیچ شتێکی دی لە سیاسەتی ئایینییانەی ڕژێمی فاشیستیدا نابینن، ناتوانن لەم مانایە بگەن کە فاشیزم نە تەنیا سیستمێکی حکوومەتی، بەڵکو لە هەموو گرنگتر سیستمێکی فیکرییە.

سیستمی ژیانی فاشیستی، چونکە دژی تاکگەراییە، پێ لەسەر گرنگیی دەوڵەت دادەگرێ کە نوێنەری خودوشیاری و گشتییەتی مرۆڤە وەک بوونێکی مێژوویی. تا ئەو جێگایەش تاکی قبووڵە کە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا بێتەوە. فاشیزم دژی لیبرالیزمی کلاسیکە کە لە بەرامبەر حکوومەتی ڕەهادا هاتووەتە گۆڕێ و ئەوکاتەش ئەرکە مێژووییەکەی بە کۆتایی گەیشت کە دەوڵەت بوو بە نوێنەری خودوشیاری و ئیرادەی گەل. لیبرالیزم بەنێوی تاک، دەوڵەتی ڕەت دەکردەوە. فاشیزم حوکمی ئەوە دەردەکا کە بوونی مافە دەوڵەتییەکان پیشاندەری جەوهەری ڕاستەقینەی تاکە.

ئەگەر بڕیارە ئازادی تایبەتمەندیی مرۆڤە زیندوو و ڕاستەقینەکان بێت، نەک تایبەتمەندیی ئەو مرۆڤە گرنگانەی کە لیبرالیزمی تاکگەرایانە لە جیهانی چەمکە دابڕاوەکاندا خولقاندوونی، دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە فاشیزم پیشاندەری ئازادییە، ئەو ئازادییە تاقانەیەی کە هەبوونی جێگای ڕێز و بایەخە، واتە ئازادیی دەوڵەت و ئازادیی تاک لە دەروونی دەوڵەتدا وێنای فاشیستی لە دەوڵەت هەموو شتێک دەگرێتەوەو لە دەرەوەی ئەم وێنایەدا نە هیچ بایەخێکی ئینسانی یا مەعنەوی دەتوانێ بوونی هەبێ و نە بە پلەی یەکەم خاوەنی قەدرو قیمەت دەبێ. هەر بۆیە فاشیزم تۆتالیتارە. دەوڵەتی فاشیستیش وەک کۆکەرەوەی هەموو بایەخەکان، سەرانسەری ژیانی خەڵکی دەداتە بەر شرۆڤە و پێی دەگەیەنێ و هێزێکی زیاتری پێ دەبەخشێ.

نەتەوە کە دەوڵەت پیشاندەریەتی، بوونەوەرێکی زیندوو و ئەخلاقییە تەنیا تا ئەو جێگایەی کە ڕێگای پێشکەوتن ببڕێ. نەبوونی کردەوە و چالاکی بە مانای مەرگە.کەوایە دەوڵەت نەتەنیا پیشاندەری «سەرچاوەییە» و کۆنترۆڵی ئیرادەی تاکەکەسییەکان دەکا و شێوازی یاساییان پێ دەبەخشێ، بەڵکو هەروەها «هێزێکە» کە ئیرادەی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆشی پیشان دەدا، وەها خەڵکانی دیکە ناچار دەکا ڕێزی لێ بگرن و بەکردەوە هەندێک بەڵگە لە خەسڵەتی گشتیی بڕیارەکانی خۆی بە دەستەوە دەدات کە بۆ گەشەو پێشکەوتنی پێویستن. ئەمە پێویستیی بە ڕێکخستن و فراوانخوازییە، ئەگەریش بەشێوەی چالاک نەبێ لانی کەم بەشێوەی پێش چالاک بوونەوە (بالقوة).

بەکورتی فاشیزم نەتەنیا یاسادانەر، نەتەنیا دامەزرێنەری بنیاتەکانە، بەڵکو ڕاهێنەر و پرۆپاگەندەچیی ژیانی مەعنەویشە. ئامانجی فاشیزم نەتەنیا لە قاڵبدانی سەرلەنوێی شێوە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی، بەڵکو شێوە بەخشینە بەنێوەرۆکی ژیان و بە مرۆڤ و بە کەسایەتی و ئیمانەکەی. بۆ ئەم مەبەستە،

فاشیزم دیسیپلین دادەمەزرێنێ، سەرچاوەیی و هێزی خۆی بەکاردێنێ، دەچێتە نێو دەروونەکانەوە و بەبێ ئەوەی کەسێک بتوانێ لێی بپرسێتەوە دەسەڵاتداری دەکا. لەم ڕووەوەیە کە یەکگرتوویی و پتەوی و یەکسانیی کردووە بە دروشمی خۆی.

هەر کەسێک سەر لەنوێ ئەو زەحمەتە بداتە بەر خۆی کە بەڵگەنامەی ئەو وتووێژانە بخوێنێتەوە کە تێیدا «گرووپە یەکگرتووە خەباتکارەکان» (١) دامەزران، دەبینێ کە هیچ تیۆرێکیان تێدا نییە و ئەوەی کە هەیە بریتییە لە زنجیرەیەک هێماو ڕێنومایی و پێشبینی کە لە دوای ڕزگاربوون لە داوی شێواوییە فیکرییەکانی هاوچەرخ (ئەو شێواوییە فیکرییانەی کە نەدەتوانرا ڕێگایان لێ بگیرێ) بەڵێنە لە ماوەی چەند ساڵدا پێبگەیەنرێن و کامڵ بکرێن و سەرئەنجام بەشێوەی زنجیرەیەک هەڵوێستی تیۆری ڕێک بخرێن و فاشیزم بگەیەنێتە پلەی وانەی سیاسی بەجیا لە هەموو وانە کۆن و هەنووکەییەکان.

من لەو سەردەمەدا گوتم «ئەگەر بورژوازی واتێدەگا ئێمە دەبینە سپەری بەڵای، زۆر لە هەڵەدایە. ئێمە دەبێ بەرەو جەماوەر بڕۆین... ئێمە دەمانەوێ چینی کرێکار بە ئەرکەکانی بەڕێوەبەری خوو بگرێ تا لەوە بگا کە هەڵسووڕانی بیناتێکی پیشەیی یا بازرگانی کارێکی ئاسان نییە... ئێمە لە دژی ئەوانە دەجەنگین کە دەیانەوێ بە خۆگێل کردن و بەفیڕۆدانی کات و کاری پێشگیرانە لە دۆخی باو بەرگری بکەن، جا چ لە بواری هونەریدا بێت چ لە بواری مەعنەوی... ئێستا کە ڕێگای گرتنەوەی شوێنی ڕژێم کراوەیە، نابێ ترس دامانگرێ. دەبێ بەرەو پێشەوە هێرش ببەین، دەبێ کاتێک ڕژێمی ئێستا ڕووخا جێگای بگرینەوە. جێگریی مافی ئێمەیە، چونکە ئێمە وڵاتمان هاندا بۆ چوونە نێو شەڕەوەو بەرەو سەرکەوتن ڕێنومایی‌مان کرد... هەڵبژاردنی نوێنەران بەشێوازەکانی ئێستا ناتوانێ ئێمە ڕازی بکا؛ ئێمە دەمانەوێ خاوەنانی هەموو بەرژەوەندییە جیاوازەکان ڕاستەوخۆ نوێنەر هەڵبژێرن... ڕەنگە ڕەخنەمان لێ بگرن کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە پێویستە بەرەو سنفەکان (پۆلەکان) بگەڕێینەوە، بەڵام بۆچی ترسمان لەم مەسەلەیە هەبێ!... کەواتە، من ئومێدەوارم کە ئەم کۆبوونەوەیەمان خواستە ئابوورییەکانی سەندیکالیزمی نەتەوەیی قبووڵ بکا...»

فاشیزم بەتەواوی دژی لیبرالیزمە، چ لە سیاسەتداو چ لە ئابووریدا. نابێ بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج لە قسەوباسەکانی ئێستادا سەبارەت بە گرنگیی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدە زێدەڕۆیی بکەین. ئێمە نابێ یەکێک لەو تیۆرییانە وەربگرین کە لەو سەدەیەدا ڕەواجی زۆری پەیداکردووە، ئەوسا بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو تا ئەبەد ئایینێکی لێ ساز بکەین. ئەمە بۆ خۆی نیشانەیەک [لە حەقیقەتی کاروبارەکانە] کە لە سەراسەری سەدەی نۆزدەدا، لیبرالیزم بۆ خەڵکێکی زۆر پێشکەوتووی وەک ئەڵمانەکان بە تەواوی نەناسراو بوو، جگە لە تەنیا جارێکیان کە ئەویش بە «پەرلەمانی پێکەنین هێنەری فرانکفۆرت» ناوبانگی دەرکردو زیاتر لە وەرزێک درێژەی نەکێشا. ئەڵمان لە دەرەوەی چوارچێوەی لیبرالیزم و لە دژایەتی لەگەڵیدا توانی بگاتە یەکگرتوویی نەتەوەیی. وادێتە بەرچاو لیبرالیزم لەگەڵ خولق و خووی خەڵکی ئەڵماندا نامۆیە کە لە بنەڕەتەوەو بەشێوەیەکی زاتی خوازیاری حکوومەتی تاکە کەسین. لیبرالیزم، پێشەکیی مێژوویی و لۆژیکی بێ سەرەو بەرەییە. ئەڵمانییەکان سێ قۆناغیان بەرەو وەدەست خستنی یەکگرتوویی بڕی، کە بریتی بوون لە شەڕەکانی (١٨٦٤ و ١٨٦٦ و ١٨٧٠) بەسەرکردایەتیی «لیبرال گەلێکی» وەک مولتکە(٢) و بسمارک. ئەگەر ڕۆی لیبرالیزم لە پێکهێنانی یەکگرتوویی ئیتاڵیادا لەگەڵ خزمەتەکانی ماتسینی(٣) و گاریباڵدی هەڵسەنگێنین کە لیبرال نەبوون، دەبینین کە ڕۆڵێکی زۆر کەم بووە. ئەگەر دەستێوەردانی کەسێکی نالیبرالی وەک ناپلیۆنی سێیەم نەبا، ئێمە ئێستا خاوەنی هەرێمکی لۆمباردیا نەبووین، هەروەها ئەگەر دەستێوەردانی کەسێکی نالیبرالی دیکەی وەک بسمارک لە سادۆوا (٤) و سیدان(٥) نەبا، بە ئەگەرێکی گەلێک زۆر لە (١٨٦٦) هەرێمی «ڤێنیسیا»مان دەست نەدەکەوت و لە ساڵی (١٨٧٠) نەدەچووینە نێو شاری ڕۆمەوە.

بەڵام خۆبواردنی فاشیزم لە قبووڵ کردنی سۆسیالیزم و دیموکراسی و لیبرالیزم نابێ وا لێک بدرێتەوە کە بە مانای مەیلی بەرەو دوا گێڕانەوەی جیهانە بۆ پێش (١٧٨٩) [واتە کاتی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا]. پادشایی ڕەهاو حکوومەتی کڵێسا هی ڕابردوویە. ئیمتیازەکانی تایبەت بە سەردەمی فیوداڵی و دابەش کردنی کۆمەڵ بۆ چەند کاستێکی داخراو ئیتر سەردەمی بەسەرچووە. وێنای فاشیستی سەبارەت بە هژمۆنی و سەرچاوەیی هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی پۆلیسیدا نییە.

دەوڵەت دانیشتووانی وڵات بۆ شارۆمەندی پەروەردە دەکا، سەبارەت بە ئەرکەکانیان وشیاریان دەکاتەوە، بەرەو یەکگرتوویی ئاراستەیان دەکا؛ عەدالەتەکەی لە نێوان بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی شارۆمەنداندا هاوئاهەنگی پێکدێنێ؛ هەر بۆ خۆی سەرکەوتنە فیکرییەکان لە بوارەکانی زانست و هونەر و مافەکان و پێوەندی مرۆڤەکاندا بە نەوەکانی داهاتوو دەگەیەنێ؛ خەڵکەکەی لە قۆناغی ژیانی سەرەتایی خێڵەکییەوە بەرەو فراوانیی حکوومەتی ئیمپراتۆری، واتە باڵاترین جیلوەی هێزی ئینسانی هەڵدەکشێنێ. دەوڵەت یادو بیرەوەریی ئەو کەسانەی کە بۆ دابین کردنی ئەمنییەتەکەی

یان مل دان بە یاساکانی، گیانی خۆیان فیدا کردووە، دەگەیەنێتە نەوەکانی داهاتوو؛ بۆ وەچەکانی (نەسلەکانی) داهاتوو نموونە و سمبول دروست دەکا و ناوی ئەو سەردارانەی کە وڵاتەکەیان بەرفراوان کردەوە دەنووسێ، هەروەها باس لەو نوخبانە دەکا کە ناوی وڵاتەکەیان بەرز کردەوەو بە جیهانیان ناسی. هەر کاتێک ڕێزو حورمەت بەرامبەر بە دەوڵەت کەم بێتەوە و حەز بە دوورکەوتنەوە لە سەنتەر بەسەر تاک و گرووپەکاندا زاڵ بێت، ئەوە میللەتەکان بەرەو دوواوەو بەرەو تێداچوون هەنگاو هەڵدەگرن.

لیبرالیزم بە مانای تاکگەراییە، بەڵام فاشیزم کۆ بە بنەما دادەنێ. دەوڵەتی فاشیستی، خولْقێنراوێکی تاقانەو نوێیە. شۆڕشگێڕە نەک کۆنەپەرست، چونکە لە پێشەوە ڕێگا چارە دەدۆزێتەوە بۆ هەندێک لە گیروگرفتە گشتییەکان کە لە بواری سیاسەتدا لە ئاکامی لێک بڵاوبوونی حیزبەکان و دەست بەسەراگرتنی ئیرادەکان لە لایەن پەرلەمانەکانەوە و لەبێ بەرپرسیاریەتیی کۆڕو کۆمەڵەکانی [یاسا دانانەوە] هاتوونەتە پێشەوە، هەروەها لەوەپێش ڕێگا چارە دەدۆزێتەوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی لە بواری ئابووریدا کە بەهۆی ئەو ئەرکە ڕوو لەزیادو جۆراوجۆرانەوە دێنە ئاراوە کە یەکێتییە کرێکارییەکان و ئەنجوومەنە بازرگانییەکان سەرەڕای هەموو یەککەوتن و ململانێیەکانیان بە ئەستۆی دەگرن، کە ئەمە هەم لە سەر سەرمایەدارەکان کاریگەریی دەبێ و هەم لەسەر کرێکارەکان، دیسان فاشیزم لەبەر ئەوە شۆڕشگێڕە، چونکە لەئەخلاقدا لە پێویستیی بە دیسیپلین و گوێڕایەڵی و بنەمای ئەخلاقیی نیشتمان پەروەرییەوە سەرهەڵدەدا.

فاشیزم دەیەوێ دەوڵەتێکی بەهێزو زیندوو و بنیاتکراو بێت لەسەر بنەمای بەهێزی پشتیوانیی گەل. دەوڵەتی فاشیستی خوازیاری فەرمانڕەوایی کردنە بەسەر بەشی ئابووریدا هەروەک بەشەکانی دیکە. هەروەها خوازیاری ئەوەیە کە لە ڕێگای بنیاتە هاوبەش و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی خۆیەوەو بە یارمەتیی هەموو هێزە سیاسی و ئابووری و مەعنەوییەکانی میللەت کە هەموویان لە گرووپێکدا ڕێکخراون و لەسەراسەری دەوڵەتدا بڵاوبوونەتەوە، بەکردەوەکانی خۆی لە هەموو شوێنێکی وڵات کاریگەریی هەبێت و ئەم کاریگەرییە هەستی پێ بکرێ.

ئەورۆ من لەسەر ئەو بڕوایەم کە فاشیزم بیر و وانە و ڕاستییەکی جیهانگرە؛ لە ڕوانگەی بنیاتە تایبەتییەکانییەوە ئیتاڵیاییە، بەڵام بەهۆی ماهییەتییەوە سەراسەری جیهان دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە، هەموو کەس دەتوانێ پێشبینی ئەوروپایەک بکا کە وانە و کردەوەی فاشیزم سەرچاوەی ئیلهامی بنیاتەکانی بێت؛ بە واتایەکی دیکە ئەوروپایەک کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە ئەورۆکە بە تووشی دەوڵەتەوە بووە ڕوو دەکاتە ڕێگا چارە فاشیستییەکان، واتە دەوڵەتی سەدەی بیستەم کە لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێش ساڵی (١٧٨٩) و هەروەها لەگەڵ دەوڵەتەکانی پاشی ئەم مێژووە کە دەستبەجێ سازکران، جیاوازییەکی زۆری هەیە. فاشیزم ئەورۆکە وەڵامی پێداویستییەکانی جیهان دەداتەوە.

**پەراوێز:**

**١- Fasci di combattimento. گرووپ یان ئەو یەکێتییانەی کە مۆسۆلینی و هەندێک خەڵکی جۆراوجۆر لە توندڕەوەکان و شەڕکەرەکانی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان ڕۆژی (٢٣ی مارسی ١٩١٩) لە شاری میلان دامەزراندنەکەیان ڕاگەیاند.**

**٢- Helmuth von Moltke (١٨٠٠ - ١٨٩١). سەرداری ئەڵمانی کە بە پشتیوانیی بسمارک سوپای پرۆسی (پروسیا) سەر لەنوێ ڕێک خستەوەو بوو بە سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان. مولتکە لەشەڕ لەگەڵ دانمارک (١٨٦٤)، لەگەڵ نەمسا (١٨٦٦)، لەگەڵ فەرانسە (١٨٧٠ - ١٨٧١) وڵاتەکەی بەسەرکەوتن گەیاند. (وەرگێڕی فارسی).**

**٣- Giuseppe mazzini (١٨٠٥ - ١٨٧٢). نیشتمان پەروەری ئیتاڵی کە یارمەتیی گاریباڵدیی داو لە پێناوی یەکگرتنی ئەو وڵاتەدا ڕەنجێکی فراوانی دا. (وەرگێڕی فارسی)**

**٤- Sadowa گوندێکە لە چکۆسلۆڤاکیا کە سوپای نەمسا لە (١٨٦٦) لە بەرامبەر سوپای پرۆس (پروسیا) تێیدا شکستی خوارد. (وەرگێڕی فارسی).**

**٥- Sedan. شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە کە پرۆس (پروسیا) لە (١٨٧١) سوپای فەرانسەی بە یەکجاری تێکشکاندو ئیمپراتۆری فەرەنسا ناپلیۆنی سێیەمی بەدیلی گرت. (وەرگێڕی فارسی).**

**سەرچاوە:**

**کتێبی: عەقڵ لە سیاسەت-دا. وەرگێڕانی بۆ فارسی: عزت الله فولاد وند**

# کوشتنی هونەر لەپێناو ئەبەدییەتدا

**(٢ - ٢)**

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**

**کلیپ**

کلیپ دەکرێ ناوی «هونەری دیدەیی» لە سەر دابنێین، چونکە ژانرێکی هونەرییە کە لە بنەڕەتدا لە ڕێی چاو و دیتنەوە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤ دەگرێت. ئەو هونەرەیە کە لە ڕێی نیگاوە کاریگەری خۆی دادەنێت.

جیهانی کلیپ جیهانی تێکەڵاوبوون و لێکدرانی سێ توخم و ڕەگەزی هونەری واتە شیعر، مۆسیقا و سینەمایە. پێکهاتەیەکە کە دواجار یەکەیەکی سەربەخۆ و جیاواز دروست دەکات کە نە شیعرە و نە مۆسیقا و نە سینەماش بە تەنیایی، بەڵکو بەرهەمێکی نوێ دەژیت کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەڵگری تایبەتمەندی تەواوی ئەو سێ ڕەگەزەی هونەریشە. هەربۆیەش بەردەنگی کلیپ دەبێ لە یەک کاتدا هەم خوێنەر بێت و هەم گوێگر و هەم بینەر.

هەروەک گوتمان کلیپ خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاوازە کە هەڵگری سێ ژانری هونەرییە و تایبەتمەندی هەر سێ ژانرەکەش لە خۆ دەگرێت و هەربۆیەش مرۆڤێک کە کەڵک لەو شێوە هونەرە وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بەردەنگێکی چالاک بێت دەبێ لە یەک کاتدا خوێنەرێکی داهێنەر و گوێگرێکی هەستیار و بینەرێکی وردبین بێت تاکو بتوانێت هەست بە کاریگەری هەموو ڕەگەزەکانی هونەر بکات و بکەوێتە دۆخێکەوە کە «چرکەی هونەری» لە لا بخوڵقێت.

گرنگترین تایبەتمەندی بۆ کلیپێکی سەرکەوتوو، یان کلیپێکی هونەری ئەوەیە کە دەبێ هارمۆنیەت و یەکگرتوییەکی پتەوی تێدا بێت لە نێوان هەر سێ ڕەگەزە هونەرییەکە. واتە بە شێوەیەک بێتە بەرهەم کە هەم دەقە شیعرییەکە و هەم مۆسیقاکە و هەمیش دیمەنی کلیپەکە لەگەڵ یەکدا بگونجێن و تەواوکەری یەک بن تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت ئەگەر نوقسانی، یان



محەمەد عومەر عوسمان

کەموکوڕییەک لە یەکێک لە ڕەگەزەکاندا بەدی کرا لە ڕێی ڕەگەزەکەی دیکەوە ئەو بۆشایی و کەموکوڕییە پڕ بکرێتەوە و هەستی پێ نەکرێت. ئەمە گرنگترین تایبەتمەندی کلیپێکی سەرکەوتووە کە دەکرێ ناوی کلیپی هونەری لێ بنێین.

## دەستی خۆزگە

«دەستی خۆزگە» ناوی ئەو کلیپەیە کە ئاواز و گۆرانییەکە لە دانان و گوتنی هونەرمەند «عەدنان کەریم»-ە و شیعرەکە و نواندنی ناو کلیپەکەش هی شاعیری ناسراو «محەمەد عومەر عوسمان»-ە. ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ بیخەینە بەر سەرنج و ئەو هەموو پێشەکییە دوور و درێژەمان بۆ نووسی. خوێندنەوەیەکی ئەو کلیپەیە لە دیدێکی هونەرییەوە. هەڵبەت ئێمە لە ڕاستیدا نامانەوێ هەڵسەنگاندن، یان ڕەخنەیەک بخەینە ڕوو، بەڵکو ئەمە بۆ خودی خوێنەری ئەم دەقە و بەراوردکردنی لەگەڵ خودی کلیپەکە هەڵدەگرین. واتە بەشێکی زۆری دەسپێرینە ئەستۆی خودی خوێنەر تاکو خۆشی دەورێکی چالاک بگێڕێت و هەندێک زەینی خۆی پێوە یەکانگیر بکات.

ئەگەر پێناسەیەک لە لایەن خۆمانەوە بۆ کلیپی «دەستی خۆزگە» دەست نیشان بکەین دەبێ ناوی «غوربەت»ی لێ بنێین، چونکە چەمکی غوربەت لە هەر سێ ڕەگەزی هونەری کلیپەکەدا ڕەنگدانەوەیەکی خەستی هەیە و ناوەڕۆکی هەموویانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ڕۆڵی غوربەت لە کلیپەکەدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ و لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەردەوام هەستی پێ دەکرێت، چونکە هەم لە شیعرەکەدا و هەم لە مۆسیقاکەدا و هەمیش لە دیمەنی کلیپەکەدا ئەو غوربەتە خەست و قورسە بەرچاو دەکەوێت و هەموویان بوونەتە هەڵگری ئەو چەمکە. واتە هەم شیعرەکە دەقێکی غوربەتاوییە و هەم مۆسیقاکە مۆسیقایەکی غەمناکە و هەمیش دیمەنی کلیپەکە ڕواڵەتی غوربەتێکی قورسی پێوە دیارە کە لە درێژەدا بە وردی دەیانخەینە بەر سەرنج و تێبینی و خوێندنەوە و شی دەکەینەوە.

## غوربەت

غوربەت، یان نۆستالۆژیا بەو هەستە حەسرەتاوییە دەگوترێت کە مرۆڤ لە ئاست ڕابردوودا هەستی پێ دەکات. واتە کاتێک بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە هەستێکی دڵتەزێن و غەمگین لە دەروونیدا شکڵ دەگرێت کە دەیخاتە دۆخێکی خەفەتهێن و پەژارەوە و وادەکات مرۆڤ بەردەوام بیر بکاتەوە و لەگەڵیدا دەرگیر بێت، یان غوربەت دەکرێ هەر بەو هەستە خەمناکە بگوترێت کە هەناوی مرۆڤ دەتەنێتەوە و زۆر جاریش مروڤ خۆی نازانێت کە هۆکارە سەرەکییەکەی چییە و لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ناچارە لەگەڵیدا دەست و پەنجە نەرم بکات و بکەوێتە ململانێ لەگەڵیدا. هەروەها بەو دڵتەنگییە کوشندەیە دەگوترێت کە حەسرەتی چرکە شیرینەکانی ڕابردوو لە لای مرۆڤ دروستی دەکەن. بە واتایەکی دیکە غوربەت خۆی هاوتایە لەگەڵ دڵتەنگییەکی هەمیشەیی. لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەی سەرەکی غوربەت لە تەنیاییدایە. واتە ئەوە تەنیاییە کە مرۆڤ دەخاتە دۆخی غوربەتەوە. جا ئێستا ئەو تەنیاییە بە دوو شێوە دەکرێ بەرەوڕووی مرۆڤ ببێتەوە. یەکەمیان تەنیایی لە ڕووی جوغرافیاوە. واتە کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە تاراوگەوە و بە ناچاری لە زێد و نیشتمانی دڵخوازی خۆی دوور دەخرێتەوە، هەستی غوربەت لە هەناویدا سەرهەڵدەدات، یان ئەوەتا کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەدا پێوەندی لەگەڵ

کەسانی دیکە نامێنێت و لە تەنیاییدا زیندووبوون بەسەر دەبات. تەنیاییەکی دیکەشمان هەیە کە چەمکێکی ئەزەلی و دەروونییە و مرۆڤ خۆنەویستانە لەگەڵیدا بەرەوڕووە. واتە مرۆڤ هەر لە ژیانی ئاساییدا هەست بەو تەنیاییە دەکات کە لە بنەڕەتدا هۆکارێکی تایبەتی نییە و ڕیشەی لە ناو ئینسان بووندایە. واتە مرۆڤ هەر بەو مەرجە کە ئینسانە و وەک مرۆڤ ژیان دەکات، ئەو هەستە یەخەی دەگرێت و لە هەناو و زەینیدا سەوز دەبێت. ئەو شێوە تەنیاییە تەنیاییەکی ئەزەلی و ئینسانییە و پێوەندی بە بارودۆخی جوغرافی و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکو تا ڕادەیەک هۆکاری فەلسەفی هەیە کە دەکرێ ناوی «تەنیایی ئینسانی» و دەرکەوتەکەشی ناوی «غوربەتی ئینسانی» لێ بنێین. نووسەری فەڕەنسی «مۆپاسان» لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا بە ناوی «تەنیا هەر تەنیا» ئەم تەنیاییە ئینسانییە بە جوانی دەخاتە ڕوو. تەنانەت کەسێکی وەک ژان پۆل سارتر بڕوای وایە کە ئەو حاڵەتە بۆشاییەی کە لە دوای سێکس کردن لە ناخی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات، پێوەندی ڕاستەوخۆی بەم تەنیاییەوە هەیە. لە ڕاستیدا غوربەتی یەکەم غوربەتێکی حەقیقییە و لە ئەدەبیاتی خۆشماندا وێنەی «نالی»مان وەک نموونە هەیە، بەڵام غوربەتی دووەم غوربەتێکی مەجازییە کە مرۆڤ هەر تەنیا خۆی هەستی پێ دەکات و زۆرتریش مرۆڤی ئەم سەردەمە (سەردەمی مۆدێرن) لەگەڵیدا بەرەوڕووە. غوربەت و تەنیایی یەکەم هۆکاری دەرەکی هەیە، بەڵام غوربەت و تەنیایی جۆری دووەم هۆکارێکی تەواو ناوەکی و دەروونی هەیە. لە غوربەت و تەنیایی یەکەمدا ڕزگاری شتێکی نەکردە و مەحاڵ نییە، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات، بەڵام غوربەت و تەنیایی جۆری دووەم چونکە ئەزەلی و ئینسانییە، دەربازبوون لێی شتێکی زۆر دەگمەن و ئەستەمە و ڕزگاربوون لێی وەک کارێکی نەکردە دێتە بەرچاو.

غوربەت، یان نۆستالۆژیا لە خۆیدا هەم تاڵە و هەم شیرین. تاڵ بەو مانایە کە مرۆڤ لەگەڵ خەمێکی قورس و چارەنەکراودا دەست و پەنجە نەرم دەکات و شیرینیش بەو مانایە کە یادەوەری هەمیشە پڕە لە بیرەوەری چرکەساتە شیرینەکان، ئەو چرکانەی کە مرۆڤ ئامادەیە لە پێناو هەر کامێکیاندا تەواوی بوونی خۆی دابنێت. ئەم ناکۆکییە دەروونییە هەستێکی نامۆ و ئاڵۆز دروست دەکات کە ناوی لێ دەنێین: «غوربەت». غوربەت لە بنەڕەتدا تراژێدیایەکی ناوەکی و دەروونییە کە هەر تەنیا ئەو مرۆڤە هەستی پێ دەکات و تەنیا بۆ ئەو مانای هەیە. هەڵبەت هەندێک دەرکەوتەی دیکەشی هەن کە لە ئاکار و هەڵسوکەوتی ئەو کەسەدا ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵام ئەوانیش پێوەندییان بە خودی ئەو کەسەوە هەیە.

*   *   *

تەنیایی و غوربەتێک کە لە کلیپەکەدا بەر چاو دەکەوێت لە جۆری دووەمە، واتە تەنیایی ئینسانی و غوربەتی ئینسانییە. ئەو غوربەتە مەجازییەیە کە مرۆڤ خۆنەویستانە لەم جیهانەدا هەستی پێ دەکات و لە ئەزەلەوە لەگەڵیدایە و تا ئەبەدیش لەگەڵی دەمێنێتەوە و بەرۆکی بەرنادات، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە مرۆڤی ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی تۆختر هەستی پێ دەکات. واتە لەم سەردەمەدا مەسەلەکە لە لای زۆر قووڵتر بۆتەوە و ڕەنگدانەوەی لە لای شێوەیەکی زۆر هەستیاری بەخۆوە گرتووە، چونکە شایەد مرۆڤی سەردەمی کلاسیک ئەوەندە لەگەڵ ئەو هەستەدا بەرەوڕوو نەبووبێت. لە هەر حاڵدا ئەم غوربەتە بە سەرنجدان لە کلیپەکە زۆر بە ئاشکرایی خۆ دەردەخات کە دواتر زۆرتر لە سەری دەڕۆین و شی دەکەینەوە.

## دەقی شیعرەکە

دەقی شیعرەکە دەقێکە کە تژییە لە غوربەت، تژییە لە نۆستالۆژیا، لە حەسرەتی ڕابردوو، لەو چرکە دەگمەنانەی کە مرۆڤ هیچ کات ناتوانێ لە بیریان بکات و هەردەمیش لە یادیاندایە و گەڕانەوەشیان چەمکێکە نامومکین، ئەمەیە کە غوربەت و نۆستالۆژیا لە دەقی شیعرەکەدا دەگاتە دواترۆپکی خۆی، چونکە ئەو چرکانە تێکەڵ بوون لەگەڵ «دەشتی گیان» و ڕوحی مرۆڤ و هەڵاواردن و جیاکردنەوەیان نامومکینە و تا مرۆڤ زیندوو بێت لەگەڵیاندا دەژی و بە حەسرەتیانەوە دەتوێتەوە. کۆبوونەوەی ئەو هەموو غوربەت و نۆستالۆژیایە لە دەقێکی وەهادا مرۆڤ وا لێدەکات کە چرکەی شیعری لە لا دروست ببێت و ئەو چرکە نامۆیەش بیخاتە سەر تێفکرین لە چەمکی ڕابردوو و پێوەندی لەگەڵ غوربەت و نۆستالۆژیا و دواجاریش گەیشتن بەو حەقیقەتە کە مرۆڤ هیچی لە دەست نایەت جگە لەوە کە خۆزگە بۆ ئەو ڕابردووە خەفەتناکە بخوازێت و لە هەمان



عەدنان کەریم

کاتیشدا پەی بەوە ببات کە خۆزگەخواستن وەهمێک زیاتر نییە، بەڵام بە حوکمی ئینسان بوون و هەستی ئینسانی، بێ ئەو خۆزگەیە ژیان بەردەوامی نابێت و ناگاتە ئەنجام، چونکە ئەو خۆزگەیە وادەکات کە مرۆڤ درێژە بە زیندووبوون بدات کە لە ڕاستیشدا خۆزگە خۆی شێوەیەکە لە ئومێد، بەڵام ئومێدێکی بێ ئاکام.

دەقە شیعرەکە خۆی دەقێکی پاییزییە، واتە هەم لە پاییز دەدوێت و هەم لە پاییزدا ڕوو دەدات و ڕووداوەکان وەک ڕووبارێک بە بەستێنی پاییزدا تێپەڕ دەبن. پاییزیش خۆی «دال»ێکی غوربەتە، نیشانە و هێمایەکە بۆ نۆستالۆژیا. واتە خودی وشەی پاییز چەشنێک لە غوربەت لە زەینی مرۆڤدا زیندوو دەکاتەوە و شێوەیەک حەسرەت دەخولقێنێ کە هاوڕێیە لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی بەردەوام بۆ تێگەیشتن لێی. هەربۆیەش هەڵبژاردنی چەمکی پاییز بۆ دەقێکی لەو شێوەیە مەبەست و ناوەرۆکی دەقەکە دەپێکێت و بە خەستترین شێوە ئەو هەستەی شاعیر زەق دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا زۆرترین کاریگەری لە سەر زەینی خوێنەر دادەنێت، یان بە واتەیەکی دیکە و لە سەر پێناسەی پێشوومان، قووڵترین چرکەی شیعری لە لا دەخولقێت.

**مۆسیقاکە**

ئاوازی گۆرانییەکە خۆی ئاوازێکی نەرم و پرسۆزە کە تژی کراوە بە غوربەت. بە تایبەت سۆزی کەمانەکە (ڤیالۆنەکە) کە ئەو حەسرەت و غوربەتە بە تەواوی تۆخ دەکاتەوە و مرۆڤ بە وردی هەست بە ڕەنجی غوربەت دەکات لە ناویدا. بە واتەیەکی دیکە هارمۆنییەتێکی تەواوی لەگەڵ شیعرەکەدا هەیە و بۆ چەمکی غوربەت تەواوکەری یەکن. چما هەم شیعرەکە و هەم ئاوازەکە دەیانەوێ یەک مەبەست بپێکن کە ئەویش دەرخستنی ئەو غوربەتە ئینسانییەیە بە خەستترین شێوە. لە ڕاستیشدا گرنگترین تایبەتمەندیش بۆ یەک گۆرانی سەرکەوتوو، هارمۆنییەت و یەکگرتووییەکە کە دەبێ لە نێوان دەقی شیعر و ئاواز و مۆسیقاکەدا بەدی بکرێت، ئەگەر نا بەرهەمەکە بەرهەمێکی نەشاز و ناڕێکی لێ دەردێت کە گوێگر لە جیاتی ئەوەی پێوەندییەکی چێژبەخشی لەگەڵدا بگرێت، جاڕزی دەکات و لێی وەڕەز دەبێت. ئەم تایبەتمەندییە نیشانەی گۆرانییەکی سەرکەوتووە کاتێک دەق و ئاواز بە یەک ئاراستەدا و لەگەڵ یەک، ئەو هەستە لە مرۆڤدا دروست دەکەن و زەینی گوێگر بە ئاقارێکدا دەبەن کە بە وردی هەست بەو شتە بکات کە مەبەستی بەرهەمەکەیە. هەروەک گوتمان بە تایبەت سۆزی کەمانەکە ئەو غوربەتە بە تەواوی دەخاتە ڕوو و ئیتر دروست لەو کاتەدا گوێگر هەست بەو چرکەی مۆسیقاییە دەکات کە بەرهەمەکە لە لای دەیخولقێنێت.

**کلیپەکە**

کلیپ چونکە لە بنەڕەتدا هونەرێکی «دیدەیی»ە، هەربۆیەش «ڕەنگ» لەودا خاوەنی ڕۆڵێکی تایبەت و گەلێک گرنگە، تا ئەو جێیە کە دەتوانین بڵێین ڕەنگی زاڵ بە سەر کلیپەکەدا، ماهییەتی کلیپەکە دەردەخات و ئاراستەی ناوەرۆکی کلیپەکە دەست نیشان دەکات.

ڕەنگی زەرد، یان نارنجی لەم کلیپەدا ئاراستە، یان ناوەرۆکێکی تەواو نۆستالۆژیک بە سەرجەم کلیپەکە دەبەخشێت. ڕەهەندی غوربەت ڕەهەندێکی تەواو زاڵە بە سەر کلیپەکەدا بە شێوەیەک کە ناوەرۆکی سەرەکی کلیپەکەی بۆ خۆی داگیر کردووە کە ڕەنگ لەوێدا خۆی گەورەترین ئاماژەیەتی و گەورەترین دەوریش لەو بوارەدا دەگێڕێت، چونکە ڕەنگی پاییزی خۆی «دال»ێکە بۆ چەمکی غوربەت و نۆستالۆژیا.

باخـێک لە پاییـز و کـۆخـیلکەیەک لە پاییـز و کورسییەک لە پاییز و دواجاریش پیاوێکی بە ڕواڵەت لە پاییـز... ئەمـەیە سـەمـفـۆنیـای غـوربەت و هارمـۆنیـای نۆستـالۆژی. لە ڕاستـیـدا کۆبوونەوەی ئەو هەمـوو پاییزە خۆی دیمەنێکی سەمفۆنیـایی، یان سەمفۆنیایەک لە دیمەن دروست دەکات کە دروست لە ئاراستەی ئاواز و مۆسیقا و دەقـەکـەدایە و هاوتەریبی ئەوانە دەڕواتە پێش کـە ئەویش دەرخسـتنی غـوربەتە، چونکە پاییـز کـە توخـمی سـەرەکی ناو کلیـپـەکـەیە، توخـمی سـەرەکی ناوەرۆکی شیعرەکەشە.

* * *

کاراکتەری کلیپەکە سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە نیگای یەکـەمـدا چاوی بە تابلۆی غـوربەتەکـە (وەک ڕێ نیـشـاندەر) دەکـەوێت، بەڵام لە ڕۆیشـتندا پەشـیـمـان نابێـتـەوە، بەڵکو درێژە دەدات بە ڕۆیشـتـنی بۆ ناو باخ (جیـهـان). لە ڕاسـتـیدا ئەو درێژەدانە لە ناچارییـەوەیە، چونکـە ڕێگەچارەیـەکـی دیـکـە بـەدی نـاکـرێـت و ڕابردوویەکـیش لە ئارادا نییـە تاکـو ئینسـان بۆی بگەڕێتەوە. لێرەدا غوربەت هیچ کە دۆخێکی موتڵەقە و ڕزگـاری لە دەسـتی مـەحـاڵە، بەڵکو چارەنـووسـێکی دیاریکراوە کـە بە سـەر مـرۆڤـەکـانی ناو ئەم جیـهـانەدا سەپاوە.

لە ڕاسـتـیـدا ئەگـەر باس لە غـوربەت بکەین، غـوربەت دیاردەیەکی مـوتڵـەق و نەگـۆڕە و ئا لەم جیـهـانەدا خۆی دەردەخـات و هەروەک پـووچـیـیـەکـەی ئەلبـێـر کـامـو بە تەنیـاییش پێناسـە ناکرێت، بەڵکو کـاتێک مـانا پەیدا دەکات و بوونی خۆی دەردەخات کە مرۆڤ لەم جیـهـانەدا دەژیت. واتە نە مرۆڤ بە تەنیایی هەڵگری غوربەتە و نە جیـهـانیش بێ مـرۆڤ خـاوەنی ئەو چەمکەیە، بەڵکو لە لێکدران و ئاوێتـەبوون و بە گـشـتی هاوزەمـان لەگـەڵ ژیانی مـرۆڤ لەم جیـهـانەدا دێتـە بەرهەم. بە واتایەکی دیکە غـوربەت چەمکێکە کـە ئەو کـاتە دەخـولـقـێت و سـەرهەڵدەدات کـە مـرۆڤ و جیـهـان دەگـەنە یەک. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە غـوربەت دوو جەمسەری هەیە، یەکیـان جیـهـانە و یەکیشیـان مرۆڤ کە هیچ کـامیـان بە تەنیـا نابنە پێناسەی غـوربەت و نابنە هۆی وەدیهـاتنی، بەڵکو تەواوکەری یەکن و بە یەکەوە دروستی دەکەن.

لە ڕاسـتـیدا دەبێ ئەوە بڵێین کە دیمەنی ئەو تابلۆیانەی ناو ڕێگا کە غوربەتیـان بە سەرەوە نووسراوە ئەوە نیشـان دەدەن کە ڕێگای غـوربەت بەم جیـهـانەدا تێپـەڕ دەبێت و مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە غـوربەت دەبێ بەم جیهـانەدا گوزەر بکات. بە واتەیەکی دیکە گـوزەر کـردن بەم جـیـهـانەدا گـوزەر کـردنە بە ناو غـوربەتدا، ئەمـەش چارەنووسـێکی ئەزەلیـیـە کـە تا ئەبەدییـەت کـێـشـراوە، هەروەک چۆن لە کۆتایی کلیپەکەدا دەردەکەوێت.

ئێمە هەر لە سەرەتای کلیپەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ هەر لە نیگای یەکەمەوە دەزانێ کە لەم جیـهـانەدا کەسێکی غـەریب و نامۆیە و غـوربەتیش چارەنووسێکە لەگـەڵیدایە و ناتوانێ لێی جیـا ببێـتـەوە، هەربۆیەش بۆ دەربازبوون لەو غـوربەتە دەبێ ڕێگای ئەبەدییـەت بگرێتـە بەر، یان بە بارێکی دیکەدا کـــۆتایی غـــوربەت لە ئەبەدییـەتدایە، یان دەتوانین بڵێین کە ئەوپەڕی غـوربەت، یان غوربەتی ڕاستەقینە لە هەناوی ئەبەدییەتدایە و لەودا خۆی دەنوێنێت. بە واتایەکی دیکە غـوربەت خۆی لەگەڵ ئەبەدییەت هاوتایە.

هەروەک گـوتمان کـاراکـتـەری کلیـپـەکـەمـان هەر لە هەنگاوی یەکـەمەوە کە دێتە ناو باخ، لە ڕێوە چاوی بەو تابلۆی ڕێ نیشـاندەرە دەکەوێت کە ڕێگای غوربەتی پێ نیشـان دەدات، هەربۆیەش بە پێی تابلۆکە دەڕواتە پێش، چما جگە لەوەش چارەیەکی دیکەی نییـە، چونکە ئەمـە خۆی تاکە ڕێگایە. لێرەدا ئەگـەر سەرنج بدەینە وتەکەی کـافکا هەندێک لایەنی دیکەمـان بۆ ڕوون دەبنەوە کـە ڕەنگە لەو ڕێیەوە باشتر لە ماهیەتی غوربەت و ڕێگاکەی تێبگەین.

کـافـکا دەڵـێ: «ئامـانج ڕوونە، بەڵام ڕێگا نادیارە.» کەچی کاراکتەری کلیپەکەی ئێمە هەم ڕێگاکەی بۆ دیاری کـراوە و هەم ئامـانجـیـشی ڕوونە، چونکە تابلۆکـان نیـشـاندەری ڕێگاکـەن و ئامـانجـەکـەش کـە دیارە ئەبەدییـەتێکە کە لە ڕێی هونەرەوە هەنگاوی بۆ دەنێت. ئەبەدییـەتێک کـە دەکرێ ئەوپەڕی غوربەت بێت، یان بە ناو بەسـتێنی غـوربەتدا ڕێگاکەی دەستنیشـان کـرابێت. جیاوازی کافکا و کاراکتەرەکەی ئێمە لەوەدایە کە کافکا گـەرچی دەڵێ «لە هەرچی شـتـێک کـە پێـوەندی بە ئەدەبیـاتەوە نەبێت، بێـزارم»، بەڵام بڕوای بەوە نییـە کـە مـرۆڤ لە ڕێی هونەر و ئەدەبیـاتەوە بتـوانێت لە گـێـژەنی دنیـا و ڕووتەنیـیـەکـانی ڕزگـاری بێت. بە پێی ئەم بۆچوونەی، کـافکا هونەر تەنیـا وەک تەفسیـر کـردنێکی ئەو بارودۆخە نالەبارە و ئەو گێژەنە ئەستەمە سەیر دەکات

نەک وەک ڕێگە دەربازبوونێک لەو بارودۆخە، بەڵام کاراکتەرەکەی ئێمە لە ڕێی هونەرەوە لەو چۆڵەوانییە دەپەڕێتەوە. ئەو لە ڕێی هونەرەوە بەرەو جیهانێک هەنگاو دەنێت کە ڕەنگ بێ جیهانی خەونەکانی بێت. ئەو خەونانەی کە بە ئەبەدییەتیانەوە دەبینێت.

کافکا لە ڕێی هونەرەوە تەفسیری تەواوی ئاستەنگییەکانی مرۆڤ دەکات، ئەو ئاستەنگییانەی کە دەست و پێیان بەستۆتەوە، بە تایبەت ئاستەنگی سەردەمی مۆدێرن کە بریتین لە سیستمێکی ئیداری ترسناک و لەویش ترسناکتر سیستمێکی دەسەڵات و توانا کە تەنانەت تەواوی کونوقوژبنەکانی ژیانی مرۆڤی تەنیوەتەوە و بە شێوەیەکی مەجازیش چۆتە ناو ناخ و هەناوی مرۆڤەکانەوە. هەر بۆیە جیهانی مرۆڤی کافکا جیهانێکی ئاڵۆز و قەڵەباڵغە کە لەودا دۆزینەوەی ڕێگا، کارێکی گەلێک ئەستەمە. بە کورتی مرۆڤی کافکا مرۆڤێکی سەردەمی مۆدێرن و ئەمڕۆییە، بەڵام جیهانی کلیپەکەی ئێمە، جیهانێکی ئارام و کپ و بێ دەنگە، جیهانێکە کە لەودا مرۆڤ هەر تەنیا خۆیەتی و تەنیا ئاستەنگیشی ئەو چارەنووسەیە کە ئەزەلییە نەک دەستکرد و داسەپاوی سەردەمێکی تایبەت. جیهانی کافکا جیهانێکە کە دەستکردی خودی مرۆڤە، بەڵام جیهانی کلیپەکەی ئێمە جیهانێکی سروشتییە کە تایبەتمەندییەکانی هەر لە ئەزەلەوە دەست نیشان کراون. ئەم جیاوازییە لە جیاوازی نێوان کۆشک (کۆشکی ڕۆمانەکەی کافکا) و باخیشدا دەردەکەوێت بەو مانایە کە کۆشک بینایەکی دەستکردی مرۆڤە، بە تایبەت مرۆڤی مۆدێرن کە دروست کردنی بینای لەو شێوەیەی لێ دەوەشێتەوە، بەڵام باخ دیاردە و شوێنێکی سروشتییە کە مرۆڤ دەستێکی لە دروست کردنیدا نییە، بەڵکو شوێنێکی سروشتی سەر بەم جیهانەیە. لێرەدا هاوبەشییەک کە لەو دوو جیهانەدا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە چارەنووسێک بەڕێوەیان دەبات کە لێ لادان کارێکی نەکردە و مەحاڵ و لە دەسەڵاتی خودی مرۆڤ بەدەرە. مرۆڤی کلیپەکەی ئێمە مرۆڤێکی ئەم جیهانەیە کە بە هیچ سەردەم و قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە - بەو شێوەی کە کافکا دیاری دەکات -، بەڵکو مرۆڤێکە کە پێی ناوەتە ئەم جیهانەوە و لە ئەزەلیشەوە تا ئەمڕۆ تەنیا یەک چارەنووسی نەگۆڕ و هاوشێوە و هاوبەشی بووە. مرۆڤی ئێمە مرۆڤێکە کە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە چارەنووسی بۆ دیاری کراوە، چونکە هەر لە یەکەم هەنگاودا تابلۆی ڕێ نیشاندەری لە بەردەمدا چەقیوە کە لێی نووسراوە: «غوربەت». ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم جیهانە جگە لە غوربەت هیچ شتێکی دیکەی تێدا بەستە نییە.

سەرەڕای تەواوی ئەوانە هاوبەشییەکی سەرەکی کە لە نێوان مرۆڤی کافکا و مرۆڤی کلیپەکەی ئێمەدا هەیە، بێ دەسەڵاتی ئەو مرۆڤەیە، بەڵام هەریەک بە شێوەیەک.

* * *

یەکەم دیمەنی کلیپەکە، واتە دیمەنی هاتنەناوەوەی کاراکتەری کلیپەکە بە خۆی و بە کورسییەکەوە، دروست دیمەنی «ک» بە خۆی و بە کەلوپەلی پێوانە کردنەوە لە ڕۆمانی «کۆشک»ی کافکادا، بە زەیندا دێنێتەوە. لەوێ لە شەوێکی تاریک و بێ پایان و ئەنگوستە چاودا، لێرەش لە ناو باخێکی چۆڵ و ڕووتەن و بێ کۆتایی و تا ئەوسەر نادیاردا.

ئەو سەرسامییەی کە لە نیگای یەکەمی کاراکتەری کلیپەکەدا شەپۆل دەدات و بەرچاو دەکەوێت کاتێک سەیری باخە ڕووتەنەکە دەکات، دیسان دروست لە سەرسامی «ک» دەچێت کاتێک لە شەوی یەکەمدا و لە ناو تاریکی ئەنگوستەچاودا یەکەم جار خۆی بەرەوڕووی ئەو جیهانە دەبینێتەوە و سەرسامی دایدەگرێت. نیگای مرۆڤەکەی ئێمەش ئەوەندە پڕە لە سەرسامی کە هەر دەڵێی یەکەم جارە چاوی بەو جیهانە نوێیە دەکەوێت کە لە بەردەمیدا ئامادەیە. سەرسامی و وردبوونەوەی ئەو، وردبوونەوە و سەرسامییە بە غوربەت، بەو غوربەتەی کە چارەنووسە و هەر لە یەکەم نیگادا، لەم جیهانەدا دێتە بەر چاو و هەستی پێ دەکرێت.

بە بارێکی دیکەدا ئەو هەڵوەستەیەی کە کاراکتەری ناو کلیپەکە لە سەرەتای هاتنی بۆ ناو باخەکە، دەیکات سەرسامییەکە کە مرۆڤ بەرانبەر بە دنیا هەیەتی ئەو کاتەی کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و جددی بیر لە جیهان و ماهیەتی دەکاتەوە. واتە ئەم هەڵوێستەیە تێڕامانی مرۆڤ دەگەیەنێت لە جیهان و شتەکانی ناوی کاتێک بۆ یەکەم جار دووچاری شۆکی بیرکردنەوە و تێڕامان دەبێت. کە ئەمەش دروست لەو سەرسامییە دەچێت کە «ک» لە یەکەم شەودا کە دەیەوێ بچێتە ناو گوند و کۆشکەکەوە، بەرەوڕووی دەبێتەوە، چونکە ئەویش یەکەم جار بە بینینی ئەو هەموو تاریکییە شۆکە

و سەرسام دەبێت. جیاوازییەک کە لێرەدا لە نێوان ئەو دوو مرۆڤەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە سەرسامییەک کە «ک» دووچاری دەبێت سەرسامی تاریکی و نەزانینە، بەڵام سەرسامی کاراکتەری کلیپەکەی ئێمە سەرسامی چۆڵەوانی و بێهوودەیی و بۆشاییە. لێرەدا دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە نیشاندانی ئەو هەموو چۆڵەوانییەی ناو باخەکە لە ڕێی سووڕانەوەی کامێراکە (دووربینەکە) بە هەر چوارلادا، زەق کردنەوەی ئەو بێهوودەیی و بۆشاییەیە کە مرۆڤی ناو باخ لەگەڵیدا بەرەوڕووە. واتە نیشاندەری ئەو هەموو غوربەتەیە کە مرۆڤ لەو دۆخەدا لە سەر زەوی تووشی دێت و دووچاری دەبێت. لە ڕاستیدا سووڕانەوەی کامێراکە سووڕانەوەیە بە ناو چۆڵەوانی و بۆشایی و غوربەتدا.

هەروەک گوتمان ئەو دوو هەڵوەستەیە دروست وەک یەک دێنە بەرچاو. «ک» بە خۆی و بە کەلوپەلی پێوانە کردنەوە و ئەمیش بە خۆی و بە کورسییەکەوە کە دواجاریش هەردووکیان دوای هەڵوەستەکە بەرەو ئەو جیهانەی کە لە بەردەمیاندایە هەنگاو دەنێن.

هەڵبەت لێرەدا دیسان جیاوازییەکی گەورە لە نێوان «ک» و کاراکتەری کلیپەکەی ئێمەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە «ک» بە کەلوپەلی پێوانە کردنەوە دێتە ناو جیهان بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی و ماهیەتی ئەو جیهانە سەر دەربێنێت و هەڵیسەنگێنێ و لێی تێبگات، بەڵام کاراکتەرەکەی ئێمە بە کورسییەکەوە هەنگاو دەنێتە ناو جیهان بۆ ئەوەی تێیدا نیشتەجێ بێت، چونکە کورسی بۆ نیشتەجێ بوون و سەقامگیرییە، بەڵام دواجار نە «ک» دەتوانێ سەر لە ماهییەتی کۆشک، یان جیهان دەربێنێ و نە کاراکتەرەکەی ئێمەش دەتوانێ بۆ هەمیشە نیشتەجێ ببێت، کە ئەمەش بێ ئاکامی و مایەپووچی هەردووکیان دەگەیەنێت.

## کورسی - عوود

کورسی کە هێمایەکە لە نیشتەجێ بوون و چەق بەستن و سەقامگیری، هەر لە دیمەنی یەکەمی کلیپەکەدا بە دوای پیاوەکەدا ڕادەکشێت. ئەمە ئەم واتایە دەگەیەنێت کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای هاتنیدا بۆ ناو ئەم جیهانە هەڵگری تایبەتمەندی نیشتەجێ بوون و مانەوەیە. خودی کورسی کە چوارچێوە و شێوەیەکی چوارگۆشەی هەیە، خۆی لە ڕوانگەی زانستی نیشانەناسییەوە ئاماژەیەکە بۆ نیشتەجێ بوون و چەق بەستن و سەقامگیری. هەر بۆیەش کورسی ناتوانێ تا سەر لەگەڵ مرۆڤدا بێت و لەگەڵیدا بڕوات. واتە نە کورسی تا ئەبەد لەگەڵ مرۆڤدایە و نە مرۆڤیش تا هەتایە لەسەری نیشتەجێ دەبێت، بەڵکو هاوڕێیەتی ئەو دووانە کاتی و گوزەرییە، بۆیە دەبێ مرۆڤ ڕۆژێک کورسییەکە واتە نیشتەجێ بوون و چەق بەستن بەجێ بێڵێت، بەڵام بەو باردا بازنە (جوغز) لە ڕوانگەی زانستی نیشانەناسییەوە ئاماژەیەکە بۆ بزووتنەوە و جووڵە، ئاماژەیە بۆ ئەبەدییەت و ڕۆیشتن، بۆ ڕانەوەستان و نەسرەوتن، بۆ زەمان. هەروەک دەبینین «عوود»ەکە پێکهاتە و فۆرمێکی بازنەیی هەیە، هەر بۆیەش دەبێتە ئامێرێک بۆ چوون بۆ ئەبەدییەت. لە ڕاستیدا ئەم دوو ئامێرە (کورسی و عوود) لە کلیپەکەدا دوو شتی تەواو جیاواز و دژ بە یەکن و واتای جیاواز و دژ بە یەکیش دەگەیەنن و بەکارهێنانیشیان تەواو جیاواز و دژ بە یەکە کە یەکیان بۆ مانەوەیە و یەکیشیان بۆ ڕۆیشتن. هەروەک گوتمان ئەمیان نیشانەیەکە لە نیشتەجێ بوون و چەق بەستن و مانەوە و ئەوی دیکەش ئاماژەیەکە بو ئەبەدییەت، بۆ ناکۆتا، بۆ بزووتنەوە و زەمان.

جوغز، یان بازنە شێوەیەکە بێ سەرەتا، بێ کۆتایی و بێ ئەنجام، هەربۆیەش دەبێتە هێمایەک لە زەمان و ئەبەدییەت و ناکۆتا، بەڵام بە پێچەوانەوە چوارگۆشە چونکە پێکهاتەیەکی پتەو و نەگۆڕ و دیاریکراو و ئاراستەداری هەیە، دەبێتە هێمایەک لە مانەوە و مت بوون. ئەم بەکارهێنانە لە کلیپەکەدا واتایەکی گەلێک مانادار دەگەیەنێت کە بۆتە هۆی زەق بوونەوەی دوو چەمکی دژ بە یەک و نیشاندانی مەبەستی کلیپەکە بە شێوەیەکی زۆر تۆخ و ئاشکرا و دیار.

لە لایەکی دیکەوە هەر لە ڕوانگەی زانستی نیشانەناسییەوە بازنە نیشانەی ئاسمانە و چوارگۆشە نیشانەی زەوی. بەجێهێشتنی کورسی (چوارگۆشە) و هەڵبژاردن و لەگەڵ خۆ بردنی عوود (بازنە، یان جوغز) بۆ ڕۆیشتن، ئاماژەیەکە بۆ دەست شوشتنەوە لە ژیانی تێژتێپەڕی سەر زەوی و سەفەر بەرەو ئەبەدییەت لە لایەن کاراکتەری کلیپەکەوە. بە ڕەهەندێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین کە چوارگۆشە نیشانەیەکە لە شوێن و جوغزیش نیشانەیەکە لە کات (زەمان). هەربۆیەش بە سەیرکردنی دیمەنی ئەمانە ئەم واتایە بە زەین دەگات کە مرۆڤ شوێن

بەجێ دێڵێت کە بۆ مانەوە نابێت و لەگەڵ زەماندا ڕێ دەکەوێت کە شتێکی ئەبەدی و ناکۆتا و نەبڕاوەیە.

لێرەدا وا باشە ئاماژەیەک بەوە بکەین کە کاتێک دەڵێین لە ڕوانگەی زانستی نیشانەناسییەوە فلان شت بەو مانایە دێت، یان ئاماژەیەکە بۆ فلانە شتی دیکە، ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە بۆ وێنە چوارگۆشە لە زەیندا نیشتەجێ بوون، چەق بەستن، شوێنی نەگۆڕ و سەقامگیری و... تاد زیندوو دەکاتەوە و هەروەها جوغز، ئەبەدییەت، زەمان، ڕۆیشتن و ڕانەوەستان و...تاد بە زەیندا دێنێت، چونکە زانستی نیشانەناسی لە سەر ئەم بنەمایە و ئەو مانایانەی کە شێوەکان و نیشانەکان لە بەستێنی مێژوودا و لە ناو فەرهەنگ و کولتوورە جیاوازەکاندا بە خۆیانەوە گرتووە، ڕۆنراوە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە کورسی ئاماژەیەکە بۆ ژیانی مادی و ڕۆژانە کە مرۆڤ بە هیچ شوێنێک ناگەیەنێت و هەر تەنیا دەبێتە هۆی چەق بەستن و دواجار هەر تەنیا بە کەڵکی ئەوە دێت کە مرۆڤ لە گۆڕی بنێت و بەجێی بێڵێت، بەڵام عوود کە ئامێرێکی هونەرییە، ئاماژەیە بەوەی کە هونەر تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئەبەدییەت، بۆ گەیشتن بە نەمری و جاویدانی. مرۆڤ بە درێژایی زیندووبوون دەتوانێت لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا هەڵبکات، بەڵام کاتێک دێت کە ئیتر کاتی ڕۆیشتن و ڕانەوەستانە. ڕاکێشانی کورسی بە دوای خۆیدا و سەرەنجام بەجێهێشتنی لە شوێنێکی تایبەتدا، ئاماژەیە بۆ ئەم خاڵە، بۆ ئەو واقیعیەتە. لە ناو کلیپەکەشدا دروست هەر ئەو کارکرد و بەکارهێنانەشیان پێ دراوە.

خاڵێکی دیکە کە دیسان ئەو دوو شتە (کورسی و عوود) تەواو لێک جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە سەرەتای کلیپەکەدا ئەوە پیاوەکەیە کە کورسییەکە بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشێت، بەڵام لە کۆتایی کلیپەکەدا ئەوە عوودەکەیە کە پیاوەکە لەگەڵ خۆیدا دەبات. هەروەها کورسی بە ناو داڵانێکی تەنگەبەر لە دارە ڕووتاو و خەزان لێدراوەکاندا ڕادەکێشرێت کە هەر لە چوارچێوەی تەنگەبەر و بەرتەسکی ئەم جیهانە دەچێت کە بۆ ئازادی و ڕەهابوونی مرۆڤ گەلێک بچووک و تەسک و تەنگەبەرە، بەڵام عوودەکە بە ناو دەریایەکدا و بە هەناوی ڕووبەرێکی فراواندا ڕێ دەکات کە دیمەنی جیهانێکی بێ سنوور و ناکۆتا و ئەبەدی دێنێتە پێش چاو. لەم دوو خاڵەوە ماهیەتی جیاوازی نێوان کورسی و عوود، یان شتە مادییەکان و هونەر بە تەواوی خۆی دەردەخات و بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

* * *

کاراکتەری کلیپەکە کاتێک لە دوای یەکەم هەڵوەستە بۆ ناو باخەکە هەنگاو دەنێت، کورسییەکە بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشێت. لێرەدا چەند خاڵ لە مەڕ کورسییەکە جێگەی سەرنجن: یەکەم ئەوە کە هەر لە یەکەم نیگادا دەردەکەوێت کە خودی کورسییەکە بە گەڵای زەرد داپۆشراوە، ئەمەش ئاماژە بەوەیە کە ژیان هەر لە سەرەتاوە ئاوێتەیە لەگەڵ غوربەت و نیشتەجێ بوون، لەم جیهانەشدا شتێک نییە جگە لە غوربەتێکی ئەزەلی کە هەروەک چۆن گەڵاکان هەر لە سەرەتاوە بە کورسییەکەوە لکاون، چارەنووسیش هەر لە ئەزەلەوە بە مرۆڤەوە چەسپاوە و لێی جیا نابێتەوە کە ئەویش چارەنووسێکی غوربەتاوییە. هەروەها لە یەکەم دیمەنی کلیپەکەدا کە دیمەنی کورسییەکەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کورسییەکە کورسییەکی چەواشە و لێک ترازاوە، نەک کورسییەکی دروست و لەبار کە شیاوی ئەوە بێت مرۆڤ لە سەری دابنیشێت، کە ئەمەش دیسان ئاماژەیەکە بۆ ناسەقامگیری مرۆڤ لە ناو باخ، یان جیهاندا.

لە سەرنجێکی دیکەدا بۆ سەر کورسییەکە، دەبینین کە شاردنەوە و داپۆشینی دواجارەکی کورسییەکە بە گەڵا لە لایەن پیاوەکەوە ئاماژەیەکە بۆ ناشتن و لەگۆڕنان و لەناوبردنی کورسییەکە کە لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ دەست شووشتن لە دنیا و بەجێهێشتنی شتە ماددی و بێ بایەخەکان. ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی مانەوە و چەق بەستن. لێرەدا دیمەنی فیلمی «هاواری مێروولەکان» لە دەرهێنانی «موحسین مەخمەلباف»م بە یاد دێتەوە کە لەوێشدا کورسی هەر چارەنووسێکی لەو شێوەیەی هەیە، چونکە لەوێشدا هەر لە سەرەتاوە کورسی حوزوورێکی بەردەوامی هەیە و کاراکتەرەکان واتە ژن و پیاوەکە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیدەگرن و دەیبەن، بەڵام دواجار دەبێتە دەستەچیلەی ئاگر و لەناو دەچێت، چونکە شیاوی مانەوە نییە. ئەم دوو دیمەنە هاوشێوەیە لە دوو فیلمی جیاوازدا هەڵگری یەک پەیامی هاوشێوەن کە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو دیاردانەی دەبنە هۆی مانەوە و پۆنگ خواردنەوە، هەر شیاوی ئەوەن کە لەناو بچن و ببنە دەستەچیلەی ئاگر.

پاشان لە درێژەی ئەوەدا کە پیاوی ناو کلیپەکە

کورسییەکە بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشێت، ئاورێک بۆ دواوە دەداتەوە، بەڵام ئێمە هیچ دیمەنێک نابینین کە نیشانەی ڕابردووی ئەو بێت جگە لەوە کە لە دوورەوە دیمەنی ئەومان بەرچاو دەکەوێت کە ئاوڕ دەداتەوە بۆ پشت سەری خۆی کە ئەمەش ئاماژە بەوەیە کە مرۆڤ کاتێک دێتە ناو باخ (جیهان) هیچ لە ڕابردوو و پێشینەی خۆی نازانێ و هەر تێناگات کە لە کوێوە هاتووە. هۆشیاری ئەو، ئەو کاتە دەست پێدەکات کە خۆی لە ناو ئەم جیهانەدا دەبینێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئێمە لە تەواوی کلیپەکەدا دوو ئاوڕدانەوەمان بەرچاو دەکەوێ: یەکیان هەر ئەوەیە کە پێش ئەوەی بچێتە لای کۆخیلکەکە و مەنزڵ بگرێ و لە سەر کورسییەکە نیشتەجێ بێت کە ئەم ئاوڕدانەوەیە هیچ نیشانە، یان غوربەتێکی بۆ ڕابردوو تێدا نییە، چونکە ڕابردوویەک لە ئارادا نییە و هیچ دیمەنێکیش لە ڕابردوو نابینین، بەڵام ئاوڕدانەوەی دووەم ئەو کاتەیە کە کورسییەکە و کۆخیلکەکە بە جێ دێڵێ و دەستیان لێ دەشوات و بۆ سەفەر وەڕێ دەکەوێ. ئەم ئاوڕدانەوەیان تەواو دیمەنی ڕابردوومان نیشان دەدات. ئێمە لەو کاتەدا دیمەنی کۆخیلکەکە و کورسییەکە لە چاوی پیاوەکەوە دەبینین کە بە نیگایەکی حەسرەتاوییەوە سەیریان دەکات، بەڵام لە ئاوڕدانەوەی یەکەمدا ئێمە دیمەنی خودی پیاوەکە لە چاوی کامێراکەوە دەبینین کە بەرەو ناو باخەکە هەنگاو دەنێت. سادەتر باسی بکەین ئێمە لە ئاوڕدانەوەی یەکەمدا هیچ شتێک لە نیگای پیاوەکەوە کە ئاماژەیەک بێت بۆ ڕابردوو، یان بۆ پشت سەری خۆی، نابینین چونکە لە کاتی هاتنی ئینسان بۆ ناو جیهان ڕابردوویەک لە کاردا نییە، بەڵکو دیمەنی خودی پیاوەکە لە چاوی کامێراکەوە دەبینین کە بەرەو ناو باخەکە هەنگاو دەنێت.

* * *

ئێستا ئەگەر بێینەوە سەر ماهیەتی خودی باخ لە ناو کلیپەکەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە باخ هێمایەکە لە ئەم جیهانە: باخێکی چۆڵ و بێ بەرگ و وشک ئاماژەیە بۆ دنیایەکی بێ پێز و چۆڵەوانی، ئەو باخەی کە هیچ کەسی تێدا دەست ناکەوێت لەو دنیایە دەکات کە مرۆڤ بە تەنیایی دێتە ناوی و هەر بە تەنیاییش دەمێنێتەوە و دیسان هەر بە تەنیاییش بە جێی دێڵێت.

لە لایەکی دیکەوە دەکرێ باخ هێما، یان ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو باخ و بەهەشتە ونبووەی کە مرۆڤ بە شوێنیدا هەڵوەدایە، ئەو فردەوسە ئەزەلییە و زەینییەی کە مرۆڤ لە سەرەتای مێژووەوە بیری لێ دەکاتەوە، کەچی دەبینین باخەکەی ئێمە باخێکی ڕووتەن و چۆڵەوانییە جگە لە غوربەت هیچی دیکەی تێدا بەدی ناکرێت، هەربۆیەش بۆمان دەردەکەوێت کە بەهەشتی ونبووی مرۆڤ جگە لە وەهم و ئەفسانە شتێکی دیکە نییە و جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جیهانە نە شیاوی ژینە و نە جێگەی مانەوە. لە ڕاستیدا سەفەری دواجاری کاراکتەری کلیپەکە هەر لەم ڕاستییەوە دەست پێدەکات کە دواتر زیاتر لە سەری دەدوێین.

هەروەها نیشاندان و زەق کردنەوەی گەڵای زەرد و خەزان و پاییز، بێ ئاکامی دنیا بە شێوەیەکی تۆختر دەخاتە ڕوو کە مرۆڤ بەر لەوەی خۆی بەو چارەنووسەوە گیرۆدە بێت، دەبێ بیرێک بۆ لێ ڕزگاربوونی بکاتەوە. ئەو ڕێگاچارەیەش هونەرە کە دواجار لە ڕێیەوە بگاتە جاویدانی و ئەبەدییەت.

لێرەدا بەجێ هێشتن و لەگۆڕنانی کورسی و گەڵاکان و کۆخیلکەکە هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لە چارەنووسی داسەپاوی دنیا، دەست شتنەوەیەکە لە شتە بێ بایەخەکانی زەوی کە جگە لەوە شیاوی هیچ شتێکی دیکە نین. هەر بۆیەش تەنیا شتێک کە لەو ناوەدا ڕزگاری دەبێت و لەگەڵ شتەکانی دیکەدا لەناو ناچێت «عوود»ەکەیە. واتە ئەوە تەنیا هونەرە کە لەگەڵ شتە مادییەکان جیاوازی هەیە و شیاوی مانەوەیە. جا بۆیە مرۆڤ دەبێ لەو جیهانەدا بیپارێزێ و لەگەڵ خۆشیدا ڕزگاری بکات تاکو دواجار ئەویش هەر بەو شێوەیە ببێتە هۆی ڕزگاری مرۆڤ و ببێتە پردێک بۆ پەڕینەوە بۆ کەناری ئەبەدییەت.

ڕۆیشتن و دواجار ئاوڕدانەوە بۆ ژیانی پێشوو، واتە ژیانی بەسەرچوو و حەسرەت خواردن بۆی، لە ڕاستیدا سەرەتای ئەو غوربەتە سەرەکییەیە کە کلیپەکەی تژی کردووە و بۆتە ناواخنی سەرەکی کلیپەکە، چونکە دروست لە دوای ئەوە کە پیاوەکە دەست لە کورسی و شتەکانی دیکە (دنیا) دەشوات، وەڕێ دەکەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند جار ئاوڕ بۆ ئەو ڕابردووە دەداتەوە و بە نیگایەکی حەسرەتاوییەوە سەیری دەکات، کە ئەمەش هیچ کە سەرەتای دەست پێکردنی غوربەتە، بەڵکو ئەوپەڕی غوربەت و نۆستالۆژیا دەگەیەنێت. لە ڕاستیدا

ئەو ئاوڕدانەوەیە ئەو ساتەوەختەیە کە مرۆڤ تا دوا ترۆپک هەست بەو غوربەتە ئەزەلی و دەروونییە دەکات. ئەو کاتەیە کە ئیتر هیچ چارەیەک نییە جگە لە جێهێشتنی ئەو چرکانەی کە تێیاندا ژیاوە، ئەو چرکە چرکەی چارەنووسە، چارەنووسێک کە ناوی غوربەتی بەسەردا دەبڕێت. هەر دروست دوای ئەوەش کە کاراکتەری کچ، یان ئافرەتی ناو کلیپەکە دێتە ناوەوە و چاوی بە تابلۆکانی ڕێنیشاندەر دەکەوێت کە لە سەریان وشەی «غوربەت» نووسراوە.

بە بارێکی دیکەدا دەست شووشتن و وێڵ کردنی کورسی و شتەکانی دیکە هۆکارێکی لە پشتە کە ئەویش «تەنیایی»ە. واتە ئەو تەنیاییە کە مرۆڤ هان دەدات دەست لە دنیا و شتەکانی ناوی بشوات و خۆی بۆ ڕۆچوون بە ناو ئەبەدییەتدا ئامادە بکات. شایەد ئەم ڕۆچوونە خۆی شێوەیەک بێت لە ڕاکردن لە تەنیایی، بەڵام لە هەمان کاتدا تەنیایی خۆی شێوەیەک ڕەنجی ئەبەدی و خۆی شێوەیەکە لە ئەبەدییەت. مرۆڤ تا لە تەنیایی تێنەگات لە ماهیەتی خودی خۆشی تێناگات، تا لە تەنیایی تێنەگات ناگاتە ماهیەتی ئەبەدییەت.

لە ناو کلیپەکەشدا «سەگ» وەک بوونەوەرێک کە مرۆڤ لە ناچاریدا وەک هاودەم و هاوڕێ هەڵیدەبژێرێ، ئەوپەڕی تەنیایی پیاوەکە نیشان دەدات. سەگ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بە تەنیایی بێ سنووری مرۆڤ، مرۆڤێک کە جگە لە سەگ هیچ هاودەمێکی دیکە لەو جیهانە تەنگەبەرەدا شک نابات. هەڵژنانی سەگەکە بە پیاوەکەدا نیشاندەری نزیکایەتی و هاوڕەگەزی بوونەوەرەکانی ئەم جیهانەیە، ئەوە کە خاوەنی زیندوێتی و هەست کردنن. دواجاریش بردنی سەگەکە لەگەڵ خۆیدا بۆ سەفەری ئەبەدییەت ئاماژە بەوەیە کە مرۆڤ لە ئەزەلەوە تا ئەبەد هەر تەنیا بووە و هەر بە تەنیاییش دەمێنێتەوە و ئەو تەنیاییە لە ئەبەدییەتیش لەگەڵیدایە و دواجار لەگەڵ خۆیدا دەبیات و قەت لێی جیا نابێتەوە.

هەروەها لەو ماوەیەدا کە پیاوەکە نیشتەجێی ناو باخ و کۆخیلەکەیە و لەسەر کورسییەکە دانیشتووە هیچ کارێک ناکات جگە لە جگەرەکێشان، کە ئەمەش خۆی ئاماژە بەوەیە کە لە جیهانێکدا کە غوربەت باڵادەستە مرۆڤ هیچی لە دەست نایەت جگە لە بەباکردنی حەسرەتەکان و پڕکردنەوەی تەنیایی لە ڕێی شتانێکی وەک جگەرە و... تاد کە ئەمانەش درۆیەک زیاتر نین جگە لەوەی کە فەرامۆشییەکی کاتی و تیژتێپەڕ لەگەڵ خۆیاندا دێنن تەنیا بۆ خۆفریودانی مرۆڤ کە پاشان دۆخەکە هەروەک خۆی لێ دێتەوە، یان بە قەولی سادق هیدایەت: هیچ کە ئاسوودەیی نادەن بە مرۆڤ، بەڵکو لە دوای ماوەیەک ئازارەکە زیاتر دەکەن. لە ڕاستیدا پەنابردنی مرۆڤ بۆ جگەرە و ئەو شتانە، بۆ فەرامۆش کردنی دەردی غوربەتە.

لە هەمان کاتدا واتە لە کاتی نیشتەجێ بوون لە ناو باخ و لە کۆخیلکەکەدا کاراکتەرەکەی ئێمە بە نیگایەکی وردەوە لە باخەکە ورد دەبێتەوە کە ئەمەش تێفکرین و وردبوونەوەیە لە جیهان، جیهانێکی تژی لە غوربەت، هەروەها دەرکەوتنی حەقیقەتی جیهانە وەک شوێنێکی ڕووتەن و چۆڵەوانی. هەر بۆیەش لەو ماوەیەدا ڕێگاچارەیەک جگە لە جگەرەکێشان نامێنێتەوە، ئەویش تەنیا بۆ فەرامۆش کردنی چۆڵەوانی و بێ نەزمییەکانی جیهان.

وردبوونەوە لە عوودەکەش تەنیا بۆ تێگەیشتن لە ماهیەت و بەکارهێنانی هونەرە. بۆ تێگەیشتن لەو کارتێکەرییەیە کە دەکرێ هونەر لە سەر ژیان و چارەنووسی دواجارەکی مرۆڤ هەیبێت.

هەروەک گوتمان لەم ناوەدا جگەرەکێشان و حوزووری سەگەکە ڕواڵەت و ماهیەتی ئەو تەنیاییە زۆر زیاتر تۆخ دەکەنەوە و دەیگەیەننە ترۆپکی خۆی. واتە ئەمانە ئاماژەکانی تەنیایی زیاتر دەکەن و هیچ شک و گومانێک ناهێڵنەوە کە ئەو مرۆڤە لەگەڵ تەنیاییەکی تۆخ و قووڵدا بەرەوڕووە تاکو دواجار وای لێدەکات بڕیار بدات کە دەست لە کورسی و دنیا و تەواوی شتەکانی ناوی بشوات و خۆی بۆ سەفەرێکی هەمیشەیی ئامادە بکات واتە: سەفەری ئەبەدییەت!

بەڵام سەفەری ئەبەدییەتیش ڕێگا و ئامرازی خۆی هەیە: ئامرازی هونەر و ڕێگای ئاو. ئەو دوو دیاردەیەن کە یەک ماهیەتی هاوبەشیان هەیە. هەردووکیان زەینی مرۆڤ بەرەو ناکۆتا دەکێشن. بیرکردنەوە لە هونەر و مۆسیقا و لە ئاو چەمکی ناکۆتابوون لە زەیندا سەوز دەکەن و مرۆڤ دەخەنە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە بە ناویاندا ڕۆبچێت و خۆیان بداتە دەست، بێ ئەوەی کە بیر لە ئاکام و دەرئەنجامەکەی بکاتەوە، چونکە لە ئەساسیشدا ئاکامەکەی ئاکامێکی دڵتەزێن نییە، بەڵکو شێوەیەک لە دڵبزوێنی و ئارامی بە ناخی مرۆڤ

دەبەخشن.

دەکرێت هونەر رێگایەک بێت کە مرۆڤ لەم جیهانەدا خۆی لە تەنیایی و غوربەت پێ بشارێتەوە، چونکە هەروەک دەبینین پیاوەکە لەو ماوەیەدا کە لە کۆخیلکەکە نیشتەجێیە لە عوودەکە ورد دەبێتەوە و سەرنجی دەدات، یان بە کورتی خۆی پێوە خەریک دەکات. دواجار پیاوەکە بڕیار دەدات کە بە بێ عوودەکە سەفەر بکات، بەڵام تێدەگات کە سەفەری ئەبەدییەت بە بێ هونەر ناکرێت، هەربۆیەش دەگەڕێتەوە تاکو عوودەکە واتە هونەر لەگەڵ خۆیدا ببات، چونکە لە ڕاستیدا لەوە تێدەگات کە سەفەری ئەبەدییەت تەنیا لە ڕێی هونەرەوە شێوە دەگرێت. هەربۆیەش عوودەکە لەگەڵ خۆیدا دەبات تاکو بە ئەوەوە سەفەر دەست پێ بکات.

### ئاو

ئاو خۆی هێمایەکە لە پاکی، لە بزووتن و نەسرەوتنی بەردەوام، لە ڕۆیشتن و کۆچ، لە ناکۆتا و ئەبەدییەت، چونکە ئاو تەنیا شتێکە کە قەت لە سوکنایی ناکەوێت و لە هەمان کاتیشدا ئەوسەری هیچ کات دیار نییە، ئەمەش وادەکات کە هەمیشە ڕواڵەتی ئەبەدییەتی پێوە دیار بێت. پەڕینەوە بە ئاویشدا هەنگاونانە بەرەو ئەو ناکۆتایە کە خودی ئاو هەڵگریەتی، واتە: ئەبەدییەت. سەرەڕای ئەوەش ئاو شتێکی جاویدانە کە هیچ کات لەناو ناچێت و مەرگی بە سەردا نایەت، چونکە سروشتێکی نەگۆڕی هەیە. خۆدانەدەست ئاویش ڕۆچوون و توانەوەیە لە ناو جاویدانی و نەمریدا، هەروەک چۆن کوڕ و کچەی ناو چیرۆکی «ماڵێک لە ئاو»ی شێرزاد حەسەن، ماڵێکی هەمیشەیی لە ئاو و لە هەناوی ئاودا دروست دەکەن بۆ ئەوەی ژینێکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی بژین. بە واتایەکی دیکە ئاو هەڵگری ئەو توخمانەیە کە بوونی مرۆڤ لە لەناوچوون و فەرامۆشی دەپارێزێت و بۆ هەمیشە لە خۆیدا هەڵیاندەگرێت. لێرەدا ئەگەرچی هونەر ئامرازێکە بۆ پەڕینەوە بۆ ئەبەدییەت، ئەوە ئاو دەبێتە ئەو ڕێگایە کە ئەو ئامرازە پێیدا بەرەو ئامانج تێپەڕ دەبێت.

### ئافرەت

هاتنە ناوەوەی کاراکتەری ئافرەت بۆ ناو کلیپەکە دنیایەکی دیکە بە ڕووی بینەردا دەکاتەوە کە تا ئەوکات چاوەڕوان نەدەکرا، هەربۆیەش ڕەهەندێکی نوێ بە سەرجەم کلیپەکە دەدات. ئافرەتەکە هەر کە دێتە ناو باخ، وەک پیاوەکە لە نیگای یەکەمدا چاوی بە تابلۆکانی ڕێنیشاندەر دەکەوێت و هەر بۆیەش لە دۆخەکە تێدەگات، بەڵام بەم جیاوازییەوە کە پیاوەکە لە چارەنووسی خۆی تێدەگات و ئافرەتەکە لە چارەنووسی پیاوەکە نەک خۆی. واتە ڕاکردن و هەڵوەدایی ئافرەتەکە بۆ ئەوەیە کە چارەنووسی پیاوەکە بگۆڕێت نەک چارەنووسی خۆی. ئەو هەر بە دیتنی تابلۆکان سەر لە چارەنووسی پیاوەکە دەردێنێت و هەربۆیەش بە خێرایی لە هەوڵی ئەوەدایە کە فریای پیاوەکە بکەوێت و لەو غوربەت و تەنیاییە ڕزگاری بکات، بەڵام ئەو کاتێک دەگات، بە سەر کەلاوەیەکدا دەکەوێت کە پاشماوەی تەنیایی و غوربەتی پیاوەکەیە، پاشماوەی ئەو بێ ئاکامییەیە کە سەردەمانێک پیاوەکە گیرۆدەی بووە و ئێستاش بەجێی هێشتووە. ئافرەتەکە لەگەڵ کەلاوەی رووخاوی کۆخیلکەیەکدا بەرەوڕوو دەبێت کە جگە لە دووکەڵ و تەم شتێکی دیکەی لێ بەدی ناکرێت. ئەمە ئاماژەیە بۆ بێ ئاکامی دواجارەکی ژیانی ناو ئەم جیهانە. لە ڕاستیدا تەمومژ و دووکەڵی بەجێماو لە دەوری کۆخیلکەکە و کورسییەکە ئاماژەیەکە بۆ ئەوە کە مرۆڤ لە دوای خۆی جگە لە بیرەوەری و کاراکتەرێکی تەمومژاوی و نادیار شتێکی دیکە بەجێ ناهێڵێت و هەموو شتێکی دەدرێتە دەست فەرامۆشی و لە تەم و غوباری لەبیرچوونەوەدا ون و بزر دەبێت و ئیتر بۆ هەمیشە لەناو دەچێت.

لە لایەکی دیکەوە دروست لە کاتێکدا کە ئافرەتەکە دێتە ناو کلیپەکەوە، بە دوایدا بینەر دیمەنی پیاوەکە دەبینێت کە خەریکی ڕیش تاشین و خۆجوان کردنە. بینەر وادەزانێت کە ئەم ئارایش و خۆجوان کردنە بۆ ژوانێکە و هەر بۆیەش بینەر بە هەڵەدا دەچێت، چونکە وادەزانێ کە ئەم خۆجوان کردنەی پیاوەکە بۆ ژوان و دیداری ئافرەتەکەیە، بەڵام دواجار بۆی دەردەکەوێت کە ئەو ژوانە ژوانی ئەبەدییەت و ژوانی کۆچێکی هەمیشەییە نەک ژوانی کچەکە. نیشاندانی هاوکاتی هەر دوو دیمەنەکە بە شوێن یەکدا (گەڕان و هەڵوەدایی کچەکە بە شوێن پیاوەکەدا و ڕیش تاشین و ئارایشی پیاوەکە) ئەم گومانە لە لای بینەر تەواو پتەو و بەهێز دەکات.

هەروەک گوتمان دەرکەوتنی لە ناکاوی ئافرەتەکە لە پێناو ئەوەدایە کە پیاوەکە لە تەنیایی دەربێنێت و

چارەنووسی ئەو بە بارێکی دیکەدا بسووڕێنێت، بەڵام مەخابن ئەو کاتە کاتێکە کە ئیتر هیچ سوودێکی نییە و هەموو شتێک کۆتایی هاتووە و سەفەری ئەبەدییەتی پیاوەکە دەستی پێکردوە، هەر بۆیەش هەوڵی کچەکە هەوڵێکی بۆش و بێ ئاکامە. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا و ڕوون دەبێتەوە کە سەرەڕای بوونی ڕەگەزی بەرانبەر (لێرەدا ئافرەت)، دیسان تەنیایی هەر شتێکی نەگۆڕ و لەبڕان نەهاتووە و هیچ چارەسەرێکی نییە و تەنانەت هاودەمێکی وەک ڕەگەزی بەرانبەریش چەنەبەری ئەم ڕەنجە ئەزەلیە نایەت و ئەوە دۆخێکە کە لەگەڵ بوونی مرۆڤدایە و لێی جیا نابێتەوە. واتە مرۆڤ بە مەرجی ئەوە کە مرۆڤە، بەو تەنیاییە ئەزەلییەوە مەحکوومە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە فریانەکەوتن و نەگەیشتنی کچەکە بە پیاوەکە ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ لەم جیهانەدا کاتێک دەگاتە ئارەزووەکانی کە ئیتر بایەخێکیان نەماوە، یان دەگەینە ئەو قەناعەتە کە لەم جیهانەدا کاتێک فریادڕەس و دالدەدەرێک دێت کە هیچ شتێک لە سەر جێی خۆی نەماوە و تەواوی بەهاکان ماهیەتی خۆیان گۆڕیوە. هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بۆ گەیشتن بە ئەبەدییەت و هەنگاونان بۆی، هیچ شتێک ناتوانێ ببێتە کۆسپ و لەمپەر، تەنانەت ئەگەر نزیکترین هاودەمیش بێت. لە سەر ئەم بنەمایەیە کە پیاوەکە ژوانی ئافرەت لە پێناو ژوانی ئەبەدییەتدا دەکاتە قوربانی.

## ئەبەدییەت

ناوەرۆکی سەرجەمی کلیپەکە هەڵگری پرۆسەیەکە کە لەودا هەوڵ دەدرێت هەموو شتێک بەخت بکرێت لە پێناو گەیشتن بە ئەبەدییەتدا. ئەبەدییەت ئەوەندە ئامانجێکی گرنگە کە دەبێ هەموو شتەکان و تەواوی بەهاکان لە پێناویدا فیدا بکرێن، تەنانەت «ئافرەت» ئەم ڕەگەزە خۆشەویستە و هەروەها «هونەر» ئەم چەمکە پیرۆزە. ئافرەت فەرامۆش دەکرێت چونکە ئامانجێکی گەورەتر لەو، بوونی هەیە کە ئەویش ئەبەدییەتە، بەڵام لە بابەت هونەرەوە خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە فیداکردنی هونەر بە مانای لەناوبردنی نییە، بەڵکو بەو مانایەیە کە تاکە ئەرکی سەرەکی هونەر هەر ئەوەیە کە مرۆڤ بگەیەنێتە ئەبەدییەت، چونکە هونەر چەمکێکە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ فەرامۆشی و لەناوچوون، واتە چەمکێکە بۆ گەیشتن بە نەمری و جاویدانی، یان بە وتەی نیتشە: «هونەر نیشاندەری بەرزترین ئەرک و چالاکی ڕاستەقینەی میتافیزیکیانەی ئەم ژیانەیە».

ئەبەدییەت ئەو دەزگیران و هاوسەرە هەمیشەیی و ڕاستەقینەیە کە بۆ گەیشتن پێی مرۆڤ دەبێ چاو لە باقی دیاردەکانی لەو شێوەیە (ئافرەت) بپۆشێت، ئەمەش لە خۆجوان کردن و ڕدێن تاشینی پیاوەکە پێش سەفەر کردن، دەردەکەوێت.

دوادیمەنی کلیپەکە کە دیمەنی شکاندنی عوودەکەیە و کردنیەتی بە بەلەم، لە ڕاستیدا گرنگترین دیمەنی سەرجەم کلیپەکەیە کە لەودا هەموو شتێک ڕۆشن دەبێتەوە و بینەر سەر لە سەرجەم دیمەنەکانی دیکە دەردێنێت.

لە ڕاستیدا گۆڕینی عوود بۆ بەلەم قۆناغێکی هەستیارە کە هەر تەنیا بە گۆڕینی ئامێرێکی ماددی، یان هونەری بۆ ئامێرێکی دیکە کۆتایی نایەت، بەڵکو لە بنەڕەتدا گۆڕانە لە ماهیەتی دوو چەمکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا کە یەکیان هونەرە و یەکیشیان ئەبەدییەت. واتە کوشتنی هونەرە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی سەرەکیدا کە ئەبەدییەتە. لێرەدا نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە شکاندنی عوودەکە و کردنی بە بەلەم بۆ پەڕینەوە، بە مانای لەبیرکردنی هونەر نییە، بەڵکو ئەو پێوەندییە نیشان دەدات کە لە نێوان چەمکی هونەر و چەمکی ئەبەدییەتدا هەیە، یان ئەو ئەرک و بەکارهێنانە نیشان دەدات کە هونەر هەڵگریەتی. ئێمە دواجار بە تاووتوو کردنی ئەو دیمەنانە و بە تێگەیشتن لە ماهیەت و ئەرکی هونەر دەگەینە ئەو قەناعەتە کە هونەر خۆی دوائامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە نەمری و جاویدانی، پردێکە بۆ پەڕینەوە بەرەو ناکۆتا، بەلەمێکە بۆ سەوڵ لێدان بەرەو کەناری ئەبەدییەت!

**بەهاری ١٣٨٧ هەتاوی (٢٠٠٨ز)**

# گۆرانی و مۆسیقای کوردی له ئەنادۆڵی کوردستانی تورکیا سالانی ۱۹۲۰ - ۱۹۳۰

فەرهاد پیرباڵ

ئالان بۆسکێ Alain Bosquet شاعیر و ڕۆماننووسی گەورەی ئەمڕۆی فەرەنسا، دیالۆگێکی دوور و درێژی لەگەڵ یەشار کەمال لەژێر ناوونیشانی (یەشار کەمال، هاوپەیڤین لەگەڵ ئالان بۆسکێ- Enretiens)، له دەزگای -Gal limard له ساڵی ۱۹۹۲ بڵاوکردۆتەوە. لەو کتێبەدا، چەند قسەیەکی یەشار کەمال دەبن بە بەڵگە و گەواهییەکی گرنگ له بارەی دۆخی گۆرانی و مۆسیقای کوردی لەو ناوچەیەی کە یەشار کەمال وەک منداڵیی خۆی تێدا بەسەربردووە کە ناوەڕاستی کوردستانی تورکیایە.

یەشار کەمال وەک خۆی لەو کتێبەدا دەڵێ، کە له ساڵی ۱۹۲۳ لەدایکبووە، هەروەها ئاماژە بەمەش دەدا کە ئەم ڕووداوانەی دەیانگێڕێتەوە کاتێک بووە کە ئەو تەمەنی هەشت نۆ ساڵان بووە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ساڵ کۆتایی ۱۹۲۰ و سەرەتای سالانی ۱۹۳۰ بووە.

یەشار کەمال دەڵێ:

- باوک و دایکی من، کاتێ له ساڵی ۱۹۱۵ ڕووس هاتن شاری (وان)یان داگیرکرد، ئەوان له ترسان ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتیان بەجێهێشت. ساڵ و نیوێکیان پێ چوو تا توانییان بگەنە چقوورئاوا و لەو گوندە نیشتەجێ بن.

خاڵم «مەیرۆ» بوو، بەناوبانگترین ئەشقیای ئەو مەڵبەندی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات- ئێران و قەوقاس بوو. خەڵک دەڵێن کە له تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا کوژرا. من بەخۆشم، دوای مردنی ئەو، گەلێک بەیت و بالۆرەی ئەوتۆم گوێ لێ بووە کە ئەو- خۆی ڕۆڵی قارەمانی تێدا دەگێڕێ.

کاتێ دەستم کردە شیعر نووسین، تەمەنم هەشت ساڵان بوو. بەشێوازی شاعیرە میللییەکانی ئەو مەڵبەندە شیعرم دەنووسی. ماڵی ئێمە بەمەوە بەخۆی دەنازی کە لاوکبێژ و شاعیری میللی هەرە گەورەی کورد (عبدال زەینەکی -Ab dal Zeyniki) تەشریفی هاوردبووە ماڵی ئێمە و چەندان جار لەژێر بنمیچی ماڵی ئێمەدا بووە کە لاوک و داستانە شیعری خوێندبۆوە. «ئەمە ئەو ماڵەیە کە عەبدال زەینەکی چۆکی تێدا داوەتەوە و داستانەعیری تێدا خوێندۆتەوە».

هەمیشە، بێ وچان، گوێمان لەم قسەیەی خەڵک دەبوو. عەبدالْ زەینەکی بۆ من ئەسحابەیەک بوو، تەنانەت لاوکبێژە کوردەکانی دیکەش، ئەوانەی دەهاتنە ماڵەکەمان، بەهرەیان لە داستانەکانی عەبدالْ زەینەکی وەرگرتبوو.



یەشار کەمال

ژیانی عەبدالْ زەینەکی ببووە ئەفسانەیەک بۆ خۆی. هەر داستانبێژێک کە بە ماڵەکەماندا تێپەڕدەبوو، دیمەنێکی نەوباوی دیکەی دەخستە سەر ئەفسانەکە.

هەر لە تەمەنی هەشت ساڵیمەوە، کە پڕ بووم لەسەرسامی لە هەمبەر ئەو داستانبێژانە، دەچووم منداڵانی گوندم کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی داستانیان بۆ بگێڕمەوە. پاشان ورده ورده گوێگرەکانم خەڵکی گەورەشی گرتەوە. من زۆربەی ئەفسانە و داستانە کوردییەکانم لەخۆمدا هەڵگرتبوو.

یەشار کەمال درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ:

– من لە گوندێکی تورکمانان گەورە بووم. ئەوەی لە بارەی کوردەوە دەمزانی هەر ئەوە بوو کە لە ماڵەوە گوێم لێ ببوو. بۆ یەکەم جار گوێم لێ بووبێ باسی ڕاپەڕینی کوردان کرابێ، دیسان هەر لە ڕێگەی لاوک و گۆرانییە میللییەکان و داستانەکانەوە بوو. من لە باوکمەوە بیستم کە مامی ئەو، واتە میری کورد (گولیخان بەگ) گوێزرابۆوە ئێرە، بەخۆی و بەماڵ و منداڵەوە لێرە لە تاراوگەدا دەژیا. یەکسەر زوو لە هۆیەکانی تێگەیشتم. پیاوێکی دینیی کورد، (شێخ سەعید)، ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینی کوردەکانی کردبوو، ڕووبەڕووی لەشکری تورک ببۆوە و لە ئاکامدا تێکشکابوو.

ئیدی، ئەو مامەی باوکی منیش، وەک هەموو سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی دیکە، بە ناچاری ڕێگای تاراوگەی گربووە بەر. ئەو پیاوێکی ڕێکپۆشی بە شەخسیەت بوو، پایەدار، ڕدێن سپی. زۆر بەباشی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی قسەی دەکرد، بە شەوکەتێکەوە. شایەری عەشیرەتەکەشی هەر لەگەڵ ئەودا هاتبوو. تا بەرەبەیان لاوک و داستانی لەبارەی «هەرەسهێنانەکان» دەگێڕایەوە، لەبارەی شەڕ و شۆڕەکانی ڕابردوو؛ ئەو لاوژە و داستانانەی کە قارەمانەکانیان بەگژ عیراقی و ئێرانییەکاندا چووبوون. بە دوور و درێژی بەیتی بەسەر کردەوە بەرزەکانی مامدا هەڵدەگوت، بەسەر جەردە بەشەرەفەکان، بەسەر خاڵەکەم کە لەشەڕ کوژرابوو.

کابرای شایەر دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، میریش (مامەکەم) نازی بەم خزمەتەوە دەکرد: «شایەری وەکو خۆی لەدنیا نییە»، هەر کەسێک بیویستایە گوێی لێ ڕابگرێ، وای پێ دەگوت. ئایا هاوشانی داستانبێژێکی گەورەی وەکو (عەبدالْ زەینەکی) نەبوو؟ ناویم لەبیرچۆتەوە. وابزانم هەرگیز بەناوی خۆی بانگیان نەدەکرد، هەر پێیان دەگوت: «دەنگبێژ»، کە بە کوردی دەکاتە «Dengbej».

یەشار کەمال دەڵێ:

– ئێمە لە ماڵەوە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانمان دەگوتەوە، ئەو گۆرانییانەی پێیان دەگوترێ «تورکوو– Turku». مامەکەم دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، بەڵام هەمیشە هەمان نەزمی دەگوتەوە، تەنیا چەند شیعرێکی تازەی دەخستنە سەر.



ئالان بۆسکێ

ئەم گۆرانییە کوردییانە، سەرتاپای منداڵانی گوند دەهاتن گوێیان لێ ڕادەگرت؛ دەهاتن لەژێر پەنجەرەی ماڵەکەمان، یان لەودیو پەردە حەسیرییەکانەوە کۆدەبوونەوە.


من، پاشان، دەچووم قسەکانی (شیعرەکان)ی ئەو گۆرانییە کوردییانەم دەکردنە تورکی. وای لێهات ماوەیەک هیچم نەما وەری بگێڕم: هەر کە دەستم بە گۆرانییەکە دەکرد، منداڵ لەژێر پەنجەرەکەدا کۆدەبوونەوە، ئیدی چونکە هەموو شیعرەکانیان ئەزبەر کردبوو، هەموو لا پێکەوە گۆرانییەکەمان بەیەک دەنگ دەگوتەوە. گۆرانییەکە باسی گۆلی (وان)ی دەکرد، سۆزێکی غەریبیی قووڵی بۆ گۆلی (وان) دەردەبڕی. ئەم مەڵبەندە بەهەشتێک بوو لەسەر زەمین».

یەشار کەمال دەڵێ:

– تەمەنم هەشت ساڵان بوو، لاوکبێژی کورد، عەبدالْ مووسا، جارێکیان داستانێکی بە کوردی لە بارەی چقووڕئاوا بۆ گێڕامەوە، کە دەچۆوە سەر داستانەکانی داستانبێژی کورد عەبدالْ زەینەکی. ناواخنی ئەو داستانە بە شانوباڵی (محەمەد پاشای سوورەملی)، فەرمانڕەوای گەورەی کوردی هەڵدەدا، کە کاتی خۆی بەخۆی و سوارچاکەکانییەوە ڕژابوونە ئەو دەشتە بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ فەرمانڕەوای تورکمانەکانی قۆزان ئۆغڵوو Kozanoglu بکەن.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**




## کتێبی (کۆیە – لەڕەوتی شارستانیەتدا)

ئەم کتێبە لە نووسین و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی مامۆستایان: کەریم شارەزا، نازم حەویزی، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەجید ئاسنگەرە و (وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە) ئەم ساڵ (٢٠٠٩) چاپی کردووە و ژمارەی سپاردنی (٥٥)ی پێ دراوە و (٤٨٧) لاپەڕە لەخۆ دەگرێت. دانەیەکی ئەم کتێبەم لە لایەن بەڕێز (شاکرئەبوبەکر- بەڕێوەبەری گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە) بە سوپاسەوە پێشکەش کرا. دوای خوێندنەوەی کتێبی (کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتدا) حەزم کرد ئەو باری سەرنج و ڕەخنە و تێبینییانەی لام دروست بوون و ئەو زانیارییە نوێیانەش کە لەو کتێبەوە بەدەستم کەوتن، لێرانەدا بیانخەمە ڕوو.

سەرەتا پڕ بە دڵ پیرۆزبایی خۆم بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانە ئاشکرا دەکەم و دەستخۆشییان لێ دەکەم. دیارە من لە ماوەی دواییدا ئاگاداری ئەو پرۆژە چاکەیان بووم، بە تایبەتی ئەوکاتانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ هەندێ لەو بەڕێزانە، بۆ پرۆژەی کتێبێکی خۆم بە ناوی: (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە) ئەنجام دەدا، مەبەستم لە مامۆستایان نووسەرانی کتێبەکەیە، تەنانەت هەندێ لەوانەی ناویشیان لەبەر هەچ هۆیەک بێت لەسەر ڕووبەرگی کتێبەکە دانەنراوە. مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین بۆی باسکردم و گوتی: (سەرەتای پرۆژەکە حاکم (نازم حەویزی) دەستپێشخەر بوو، ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٢) بیرۆکەی ئەو پرۆژەیەی لای من ئاشکرا کرد و سەرەتا داوای لە من کرد بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکە و ئینجا داوای لە مامۆستایان کەریم شارەزا و مەجید ئاسنگەر کرد و دواتریش مامۆستا عوسمان خۆشناو هاتە ناو پرۆژەکەوە.)(١)

بەو پێیە کتێبەکە ماوەیەکی دوور و درێژ و هەر لە ساڵی (١٩٩٢)وەوە وەک خوێندمانەوە کاری بۆ دەکرێت، بەڕای من چاوەنواری شتی زۆرتری لێ دەکرا. هەر بۆ نموونە: دەتوانرا هەڵەی چاپی کەمتر بێت! وا لە خوارەوە خشتەیەک بە هەندێ لەو هەڵانە دادەنێم بەو مەبەستەی لە داهاتوودا لە کاتی دووبارە لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە سوودی لێ وەربگیرێت:

| ژمارە | ژمارەی لاپەڕە | هەڵـــــــــە | ڕاستی ڕشتەکـــــــە |
|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | هەمەخوور | هەمەسوور |
| ٢ | ٥ | بەرزەمی | بەرزەمەری |
| ٣ | ٦ | تتریش | تریش |
| ٤ | ٦ | ئی ئستا | ئێستا |
| ٥ | ٨ | جوورێن | بوورێن |
| ٦ | ١١ | دیمقراتی | دیمقراتی |
| ٧ | ١٦ | مثل الموصلي | مقدر الوطني |
| ٨ | ٣٧ | کۆیە | کۆیە |
| ٩ | ٣٨ | شای شای | شای |
| ١٠ | ٤٤ | زراعجلال | نواجلال |
| ١١ | ٥٥ | وڵاتەی | وڵاتەکەی |
| ١٢ | ٥٩ | میلارنشین | میرنشین |
| ١٣ | ٥٩ | هاوشانی | هاوشانان |
| ١٤ | ٥٩ | قوڕەداغ | قەرەداغ |
| ١٥ | ٦٠ | گەلی جار | گەلێکجار |
| ١٦ | ١١٥ | لە پەرەدەمی | لەبەردەمی |
| ١٧ | ١٣٣ | چەوپەك | چەندەیەك |
| ١٨ | ١٣٥ | پێکدادانە | پێکدادان |
| ١٩ | ١٢٨ | ئەنجومەنی تەئسیسی عیراق | ئەنجومەنی تەئسیسیی عیراق |
| ٢٠ | ١٣٩ | پڕۆژەدامەلانی | پڕۆژەکانی |
| ٢١ | ١٤٠ | جەنگڕیکاندی | بەشڕیکاندی |
| ٢٢ | ١٤٦ | ڕیزگاریخوازی | ڕزگاریخوازی |
| ٢٣ | ١٦٤ | وایل پاللە | واثق باللە |
| ٢٤ | ١٩٢ | ئەوە زانوایی باپیرمان | ئەو زانایەی باپیرمان |
| ٢٥ | ١٩٢ | ئەحمەد دلێزار | ئەحمەد دلزار |
| ٢٦ | ٢٠٠ | ئەو بنەماڵەت | ئەو بنەماڵەیە |
| ٢٧ | ٢٠٧ | مەریێن قەریشە | مەریێن قەدیشە |
| ٢٨ | ٢٢٤ | کۆمیابەتی خوزایەتی | کۆمیابەتی خۆبیابەتی |
| ٢٩ | ٢٢٤ | نادارین | نادیارن |
| ٣٠ | ٢٣٠ | کۆن | کۆن یا کۆنە |
| ٣١ | ٢٢٧ | هەرموزتر | هەرموزنە |
| ٣٢ | ٢٢٨ | شاخی شلە | شاخی سلێکە |
| ٣٣ | ٢٣٠ | بابە شاسمیوانی | باب شاسمیوانی |
| ٣٤ | ٢٣٠ | پەتیا پەتیا | پەتیا پەتیا |
| ٣٥ | ٢٣٣ | بگری | بگری |
| ٣٦ | ٢٣٣ | پێشمرە | پێشمەرەی |
| ٣٧ | ٢٤١ | ڕووبەکانە | ڕووبەکانە |
| ٣٨ | ٢٤٢ | چەمسەری | جەمسەری |
| ٣٩ | ٢٤٣ | دەطمبێنن | دەمشتیێنن |
| ٤٠ | ٢٤٧ | خۆری | خۆری |
| ٤١ | ٢٤٨ | ڕاپەڕینەکەیدا | ڕاپەڕینەکەیدا |
| ٤٢ | ٢٤٩ | داکۆکیەری | داکۆکیکەری |
| ٤٣ | ٢٥١ | بوبینابی | بەبوێنەیی |
| ٤٤ | ٢٥٦ | جەلی | جەلی |
| ٤٥ | ٢٦٠ | ناقۆرانا | ناقۆلاکانا |
| ٤٦ | ٢٦١ | ناقوژ جار | ناکۆژ جار |
| ٤٧ | ٢٦٢ | سەرج کرسوە | شەرج کرابووە |
| ٤٨ | ٢٦٤ | چوبینک | چەپکێک |
| ٤٩ | ٢٧٩ | مزگەوتی (خانەو سوجادە) | مزگەوتی (خانەم سوجادە) |
| ٥٠ | ٢٨٤ | داخوشمەش | داخۆشینیش |
| ٥١ | ٢٨٤ | قەمی | قەمەی |
| ٥٢ | ٢٨٦ | کۆمیان | کۆیبیان |
| ٥٣ | ٢٨٨ | کۆرشانی کەیلانی | کۆرستانی کەیلانی |
| ٥٤ | ٢٩٤ | ئاوکیکی | ئاوریکی |
| ٥٥ | ٢٩٥ | فارسیوان ئەمزانی | فارسییان ئەمەزانی |
| ٥٦ | ٢٩٨ | سەردار | سەرۆ |
| ٥٧ | ٣٢٨ | قیرە | قەیرە |
| ٥٨ | ٣٢٩ | ئەحمو وحدرف | ئەحمەر وحدرف |
| ٥٩ | ٣٦٣ | ئاوەڕێکی | ئاوەڕێکی |
| ٦٠ | ٤٠٤ | زیندوریکی | زیندوویکی |

دیارە هەندێ هەڵەی تریش هەبوون، بەڵام بە پێویستم نەزانی لەوەزیاتر خۆمیان پێوە خەریک بکەم.

* لە لاپەڕە (١٥)ی ئەو کتێبەدا هاتووە: شاری کۆیە (٦٣٠) مەتر لە ئاستی دەریا بەرزترە، کەچی لە لاپەڕە (٢١)دا نووسراوە: شاری کۆیە (٦٠٠) مەتر لە ئاستی دەریا بەرزترە!

* لە لاپەڕە (٢٤) یش نووسراوە: پتر لە (-) قوتابخانەی سەرەتایی بۆ کچان و کوڕان و (-) خوێندنگەی ناوەندی و دواناوەندی و پیشەسازی و بازرگانی تێدایە؟ وەک دەبینن نەمانزانی ژمارەی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئەوانی تر چەندن، چونکە لەناو کەوانەکاندا نەنووسراون.

* لە لاپەڕە (١٨١)یش ڕستەیەک هەیە نووسراوە: (بیدەنە قایمقام، گوێی گوایە شتێکی نایابی...تاد)؟ دیارە هیچ مانایەک بە دەستەوە نادا! بەڕای من ئەو ڕستەیە بەم جۆرەیە: (بیدەنە قایمقامی کۆیێ گوایە شتێکی نایابی ....تاد).

* لە لاپەڕە (١٤٠)دا هاتووە: (گەیشتە گەڕەکی تازەی بنیات نراوە .. تاد) کە دەبوایە بنووسرێت: (ئێستا گەڕەکی تازەی تێدا بنیات نراوە..تاد).

* لە لاپەڕە (١٩٢)شدا هاتووە:

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست: (ئەو بنەماڵانەی بە تیرۆتەسەلی لە سەریان نووسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی ئەندامانی بنەماڵەکە ئێمەش بە سوپاسەوە بڵاویان دەکەینەوە، بە پێی مێژووی بوونیان لە کۆیە.....)!

* لە ڕاستیدا ئەم ڕوونکردنەوەیە بووە مایەی سەرسوڕمان بۆمان! چونکە ئێمە خانەوادەی (حەمە مەلا ئاوڕەحمان مەلا پیرۆت مەلا عەولا)ی کۆیی تا ئەمڕۆ داواکارییەکی لەم بارەیەوەمان چ بە نووسین، یان بە زاری بووبێت بەدەست نەگەییوە! تا بزانین چییان لە ئێمە داوایە و بە خۆشحاڵییەوە بۆیانی ئەنجام بدەین، واتە نووسینێکیان دەربارەی بنەماڵەی خۆمانەوە پێ بدەین! دواتر نووسیویانە: (بەڵام دیتمان گەلێ بنەماڵەی تر هەن بە دەنگمانەوە نەهاتوون، دیسان ویستمان شتێکیان دەربارەوە بنووسین، ئەگەر کەمیش بێت ...تاد)، کەچی سەیر ئەوەیە ناوی خانەوادەی ئێمەیان دوور و نزیک نەهێناوە! هەرچەندە خانەوادەی ئێمە تا ئەمڕۆ لە چەندین سەرچاوەوە لەسەری نووسراوە، هەر بۆ نموونە:

مامۆستا (تایەر ئەحمەد حەوێزی) لە بەرگی دووەمی کتێبی (مێژووی کۆیە) دەربارەی خۆمان و باوک و بابە گەورە و باپیرانمانەوە نووسراوە:

* لە لاپەڕە (١١٧)دا دەنووسی: «لە (سەفەر بەرلک) هەندێ کەسی کۆیی وەک (جەلال ئاغا)» و

(مەلا ڕەشید) و (حەمە مەلا) خۆیان کڕییەوە، جاری یەکەم یەکی (٥١) لیرە و جاری دووەم (٣٠) لیرەیان دا ..... تاد).(٢)

* لە لاپەڕە (١١٩)دا نووسیویەتی: (ئەمین چاوەش جلی عەسکەری لەبەربوو، وە (قانوون)ی لە مل بوو، کلاوێکی قوولّی لەسەر بوو، حوکمی (ئامیرلیوا)یەکی هەبوو، ڕۆژێکی ((قادرئەفەندی)) لە دووکانی (حەمە مەلا)ی ئامۆزای دادەنیشی، ئەمین چاوەش دێ، سەلامێکی بۆ دەکا و بە (تورکی) پێی دەڵێ: بەگم دوگمەی یەخەت کراوەتەوە، دای بخە! ئەویش دەڵێ: (پەکی) و یەخەی دادەخا، کە قادرئەفەندی (یۆزباشی)ش بوو. (٣)

* لە لاپەڕە (١٧٥) نووسراوە: (لە کۆیە (سوختەخانە) زۆر بووە، ئەمانە لە پێش ساڵی (١٩٠٠) سوختەخانەیان هەبووە: یەکێک لەوانەی ناویان نووسراوە: (مەلا ئاوڕەحمان مەلا پیرۆت) لە گەڕەکی (هەواو). دیارە ئەو مەلایە دەبێتە باپیری باوکم. (٤)

* لە لاپەڕە (١٧٩)ی ئەو کتێبە دەخوێنینەوە: (ئەم بنەماڵە عیلمیانە لە کۆیە زۆر کۆنن، گەلێکیان هەر ناوەکەیان بۆ ماوە و کەمێکیان بە ناوی مەلایەتی ماون: (باپیر فەقێ ئەحمەدی دایە خەجێ، جەلیزادە، ئیمام، یووسف زاهید زادە، خەتیب، مەلا پیرۆت، عەودالانی، مەلا محەمەدی قازی، مەلا مەحموودی موفتی ...) دیارە (مەلا پیرۆت) وەک زووتر نووسیم باپیرە گەورەی ئێمەیە.(٥)

* لە لاپەڕە (١٨٢)شدا دەخوێنینەوە: کە ئەم زانیارییانەی لە دەمی (حاجی مەلا ڕەئووف ئاغای سەلیم ئاغای) وەرگرتووە کە تێیدا دەڵێ: (عەزیز ئەفەندی هەولێری ساڵی (١٩٠٠) لە کۆیە موعەلیم بووە!) ئەو پیاوە باوکی دایکم بووە و ماوەیەک لە کۆیە نیشتەجێ بووە.(٦)

* لە لاپەڕە (٢٥١)شدا هاتووە: (ئەم نووسەر و ئەدیب و شاعیرانە، هەرکەس بەشی خۆی (کەم و زۆر) شتی لەسەر فۆلکلۆری کۆیە نووسیوە وەک بەڕێزان: (یەکێک لەوانە ناوی بەندە: (وریا ئەحمەد حەمە مەلا)یە. (٧)

* لە لاپەڕە (٢٥٩)ش بەدواوە لە بابەتی (گۆرانیبێژەکان) لە لاپەڕە (٢٦٠) ناوی مامی جوانەمەرگم (عەبدولرەزاق حەمە مەلا) وەک گۆرانیبێژ و لە لاپەڕە (٢٦٦)یش دەربارەی باوکم و هاوەڵانییەوە باسکراوە کە: (تاقمێک لە پاش عەسران دەچوونە دەم ڕووبارەکان، لە ناو هەندێ ڕەزان تا درەنگ بە گۆرانی و مەقام و بەستەگوتن ڕایان دەبوارد، (شلەوخانان) و (لە باغان ئاهونالّێن دێ)یان دەگوت، وە زۆر (غەزەل)ی (ئەمین ئاغای ئەختەر و سافی هیرانی و تایەربەگی جاف و وەفایی و مەیلی و عەونی) و ئیتریان دەگوت، هەروەها کۆڕێکیان پێکەوەنابوو، وەک: سێوە، مەلا ئەسعەد، ئەحمەدی حەمە مەلا، عومەری مام عەولا، تایەر تۆفیق، مەلا ئەحمەدە کۆرە، ئەحمەدی مەعرووفی کرۆسکی خومخانچی) (٨)

* هەروەها لە لاپەڕە (٢٧١)یش دەخوێنینەوە: (لەو ساڵانەی دواییدا، مەلا حەویز ئاغا، وەکو ئەمین ئاغای ئەختەر، ئەوانە لە دیوەخانەکەیاندا گۆیندەیان دادەناو گۆرانی خۆش خۆشیان دەگوت و مێزیان بۆ ئەم مەبەستە دەڕازاندەوە، (سێوە) و (مەلا ئەسعەد) و (ئەحمەدی حەمە مەلا) و هی دی بەشدارییان تێدا دەکرد، بەڵام ئەمە زۆر دەوامی نەکرد و جەنگی دووەمی جیهانی بەسەرداهات، ئەو بەزم و ڕەزمە نەما، (ئەحمەدی حەمە مەلا) دووکاندار و حاڵخۆشبوو، هەرچەندە لە ئاهەنگەکاندا بەشداری دەکرد، بەڵام خۆی ئەگەر هەوەسی نەبا کەس نەیدەتوانی بە زۆر گۆرانی پێ بڵێ! سێوە و مەلا ئەسعەد و تایەر تۆفیق پێی ناوێ من چیبیان لەسەر بنووسم چونکە زۆر ناسراون و زۆربشیان لەسەر نووسراوە و (کاک ئەحمەد)یش جێگەی چۆڵ نییە، وا (وریا ئەفەندی)ی کوڕی لە مۆسیقا و گوتن و ئاوازدانان و



لێکۆڵینەوەدا دەستێکی باڵای هەیەو بێ وێنەیە.)(٩)
* دڵداری شاعیری (ئەی ڕەقیب)، کە برادەری باوکم (ئەحمەدی حەمە مەلا) بووە، لە یادگارییەکانیدا بەم جۆرە باسی کردووە: (ئەحمەد کوڕێکی باریکەلەی زەردی چاو گەورەی لووت خڕ، بەڵام نێوچەوانێکی پان، هەیکەلێکی جوانی هەبوو، زۆر دەنگی خۆش بوو! زۆریش تەفەننونی لە شەدە بەستندا دەکرد، چاو لەدەر بوو دۆستداری و عاشقبازی دەکرد....)(١٠)
* بەندەش نووسەری ئەم چەن دێڕە، لە گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە (٩٦)ی ساڵی (١٩٩٢)دا، هەروەها لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٢٧)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧) دەربارەی (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوک و هونەرمەند و نیشتمانپەروەر چەندین لاپەڕەم نووسیوە، هەروەها لە ژمارە (١١٦)ی گۆڤاری (ڕامان)دا چاوپێکەوتنێکم لە گەڵ کۆچکردوو (کەریمی حەمە مەلا)ی مامم و لە ژمارە (١٣٦)ی هەمان گۆڤاردا چاوپێکەوتنێکم لە گەڵ دایکم (ئۆدە سەبیح)دا کردووە و تێیاندا دەربارەی بنەماڵەی خۆشمان بەگشتی قسەکراوە.
* (زیاد عەلی بەرزنجی)یش لە بابەتێکدا کە لەژێر ناوونیشانی (کۆیە و مەقام و گۆرانی کوردی) دایە، نوسیوویەتی و دەڵی: (ئەم ڕێبازەش لە سەردەست و لەرەی دەنگی خوالێخۆشبوو (ئەحمەدی حەمە مەلا - ١٩١٣-١٩٦٩) خولقاو مامۆستا (تایەر تۆفیق) سوودی لێوەرگرت و بە سوارچاکی ئەو ڕێبازە دادەنرێت).(١١)
بۆیە بەڕای من گەر مامۆستایان دانەرانی ئەو کتێبە مەبەستیان بوایە شتێک لەسەر بنەماڵەی ئێمە بنووسن، دەیانتوانی بە سوود وەرگرتن لەو زانیارییانە و هی تریش، لەو کتێبەدا، ئەگەر بە کورتیش بێت وەک نووسیویانە، تۆزێ باسی خانەوادەی ئێمەش بکەن.
* لە لاپەڕە (٤١٠)شدا لە ژێر ناوونیشانی (پێوەندی هونەری کۆیە لەگەڵ دەورووبەریدا) هەندێ زانیاری لە نووسینەکانی من کە لە گۆڤاری (ڕامان) بڵاوکراونەتەوە، وەرگیراوە، دیارە من هەر لە ژمارە (١١٣)ی ئەو گۆڤارەوە تا دوا ژمارەی واتە ژمارە (١٤٣)ی لەم پرۆژەیەدا بەردەوامم، نووسینەکانیشم لەو گۆڤارە لە ژێر ناوونیشانی: (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە)وەن، جا زانیاری هونەری لەو نووسینانەی منەوە وەرگیراوە و ئاماژەشی بۆ نەکراوە: بۆ نموونە:
هەر لەو لاپەڕەیەدا ئەو زانیارییەی سەرەوە وەرگیراوە و بەم جۆرە نووسراوەتەوە: (شێخ نەجمەدینی بەرزنجی گوتوویەتی: (نوێنەری شاعیران و مەقامبێژان لە (بەغدا)وە دەهاتن، بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی تێگەیشتن و دەستڕۆیشتنمان لەو هونەرەدا؟).
* لە کاتێکدا من لە گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٢٥)دا لە چاوپێکەوتنی (سەید ئەنوەری کوڕی سەید ئەحمەد) بۆی باس کردوومە: (بەڵام لە گۆتندا (شێخ نەجمەدین)ی مامم ئوستادی هەر هەموویان بووە، کاتی خۆی ئەم مامەم دەیگێڕایەوە و دیگوت: لە سەردەمی باوکم، دانیشتنی ئەوتۆمان سازداوە، کەڵە شاعیر و مەقامبێژان لە (بەغدا)وە دەهاتن، بۆ تاقیکردنەوە و ناسینی توانای دەنگی ئێمە لە گۆتن و مەقامزانیدا، هەروەها دەیگوت: ئەوان پەکیان دەکەوت و دەنگی من نەدەکەوت.)
* لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەو ژمارەیەی (ڕامان)دا دەخوێنینەوە: (مامم بۆی گێڕاینەوە و فەرمووی: (جارێکیان لە بەغداوە، کۆمەڵێک مەقامبێژ و مەقامناس بۆ کۆیە بۆ لای من هاتن، بۆ تاقیکردنەوەی تواناو مەقامزانین و گۆتنی من، هەریەکەیان دەستی کرد بە گوتنی مەقامێک، کاتێک نۆبەی من هات، بە مەقامی (ئیبراهیمی) دەستم پێکرد و چوومە مەقامەکانی دی هەتا (١٢)مەقامم بۆیان خوێند، هەموو ئەو مەقامانەم بە (میان) و (قوفل)ەکانەوە بۆیان ئەداکرد و ئەو مەقامانەم بەیەکتری بەستنەوە، ئەوانەی لە مەجلیسەکەدا لە مەقام دەگەیشتن، ئەوکارەی منیان گەلێ پەسەندکرد، کەسی وایشیان تێدا بوو، لە تەئسیری دەنگم دەگریان! دانیشتنەکە بەردەوام بوو، تا ئەو ڕادەیەی ئەوان دەنگیان نووسا من هێشتا دەنگم چاک دەهات، دواجار گوتیان: تۆ لە زانینی مەقامدا لە ئێمە باڵاتری و لە توانای دەنگ و گۆتنیش لە ئێمە چاکتری.)
* لە شوێنێکی دیکەی هەر لە لاپەڕە(٤١٠)یەدا نووسیویانە: کاتی هێرشی (عەجەم)ان بۆ سەر سمکۆی شکاک، لەو خەڵکەی پەڕاگەندەبوون، هەندێکیان هاتنە کۆیە، لە ناویاندا (سەعیدەکۆر) و (شێخ محەمەدی برای و برایم خان) ناوێک هەبوون، بەستەو گۆرانی زۆریان لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کۆیە هێنا!
* دیارە هەواڵەکە لە ژمارە (١١٦) گۆڤاری (ڕامان) لە دەمی کۆچکردووی مامەوە (کەریمی حەمە مەلا)وەیە و نووسیومە: ( لێرەدا مامم شتێکی وەبیر هاتەوە و گوتی: لە ساباڵاخێ، کاتێک (عەجەم) شەڕی لەگەڵ (سمکۆ)ی کرد و تاڵانی کردن و (شکاک) هەڵاتن، هاتنە ئێرە، دوو گەنجیان تێدابوو (سەعیدە کۆر و شێخ محەمەد)ی برای مەقام گوتن و گۆیندەیی پاش خۆیان حەرام بوو!)
* هەر لە لاپەڕە (٤١٠) دەخوێنینەوە: (غەفوورئاغای ساباڵاغی) کە دەنگی لە ڕادەبەدەر خۆش بووە و بردوویانە بۆ (بەغدا) و لەوێ قەوانی دەرکردووە و گرامەفۆنێک و قەوانێک و چل ڕووپییەشیان وەک پاداشت پێداوە؟).

* ئەم هەواڵەشیان دیسان هەر لە (ڕامان)ی ژمارە (١١٦) لە دەمی مامم (کەریمی حەمە مەلا)وە وەرگرتووە کە دەڵێ: (هەر ئەو ماوەیە کەسێکی دی هەبوو بەناوی (غەفوور ئاغا) لە ماڵی ئێمە بوو، شاگردی بابم بوو، ئەویش هەر کوردی ئەودیو بوو لێی قەومابوو، بە ناچاری بۆ کۆیە هاتبوو، شەوی یەکەم هاتن گوتیان: ئێمە میوان و ئێوەش خانەخوێ! بابم گوتی: یاخوا بەخێربێن و سەرچاومان هاتن، باوکم لێی پرسی چ کارێک دەزانی، گوتی تەنیا لێف دوورین! باوکیشم دوکانێکی بۆ گرت و غەفوورئاغا دەستی بەکارکرد، چەن ڕۆژێک لە ماڵی ئێمە بە میوانی مانەوە و دواتر باوکم خانووی بۆگرتن، دوای ئەوە ماوەی ساڵێک لەوکارەدا بەردەوام بوو، لە کۆیە وەک چاکترین لێفدروو دەنگی دایەوە! دیتمان دەنگی لەڕادەبەدەر خۆشە، ئەو کاتانەی ئیشی دەکرد لەبەر خۆیەوە دەیگوت! باوکم پێی گوت: وەرە لەگەڵ خۆمدا دەتبەم بۆ (بەغدا) و لە وێ چەن قەوانێک بخوێنە؟ گوتی: وەستا پارەم دەدەنێ؟ باوکم گوتی: ئەرێ وەڵڵا، ئیدی لەگەڵ باوکمدا بۆ بەغدا چوو، کە هاتەوە گوتمان، چی بوو غەفوورئاغا؟ گوتی: (سەفحەیەک – قەوانێک)م خوێند. گرامەفۆنێک و قەوانێک و چل ڕوپیەشیان دابوویێ!).

دیارە چەند هەواڵێکی هونەری تریش هەر لەو نووسینانەی من و وەک گوتم، لە دووتوویی ئەو چاوپێکەوتنانەی من کە لە گۆڤاری (ڕامان)دا بلاوم کردوونەتەوە، وەرگیراون و ئاماژەیان بۆ نەکردووە! ئەمە لە کاتێکدا ئاماژە نەک هەر بە نووسینی خەڵکی تر، بگرە بە پوختەی نووسین و ڕاپۆرتی خەڵکی تر کراوە، بۆ نموونە: لە لاپەڕە (١٤٩) ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی (فوئاد تایەر سادق) و لە لاپەڕە (١٥٧) ئاماژە بە پوختەی نووسینێکی مامۆستای کۆچکردوو (تایەر ئەحمەد حەویزی) و لە لاپەڕە (١٦٠)یش ئاماژە بە دەستنووسێکی مامۆستا (حاجی محێدین) کراوە، کەچی نازانم بۆ ئەو نووسینانەی من بە هیچ جۆرێک ئاماژەیان بۆ نەکراوە!

لێرە بەدواوە ئەو زانیاریانە دەنووسم کە بە گرنگم زانیون و لەم کتێبەوە وەرمگرتوون:

* لە لاپەڕە (١١)دا نووسراوە: (ناوی شارەکە (کۆی) بووە، نەک (کۆی سنجاق)، بەڵام کاتێک (عوسمانییەکان) لە سەردەمی سوڵتان (سەلیمی عوسمانی – ١٥١٢/ ١٥٢٠) لە شەڕی (چاڵدێران)ی ساڵی (١٥١٤)ی.ز.دا گەیشتنە کوردستانی باشوور و کۆیە کەوتە ژێر دەستیان و کردیان بە (ئۆردووگا)و لیوایەک سەربازیان لێ دانا و ناویان نا (کۆی سنجاق).)

* لە لاپەڕە (١٢)دا نووسراوە: (لە کۆیە چوار (پاشانشین) هەبوون، لە کۆنەوە هەستیان بە مەترسی دەرەکی کردووە، بۆیە بڕیاریان داوە، (شوورەیەکی قایم) بە دەوری شارەکەدا دروست بکەن و شوورەکە چوار (قولله)ی هەبووە و هەر پاشایەکیش بەرپرسی یەکێک لەو قوللانە بووە.)

* لە لاپەڕە (١٢)دا نووسراوە: (لە سەردەمی پەیامبەر (زەرتووشت – زەردەشت) کۆیە ناوچەیەکی گرنگی (ئێزدییەکان) بووە، ناوەکانی (مەلەک موراد) و (مەلەک ڕەیحان) لە خوار هاوینەهەواری (چناڕۆک) بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.)

* لە لاپەڕە (٢٧)دا نووسراوە: (لە شوێنەواری (ساتووقەڵا)، لەسەر یەکێک لە (خشتە سوورەوەکراوەکان)دا، بە خەتی (بزماری) هاوکێشەیەکی (جەبر) نەخشەکراوە و کاتێک شیکارەکەی بۆ شوێنەوارناسە پسپۆڕەکان ساغ بۆتەوە، دەرکەوتووە ئەو نووسینە مێژووی بۆ (٤٠٠٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە).

* لە لاپەڕە (٤١)دا نووسراوە: (لە ساڵی (١٨٧٥)ی زایین، کۆیە فەرمانگەی (تاپۆ)ی تێدا کراوەتەوە و لە (١٨٨٠)شدا نەخۆشخانە و بەر لە (٧٥)ساڵیش پرۆژەی ئاوی خواردنەوە و لە (١٩٥١)یش پرۆژەی کارەبای بۆ دانراوە.)

* لە لاپەڕە (٤٧)دا نووسراوە: (لە (خاوەرزەمین ـ بێتواتە)، (مەهتاب خان) دوای کوژرانی (کاکۆ)ی هاوسەری، بۆسە بۆ (ئەسحابەکان) دادەنێتەوە و (دیارە لە تۆڵەی هاوسەرەکەی)دا (٤٠)کەسیان لێ دەکوژێ و خۆیشی بە برینداری لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ خاوەرزەمین لە نێوان هەردوو گوندی (بێ کێڵ) و (بێتواتە) دیارە بەهۆی خەستی برینەکانی گیان لەدەست دەدا و هەر لەو شوێنەشدا دەنێژرێ، تا ئەمڕۆش گۆڕەکەی ماوە و ناوی (کچی کافر)ی بەسەر دابڕاوە!)

* لە لاپەڕە (٥٤)دا نووسراوە: (حکوومەتی (ئەردەڵان) لە ساڵی (١٢١١)ی زایین، لە ناوچەکانی: (پشدەر) و (خۆشناوەتی) و (بیتوێن) کە هەموویشی سەربە کۆیە بوون دروستبوو.)

* لە لاپەڕە (٦٥)دا زانیارییەک لە کتێبی (رحلة نیبور الی العراق) کە لە سەدەی هەژدەدا ئەو گەشتە کراوە وەرگیراوە و تێیدا هاتووە: (هەتا پێش چەند ساڵێکیش، واتە پێش ساڵی – ١٧٦٦ – کە مێژووی ئەو گەشتەیە)، (هەولێر) و (ئاڵتوون کۆپری) سەر بەو

(پاشالغە - مەبەستی کۆیەیە) بوونە.)

* لە لاپەڕە (٧٣)دا نووسراوە: (چەند (میرنشین)ێکی دیکە لە چوارچێوەی میرنشینی (سۆران) سەریان هەڵدا، لەوانە «میرنشینی کۆیە».)

* لە لاپەڕە (٧٦)دا نووسراوە: (ساڵی (١١١٣)ی کۆچی بەرانبەر (١٧٠١)ی زایین، (عەلی پاشا) ناوێک کرا بە پاشای لیوای (کۆیە - کۆیسنجق).) ئەم زانیارییە لە کتێبی (العراق بين احتلالين)ی پارێزەر (عەباس ئەلعەزاوی) بەشی پێنجەم لاپەڕە (١٥٤) وەرگیراوە.

* لە لاپەڕە (٧٧)دا نووسراوە: (ساڵی (١١٦٠)ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی (١٧٤٧)ی زایین، (عوسمان پاشا) بە پاشای (کۆیە) و (قووچ پاشا)ش بە پاشای (هەولێر) دانران، لەکاتی هێرشەکەی (نادرشا) بۆ سەر (مووسڵ) (قووچ پاشا) لە نزیک مووسڵ پاشەکشەی بە نادرشا کردووە! بۆیە (حاجی قادری کۆیی) گوتوویەتی:

**لە (قووچ پاشا)وە تا ئێستا ئەمیرێک**
**لە کۆی پەیدا نەبوو، یاخود وەزیرێک**

* لە لاپەڕە (١١٣)دا نووسراوە: (ساڵی (١٨٧٩)ی زایین، (کۆیە) و (هەولێر) و (ڕانیە) و (ڕواندز) و (کفری)، هەموویان قەزای (کەرکووک) بوون.)

* لە لاپەڕە (١١٤)دا نووسراوە: (زستانی ساڵی (١٩١٧) و بەهاری ساڵی (١٩١٨) گرانییەکی گەورە لە (کۆیە) ڕووی دا و گەلێک خێزان لە شاری کۆیە، لەو گرانییەدا مردن، ساڵێک پێشتریش گەلێک لە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و عەشیرەتی (شکاک) لە چنگ هەڵمەتی سەربازی (ڕووسیای قەیسەری) لە وڵاتی خۆیان ئاوارە بوون و ڕوویان کردە، شاری کۆیە، تا ڕووسەکان لە دوای شۆڕشی (ئۆکتۆبەر)ی ساڵی (١٩١٧) پاشەکشەیان کرد.)

* لە لاپەڕە (٢١١)دا نووسراوە: (مەسیحییەکانی کۆیە گۆرانی و ئاهەنگێڕان و شین و شاییان هەر بە زمانی کوردییە).

* لە لاپەڕە (٢١٢) دا هاتووە: (مەسیحییەکانی کۆیە گۆرانیبێژ و دەنگخۆشی کارامەیان لێ هەڵکەوتووە، وەک: پووتێ، مەریێن، حەنیل، مامە سێوە.)

* لە لاپەڕە (١٥٧)یشدا هاتووە: (نەورۆزی (١٩٤٥) (عومەری مام عەولا) و (ئەحمەدی حەمە مەلا) کە هەردووکیان ئەندامی حیزبی (ڕزگاری) بوون، بە دوو قۆڵی گۆرانی (لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ)یان گوت، کە لە هۆنراوەی (حاجی قادری کۆیی)یە.)

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(١) بڕوانە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (١٣٧)ی ڕێکەوتی (تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧) لاپەڕە (١٣٩).**

**(٢) تایەر ئەحمەد حەوێزی - مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم - بەشی یەکەم - چاپخانەی نەمیر - بەغدا، ١٩٨٤، ل (١١٧).**

**(٣) هەمان سەرچاوە ل (١١٩).**

**(٤) هەمان سەرچاوە ل (١٧٥).**

**(٥) هەمان سەرچاوە ل (١٧٩).**

**(٦) هەمان سەرچاوە ل (١٨٢).**

**(٧) هەمان سەرچاوە ل (٢٥١).**

**(٨) هەمان سەرچاوە ل (٢٥٩).**

**(٩) هەمان سەرچاوە ل (٢٧١).**

**(١٠) دیوانی دڵدار/ پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی عەبدولخالق عەلائەدین/ چاپخانەی دار آفاق عربية، ١٩٨٥، ل (٤٥).**

**(١١) ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراقی ژمارە (١٣٠) ڕێکەوتی (٩٠٠/٣/٢٨).**

# ڕەوتی شانۆی کوردی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا

ڕەمەزان ئیبراهیم
(سلێمانی)

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆرە ئەم لێکۆڵینەوەیەم ئامادە کردووە، بەڵام باری شانۆی کوردی ئەمڕۆکەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەمەش هەیە و پێویستە توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ، من بە پێویستی سەر شانی خۆمی دەزانم کە وەک شانۆکارێک کە تەمەنی کارکردنم لەو بوارەدا بەسەر بردووە و وەک دڵسۆزێکی شانۆی کوردی ئاوڕێک لەو بوارە بدەمەوە. هەر چۆنێک بێت ئەم بارودۆخ و ڕەوتەی شانۆی کوردی ئەمڕۆ هەموومان دەگرێتەوە، بە تایبەتی ئەو لاوە خوێن گەرمانەی کە دەیانەوێ بە ڕاستی خزمەتی شانۆی کوردی بکەن. ئەگەر بڕوانینە شانۆی کوردی لە ڕۆژگار و سەردەمی دوێنێی نزیک و ئەمڕۆی شانۆی کوردیدا، دەبینین جیهانی شانۆی کوردی لەسەردەمی حەفتاکانەوە تاکو کۆتایی هەشتاکان گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە بینیوە و لە سەردەمی هەشتاکانیشدا بەهۆی گرنگی ژیانی سیاسی ئەو ڕۆژگارە توانرا بینەرێکی زۆر بەلای خۆیدا کێش و کۆبکاتەوە، کە تاکو ئەمڕۆش کاریگەری ئەو ڕۆژگارە زێڕینە بە شانۆی کوردییەوە دیارە و گەل و نەتەوەکەمان دەبێ شانازی بەو سەردەمەوە بکات، بەڵام ئەفسووس دوای ڕاپەڕین بەهۆی خراپی باری ئابووری و تەنگەژەی باری ڕامیاری و دروست بوونی فیلمی ڤیدیۆیی و چوونە دەرەوەی شانۆکارانی لێهاتوو بۆ دەرەوەی وڵات، شانۆی کوردی بەرەو تێکچوون ڕۆیشت و هونەرمەندانی شانۆکار پەرتەوازە بوون، بۆیە شانۆی کوردی لەو دەمانەدا بۆشایی تێکەوت، بەڵام لەم دواییانەدا وەرزێکی نوێ بۆ شانۆی کوردی هاتە پێشەوە و گەنجەکانمان لەو بوارەدا خۆیان هیلاک کردووە و ناو بەناو بەرهەمی بە پێز لە فیستیڤاڵە شانۆییەکاندا پێشکەش دەکەن. جا بە هۆی دابڕانی جەماوەری شانۆی

کوردی و کەم بە دیارکەوتنی شانۆکاران لەو بوارەدا، بە پێویستم زانی ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت لەم بابەتە بکۆڵمەوە. باوکی شانۆی کلاسیزم، ستانیسلاڤسکی، لە ئامۆژگارییەکدا بۆ قوتابییە هونەرمەندەکانی دەڵێ: «براکانم تکا دەکەم کە خۆتان خۆش نەوێت لە هونەرەکەتاندا، بەڵکو هونەرەکەتان خۆشتر بوێت لە خۆتاندا» هونەرمەندی ئەڵەمانیش «لنکان» لە باسی هونەری ئەکتەردا دەڵێت: «کار و پیشەی شانۆیی هونەرێکە کە بەشێکی گرنگی هونەریی هەست پێکراوەکانە، چونکە کاتێ ئەکتەرێک دەچێتە سەر شانۆ، وەک ئەوە وایە، چووبێتە ناو مینبەری پەرستگایەکەوە و خەڵکی بەرەو ڕاستی و هەقیقەت ڕێنمایی بکات..»

جا ئەگەر کار و پیشەی هونەرمەند و شانۆکار هێندە پیرۆز بێت. دەبا شانۆکارەکانی لەمەڕ خۆشمان بەو چەشنە ڕێز لە خۆیان و هونەرەکەیان بگرن و لێبوردانە کار بۆ شتە جوانەکان بکەن و بە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاوە خەریک بن، با پسپۆرانی شانۆش گەنج و لاوەکانمان بەو شێوەیە پەروەردە بکەن و خزمەتی شانۆی گەل و نەتەوەکەمان بکەن.

## گرنگی شانۆ و ئەزموونی شانۆی کوردی

«ژان ژاک برنارد دەڵێ: «شانۆ پێش هەموو شتێک هونەرە و هونەریش لە ڕێگای دیالۆگەوە شتێک دەدۆزێتەوە کە شاراوەیە و پێویستی بەوە هەیە کە هەستی پێ بکرێت..». هونەری شانۆ لە جیهاندا بە بەشێکی گرنگ لە هونەر دادەنرێت، هونەریش باری کۆمەڵگا و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و شارستانیەت دەست نیشان دەکات و دەست وەردەداتە ناو گرفتە ئاڵۆزەکانەوە، بۆیە لە گشت ساتەکانی ڕۆژگار و لە هەموو سەردەمانێکدا بوونی خۆی دەسەلمێنێ و دەوری کاریگەر و ئیجابی و گرنگی خۆی لەناو وریاکردنەوەی کۆمەڵگا و شارستانیەتدا دەبینێ. هونەری شانۆ مامانێکە کۆمەڵێکی نوێ و نوێخواز لە مندالّدانی نەزانین و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەردەهێنێ و بە دنیای ڕوون و خۆشی و هۆشیاری شاد دەکات.. هەر لە ڕێگای هەست کردن بە نهێنییەکانی سروشت و دنیا بە ئاگا دێتەوە. هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەک بە پێی بۆچوونی خۆی هەوڵ بۆ گۆڕینی دەدا. ئێمە کاتێک



دەچینە هۆڵێکی شانۆوە، وەک بینەرێک دادەنیشین بە نیازی خۆ ڕۆشنبیرکردن و فێربوون تەماشاچی بین، نەک وەک تەماشاچییەکی سادە و ساکار ببینین. ئازار بخۆینەوە و ئازار دەربڕین وەک ئەوانەی ئازار دەچێژن.. ئێمە بەهۆی شانۆوەیە کێشە و دەردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانمان، تەنگوچەڵەمەی ڕۆژ و ڕۆژگارەکانمان دەردەبڕین و هەوڵ بۆ چارەسەریان دەدەین، هەروەک فەیلەسووفی یۆنانی مەزن ئەرستۆ دەڵێت: «شانۆ یارمەتیمان دەدات کە بە چاکی لە خۆمان بگەین، چونکە شانۆ شوێنێکە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی مۆراڵیمان..».

شانۆ بۆیە پیرۆزە، چونکە لە ژیانی ڕەوشتیمان دەکۆڵێتەوە و چارەسەری حاڵی ژیانمان دەکات، ئەگەرچی ئێستا شانۆیەک دروست بووە بەناوی شانۆی شێوەکاری و بڕوا بە دەقی شانۆیی ناهێنێ، بەڵام لەو بڕوایەداین کە هەموو شانۆییەک دەقێکی پێویستە و هەموو دەقێکیش نووسەرێکی خۆی هەیە. شانۆ بێ نووسەر لاشەیەکی بێ گیانە و ڕوحی زیندوێتی تێدا نییە و کەڵکی بینەر ناگرێت، کەواتە نووسەر ڕوحییەتێکی پاک و زیندووی جەستەی شانۆیە. وەک ستانیسلاڤسکی دەڵێت: «شانۆ لە نووسەرەوە دەست پێدەکا» نووسەریش یەکەمین کەسە کە بابەت و پاڵەوانی شانۆگەرییەکە هەڵدەبژێری، تاکو لەسەر شانۆ بەهۆی کرداری شانۆییەوە و لە لایەن ئەکتەرەوە کە کاراکتەری کەسەکە بەرجەستە دەکا و دەیگەیەنێتە جەماوەر و بینەر.

پراکتیزەکردنی ڕۆشنگەری و کارامەیی نووسەر مژدەی سەرکەوتنی بەرهەمی شانۆییەکە دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەمەشدا نووسەر دەبێ هەمیشە کێشە واقیعییەکان لە چوار چێوەی کارێکی هونەری و فەنتازیایەکی

ئێستێتیکایی بخاتە ڕوو، کە جەماوەر خواستوویەتی، نەک بە بیرۆکەی پڕو پووچەوە خەریکیان بکات، بەڵکو کارێک بکات بۆ هەقیقەتی ئەو مێژووەی بە ژان و ئازاری سەردەم دەنووسرێنەوە تاکو ئەدەب و هونەری شارستانیەت بە بڵندی و پاکی بمێنێتەوە.

شانۆش جێگای ڕاستی گوتنە. مەڵبەندی خۆشەویستی و ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتییە، نەک درۆ و دەلەسە کۆمەلایەتییەکان، دەبێ نووسەر قەڵەمی ژانگرتووەکان بگرێ بە دەستەوە و زۆرداران و چەوسێنەرانی پێ بتەزێنێ. «ڕاستی گوتنیش نەک هەر بەرەنگاری درۆ و دەلەسەکان دەبێتەوە، بەڵکو ئەو کەسەش سووک و ڕیسوا دەکات کە درۆ و دەلەسەکان بڵاو دەکاتەوە».

ئا لێرەوە دەتوانرێ ئەو هەقیقەتە ڕابگەیەنرێت کە «شانۆ قوتابخانەی گەلە و وانەی ڕاستی تێدا دەوترێتەوە» شانۆی کوردی وەک هەموو نەتەوەکانی دنیا دەبێ لەم ڕوانگەیەوە هەڵبسەنگێنرێت، نەک وەک ئەوانەی بۆ ویست و خواستی خۆیان بە هەگبەی بەتاڵەوە بیانەوێ کاری هونەری ڕەسەنی کوردی بشارنەوە. لەو ماوانەی کە شانۆی کوردی بووژاوەتەوە، مژدە و پەیامی پیرۆزی شانۆی پێ بووە و گەل و نەتەوەکەمان دەبێ شانازی پێوە بکەن- لەلایەکی دیکەوە لاوە خوێن گەرمەکانمان دەبێ جەماوەر پاڵپشتیان بکا و ئەوانیش هەر بۆ ویستی جەماوەرەکەیان هەوڵ بدەن. شەونخوونی بکەن تا تەختەی شانۆدا بۆ جەماوەر ڕۆشن بکەنەوە.

شانۆ پیرۆزە و بزووتنەوەیەکی ڕەوشتمەندی و کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی لەناو کۆمەڵدا دروست دەکات، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە پێویستە برا هونەرمەندەکانمان و شانۆکاران دەستگیرۆدەیی یەکتر بکەن، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکات، هۆڵی شانۆی زیاتر لە شارەکان و تەنانەت لە شارۆچکەکانیشدا دروست بکات و کادیران و شارەزایانی بواری شانۆ بنرێتە دەرەوەی وڵات تاکو شارەزایی زیاتر پەیدا بکەن و لاوان و گەنجانمان زیاتر قاڵبووی هونەری شانۆ بکەن. تیپە هونەرییەکانیش پاڵپشتی یەکدی بن و بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە ماڵی شانۆی کوردی ئاوەدان بکەنەوە و شانۆ بە بارودۆخی ڕۆژگار و سەردەمەکەی خۆیان ڕەنگدار بکەن. سایکۆلۆژیەتی هونەرمەندی ڕاستەقینە لەوەدا دەردەکەوێ کە بۆ هونەرەکەی بە وەفا و دڵسۆز بێ لە پێناوی هونەری میللەتەکەیدا شەونخوونی بچێژێ.

## شانۆی کوردی دوێنێی تازە و ئەمڕۆی کۆن

ئەگەر بڕوانینە مێژووی شانۆی کوردی، بە گوێرەی باری کۆمەلایەتی و ڕامیاری و ئابووری بەرەو پێشەوە چووە، بەردەوام ئەو شانۆگەرییانەی لە سەرەتای جموجووڵە شانۆییەکاندا پێشکەش کراون، لە کێشە کۆمەلایەتییەکان دواون و پاشان شان بە شانی خەباتی سیاسی پەلیان هاوێشتووە و دژ بە ڕژێمی دەرەبەگایەتی تێکۆشاون، پاشان بزووتنەوەی شانۆیی پەرەی سەندووە و بەهۆی لاوانی ڕۆشنبیرەوە بیری بینەریان بە کێشە کۆمەلایەتییەکان تەڕ و پاراو کردووە و بەرهەمی داهێنەرانە پێشکەش کراون.. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئەکتەری بێ بەهرە و نەخوێندەوار کە ڕۆژگار کردبوونی بە هونەرمەند و لە ڕێی لاواندا ببوونە کۆسپ و تەگەرە، ئەمێستا شەپۆلێکی هەڵچووی خوێندەوار و ڕۆشنبیری گەنج سەریان هەڵداوە کە هیوایەکی زۆریان لێ بەدی دەکرێ کە لەدوا ڕۆژێکی نزیکدا ببنە پسپۆر و شارەزای ئەو بوارە، بۆ زانینی زیاتر حەز دەکەم ڕای هەندێک لە شارەزایان و مامۆستایانی دڵسۆزی شانۆی کوردی وەربگرم، تاکو بزانین شانۆی کوردی لە چ ئاستێکدایە و ڕێنماییان بۆ شانۆی کوردی چییە؟ سەرەتا مامۆستا (غازی بامەڕنی) کە ماوەیەکی زۆرە لە هەندەران دەژی، بەڵام لەبەر ئەوەی چەرخ و زەمانێک بوو بە دڵسۆزییەوە ئەسپی خۆی بۆ خزمەتی شانۆی کوردی تاودابوو، پێشەنگی ڕاستەقینەی بوارەکە بوو کە مایەی شانازییە تاکو ئەمڕۆش جێ دەستی دیارە، ئەگەرچی لە ماوەی حەفتاکاندا پێشەنگی شانۆی کوردی بوو، دەڵێت: «شانۆی کوردی چەند هەنگاوێکی باشی ناوە و بەرەو پێش چووە، هەر بۆیە بە چاوێکی پڕ لە ئاواتەوە دەڕوانمە پاشەڕۆژی جووڵانەوەی شانۆگەریمان. بەتایبەتی گەلی کوردمان زۆر ڕێز لە شانۆ دەگرێت، ئەوەشمان لە یاد نەچێ، کە لاوانی کورد شەیدای شانۆن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ شانۆدا پێوەندییان زیاتر بەتین دەبێ، بۆیە دەبێ ئەوەش بڵێین کە بزووتنەوەی شانۆ لە کۆسپ و تەگەرە بێبەری نییە. هەر لەبەر ئەمەشە چەند کەسانێک وا هەست دەکەن، دەوری پێشڕەوایەتی دەبینن، بێ ئەوەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە شانۆوە هەبێت، تەنیا دوای مەسەلەی عاتیفی و «سۆزدار»ی کەوتوون..

ئەوانە باشتر وایە کە شانۆ بکەن بە قوتابخانەیەکی ڕاستەقینەی گەل و لەم ڕێگایەوە خەڵکی پێ گەیەنن، نەک ئەم هونەرە پیرۆزە بکەن بەقوربانی بۆ کۆکردنەوەی چەند پوولێک..» سەرجەمی ئەو بۆچوونانەی مامۆستا غازی بامەڕنی «یادی بەخێر» ئەوە دەگەیەنێت کە لەو سەردەمانەدا کەسانێک هەبوون بەناوی پێشڕەوایەتییەوە ئەسپی شانۆی کوردییان بەرەو لای شانۆی بازرگانی بردبوو، بەڵام ئەوەش زۆری نەخایاند پێشڕەوانی شانۆی کوردی توانییان لاوانی خوێن گەرم پێ بگەیەنن کە ئەمڕۆ مایەی شانازی شانۆی کوردین و شەونخوونی دەکەن.

مامۆستا - ئەحمەد سالار- بەم چەشنە باس لە شانۆی کوردی سەردەمانی خۆی دەکات و دەڵێت: «شانۆی کوردی تۆوەکەی چێنراوە و گەیشتۆتە چەکەرەش، بەڵام سەوز بوونی تەواوی دەوێت تاکو دەگاتە گوڵگرتن، پێویستی بەخۆر و ئاوو هەواو چاودێری و گەلێ پێداویستی دی هەیە، کە تەواوکەری بۆن و بەرام و بەردەوامی ژیانی ئەون.. ئەوەی شادەماری بزووتنەوەی شانۆی ئێستایە، ئەو لاوە خوێن گەرمە تازە پێگەیشتووانەن لە بۆتەی خۆشەویستی هونەرەکەدا لەگەڵ هیوا و هەستەوە ژیان دەست پێ دەکەن، بۆیە منیش خۆم بە بەختیار دەزانم کە کەسێکم لەوانەی کاریان لە دروستبوونە نوێیەکەدا بووە و ئێستاش لە سەنگەری داکۆکی لە پێشکەوتنخوازی و هونەری شانۆی کوردم.. خۆشحاڵم بەوەی خۆم لە بەرەی بیر ڕووناکاندا دەبینمەوە و هەمیشە هەست بە دژایەتی کۆنەپەرستان دەکەم..»

ئەحمەد سالار هەمیشە ڕەمزی پێشکەوتنی شانۆی کوردی بووە، بۆیە چەند ساڵ لەمەوبەر بەو شێوەیە لە شانۆی کوردی دواوە و لایەنگری لاوە خوێن گەرمەکان بووە و ئێستاش بەردەوام بە بۆچوونی جوان و فەلسەفەی هونەری خۆی خزمەتی شانۆی گەلەکەمان دەکات و بە واتا فەلسەفییە جوانەکانی «ئەگەر شانۆ قوتابخانەی گەل بێ، دەبێ وانەی ڕاستی تێدا بوترێتەوە، بەردەوام چەندین قوتابی و شانۆکاری گەلەکەمانی پێگەیاندووە کە ئێستا بوونەتە ڕێبەری ڕەوتی شانۆی کوردی و گوڵی بۆنخۆشیان دەسکەنە دەکەن و پێشکەشی بینەر و جەماوەری شانۆی کوردی دەکەن.

کەمال ڕەئووف هەنجیرەش، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە لە شانۆی کوردی دوورکەوتۆتەوە، بەڵام چالاکانە بە نووسین و شانۆنامەکانی ئاگاداری ڕۆژگار و



نەهامەتییەکانی شانۆی کوردی بووە، لە وتار و دەستنووسێکی خۆیدا و لەژێر ناوی «لێم زویر مەبن»دا دێتە سەر باسی شانۆی کوردی و دەڵێ: «شانۆ وەکو هەموو جموجوولێکی مرۆڤایەتی لە هەڵپە و شیکردنەوەی ئاڵۆزی ژیاندایە و جەماوەر لێوەی گلاوە، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەو کەموکوڕیانەی لێوەی ئالاوە، نەبێتە شکستی و ڕەوتی مێژوو ڕاپێچ بکا. ئاوڕدانەوە لە قوتابخانە مێژووییەکان کارێکی گونجاوە بۆ گۆڕانکاری.. برێخت دەڵێ: «بۆ گۆڕانکاری پێویستیمان بە زانینی کەموکوڕییەکانی مێژوو هەیە، نەک بە چاکە و پیاهەڵدان».

لەم بۆچوونە بە نرخەوە هەست بە کەموکوڕییەکانی شانۆکەمان دەکەم. هونەری شانۆکەمان کە تاکو حەفتاکان ئارەزوومەندێتی باڵای بەسەردا کێشابوو تاکو ئەمڕۆش سەر و سیمای نوێکاری و لەخۆبردنی پێوە دیارە و کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرمی لێبوردە پەروەردە بوون، بەڵام ئەم کۆمەڵەش بەس نییە بۆ ئەو ئەرکە شانۆییەی کە پێمان سپێرراوە، دەردە کوشندەکەی شانۆی کوردی ئەمڕۆمان وەک دوو هەلی لاچاو بەڵەکە و نیشانەیە، ئەو لەکەیەش لێپرسراوان و کادیرانی شانۆ لێی بەرپرسیارن، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین پێچەوانە کەوتۆتەوە، لاوە خوێن گەرمەکانی شانۆ بێزار بوون لەناخیاندا چەکەرە دەکات.. با بپرسین بۆ؟! لەبەر ئەوەی ئەم لاوە خوێن گەرمانە نایانەوێ وەک کەڵە هونەرمەندەکانی دی ببن بە مەلای سەر مینبەر و هەمان وانەی ئەوان بڵێنەوە.. لێم زویر مەبن. گەر بڵێم تفەنگی ڕاوچی شانۆ تەنیا ڕۆشنبیری و ژیرییە، چونکە ئازاری واقیعی شانۆی ئەمڕۆی لە مەڕ خۆمان ئەو ڕاستییەمان لێ دەکات بەو

کـلـّــپـــەیەی خـــۆ پەرســـتـــەکـــانی هونەری شـــانۆ هەڵدەپرووکـێنێ..» سـەرجـەم ڕاکـانی کـەمـال ڕەئووف هەنجـیـرە لەجێی خـۆیدایە کـە لە ڕۆژگـارێکی تایبـەتی خۆیدا شانۆی کوردی بەو شێوەیە هەڵسەنگاندووە. ئەگەر بە وردیش لە شـانـۆی کـوردی ئەمـڕۆمـان بڕوانین، ئەوە دەبینین سستی پێوە دیارە و پێویستی بە گۆڕان و تەکان هەیە و ئاوەڕدانەوەش لە مێژووی گەلەکەمان هەنگاوی پیرۆزی ئەو تەکان و گوژمەیە، واتە وەک بیرۆکە و دەقی شانۆیی پێویستە کارەساتی مێژووی گەلەکەمان و ڕۆژگاری ناهەمواری ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بکرێتە شانۆیی و نیشانی نەتەوەکەمان بدرێتەوە وەک چۆن وتراوە «شـــانۆ ئاوێنەی گـــەلە» با ئاوێنەی گـــەل ڕاستییەکانی مێژووەکەمانی تێدا نیشان بدرێ، هەروەها ڕێنمایی لاوە خوێن گەرمەکانمان بکرێت تاکو تەوژمی زیاتر بدرێ بە ڕەوتی شانۆی کوردی و شانۆکەمان لە ڕوانگەی مرۆڤایەتیدا بتوێتەوە. لەلایەکی دیبەوە هەوڵ بدرێ چەند هۆڵێکی تازە و مـــــۆدێرن لە شــــار و شارۆچکەکانی کوردستاندا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروست بکرێت، یان دەوڵەمەندەکانی شار هان بدرێن تاکو ئەو هۆڵە شانۆییانە دروست بکەن و لەگەڵ هەموو نمایشێکی شانۆییدا هەموو حیسابی خۆیان بدرێتێ.. ئەمـــەش بە هەنگاوێکی تازە و باشی دەزانم تاکو شانۆی کوردی لەو تەنگژەی بێ هۆڵی شانۆیانەدا ڕزگاری ببێت، لەسەرێکی دیشەوە با تیپە هونەرییەکان بۆ نمایشی شانۆگەرییەکانیان هاوکار و هەمئاهەنگی یەکتری بن و لە کەرەستەی هونەری و ئەکتەر و پێداویستییەکانی تردا دوور لە ئیرەیی و ڕق و کینە بە خۆشەویستی و تەبایی شانۆکانمان بڕازێننەوە و بینەر و جەماوەری شانۆیش لە هۆڵەکاندا جمەیان بێت، لەکۆتایی ئەم وتارەدا دەتوانم بڵێم کە لەدوای ڕاپەڕینەوە، شانۆی کوردی بەرەو دارمان هاتووە و تاکو ئێستاش خۆی نەگرتۆتەوە، ئەگەرچی ناو بەناو و ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی شانۆوە فیستیڤاڵی شانۆیی پێشکەش دەکرێ و شانۆی کوردی ئاهێکی پێدا دێتەوە، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ برەودان بە نمایشی شانۆیی، هەروەها لە فیستیڤاڵەکاندا زۆربەی زۆری نمایشەکان، دەقە بیانییەکان دووبارە دەبنەوە نەک دەقی خۆماڵی و لە ڕووی شێوازی هونەریشەوە تێکەڵ و پێکەڵی قوتابخانە هونەرییەکانی پێوە دیارن. بەدوای ئەوانەشدا تازە بە تازە لاوەکانمان بیرۆکەی زیندووکردنەوەی شانۆی ناماقووڵ و بێهوودەیی دەخەنەوە سەر شانۆ، لەکاتێکدا لە ئەمڕۆ و لە شانۆی ئەوروپییشدا باوی ئەو جۆرە شانۆییانە نەماوە. شانۆی کوردی دەبێ دەقی خۆماڵی و ژان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئەمڕۆی خۆی نمایش بکات تاکو جەماوەر لێی کۆبێتەوە، دەبا پسپۆڕانی شانۆی کوردی قۆڵی خزمەتکردنی لێ هەڵبکەن و لاوە خوێن گەرمەکانمان بەرەو ڕاستی گوتن و دەقە خۆماڵییەکان ڕابهێنن. با حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەوان بۆ دەرەوەی وڵات بنێرن تاکو شارەزایی زیاتر پەیدا بکەن و لە خزمەتی شانۆی نەتەوەکەماندا ڕەنگ بداتەوە. بەهیوام شانۆی کوردیش دوێنێی تازە و ئەمڕۆی کۆنی کوردی نەبێت، بەڵکو ساڵ بە ساڵ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرهەمی تازە تازەگەری لە مەڕ خۆماندا پێشکەش بکرێ.


**سەرچاوە:**

**(١) ڕاهێنانی ئەکتەر، مۆریس فیشمان، گۆڕینی نوورەدین مستەفا، پێداچوونەوەی درێنی خشبە.**

**(٢) هونەری شانۆ، نووسینی: محەمەد فەرحان عومەر.**

**(٣) تیۆری شانۆی مەلحەمی، برتول برێخت، گۆڕینی دکتۆر جەمیل نصەیف.**

**(٤) گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٧٣، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٣، ١٩) ساڵی ١٩٧٤.**

**(٥) گۆڤاری بەیان، ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٧٦.**

**(٦) گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژمارە (٢) ساڵی ١٩٧٦.**

**(٧) دەروازەی دراما، ئەحمەد سالار، بەشی یەکەم، ساڵی ١٩٨٠.**

**(٨) ڕۆژنامەی العراق، ژمارە (٢٤٨١)، ١٩٨٤/٣/٢٨، ڕیپۆرتاژێک بە بۆنەی شانۆی جیهانییەوە.**


**(٩) دەستنووسێکی کەمال ڕەئووف هەنجیرە، لە ١٩٨٣/٢/١٨.**

# ئوم... ڕیگ ڤیدا

هاشم سەڕاج

ئەم سوکتایەی خوارەوە لەسەر کێشی «جاگاتی» ئاراستەی ڕووبارەکان کراوە.

«ئەی ئاو! من سروودەکانم بۆ شکۆدارکردنی گەورەیی تۆ دەڵێم، من هوتافەکانم لە ماڵی ئەوکەسە دەگوتەوە کە قوربانییەکانی جێبەجێ دەکرد. بیست و یەکن ئەو ڕووبارانەی هەڵدەقوڵێن. حەوت ڕووبار بۆ هەریەک لەو سێ جیهانە. بەناوبانگترین و مەزنترینی ئەمانە ڕووباری سیندەو ئەو مەزنترینە..»




ڤیدای کتێبی پیرۆزی هیندۆسییەکانە، یۆگی [هاوبیرکامەران] لە پێشەکییەکدا کە بۆ کتێبی «ڕیگ ڤیدا»ی نووسیوە زانیارییەکی زۆر و زەبەندی دەربارەی ڤیدا و سۆما و مەندالا و مێراو ڤاروونا... تاد خستۆتە ڕوو، سەبارەت بە گەڕان بەدوای ڕاستیدا دەڵێ: «گرنگ نییە ڕاستی کامەیە و چییە تا پێی دەگەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە تۆ دەرک بەو هەستە ناوەکییە و دەنگە قووڵە بکەیت لە «خود»ی خۆتدا کە پێت دەڵێت ئەی مرۆڤ یەکەم بکەر بناسە» ڤیداکان چوارن، ڕیگ ڤیدا، ساما ڤیدا، یاجور ڤیدا، ئاتەرڤە ڤیدا، هەر چوار ڤیداکە تەواوکەری یەکترن و لە ڕێگەی داناکانەوە نووسراونەتەوە. هەروەها ڤیداکان پەیامێکی ئیلاهین و لەکاتی تێڕامانە ناوەکییەکاندا بە مرۆڤ دراون و مرۆڤیش لە ڕێگەی هونەری لە بیرنەکردنەوەیانەوە پاراستوونی و دواتر بەشێوەی نووسینی «دیڤانا جاری» و بە زمانی کۆنی «سانسکریتی» نووسراونەتەوە، «هاوبیر کامەران» تەمەنی ڤیدا بە کۆچی هند و ئەوروپاییەکان پەیوەست دەکات، واتە بۆ هیند و جێگیربوونیان لە کەنارەکانی ڕووباری «گنگ» پاش سالانی «٢٠٠٠- ١٥٠٠» پێش زایین کاتی پەیدابوونی ڤیداکان بێت، وشەی «ڤیدا» بە مانای زانیاری دێت، ڕەگەکەشی بە سانسکرێتی بریتییە لە ڤیدا Vid واتە بۆ زانین، یان بزانە، هاوکات پیاوانی «برەهمی» واتە چینی

بالادەستی ئایینی هیندۆس کردەی لێکدانەوەی ڤیدا ئەنجام دەدەن.. ڤیدا پێش ئەوەی کتێبێکی کۆنی ئایینی بێت، تێکستێکی بە نرخی فەلسەفییە و بەشێوەیەکی ورد لە ڕەگەزەکانی بوون دەگات و بەسەر ئاگر و هەوا و خاک و ئاودا دابەشیان دەکات و لە هەمان کاتدا هەڵگری هزرگەلێکی جیا جیایە، هزرگەلێک کە دەربارەی ڕوح و نەفس و جەستە و عیشق و خوداوەند دەدوێت، چونکە ڕیگ ڤیدا بە گرنگترین دەقی ڤیداکان دەژمێردرێت، «هاوبیر کامەران»ی یۆگی بیروباوەڕی ڤیدایەتی، لە تیۆرێکدا داڕشتووە و تێیدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ڤیدایی دەشێت لە ڕێگەی عیشق و زانین و کارەوە بە «کریشنای خوداوەند» بگات کە لووتکەی خاچە عیشقییەکە پێکدەهێنێت، چونکە خواوەند لەبوونی خۆیدا «پوروشا»یە کە وزەی بینراو و نەبینراوە، واتە نوورە. هەروەها خواوەند لە دەرکەوتەی خۆیدا لە ڕێگەی نوورەوە «پراکریتی»یە کە هەمان مادە و سروشتە.. یەکەمیان واتە پووروشا سروشتی دروستکارە. دووەمیان واتە پراکریتی سروشتی دروستکراوە. وەک [سپینۆزا] پلە بەندی کردبوو، لەم پێشەکییەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە (جیاوازی لەنێوان سروشتی دروستکار و سروشتی دروستکەردا ئەوەیە کە دروستکراو دووچاری فۆرم و شێواز هاتووە و ئازادی تەواوی خۆی وەک وزە لە دەست داوە، بەڵام دروستکار ئازادە و لەپشت زەمەن و شوێنەوەیە و ڤیدا دەڵێت بە مردنی شێواز دیسان [مادە]شی دەبێتەوە بۆ وزە و دەچێتەوە نێو ئاگایی بالا کە وزەیە، ئەمەش مانای وایە کە تیۆری لاهووتی و ناسووتی ڤیدایی ڕێچکەیەکی «Pantheisma»ی هەیە کە دەتوانین لە تەسەوفی ئیسلامی و عیرفانی مەسیحی و حیسیدیزمی یەهوودی و ئایینی بوداییدا بیدۆزینەوە. وەنەبێت یەکێتی بوونی ڤیدا ڕێ لە ئازادی مرۆڤەکان بگرێت «وەک وجوودییە سارتەرییەکان دەڵێن» بەڵکو ڤیدا مرۆڤ دەکاتە پێوەری شتەکان بەوەی کە هەموو خواوەندەکان لەپێناو ئەودا کاردەکەن و بگرە خودی خواوەند لەودا «تجلی، ئاڤاتارە- Av-athara»ی کردووە و لە دڵی هەمووواندا هەیە). وەک لەم کتێبەدا هاتووە- کە ڤیدا لە چوار بەش پێکهاتووە، ڕیگ، یاجور، ساما، ئاتەرفە.. ڤیدا بە شێوەی سروش «وەحی- Revelation» دەرکەوتووە کە بە سانسکریتی «Snruti-شرۆتی» پێ دەڵێن، چونکە ڤیدا نە نووسراوەتەوە نە داهێنراوە، بەڵکو بەهۆی پێوەندی لەگەڵ گەوهەری پیرۆز «برەهمان Brahman» دەرکی پێ کراوە، کە ئەوانەی ئەم کارەشیان کردووە بریتی بوون لە کەشیشە کۆنەکانی هیند «Rishis» کە بەهۆی ڕۆچوونە ناخیان و پێوەندی کردنیان بەهۆی هێزی ناوەکییانەوە ئەم کارەیان ئەنجام داوە و توانیویانە زانیاری ڕاستەوخۆ لە خودی خوداوەندەوە وەربگرن و بەخەڵکی ڕابگەیەنن بەمەش ڤیدا نابێتە نووسراوێکی دەستی مرۆڤ، بەڵکو دەبێتە نامەیەکی گەردوونی خودایی) کتێبی ڕیگ ڤیدا لە «١٠» دە «مەندالا» پێکهاتووە.

مەندالا هێمای کەونە لای هیندۆسی و بوداییەکان، بازنەیەکە و دەوری چوارگۆشەیەکی داوە کە لە هەر لایەکییەوە وێنەی خواوەندێکە، هەر مەندالایەک لە چەندین سوکتاو مانترا پێکدێت و زۆربەی سوکتاو مانتراکان لە خوداوەند دەدوێن و هاوکات زۆربەی سوکتاکان بۆ دانایەک لە داناکان دەگەڕێنەوە، وەک لە «ڕیگ ڤیدا»دا هاتووە وشەی خوا، یان خواوەند لە هەر ڕەگەزێکدا بۆ هێزی دەسەڵاتدار بەکاردێت، هێزی بلێسە، یان کلێپە و گەرما لە ئاگردا بالا دەستە و هەر بۆیە وشەی «ئاگنی» کە وشەیەکی سانسکریتییە و بە مانای ئاگر دێت لە فۆرمی کلێپەدا لە بەرانبەر ڕەگەزی ئاگردا ستایش دەکرێت، «لە ڤیداکاندا ئاگنی و سەرتاپا خواوەندەکانی دیکە بێجگە لە «پاراماتمان، فیشڤایا کارما، برەهما» وەک پەیامهێنی سێ ناوبراوەکەی پێشوو بایەخیان پێ دەدرێت، ئەم هێزانە «لەناویاندا ئاگنی» ناپەرستریێن، بەڵکو وەک بەشێک لە دەرکەوتەی خواوەندی یەکتا بایەخیان پێ دەدرێت لەکاتێکدا زۆربەی دیاردە سروشتییەکان جێگەی بایەخن لەم کتێبە فەلسەفییەدا، ئاگنی هێمای ڕەگەزی ساتڤیکە لە پراکریتیدا، یان لەبەر ئەوەی ئاگنی کە «ئاگرە» دەبێتە هۆی برژاندنی مادەی قوربانییەکە، هەروەها ئاگنی ڕەگەزی

ساتڤیکه و ساتڤیکیش ڕەگەزێکی سووکه و بەرەو ئاسمانەکان دەڕوات که خواوەندەکانی لێ نیشتەجێیە»

له خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەوڵ دەدەم ئەو برگە و بابەتانە بگوازمەوە کە تاڕادەیەک جۆرێک لە چێژی شیعریی و هەستی ئێستێتیکیم پێ دەبەخشن، دواتر بە کورتی چەردەیەک لە خەسڵەت و سیفاتی ئەو خوداوەندانە دەخەمە ڕوو کە لە مەندالاکاندا ناویان هاتووە، ئەنجا کێش و سەروا و بەحر و شێوازی هەندێ لە سروودەکان دیاری دەکەم، چونکە ئەو بەحرە شیعرییە ڤیداییانە ئێستا و لەم سەردەمەشدا وەک هونەرێکی شیعری پەیڕەو دەکرێت و مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت، هەڵبەتە خوداوەند لە تێکستەکانی ڤیدادا وەک وزەیەکی گەردوونی و نەبینراو باسی لێوە دەکرێت، هەروەها «لە ڕێگەی ئەقڵی گەردوونییەوە و بەهۆی مادەی گەردوونییەوە خۆی ئاشکرا دەکات» ، یان «کاتێک خوداوەند لە ڕوحی خۆی دەکات بە بەری مرۆڤدا ئاسمان دەبێتە ناوێک بۆی».. وەک لە مەندالای یەکدا هاتووە «ئاگنی خوای ئاگرە و هەر بۆ ئاگنییە کە قوربانی دەکرێت و ئاگنی وەک نێرراوێک وایە کە خواوەندەکانی تر بانگ دەکات بەشی خۆیان دەداتێ.. یان هەموو ڕۆژێک پیاوان خۆراکی ڕۆحی لە ئاگنییەوە وەردەگرن.. کە بێ گومان ناوبانگ و ئازایەتی و دەوڵەمەندی بەدەست دێنن، هەروەها «شەرابی سۆما» بۆ «ڤایو»ی خوداوەندی «با» ئامادە کراوە.. شەرابی «سۆما» لە تێکستەکانی ڤیدادا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە، «سۆما» گیایەکە لە شوێنە بەردینەکاندا دەڕوێت و دەکوڵێنرێت و دەگوشرێت و لەگەڵ شیر تێکەڵ دەکرێت و لە ئاهەنگە ئایینیەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم شەرابە دەبێتە هۆی جووڵاندن و گەشانەوەی «چاکرای ساهرارا» لە مرۆڤدا و بەمەش گەیشتن بە یەکبوون لەگەڵ خوادا دێتە بوون، هیندۆسییەکان سوودێکی زۆر لەم شەرابە وەردەگرن. سۆما لە ئایینی زەردەشتیدا بە شەرابی «هوم، یان هەوم» ناسراوە و لە مەراسیمە ئایینییەکاندا بەکاربراوە».. هەروەها «پرا جاپاتی» لە ڤیدادا گەورەترین خوداوەندە، یان خوای خواکانە، سوریا و ئاگنی و ئیندراو ڤایۆ و میترا وەک پەیامهێنی پرا جاپاتی وان، هێما میتۆلۆژییەکانی ڤیدا زیاتر هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژەن و دەلالەت لە بواری کشتوکاڵی و دیاردە سروشتییەکان دەکەن. بۆ نموونە- مانگا= خۆر، سوریا، گوێرەکە= هەور، یان ئیندرا «برووسکە»یەکە لە زستان و پاییزدا دێت و لەگەڵ باراندا دەست پێ دەکات و دەبێتە هۆی دابینکردنی سەوزی و خۆراک و بۆ مرۆڤ، بۆیە هەست دەکەین سەرەکیترین خەسڵەت و سیفاتی مرۆڤی ڤیدایی پابەند بوونیەتی بە پیت و بەرەکەت و سەوزی کێڵگە و مێرگەکان، بەڵام لە ڕووی ڕوحییەوە شەیدا و هەڵوەدای چرکەکانی «ئوم» و «یۆگا- Yaga»یە تا لە ڕێگەی سەڵیبی عیشقەوە لەگەڵ «کریشنا».. یەکبگرێت و بگاتە دوایین پلە و پایەی عیشق و فەنا... ڕەنگە شەرابی پیرۆزی «سۆما» لەلای کەشیشە ڤیداییەکان و لە فەراهەم کردنی ئەو کەشوهەوا سۆفیگەرییەدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت و ڕوحی هەڵایساو لە میحرابەکانی ئەڤین نزیک بکاتەوە و هاوکات ناوکۆییەکانی زمان بە خەسڵەتەکانی لەنجە و مەستی و سۆزی ڕوحانی بارگاوی بکرێن و وڕێنە جوانەکان گوزارشت لە ئاگرە مەحەببەتییەکانی پەروەردگار، یان خوداوەند بکەن، هەڵبەتە شەرابی «هەوم» لە جیهانی سۆفیزمی موغەکانی (زەرشت)دا هەمان ڕۆڵی ئەڤینی دەگێڕێت و نەخاسمە ئەو دەمانەی بە عیشقی «ئاهورا مزدا» سەرمەست و حەیران دەبن و بە گیانێکی ئۆرفیۆسی گۆرانی بۆ ڕوحی گەردوون دەچڕن، ڤیدا بەم جۆرە موخاتەبەی مرۆڤەکان دەکا «ئەی مرۆڤەکان نزا بکەن بۆ ئیندرا کە گەورەی ئەو حەوت هەرێمەیە کە هەن، ئیندرا زاتێکی کامڵ و تەواوە و ناوبانگی ئەو زۆر بەربڵاوە».

هەروەها لە ڤیدادا هاتووە، کە وشەی «ئوم» om، یان aum واتای ommeی لاتینییە کە مانای هەموو دەگەیەنێت، «ئوم» وشەی پیرۆزە و بڕوا وایە کە یەکەم وشەیە لە بووندا وترابێت و ناوی خواوەندە، هەرسێ پیتی a، u، m ئاماژەن بۆ «ئاگایی، نائاگایی، نیوە ئاگایی، یان وربرەهما، ڤیشنو، شیڤا» ، یان «ساین، داساین، سایندین» ، «ئوم» سێ خاسیەتی هەیە، یەکەم «مانترایە» واتە وشەیە، دووەم «تانترایە» واتە سمبولە، یان

هێمایه، سێیەم «پانترایه»، واته «ئوم».. له ڕیزی بیجامنترەکانیشدا دادەنرێت، هەر هیندۆسییەکی سەرەتا دەبێت بزانێت چۆن ئەم وشەیە دەڵێت...تاد» سەبارەت هەمان بابەت «هایدگەر» بوون دەکات بە سێ بەشەوە «ساین» بوونی هەمەگیر و نادیاری کراو، «سایندین» بوونی شتە بێجگە لەمرۆڤ، «دازاین» بوونی مرۆڤ.. هایدگەر پێی وایە شتەکان و مرۆڤەکان بەشن لە بوونی «ساین» کە بوونە لە خۆیدا «ساین» لە کتێبە پیرۆزەکاندا بەمیهری باڵا ناوزەد دەکرێت. لە «مەندالای دوو»دا سروودێک ئاراستەی «ڕودرا»ی ڤیداکان دەکرێت، ڕوودرا خواوەندی گەردەلوولەکان و باوکی ماروتەکانە کە خواوەندی «با»کان بووە- ئەم سروودە لەسەر کێش و سەروای، یان بەحری «تریشتوپا»یە.

ئەی باوکی ماروتەکان! خۆشیمان پێ ببەخشە با ئێمە لە تیشکەکانی خۆر جیانەبینەوە، با جەنگاوەرەکانمان توانای زاڵبوونیان هەبێت بەسەر دوژمنەکاندا لە جەنگدا، ئەی ڕودرا! دەستەکانی تۆ نەخۆشی لادەبەن، دەستەکانی تۆ خۆشی دەبەخشن.. ئەی ڕودرا! تۆ ئەو زاتە بە شایەنەیت کە تیروکەوان هەڵئەگریت، تۆ ئەو زاتەیت کە شایانی پەرستنی ئەی ڕودرا! هەروەک چۆن کوڕێک باوکی بەڕێزی خۆی ئەپەرستێ، ئێمەش ئاوها نوێژ بۆ تۆ دەکەین، ئێمە نوێژ ئەکەین تا تۆ نزیک بیت لێمان.. ئەم جۆرە کێش و بەحرە شیعرییە لە سروود و گاتەکانی «زەردەشت»دا بەدی دەکرێت بۆ نموونە: «سروودی یەکەم».. ٣٨/٣.

**ئەی ئاهورامزدا**
**بە بیری چاکەوە ڕوو لە تۆ دەکەم،**
**لەبەر تیشکی ڕاستیدا،**
**من لە پاداشتی ژیانی ماددی و**
**فریشتەییدا،**
**کە ئیماندارن بەخۆشبەختی**
**دەگەیەنێت**
**بەهرەمەند کە**
**با لە «سروودی چوارەم»ی ٨/٣١**
**ئەی مزدا،**
**لەکاتێکدا کە تۆم بە ئەندێشەی**
**خۆم ناسی،**
**بۆم دەرکەوت،**
**تۆی سەرەتا و کۆتایی گەردوون،**
**وەتۆی سەرچاوەی ئەندێشەی چاک**
**وە ئەوکاتەی کە تۆم بە چاوی دڵ**
**بینی**
**زانیم کە،**
**تۆی دروستکەری ڕاستی و**
**ڕاستییەکان**
**تۆی دادوەری کرداری مرۆڤ.**

بڕوانە کتێبی «سروود و گاتەکانی زەردەشت»

د. حوسێن وەحیدی، و: وریا قانیع، دەزگای وەرگێڕان/هەولێر، هەروەها ئەم سروودە گیانییەی ڤیدا کە پێوەندی بە «ماناسا»وە هەیە واتە «ڕوح» کە لەسەر کێشی ئەنشتوپایە..

ڕوحت بۆ زۆر دوور ڕۆیشتووە، گەیشتۆتە ئەو زەویەی کە لە هەر چوار لاوە گەرم کراوە «ئەمە ئاماژەیە بە بیابان» با ڕوحت بگەڕێتەوە، تۆ لە دایک بوویت بۆ ئەوەی بتوانیت لەم جیهانەدا بژیت- ئەگەر بە وردی بە تێکستەکانی «ڕیگ ڤیدا»دا بچینەوە دەتوانین چەندین جۆر کێش و سەروای جیاجیای تیا بدۆزینەوە کە لەسەر کێش و پێوانەی چەندین جۆرە بەحری شیعری نووسراون..


ئەنجا لە پەراوێزی تێکستەکانی ڤیدادا وەرگێڕی کوردی ئەو ڕەنگە پیرۆزانە دیاری دەکات کە لە ئایینەکاندا، یان لای ئایینپەروەران بە ڕەنگی پیرۆز دادەنرێن- ڕەنگی زەرد بە تۆنی تۆخ، ئەو ڕەنگەیە کە یۆگییەکان و هیندۆسییەکان و هەندێک لە بوداییەکان بەکاری دەهێنن و بە ڕەنگی پیرۆز ناودەبرێت، لە ئیسلامدا ڕەنگی سەوز پیرۆزە و لە یەهودییەتدا ڕەنگی سپی و ئەرخەوانی و وەنەوشەیی، لە زەردەشتیدا ڕەنگی سوور، لە مەسیحییەتدا ڕەنگی پەلکەزێڕینە جێی بایەخن، هەروەها لە پەراوێزەکانی تێکستگەلی ڤیدادا هاتووە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی پرۆگرامێکی گونجاوی خۆراک و وەرزشەوە تەمەنێکی دوور و درێژ بژیێت، پرۆگرامی خۆراک لە ڤیدادا لەمیوەکان و گیا بە نرخەکان پێکهاتووە، سۆما یەکێکە لەو گیا بەنرخانە، ئەو هێزانەی کە لە شەرابی سۆمادا هەن بریتین لە هێزی پاککردنەوەی لەش و بیر و زیرەکی، هەروەها یۆگی دەتوانێ لە ڕێگەی خۆراکەوە بگات بە پلە و پێگەی «سامادهی» و ئاگایی باڵا. لەنێو ئەو خۆراکانەشدا سۆما «کە گیایەکی هیندیە» وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا خۆراکێکی بەنرخە، ئیتر بە سروودێکی «ئوشا» کۆتایی بەم نووسینە دێنم و ئوشا نیشانەی

بەرەبەیانە، ئەی ئوشا تۆ ئەوەیت کە خۆراک و سامان دەبەخشی، تۆ ئەو خواوەندەیت کە شایانی ئەوەیت ئێمە ستایشت بکەین، ئەی ئوشای خواوەند! تۆ سواری گالیسکەیەک دەبیت کە وەکو مانگ جوانە تۆ ئەوەیت کە ئیلهامی قسەی شیرین دەدەیت، تۆ دەرکەوتەی نەمربیت. تیشکە درەوشاوەکانت تاریکی کەم دەکەنەوە، تۆ ژینی ئەو ڕۆژگارەیت کە سامان دەهێنێت، تۆ ئەو زاتە جوانەیت کە ڕۆژگار نیشان دەدەیت. ئەی ئەوانەی سرووده ئایینییەکان دەڵێنەوە! ئوشای خواوەند خۆی نیشان دەدات لەبەر دەمتاندا، بە ڕێزەوە بنوشتێنەوە لەبەردەمیدا و سرووده ئایینییەکانی بۆ بڵێنەوە، ئەو سەرچاوەی هەموو شیرینییەکانە، شێوەی ئەو زۆر جوانە، ئوشای درەوشاوە خۆی دەردەخات. ئەو زاتەیە کە شێوازی بێ شوماری بەهەشت و زەوی دەهێڵێتەوە، ئەی ئاگنی! تۆ ڕووناکی سەر زەویت و گڕی تۆ بەرەو سەرەوە بڵاو دەبێتەوە، هەروەک ئەوەی کە سڵاو لە ئوشا بکات، ئەگەرچی «ڤیدا» وەک ئایینێک بڕوای بە فرە خوداوەندی هەیە، وەک ئەو خوداوەندانەی کە لە مەندالاکاندا ناویان هاتووە، لەوانە ئاگنی، ڤایو، ئیندرا، ڤارونا، میترا، ڕودرا، سوریا، پراجاپاتی، یویا، پارجانیا، پوشا، پوروشا...تاد، بەڵام لە سرووده ڤیداییەکاندا هەندێ لەم خواوەندانە وەک پەیامبەر و نێرراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، واتە لە فەزا و کرۆکی سروودەکاندا هەست بە عیشق و سۆز و نزاو لاڵانەوەیەک دەکرێت کە هەمیشە و بەردەوام ئاراستەی عەرش و سەڵتەنەتی پەنهانی میهری باڵا دەکرێت، کەواتە میهرێکی یەکتاو پاک و بێ هاوتا لەودیو سرووده ڤیداییەکاندا بوونی خۆی پاراستووە و میهرێک لە پرشنگ و ڕووناکی نێو دڵ و دەروون دەکا، وەک لە سەرەتای ئەم نووسینەدا گوتمان ڤیدایی دەتوانێت لە ڕێگەی عیشق و کار و زانینەوە لە پەروەردگاری تاک و میهرەبانی جیهانی سەروو نزیک بێتەوە، هەروەها بەهۆی خۆناسی و بوون ناسی و ناسینی پوروشا و پراکریتی یەوە.. ڤیدا دەڵێت «دروستکار ئازادە و لەپشت زەمەن و شوێنەوەیە و بە مردنی شێواز دیسان مادە شی دەبێتەوە بۆ وزە و دەچێتەوە نێو ئاگایی باڵا کە وزەیە..».

**ناوی کتێب: ئوم ریگ ڤیدا**
**نووسینی: بیبێک دێبرۆی و دیپاڤالی دێبرۆی**
**وەرگێڕانی: ئاری ئەنوەر ساڵح**
**د. نیگا حوسێن ڕەحیم**
**د. سایە حەسەن مستەفا**
**د. گۆزارا حەمە ڕەشید نادر**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ساڵی ۲۰۰۵، کوردستان، سلێمانی.**

# شەوانی تەنیایی

**سەباح ڕەنجدەر**



ئەفسانە بەرهەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانی پێشووە و لە ناکاودا دێتەوە ناو بیرکردنەوەی ئەمڕۆمان و نوێبەخشی و خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و واقیع بەهاکانی قبووڵ ناکات.

نوێبەخشی لە شیعردا بڕوابوونی شاعیرە بەخودی بەهێزی خۆی، کە خودێکی ئازا و دەگمەن و جوانی ویستە. کاتێک بوێری ئەوە دەکات دەربڕین لە دێرینی مرۆڤ و شێوازی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی گەردوون بکات و هەست چۆن دەچێتە ناو شتەکان و لە کردار و پێوەندییەکاندا بەشدار دەبێت. بە کار و کارایانە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، چۆنیش زانیاری، یان سرووش و خرۆشی نووسین لە خۆی نزیک دەکاتەوە و وەریان دەگرێت.

بوون دەبێتە جێگای سەرنج و پرسیاری کاریگەر دەهێنێتە ناو چەق و بیر لە بە ئەدەبیبوونی دەربڕینەکانی دەکاتەوە. نەک لە ناو سێبەری ڕێبازە جۆر جیاوازە ئەدەبییەکان دابنیشێت و بۆ چالاکبوون و خۆبوونی خۆی خۆری کزی دەستەوەستانی هێندە تینی پێ نەدات.

هاتنە ناو یەکی چەندین شێواز و بیر و بەڕێوەبردن داگیری بکات و ڕێگای دەرخستنی پێوەندییە هەستییەکانی خۆی لێ بگرێت. لەم ڕێگرتنەشدا شیعری نموونەیی و باڵا بزر دەبێت.

شاعیر لە ئاستێکدا، کە شیعرییەت دەهێنێتە ناو ڕستە و وێنەکانی لە مۆسیقایەکی خوڕدا تاقی دەکاتەوە، ماوە و مەودایەکە خەریکی دۆزینەوەی یاری و پێوەندییە نادیارەکانی شیعرە، هەست و بیری خۆی بە جۆرێکی ئێستێتیکی بەکارهێناوە. وای دەبینیت هاوارێکی هێمنە لە دەروونێکی بریندارەوە پێت دەگات، لە پلەیەکی هۆشیاریدا چوارچێوەیەکی هەستەوەرانەی بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر نەوەی دوای خۆی بەجێ نەهێشتووە، لاو هەمیشە لە ئاراستەیەکی کاریگەردا بیرۆکە و هونەری وریاکردنەوە وەردەگرێت.

ئەم دیاردەیەی، کە نەیتوانیوە شێوازێکی بەزەبر بێت و دابکشێتە ناو نەوەی دوای خۆی لە وێنەی دەست لێدراو و گیراودا ماندووبوونی کەسی ناوەندی

دەقەکانی حەساندووەتەوە و وێنەی خۆڕاپسکێنی نەخستووەتە ناو بیرکردنەوەیان.

گفتوگۆ لەگەڵ ئەو شتانەدا دەکات، کە دەیانزانێت و هۆکاری ئازارە تایبەتییەکانی خۆی بوونە. خۆڕسکی و هەستیارییەکانی ڕادەکێشێتە ناو دەربڕینەکانی و دواتر دەربڕینەکانی دەکات بە شیعری یەک ئاست، بەڵام پێوەندییەکی ئەفسوونی هەست پێ دەکات و لە ئاراستەیەکی هۆشیاریدا دەستەبەری دەکات.

ئەفسوونێک بۆ خوێنەر دەخولقێنێت، کە لەگەڵی بەردەوام بڕوات و دووچاری بێزاریش نەیەت. بەردەوام خورپە و نادیارییەک چێژ و هێزی بەدواداچوونی بەرز دەکاتەوە. (ئەمە گرنگییەکی تایبەتە بە ئەفسوونی شیعرییەت و بەهرە و دەرکەوتن.) لەگەڵ ئەمەشدا خۆشی لە شاعیرانی پێشە خۆی ناچێت و شیعرییەت لە خۆڕسکی خۆی هەڵدەقوڵێنێت و trووسکاییەکەی دەکات بەمەشخەڵ. مەشخەڵ بەو مانایە نا وەک: دیاردە، دەرکەوتە، ڕووداو. بەو مانایەی بەڕوونی دیاری خستووە.

زۆر کاری لەناو سروشت و هێماکانی سروشتدا کردووە، ئەمەش وای کردووە، کە تێگەیشتن لە شیعرەکانی تاڕادەی گۆرانییە میللییەکان ئاسان بێت. مرۆڤ لەناو سروشتدا پەراوێز خراوە، ئەم ئاستە بەردەوام دەبێت و بەباری تردا دەگۆڕێت بۆ پەراوێز خستنی سروشت لەناو هەستی مرۆڤدا. مرۆڤ لە پێکهاتەی بوون و نەبوون توخمی ناوەندە و سروشتی پێ بەپیت و هەستیار و بەرهەمدار دەبێت. هەستێکی گەرم دەگەیەنێتە گیاندارەکانی لەسەری کۆبوونەتەوە.

شێوەیەکی نەدرکێندراو لەزمان هەیە. ئەو شێوە نەدرکێندراوە دەبێتە ئاماژە و زمانی شیعری نموونەیی و باڵا.

لە کرۆکدا شیعر پەیامێکی زمانییە لە دەربڕینی ئێستێتیکادا.

شیعر لەزمان و شتەکان پێکدێت، بەڵام زمان ناوەندێکی ڕاستەقینەیە و لە ڕێکخستنێکی تایبەتی زمانیدا دەبێتە شوێنێک، یان تایبەتمەندی شوێن بۆ یەک گرتنەوەی جوانییەکان، یان بە یەک گەیشتنی پێوەندی جوانییەکان و هەستیارکردنیان لەباری دەرکەوتن و پێکهێناندا.

زمان بە تەنیا داهێنانێکی تەواو پێشکێش ناکات، بەڵکو (زمان) و (شتەکان) داهێنانی تەواو پێشکێش دەکەن. ئەو زمانەی شیعر بەرهەم دەهێنێت لەگەڵ ئەو زمانەی چیرۆک و پەخشان و ڕۆمان و شانۆنامەی پێ دەنووسرێت ناکۆک نییە، یان ئەو زمانەی کۆمەڵگا بەگشتی بەکاری دەهێنێت. شیعری نموونەیی و باڵا زمانی ئاسایی ناشێوێنێت، بەڵکو دەیخەملێنێت و لەناکاو نائاسایی بەرهەم دەهێنێت و دەیدۆزێتەوە. لەڕێگای زمانەوە شتەکان دەخاتە سنووری خۆیەوە و ئاسۆی زمان و شتەکان لەخۆیدا دەکاتەوە.

داهێنەر لە بەکارهێناندا هێزی وشە دەناسێت، لە پرۆسەی بەڕستە، یان بەوێنەکردندا نهێنی ئەم هێزە دەدرکێنێت. ئەم شاعیرە لەبەکارهێناندا وشە دەناسێت، بەڵام لە پرۆسەی بە ڕستە، یان بەوێنەکردندا نهێنی ئەم هێزەی پێ نادرکێنرێت و نهێنی هێزی وشە نادۆزێتەوە.

کەواتە تەنیا لەچوارچێوەی پاراوی وشە لە ڕستەدا بایەخی بەزمان داوە. زمان لەناو هەمووماندا بڵاوە و تەواوی کۆمەڵگا بەرهەمی دەهێنێت. لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانەدا هیچ هەڵەیەکی شیعری و زمانی ڕوونادات. وەک ئەو زمانە میللییەی مەقام و بەیتە کوردییەکانی پێ گوتراوە.

تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت لەبیر و کار بۆ کردنی داهێنەر بوونی دەرکەوتە و دیاری نییە. ئەم جۆرە خەیاڵکردنە لە ناو بازنەیەکی تەسکدا تەنیا مل بە ڕۆشنبیرە پاش خاپەرۆکەکان با دەدات. ئەگینا تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت لە بیر و کار بۆ کردنی داهێنەر هەرەم نییە. هەموو شتەکانی تێدا کۆببنەوە و دەربکەون.

شاعیر لە هەر جوانییەک خرۆش و چەمک و هێزی گیانی و هونەری دارشتن وەردەگرێت. هەر جوانییەکیش فۆرمێک و ڕوخسارێکی جۆر جیاوازی هەیە. هەر یەکەیان هەڵگری ڕوخسار و مانا و بەهاو هێزی پیرۆزی خۆیانن. کەواتە ئەو هەموو جوانی و فۆرمە چون یەک تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی دەبێت. ئەگەر یەک تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت وەربگرن، ئەوە بەبێ هیچ دوو دڵییەک لە درێژەی بەردەوام بوونی نووسیندا دووبارەکردنەوە دەبێتە دیاردەیەکی بێزارکەر. کەواتە هەر شیعرێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەتی هەیە. نەک ئەزموونێکی بەپیت و درێژ لەناو یەک تایبەتمەندی و خەسڵەتدا گیری پێ بخۆیت و بووە ستێندرێت بەو نیاز و بیانووەی دەبێت تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەبێت و لە هێڵی کارکردن و بەرهەم هێنانیدا وەک ئەزموونێکی یەک شێوەیی خۆی ئاشکرا کردبێت و ناسنامەی بێت.

ئاوێنە یەک ڕوخساری بۆ ئێمە هەیە، بەڵام ئێمە یەک ڕوخسارمان بۆ ئاوێنە نییە.

پێویستە ئەو بازنەیە بشکێندرێت و ئەو بۆچوونە هەڵوەشێتەوە، کە گوتراوە دەبێت شاعیر دەرکەوتە و تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵکو دەبێت بەهرەی بەزانیاری مشتوماڵ بکات و دەرکەوتنی کاریگەر و گرانایییەک بخاتەوە و لە پێکهاتەدا تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی بباتەوە ناو (زمان) و (شتەکان).

(شەوانی تەنیایی)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعریی (سەعدوڵڵا پەرۆش)ە. ساڵی (١٩٨٠) لەدوو توێی (١١٠) لاپەڕەدا لەچاپخانەی (شارەوانی هەولێر) لەهەولێردا چاپکراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (وڕێنەی دەم تای عاشقێک، شەوانی خامۆش، ماڵئاوایی، مەرگ و خولیای عەشق، شیعر، رووبار دەڕوا و دەڕوا و دەڕوا، هێلانە، تاسە، شیعرە گریان، باران، چۆلەکە، ڕووبار، خۆ دۆزینەوە، ئاشنا، سەرنج، گومان، کۆچی بێ گەڕانەوە، زندەخەو، نیشتمانی چۆلەکە، کۆچ، بۆ کچە کەمانچەژەنەکە، توانەوە.)

**وڕێنەی دەم تای عاشقێک**
**زستانێکی سارد و سڕە**
**پشکۆی کفتی ئاگردانی حوجرەی دەروون**
**لە قووڵایی نیوە شەوی بەفرانباری ئەمساڵدا**
**لە خەڵوەتگای ژیلەمۆدا**
**بۆ خەوێکی کپتر لە مەرگی کاکەمەم**
**وەنەوز دەدەن**
**وەرن فریام کەون وەرن**
**فریشتەکانی یادگاری**
**شەش حەوت ساڵەی بەر لە ئێستام**
**خێرا بگەن بە بارەگای فەرامۆشیم**
**وەرن ئەمشەو**
**خێڵەساتی کۆچەری دڵی هەتیوم**
**کۆچ و کۆچباری بێکەسی و غەریبی**
**لێکدەنێ و دەڕوا**
**بەرەو هەوار و کوێستانی ساڵێکی تر**
**هەوارێکی دیکەی بزر**
**دەخێرا دەی**
**دەروێشەکانی دەفژەنی**
**بیرەوەری هاڵاو گرتووم**
**دەفی ژانی ناسۆری مووچڕکاویتان**
**لە تەکیەی گیانی وێرانی**
**نامرادیدا لێ بدەن**
**ئەوا شێخی دڵی سەرخۆشی عەشقیشم**
**لەگەڵتاندا**
**لە ئەڵقەی زیکر و حاڵ دایە**

شێوازی شیعری دوور نییە لە شێوازی بیرکردنەوەی ئازا و دەگمەن و جوانیویستی خودی شاعیر خۆی. هەستیارییەکانی بەرانبەر بە بوون و دیاردە خودییەکانی تێکەڵ بە دیاردە سروشتییەکان دەکات لەگۆشەیەکی دیاریکراودا و بەبیرێکی ڕۆمانسیانەی مەند و بێ کەفوکوڵ و داماڵدراو لە هەڵچوون بەدوای پرسیارەکانی سروشتدا نهێنیخوازە. بۆ شاعیری ڕۆمانسی هیچ شتێک لە سروشتی پاک بەهرەبزوێن و سەرسووڕهاوەرتر نییە. ئەفسوونی گەرم و بەردەوامی دەداتێ و هەستەکانی دەهێنێتە دۆخی هەست بەجوانی کردنی نووسین و تواندنەوەی خود لە کرداری نووسین. نووسینێک لەقووڵاییەکی شاراوەدا بۆ ئاستی پێشاندان و بینین بەرزدەکرێتەوە.

ئەم کتێبە لەگشتدا وەک شێواز و بابەت و زمان شیعرێکی یەکگرتووی درێژە، لە ڕواڵەتدا چەند ناوونیشانێکی لاوەکی ئەم گشتە یەکگرتووەی هەڵوەشاندووەتەوە. ئەگەر ئەو ناوونیشانە لاوەکییانە هەڵبگیرێن هێڵی دەست پێکردن و کۆتایی هاتن ڕوونتر دەردەکەوێت.

ڕاز و خولیا و گومانە کەسییەکانی شاعیر (کەسی ناوەند) ئاسۆیەک دروست دەکەن و لەناو تۆڕی بەکارهێناندا کۆیان دەکاتەوە. خوێنەریش زیندوویێتی پێ دەدات بۆ مانەوە و بەردەوامبوون.


پێکهاتەی گشتی کتێبەکە یەک بنیاد و یەک زمان و یەک ئیقاع و یەک بابەت، یان دەربڕین و گوزارشت کردن، یان شێوازی دەربڕین و گوزارشتکردن ئاست و ئاراستەیەک بەڕێوەی دەبەن و بەهۆی ڕەوانی زمان مەبەستی بە ڕوونی دەگەیەنێت، یان پەیامی خودێکی ئازار چەشتوو دەگەیەنێت. لەکاتێکدا مەبەستە ناوەکییەکانی شیعر پەیامێکی زمانییە و سروشتە تایبەتییەکانی ئێستێتیکای پێ دەخوێندرێتەوە.

شاعیر لەم کتێبە شیعرییەدا خودی ئازار چەشتووی خۆی پێ خوێندووەتەوە. هەست بەنامۆیی بوونی خودی خۆی زۆر زاڵە و کۆی ئازارەکانی تێدا دەرخستووە، دەکرێت وەک ناوەند نەزاندراوەکانی لێوە بزانین، یان بەدوایاندا بگەڕێین. بەهۆی بەردەوامی ئەو هەستە بەنامۆیی کردنەش ئەزموونی کراوە و کاریگەرتر و خەملیوتر بووە.

# خانوویەکی زەرد

**ناڵە حەسەن**
**(کەنەدا)**

(خانوویەکی زەرد) کتێبێکی ٣٤٠ لاپەڕەیی قەبارە مامناوەندییە، لەلایەن (مارتن گەیفۆرد)ەوە نووسراوە. بەرگی پێشەوەی ژوورێکی نووستنی نێو خانووە زەردەکەیە، کە یەکێک لە تابلۆ بەناوبانگەکانی «ڤان کوخ»ە، لەژێر تایتڵی کتێبەکەش نووسراوە (ڤان کوخ و گۆگان.. نۆ هەفتەی پڕ لە کێشە و ئاژاوە!). چیرۆکێکە باسی نۆ هەفتە بەیەکەوە ژیانی دوو هونەرمەندی بەناوبانگی نێو دنیای هونەری شێوەکاری و دنیای ڕەنگ و جوانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، دوو مرۆڤی ڕەبەنی دڵ لێوانلێو لە شەوقی عەشق. نۆ هەفتەی پڕ لە کاری هونەری و پڕ لە گفتوگۆی هونەری و پڕ لە نهێنی و لە جیاوازی و پڕ لە هاتوهاوار!




«خانوویەکی زەرد» لە شاری «ئارلێس»ە، کەوتۆتە باشووری «فەڕەنسا»، لە ٢٣ ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٨ «پول گۆگان» دەگاتە ئارلێس و دەچێتە نێو خانووە زەردەکە. کاتێک دەگات «ڤان کوخ» دەمێکە ژووری نووستن و هەموو شتێکی بۆ ئامادەکردووە. «گۆگان» بەم شێوەیە باسی ژوورەکەی دەکات (گوڵە بەڕۆژەکان بەچاوە وەنەوشەییەکانەوە بەباکراوندێکی زەردەوە، لەنێو مەرکانێکی زەرد، لەسەر مێزێکی زەرد بە ئیمزای « ڤینسنت»ەوە. تیشکە زەردەکانی خۆرەتاویش لەنێو پەردە زەردەکەوە دەهاتنە نێو ژوورەکەم و شەپۆلیان دەدا، لە بەیانییە زێڕینیەکانیش هەستم بەبۆنێکی خۆش دەکرد... لاپەڕە ١٤) لەو کاتەدا ڤان کوخ تەمەنی ٣٥ ساڵ و گۆگان ٤٠ ساڵ دەبێت. ڤان کوخ بێ ئەندازە دڵخۆش و ئاسوودە بوو بە گەیشتنی گۆگان! سیۆی برای لە نامەیاکدا بۆی دەنووسێت (تۆ نازانیت من چەندە دڵخۆشم بەوەی کەکەسێکی تر لە گاڵتا دەژێت و چیتر لە نێو خانووەکەتدا تەنیا نابیت و لەم تەنیاییە ڕزگارت دەبێت، زۆر بەختەوەرم بەوەی کە هونەرمەندێکی وەکو «گۆگان» لەگەڵتدا دەژێت.. لاپەڕە ١٨٨).

سیۆی برای ڤان کوخ لەو کاتەدا لە پاریس دەژیا و لە گەلەرییەکی تابلۆ فرۆشتن ئیشی دەکرد، گۆگان و ڤان کوخ کە تابلۆکانیان تەواو دەکرد بۆ ئەمیان دەنارد تا بۆیان بفرۆشێت. ئەم کتێبە نەک تەنیا نۆ هەفتە،

بەڵکو باسی تەواوی ژیانی ئەم دوو هونەرمەندەمان بۆ دەکات بەتایبەت ژیانی ڤان کوخ هەموو شتێکی ژیانیان تەنانەت مەسەلە زۆر تایبەتییەکانیش. نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا پرسیارێک زەق دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە، بۆی گرنگە بزانێت (بۆچی ڤان کوخ لە درێژەی سەفەرەکەیدا لەم شارە گیرساوەتەوە و بڕیاری داوە لەم شارەدا بژێت؟) چونکە ئەو کاتە پاریس بێشکە و لانەی (تەوژم و قوتابخانەکان و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان بووە!). شاری ئارلێس بە بەراورد لەگەڵ پاریس تا ئاستێک شارێکی پیس و تۆزاوی و دواکەوتووش بووە. ئاخۆ دەبێ لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەیەوە چ دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی بینیبێت تا وای لێکردبێت لەم شارەدا لەنگەری گرتبێت؟!، بەڵام نووسەر زیرەکانە یەکسەر وەڵامەکە ناداتە دەست خوێنەر، وا دەکات خوێنەر لە چوارچێوەی خوێندنەوەی کتێبەکەدا وەڵامەکەی دەست بکەوێت، بەڵام لە پاڵ ئەم پرسیارەدا، پرسیارێکی تریش بەبیری خوێنەردا دێت کە پێوەندی بە وەڵامی پرسیارەکەی نووسەرەوە هەیە ئەویش (بۆچی ڤان کوخ لە نێو هەموو ڕەنگەکاندا هێندە ڕەنگی زەردی بەکار هێناوە و هێندە بە ڕەنگی زەرد سەرسام بووە؟) تا ئەو ئاستەی (نەک لەم کتێبەدا، بەڵکو لە شوێنێکی تردا) بڵێت (ڕەنگی زەرد سەرنجی خوداش ڕادەکێشێت؟!) ئایا چ هەست و سۆزێک، یان چ هۆکارێکی دەروونی لە پشتی ئەمەوە بووە؟، بەڵام کاتێک خوێنەر بە خوێندنەوەکەیدا ڕۆدەچێت لە ڕێگادا بە وەڵامی هەردوو پرسیارەکە دەگات ئەویش ئەوەیە ؛ ڤان کوخ تا ئاستی فۆبیا لە زستان و سەرما و سۆڵە ترساوە، جەستەیەکی لاوازی هەبووە بەرگەی سەرما و ڕەهێڵە و بارانی زستانی نەگرتووە، هەمیشە دڵی بە هەور و تاریکایی و تەمی زستان توند بووە، هەربۆیە ژیانی تەمومژاوی ژێر هەورە ڕەشەکانی باکووری خۆش نەویستووە! پەنای بردۆتە بەر باشوور و لەوێ گیرساوەتەوە، لەهەمان کاتیشدا حەزی بە شاری گەورە و جەنجاڵ و پڕ لە هەراو و هۆریا نەبووە. لەلایەکی ترەوە وەکو هونەرمەندێک لەنێو وەرزەکاندا عاشقی هاوین و پاییز بووە، عەشقی کێڵگە و دەشتە کاکی بە کاکییەکان و وەرزی دروێنە بووە، بۆیە زۆربەی تابلۆکانی ڕەنگدانەوەی ئەم سروشتە و ئەم واقیعە دەروونییەی خۆی بووە! هەرچۆنێک بێت ئەم دوو هونەرمەندە بڕیاریان داوە بەیەکەوە بژین، ژیانێکی سادە و ساکار، لە خانوویەکی زەردی ڕەنگ خۆرەتاوی، ژیانێکی جوان وەک ناخ و ئومێد و خەونە پەپوولەییەکانیان. لەو سەردەمەدا «گۆگان» یەکێک لە ناسراوترین هونەرمەندانی شێوەکاری پۆست _ئیمپرێسیۆنیزم بووە ناو و دەنگی نەک هەر لە فەڕەنسا و ئەوروپا تەنانەت گەیشتبووە ئەمریکای لاتینیش، تابلۆکانیشی لە بازاڕدا ڕەواجی زۆریان هەبووە، ڤان کوخ لەو سەردەمانە باری دەروونی دەمێک ئاسایی و دەمێک دژوار دەبێت، زیاتر کەسێکی دابڕاو و تەنیا بووە، تەنانەت لە یانە و قاوەخانەکانیش هەمیشە بە تەنیا دانیشتووە، دەوروبەرەکەش ڕێزیان نەگرتووە و بە چاوی کەسێکی شێت سەیریان کردووە، بەتایبەت گەنجەکان زۆرجاران گاڵتەیان پێ دەکرد و پێی پێ دەکەنین، بە تایبەت ئەو کاتانەی شەبقەکەی لەسەر دەکرد کە بەقەڵەم ماجیک هەندێ جار خەتخەتۆکەی شین، یان زەردی لەسەر دەنەخشاند! هەڵسوکەوتییان بەلاوە سەیر و نامۆ بوو. ڤان کوخ نەک تەنیا لەو سەردەمانە، بەڵکو دەمێک بووە بە دەست ئەم بارە دەروونییەی ناڵاندوویەتی. ئەوەتا لە ساڵی ١٨٨٠ باوکی بردوویەتی بۆ نەخۆشخانەی دەروونی.، بەڵام «گۆگان» بە پێچەوانەی «ڤان کوخ' کەسێکی مەجلیس خۆش و کەسێکی تێکەڵاو بووە لەگەڵ دۆست و برادەرەکانی، ڤان کوخ مەشرووباتی زۆر دەخواردەوە و زۆریش دەچووە تیاترۆخانەکان (یانەی شەوانەی سەما)کان، زۆر جاران لە یانەکان کردوویانەتە دەرەوە، لەگەڵ (گۆگان)یش زۆرجاران بەیەکەوە ڕۆیشتوون بۆ ئەم یانانە، هەندێ جار وێنەی لەشفرۆشەکان و خاوەن یانەکان و برادەرەکانیان هەر لەوێدا دەکێشا.

خواردنەوە و چوونە تیاترۆخانەکان و کات بەسەربردن لەگەڵ لەشفرۆشەکان، ئەو کاریگەرییەی بەسەر گۆگان-ەوە نەبووە، بەمانای هێندەی ڤان کوخ خەریکی خواردنەوە و بەدوای لەشفرۆشەکانەوە نەبووە، بەڵام ڤان کوخ بەرانبەر ئەم دوو شتە، کەسێکی تەواو وێران و لاواز و بێ ئەندازە بێ ورە بووە! زۆرجاران بڕیاری دەدا نەچێتە تیاترۆخانەکان و وێنەی لەشفرۆشەکان نەکێشێت، لە نامەکانیدا ئەو بەڵێنانەی بە ثیۆی برای دەدا، بەڵام هیچ کاتێک بڕیارەکانی بۆ نەدەچووە سەر، هەمیشەش بەزەیی بە لەشفرۆشەکاندا دەهاتەوە و هیچ کاتێک بە چاوی سووک سەیری نەدەکردن. گۆگان لەم بارەیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت (جارێکیان لەشفرۆشێک داوای پارە لە ڤان کوخ دەکات، ڤان کوخ-یش هەرچی پارە و پوولی پێیە دەیداتێ، دوای کەمێک لە برساندا هەست بە ئازاری

سکی دەکات!).

بەهەرحاڵ ئەم دوو مرۆڤە لە سەرەتاوە لەگەڵ یەکدا زۆر بەختەوەرن و بە ئیشەکانی یەکتری سەرسامن، بەتایبەتی ڤان کوخ زۆر سەرسامە بە گۆگان و بە ئیشەکانی و بە کەسایەتی و بە هەموو شتێکی، (گۆگان)یش تا ئاستێکی باش سەرسام بوو بە ئیشەکانی ڤان کوخ بە تایبەت بە تابلۆی (گوڵەبەڕۆژە)، ئەوەتا ڤان کوخ بۆ سیۆی برای دەنووسێت (گۆگان ئەو ڕۆژە تابلۆی «گوڵەبەڕۆژە»ی «کلۆد مانێت» دەبینێت ئەوەی منی پێ باشتر دەبێت لاپەڕە ١٤٦). زۆرجاران بەیەکەوە دەچنە دەرەوە بۆ دەشت و چۆڵەوانییەکان وێنەی خۆرئاوابوون و دیمەنەکان دەکێشن، یان هەندێ جار لە ماڵەکەیانەوە لە پەنجەرەکەوە هەرجارەی دیمەنێکی شار و ڕێگەوبانەکانیان دەکێشا، یان بڕیاری ئەوە دەدەن لە ماڵەوە خواردن دروست بکەن، هەم بۆ ئەوەی پارەی کەمتر خەرج بکەن و هەم کاتی زیاتریان بۆ بەیەکەوە بوون و کاتی زیاتر بۆ قسە و باس و گفتوگۆی هونەری هەبێت. وا بڕیار دەدەن، (گۆگان خواردن دروست بکات، واتە چێشت لێنەر بێت، (ڤان کوخ)یش بازاڕ بکات و شتەکان بکڕێت)، بەڵام گۆگان دەربارەی بازاڕ و شت کڕینەکەی ڤان کوخ دەڵێت (هەر دوو سێ دوکان بە تەنیشت ماڵەکەمانەوە زیاتر نەدەڕۆیشت، ژنێکی بەقاڵی تەمەن مامناوەندی هەبوو هەمیشە شتەکانی لەو ژنە بەقاڵە دەکڕی، تەنانەت ئەگەر شتەکان خراپیش بوونایە!)، بەڵام وەزعەکان تاسەر بەم شێوەیە نامێننەوە، هەر زوو لەنێو گفتوگۆیە هونەرییەکانیاندا جیاوازییەکانیان بەدەردەکەوێت، جیاوازی زۆر ڕیشەیی، لەسەر ڕوانین بۆ هونەر و شێوازی ئیشکردن و ستایل و ڕەنگ و زۆر شتی تر! تەنانەت بیروباوەڕی ئایینیشیان!، بۆ نموونە لە تابلۆی (خۆرئاوابوون – Sun set)دا هەردووکیان لەیەک کاتدا تابلۆکە دەکێشن لەنێو ڕەنگ و شێوەی کێشانی تابلۆکەیاندا جیاوازی ئایینییان تێدا بەدەردەکەوێت، کە گۆگان کاسۆلیک و (ڤانکۆخ)یش پرۆتیستانت و هەردووکیشیان باگراوندێکی ئایینی تۆخیان هەیە، ڤان کوخ لە خێزانێکی ئایینی پەروەردە بووە، (گۆگان)یش بۆ چەند ساڵێک لە قوتابخانەی ئایینی خوێندوویەتی و نووسینێکیشی بە ناوی (بیری مۆدێرن و کاثۆلیزم) هەیە. دەربارەی هونەر و ڕەنگ و شێوازی کارکردنیش، گۆگان پێی وابوو (نابێت دیمەنە سروشتییەکان وەکو خۆیان ڕەسم بکەین، پێویستە ئەبستراکانە لە سروشت و هونەر بڕوانین، وەک ئەوەی چۆن لە نێو خەیاڵ و خەونەکانماندا هەن!)، بەڵام ڤان کوخ زیاتر بایەخی دەدایە (ڕوانین و بینین)، زیاتر دیمەنەکانی بەشێوەی سروشتی وێنە دەکێشا، ڕەنگی زەرد و ڕەنگە ئاچوغەکانی زۆر بەکار دەهێنا، لەم بارەیەوە لەژێر کاریگەرییەکانی هونەری «ژاپۆن» ی دابوو، بەڵام گۆگان ڕەنگی ئاسایی و ڕەنگی شین و مۆر و سوور و ڕەنگە تۆخەکانی زۆر بەکار دەهێنا بۆ نموونە : هەردووکیان بەیەکەوە تابلۆیەک دەکێشن بە ناوی( The Sower) (هەر لەم تابلۆیەدا گۆگان ڕەنگی ئاسمانەکەی شینێکی تۆخی مەیلە و وەنەوشەیی دەکات، بەڵام ڤان کوخ ڕەنگی ئاسمانەکەی زەرد دەکات!). گۆگان لە نامەکانی بۆ (بەرنارد)ی هونەرمەند ئەم جیاوازییانەی خۆی باس دەکرد. «گۆگان» زۆر حەزی بە ئاو و زەریا بوو، بەشێکی زۆری ژیانی لەنێو ئاودا بەسەر دەبرد، گەشتی دەریایی زۆر دەکرد، بەڵام ڤان کوخ وانەبوو، ئاو و زەریا ئەم کاریگەرییەیان لەژیان و لە نێو هونەری ئەودا نەبوو!، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ڤان کوخ خاوەن مەعریفە و هۆشیارییەکی لەڕادەبەدەر بوو، خوێنەرێکی زۆرباش و بەسەلیقە بووە. زۆر بە ڕۆمان و چیرۆکەکانی (ئەمیل زۆلا) سەرسام بووە، جگە لە زۆلا (دیکنز و جۆرج ئیلیەت و بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبیاتی زۆر دەخوێندەوە)، بە سێ زمان (هۆڵەندی و فەرەنسی و ئینگلیزی) دەیخوێندەوە و زۆریش گوێی لە مۆسیقا دەگرت، کاریگەریی مۆسیقای زۆر بەسەرەوە بوو. لەم بارەیەوە دەیگوت (من باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام باوەڕم بە (بتهۆڤن) و (مۆزارت)یش هەیە!)، لەژێر کاریگەریی مۆسیقادا زۆر لە ڕەنگەکان ڕادەما تا ئاستی ئەوەی دەنگی ڕەنگەکانی دەهاتە گوێ و هەستی پێ دەکرد! لە هەوڵی نووسینەوەی دەنگی ڕەنگەکاندا بوو! «بۆدلێر»ی شاعیریش لەم بارەیەوە دەڵێت: (دەنگ و ڕەنگ و وشە، لە پێوەندی تونددوتۆڵدان لەگەڵ یەکتریدا، هەمیشە وەڵام بە یەکتری دەدەنەوە!). ڤان کوخ لە پێوەندییەکانی عەشق و خۆشەویستیدا هەمیشە شکستی هێناوە و لە ژن هێنان یاخی دەبێت و تا دەشمرێت هەر بە ڕەبەنی دەمێنێتەوە!، بەڵام گۆگان ژنی هێناوە و چوار منداڵیشی هەیە بەس لەو کاتەدا لە دووری ئەوان و بە تەنیا دەژێت و باوەڕ و بیرکردنەوەی بەرانبەر (هاوسەرگیری) و ژیانی خێزانی و هاوسەرێتی بەم شێوەیە و دەڵێت: (هاوسەرێتی شتێک نییە جگە لە کردارێکی کاڵایی و کڕین و فرۆشتن! کردارێکی ئەخلاقییە و تەنیا بۆ سێکس و جوتبوونی نێو

جێگایە و هیچی تر، لەم جۆرە پێوەندییانە ژوورێک، یان جێگایەک نامێنێتەوە بۆ خۆشەویستی!).

ڤان کوخ یەکێک بوو لەو هونەرمەندانەی پۆرترێتی خۆی و کەسەکانی دەوروبەری خۆی زۆر کێشاوە و ئامانجێکی ئایینیانەی لە کێشانی ئەم پۆرترێتانە هەبووە (بە خەیاڵی خۆی مرۆڤە مەزنەکان و مرۆڤە پیرۆزەکانی لەنێو پۆرترێتەکاندا دەبینی!) یەکێک لەوانە (ڕۆلین)ی پۆستەچی کەسێکی زۆر نزیک بووە لە ڤان کوخ ئەمیش پۆرترێتی (ڕۆلین)ی بە چەندین شێوە کێشاوە و پۆرترێتی خێزانەکەی و هەموو ئەندامانی ئەم خێزانەی کێشاوە.

لە هەفتەی سێیەمی نۆڤەمبەر بەولاوە وردە وردە کێشە و جیاوازییەکانیان ڕوو لە زیادبوون دەکات، گۆگان لە نامەکانی بۆ «سیۆ» بێزارییەکانی خۆی دەردەبڕێ و لە سەرەتای دیسەمبەردا لەنامەیەکدا بۆی دەنووسێت (کە چیتر ناتوانێت لەگەڵ ڤان کوخ بێ کێشە بژێت!). لە ناوەڕاستی دیسەمبەردا نامەیەک بۆ «سکوفێنگێر»ی برادەری دەنووسێت تێیدا دەڵێت: (ناتوانێت زیاتر ئارام بگرێت، لەوانەیە لە هەر چرکەیەکدا ئێرە بە جێ بهێڵێت) ڤان کوخ لەو کاتەدا باری دەروونی ئێجگار دژوار و نالەبار دەبێت!، بێ ئەندازە پەنا بۆ خواردنەوە دەبات، هەوڵ دەدات زۆرترین کاتی خۆی بە وێنەکێشان بباتە سەر، بۆیە دەبینین لەم چەند مانگەی دواییدا ٢٥ تابلۆ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەکێشێت. بەشێکیش لەم بارە دەروونییەی کاریگەری ئەوەیە بەوەی زانیوە کە گۆگان دەیەوێت بڕوات و بەجێی بهێڵێت، کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی شەوێک لە گفتوگۆیەکی نێوانیاندا ڤان کوخ زۆر تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت، بەرداخەکەی بەردەمی بۆ دەهاوێت و تێی دەگرێت! ئیتر دوای ئەوە هاوڕێیەتی و پێوەندییەکانیان بە کارەساتێکی تراژیدی خەمناک کۆتایی دێت، ئەویش وەک ئەوەی گۆگان خۆی باسی دەکات و دەڵێت (من هەستم دەکرد دەبوایە بە تەنیا بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێک هەوای پاک هەڵمژم، نزیکەی لە شوێنەکەی (ڤیکتۆر هۆگۆ) تێپەڕیبووم و لە دواوەی خۆم هەستم بە دەنگی پێی کەسێک دەکرد، کە ئاوڕم دایەوە بینیم ڤان کوخ بەدوامەیەوە و گوێزانێکی ڕیشتاشینی بەدەستەوەیە و بەرەو ڕووم دەهات، کە سەیرم کرد، ئەویش لەشوێنی خۆی وەستا و پاشان سەری داخست و دوای تاوێک بەپەلە گەڕایەوە ماڵەوە،لاپەڕە ٢٧٥) لە ماڵەوە پارچەیەک لە گوێی چەپەی دەبڕێت، پاشان دەڕوات لە یەکێک لە تیاترۆخانەکان پرسیاری (ڕاشێل) دەکات، دەرگەوانەکەش کە بەم شێوە ئەو جەستە خوێناوییەی دەبینێت، ڕێگەی پێنادات بچێتە ژوورەوە، (ڤان کوخ)یش پارچە گوێیەکەی لەنێو پەڕۆکێک پێچاوەتەوە دەیدات بە دەرگەوانەکە و پێی دەڵێت (ئەمە بدە بە «ڕاشێل» ئیدی دەڕواتە ماڵەوە و لێی دەکەوێتە خەوێکی قووڵ قووڵ! کاتێک دیارییە خوێناوییەکە دەدەن بە «ڕاشێل» ئەویش یەکسەر لە هۆشی خۆی دەچێت! لێرەدا نووسەر زانیارییەکی ئەوتۆمان ناداتێ دەربارەی پێوەندی ڤان کوخ بە «ڕاشێل»ەوە، بۆیە خوێنەر دەکەوێتە نیگەرانی ئەوەی ئایا ڤان کوخ لەبەر کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان خۆی و گۆگان ئەم کارەساتەی بەسەر خۆی هێناوە، یان لە داخی «ڕاشێل» ؟! چونکە لە سەرچاوەی تر باسی ئەوە دەکات، کە ڤان کوخ «ڕاشێل»ی خۆش ویستووە، ئەمیش ڕەتی کردۆتەوە و ڕازی نەبووە! چونکە دوای ڕووداوەکە و ڕۆیشتنی بۆ لای «ڕاشێل» بەرئەنجامێکی تەمومژاوی لێ دەکەوێتەوە! لەگەڵ ئەمانەشدا گۆگان زۆر هەست بە تاوانباری دەکات و پەشیمانی ئەوە دەردەبڕێت کە دەبوایە بە تەنیا جێی نەهێشتبا، لە ماڵەوە هێمنی کردبایەوە ! یان نووسەر تا ڕادەیەک پەنجەی تاوان بۆ گۆگان درێژ دەکات و دەڵێت (ئەگەر گۆگان بەدوایدا بگەڕابایەوە ماڵەوە ڕەنگە ئەم کارەساتە ڕووی نەدابا!)، بەڵام پرسیاری خوێنەریش ئەوەیە (ئەی باشە ئەگەر ئەو کات پاش گەڕانەوەی گۆگان کارەساتێکی دژوارتر ڕووی بدایە؟!) دوای ئەوەی ڤان کوخ بە خۆی و گوێزانەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کاتێک گۆگان وەزعەکە تا ئەم ئاستە دژوار دەبینێت هەر ئەوکاتە بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە ماڵەوە، شەو دەچێتە هۆتێلێک، بەیانی کە دەگەڕێتەوە و ئەم هەموو خوێنە دەبینێت، پاش ئەوەی بە ڕووداوەکەش دەزانێت، کە لەو کاتەشدا ڤان کوخ لە نەخۆشخانەیە هەر بە یەکجاری بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە ئەم ماڵە. پاشان ڤان کوخ دەگوازرێتەوە بۆ «سان ڕیمێ» کە نەخۆشخانەیەکی دەروونییە لەدەرەوەی شاری «ئارلێس»ە، سیۆ بۆ ڕۆژی کریسمس دێتە ئارلێس و سەردانی ڤان کوخ دەکات، ڕۆژەکە هەمووی لەلای دەمێنێتەوەو شەو دەگەڕێتەوە پاریس، (گۆگان)یش لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، دوای ئەم ڕۆیشتنە جارێکی تر لەگەڵ ڤان کوخ یەکتری نابیننەوە! لە چوارشەممە ٢١ی کانوونی یەکەم، (ڕۆلین)ی پۆستەچی سەر لە ڤان کوخ دەدات و بەم شێوەیە لە

نامەیەکدا بۆ سیۆ باسی ڤان کوخ دەکات (ببوورە ئەوەت پێ دەڵێم ، تەنیا هۆشی لە دەست نەداوە لەڕووی جەستەییەوە زۆر لاواز و بێ هێزە، منی ناسییەوە، بەڵام هیچ سیمایەکی خۆشی پێشان نەدام. تەنانەت پرسیاری لە بارەی هیچ کام لە ئەندامی خێزانەکەم نەکرد! ئەو کاتەش کە جێم هێشت پێم گوت «دەتبینمەوە.. ئەویش گوتی «لە بەهەشت یەکتری دەبینینەوە!»... لاپەڕە ٢٨٧ ). لە ٤ی کانوونی دووەمدا ڤان کوخ لە نەخۆشخانە دێتە دەرەوە لەگەڵ ڕۆلین دەگەڕێنەوە خانووی زەرد. بۆ ماوەی چوار سەعات لەوێ دەمێننەوە، ڤان کوخ لەو دەمەدا دوو نامە دەنووسێت یەکێک بۆ سیۆ ئەوی تریان بۆ گۆگان! لە نامەکەی (گۆگان)دا دەنووسێت (برادەری خۆشەویست، خۆشحاڵم چانسی ئەوەم پێ بڕا هەر دوای هاتنە دەرەوەم لە نەخۆشخانە، ئەم چەند وشەیەت بۆ بنووسم. لە نەخۆشخانەش لە کاتی نالەباری باری تەندروستیم و بێ تاقەتیم، هەر بیرم لەتۆ دەکردەوە!). لە ٥ی کانوونی دووەمدا دکتۆر «ڕەی» لەگەڵ چەند برادەرێکی سەر لە ڤان کوخ دەدات، بۆ ئەوەی سەیری تابلۆکانی بکەن. هەر لەوکاتەدا ڤان کوخ پلانی ئەوە دادەنێت، کە پۆرترێتێکی دکتۆر «ڕەی» بکێشێت. لە حەوتی کانوونی دووەمدا بە تەواوی چاک دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە خانووی زەرد. پاش سێ هەفتە لەبەر گرفتی بێ پارەیی و نەبوونی خواردن، باری دەروونی دژوار دەبێتەوە. لە کۆتایی کانوونی دووەمدا تابلۆی (La Ber-ceuse) کە پۆرترێتێکی خێزانی (ڕۆلین)ی پۆستەچی بوو و پۆرترێتێکی خۆشی دەکێشێت گوێی بە لەفاف بەستراوەتەوە. لە نامەکانی بۆ سیۆی برای، گلەیی زۆر لە گۆگان دەکات و ئەم ڕۆیشتنەی بە کارێکی هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی لەقەڵەم دەدات! لە ڕۆژەکانی کۆتایی کانوونی دووەمدا جارێکی تر دەکەوێتەوە نەخۆشخانە، تا ئارلێس جێ دەهێڵێت و هەر لەم نەخۆشخانە دەروونییە دەمێنێتەوە. ئەم جارەیان لەژێر چاودێری دکتۆرێکی تردا دەبێت کە ناوی (دیلۆی)ە، لە حەوتی کانوونی دووەمدا دکتۆر دیلۆی ڕاپۆرتی خۆی بەم شێوەیە بە نەخۆشخانە دەدات و تێیدا دەنووسێت( ڤان کوخ لەبەر ئەنجامی مامەڵەی نادروست کە لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە لەگەڵیدا کراوە، تووشی هالۆسینەیشن بووە کە ئەمەش یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان!) هەرگیز کەسەکانی دەوروبەری (ڤان کوخ)یان خۆش نەویستووە، جگە لە سیۆی برای و بەرناردی برادەری! سیۆ هەمیشە بە توانا هونەرییەکانی سەرسام بووەو ڕێزی زۆری لێگرتووە. ڤان کوخ لە یەکی ئایاری ١٨٩٠دا خانووی زەرد تەسلیم دەکاتەوە. خۆی لەو کاتەدا لە نەخۆشخانەی «سان ڕیمێ»یە و هەر لەوێ دەمێنێتەوە، وردە وردە باری دەروونی بەرەو باشی دەچێت و خواردنەوە کەم دەکاتەوە، بەڵام زۆر هەست بە تەنیایی دەکات! لە دوازدەی ئایاردا، بە فەرمی نەخۆشخانەی (سان ڕیمێ) جێ دەهێڵێت. لەژێر چاودێری دکتۆر «پۆل گەجێت» دەچێتە پاریس، لە حەڤدەی ئایار دەگاتە ئاپارتمانەکەی «سیۆ» بۆ یەکەمین جار «جۆ»ی ژنی سیۆ دەبینێت، دڵیان بە یەکتری خۆش دەبێت. هەروەها کوڕە بچکۆلانەکەی سیۆ کەناوی (ڤینسینت ویلیەم)ە، تەمەنی چەند مانگێکە لە شوباتی ئەم ساڵ لەدایکبووە. پاش سێ ڕۆژ دەڕواتە (ئۆوڤێرس)، چونکە پاریس شارێکی گەورەیە پڕ لە ژاوەژاو و نائارامییە، بۆیە تێیدا نامێنێتەوە. لەم ماوەیەدا زیاتر بەکارە هونەرییەکانییەوە خەریک دەبێت، لە ماوەی دوو مانگدا ٧٦ تابلۆ دەکێشێت! جاری وا بووە لە ڕۆژێکدا دوو تابلۆی کێشاوە، دکتۆرەکەی ئەمە بەکارێکی ئەرێنی دادەنێت بۆ چارەسەری بارە دەروونییەکەی. لە هەشتی مایس سیۆ و منداڵەکانی سەردانی ڤان کوخ دەکەن، لە سەرەتادا زۆر بە خۆشی کاتەکانیان بەسەر دەبەن، پاشان ژن و منداڵەکەی سیۆ نەخۆش دەکەون، بارێکی ناخۆش و دژواریان بۆ دروست دەبێت. ئەم کارە نێگەتیڤانە بەسەر ڤان کوخ و باری دەروونیدا دەشکێتەوە! ئێوارەی یەک شەممە لە ٢٧ی تەمموز لە دەرەوە لە کێڵگەیەک پاش تەواوکردنی تابلۆی (کێڵگەی گەنم) گوللەیەک لە سینگی خۆی دەدات، بەبرینداری دەگەڕێتەوە ماڵەوە! بەم بارە دەروونییە و بەم جەستە بە برین و خوێناوییەوە لەسەر جێگاکەی ڕادەکشێت و تەمەنناى مردن دەکات!. (ڤان کوخ لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا لە کاتژمێر ١,٣٠ی بەیانی سێ شەممەی ٢٩ی تەمموز بۆ هەتاهەتایە لە ئامێزی مەرگدا چاو لێک دەنێت).

«بەرنارد»ی هونەرمەند بەم شێوەیە باسی مردن و کفنەکەی دەکات (لەنێو کفنێکی سپی ڕاکشابوو، بە گوڵە بەڕۆژە و گوڵە زەردەکان داپۆشرابوو، چونکە ئەو حەزی لە ڕەنگی زەرد بوو، بەلای ئەوەوە جوانترین ڕەنگ بوو. بۆ ئەو ڕەمزی ڕووناکی بوو، ئەو لەنێو دڵ و تابلۆکانیدا هەمیشە خەونی دەبینی!). «گۆگان»یش هەر دەربارەی مردنەکەی دەنووسێت

(لەوانەیە مردنێکی خەمناک بێت، بەڵام من زۆر خەفەتبار نیم، من دەمزانی ئەوە ڕوودەدات و ئەوەشم دەزانی، ئەو مرۆڤە چ موعاناتێک بە دەست شێتی و باری دەروونییەوە دەبینێت! ئەم مردنە لەوکاتەدا بۆ ئەو خۆشییەکی گەورەیە! کە کۆتایی بە ئازارەکانی دێت و دەگەڕێتەوە نێو ژیانێکی تر، ژیانی دروێنە و میوەجات!!)

ڤان کوخ مرد، بەڵام هونەر و تابلۆکانی بوون بە جوانترین گەوهەری مرۆڤایەتی، ئەو مرد، بەڵام بە هونەرەکەی ڕەنگەکان و کێڵگەی گوڵەگەنم و ڕەنگی زێڕینی خۆرەتاو و درەوشانەوەی ئەستێرەکانی، لەلای ئێمە جوانتر و خۆشەویستتر کرد! ڕاستە ڤان کوخ تا لە ژیاندا بوو خەڵک نرخیان نەدەزانی و ڕێزیان نەدەگرت و تابلۆکانیان نەدەکڕی، بەڵام چونکە هونەرەکەی هونەرێکی گەورە و ڕەسەن بوو لەهەمان کاتدا هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتی بوو، هەر بۆیە دوای مردنی ڕۆژبەڕۆژ وەکو کەسایەتییەکی خۆشەویست، تابلۆکانیشی بەبەهاتر دەبوو!. هەرچەند مانگێک سیۆی برای لەژێر کاریگەرییەکانی مردنی ئەمدا، نەخۆش دەکەوێت و ئیشی گەلەرییەکەی بەجێ دەهێڵێ و دەکەوێتە نەخۆشخانە. «سیۆ»ش لە ٢٥ ی کانوونی دووەمی ١٨٩١ دا دەمرێت! واتە تەنیا شەش مانگ پاش ڤان کوخ دەژێت! «گۆگان»یش لە ساڵی ١٨٩١دا دەڕواتە (تاهیتی لە دوورگەی ئەتونۆ) بەمەبەستی دوورکەوتنەوەی لە گرووپی (Marguesas) ئەویش لەو کاتەدا تووشی نەخۆشی قاچ ئێشە بووە، کە ماوەیەک بوو بە دەستییەوە دەینالاند. لەم یەک دوو ساڵانەدا هەمیشە (ڤان کوخ)ی لەیاد بووە (وێنەی کێشاوە و لە نێو یادەوەرییەکانیدا هەمیشە بەسەری کردۆتەوە، هەروەها دوو چیرۆکی لەسەر نووسیوە!)

«گۆگان» لە ٨ ی ئایاری ساڵی ١٩٠٣ دەمرێت. واتە نزیکەی سێ ساڵێک دوای ڤان کوخ.

کاتێک ڤان کوخ لە نەخۆشخانە بووە ئەگەری ئەم نەخۆشیانەیان لێکردووە، (هاڵۆسینەشن واتا وڕێنە کردن، دڵتەنگی، سیفلس، شیزۆفرینیا، گەشکە گرتن)، چونکە هیچ کامێک لە پزیشکە دەروونییەکانی بە تەواوی نەیانتوانیوە نەخۆشییەکەی دەستنیشان بکەن! دوای مردنی ڤان کوخ خانووە زەردەکە کراوەتە زۆر شت، دوایەمین جار نیوەی کراوەتە بارِ بەناوی (La Civette Arlesienne) لە ٢٥ ی مایسی ١٩٤٤دا واتە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەم خانووە بەر بۆمب دەکەوێت، ژووری خەوتنی ڤان کوخ بەردەکەوێت و دادەڕمێت، بەڵام ستۆدیۆکە و ژوورەکەی گۆگان وەک خۆیان دەمێننەوە و هیچیان بەسەر نایەت. کتێبی (خانوویەکی زەرد) لەڕووی ئەدەبییەوە چیرۆکێکی زۆر سەرکەوتووە، بەئەندازەی ڕۆمانێکی زۆر باش لەزەت بە خوێنەر دەبەخشێت، سەلیقە و توانای نووسەری تێدا دەبیندرێ، بەتایبەت توانای کۆکردنەوەی زانیاری زۆر ورد و تایبەت و دروست لەسەر ژیانی ئەم دوو هونەرمەندە، بەڵام هێشتا بواری زۆری تێدایە کە خوێنەر چەند تێبینی و سەرنجێکی ڕەخنەیی لەلا گەڵاڵە ببێت، بۆ نموونە: هەست بەوە دەکرێت نووسەر تا ئەندازەیەک هاوسۆز و لایەنگری (ڤان کوخ)ە، لە هەندێ شوێندا هەوڵی داوە قسەکانی گۆگانە ناڕاست دەربخات، یان وشەی (زێدەڕۆیی، موبالەغە) بەکاربهێنێت! یان گوناهباری دەکات بەوەی لەکاتی ڕوودانی کارەساتەکە ئەگەر گۆگان بەدوای (ڤان کوخ)دا بگەڕابایەوە ماڵەوە ئەگەری ئەوە هەبوو کە ڕووداوەکە ڕووی نەدابا، یان گرنگی زۆری بەباری دەروونی ڤان کوخ داوە، بەڵام ئەم گرنگییە بۆ گۆگان لەم ئاستەدا هەست پێناکرێت، یان لە سەرەتای کتێبەکەدا گرنگە بزانرێت داخوا بۆچی ڤان کوخ لەم شارەدا گیرساوەتەوە، بەڵام نە هیچ پرسیارێک دەورووژێنێ و نەبۆی گرنگە بزانێت گۆگان بۆچی پاریس جێ دەهێڵێت و بڕیاری ئەوە دەدات بێت لە ئارلێس و لە باشووردا بژێت! یان لەگەڵ ئەوەی بەدوای زانیاری زۆر ورددا گەڕاوە، بەڵام دەربارەی ئەوەی کە گۆگان ژن و چوار منداڵی هەیە، بۆچی لەو کاتەدا بە تەنیا و بەڕەبەنی دەژێت! ئایا بە شێوەیەکی کاتی ژنەکەی جێ هێشتووە، یان جیابوونەتەوە و یەکتریان تەڵاق داوە، لەم بارەیەوە هیچ زانیارییەکمان پێ ناڵێت! یان هەروەکو پێشتر باسم کردووە دەربارەی پێوەندی نێوان (ڤان کوخ و ڕاشێل) هیچ شتێکمان پێ ناڵێت!، بەڵام وێڕای ئەم وردە تێبینی و سەرنجە ڕەخنەییانەش هێشتا دەخوازم بڵێم (خانوویەکی زەرد) چیرۆکێکی زۆر سەرکەوتووە، جگە لەوەی کە چیرۆکێکی ئەدەبییە، بەڵام دەکرێت وەک کتێبێکی (بایۆگرافی)یش سەیری بکەین.

سەرچاوە :

**The Yellow House, Van Gogh, Gauguin, and Nine Turbulent Weeks In Arles, By : Martin Gayford**

# خەیاڵ– fiction

دەستەواژەی– fiction لە زمانانی ئەوروپی مانایەکی بەرینی هەیە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بریتییە لەو مانا ئەدەبییەی کە بە: (دروستکردنی جیهانێکی ئەندێشەیی) دێ، یان زۆر بە سادەیی بە مانای (بیناکردنی ئەندێشە– Constrution de L'imagination) دێ. ئەمەش لە چیرۆکی خەیاڵی و هەقایەت و ڕۆمان و ڕۆمانی خەیاڵی زانستیدا هەیە ئەمەی دوایی ڕاستەوخۆ پێی دەگوترێ– Scince-fiction، واتە چیرۆکی خەیاڵی زانستی.

خەیاڵ fiction وەک وشە و زاراوە مانای تریشی هەیە، وەک: درۆ، پێچەوانەی واقیع، وەهم و خەیاڵ. لە عەرەبیدا بە (قصة خیالیة، خیال) وەرگێڕدراوە. سەرەڕای ئەوەی ئێمە مەبەستمان لەم زاراوەیە (ئەندێشەی ئەدەبییە) بە پێویستمان زانی بەرانبەرەکەی هەر خەیاڵ دابنێین، بۆ ئەوەی بە مانا فراوانەکەی بێتە ناو زمانی کوردی.

ئەمەش دەشێ بەم جۆرەی خوارەوە جیاوازی بکەین و کۆنتراستەکان لەنێوان مەودا و ماناکان دیاری بکەین وەک: ئەوەی تۆ دەیڵێی لە خەیاڵ زیاتر نییە، واتە شتێکی هەڵبەستراوە. یان: خەیاڵ و چنینی خەیاڵی ئەدەبی ناو ئەم ڕۆمانە ئاڵۆزە. سەر بە ئەندێشەیەکی تەواو خەیاڵییە.. تاد.

زاراوەی خەیاڵ– fiction، بە مانا ئەدەبییەکەی، وەک بینای ئەندێشەیی ئەدەبی، لە ئەدەبی جیهانیدا سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕەخنە و تیۆرە ئەدەبییەکان و چیرۆک و ڕۆمان. ئەمەش پێچەوانەی ئەو تێکستانە بەکاردێ کە تێیدا ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی واقیع و هەقیقەت دەکەن، بەگشتی بە پێچەوانەی ئەو تێکستانە بەکاردێ کە بنچینەیەکی دوکیومێنتی و ڕێپۆرتاژییان هەبێ.

لە ڕووی زمانەوانییەوە، وشەی خەیاڵ– fiction لە fictio و fictus–ی لاتینییەوە هاتووە کە مانای درۆ و شتێکی هەڵبەستراو دێ. ئینجا fictif و fic-tionnel–ی لێ دروست بووە کە ئاوەڵناون و بەو مانایە دێ کە ئێمە مەبەستمانە، واتە ناوەرۆکێکی خەیاڵی، ئەندێشەی ئەدەبی. زاراوەی خەیاڵ– fiction وەک ناو لەمانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بە مانای خەیاڵ، یان چیرۆک و داستان، یان ناواخنی ئەندێشەیی دێ، یان وردتر بە مانای (داهێنراو، جیهانێکی ئەندێشەیی) دێ.

لە «فەرهەنگی ئینسکلۆپێدیای زانستەکانی زمان»ی

ئۆسوالد دوکرۆ- O,Ducrot و تۆدۆرۆڤ- T.Todorov، چاپی ساڵی ١٩٧٢، خەیاڵ- fic-tion وەک پێچەوانەی شیعر ناسێنراوە، وەک: ئاخاوتنێکی - خیتابێکی- لاسایی کەرەوە، یان لاسایی کردنەوە پیشان بدا، جیهانێکی سەر بە ئەزموون پیشان بدا. واتە جیاوازی کردن لەنێوان جیهانێکی ، یان ناواخنێکی سەر بە ئەندێشە کە لە ناواخنێکی سەر بە ئەزموونگەرایی جیاوازە.

لەلای فۆرمالیستە رووسەکان بە تایبەتی لەلای ئەیخنبۆم- Eikhenbaum و چکلۆڤسکی- Chklovki، نوێنەرایەتی کردنە ئەدەبییەکان، یان بەرجەستەکردنە ئەدەبییەکان وەک (خەیاڵ- fiction) بۆ نموونە، بە پێی لۆژیک و تایبەتمەندی جۆر و فۆرمە ئەدەبییەکان دەگۆڕێ.

گرفتی نێوان خەیاڵ و واقیع بەشێوەیەکی گشتی، بەشێوەیەکی هەردەم ئامادە و ئەبەدی لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی کێشە ئەدەبییەکاندا هەیە. لەو جۆرە ئەدەبییانەی کە نموونەیەکی گونجاو و لە باری تێدایە بۆ کێشەی خەیاڵ و واقیع، پێوەندییان و ناکۆکی و هەڵکەوتییان، جۆری ئەدەبی ئۆتۆبایۆگرافی-یە (ئۆتۆبایۆگرافی واتە ئەو یاداشتەی لەلایەن نووسەر خۆیەوە دەنووسرێ). ئەمەش لە شێوەی ئیزدیواجییەتێک دەردەکەوێ، چونکە (من)ی ئۆتۆبایۆگرافی (من)ێکی ڕاستەقینە بە گێڕانەوەیەکی خەیاڵی پیشان دەدا و دەیەوێ شتەکانی (من)ی ڕاستەقینە هەڵبێنێ.

هەمان شت لەنێوان ڕۆمان و خەیاڵ-یشدا هەیە، ڕۆمان خەیاڵێکی ئەدەبی پیشان دەدا، ئەم خەیاڵە جیاوازە لە تێکستێکی دۆکیومێنتی. خەیاڵ- fiction بوارێکی ئاڵۆزە، لە ئەدەبیاتدا بە پلەی یەکەم مەبەستمان ئەو ئەندێشەیەیە کە وەک بینایەک سەر بە چنینێکی شێوازداری ئەدەبییە.

خەیاڵ- fiction-ی ڕۆمان، چیرۆک، هەقایەت، داستان، دراما، ڕۆمانی خەیاڵی زانستی، ئۆتۆبایۆگرافی...تاد، دەشێ، سەرەڕای ئەوەی لە مەسەلەی (ئەندێشەی ئەدەبی وەک ناواخنێکی گشتی و بینایەکی گشتی) یەک بگرنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی و نوێنەرایەتی بەرجەستەکردنی تایبەت بەخۆیان هەبێ. دەشێ ئەم ناوەرۆکەی پیشانی دەدەن، هەرچەند سەر بە جیهانێکی واقیعیش بێ، بەرگێکی خەیاڵ-ی- fiction-ی لەبەر بکرێ و بۆ ئاستێکی بەرجەستەکراوی ئەدەبی و هونەری باڵا بەرز بکرێتەوە. ئەم جۆرە ئەدەبییە، زۆر جیاوازە لەو چیرۆکەی کە پێی دەگوترێ: خەیاڵی زانستی، کە ناوەرۆکێکە هەمووی داهێنراوە. هەمان شت زۆر جیاوازە لەو ناواخنە خەیاڵییەی کە لە هەقایەتدا هەیە...تاد.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

# ئەدەبی نامەنووسین

**ئیسماعیل تەنیا**
**(ئەڵمانیا)**

نامە و نامەنووسین، بەتایبەتیش پاش تێپەڕبوونی کات و گۆڕانکارییەکان، دەبێتە مەتریال و سەرچاوەیەکی باش بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ڕووداوەکان و دیاریکردنی کەسایەتی خاوەن نامەکان و ڕەوتی کۆمەڵگا لەو ساتانەدا. هەر لە زووەوەش، ئاڵوگۆڕکردنی نامە لەنێوان میر و پادشا و خاوەن بڕیار و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و کەسایەتییە ناسراوەکان، بوونی هەبووە و گرنگی پێدراوە.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، بایەخێکی بەرچاو بەو لایەنە ئەدەبییە دەدرێت... خاوەن نامەکان، گرنگی ئەو جۆرە ئەدەبە دەزانن و دەیپارێزن... تاوەکو لە ڕۆژگارێکدا سوودی لێ ببینن و لەشێوەی کتێبی سەربەخۆ، یان وەک پاشکۆیەک لەگەڵ بیرەوەرییەکانیاندا، بڵاویان بکەنەوە.

هەر لێرەوە حەز دەکەم ئاماژە بە گرنگی نامە و بەهەند هەڵگرتنیان لەلایەن دەزگا ئەکادیمییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، بکەم و نامەکانی «گویتە» وەک نموونەیەک بهێنمەوە.

شاعیر و داهێنەری مەزنی ئەڵمان (یۆهان ڤولڤگانگ گوتە) کە لە ١٧٤٩/٨/٢٨ لەشاری «فرانکفۆرت»دا لەدایک بووە و لەتەمەنی (٨٣) ساڵیدا لە ١٨٣٢/٣/٢٢، کۆچی دوایی کردووە، ئەو شاعیرە کلاسیکە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە داهێنان و بەرەو پێشبردنی ڕەوتی شیعری ئەڵمانیدا هەبووە کە ئەمڕۆکە بۆتە ناوێکی جیهانی و لە وڵاتەکەی خۆشیدا، دەیان زانکۆ و بنکەی ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەی فکرییان بەناوی ئەوەوە کردووە.

سەد ساڵ لەمەوبەر، گوڵبژێرێک لەنامە ئۆرگیناڵەکانی وەک خۆی لە شێوەی کتێبێکی گەورەدا بڵاوکرایەوە، دوا بە دوای ئەوە، دەزگای ئەدەبی کلاسیکی لەشاری

«ڤایمار» لەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، لیژنەیەکیان لە خەڵکی پسپۆڕ و ئەکادیمی پێک هێناو بۆ کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی نامەکانی کەوتنەخۆ. بەرەنجامی هەوڵەکەیان، کۆکردنەوەی زێتر لە پازدە هەزار نامەی لێکەوتەوە کە بەرگی یەکەمی ئەو نامانە، ساڵی ڕابردوو لەلایەن دەزگای ئەکادیمی لە بەرلین بڵاوکرایەوە.

هەمان دەزگا، نیازی وایە بەرگی دووەمی نامەکان کە لەنێوانی (١٧٧٢-١٧٧٥)دا نووسراون، لەم ساڵدا (٢٠٠٩) بڵاویان بکاتەوە.

جیاوازی ئەو چاپە لەگەڵ چاپە گوڵبژێرەکەی سەد ساڵ لەمەوبەری لەوەدایە؛ کە لەم چاپە نوێیەدا، سوودیان لە (٢٠٠) سەرچاوە وەرگرتووە و زۆر وڵاتی دەوروبەر گەڕاون و ئەو کەس و لایەنانەیان دۆزیوەتەوە کە «گوتە» نامە گۆڕینەوەی لەگەڵدا کردوون. وێڕای ئەوەش، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە مامەڵەیان لەگەڵ نامەکاندا کردووە و پەراوێز و لێکدانەوە و شرۆڤەی زانستییان لەگەڵدا بڵاوکردۆتەوە.

ئەگەرچی ئەو جۆرە ئەدەبە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بوونی هەبووە، وەلێ بەڕادەی پێویست نەبووە. هەربۆیەش، زۆربەی هەرە زۆری نامەکان لەبەر کەمتەرخەمی و بێئاگایی و هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵگای کوردەواری و هەندێک جاریش بەهەند هەڵنەگرتنیان فەوتان. ئەگەر نامە و نامەکاری نێوان (میر و پادشا، شاعیران و نووسەران، سیاسەتمەدار و پارتە سیاسییەکان، کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەییەکان، دەزگا حکومییەکان)مان بەهەند هەڵبگیرابوونایە و لەناو نەچوونایە، بێ گومان ڕۆڵێکی گرنگیان لەنووسینەوەی مێژوو دەگێڕا، بۆ دیاریکردنی ئاراستە و بەرنامەکانی ئەو لایەنانە و ڕۆڵیان لەو قۆناغانەدا. ئێستاکەش لەگەڵ ئەو فەرامۆشکردن و بەهەند هەڵنەگرتنەش کە لە ڕابردوودا بەدی دەکرێ، با لە ئێستاوە گرنگی ئەو نامانە بزانین و هەر هیچ نەبێت، هەر کەسایەتییەک (ڕۆشنبیر، سیاسەتمەدار، خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی)، هەرکەسە و لەلای خۆیەوە، هەر هیچ نەبێت، گوڵبژێرێک لەنامەکانیان بڵاوبکەنەوە. دڵنیاشم لەلای ئەو کەس و لایەنانە، بە دەیان نامەی بایەخدار و مێژوویی، بوونیاون هەیە کە دەکرێت لەکاری زانستیدا، سوودیان لێببینرێت.

مایەی دڵخۆشییە لەگەڵ هەبوونی سەرنج و بۆچوون و چەواشەکاری، گەلێک لە دوای ڕاپەڕینەوە گرنگییەکی باش بە بڵاوکردنەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکان دراوە. لەگەڵ ئەو بیرەوەریانەشدا- هەندێک جار- کۆمەڵێک نامەی دەگمەن و دانسقە بڵاوکراونەتەوە.


لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا، هاوڕێی بەڕێزم «ئیسماعیل بەرزنجی»، چەند نامەیەکی ناو نامەخانەکەی چیرۆکنووس (محەمەد مەولوود مەم)ی ئامادە کرد و دەزگای «ئاراس»یش لە شێوەی نامیلکەیەکدا، بڵاوی کردنەوە.

ئەمە، یەکەم هەوڵی لەو بابەتەی ناوبراو نییە، پێشتریش لەکۆتایی هەشتاکاندا، ناوە ناوە لەگۆشەیەکی ڕۆژنامەی «هاوکاری»دا، نامەکانی (د. مارف خەزنەدار)ی بڵاو دەکردەوە و سووکە دامێنێکیشی بۆ دەنووسی، بەو هیوایەی بەردەوام بێت و خەڵکانێکی خاوەن پێگە بهێنێتە ئەو قەناعەتە، چیتر ئەو نامانەی کە لەلایان ماونەتەوە و تۆزیان لێنیشتووە و مەترسی لەناوچوونییان لێدەکرێت، بە پەنهانی نەمێننەوە و بڵاویان بکەنەوە.

*** دەبوایە براممان کاک ئیسماعیل تەنیا هەوڵەکانی گۆڤاری ڕامان لە بایەخدان بە ئەدەبیاتی نامەنووسین لەبەرچاو بگرێ کە تا ئەمڕۆکەش ئەو هەوڵانە بۆ بە دەست خستن و بڵاوکردنەوەی نامەی نووسەران و هونەرمەندان بەردەوامە.**

**«ڕامان»**

# نامەی هونەرمەند خالید سەرکار





بۆ بەڕێز: برام کاکە وریا ئەحمەد

ئەم کاتەت شاد

پێشەکی لەکانگاو ناخی دەروونمەوە ئارەزووی دیدارت دەکەم، کە دەبێتە گەشانەوەی گوڵی ڕۆژانی دێرینمان.

برای بەڕێز: زۆر زۆر هەواڵت دەپرسم و هیـــوادارم هەمیشە لەژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانیدا بیت.

نامە ڕەنگینەکەت گەیشت، ئەمڕۆ زۆر پێی شادمان بووم، کە تێیدا پیرۆزباییت لێ کردبووین بە بۆنەی هێنانەدی ئەو بەرهەمانە، ئێمەش لە ئاستی خۆمانەوە، زۆر سوپاسی ئەو هەستە هونەرییە ناسکە جوانەت دەکەین بەرانبەر بەو کارە هونەرییەی ئێمە کردوومانە، کە هیوادارین توانیبێتمان چەپکە گوڵێکی تر بهاوێژینە ناو کاروانی هونەری کوردەواریمان و بووبێتە جێگەی ڕەزامەندی هەموو کوردێکی هونەردۆست.

یەکێک لە گۆرانییەکان (لاوە) کە جەنابت پێشەکی مۆسیقای بۆ کردبوو بەناوی تۆوە بڵاومان کردەوە.

برام: دووبارە پیرۆزباییت لێ دەکەمەوە بە بۆنەی ژن هێنانتەوە، نوخشەش لە ئێمە بێت. هیوام وایە کە ژیانێکی پڕ لە شادی بەرنە سەر. نامەم بۆ ناردبوویت، نازانم پێت گەیشتووە، یان نا؟

برادەران هەموویان سڵاویان هەیە بۆت، هیوادارین کە ئێوەی هونەرمەندیش چمکێکی هونەری ڕاستی کوردیمان ڕابگرن.

ئیتر خۆشیت

**ئیمزا**

**برات**

**خالید سەرکار**

**١٩٧٦/٢/١٧ سلێمانی**

**ئا: ڕامان**




وەک ئاشکرایە هەر میللەتێک ڕووی لە دنیای کتێب و خوێندنەوە بێت، هەنگاوێک لە خۆناسین و سەرفرازی نزیک دەبێتەوە. میللەتی ئێمەش ماوەیەکە خەریکە ئەو دەرگایە لە خۆی دەکاتەوەو لە ڕێگەی ئەو پیشانگای کتێبە هەمەجۆرانەوە ڕاچەنینێکی ڕۆشنبیریانە بەرپا دەکات، بەڵام خوێندەواری کورد کە ڕێی دەکەوێتە ئەو پیشانگای کتێبانە تەزوویەکی ساردی پێدا دێت، چونکە لە ئاست ئەو هەموو ناوونیشانانە سەرسام دەبێت و هەژاری و ناکاملّی کتێبخانەی کوردی بۆ دەردەکەوێت.

هەر بە دیقەتێ، بنیادەم ئەوەی بەخەیاڵدا دێت، میللەتی ئێمە بە درێژایی سەدەیەک لە کوێی ڕووداو و قەوماوەکانی وڵاتی خۆماندا بووین و چۆن ئەو هەموو هەڵچوون و داچوونەی ئەم وڵاتە قەڵەمی کوردیان نەبزواندووە، چونکە زۆربەی ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆمان هەر غەیرە کورد نووسیویانە، ئیدی بەشێوەی مێژوو، یان بیرەوەری، یان ڕۆمانی گەورە، یان هەر بابەتێکی هزری دیکە.

ئەوەی بە دیقەتەوە بڕوانێتە ئەو هەموو ناوونیشانی کتێبە وای بەخەیاڵدا دێت ڕەنگە لە مێژووی نوێی کورددا، ئەم میللەتە بەتەواوی لە دەرەوەی ڕووداوەکان بووبێ و تۆزقاڵێک ئێشی پێنەگەیشتبێ و پڕیشکی ئاگری جەنگە گەورەکان و گەمە سیاسییەکان و پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی بەر نەکەوتبێ، بۆیە شوێن دەستێکی لەم هەموو ناوونیشانی کتێبانەدا نییە و قەڵەمێکی کارامەی کورد بەڕووداوەکانی سەردەمی پاشایەتی و کۆمارییە چنگ خوێناوییەکانەوە دانەچڵەکیوە، بۆیە لەم پیشانگا گەورانەدا نەبیرەوەریی کوردێک دەبینرێ، نە مێژوویەکی دۆکیومێنتکراو، نە ڕۆمانێکی شاکار.

ئەوەی لەو پیشانگای کتێبانەدا سەرنج ڕادەکێشێت، ڕووداوو قەوماوەکانی ئێمە، بەزۆری بەقەڵەمی غەیرە کورد نووسراون و دواجار وەک کاڵایەکی هاوردە دەگەنەوە دەستی خۆمان و ئەوسا هەست دەکەین ئەرێ ئێمە لە کوێی ئەو ڕووداوانەدا بووین!؟

خوێندەواری کورد لەو پیشانگایانەدا هەست بە کەسادی بازاڕی چاپەمەنی کوردی دەکات و ڕاستەوخۆ ئەو بڕوایەی لا جێگیر دەبێت کە چاپەمەنی کوردی، هێشتا نەیتوانیوە ئاوەزو هزری خوێندەواری کورد تێر بکات، بۆیە بە پەرۆشەوە ڕووی لە دنیای دەرەوەی خۆیەتی، هاوکات ئەو خۆزگەیەش دەخوازێت کە ڕۆژێک بێت شاکاری نووسەری کوردیش بکەوێتە ململانێی شاکارە جیهانییەکان و هاوبەشی خزمەتی خۆی و مرۆڤایەتی بکات.



# پیشانگای کتێب و چاپەمەنی کوردی

**جەلیل کاکەوەیس**